پڕفرۆشترین کتێبی نیویۆرك تایمز

# هێزی خوو

بۆچی خوومان بە کۆمەڵە شتێکەوە گرتووە لە ژیان و کاردا؟

## چارلیز دوهیگ



وەرگێڕانی:
خەنسا مەعرووف
حەیدەر ئیبراهیم

چارلیز لە ساڵی ١٩٧٤ لە نیو مێکسیکۆ هاتووەتە دونیاوە. دانیشتووی "برۆکلین"ە لە شاری نیویۆرک، دەرچووی زانکۆی "یەیڵ"ە و لە بەشی بازرگانیی هاڤارد بڕوانامەی ماستەری لە بواری بەڕێوەبردنی بازرگانیدا بەدەست هێناوە.



چارلیز نووسەر بووە لە ڕۆژنامەی "لۆس ئانجیلێس تایمز". لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، زنجیرە نووسینێکی بە ناوی "دەرفەتە زێڕینەکان Golden Opportunities" بڵاو کردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨ شدا لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی "The Recknoing" بڵاو کردەوە سەبارەت بە هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی قەیرانی دارایی. خاوەنی دوو کتێبی بەناوبانگە بە ناوەکانی "هێزی خوو" و "زیرەکانەتر، خێراتر، باشتر".

کتێبی "هێزی خوو"ی چارلیز بۆ ماوەی دوو ساڵ لەدوای یەک، یەکێک بووە لە پڕفرۆشترین کتێبەکان لە لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکانی نیویۆرک تایمزدا. نووسەر براوەی چەندین خەڵاتە لەوانەش: جۆرج پۆڵک، هیوود برون و هیڵمان...هتد.

# هێزی خوو

بۆچی خوومان بە کۆمەڵە شتێکەوە
گرتووە لە ژیان و کاردا؟

**چارلیز دوهیگ**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
**خەنساء مەعرووف**
**حەیدەر ئیبراهیم**

# پێڕست


پێشەکی ٥

چارەسەری خوو ٥

## بەشی یەکەم: خووەکانی تاکەکان

ئەڵقەی خوو ١٩

مێشکی تامەزرۆ ٥٥

یاسای زێڕینی خووگۆڕین ٩٤

## بەشی دووەم: خووەکانی ڕێکخراوە سەرکەوتووەکان

کام خووانە گرنگترینن ١٢٩

ستاربەکس و خووی سەرکەوتن ١٦٠

هێزی قەیران ١٩٥

چۆن کۆمپانیای تارگێت دەزانێت چیت دەوێت بەرلەوەی بیکەیت ٢٣٠

## بەشی سێیەم: خووەکانی کۆمەڵگا

کەنیسەی سادڵباك و بایکۆتی پاسەکانی مۆنتگۆمەری ٢٧١

دەمارزانی ئیرادە (ویست)ی ئازاد ٣٠٧

# پێشەکی
# چارەسەری خوو

ئەوە بەشداربووە دڵخوازەکەی زاناکان بوو. لیسا ئالین بە گوێرەی دۆسیەکەی، تەمەنی ٣٤ ساڵ بوو، لە تەمەنی ١٦ ساڵیەوە دەستی بە جگەرەکێشان و خواردنەوە کردبوو، هەموو تەمەنی بەدەست کێشەی قەڵەوییەوە ناڵاندبووی. جارێکیان کە ئەو کات لیسا لە بیستەکانی تەمەنیدا، ئاژانسی کۆکردنەوە بەدوایەوە بوون، بۆ ئەوەی کە ١٠ هەزار دۆلار قەرزی لێ وەربگرنەوە. سیڤییە کۆنەکەیشی ئەوەی نیشان دەدا کە زۆرترین ماوەی مانەوەی لەسەر کارێک نەگەیشتووەتە ساڵێک.

ئەو خانمە ئێستا لەبەردەم زاناکاندایە، ڕەشیق و چالاکە و ماسولکەکانی لاقی وەك ڕاکەرەکان توندوتۆڵە. بە بەراورد بە وێنەکانی ناو ئەلبوومەکەی دە ساڵ گەنجتر دەردەکەوێت و دەتوانێت لە هەموو ئەو کەسانەی لە ژوورەکەدان باشتر مەشق بکات. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتەکانی دۆسیەکەی لیسا ئێستا هیچ قەرزار نییە و کحول ناخواتەوە و لە مانگی سی و نۆهەمینی کارکردنیدایە لە کۆمپانیایەکی گرافیك دیزاین.

یەکێك لە پزیشکەکان بەم پرسیارە، "کۆتا جار کەی بوو دوایین جگەرەت کێشا؟" دەستی کرد بە پرسینی ئەو پرسیارانەی لیستەکەی کە هەموو کات لیسا وەڵامی دەدانەوە کاتێك لە دەرەوەی شاری بێتێسدا لە ماریلاندەوە دەهات بۆ تاقیگەکەی.

لیسا وتی، " نزیکەی چوار ساڵ دەبێت، لەو کاتەیشەوە ٢٧ کیلۆ کێشم کەمی کردووە و بەشداری ماراسۆنێکیشم کردووە." هاوکات، لیسا دەستی بە خوێندنی ماستەر کردبوو، خانوویەکیشی کڕیبوو. ماوەیەکی درێژی پڕ لە ڕووداو بوو بۆ لیسا.

زاناکانی ژوورەکە، پێك هاتبوون لە چەند پزیشکێکی دەمارناس و دەروونناس و بۆماوەزان و کۆمەڵناسێك، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەو کەسانە بەو هاوکارییە داراییەی کە لەلایەن دامەزراوە نەتەوەییە تەندروستییەکانەوە بۆیان دابین کرابوو توانیبوویان پشکنین بۆ لیسا و زیاد لە دوو دەرزەن کەسی دی بکەن کە پێشتر

جگەرەکێش، زۆرخۆری درێژخایەن، کحولخۆری سەربەکێشە، بازەڕکەری بیرئالۆز بوون یان کەسانێك کە خووگەلێکی لەناوبەریان هەبوو. هەموو بەشداربووەکان لە خاڵێکدا هاوبەش بوون: ئەوان لە ماوەیەکی کەمدا سەرلەنوێ ژیانیان بونیاد نابوویەوە. توێژەرەکان دەیانویست لە چۆنیەتییەکەی تێ بگەن. بۆ ئەو مەبەستەیش ئامارژە گرنگەکانی ژیانی بەشداربووەکانیان پێوانە کرد. کامێرای ڤیدیۆگرتنیان لە ماڵەکانیاندا دانا بۆ ئەوەی چاودێریی ڕۆتینەکانی ڕۆژانەیان بکەن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەن تەکنەلۆجیایەکەوە کە دەرفەتی ئەوەی پێدەدان تەماشای ناو کەلەسەری مرۆڤ بکەن لە کاتی ڕاستیدا، چاودێریی تێپەڕبوونی خوێن و تەوژمە کارەباییەکانی ناو مێشکی بەشداربووەکانیان کرد لەو ساتەی کە بەشداربووەکان ڕووبەڕووی پاڵنەرەکانی وەك جگەرەکێشان و خواردنی خۆش و ناتەندروست دەبوونەوە. ئامانجی زاناکان دۆزینەوەی چۆنیەتیی کارکردنی خووەکان بوو لە ئاستی دەماریدا و هەروەها پێویستە چی بکرێت بۆ گۆڕینیان.

پزیشکەکە بە لیسای وت، "دەزانم ئەم چیرۆکەت زیاد لە ١٠ جار گێڕاوەتەوە، بەڵام هەندێك لە هاورێکانم چیرۆکەکەی تۆیان تەنیا لە کەسانی دیکەوە بیستووە، ئاساییە دووبارە باس لە چۆنیەتیی وازهێنان لە جگەرەکێشان بکەیت؟"

لیسا وتی، "بەدڵنیاییەوە، ئەو چیرۆکە لە قاهیرە دەستیی پێ کرد" ئەوەیشی خستە ڕوو، بڕیاری گەشتکردنی بۆ قاهیرە بڕیارێکی خێرا بووە. چەند مانگێك پێشتر ڕۆژێکیان هاوسەرەکەی لە کار گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و ئەوەی پێ گووتووە کە لێی جیادەبێتەوە، چونکە ژنێکی دیکەی خۆشدەوێت. لیسا پێویستی بە ماوەیەك بوو تا بتوانێت ناپاکیی هاوسەرەکەی تێپەڕێنێت و ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات کە لەسەر ڕێگای جیابوونەوەیە. ئەو ماوەیەکی بە خەم و پەژارە بەڕێ کرد، دواتر ماوەیەك بیرئالۆزانە سیخوڕیی بەسەر هاوسەرەکەیەوە دەکرد و لە هەموو شوێنێك چاودێریی خۆشەویستە تازەکەی دەکرد. لە نیوەشەودا پەیوەندیی بە هاوسەرەکەیەوە دەکرد و دایدەخستەوە .ئێوارەیەکیان لیسا بەسەرخۆشی ڕۆیشتە بەردەم ماڵی خۆشەویستی

هاوسەرەکەی و بەدەم بۆکسلێدان لە دەرگاکەیان هاواری دەکرد و دەیوت تۆ ئاگرت لە ماڵی من بەرداوە.

لیسا وتی، "ئەوە کاتێکی زۆر باش نەبوو بۆ من، هەمیشە ئارەزەووم دەکرد کە هەرەمەکان ببینم، بەڵام کرێدیت کارتەکەم برە پارەیەکی زۆری تێدا نەبوو هێشتا، لەبەرئەوە.."

لە یەکەم بەرەبەیاندا لە قاهیرە، لیسا بە دەنگی بانگی مزگەوتێکی نزیک لە شوێنی مانەوەی بەئاگا هات، ناو ژوورەکەی هۆتێلەکە تەواو تاریک بوو، لیسا نیمچەکوێر و ماندوو و شەکەت بوو و ویستی جگەرەیەک دابگرسێنێت.

لیسا ئەوەندە شێواو بوو هەستی بەوە نەرکردبوو لەباتیی داگیرساندنی جگەرە مارلبۆرۆ پێنووسێکی داگیرساندووە تا ئەو دەمەی کە بۆنی پلاستیکی سووتاوی پێنووسەکە هات بەسەریدا. چوار مانگی ڕابردووی بە گریان، زۆرخواری، بێخەوی، هەستی شەرمەزاری، بێتوانایی، خەمۆکی و تورەی بەسەربرد بوو. لە جێگەدا دەمایەوە و زۆر بێتاقەت بوو. لیسا وتی، "ئەوە وەک شەپۆلێکی خەم و پەژارە بوو. وام هەست دەکرد هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا دەمویستن وردوخاش بوون، تەنانەت جگەرەیشم بەباشی بۆ نەدەکێشرا."

"پاشان دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە هاوسەری پێشووم و سەختیی دۆزینەوەی کارێکی نوێ لە کاتی گەڕانەوەمدا و ڕقلێبوونەوەم لەو کارە نوێیەم و هەستکردن بە ناساغی بە شێوەیەکی بەردەوام. دواتر کە هەستامە سەرپێ سوراحیی ئاوەکەم خستە خوارەوە و لەسەر ئەرزەکە پارچە پارچە بوو، منیش توندتر دەستم بە گریان کرد. هەستم بە بێهیوایی کرد و پێم وابوو دەبێت شتێک بگۆڕم لانی کەم شتێک کە توانای جڵەوگیرکردنیم هەبێت."

لیسا خۆی شۆرد و هۆتێلەکەی بەجێ هێشت، کاتێک کە بە شەقامە چاڵوچۆڵەکانی قاهیرەدا بە تەکسی گوزەری دەکرد، دواتریش لە ڕێگا لمینەکان کە بەرەو سفینکس و جیزە دەڕۆشتن، دیمەنی بیابانە بەرینەکانی چواردەوری بۆ چەند چرکەیەک ئارامی بە

دەروونی شڵەژاو و ئائارامی بەخشی. بیریکرەوە پێویستی بە ئامانجێکە لە ژیاندا، شتێک کە کاری بۆ بکات.

بۆیە هەر لەو کاتەی کە لە تەکسییەکە دانیشتبوو بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ میسر و گەشتێکی دوورودرێژ بەنێو بیابانەکاندا بە پێ ئەنجام بدات.

لیسا خۆیشی دەیزانی کە ئەوە بیرۆکەیەکی شێتانەیە، چونکە ئەو کێشی لەشی زۆربوو و هیچ بڕە پارەیەکیشی لە ئەژمارە بانکییەکەیدا نەبوو. ناوی ئەو بیابانەی نەدەزانی کە تەماشای دەکرد یان نەیشیدەزانی ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە دەرفەتی گەشتێکی واها بۆ ئەو ڕێکدەکەوێت. بەڵام ئەمانە هیچیان کاریگەرییان نەکردە سەر ئەو بڕیارەی کە مێشک و خەیاڵی لیسای تەنیبوو. ئەو پێویستی بەوە بوو کە تیشک بخاتە سەر شتێک.

لیسا بڕیاری دا ساڵێک بە خۆی ببەخشێت بۆ خۆئامادەکردن. دڵنیایشبوو لەوەی گەر بیەوێت لەم گەشتە مەبەستدارەدا سەربکەوێت، ئەوا پێویستە قوربانی بدات، بە تایبەت دەبێت واز لە جگەرەکێشان بهێنێت.

یازدە مانگ دواتر، ئەو دەمەی لیسا بە بیابانەکاندا گوزەری دەکرد لە کاروانێکدا کە سیستەمی فێنککەرەوەیشی تێدابوو لەگەڵ شەش کەسی دیکەدا، لەناویشیدا بڕێک زۆر ئاو و خۆراک و چادر و نەخشە هەبوو، لەگەڵ سیستەمی جیهانیی دیاریکردنی شوێن (جی پی ئێس) و تەلەفۆنی بێتەل، بە شێوەیەک کە ئەگەر دوو کارتۆن جگەرەشت فڕێبدایەتە ناوی جیاوازییەکی ئەوتۆی دروست نەدەکرد.

بەڵام لە تەکسییەکەدا، لیسا درکی بەوە نەکردبوو، هەروەها بۆ زاناکانی ناو تاقیگەکەیش وردەکارییەکانی گەشتەکەی گرنگ نەبوو، چونکە لەبەر چەند هۆکارێک ئەوان لە سەرەتای تێگەیشتندابوون کە یەک گۆڕنکاریی بچوک لە تێڕوانینی لیسا لەو ڕۆژەدا لە قاهیرە (ئەو باوەڕەی کە دەبێت ئەو واز لە جگەرەکێشان بهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی) بووە هۆی دروستبوونی زنجیرەیەک لە گۆڕانکاری کە دواتر سەری کێشا بۆ هەموو بەشەکانی ژیانی. بەدرێژاییی شەش مانگی داهاتوو، لیسا ڕاکردن دەکاتە جێگرەوەی جگەرە کێشان، کە ئەوەش چۆنیەتیی خواردن و

کارکردن و خەوتن و پاشەکەوتکردنی پارە و پلانی ڕۆژانەی کار و نەخشەکێشانی بۆ داهاتوو ..هتد لیسای گۆڕی. لیسا بە ڕاکردنی ماراسۆنی کورتخایەن دەستی پێ کرد و دواتریش ڕاکردنی ماراسۆنی، گەڕایەوە بۆ قوتابخانە، خانوویەکی کڕی و هاوسەرگیریشی کرد.

لە کۆتاییدا، زاناکان توێژینەوەیان لەسەر لیسا ئەنجام دا، کاتێك زاناکان دەستیان کرد بە پشکنینی وێنەکانی مێشکی لیسا، تێبینیی شتێکی نامۆیان کرد: شێوازە تازەکان زاڵ بوون بەسەر دەستەیەك شێوازی دەماریدا (خووە کۆنەکان). ئەوان هێشتا دەیانتوانی تێبینیی چالاکیی دەماری خانە کۆنەکانی لیسا بکەن، بەڵام ئەو پاڵنەرانە هێزیان کەم کرابوویەوە لەلایەن پاڵنەرە تازەکانەوە. لەگەڵ گۆڕانی خووەکانی لیسا مێشکیشی گۆڕدرابوو.

بەشداری لە توێژینەوەیەکی زاناکاندا کرد و کاتێکیش کە توێژەران پشکنینی وێنەکانی مێشکی لیسایان کرد، چاویان بە دیمەنێکی ناوازە کەوت" و تووشی سەرسوڕمان هاتن، گۆڕانکاری بەسەر سیستمە دەمارییەکانی مێشکیدا هاتووە" و خانە دەمارییە کۆنەکانی ڕۆشتوون و خانەی دەماریی نوێ شوێنی گرتوونەتەوە، هەرچەندە هێشتایش هەندێ کاریگەریی خانە دەمارییەکانی پێشووی ماوەتەوە، بەڵام بە خانەی دەماری نوێ چواردەوریان دراوە و کاریگەریی زۆر ناخەنە سەر کارکردنی سیستمی دەماری. بەڵام لەگەڵ هاتنەکایەی گۆڕانکاری لە خووەکانی لیسادا، مێشکیشی گۆڕانکاری بەسەردا هات.

زاناکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی "گەشتەکەی قاهیرە یان جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی یان گەڕانەکەی نێو بیابانی هۆکاری ئەو گۆڕانکارییەی ژیانی لیسا نەبووە. بەڵکوو لە ڕاستیدا، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە لیسا جەختی لەسەر گۆڕینی یەك خوو کردەوە ئەویش, جگەرە کێشان بوو. هەموو ئەو کەسانەی دیکەیش لە توێژینەوەکەدا بەشداریان پێ کرابوو بە هەمان قۆناغی هاوشێوەدا گوزەریان کردبوو. تەنها بە جەختکردنەوە لە سەر یەك شێواز کە بە "خووی بنەڕەتی" ناسراوە لیسا توانیی بە هەمان شێواز خۆی فێری داڕشتنەوەی خووەکانی دیکەی ڕۆژانەی بکات.

دەبێ ئاگامان لەوە بێت، تەنها تاکەکان نین دەتوانن گۆڕانکارییەکی لەو جۆرە بهێننە کایەوە، بەڵکوو کاتێك کۆمپانیاکان کار لەسەر گۆڕینی خووەکان دەکەن، ئەوا دەشێت سەرتاپای ڕێکخراوەکان گۆڕانکارییان تێدا ڕووبدات. بۆ نموونە، کۆمپانیا گەورەکانی وەك پرۆکتەر&گامبڵ، ستاربەکس، ئەلکۆوا و تارگێت ئەم شێوازەیان گرتوەتە بەر بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکانیان، چۆنیەتیی گفتوگۆی نێوان کارمەندان، تەنانەت چۆنیەتیی بازاڕکردنی خەڵك، بەبێ درکپێکردنی کڕیاران.

جارێك، لە نزیك کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکەیدا، یەکێك لە توێژەرەکان بە لیسای وت، "دەمەوێت یەکێك لە نوێترین وێنەکانی مێشکی خۆتت نیشان بدەم"، وێنەیەکی خستە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی کە وێنەی ناو مێشکی لیسای نیشان دەدا. ئاماژەی بە جێگەیەك کرد کە نزیکبوو لە ناوەندی سەری لیساوە و وتی، "کاتێك تۆ خواردن دەبینیت ئەم ناوچەیە کە پەیوەندیدارە بە تامەزرۆی و برسیەتییەوە هێشتا چالاکە. مێشکت هێشتا ئەو پەڵنەرانە دروست دەکات کە وا لە تۆ دەکەن زیاتر بخۆیت.

ئاماژەی بە نزیکترین ناوچە کرد لە ناوچاوانی لیسا و وتی، "لەگەڵ ئەوەیشدا، چالاکیی نوێ هەیە لەم ناوچەیەدا، کە ئێمە لەو باوەڕەداین لەم شوێنەدا ڕێگریی ڕەفتاری و خودکۆنترۆڵکردن دەست پێ دەکات. ئەو چالاکییەش لەگەڵ هەر هاتنێکی تۆ بۆ ئێرە، زیاتر برەوی سەندووە.

لیسا بەشداربووی دڵخوازی زاناکان بوو، چونکە وێنەکانی مێشکی لیسا زۆر ناوازە و سوودبەخش بوون لە دروستکردنی نەخشەیەکی ئەو شوێنەی کە شێوازە ڕەفتارییەکان (خووەکان) جێگیر بوون لە نێو مێشکماندا. پزیشکەکە ئەوەیشی بە لیسا وت، "تۆ زۆر هاوکاریمان دەکەیت لە تێگەیشتن لەوەی چۆن بڕیارێك دەبێتە ڕەفتارێکی خۆڕسك."

هەر ئامادەبوویەکی ژوورەکە، لەو بڕوایەدابوو کە لە لێواری هەنگاوێکی گرنگدایە. لە ڕاستیشدا وابوو.

●●●

ئەم بەیانییە کاتێک بەئاگاهاتیت، یەکەم جار چ کارێکت کرد؟ بەخێرایی خۆت شۆرد، یان تەماشای ئیمەیڵەکەت کرد، یان کێکێکت لە کەوانتەری چێشتخانەکە دەرهێنا و خواردت؟ ئایا پێش یان دوای خۆوشکردنەوە ددانت شۆرد؟ یەکەم جار قەیتانی پێڵاوی ڕاست یان چەپت بەست؟ ئایا چیت بە منداڵەکانت وت لەسەر ڕێگای چوونەدەرەوە؟ لە کام ڕێگاوە بە ئۆتۆمبێلەکەت ڕۆشتیت بۆ سەر کارەکەت؟ ئایا کاتێک گەشتیتە سەر مێزی کارەکەت، سەرەتا بە ئیمەیڵەوە سەرقاڵ بوویت، یان گفتوگۆت لەگەڵ هاوڕێکانت کرد، یان دەستت دایە نووسینی تێبینییەک؟ ئایا زەڵاتە یان هەمبەرگرت خوارد بۆ نانی نیوەڕۆ؟ ئایا کاتێک گەڕایتەوە بۆماڵەوە پێڵاوە وەرزشییەکانت لە پێ کرد تا بڕۆیت بۆ ڕاکردن، یان خواردنەوەیەکت بۆ خۆت تێ کرد و نانی ئێوارەت لەبەردەم تەلەڤیزیۆن خوارد؟

ویلیام جەیمس، لە ساڵی ١٨٩٢ نووسیویەتی، " تا ئایستا ژیانمان شێوەیەکی جێگیری هەیە، بەڵام ئەوەیش هیچ نییە جگە لە بارستەیەکی خوو." زۆرێک لەو بڕیارانەی ڕۆژانە دەیاندەین لەوانەیە وا دەربکەون بەرهەمی بڕیاردانێکی ورد و باش هەڵبژێردراو بن، بەڵام لە ڕاستیدا بەو چەشنە نییە. ئەوانە خوون. هەرچەندە هەر خوویەک خۆی بۆ خۆی کاریگەریەکی زۆری نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ئەو خواردنانەی داوایان دەکەین، ئەو شتانەی شەوان بە منداڵەکانمانی دەڵێین، ئایا پاشەکەوت دەکەین یان خەرج دەکەین، چەند ڕاهێنان دەکەین و ئەو شێوازەی بیرکردنەوە و کارەکانمانی پێ ڕێک دەخەین کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تەندروستی و بەرهەمداری و دڵنیایی ئابووری و بەختەوەریمان هەیە.

توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن توێژەرێکی زانکۆی دیوک بڵاو کراوەتەوە، دەریخستووە لە ٤٠٪ی ئەو کارانەی ڕۆژانە مرۆڤ جێبەجێیان دەکات لە ڕاستیدا بڕیار نین، بەڵکوو خوون.

ویلیام جەیمس هاوشێوەی چەندینی تر لە ئەرستۆوە بۆ ئۆپرا، زۆرێک لە ژیانی لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە بوونی خووەکان بەسەر برد. بەڵام تەنیا لە دوو دەیەی

ڕابردوودا زانایـان و بازاڕگـەران لـە چۆنیەتیی کـارکردنی خووەکـان تێگەیشتن، وە لەوەیش گرنگتر چۆنیەتیی گۆڕینیان.

ئەم پەرتووکە دابەشدەکرێت بەسەر سێ بەشدا. بەشی یەکەم سەرنج دەخاتە سەر چۆنیەتیی پەیدابوونی خووەکان لە ژیانی تاکەکەسدا. لە دەمارزانی و دروستبوونی خوو و چۆنیەتیی بونیادنـانی خـووی نـوێ و گـۆڕینی خـووە کۆنـەکان دەکۆڵێتـەوە، هاوکات، ئەو میتۆدانە دەخاتە ڕوو، کە بۆ نموونە، پیاوێکی ڕیکلامکەر بەکاری هێنا تـاوەکوو لـە ڕێگەیـەوە ددانشـۆردنی لـە کرداریێکـی شـاراوەوە کـرد بـە بیرئالۆزییـەکی نیشتیمانی. ئەم بەشە ئەوەش نیشان دەدات کە چۆن کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ سپرایەک بە ناوی (فێبرین) کرد بە بازرگانییەکی ملیارد دۆلاری بە سوودوەرگرتن لە پاڵنەرە خووییەکانی بەکارهێنەران، یان چۆن ڕێکخراوە نەناسراوەکان چاکسازی لە ژیانی کەسانی ئالوودەبوودا دەکەن، لە ڕێگەی هێرشکردنەسەر خووەکانیان لە چەقی ئالوودەبووندا، یـان چـۆن دۆنـی دەنجی ڕاهێنـەر، چارەنووسـی یـەکێك لـە خراپترین تیپـەکانی خـولی تـۆپی پێـی نیشـتیمانی پێچـەوانە کـردەوە، بـە تەرکیزخستنەسـەر کاردانەوەی خۆڕسکانەی یاریزانەکان بۆ ئاماژە بچووکەکانی ناو یاریگا.

بەشـی دووەم، لـە خـووی کۆمپانیـا و ڕێکخـراوە سـەرکەوتووەکان دەکۆڵێتـەوە. بەوردی ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن جێبەجێکارێك بە نـاوی پـاولۆ ئۆنێـڵ (پـێش ئـەوەی ببێت بە سکرتێری گەنجینـە) سـەرلەنویی بەرهەمهێنـەرێکی تێکۆشـەری ئەلـەمنیۆمی کرد بە باشترین جێبەجێکار لە ناوەندی پیشەسازیی داو جۆنس ( Dow Jons Idustrial Average) بە تەرکیزخستنەسەر خووە بنەڕەتییـەکانی، وە چـۆن سـتاربەکس کەسێك کە لە قۆناغی ئامادەییدا وازی لـە خوێنـدن هێنـابوو کـرد بـە بەڕێوەبـەر، بـە جێگیرکردنی خووگـەلێك کـە بـۆ بـەهێزکردنی ئـیرادە (ویسـت)ی ئـەو نەخشـێنرابوون. ئـەوەش ڕووندەکاتەوە بۆچی تەنانەت باشترین نەشتەرگەرەکانیش هەڵەی زۆر گەورە دەکەن کاتێك خووە ڕێکخراوەکانی نەخۆشخانەیەك تێکدەچن.

بەشی سێیەم دەڕوانێتە خووی کۆمەڵگاکان. چۆنیەتیی سـەرکەوتنی مـارتین لۆسە، جونیـەر دەگێڕێتـەوە و جوڵانـەوەی مـاف شارسـتانی دەخاتـە ڕوو کـە بەشـێکی

دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی خووە کۆمەڵایەتییە ڕەگداکوتاوەکان. لە کۆتاییدا بە دوای پرسیارە ئاکارییە ئاڵۆزەکاندا دەگەڕێت، وەک ئەوەی ئایا ڕێی تێدەچێت بکوژێک لە بەریتانیا ئازاد بکرێت، گەر بەڵگەی باوەڕپێکراوی هێنایەوە کە خووەکانی هۆکار بوون و ڕێنوێنییان کردووە بۆ کردنی ئەو تاوانە.

هەر بەشێك بە دەوری بابەتێکی بنەرەتیدا دەسوڕێتەوە: دەکرێت خووەکان بگۆڕدرێن گەر لە چۆنیەتیی کارکردنیان تێ بگەین.

ئەم کتێبە ئاماژە بە سەدان توێژینەوەی زانستی، چاوپێکەوتن لەگەڵ زیاتر لە سێ سەد زانا و جێبەجێکار و لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو دەدات. کتێبەکە سەرنج دەخاتە سەر خووەکان بە پێناسە تەکنیکییەکەیان: ئەو بژاردانەی کە هەمووان لە کاتێکدا بە ئەنقەست دروستیان دەکەین، دواتر دەوەستین لە بیرکردنەوە لێیان، بەڵام لە ئەنجامدانیان بەردەوام دەبین زۆر جار هەموو ڕۆژێك. لە دەمێکدا، هەموومان هۆشیارانە بڕیار دەدەین کە چی بخۆین، گەیشتینە نووسینگەکەمان سەرنج بخەینە سەر چ کارێك، چەند جار خواردنەویەك بخۆینەوە یان کەی بڕۆین بۆ ڕاکردن. دواتر دەوەستین لە هەڵبژاردن و بڕیاردان ڕەفتارەکانمان دەبنە خۆڕسك. ئەمە لێکەوتەیەکی سروشتیی کۆئەندامی دەماریمانە. بۆیە بە تێگەیشتن لەوەی ئەمە چۆن ڕوودەدات دەتوانیت ئەم شێوازانە بونیاد بنێیتەوە بەو جۆرەی کە خۆمان دەمانەوێت.

•••

ئارەزووم بۆ زانستی خووەکان پێش هەشت ساڵ دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی کە هەواڵنەری ڕۆژنامەیەك بووم لە بەغداد. بەگوێرەی ئەوەی بە شێوەیەکی کرداری بینیبووم لێیان بۆم دەرکەوت سوپای ئەمریکا، یەکێکە لە گەورەترین تاقیکردنەوەکانی پێکهێنانی خوو لە مێژوودا. ڕاهێنانە بنچینەییەکان بەوردی سەربازەکان فێری خووگەلێکی نەخشەبۆکێشراوی وەك چۆنیەتیی تەقەکردن و بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن لە ساتی تەقوتۆقدا دەکات. لە مەیدانی جەنگدا هەر فەرمانێك کە دەردەچێت سوود لەو ڕەفتارانە دەبینێت کە ڕاهێنانیان لەسەر کراوە و

گەیشتوونەتە ڕادەی خۆڕسکی. تەواوی ڕێکخراوەکە پشت بە ڕۆتینگەلێکی چەندەها جار ڕاهێنـان لەسـەرکراو دەبەسـتێت بـۆ بونیادنـانی بناغـە و دانـانی ئەولەویـەتی ستراتیجی و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی وەڵامدانەوە.

لەپاش دوو مـانگ مانـەوە لـە عێـراق، بیسـتم ئەفسـەرێك پڕۆگرامێکی ڕێکنـەخراوی خووگۆڕین جێبەجێ دەکات لە کوفە، کە شارێکی بچووکە بە دووری ٩٠میل دەکەوێتە باشووری پایتەختـەوە. ئـەو کەسـە ڕائیـدێکی سـوپا بـوو شـرۆڤەی بـۆ ڤیـدیۆی پشێوییەکانی ئەم دواییانـە کردبوو، تێبینیـی شـێوازگەلێکی کردبـوو: هـەر کارێکی توندوتیژیی ئێراقییەکان بە قەرەباڵغییـەك دەسـت پـێ دەکـات لـە مەیـدانێك یـان هەر جێگەیەکی دیکەی بەتاڵدا کە کۆ دەبوونـەوە، لـە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ژمارەیان زۆر دەبوو. دواتـر خواردەمەنیفرۆشـەکان و چـاودێرەکان دەردەکـەوتن. پـاش کـەمێك کەسێك بـەردێك یـان بـوتڵێکی فڕێدەدایـە نـاو قەرەباڵغییەکـە ئیتر شـەڕ دەسـتی پـێ دەکرد.

کاتێك ڕائیدەکە چاوی بە سـەرۆك شارەوانی کوفـە کـەوت داواکارییـەکی سـەیری لـێ کـرد: ئایـا دەتـوانین ڕێگـە نـەدەین و خواردەمەنیفرۆشـەکان بێنـە نـاو مەیدانەکەوە؟ سـەرۆك شـارەوانی وتـی، بەدڵنیاییـەوە بـەڵێ. چـەند هەفتەیـەك دواتـر قەرەباڵغییـەکی بچـووك لەبـەردەم مزگـەوتی گـەورەی کوفـە. لـە دوانیـوەڕۆدا قـەبارەی قەرەباڵغییەکە زیـادی کـرد. ژمارەیـەك کـەس دەسـتیان کـرد بـە وتنـەوەی دروشمگـەلێکی تووڕەئامێز. پۆلیسـەکانی عێـراق هەسـتیان بـە جۆرێـك لـە گرفـت کـرد، بۆیـە دەسـتبەجێ داوای هاوکارییان لە سـەربازە ئەمریکییـەکان کـرد. لـەدوای ڕۆژئـاوابوون خـەڵکەکە وردە وردە بێئـارام و برسـی بـوون، چـاویان بـۆ کەبابفرۆشـەکان دەگێـڕا کـە ڕۆژانـی کـە لـە مەیدانەکەیان پڕ دەکـردەوە، بـەڵام هیـچ یـەکێکیان لـەوێ بەدینـەدەکران. چاودێرەکان ئەوێیان بەجێ هێشت، هوتافکێشـەکان بێهیوا بوون. تـا کاتـژمێر هەشت مەیدانەکە چۆڵ بوو وە هیچ کەسێکی تێدا نەما.

کاتێك سەردانی بنکە سەربازییەکەم کرد لە کوفە، قسەم لەگەڵ ڕائیدەکەدا کرد. پێی وتم، "تۆ بەناچار بیر لە جوڵەزانیی قەرەباڵغیەیك ناکەیتەوە لە ڕووی خووەوە." بەڵام ئەو هەموو ژیانی لە ڕاهێنانی دەرونزانی دروستکردنی خوودا بەسەربردبوو.
لە مەیدانی ڕاهێنانی سەربازەکاندا ئەو خەریکی خووەکانی پڕکردنی چەکەکەی، خەولێکەوتن لە ناوچەی جەنگدا، بڕیاردان لە کاتی ماندوویی و شپرزەییدا و پاراستنی تەرکیز لەناو ئاژاوەکانی جەنگدا بوو. ئەو بەشداری لە چەند وانەیەکدا کردبوو کە لێیانەوە فێری پاشەکەوتکردنی پارە و ڕاهێنانکردنی ڕۆژانە و پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوکارەکانی بووبوو. کاتێك پلەی بەرزبووەوە، فێری گرنگیی ڕێکخراوەخوو بوو لە دڵنیابوون لەوەی کەسانی پاشکۆ دەتوانن بڕیار بدەن بەبێ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ سەرەوە، هەروەها فێری ئەوە بوو چۆن ڕۆتینە دروستەکان کارکردن لەگەڵ کەسانێکدا ئاسان دەکەن کە لەباری ئاساییدا خۆشی لێیان نەدەهات.
ئەو وتی، "بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆمەڵگا گرتبوونەوەیەکی زۆر گەورەی خووگەلێکە لەناو هەزاران خەڵکدا کە بە پشتبەستن بە چۆنیەتیی دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەر یەکێکیان کە دەشێت ببێتە هۆی توندوتیژی یان ئاشتی. جگە لە دوورخستنەوەی فرۆشیارەکان، چەندین تاقیکردنەوەی دیکەی لە کوفە کرد بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر خووی دانیشتوان. لەو دەمەشەوە کە ئەو هاتووەتە شارەکە هیچ ئاژاوەیەك ڕووینەدابوو.
ڕائیدەکە پێی وتم، تێگەیشتن لە خووەکان گرنگترین شت بوو کە من لە سوپادا فێری بووم. ئەوە هەموو شتێکی گۆڕی دەربارەی جیهانبینیی من. تۆ دەتەوێت شەو بە باشی بخەویت و بەیانیش بە مێشکێکی ئارامەوە بەئاگا بێیت؟ سەرنجی نەخشەکاریی شەوت و ئەوەی بەیانیان بە شێوەیەکی خۆڕسك ئەنجامی دەدەیت بدە. دەتەوێت ڕاکردنت لەلا ببێت بە کارێکی ئاسان؟ پاڵنەرگەلێك دروست بکە تاوەکوو دەیکەیت بە ڕۆتین. ئەمە زۆر بۆ منداڵەکانم دووبارە دەکەمەوە. من و هاوسەرەکەم نەخشەی خووەکانمان ژیانی هاوسەرگیریمان دەنووسیەوە. ئەمە هەموو ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەکانی فەرماندەییدا قسەی لەبارەوە دەکەین. هیچ کەسێك لە کوفە بە منی

نەوت گواستنەوەی کۆشکی کەبابەکان دەشێک کاریگەری لەسەر قەرەباڵغییەکان هەبێت، بەڵام کاتێک وەک دەستەیەک لە خوو لە هەموو شتێک دەڕوانیت، وەک ئەوە وەهایە کەسێک هەموو شتێکت پێ بدات کە پێویستتە بۆ کارکردن، ئیتر تۆیش دەتوانی دەست بە کار بکەیت.

ڕانیدەکە پیاوێکی بچووکی خەڵکی جۆرجیا بوو. ئەو هەمیشە یان تووێکڵی گوڵەبەڕۆژە یان توتنی جوێنراوی دەتفیە ناو کوپێکەوە. پێی وتم پێش ئەوەی بچێتە ناو سوپاوە باشترین بژاردەی کارکردنی،چاککردنەوەی تەلەفۆن یان بازرگانیی ماددەی مێسامێفتاین بووە، ڕێگایەک کە زۆرێک لە هاوڕێیانی دواناوەندی گرتبوویانە بەر، هەرچەندە سەرکەوتوویش نەبوون تێیدا. بەڵام ئێستا ئەو چاودێریی ٨٠٠ سەرباز دەکات لە یەکێک لە ئاڵۆزترین ڕێکخراوەکان لەسەر زەوی.

"من پێت دەڵێم، ئەگەر گەمژەیەکی وەک من فێری ئەو شتانە بووبێت، ئەوا هەموو کەس دەتوانێت فێریان بێت. هەمیشە بە سەربازەکانم دەڵێم، گەر خووەکانتان دروست بن، هیچ کارێک نییە لە توانای ئێوە بەدەر بێت."

لە دەیەی ڕابردوودا تێگەیشتنمان لە سایکۆلۆجیا و دەمارزانیی خووەکان و چۆنیەتیی کارکرنی بەشەکانی لە ژیان و کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکاندا بە چەشنێک فراوان بووە کە ٥٠ساڵ پێش ئێستا هەرگیز پەیمان پێ نەبردووە. ئێستا دەزانین خووەکان بۆچی سەرهەڵدەدەن و چۆن دەگۆڕێن. دەزانین چۆن دابەشیان بکەین و سەرلەنوێ بە ویستی خۆمان بونیادیان بنێینەوە. دەزانین چۆن وا لەخەڵک بکەین کەم بخۆن و زۆر ڕاهێنان بکەن و لێهاتووانەتر کار بکەن و ژیانێکی تەندروستتر بژین. گۆڕینی خووەکان هەمیشە ئاسان یان خێرا یان سانا نییە. بەڵام ئەستەم نییە و ئێستا چۆنیەتییەکەی دەزانین.

# بەشی

# یەکەم

## خووەکانی تاکەکان

# ١

## ئەڵقەی خوو

## خوو چۆن کار دەکات

### یەکەم

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٣، پیاوێک کە زۆرێک لەو شتانەی سەروبن کردەوە ئێمە دەمانزانی دەربارەی خوو پێی نایە تاقیگەیەک لە سان دیاگۆ بۆ چاوپێکەوتنێکی ڕێکخراو. ئەو پیاوە کەسێکی بەتەمەن بوو، بەرزی باڵای ١٨٢ سانتیمەتر بوو، کەشخانە خۆی گۆڕیبوو بە کراسێکی شینەوە. قژە سپییە پڕەکەی بووبووە جێگەی سەرنج و هەموو کەس حەسوودی پێ دەبرد. ئاوسانی جوومگەکانی بووبووە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت هەنگاوی گەورە بنێت، لەو کاتەی بە ڕاڕەوی تاقیگەکەدا تێدەپەڕین لەگەڵ هاوسەرەکەی دەستی یەکیان گرتبوو و، زۆر بەهێواشی ڕێیان دەکرد، وەک ئەوەی دڵنیا نەبن هەر هەنگاوێکی نوێ ئەوان بە کوێ دەگەیەنێت.

یەک ساڵ پێش ئێستا، یوجین پاولی یان "E.P." کە لە ئەدەبیاتی پزیشکیدا بەوە ناسراوە، لە ماڵەوە بوو لە پلایا دێل ڕەی لە شاری لۆس ئەنجلێس، لەگەڵ هاوسەرەکەی سەرقاڵی ئامادەکردنی ژەمی ئێوارە بوون، کاتێک هاوسەرەکەی باسی ئەوەی کرد میشێلی کوڕیان دێت سەردانیان دەکات.

یوجین پرسیی، "میشێل کێیە؟"

هاوسەرەکەی وتی، "منداڵەکەت، ئەو منداڵە ناناسیت پێکەوە گەورەمان کرد؟"

یوجین بە بێباکانە تەماشای هاوسەرەکەی کرد و پرسیی، "ئەو کەسە کێیە؟"

بۆ ڕۆژی دواتر، یوجین دووچاری ڕشانەوە و سکئێشەکی توونـد بوویـەوە. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئاوی لەشی بەتەواوی کەمبوویەوە بە چەشنێک کە بێقێرلی تۆقیو ئەوی گواستەوە بۆ ژووری چاودێریی چڕ. پلەی گەرمیی لەشی بەرزبوویەوە بۆ سەرو ٤٠ پلەی سەدی و، ئارەقی زەردی دەکردەوە کە پەڵەی لەسەر سەرچەفی نەخۆشخانەکە بەجێ دەهێشت. شاگەشکە بوو، دواتریش توندوتیژ بە شێوەیەک هاواری دەکرد و پاڵی بەو پزیشک و پەرستارانەوە دەنا کە هەوڵیان دەدا کانۆلای بۆ دانێن. تەنیا لە پاش بێهۆشکردنی پزیشکەکان توانییان لە ڕێگەی دەرزییەکی درێژەوە لە بۆشاییەکی تەسکی نێوان دوو بڕبڕەی پشتی چەند دڵۆپێکی کەم لە شلەی مێشک و بڕبڕەی پشتی وەربگرن. (شلەی مێشک و بڕبڕەی پشت شلەیەکە دەوری مێشک و درکەپەتکی داوە.)

ئەو پزیشکەی پشکنینەکەی بۆ یوجین کرد یەکسەر هەستی کرد مەترسییەک لە ئارادایە. ئەو شلەیەی کە دەوری مێشک و درکەپەتکی داوە بەربەستێکە لە ژەهراویبوون و زیانبەرکەوتن دەیانپارێزێت. لە کەسی ساغدا ڕەنگێکی ڕوونی هەیە و بەخێرایی بە دەرزییەکەدا تێدەپەڕێت و دەڕژێتە تیوبی پشکنینەکەوە. لە نموونەی پشکنینەکەی یوجین ڕەنگی شلەکە لێڵ بوو، زۆر بەهێواشیش بە دەرزییەکەدا تێدەپەڕی، وەک ئەوەی پڕ بێت لە میکرۆبی ورد. کاتێک ئەنجامی پشکنینەکەی دەرچوو پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت یوجین تووشی نەخۆشیی هەوکردنی مێشک بوو بە هۆی ڤایرۆسەوە. هۆکاری ئەم نەخۆشییە ڤایرۆسێکی بێزیانە کە دەبێتە هۆی

دروستبوونی تامیسکە لەسەر لێو، تا و دەرکەوتنی لیر لەسەر پێست. لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا ئەم ڤایرۆسە دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە ناو خانەکانی مێشکەوە، زیانێکی زۆر خراپیان پێ بگەیەنێت، ئەمەش کاتێک کە چینە خانە نەرمە ئیسفنجییەکان لەناودەبات لەو شوێنەی بیرکردنەوە و خەونەکانمان و بە بۆچوونی هەندێک کەسیش ڕۆحمان جێگیر بوون.

پزیشکەکانی یوجین بە بیڤێرلیان وت ئێمە هیچ شتێکمان لەدەست نایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو زیانانەی کە بە هۆی نەخۆشییەکەوە بەر مێشکی هاوسەرەکەت کەوتووە، بەڵام کاریگەریی گەورەی دەرمانە دژە ڤایرۆسەکان لەوانەیە ڕێگە بگرێت لە تەشەنەسەندنی زیاتری نەخۆشییەکە. یوجین لە کۆمادا بوو، بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە مردن نزیک بوو. وردە وردە بە هۆی کاریگەریی دەرمانەکانەوە پلەی گەرمیی لەشی دابەزی و ڤایرۆسەکە لەناو چوو. کاتێک لە کۆتاییدا بەئاگا هاتەوە، زۆر لاواز و سەرلێشێوا بوو، هەروەها نەیدەتوانی بە باشی شت قووتبدات. نەیشیدەتوانی بە باشی قسە بکات ڕستەکانی بۆ ڕێک نەدەخرا، هەروەها هەندێک جار، تووشی هەناسەبڕکێ دەبوو وەک ئەوەی لە بیری کردبێت کە چۆن هەناسە بدات. بەڵام ئەو دەژیا.

لە کۆتاییدا، یوجین باری تەندروستیی ئەوەندە باش بوو کە کۆمەڵە پشکنینێکی بۆ بکرێت. پزیشکەکانی سەرسام بووبوون بە دەرەنجامی پشکنینەکانی، چونکە جەستەی بە کۆئەندامی دەماریشیەوە وا دەردەکەوت کە زۆر زیانیان بەرنەکەوتووە بە هۆی نەخۆشییەکەوە. دەیتوانی دەست و قاچی بجوڵێنێت و کاردانەوەی بۆ ڕووناکی و تاریکی هەبوو. پشکنینەکانی سەری سێبەرگەلێکی خراپیان لە نزیک ناوەندی مێشکی دەرخستبوو. ڤایرۆسەکە لە نزیک ئەو جێگەیەی کەلەی سەر و بڕبڕەی پشت بەیەک دەگەن شانەیەکی هێلکەی لەناوبردبوو. یەکێک لە پزیشکەکان بیڤێرلی ئاگادار کردوە و وتی، "لەوانەیە ئەو کەسەی پێشوتر نەبێت کە ناسیوتە، دەبێت ئامادەبیت ئەگەر هاوسەرەکەت بەجێی هێشتیت."

یوجین گواسترایەوە بۆ قاوشێکی دیکە لە نەخۆشخانە. لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا توانیی بە ئاسانی خواردن قوتبدات. دوای هەفتەیەکی دیکەیش قسەکردنی ئاسایی بووەوە، دوای جەلی و خوێی کرد، بەناو کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکاندا دەگەڕا و گازندەی دەکرد دەربارەی زنجیرە تەلەڤیزیۆنییە بێزارکەرەکان. پاش ماوەیەک گواسترایەوە بۆ سەنتەری چارەسەری سروشتیی دەماری، پێنج هەفتە دواتریش، یوجین بەدرێژاییی کات لە ڕاڕەوەکەدا پیاسەی کرد و ئامۆژگاریی پێشکەشی پەرستارەکان دەکرد دەربارەی پلانی کۆتاییی هەفتەیان، هەرچەندە ئەوان داوای ئامۆژگاریشیان نەکردوو.

پزیشکێک بە بێڤێرلی وت، "پێم وا نییە تا ئێستا کەسم بینیبێت کە هاشێوەی هاوسەرەکەت چاکبووبێتەوە." " نامەوێت زیاد لە پێویست هیوات پێ بدەم، بەڵام باشبوونی تەندروستیی هاوسەرەکەت بەم چەشنە ناوازەیە."بەڵام بێڤێرلی هێشتا نیگەران بوو. لە نەخۆشخانەی چارەسەری نەخۆشییە دەمارییەکان ئەوە ڕوون بوویەوە کە نەخۆشییەکە هاوسەرەکەی گۆڕیوە بە چەشنێک جێگەی نیگەرانییە. بۆ نموونە یوجین نەیدەتوانی ئەوەی لە بیر بێت کە ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکی هەفتەیە یان، ناوی پزیشک و پەرستارەکانی بیردەچوویەوە، گرنگ نەبوو چەند جار خۆیان دەناساند. ڕۆژێکیان پاش ئەوەی پزیشکەکەی ڕۆشت لە بێڤێرلی هاوسەری پرسی، "بۆ ئەوان ئەو هەموو پرسیارە لە من دەکەن؟" کاتێک لە کۆتاییدا گەڕایەوە ماڵەوە، شتەکان زۆر نامۆتر بوون. وا دیارنەبوو یوجین هاوڕێکانیشی بیرمابێت. کێشەیشی هەبوو لە وەدووکەوتنی گفتوگۆکاندا. هەندێک بەیانی، لە جێگەکەی هەڵدەسا و دەڕۆشت بۆ چێشتخانە، لەوێ گۆشت و هێلکەی بۆ خۆی ئامادە دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە بۆ جێگە نووستنەکەی و ڕادیۆکەی دەکردەوە. دوای تێپەڕبوونی ٤٠ خوولەک هەمان شتی دووبارە دەکردەوە، گۆشت و هێلکەی بۆ خۆی ئامادەکرد، پاشان دەگەڕایەوە بۆ جێگە نووستنەکەی و ڕادیۆکەی دەکردەوە. دواتر ئەو هەمان کاری دووبارە دەکردەوە.

بێڤێرلی ترساو پەنای برد بۆ پسپۆڕان بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن، لەنێویشیاندا توێـژەرێکی زانکـۆی کالیفۆرنیا لـە سـان دیـاگۆ بـوو کـە پسـپۆڕییەکەی لـە بـواری لەدەستدانی یادگەدا بوو. بۆیە لە ڕۆژێکی هەتاوی پاییزدا، یوجین و بێڤێرلی خۆیان لـە بـەردەم بینایـەکی نەناسـراو لـەناو کەمپەسـەکانی زانکـۆی کالیفۆرنیـادا بینیـەوە، دەسـتی یـەکتریان گرتبـوو لـەو کاتـەی بەهێواشـی لـە ڕاڕەوەکـەوە دەڕۆشـتن. دواتـر کەسـێك ڕێنـوێنی کـردن بـۆ ژوورێکـی بچـووکی تاقیکردنـەوە. یـوجین دەسـتی بـە قسەکردن کرد لەگەڵ خانمێکی گەنجدا کە خەریکی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بوو.

یـوجین بـە ئامـاژەدانـەوە بـەو تەختەکلیلـە کـە خانمەکـە پێـی دەنووسـی وتـی، "مـن بۆمـاوەی چـەند سـاڵێك لـە نـاو کـاری ئەلیکترۆنیـدا بـووم، زۆر سەرسـامی ئـەو تەختەکلیلەم، کاتێك من گـەنج بووم ئەو ئامێرە لەناو دوو ڕەفەی قەبارە دوو مەتریدا دادەنرا و هەموو ژوورەکەی داگیر دەکرد."

کچەکە بەردەوام بوو لە کلیککردن لەسەر ئایکۆنەکانی تەختەکلیلەکە. یوجین وازی لەو بابەتە هێنا.

یـوجین وتـی، "ئەمـە باوەڕپێنـەکراوە، کاتێـك مـن لـەناو کـاری ئەلیکترۆنیـدا بـووم هـەموو ئـەو بازنـە چاپکراو و نیـوە گەیـەنەر و زمانـە سیانیانە لـەناو دوو ڕەفـەی دوو مەتریدا ڕاگیرکرابوون."

زانایەك هاتە ژوورەکە و خۆی ناساند. لە یوجینی پرسی تەمەنت چەندە؟

یوجین وتی، "ڕاوەستە با بزانم ٥٩ یان ٦٠ ساڵم؟" لە ڕاستیشدا یوجین تەمەنی ٧١ ساڵ بوو.

زاناکـە دەسـتی بـە تـایپکردن کـرد لەسـەر کۆمپیوتەرەکـە. یـوجین زەردەخەنەیـەکی کرد و ئاماژەی بە کۆمپیوتەرەکە دا و وتـی، "بەڕاستی ئەوە باوەڕپێنـەکراوە، دەزانیت کاتێـك مـن لـەناو کـاری ئەلیکترۆنیـدا بـووم دوو ڕەفـەی دوو مـەتری ئـەو ئامێرەی هەڵگرتبوو.

زاناکە نـاوی لاری سکوایەر بوو، تەمەنی ٥٢ سـاڵ بوو، پسپۆڕێك کە سـێ دەیـەی ڕابـردووی ژیـانی لـە خوێنـدنی یادگـەی دەماریـدا بەسـەربردبوو. پسـپۆڕییەکەی

دۆزینەوەی چۆنیەتیی هەڵگرتنی ڕووداوەکان بوو لەلایەن مێشکەوە. کارەکەی لەگەڵ یوجین بەخێرایی جیهانێکی نوێی بە ڕووی ئەو هەزاران توێژەرەی تردا کردەوە کە تێگەیشتنی ئێمەیان دەربارەی چۆنیەتیی کارکردنی خووەکان بونیاد دەنایەوە. توێژینەوەکەی سکوایەر ئەوەی نیشان دا، تەنانەت کەسێك کە نەتوانێت تەمەنی خۆی یان بەنزیکی هەرشتێکی دیکەی لە بیر بێت دەتوانێت پەرە بە خووەکانی بدات کە ئەوە بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ئاڵۆزە_ تاوەکوو ئەو کاتەی دەزانێت کە هەموو کەسێك پشت دەبەستێت بە هەمان پرۆسەی دەماری هەموو ڕۆژێك. توێژینەوەکەی سکوایەر و توێژەرەکانی دیکە دەکرێت یارمەتیی ئاشکراکردنی ڕێگاکانی کارکردنی نەستی ناهۆشیار بدات کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارە بێشومارەکانمان هەیە کە وا دیارە ئەو بڕیارانە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ژیرانەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بڕیارانە کاریان تێ دەکرێت لەلایەن هاندەرەکانەوە کە زۆرێك لە ئێمە بە زەحمەت دەیانناسینەوە یان لێیان تێ دەگەین.

پێش چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ یوجین، سکوایەر بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لە وێنە تیشکەیەکانی مێشکی کۆڵیبوویەوە. پشکنینەکان ئەوەیان دەرخستبوو بەنزیکەی هەموو ئەو زیانانەی بەر مێشکی یوجین کەوتووە ناوچەیەکی پێنج سانتیمەترییە لە نزیك ناوەندی سەری. ڤایرۆسەکە بەنزیکی تەواوی خانەکانی لاچانەگەپلی لەناو بردبوو، تەڵەزمێکی شانەی کە زاناکان گوومان دەکەن بەرپرسیار بێت لە هەموو جۆرە ئەرکێکی هزری وەك وەبیرهێناوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، و ڕێکخستنی هەندێك لە هەستەکان. هەوکردنی مێشکی ڤایرۆسی زۆر بێبەزەییانە هەموو خانەکانی مێشك لەناودەبات بە وردەکاری نەشتەرگەرانە-لەناوچوونی تەواوی خانەکانی مێشکی یوجیی سکوایەریان سەرسام نەکرد، ئەوەی سکوایەری سەرسام کرد ڕادەی ئاشنایی بوو بە وێنە تیشکییەکەیەکانی مێشکی.

پێش سێ ساڵ، کاتێك سکوایەر خوێنکاری دکتۆرا بوو لە پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماسەچووسیتس، لەگەڵ گروپێکدا کاری دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە مێشکی پیاوێك، کە بە (H.M.) ناسرابوو، کە یەکێك لە بەناوبانگترین نەخۆشەکان لە

مێـژووی پزیشـکیدا. نـاوی ڕاسـتەقینەی (H.M) هێنـری مۆلایسـن بـوو، بـەڵام پزیشکەکان ناسنامە و ناوەکەیان بەدرێـژایی ژیانی شاردبوویەوە. هێنـری کاتێك تەمەنی ٧ ساڵان بوو پاسکیل لێیدابوو بەتووندی سەری کێشابووی بە زەویدا. دواتر هەرزوو توشی نەخۆشیی پەرکەم و بورانەوە بوو. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا تووشی پەرکەمی گراندماڵی (جۆرێکی توونـدی پەرکەمە) بوو کە کاریگەری لەسەر تەواوی مێشکی هەبوو، ڕۆژانە زیاد لە ١٠ جار لە هۆش خۆی دەچوو.

هێنری لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا بێچارە بوو، چونکە دەرمانەکانی دژەپەرکەم چیدیکە کاریگەرییان نەبوو. ئەو کەسێکی زیرەك بوو، بەڵام نەیدەتوانی بەردەوام بێت لەسەر کارکردن. هێشتا لەگەڵ دایبابیدا (دایك و باوکی) دەژیا. هێنری ژیانێکی ئاسایی دەویست، بۆیە داوای یارمەتی لە پزیشکێك کرد، کە توانا و ویستی بۆ تاقیکردنەوە زیاتر بوو لە ترسی ئەنجامدانی هەڵەیەکی پزیشکی. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستبوو کە ناوچەیەك هەیە لە مێشکدا بە ئەسپی دەریا (یان شاخی ئامون) ناودەبرێـد لەوانەیە ڕۆڵی هەبێت لە نەخۆشیی پەرکەمدا. کاتێك پزیشکەکان پێشنیاری برینی سەری و بەرزکردنەوەی بەشی پێشەوەی مێشکیان بۆ کرد تاوەکوو لە ڕێگەی ئامێرێکی بچووکی هەڵمژینەوە ئەسپی دەریا و هەندێك لە شانەکانی دەورووبەری لەناو کاسەی سەریدا دەربهێنن. هێنری ڕازی بوو.

لە ساڵی ١٩٥٣ نەشتەرگەرییەکەی بۆ کرا و کاتێك برینەکەی ساڕێژ بوو، پەرکەمەکەی هێواش بوویەوە. هەرچەندە دوای تێپەڕینی کاتێکی کەم ئەوە ڕوون بوویەوە کە مێشکی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕاوە. هێنری ناوی خۆی دەزانی و ئەوەیشی دەزانی دایکی خەڵکی ئیرلەندایە. هەرەسهێنانی بازاڕی بۆرسەی ساڵی ١٩٢٩ و ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی دەربارەی داگیرکردنی نۆرمەندی (باکوری خۆرئاوای فەرەنسا) لەبیر بوو. بەڵام بەنزیکەی هەموو ڕووداوەکانی دوای ئەوانەی لەبیر نەبوو. هەموو بیرەوەرییەکان، ئەزموونەکان و ئاستەنگەکانی دەیەکانی دیکەی پێش نەشتەرگەرییەکەی سڕابوونەوە. کاتێك پزیشکێك دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی

کارتی یاریکردن و لیستی ژمارەکان بۆی دەرکەوتبوو یادگەی هێنری، بە نیشاندانی ٢٠ چرکە لە مێشکیدا بهێڵێتەوە هێنری ناتوانێت هیچ زانیارییەکی نوێ بۆ زیاتر لە ٢٠٠٨، هەموو لە ڕۆژی نەشتەرگەرییەکەیەوە تاوەکوو ئەو ڕۆژەی مرد لە ساڵی ٢٠٠٨، هەموو ئەو کەسانەی هێنری بینیبوونی، هەموو ئەو گۆرانییانەی گوێی لێ گرتبوون، هەموو ئەو شوێنانەی بۆی ڕۆشتبوو، لەلای ئەو ئەموونێکی تازە بوون. هەموو ڕۆژێک لەو ڕاستییە سەرسامی دەکرد کە کەسێك دەتوانێت کەناڵەکان بگۆڕێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵەوە. هەموو ڕۆژێک دووبارە و دووبارە بۆ چەندین جار خۆی بە پزیشک و پەرستارەکان دەناساند.

سکوایەر پێی وتم، "زۆر حەزم لە فێربوون بوو دەربارەی هێنری، چونکە وا دیارە یادگە ڕێگەیەکی ڕاستەقینە و سەرنجڕاکێشە بۆ خوێندنی مێشك." وتیشی، "من لە شاری ئۆهایۆ گەورە بووم، دەتوانم ئەوەم لە بیر بێت لە پۆلی یەکدا مامۆستاکەم قەڵەمبۆیەی بە هەموومان دا، وە من هەموو ڕەنگەکانم تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی بزانم ڕەنگی ڕەش دروست دەکەن. بۆچی من ئەو یادەوەرییەم لەبیرە، بەڵام ناتوانم شێوەی مامۆستاکەمم لە بیر بێت؟ بۆچی مێشکم بڕیار دەدات ئەو بیرەوەرییە لەوی دیکەیان گرنگترە؟

کاتێك سکوایەر وێنەکانی مێشکی یوجینی بینیب، سەرسام بوو بەوەی وێنەکانی چەند هاوشێوەی ئەوانەی هێنرییە. پەڵەیەك کە بە ئەندازەی گوێزێك بوو لە ناوەندی سەری هەردووکیاندا بوو. یادەوەریی یوجینیش وەك هێنری سڕابوویەوە.

هەرچەندە کاتێك سکوایەر دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی یوجین، بینیی ئەم نەخۆشەی بە هەندێك شێوازی کاریگەر جیاوازە لە هێنری مۆلایسن. لە کاتێکدا هەموو کەس کە چاوی بە هێنری دەکەوت لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا درکی بەوە دەکرد کە ناتەواوییەك لە ئارادایە. یوجین دەیتوانی بەردەوام بێت لە قسەکردن و بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکان بە چەشنێك کە چاودێرێکی ئاسایی هەرگیز درکی بە هەبوونی هیچ کێشەیەك نەدەکرد. کاریگەرییەکانی نەشتەرگەرییەکەی هێنری زۆر لاواز کردبوو بووبووە هۆی ئەوەی پاشماوەی ژیانی لەژێر چاودێری لە سەنتەرەکاندا

بەسەر بەرێت. لەلایەکی ترەوە یوجین لەماڵەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژیا. هێنری مۆلایسن بەڕاستی نەیدەتوانی لە گفتوگۆکردن بەردەوام بێت. بە پێچەوانەوە یوجین توانایەکی ناوازەی هەبوو بۆ ئاڕاستەکردنی هەر جۆرە گفتوگۆیەك بۆ ئەو بابەتەی ئارەزووی دەکرد بەدرێژی قسەی لەبارەوە بکات، وەك کەشوهەوا و مانگی دەستکرد_یوجین وەك تەکنیککار ئیشی بۆ کۆمپانیایەکی کەشتیی ئاسمانی کردبوو.

سکوایەر بە پرسیارکردن دەربارەی ژیانی سەردەمی گەنجی تاقیکردنەوەکەی لەگەڵ یوجینی دەست پێ کرد. یوجین باسی ئەو شارۆچکەی کرد کە تێیدا گەورە بووبوو لە ناوەندی کالیفۆرنیا و، کاتەکانی وەك بازرگانی دەریایی و گەشتەکانی بۆ ئوسترالیا وەك پیاوێکی گەنج. ئەو دەیتوانی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی پێش ساڵی ١٩٦٠ بێتەوە بیر. کاتێك سکوایەر پرسیاری کرد دەربارەی دەیەی دواتر، یوجین بەڕێزەوە بابەتەکەی گۆڕی و وتی کێشەی لە بیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ئەم دوایییانەدا هەیە.

سکوایەر چەند تاقیکردنەوەیەکی زیرەکی بۆ یوجین بە ئەنجام گەیاند و بۆی دەرکەت کە بیر و هۆشی یوجین هێشتا تیژە بۆ پیاوێك کە نەتوانێت کۆتا سێ دەیەی لەبیر بێت. یوجین هێشتا هەموو ئەو خووانەی هەبوو کە لە سەردەمی گەنجیدا دروستی کردبوون، بۆیە سکوایەر چ پەرداخێك ئاوی پێ بدایە یان، ستایشی بکردایە لەسەر وەڵامێکی تایبەتی ورد، یوجین سوپاسی دەکرد و ستایشی دەکرد. هەرکاتێك کەسێك بهاتایەتە ژوورەوە یوجین خۆی پێ دەناساند و پرسیاری لێ دەکرد دەربارەی ڕۆژەکەی.

بەڵام کاتێك سکوایەر داوای لە یوجین کرد ڕیزبەندیی ژمارەکان بە بیر خۆی بهێنێتەوە، یان باسی ڕاڕەوی دەرەوەی تاقیگەکە، بۆیدەرکەوت نەخۆشەکەی توانای هێشتنەوە و پاراستنی هیچ زانیارییەکی نوێی نییە بۆ ماوەی یەك خوولەك یان کەمتریش. کاتێك کەسێك وێنەی کچەزا و کوڕەزاکانی نیشانی یوجین دا، ئەو نەیناسینەوە و نەیزانی ئەوان کێن. کاتێك سکوایەر پرسیاری لێ کرد دەربارەی کاتی نەخۆشکەوتنی، یوجین وتی هیچ شتێکی کاتی نەخۆشکەوتنم و مانەوەم لە

نەخۆشخانە لەبیر نییە. لە ڕاستیدا یوجین هەرگیز ئەوەیشی لەبیر نەبوو کە بەدەست نەخۆشیی لەبیرچوونەوەوە دەناڵێنێت. وێنەی هزری خۆی بۆ خۆی لەدەستدانی یادگەی لەخۆ نەدەگرت، لەبەرئەوەی توانای لەبیربوونی ئەو زیانانەی نەبوو کە بەری کەوتوون، نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە گرفتێك لە ئارادایە.

لە مانگەکانی دوای چاوپێکەوتنی یوجین، سکوایەر تاقیکردنەوەگەلێکی کرد کە سنووری بیرەوەری یوجینیان تاقی کردەوە. لەهەمان کاتدا یوجین و بێڤێرلیماڵیان لە پێلایە دێل ڕەی گواستەوە بۆ سان دیاگۆ بۆ ئەوەی لە کچەکەیان نزیك بنەوە، سکوایەریش زۆر جار بۆ تاقیکردنەوەکانی سەردانی دەکردن. ڕۆژێکیان سکوایەر داوای لە یوجین کرد نەخشەی ماڵەکەیان بکێشێت. یوجین نەیتوانی نەخشەیەکی سەرەتای ماڵەکەیان بکێشێت کە نیشانی بدات شوێنی چێشتخانە و ژووری نووستنەکە لە کوێدایە. سکوایەر لێی پرسی، "کاتێك بەیانیان لە خەو هەڵدەسیت چۆن دەچیتە دەرەوە؟"

یوجین وتی، "دەزانیت من لەوە دڵنیا نیم چۆن دەچمە دەرەوە."

سکوایەر تێبینییەکانی لە لاپتۆپەکەدا نووسی، ئەو کاتەی سەرقاڵی نووسینی تێبینییەکان بوو یوجین خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو. یوجین سەرنجی ژوورەکەی دەدا و دواتر هەستا و ڕۆشت بۆ هۆڵەکە دەرگاکەی ژووری گەرماوەکەی کردەوە. دوای چەند خوولەکێك ئاوی تەوالێتەکە بەردرایەوە، پاشان یوجین دەستەکانی شۆرد و سڕی بە پانتۆڵەکەیدا و گەڕایەوە بۆ ژووری دانیشتنەکە و لەسەر کورسییەکەی لەتەنیشت سکوایەر دانیشت. بە ئارامی چاوەڕێی پرسیاری دواتری دەکرد.

ئەو دەمە کەس پرسیاری نەکرد چۆن ئەو پیاوە کە ناتوانێت نەخشەی ماڵەکەی خۆی بکێشێت توانیویەتی دەستشۆرەکە بدۆزێتەوە بەبێ هیچ دوودڵییەك. بەڵام ئەو پرسیارە و پرسیارەکانی تری هاوشێوەی ئەوە لە کۆتاییدا بەرەو ڕێگەی دۆزینەوەیەکی بردین کە تێگەیشتنی ئێمەی گۆڕی دەربارەی هێزی خووەکان. ئەم دۆزینەوەیە شۆڕشێکی زانستی بەرپا کرد کە بەمڕۆشەوە هەزاران توێژەر بۆ

یەکەمجار فێری تێگەیشتن لە هەموو ئەو خووانە دەبن کە کاریگەری لەسەر ژیانمان دروست دەکەن.

کاتێك یوجین لەلای مێزەکە دانیشت، تەماشای لاپتۆپەکەی سکوایەری کرد. بە ئاماژەدان بە کۆمپوتەرەکە وتی، "ئەوە ئاوازەیە!"" تۆ دەزانیت کاتێك من لە بواری ئەلیکترۆنیدا کارم دەکرد، دوو ڕەفەی دوو مەتری پێویست بوون بۆ ڕاگیرکردنی ئەوە.

•••

لە هەفتەکانی سەرەتای پاش چوونە ماڵە نوێیەکەیانەوە بێڤێرلی هەوڵی دەدا هەموو ڕۆژێك یوجین بباتە دەرەوە. پزیشکەکان بە بێڤێرلیان وتبوو ڕاهێنانکردن بۆ یوجین زۆر گرنگە، هەروەها ئەگەر یوجین بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ماڵەوە بووایە بێڤێرلی شێت دەکرد بە پرسینی هەمان پرسیار دووبارە و دووبارە لە سوڕێکی بێکۆتادا. بۆیە هەموو بەیانی و دوانیوەڕۆیەك یوجینی دەبرد بۆ پیاسەکردن بە چواردەوری باڵەخانەکەیاندا، هەمیشە پێکەوە و بەدرێژایی هەمان ڕێگایش.

پزیشکەکان بێڤێرلییان ئاگادار کردبوویەوە کە پێویستە بەبەردەوامی چاودێریی یوجین بکان. ووتبوویان ئەگەر ئەو ونبێت هەرگیز ناتوانێت ڕێگای ماڵەوە بدۆزێتەوە. بەڵام بەیانییەکیان، کاتێك بێڤێرلی خۆی دەگۆڕی، یوجین بەهێمنی لە دەرگای پێشەوە ڕۆیشتبوویە دەرەوە. یوجین ئارەزووی پیاسەکردنی دەکرد لە ژوورەکاندا، بۆیە بێڤێرلی کەمێك درەنگ هەستی بەوە کرد کە یوجین ڕۆشتووەتە دەرەوە. کاتێك زانی، شێت بوو. ڕایکردە دەرەوە و لە شەقامەکەدا بە دوایدا گەڕا. نەیتوانی بیدۆزێتەوە. ڕۆیشت بۆ ماڵە دراوسێکەیان و تەقەی لە پەنجەرەکەیان دا. خانووەکانیان وەك یەك بوون، لەوانەیە یوجین لێی تێك چووبێت و ڕۆشتبێت بۆ ئەوێ؟ ڕایکرد بۆ لای دەرگاکە و زەنگەکەی لێ دا تاوەکوو کەسێك وەڵامی دایەوە. یوجین لەوێ نەبوو. بەخێرایی گەڕایەوە بۆ شەقامەکە، هەموو باڵەخانەکە گەڕا، بە دەنگی بەرز بانگی یوجینی دەکرد و دەگریا. چی دەبێت ئەی ئەگەر ئەو ڕۆشتبێتە سەر ڕێگای هاتوچۆ؟ ئەو چۆن بە خەڵك بڵێت کە لە کوێ دەژی؟بۆ ماوەی ١٥ خوولەك

لە دەرەوە هەر شوێنێک بە خەیاڵیدا هات بەدوایدا گەڕا بەڵام نەیدۆزییەوە. ڕایکردەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات.

کاتێک بیڤێرلی لە دەرگاکەوە خۆی کرد بە ژوورا، یوجینی بینی لە ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوو لەبەردەم تەلەڤزیۆنەکە تەماشای کەناڵی هیستری دەکرد. فرمێسکەکانی بیڤێرلی یوجینیان شڵەژاند. یوجین وتی، ئەوەی لەبیر نییە کە ماڵەوەی بەجێهێشتووە و ناشزانێ لە کوێ بووە و لەوەیش تێناگات بیڤێرلی بۆ نیگەرانە. دواتر بیڤێرلی کۆمەڵێک بەری دارسنۆبەری بینی لەسەر مێزەکە دانرابوون، وەک ئەوانەی کە لە حەوشەی ماڵە دراوسێکەیانەوە کەوتبوونە سەر شەقامەکە. لە یوجین نزیک بوویەوە و تەماشای دەستەکانی کرد بینی شیلەی دار بەدەستیەوە نووساوە. ئەوە ئەو کاتە بوو بیڤێرلی تێگەیشت کە یوجین ڕۆشتووە بۆ پیاسەکردن بە تەنیا.

دوای ماوەیەکی زۆر کەم یوجین هەموو بەیانییەک دەڕۆشت بۆ پیاسەکردن، بیڤێرلی هەوڵی دا نەهێڵێت بڕوات بەڵام نەیتوانی.

بیڤێرلی پێی وتم، "تەنانەت ئەگەر پێشم بوتایە لە ماڵەوە بمێنەرەوە چەند خولەکێک دوای ئەوە لەبیری دەچوویەوە." "چەند جارێک بەدوایدا ڕۆشتم بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابم کە ڕێگەی ماڵەوە ون ناکات، بەڵام ئەو هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە." هەندێک جار بەری دارسنۆبەر و بەردی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە. جارێکیان جزدانێکی لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە، جارێکی تریان سەگێکی بچووک. هەرگیزیش لەبیری نەدەما کە ئەو شتانەی لە کوێ هێناوە.

کاتێک سکوایەر و یارمەتیدەرەکانی زانییان کە یوجین دەڕوا بۆ پیاسەکردن گومانیان کرد شتێک لە مێشکی یوجیندا ڕوودەدا کە هیچ پەیوەندی بە یادەوەریی بەئاگایەوە نییە. ئەوان نەخشەی تاقیکردنەوەیەکیان کێشا. ڕۆژێکیان یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی سکوایەر سەردانی ماڵی یوجینی کرد، داوای لە یوجین کرد نەخشەی ئەو باڵەخانەیە بکێشێت کە تێیدا دەژی، نەیتوانی بیکێشێت. دواتر لێی پرسی ماڵتان لە کوێیە. کەمێک هێڵی کێشا و دواتریش لەبیری کرد کە پرسیاری چی لێ کراوە. یارمەتیدەرەکە داوای لێ کرد ئەو دەرگایە دەستنیشان بکات کە دەڕوات بۆ

چێشتخانەکە. یوجین تەماشایەکی ژورەکەی کرد و وتی نازانێت کامەیە. پرسیاری لێ کرد چی دەکەیت ئەگەر برسیت بێت. یوجین هەستا و ڕۆشت بۆ چێشتخانەکە و کەوانتەرەکەی کردەوە و قوتوی گوێزەگەی داگرت.

پاشان هەر ئەو هەفتەیە، سەردانکەرێك چوو بۆ لای یوجین لە کاتی پیاسەکردنی ڕۆژانەیدا. ئەوان بۆ ماوەی ١٥ خولەك پێکەوە پیاسەیان کرد لە کەشوهەوایەکی سازگاری بەهاردا کە بۆنی گوڵە بەهارییەکانی وەك گوڵی جەهەنەمی ئەو ناوەی داگیر کردبوو لە باشووری کالیفۆرنیا. یوجین زۆر قسەی نەکرد، بەڵام لە ڕێگەکەدا ڕابەری دەکرد، وا دیابوو دەیزانی بۆ کوێ دەڕوات، هەرگیز هیچ پرسیارێکی نەکرد دەربارەی ڕێگەکە. کاتێك لە سەرسوچی ئەو کۆڵانەی کە نزیكماڵیان بوو سوڕانەوە، سەردانکەرەکە پرسیاری لە یوجین کرد ماڵتان لە کوێیە؟ یوجین وتی، "بەتەواوی نازانم." پاشان هەنگاوی نایە سەر شوستەی ماڵەکەی خۆیان و دەرگاکەی کردەوە و ڕۆشت بۆ ژووری دانیشتنەکە و تەلەڤیزیۆنەکەی کردەوە.

سکوایەر لەلای ڕوون بوو نەخۆشەکەی زانیاریی نوێ وەردەگرێت. بەڵام نەیدەزانی لە چ شوێنێکی مێشکیدا ئەم زانیارییانە جێگیر دەکات. کەسێك چۆن دەتوانێ قوتوویەکی پڕ لە گوێز بدۆزێتەوە لە کاتێکدا کە نەزانێت چێشتخانەکە لە کوێدایە؟ یان چۆن دەتوانێت ڕێگای ماڵەوە بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا نازانێت کامە ماڵی ئەوە؟ پرسیارەکەی سکوایەر ئەوە بوو چۆن شێوازە نوێیەکان لە مێشکە تێکچووەکەی یوجیندا دروست دەبن؟

## دووەم

لەناو ئەو بینایی کە شوێنی بەشی زانستی مێشك و ناسیاری(زەین) بوو لە پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماساچیوستس تاقیگەی لێی بوو کە بۆ چاودێرێکی ئاسایی ئەو تاقیگانە لە هۆڵی نەشتەرگەریی یاریی منداڵان دەچوو. لەناو تاقیگەکاندا، چەقۆی باریکی توێکاری، دریڵی بچووك و مشاری زۆر بچووك کە پانییەکەی کەمتر بوو لە نیو سانتیمەتر و بە دەسکێکی ڕۆبۆتییەوە لکێنرا بوون

ـــەبوو. تەنانـــەت مێـزی نەشـــتەرگەرییەکانیش بچـــووك بـــوون. وەك ئـــەوەی بـۆ نەشتەرگەریی قەبارەی منداڵان ئامادە کرابێت. پلەی گـەرمی ژوورەکان هەمیشە لە ١٥پلەی سیلیزیدا دەهێڵرایـەوە، چونکە ئـەو ساردییە دەبوویـە هـۆی جێگیرکردنی هاوسـەنگیی دەسـتی توێـژەرەکان لـە کـاتی نەشـتەرگەریدا. لـەناو ئـەم تاقیگانـەدا پزیشکە دەمارییەکان کەوتبوونـە سـەروکەلەی جرجـە بێهۆشـکراوەکان، هەستەوەری زۆر بچووکیان لە مێشکی جرجەکاندا دەچاند کە بچووکترین گۆڕانکاری لە مێشکیاندا تۆمـار دەکـرد. کاتێك جرجـەکان بـەئاگا دەهاتنـەوە وا دیـاربوو بەئەسـتەم هەستیان دەکـرد کـە کۆمەڵـە وایـەرێکی مـایکرۆفۆن وەك تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەی دەمـاری لـە مێشکیاندایە.

ئەم تاقیگانە بوونە چەق بۆ شۆڕشێکی بێدەنگ لـە زانستی دروستبوونی خوودا، هەروەها تاقیکردنەوەکان ئێستا ئەوە ڕوون دەکەنەوە چۆن یوجین_ هـەروەها تۆ و من و هەموو کەس پەرە بە ڕەفتارەکانمان دەدەین لە هەر ڕۆژێکدا. جرجـەکانی ئـەم تاقیگە ئەو ئاڵۆزییانەیان ڕوون کردەوە کە لە مێشکی ئێمەدا ڕوودەدەن، لە هـەر کاتێکدا ئێمە کارێکی وەك ددانشۆردن، یان بردنەژوورەوەی ئۆتۆمبێلەکەمان بۆ گـەراجەکە بەئەنجام دەگەیـەنن. هـەروەها سکوایەر پێیوابوو ئـەم تاقیگانـە یارمـەتیی ڕوونبوونـەوەی ئەوە دەدەن چۆن یوجین خووی نوێ فێر دەبێت.

کاتێـك توێـژەرەکانی پـەیمانگای تەنکـەلۆجیای ماساچیوسـتس دەسـتیان بـە کـارکردن کـرد لەسـەر خـوو لـە سـاڵی ١٩٩٠_ بەنزیکـەی هـەمان ئـەو کاتـەبوو یوجین پاولی تێیدا نەخۆش کـەوت و پلـەی گـەرمیی لەشی بـەرز بوویـەوە_ توێـژەرەکان زۆر پەرۆش بوون دەربارەی گرێ خانەیەك کە بە بنچینە گرێ ناسرابوو. ئەگـەر وا دابنێیت مێشکی مـرۆڤ پیازێکـە، پێك دێـت لـە چینەخانەی لەسـەریەك ڕیزکـراو، ئینجا چینە خانەی دەرەوە ئەوەی لە پێستی سەرەوە نزیکە_ئەو چینەخانانە بە گشتی تازەترینن ئەگەر لە ڕووی گەشەسەندنەوە تەماشای بکەین. کاتێك بیر لـە داهێنانێك دەکەیتەوە یان بە نوکتەی هاوڕێکەت پێ دەکەنیت ئەوە بەشی دەرەوەی مێشکت کاردەکات. ئەو شوێنەیە کە ئاڵۆزترین بیرکردنەوەکان تێیدا ڕوودەدەن.

خانەکانی بەشی ناوەوی مێشك نزیك لاکێشە مۆخ مێشك_لەو جێگەیەی مێشك بە دڕکەپەتك دەگات_کۆنترن و پێکهاتەیەکی سەرەتاییبان هەیە. ئەم خانانە جڵەوی ڕەفتارە خۆڕسکەکانمان دەکەن، وەك هەناسەدان و قوتدان، یان کاردانەی ترسان کە هەستی پێ دەکەین کاتێك کەسێك کتوپڕ یەتە بەردەممان. بە ئاڕاستەی ناوەوەی کەلەی سەر گرێ شانەیەك بە قەبارەی تۆپی گۆڵف هەیە، کە وەك ئەوەیە لەوانەیە لەناو سەری ماسی و گیانلەبەرە خشۆك یان شیردەرە دەریاییەکان بیدۆزیتەوە. ئەمە بنچینە گرێییە، خانەی هێلکەیین، کە بۆ ساڵانێکی زۆر زاناکان بەتەواوی لێی تێ نەدەگەشتن، جگە لەوەی تەنها گومانیان لەوە هەبوو کە ئەو خانەنانە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەندێك نەخۆشی وەك پەرکەم.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٠، توێژەرەکانی پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماساچیوسیتس، دەیانویست بزانن ئایا بنچینە گرێ پێدەچێت تەواوکەری خوو بێت. ئەوان درکیان بەوە کرد ئەو ئاژەڵانەی بنچینەگرێیان زیانی بەرکەوتووە لە ئیشەکانیاندا کێشەیان بۆ دروست دەبێت، وەك چۆنیەتیی فێربوونی ڕاکردن بە مەتەڵەکەدا، یان چۆنیەتیی کردنەوەی قوتووی خواردنەکە. ئەوان بڕیاریان دا تەکنەلۆجیایەکی بچووك بەکاربهێن کە لە ماوەی یەك خولەکدا وردەکارییەکانیان پێ دەڵێت، چی ڕوویدەدا لەناو مێشکی جرجەکاندا کاتێك ئەوان کارێکی زۆریان بە جرجەکان جێبەجێ دەکرد. لە نەشتەرگەرییەکاندا لە مێشکی هەر جرجێکدا ئامێرێکی زۆر بچووکی هاشێوەی دەسکی پلەیستەیشنیان دادەنا لەگەڵ چەند وایەرێکی زۆر باریك. دواتر جرجەکان لەناو مەتەڵێك لە شێوەی پیتی T ی دانران و چکلێتێکیش لە کۆتایی دانرا.



مەتەڵەکە وەها ڕێك خرابوو کە جرجەکان لە جێگەیەکی جیاکراوە دادەنران، کە کرانەوەی دەرچەی نێوان دوو بەشەکە پەیوەست بوو بە کرتەیەکی دەنگبەرزەوە. لە سەرەتادا کاتێك جرجەکان گوێیان لە دەنگەکە دەبوو، تێبینیی نەمانی بەربەستەکەیشیان دەکرد. وا دیار بوو کە بۆنی چکلێتەکەیان دەکرد و دەستیان دەکرد بە گەڕان بەمسەر و بەوسەری ڕێڕەوە باریکەکەدا، بۆنی گۆشەکانیان دەکرد و دیوارەکانیان دەڕوشاند. پێشبینی دەکرا بۆنی چکلێتەکەیان کردبێت، بەڵام بیرۆکەی چۆنیەتیی دۆزینەوەکەیان نەبوو. کاتێك دەگەیشتە لوتکەی پیتی T ئایەکە زۆر جار دەڕۆیشت بۆ لای ڕاست دوور لە چکلێتەکە، دواتر لای چەپیش دەگەڕا، هەندێك کات بێ هۆکار دەوەستا. لە کۆتاییدا زۆربەی جرجەکان چکلێتەکەیان دەدۆزییەوە. بەڵام شێوازێکی هەستپێکراو بەدینەکرا لە گەڕانەکانیاندا. وا پێدەچوو هەر جرجێك پیاسەیەکی شێنەی بێبیرکردنەوەی چێژبەخشیان ئەنجامدابێت.

هاوکات پشکنەرەکانی ناو مێشکی جرجەکان چیرۆکی جیاوازیان دەگێڕایەوە. ئەو دەمەی کە جرجەکان بە مەتەڵەکەدا گوزەریان دەکرد، مێشکیان و بە تایبەتیش بنچینەگرێیان چالاکانە کاری دەکرد. هەرکاتێك جرجەکان بۆنی هەواکەیان بکردایە یان خۆیانڕوشاندایە مێشکیان پڕ لە چالاکی دەبوو، وەك ئەوەی شیکاری بۆ هەر بۆنێکی نوێ یان دیمەنێکی نوێ یان دەنگێکی نوێ بکات. لە تەواوی گەڕانەکانیاندا جرجەکان سەرقاڵی ڕێکخستنی زانیاری بوون.

زاناکان تاقیکردنەوەکەیان دووبارە و دووبارە کردەوە، تەماشایان کرد چۆن چالاکی هەر جرجێك دەگۆڕێت کاتێك سەدان جار بە هەمان ڕێگەدا تێدەپەڕین. زنجیرەیە گۆڕانکاری بەهێواشی دەرکەوتن. جرجەکان وازیان هێنا لە بۆنکردن گۆشەکان و ڕۆشتن بە لایەکی هەڵەدا. لەباتیی ئەوە زۆر بەخێرایی بە مەتەڵەکەدا گوزەریان دەکرد. هەروەها لە مێشکیاندا شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا. هەموو جرجەکان فێربوون چۆن بە مەتەڵەکەدا بڕۆن، واتا چالاکیی مێشکیان کەمبوویەوە. تاوەکوو ڕێگەکە زیاتر و زیاتر دووبارە بووایەتەوە، هەر جرجێك کەمتر و کەمتر بیری دەکردەوە.

وا دیاربوو کە یەکەم جار جرجەکان بە مەتەڵەکەدا تێپەڕین، مێشکیان دەبوو بە هەموو هێزیان کار بکەن بۆ هەستکردن و زانینی هەموو زانیارییە نوێیەکان. بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك لە ڕۆشتن بە هەمان ڕێگەدا، پێویستی نەدەکرد و جرجەکان خۆیان نەدەخشان بە دیواری مەتەڵەکەدا یان بۆنی هیچ شتێکیان نەدەکرد لە هەوادا، بۆیە چالاکیی مێشکیان پەیوەست بە خۆخشاندن و بۆنکردن کۆتاییی پێ هات. پێویستیش نەبوو ئاراستەی پێچکردنەوەکەیان هەڵبژێرن، بۆیە ناوەندی بڕیاردان لە مێشکیاندا کپ بوو. هەموو ئەوەی پێویستی بوو وەبیرهێنانەوەی خێراترین ڕێگە بوو بۆ گەیشتن بە چکلێتەکە. لە ماوەی یەك هەفتەدا، تەنانەت بەشەکانی مێشکیان پەیوەندیدار بە یادگەوە چالاکییان کۆتایی پێ هات. جرجەکان خۆڕسکانە دەیانزانی چۆن بەوپەڕی خێرایی بەناو مەتەڵەکەدا تێپەڕ بن بە چەشنێك کە بەدەگمەن پێویستیان بەوە بوو بیربکەنەوە.

بەڵام ئەو کردارە خۆڕسکانە_ڕاکردن بۆ پێشەوە، ڕۆیشتن بۆ لای چەپ و خواردنی چکلێتەکە_پشکنەرەکانی مێشکیان دەریان خستووە بنچینەگریّ بە ئەنجامی دەگەیەنێت. ئەم پێکهاتە دەمارییە دێرینە بچووکە وا دیارە جڵەوی کارەکە دەکات، کاتێك جرجەکان خێراتر و خێراتر بە مەتەڵەکەدا گوزەریان دەکرد و کارەکانی مێشکیان کەمتر و کەمتر دەبنەوە. بنچینەگریّ ناوەندی سەرەکییە بۆ وەبیرخستنەوەی شێوازەکان و کار لەسەرکردنیان. بە واتایەکی دیکە بنچینەگریّ خووەکان هەڵدەگرێت، تەنانەت لە کاتێکدا هەموو بەشەکانی دیکەی مێشك لە پشوودان.

بۆ بینینی ئەم توانایە بە کردار، لەم هێڵکارییە وردبەرەوە، کە چالاکییەکانی ناو مێشکی جرجەکە نیشان دەدات کاتێک بۆ یەکەم جارە بە مەتەڵەکەدا تێدەپەڕێت. سەرەتا مێشک بەسەختی کار دەکات تەواوی کاتەکە:




پاش هەفتەیەک، کاتێک ڕێگەکە ئاشنابوو بۆی و ڕاکردنەکە بوو بە خوو، مێشکی جرجەکان لە بارێکی جێگیردا بوون کاتێک بە مەتەڵەکەدا گوزەریان دەکرد:



ئەم ڕەوتە_ کە مێشک زنجیرە کارێکی تێدا دەگۆڕێت بە ڕۆتینێکی خۆڕسک بە"لێکدان" ناسراوە، کە ئەوەش بنچینەی چۆنیەتیی دروستبوونی خووە. دەیان ڕەفتاری لێکدراو هەیە_ئەگەر سەدانیش نەبێت_کە ئێمە پشتیان پێ دەبەستین ڕۆژانە. هەندێک لەوانە سادەن: بۆ نموونە تۆ بە شێوەیەکی خۆڕسکانە هەویری ددانشۆردنەکە دەخەیتە سەر فڵچەی ددانشۆردنەکە پێش ئەوەی بیدەیت لە ددانت. هەندێکیشیان کەمێک ئاڵۆزترن، وەک لەبەرکردنی جلوبەرگ یان ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆی منداڵەکان.

هەندێک لە کارەکان زۆر ئاڵۆزن، بە چەشنێک کە جێگەی تێڕامانە چۆن کۆمەڵە شانەیەکی تەمەن ملیۆنەها ساڵ توانای گۆڕینیانی هەیە بۆ خوو. کرداری بردنە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەت لە گەراجەکە بە نموونە وەربگرە. کاتێک بۆ یەکەم جار فێر بوویت ئۆتۆمبیل لێ بخوڕیت، کرداری بردنەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەت لە گەراجەکە پێویستی بە بڕێکی گەورە لە سەرنجدان هەبوو، کە ئەوەش هۆکاری خۆی هەبوو: ئەوە کردنەوەی دەرگای گەراجەکە، کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت، ڕێکخستنی جێگاکەت، پێوەکردنی سویچەکە بە شوێنی سلفلێداندا و بادانی بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر، جوڵاندنی ئاوێنەی ناوەڕاست و ئاوێنەکانی لاتەنیشتەکان، گەڕان بۆ هەر بەربەستێک، دانانی قاچت لەسەر برێک، گۆڕینی گێڕەکە بۆ بەگ، لابردنی قاچت لەسەر برێک، ژیرانە مەزەندەکردنی دووریی نێوان گەراجەکە و شەقامەکە، هێشتنەوەی تەگەرەکان بە ڕێکی و چاودێریکردی شەقامەکە لە ئەگەری هاتنی هەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەدا، مەزەندەکردنی وێنەکانی ناو ئاوێنەکەت تا بتزانایە چەند ڕەنگدانەوەی دووریی ڕاستەقینەی نێوان دەعامیە و سەتڵەخۆڵەکانی گەراجەکە و پەرژینەکەیە، بەهێواش پێ لەسەردانانی بەنزین و برێکی لەخۆ دەگرت.

هەرچەندە ئێستا، بەبێ بیرکردنەوە هەموو ئە کارانە دەکەیت کاتێک کە ئۆتۆمبێلەکەت دەبەیتە دەرەوە، ڕۆتینەکە بەهۆی خووەوە ڕوودەدات.

ملیۆنان خەڵک ئەم کارە ئاڵۆزە جێبەجێ دەکەن هەموو بەیانییەک، بەبێ بیرکردنەوە، چونکە هەر ئەو کاتەی سویچی ئۆتۆمبێلەکەمان دەرهێنا، بنچینەگرێمان

دەست بەکار دەبێت، ئەو خووە دەناسێتەوە کە پێشتر لە مێشکماندا هەڵمان گرتووە پەیوەست بە بردنەدەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەمان بۆ سەر شەقامەکە. کاتێک ئەو خووە دەردەکەوێت مێشکمان ئازاد دەبێت لەوەی بەهێمنی بمێنێتەوە یان سەرقاڵی بیرکردنەوە بێت لە شتێکی دیکە، لەبەرئەوەیە ئەوەندە توانای عەقڵیمان هەیە کە درک بەوە بکەین جیمی سندوقی نانی نیوەڕۆی نەهێناوەتە ناو ئۆتۆمبێلەکەو لە ژوورەوە بەجێ هێشتووە.

زاناکان دەڵێن، هۆکاری دروستبوونی خووەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مێشکمان بەردەوام لە گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاگەلێک بۆ ئەوەی کەمتر ماندووببێت. مێشک بە بڕیاری خۆی هەوڵدەدات زۆربەی ڕۆتینەکان بگۆڕێن بە خوو، چونکە خووەکان ڕێ بە مێشک دەدەن زیاتر پشووبدات. ئەم غەریزەی پاشەکەوتکردنی وزەیە زۆر بەسوودە. مێشکی چوست پێوستی بە بۆشاییەکی کەمتر هەیە، لەبەرئەوەیشە ی قەبارەی سەر بچووکترە، کە ئەوەیش کرداری لەدایکبوونی ساناتر دەکات، لە دەرەنجامیشدا ڕێژەی گیانلەدەستدانی کۆرپەلە و دایک کەمتر دەبێتەوە. مێشکی چوست ڕێنوێنیمان دەکات کە بەردەوام پێویستمان بە بیرکردنەوەی بەردەوام نەبێت لە کردارە بنەچینەییەکانی وەک ڕۆشتن و هەڵبژاردنی جۆری خواردەمەنی، کە بەوەش دەتوانین وەزی هزریمان تەرخان بکەین بۆ دروستکردونی ڕم، سیستەمەکانی ڕاکێشانی ئاو وە لەم دواییانەشدا فڕۆکە و ڤیدیۆگەیم.

بەڵام بارێزگاریکردن لە وزەی هزریمان ئەوەندە کارێکی سانا نییە، چونکە ئەگەر مێشکمان لە کاتێکی نەگونجاودا خامۆش بوو، ئەوا لەوانەیە تێبینیی شتگەلێک کە شایەنی گرنگیپێدانە نەکەین، وەک ئەوەی کتوپڕ ئاژەڵێک کە لەناو لقەکاندا خۆی شاردووەتەوە یان ئۆتۆمبێلێکی خێرا بێتە سەر شەقامەکە لەو کاتەی کە ئۆتۆمبێلەکەت دەبێتە دەرەوە. بۆیە بنچینەگرێمان سیستەمێکی بە چەشنێك زیرەکانەی داهێناوە کە توانای دیاریکردنی کاتی گرتنەدەستی کاروبارەکانی هەبێت لەلایەن خووەکانەوە. ئەوە کردارێکە لە کاتی کۆتاییهاتن یان دەستپێکی کارێکی لێکدراودا ڕوودەدات.

بۆ زانینی چۆنیەتیی کارکردنی، بەوردی تەماشای هێڵکاریی دەماری خووی جرجەکە بکەرەوە. تێبینیی ئەوە بکە لە سەرەتای مەتەڵەکەدا ئەو کاتەی جرجەکە گوێی لە کرتەکە دەبێت و لە کۆتاییدا کە چکلێتەکە دەدۆزێتەوە چالاکیی مێشکی مشکەکە لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت.




ئەم هەڵچوونانە ئەو کاتە نیشان دەدات، کە مێشک تێیدا کۆنترۆڵ دەداتە دەست خووەکان و خووی شیاو هەڵدەبژێرێت بۆ دۆخەکە. بۆ نموونە، ئەوە کارێکی سەختە بۆ جرجێک بزانێت لەنێو مەتەڵێکدایە کە پێی ئاشنایە یان لەناو تاکی کەوانتەرێکدایە و پێی ئاشنا نییە و لە دەرەوە پشیلەیەک خۆی بۆ خواردنی مەڵاس داوە. مێشک بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ئەم نادڵنیاییەدا، لە سەرەتای هەر خوویەک هەوڵێکی زۆر دەخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی شتێک (ئاماژەیەک) کە بیرخستنەوەیەک بخاتە ڕوو سەبارەت بە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی شێوازێک. لە پشت بەشە جیاکراوەکەوە، ئەگەر جرجەکە گوێبیستی کرتەکە بوایە، بۆی دەردەکەوت خووی مەتەڵەکە بەکار بهێنێت. بەڵام گەر گوێبیستی میاو ببێت، ئەوا شێوازێکی جیاواز بەکار دەهێنێت. لە کۆتاییی چالاکییەکەیشدا کاتێک جرجەکە پاداشتەکە وەردەگرێت مێشکی جرجەکە بەئاگا دێتەوە و لەوە دڵنیا دەبێت کە هەموو شتێک وەک ئەوەی پێشبینیکردووە هاتووەتە دی.

ئەم ڕەوتە لە مێشکماندا ئەڵقەیەکی سێ هەنگاوییە. سەرەتا ئاماژە هەیە، کە پاڵنەرێکە مێشکمان ئاگادار دەکاتەوە بۆ چوونە ناو بارێکی خۆڕسکانە. دواتر ڕۆتین هەیە، کە دەشێت ڕۆتینێکی جەستەیی یان دەروونی یان سۆزداری بێت. لە کۆتاییدا، پاداشت هەیە، کە یارمەتیی مێشکمان دەدات بۆ زانینی ئەوەی ئایا ئەم ئەڵقەیە شایستەی بیرهاتنەوەیە لە داهاتوودا:




ئەڵقەی خوو

بە تێپەڕبوونی کات، ئەم ئەڵقەی ئاماژە، ڕۆتین، پاداشتە زیاتر و زیاتر خۆڕسک دەبێت. ئاماژە و پاداشتەکە لەیەک دەئاڵێن تا هەستێکی بەهێزی چاوەڕوانکردن و ئامەزرۆیی دەردەکەوێت. لە کۆتاییدا خووەکە لە دایک دەبێت لە تاقیگەیەکی ساردی پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماساچیوتس یاخود لە گەراجی ماڵەکەت.

خووەکان هەمیشەیی نین. وەک دوو بەشی دواتر ڕوونی دەکەنەوە، خووەکان دەکرێت فەرامۆش بکرێن، یان بگۆڕدرێن. بەڵام هۆکاری ئەوەی دۆزینەوەی ئەڵقەی خوو زۆر گرنگە ئەوەیە ڕاستییەکی بنەڕەتی ئاشکرا دەکات: کاتێک خوویەک دروست دەبێت، مێشک دەوەستێت لە بەشداریکردنی تەواوەتی لە بڕیاردانەدا. مێشک دەوەستێت لە کارکردن بەو سەختییەی جاران یان سەرنج دەخاتە سەر ئەرکەکانی دیکە. بۆیە گەر تۆ بەمەبەست لەگەڵ خوویەکدا نەجەنگێیت (واتا گەر ڕۆتینێکی نوێ نەدۆزیتەوە) ئەوا شێوازەکە خۆی خۆکارانە دەردەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا، تێگەیشتنێکی سادە لە چۆنیەتیی کارکردنی خووەکان_فێربوونی پێکهاتنی ئەڵقەی خوو جڵەوگیرکردنیان ئاسانتر دەکات. کاتێک

خوویەکت دابەش کرد بۆ بەشە بنچینەییەکانی، دەتوانیت جڵەوگیرکردنی بخەیتە دەستی خۆت.

ئان گرەیبیەڵ کە زانایەك بوو لە پەیمانگایی تەکنەلۆجیای ماساچیوتس و چاودێریی تاقیکردنەوەیەکی زۆری بنچینەگرێی کردبوو پێی وتم، "ئێمە تاقیکردنەوەمان کرد، ڕاهێنانمان بە جرجەکان کرد بۆ ڕاکردن بەناو مەتەڵکەدا تا ئەو کاتەی ئەوە بوو بە خوو، دواتر خووەکەمان خامۆش کرد بە گۆڕینی شوێنی چکلێتەکە." "دواتر ڕۆژێك، چکلێتەکەمان لە جێگەی خۆی دانایەوە و، مشکەکەمان خستەوە ناو مەتەڵەکە، خووە کۆنەکە دەرکەوتەوە. خووەکان هەرگیز بەڕاستی لەناو ناچن. ئەوانە لەناو پێکهاتەکانی مێشکدا بە هێمای دەکرێن، کە ئەوەیش سوودێکی گەورەی بۆ ئێمە هەیە، چونکە ئەوە زۆر خراپ دەبوو ئەگەر ئێمە لەدوای پشووەکان پێویست بووایە چۆنیەتیی شوفێریکردن فێربووینایەتەوە. کێشەکە ئەوەیە مێشکت لە توانایدا نییە جیاوازی نیوان خووی باش و خووی خراپ بلێت، جابۆیە کاتێك خوویەکی خراپت دروست کردووە، هەمیشە لەوێ لە ئامادەباشیدایە، چاوەڕێی ئاماژە و پاداشتە دروستەکە دەکات."

بۆ نموونە، ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی هێندە قورسە خووی ڕاهێنانکردن دروست بکەی، یان ئەو شتانە بگۆڕیت کە دەیانخۆیت. ئەو کاتەی دانیشتن لەسەر قەنەفە لەباتیی ڕاکردن یان خواردنی سوکەژەمێك هەرجارێك کە بەلای سندووقە چۆرەکەدا دەڕۆین دەبێن بە رۆتین لەلامان ئەو شێوازە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. هەرچەندە بە هەمان یاسا گەر ئێمە ڕۆتینێکی دەماری دروست بکەین کە زاڵ ببێت بەسەر ئەو ڕەفتارانەدا_گەر کۆنترۆڵی ئەڵقەی خوو بکەین_ئەوا لە توانامان‌دا دەبێت دەست بەسەر ئارەزووە خراپەکانماندا بگرین و فەرامۆشیان بکەین هەروەك چۆن لیسا ئالین ئەو کارەی کرد دوای گەشتەکەی قاهیرە. توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کاتێك کەسێك شێوازێکی نوێ دروست دەکات بۆ ڕۆیشتن بۆ ڕاکردن یان فەرامۆشکردنی خواردنی چۆرەکان وەك خووەکانی دیکەی ڕۆژانە دەبێتە خۆڕسك.

بەبێ ئەڵقەی خووەکان مێشکمان لەکار دەکەوێت، نقووم دەبێت لەنێو وردەکارییە وردودرشتەکانی ژیانی ڕۆژانە. ئەو کەسانەی بنچینەگرێیان لەناو چووە بە هۆی برینداربوون یان نەخۆشییەوە زۆر جار لە ڕووی هزرییەوە ئیفلیج دەبن. ئەوان کێشەیان هەیە لە جێبەجێکردنی کارە سەرەتاییەکانی وەک، کردنەوەی دەرگا، بڕیاردان بۆ ئەوەی کە چی بخۆن. ئەوان توانای پشتگوێخستنی وردەکارییە بێبایەخەکان لەدەست دەدەن_بۆ نموونە، توێژینەوەیەک ئەوەی دەرخستووە ئەو نەخۆشانەی بنچینەگرێیان زیانی بەر کەوتووە ناتوانن دەربڕینەکانی دەموچاو بناسنەوە، کە ترس و قێزلێکردنەوە لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی هەمیشەیی نادڵنیان دەربارەی ئەوەی تەرکیز بخەنە سەر کام بەشەی دەموچاو. بەبێ بنچینەگرێ، ئێمە جڵەوگیرکردنی هەزاران خوو لەدەست دەدەین کە ڕۆژانە پشتیان پێ دەبەستین. ئایا ئەم بەیانییە ڕاوەستایت بۆ بەستنی قەیتانی پێڵاوی چەپت یان ڕاستت؟ ئایا کێشەت بۆ دروست بوو لە گەیشتن بە دەرەنجامێک لەوەی دەبێت پێش یان پاش خۆشۆردن ددانت بشۆیت؟ بێگوومان نەخێر. ئەم بڕیارانە ئاسایی و ئاسانن. تا ئەو دەمەی بنچینەگرێت ساغ و سەلامەت بێت و پاڵنەرەکان بە نەگۆڕی بمێننەوە، ڕەفتارەکان بەبێ بیرکردنەوە ڕوودەدەن. (هەرچەندە کاتێک دەچیت بۆ گەشت، لەوانەیە بە شێوەیەکی جیاواز خۆت بگۆڕیت یان بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕۆتینی ئاساییی ڕۆژانە ددانەکانت بشۆریت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت.)

لە هەمان کاتدا، پشت بەستنی مێشک بە ڕۆتینێکی خۆڕسکانە دەکرێت مەترسیدار بێت. خووەکان زۆر جار بە ئەندازەی سوود زیانیشیان هەیە.

بۆ نموونە یوجین. خووەکان ژیانیان بۆ گەڕاندەوە لە پاش ئەوە یادەوەری لەدەست دا. دواتر هەر خووەکانی دووبارە هەموو شتێکیان لە ئەو وەرگرت.

## سێیەم

کاتێک لاری سکوایەر پسپۆڕی یادگە کاتی زیاتر و زیاتری لەگەڵ یوجیندا بەسەربرد، بەوە قایلبووبوو کە نەخۆشەکەی بە شێوەیەک فێری ڕەفتاری نوێ بووە.

وێنەکانی مێشکی یوجین ئەوەیان دەرخستبوو، نەخۆشیی هەوکردنی مێشکی زیانی بە خانەکانی بنچینەگرێی نەگەیاندووە. ئەوەی پزیشکەکان دەیانویست بزانن ئەوە بوو کە یوجین تەنانەت لەگەڵ ئەو زەبرە توندەی بەر مێشکی کەوتبوو، هێشتا دەتوانێت ئەڵقەی ئاماژە، ڕۆتین، پاداشت بەکار بهێنێت؟ ئایە ئەو ڕەوتە کۆنە دەمارییە دەتوانێت ئەوە ڕوون بکاتەوە چۆن یوجین دەتوانێت بە چواردەوری باڵەخانەکەیاندا پیاسە بکات و قوتووی گوێزەکە بدۆزێتەوە لە چێشتخانەکەدا؟

بۆ تاقیکردنەوەی ئەگەرەکانی پەرەسەندنی خووی نوێ لە یوجیندا، سکوایەر تاقیکردنەوەیەکی ڕێک خست. ١٦ کەرەستەی جیاوازی هێنا، کە پێک هاتبوون لە پارچە پلاستیکی بچووک و یاریی ڕەنگاوڕەنگی بریقەدار_ هەموویانی لکاند بە پارچە کارتۆنی لاکێشەییەوە. دواتر بۆ هەشت جوت دابەشی کردن: هەڵبژاردەی A و هەڵبژاردەی B. لە هەر بەشێکیاندا، لە نێوان جووتەکانی A و Bیدا لەسەر یەکێکیان پشتەوەی کارتۆنەکە لەبەش خوارەوەی نووسرابوو، "ئەمە بژاردەیەکی دروستە."

یوجینی لەلای مێزەکە دانیشاند، دوو بژاردەی خستە بەردەمی وتی یەکێکیان هەڵبژێرە، دواتر وتی ئەو کارتەی هەڵتبژاردوە هەڵگێرەرەوە تابزانین لەژێریدا نووسراوە، "ئەمە بژاردەیەکی دروستە." ئەمە ڕێگەیەکی باوە بۆ پێوانی یادگە. لەبەرئەوەی تەنیا ١٦ کەرەستەیە و بە هەمان شێوە لە هەشت جووتەکەدا دادەنرێنەوە، زۆربەی خەڵک لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو بژاردە دروستەکان لەبەردەکات دوای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە بۆ چەند جارێک. مەیمون دەتوانێت هەموو بژاردە دروستەکان لەبەربکات دوای ١٠ ڕۆژ.

یوجین نەیدەتوانی هیچکام لە بژاردە دروستەکانی لەبیر بێت، گرنگ نەبوو چەند جار ئەو تاقیکردنەوەی دەکرد. ئەو تاقیکردنەوەکەی لە هەفتەیەکدا دووجار ئەنجام دەدا بۆ ماوەی چەند مانگێک. هەموو ڕۆژێک تەماشای ٤٠ جووتەکەی دەکرد.

یەکێک لە توێژەرەکان لەسەرەتای چاوپێکەوتنێکیاندا دوای چەند هەفتەیەک لە کردنی تاقیکردنەوەکە لێی پرسی،" دەزانیت ئەمڕۆ بۆ لێرەیت؟"

یوجین وتی،"نا، پێم وانییە."

دەزانی بۆ؟"

"من کەرەستەکان نیشانی تۆ دەدەم، پێت بڵێم بۆچی بەکاردێن؟" یوجین

"پێویستە من پێناسەی ئەوان بکەم بۆت یان،

چاوپێکەوتنەکانی پێشتری بەتەواوی لەبیر چووبوویەوە.

بەڵام بە تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک، جێبەجێکردنەکەی یوجین باشتر بوو. لە دوای ٢٨ ڕۆژ لە ڕاهێنان، یوجین لە ٨٥٪ی کاتەکان بژاردە دروستەکەی هەڵدەبژارد. لە سی و حەوتەمین ڕۆژدا لە ٩٥٪ کاتەکان بژاردە دروستەکەی هەڵدەبژارد. لەدوای یەکێک لە تاقیکردنەوەکان، یوجین تەماشای توێژەرەکەی کرد و سەرسام بوو بە سەرکەوتنەکەی.

یوجین لە توێژەرەکەی پرسی، "چۆن ئەو کارەم کرد؟"

توێژەرەکە پێی وت، "پێم بڵێ چی دەگوزەرێت لەناو مێشکی تۆدا؟""بە خۆت وت، لەبیرمە ئەوەم بینیوە؟"

یوجین وتی، "نەخێر نەموتووە." ئەو دەستی بۆ سەری ڕاکێشاو وتی بە هەرجۆرێک بێت ئەوە لێرەیە یان لەولاتر، دەستیشم هەڵبژاردنەکانی گرتووەتە دەست."

هەرچەندە بۆ سکوایەر ئەوە مانایەکی تەواوی هەبوو. یوجین دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پاڵنەر: هەر جووتێک لە کارتەکان لە هەمان باردا نیشان دەرێن. ڕۆتین پێک دێت لە: ئەو کارتێک هەڵدەبژێرێت و تەماشای دەکات بزانێت لە پشتەوە نووسراوە، "بژاردەیەکی دروستە،" تەنانەت ئەگەر نەشزانێت بۆ ناچارە ئەو کارتە هەڵگێڕێتەوە. پاداشت پێک دێت لە: لە دڵخۆشبوونی دوای بینینی "بژاردەیەکی دروست" لە دوای کارتەکەوە. لە کۆتاییدا ئەڵقەی خوو دەردەکەوێت:




**ئەڵقەی خووی یوجین**

بۆ دڵنیابوون دەربارەی ئەوەی ئەم شێوازە لە ڕاستیدا خووە، سکوایەر زیاد لە چەند تاقیکردنەوەیەکی کرد. ئەو هەر ١٦ کەرەستەکەی هەڵگرت و لە هەمان کاتدا لەبەردەم یوجیندا داینا. داوای لێ کرد هەموو ئەو کارتانەی کە بژاردەی دروستیان لەسەر نووسراوە لە لایەک کۆ بکاتەوە.

یوجین نەیدەزانی چۆن دەست پێ بکات. کارتێکی هەڵگرت و هەڵی گێڕایەوە. توێژەرەکە ئەوی وەستاند، نابێت، بۆی ڕوون کردەوە بابەتەکە کۆمەڵکردنی کارتی بژاردە دروستەکانە، بۆچی ئەو هەوڵی دا کارتەکە هەڵگێڕێتەوە؟

ئەو وتی، "پێم وایە ئەوە تەنیا خوویەکە."

ئەو نەیتوای ئەوەی لێی داواکرابوو بیکات. کاتێک کارتەکان لە دەرەوەی ئەڵقەی خووی ئەو نیشاندرابوون، هیچ واتایەکی نەبوو بۆی.

ئەمە ئەو سەلماندنە بوو کە سکوایەر بەدوایدا دەگەڕا. تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماند یوجین دەتوانێت پەرە بە خووی نوێ بدات، کاتێک تەنانەت دوای چەند چرکەیەکی کەم کارەکان و بابەتەکانی بیردەچوویەوە. ئەمە ڕوونی کردەوە یوجین چۆن دەتوانێت هەموو بەیانییەک بڕوات بۆ پیاسەکردن. پاڵنەرەکە_ دارێکی دیاریکراو لە سەرسوچەکەدا یان دانانی سندووقێکی پۆستەی تایبەت_ کە هەموو جارێک دەرۆشتە دەرەوە لە شوێنی خۆیدا بوو، ئەو نەیدەتوانی بزانی کەمە ماڵەکەیەتی، خووەکانی هەموو کات ڕێنوێنیی ئەویان دەکرد بۆ دەرگای ماڵەوە. هەروەها ئەوەیشی ڕوون کردەوە یوجین بۆچی لە ڕۆژێکدا سێ بۆ چوار جار نانی بەیانی دەخواردرد،

تەنانەت ئەگەر برسیشی نەبووایە کە پاڵنەریشی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ڕادیۆکە یان ڕووناکیی هەتاو بووە کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە_بە شێوەیەکی خۆڕسکانە شوێن ڕاگەندراوەکەی بنچینەگری دەکەوت.

یوجین لە ژیاندا کۆمەڵە خوویەکی زۆری هەبوو کە کەس درکی پێ نەکردبوون تا ئەو کاتەی دەستیان بە گەڕان کرد بەدوایاندا. بۆ نموونە کچەکەی یووجین هەموو کات سەردانێکی کورتی دەکردن و لە ئەحواڵی دەپرسین. ئەو لە ژووری دانیشتنەکەدا کەمێک لەلای باوکی دادەنیشت و قسەی بۆ دەکرد، دواتر دەڕۆشتە چێشتخانەکە بۆ لای دایکی، دواتریش ماڵئاوایی لێ دەکردن و دەڕۆشت. یوجین گفتوگۆکردنەکەی لەبیر دەچوویەوە، کاتێک کچەکەی دەڕۆشت تووڕە دەبوو، دەیوت بۆچی بێ ئەوەی هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکات ڕۆشت. دواتریش ئەوەی لەبیر دەچوویەوە بۆچی نیگەران بووە. بەڵام خووی سۆزداریش لە یوجیندا دروست بووبوو، بۆیە تووڕەبوونەکەی بەردەوام زیاتر دەبوو. بە دڵگەرمی دەمایەوە ئەگەرچی دۆخەکەیش لەپشت تێگەیشتنی ئەوەوە بوو تاوەکوو لە کۆتاییدا ئارام دەبوویەوە.

بێڤێرلی پێی وتم، "هەندێک کات یوجین بە توندی دەکێشێت بە مێزەکەدا یان، جنێو دەدات، ئەگەر لێیشی بپرسیت بۆچی وا دەکەیت، ئەو دەڵێت 'نازانم، بەڵام ئەوە لەدەستی خۆمدا نییە!'" ئەو لە کورسییەکەی دەدا و، سەرزەنشتی هەر کەسێکی دەکرد کە بهاتایەتە ژوورەکەوە. پاش چەند خولەکێکی کەم زەردەخەنەیەکی دەکرد و دەربارەی کەشوهەوا قسەی دەکرد. بێڤێرلی وتی، "کاتێک ئەوە دەستی پێ دەکرد وا دیارە پێویستە کۆتایی بە نیگەرانییەکەی بهێنێت."

تاقیکردنەوە نوێیەکانی سکوایەر شتێکی دیکەیشی دەرخست: ئەویش ئەوە بوو خووەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەستیارن. ئەگەر پاڵنەرەکانی یوجین کەمێک بگۆڕانایە، خووەکانیشی پوچەڵ دەبوونەوە. چەند جارێکی کەم کە پیاسەی کرد بەدەوری باڵەخانەکەیان شتێک جیاوازبوو، بۆ نموونە شەقامەکانی شارەکە چاک بکرانایەنەوە، یان بای زۆر قایم لقی درەختەکانی بشکاندایەتەوە بەدرێژایی شۆستەکە، یوجین ون دەبوو، گرنگ نەبوو کە چەندە لە ماڵەوە نزیکە، هەتاوەکوو

دراوسێ باشەکەیان دەرگاکەی خۆیانی نیشان دەدا. ئەگەر کچەکەی پێش ١٠ چرکە لە ڕۆشتنی قسەی لەگەڵ بکردایە هەرگیز خووی تووڕەبوونەکەی دەرنەدەکەوت.

تاقیکردنەوەکانی سکوایەر لەگەڵ یوجین شۆڕشی تێگەیشتنی کۆمەڵگای زانستی لە چۆنیەتیی کارکردنی مێشك بەرپا کرد بۆ هەتاهەتایە بە سەلماندنی ئەوەی مێشك دەتوانێت هەڵبژاردنی بێئاگایانە فێربێت و بکات بەبێ لەبیربوونی هیچ شتێك دەربارەی وانەکە یان ڕەوتی بڕیاردانەکە. یوجین ئەوەی نیشاندایین، کە خووەکانمان بە ئەندازەی یادگە و بیرکردنەوەکانمان گرنگن و هۆکاری سەرەکین لە چۆنیەتیی ڕەفتارکردنماندا. لەوانەیە ئەو ئەزموونانەمان لەبیر نەبێت کە خووەکانمان دروست دەکەن، بەڵام کاتێك ئەم خووانە لەناو مێشکماندا جێگیردەبن کاریگەرییان دەبێت لەسەر چۆنیەتیی ڕەفتارکردنمان_زۆر جار بەبێ درکپێکردنی خۆشمان.

●●●

لەو کاتەوەی سکوایەر یەکەم توێژینەوەی دەربارەی خووەکانی یوجین بڵاو کردووەتەوە، زانستی دروستبوونی خوو بووە بە بوارێکی سەرەکیی توێژینەوەکان. توێژەرەکان لە زانکۆی دیوك، زانکۆی هارڤارد، زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری لۆس ئەنجلیس، زانکۆی یالی، زانکۆی باشوری کالیفۆڕنیا، زانکۆی پرینستن، زانکۆی پێنسیلڤینیا، هەروەها لە زانکۆکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و هۆڵندا، لەگەڵ زاناکانی ئەو دامەزراوانەی کە کار بۆ کۆمپانیانی پرۆکتەر ئاند گامبڵ، گووگڵ، مایکرۆسۆفت و هەزاران کۆمپانیای دیکە دەکەن تەرکیزیان خستووەتە سەر تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دەمارناسی و ڕەفتارناسی خووەکان، هەروەها تێگەیشتن لە لایەنە بەهێز و لاوازەکانی خووەکان و تێگەیشتن لەوەی بۆچی خووەکان دروست دەبن و چۆن دەگۆڕێن.

توێژەرەکان لەوە تێگەیشتن ئاماژە دەکرێت بە نزیکی هەرشتێك بێت لەو شتانەی بەرچاومان دەکەوێت وەك چوکلاتەیەك یان، ڕیکلامێکی تەلەڤیزیۆنی بۆ شوێنێك، کاتێك، هەستێك، زنجیرە بیرکردنەوەیەك یان کۆمپانیایەکی دیاریکراو، یان کەسێکی

و بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکرا و ئاڵۆزە و بە شێوەیەکی خەیاڵیش تایبەت. ڕۆتین بە شێوەیەکی سادەیە (هەندێك لە خووەکان، وەك ئەوانەی پەیوەندییان بە هەستەوە هەیە بە میلی چرکە پێوانە دەکرێن). پاداشتەکان دەتوانرێت دیاری بکرێن لە خواردن یان دەرمان کە هەستی ماددی دەبەخشن، دەشکرێت چێژێکی سۆزی بن وەك هەستکردن بە شانازی کاتێك لەلایەن کەسانی دیکەوە ئەو کەسە ستایش دەکرێت یان پێزانینی کەسەکەیە بۆ خودی خۆی.

هەروەها لە زۆربەی تاقیکردنەوەکاندا، توێژەرەکان بیرۆکەی دۆزینەوەکانی سکوایەریان لەگەڵ یوجین دەبینیەوە: خووەکان بەهێزن، بەڵام هەستیارن. خووەکان دەتوانن لە دەرەوەی ئاگاییمانەوە دروست بن، یان دەکرێت بەمەبەست نەخشەیان بۆ دابنرێت. زۆرجار خووەکان بەبێ مۆڵەتپێدانی ئێمە دروست دەبن، بەڵام دەتوانین بیانگۆڕین بە گۆڕینی بەشەکانیان. خووەکان ژیانمان لە قاڵب دەدەن زیاتر لەوەی کە خۆمان درکی پێ دەکەین_ئەوان زۆر بەهێزن، لە ڕاستیدا، دەبنە هۆی ئەوەی مێشکمان گیرۆدەیان بێت بە دوورخستنەوەی هەموو شتێك، کە هەستی باشیش لەخۆ دەگرێت.

بۆ نموونە، لە کۆمەڵە تاقیکردنەوەییەکدا توێژەرەکان بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای نیشتیمانی دژی خراپ بەکارهێنانی کحول و ئالوودەبوون بە کحول ڕاهێنانیان بە کۆمەڵە مشکێك کرد بۆ قاچخستنەسەر دەسکێك لە کاردانەوە بۆ ئاماژەیکی دیاریکراو، تاوەکوو ڕەفتارەکە دەبێت بە خوو. مشکەکان هەمیشە بە خۆراك پاداشت دەکران. دواتر زاناکان یان خۆراکەکانیان ژەهراوی دەکرد، کە بە هۆیەوە مشکەکانی بەخراپی نەخۆش دەکەوتن، یان زەوییەکەیان بارگاوی دەکرد، بۆیە کاتێك مشکەکان بە ئاڕاستەی پاداشتەکەیان دەڕۆشتن تووشی شۆك دەبوون. مشکەکان دەیانزانی خۆراك و قەفەزەکە مەتسیدارە_کاتێك خۆراکی ژەهراوییان پێ دەدرا لە دەفرێکدا، یان دەیانبینی زەویی ڕێگاکە بارگاوی کراوە، دوور دەکەوتنەوە. هەرچەندە کاتێك ئاماژە کۆنەکانیان دەبینی، بەبێ بیرکردنەوە قاچیان بە دەسکەکەدا دەنا و خواردنەکەیان دەخوارد، یان بە ڕێگاکەدا دەڕۆیشتن تەنانەت ئەگەر

بڕشانایەنەوە یان هەڵبەزودابەزیان بکردایە لە ڕێڕەوە بارگاوییەکەدا. خووەکە زۆر چەسپی بوو مشکەکان نەیاندەتوانی خۆیان بوەستێن.

دۆزینەوەی لێکچووی هاوشێوە لە جیهانی مرۆڤەکانیشدا ئەوەندا زەحمەت نییە. بۆ نموونە سەرنجی خواردنی خێرا بدە. ئەوە کارێکی دروستە تەنیا ئەم جارە ڕاوەستیت لە ماکدۆناڵد یان بێرگر کینگ بۆ داواکردنی خواردنی خێرا، کاتێک منداڵەکان زۆر برسییانە و تۆش لەپاش ڕۆژێکی درێژ بە ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر ڕێگای بۆماڵەوە. خواردنەکان هەرزانن. زۆر تامیان خۆشە. لە کۆتاییشدا، خواردنی ژەمێک لە گۆشتی ئامادەکراو و پەتاتەی سورەکراوی سوێر و ساردی ڕێژەیەکی زۆر کەم مەترسیی تەندروستیی هەیە، وایە؟ ئەوە وەك ئەوە نییە کە تۆ هەموو کاتێك ئەو کارە بکەیت.

بەڵام خووەکان بەبێ مۆڵەتپێدانی ئێمە دروست دەبن. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە خێزانەکان زۆرجار نایانەوێت خواردنی خێرا بخۆن بە شێوەیەکی بەردەوام. ئەوەی ڕوودەدات ئەمەیە، داواکردنی خواردنی خێرا یەك جار لە مانگێکدا بەهێواشی دەبێت بە یەك جار لە هەفتەیەکدا، دواتر دەبێت بە دوو جار لە هەفتەیەکدا_لە کاتێکدا ئاماژە و پاداشت ئەڵقەی خوو دروست دەکەن، تا دەگاتە ئەوەی منداڵەکان بڕێکی زۆری هەمبەرگر و پەتاتەی سورەکراوی ناتەندروست بخۆن. کاتێك توێژەرەکان لە زانکۆی نۆرس تێکساسی و زانکۆی یالی هەوڵیاندا لەوە تێ بگەن بۆچی خێزانەکان بەهێواشی بەکارهێنانی خواردنی خێرا زیاد دەکەن، ئەوان زنجیرەیەك ئاماژە و پاداشتیان دۆزییەوە کە زۆرێك لە بەکارهێنەران هەرگیز نەیاندەزانی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکانیان هەبووە. توێژەرەکان ئەڵقەی خوویان دۆزییەوە.

بۆ نموونە، هەموو خواردنگەکانی ماکدۆناڵد هاوشێوەی یەکن_کۆمپانیاکە بەمەبەست هەوڵدەدا بۆ بە ستانداردکردنی شێوەی ئەندازەییی خواردنگەکانیان و ئەوەی کە کارمەندەکانیان بە کڕیاری دەڵێن، بۆیە هەمووشتێك ئاماژەیەکی شیاوە بۆ هاندانی ڕۆتینیی خواردن. خواردنەکان لە هەندێك لە زنجیرە خواردنگەکاندا بەتەواوی

بە هەمان شێوە ئامادە دەکرێن، بۆ بەستهێنانی پاداشتێکی دەستبەجێ. بۆ نموونە، پەتاتە سورەکراوەکان بە شێوەیەک ئامادە کراون کە بتوێنەوە ئەو ساتەی بەر زمانت دەکەون بە مەبەستی ئەوەی بەخێرایی چەوری و خوێکەی هەست پێ بکرێت. بەوەیش چێژوەرگرتنی تۆ دەکات بنچینە بۆ درەوشانەوە و مێشکیشت جێگیر دەکات لەسەر شێوازەکە. ئەوە بۆ بەهێزکردنی ئەڵقەی خووەکە باشترە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم خووانە زۆر هەستیارن. کاتێک خواردنگەیەکی خواردنی خێرا دادەخرێت، ئەو خێزانانەی پێشتر زۆر جار لەوێ نانیان دەخوارد، دەستیان کرد بە خواردنی ژەمی ئێواران لە ماڵەوە، لەباتیی ئەوەی بەدوای شوێنێکی جێگرەوەدا بگەڕێن کە نانی لێ بخۆن. تەنانەت گۆڕانێکی بچووک دەتوانێت شێوازەکە هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام کاتێک ئێمە ئاگاداری گەشەسەندنی ئەم ئەڵقەی خووە نەبین، تواناکانی خۆیشمان نابینین بۆ جڵەوگیرکردنیان. بە فێربوونی لێوردبوونەوە لە ئاماژەکان و پاداشتەکان دەتوانین ڕۆتینەکان بگۆڕین.

## چوارەم

یوجین لە ساڵی ٢٠٠٠، حەوت ساڵ دوای نەخۆشکەوتنی، ژیانی جۆرە هاوسەنگییەکی بە خۆیەوە بینیبوو. هەموو بەیانییەک دەڕۆشت بۆ پیاسەکردن. ئەو شتەی دەخوار کە حەزی لێی بوو، هەندێک جار شەش بۆ حەوت جار لە ڕۆژێکدا. هاوسەرەکەی دەیزانی تاوەکوو ئەو کاتەی تەلەڤیزیۆنەکە لەسەر کەناڵی هیستری بێت یوجین لەسەر قەنەفەکە بەدیاریەوە دادەنیشێت و تەماشای دەکات، بەبێ گرنگیدان بەوەی کە کەناڵەکە پرۆگرامی نوێ پەخش دەکات یاخوود پرۆگرامەکانی پێشتر پەخش دەکاتەوە. ئەو نەیدەتوانی جیاوازی بکات لەنێوانیاندا.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا بە شێوازێکی نەرێنی خووەکانی کاریگەرییان لەسەر ژیانی دروست کرد. ئەو بە دانیشتن ڕاهاتبوو، هەندێک کات بۆماوەی چەند کاتژمێرێک بەبەردەوامی تەماشای تەلەڤیزیۆنی دەکرد، چونکە هەرگیز لە پرۆگرامەکان بێزار نەدەبوو. پزیشکەکان نیگەرانی تەندروستیی دڵی بوون. بۆیە بە بێڤێرلییان وت

پێویستە یوجین پارێز بکات و تەنیا خواردنی تەندروست بخوات. بێڤێرلی هەوڵی دا لەسەر بەرنامەیەکی خۆراکی تەندروست ڕایبهێنێت، بەڵام ئەوە قورس بوو کاریگەری هەبێت لەسەر ژەمە خوارکییە زۆرەکانی و ئەو خواردنانەی کە دەیخواردن. هەرگیز ئاگادارکردنەوەکانی لەبیر نەدەما. تەنانەت ئەگەر سەلاجەك پڕ بوایە لە سەوزە و میوە، یوجین هەموو شوێنێك دەگەڕا تاوەکوو هێلکە و گۆشتی دەدۆزییەوە. ئەوە کاری ڕۆژانەی بوو. هەروەها کاتێك بەتەمەنتر بوو ئیسکەکانی نەرم و ناسکتر بوون، پزیشکەکان پێیان وت پێویستە بەوریاییەوە هەنگاو بنێت. هەرچەندە یوجین لە هزریدا ٢٠ ساڵ گەنجتر خۆی دەبینی. هەرگیز لەبیری نەبوو هەنگاو بەوریاییەوە بنێت.

سکوایەر پێی وتم، "هەموو تەمەنم سەرسام بووم بە بیرەوەری." "دواتر کە چاوم بە یوجین پاولی کەوت بۆم دەرکەوت دەکرێت ژیان چەندە دەوڵەمەند و بەرهەمدار بێت، تەنانەت ئەگەر نەتوانی هیچ شتێکیشت لەبیر بێت. هزر ئەم توانا ناوازەی هەیە بۆ دۆزینەوەی بەختەوەری تەنانەت کاتێك کە یادگەیش لەدەست دەدات.

"هەرچەندە، زەحمەتە ئەوە بوەستێنیت، کە لە کۆتاییدا دژی ئەو کار دەکات."

بێڤێرلی هەوڵی دا تێگەیشتنی خۆی لە خوو بەکاربهێنێت بۆ یارمەتیدانی یوجین بۆ دورخستنەوەی لە کێشەکان لەگەڵ چوونەتەمەنیدا. ئەوەی بۆ دەرکەوت دەتوانێت هەندێك گۆڕانکاری لە خراپترین خووەکانی یوجیندا دروست بکات بە دانانی ئاماژەی نوێ. ئەگەر ئەو گۆشت لە سەلاجەکەدا دانەنێت ئەوە یوجین ناتوانێت لە بەیانیاندا بۆ چەندین جار ژەمەخواردنێکی ناتەندوست بخوات. کاتێك زەڵاتەی لەتەنیشت کورسییەکەی بۆ دادەنا، هەندێك جار کەمێکی لێ دەخوارد، هەروەها کاتێك ژەمەخواردنە نوێکەی بوو بە خوو، وازی هێنا لە گەڕان بەدوای شیرینیدا لە چێشتخانە. بەرنامە خۆراکییەکەی بەرە بەرە باشتر بوو.

سەرەڕای ئەم هەوڵانەیش، هێشتا تەندروستیی یوجین بەرەو خراپی دەڕۆیشت. لە ڕۆژێکی بەهاردا، کاتێك یوجین تەماشای تەلەڤیزیۆنی دەکرد، لەپڕ هاواری کرد. بێڤێرلی ڕایکردە ژوورەوە و بینیی یوجین دەستی بە سنگیەوە گرتووە. بێڤێرلی

پەیوەندی بە ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەوە کرد. لە نەخۆشخانە، پزیشکەکان ئەوەیان دەستنیشان کرد کە یوجین سوکە جەڵدەیەک لێی داوە. هەر ئەو کاتەی کە ئازارەکەی ڕەویبوویەوە یوجین بەبەردەوامی جەنگابوو بۆ ڕزگاربوون لە قەرەوێڵەی نەخۆشخانە ئەو شەوە یوجین بەردەوام وایەرەکانی چاودێریکردنی لێدانی دڵی کە لەسەر سنگی دانرابوون لادەبرد بۆ ئەوەی بتوانێت بکەوێتە سەر لا و بخەوێت. بە لادانی وایەرەکان زەنگی ئاگادارکردنەوە لێی دا و پەرستارەکان بەپەلە خۆیان دەکرد بە ژوورا. پەرستارەکان هەوڵیان دا یوجین بەوە قایل بکەن کە بوەستێت لە بێزارکردنیان وایەرەکان لە شوێنی خۆیاندا بهێڵێتەوە و هەڕەشەی ئەوەشیان لێ کرد کە دەیبەستنەوە ئەگەر بەردەوام بێت لە پشێوینانەوە. هیچ شتێک سوودی نەبوو، یوجین هەڕەشەکانی لەبیردەچوویەوە، هەر زوو دوای ئەوەی پەرستارەکان دەڕۆیشتن.

پاشان کچەکەی یوجین بە پەرستارێکی وت هەوڵبدە ستایشی باوکم بکەیت بۆ هێشتا مانەوەی بە ئارامی و، بەردەوام ستایشکردنەکە دووبارە و دووبارە بکەرەوە هەر جارێک کە دەیبینیت. کچەکەی کارۆڵ ڕەی پێی وتم، "خۆت دەزانیت دەمانویست هەستی شانازیبەخۆکردن بهێنینە کایەوە." "پێویست بوو ئێمە بڵێین ئۆه، باوک، بەڕاستی تۆ کارێکی گرنگ بۆ زانست ئەنجام دەدەیت بە هێشتنەوەی ئامێرەکان لە شوێنی خۆیان." پەرستارەکان زۆر بەنەرموونیانی دەستیان کرد بە مامەڵەکردن لەگەڵی. یوجینیش ئەوەی پێ خۆش بوو. لەدوای دوو ڕۆژ هەرکارێکیان داوابکردایە ئەنجامی دەدات. یوجین هەفتەیەک دواتر گەڕایەوەماڵەوە.

لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک یوجین لە ژووری دانیشتنەکەیاندا پیاسەی دەکات. قاچی لە لێوارێک لە نزیک شوێنی ئاگردانەکە هەڵدەکەوێت و دەکەوێت و کلۆکی دەشکێت. لە نەخۆشخانە سکوایەر و تیمەکەی نیگەرانی ئەوە بوون تووشی تۆقین بووبێت، چونکە ئەو نەیدەزانی لە کوێدا بووە. بۆیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەکانیدا درکیان بە هەندێک شت کرد و هەندێک وێنەی خێزان و منداڵەکانی یوجینیان بە دیوارەکەوە هەڵواسی. ژن و منداڵەکانیشی هەموو ڕۆژێک سەردانیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەیشدا یوجین هەرگیز نیگەران نەبوو. هەرگیز نەیدەپرسی بۆ لە نەخۆشخانەیە. سکوایەر وتی، "بەو ئامازەیە بێت وا دیارە ئەو لە ئاشتیدایە لەگەڵ هەموو ئاناراميیەکان." "پانزە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو کاتەی یوجین یادگەی تێدا لەدەست داوە. وا دیارە بەشێکی مێشکی دەزانێت شتانێك هەیە کە هەرگیز لێی تێناگات و بەو چەشنە ئاسوودەیە."

بێڤێرلی هەموو ڕۆژێك دەهات بۆ سەردانی یوجین لە نەخۆشخانە. وتی، "کاتێکی زۆرم لە قسەکردن لەگەڵ ئەودا بەسەربرد، پێم وت خۆشم دەوێیت، قسەم بۆ دەکرد دەربارەی منداڵەکانمان و ئەو ژیانە ناوازەی کە هەمان بوو. بە ئامازەکردن بە وێنەکان پێم وت کە چەندە بەنرخیت بۆمان. ئێمە بۆ ماوەی پەنجا و حەوت ساڵ زەواجمان کردووە، چل و دوو ساڵ هاوسەرگیرییەکی ئاسایی و ڕاستەقینە بووە. هەندێك کات ئەوە زۆر سەخت بوو، چونکە دەمویست هاوسەرەکەی پێشووترم بگەڕێتەوە، بەڵام لانی کەم ئەوە دەزانم کە دڵخۆشە."

دوای چەند هەفتەیەکی کەم، کچەکەی هات بۆ سەردانی. کاتێك گەیشتە ئەوێ یوجین لێی پرسی، "پلانەکە چییە؟ کچەکەی بە کورسییەکی پێچکەدار ئەوی بردە دەرەوە بۆ ناو گژوگیایی نەخۆشخانەکە. یوجین وتی، "ڕۆژێکی خۆشە." "وایە کەشوهەوایەکی سازگارە." کچەکەی باسی ئەوەی بۆ یوجین کرد منداڵەکانی لەگەڵ سەگەکانیان یاری دەکەن. پێی وابوو لەوانەیە یوجین بە زووی بتوانێت بگەڕێتەوە ماڵەوە. خۆر ئاوا بوو. کچەکەی دەستی کرد بە ئامادەکردنی باوکی بۆ بردنە ژوورەوە.

یوجین تەماشای کچەکەی کرد و وتی، "من بەبەختم کە کچێکی وەك تۆم هەیە." کچەکەی سەری سوڕما. نەیدەتوای ئەوەی لەبیر بێت کۆتا جار کەی بووە باوکی شتێکی وا شیرینی پێ گووتوە.

کچەکەی پێی وت، "من بەبەختم کە تۆ باوکمی."

یوجین وتی، "ئای خوایە، چ ڕۆژێکی خۆشە!" "پێت وایە کەشوهەوا چۆنە؟"

ئەو شەوە لە کاتژمێر یەکی سەرلەبەیانی مۆبایلەکەی بێڤێرلی زەنگی لێ دا. پزیشکەکە بە بێڤێرلی وت یوجین جەڵدەی دڵ لێی داوە، پزیشك و پەرستارەکان

ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان بەڵام نەیانتوانی بگەڕێننەوە بۆ ژیان. یوجین مردبوو، لەپاش مردنی توێژەرەکان ئاهەنگی ڕێزلێنانیان بۆ گێڕا، وێنەکانی مێشکی لە سەدان تاقیگە و فێرگەی پزیشکیدا خوێندرا.

بێڤێری پێی وتم، "دەزانم یوجین شانازی بە زانینی ئەوەوە دەکات کە چەند شتێکی گرنگی بە زانست بەخشیوە." "جارێکیان تازە هاوسەرگیریمان کردبوو پێی وتم دەیەوێت شتێکی گرنگ لە ژیانیدا ئەنجام بدات، شتێک کە بەڕاستی گرنگ بێت و جیاوازی دروست بکات. ئەو کارەیشی ئەنجام دا. بەڵام هەرگیز هیچ یەک لەم کارانەی لەبیر نەبوو."

## ٢

# مێشکی تامەزرۆ
## چۆنیەتیی دروستکردنی خووی نوێ

### یەکەم

ڕۆژێکیان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٠٠، جێبەجێکارێکی بەناوبانگی ئەمریکی بەناوی کلۆد سی هۆپکینز، لەلایەن هاوڕێیەکی کۆنیەوە بیرۆکەی کارێکی نوێی بۆ پێشنیار کرا. هۆپکینز ئەوەی خستە ڕوو، هاوڕێکەی بەرهەمێکی زۆر باشی دۆزیبوویەوە، کە ئەم پێی وابوو ئەو بەرهەمە سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت، بەرهەمەکە هەویری ددانشۆردن بوو، گیراوەیەکی چەور بە تامی نەعنا، کە بە پێپسۆدێنت"Pepsodent" ناوی دەبرد. چەند وەبەرهێنەرێکی باوەڕپێنەکراو بەشدارییان لە کارەکەدا کردبوو(یەکێک لەوان مامەڵەی زنجیرەیەک لە زەویی خراپی هەبوو، کەسێکی دیکەیان، وەک دەوترا پەیوەندیی بە گروپێکی چەتەوە هەبوو) بەڵام ئەم سەرکێشییەی هاوڕێکەی بەڵێنی لەبارەیەوە دابوو زۆر گەورە دەبوو. ئەگەر وابێت هۆپکینز ڕازی دەبێت لە یارمەتیدانی داڕشتنی هەڵمەتی بەرەوپێشبردنی نیشتیمانەکەیدا.

هۆپکینز لەو سەردەمەدا لە لوتکەی پیشەسازییەکی سەرکەوتوودا بوو، کە لە دەیەکانی پێشتردا زۆر دەگمەن بووبوو: پیشەسازییەکەش ڕیکلامکردن بوو. هۆپکینز ئەو کەسە بوو کە ئەمریکییەکانی بە کڕینی بیرەی شلتز ڕازی کرد، بە خۆهەڵکێشان بەوەی کە کۆمپانیاکە بوتڵی بیرەکان بە هەڵم پاک دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی فەرامۆش کرد کە هەموو کۆمپانیاکانی دیکە کتومت هەمان شێواز بەکار دەهێنن بۆ پاککردنەوەی شوشەی بیرەکانیان. ئەو میلیۆنان ژنی فریو دا بە کڕینی سابوونی "پامۆلیف"، بە بڵاوکردنەوەی ئەوەی کە کلیۆپاترا هەمان سابوونی بەکار هێناوە، سەرەڕای نارەزاییە زۆرەکانی مێژوونووسە تووڕەکان.

کلاود هۆپکینز بەناوبانگ بوو بە دروستکردنی کۆمەڵە یاسایەك کە نیشانی دەدا چۆن خوویەکی نوێ لەناو خەڵکیدا دروست دەکرێت. ئەم یاسایانە پیشەزازیان گۆڕی و لە کۆتاییدا بوون بە نەریتی ژیرانە لەنێو فرۆشیار.

بۆیە کاتێك هاوڕێکە دێرینەکەی بیرۆکەی دروستکردنی هەویری ددانشۆردنی پێوت، هۆپکینز کەمێك بیری لە پێشنیارەکەی هاوڕێکەی کردەوە و دواتر ڕەتی کردەوە.

ئەوە ژیرانەترین بڕیاری دارایی هۆپکینز بوو لە ژیانیدا.

لە ماوەی پێنج ساڵی ئەو هاوبەشییەدا، هۆپکنیز "هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێنت"ی کرد بە یەکێك لە باشترین و بەناوبانگترین بەرهەمەکان لە جیهاندا و لە هەمان ڕەوتدا یارمەتیدەر بوو لەوەی ددانشۆردن لەلای خەڵکی بکاتە خوو، زۆر بەخێرایی لە ئەمریکا بڵاو بوویە، هەموو کەسێك لە شیرلی تێمپڵەوە بۆ کلارك گابڵ باسی زەردەخەنەی پێپسۆدێنتیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٠ پێسپۆدێنت لە چین، باشوری ئەفریقا، بەڕازیل، ئەڵمانیا و نزیکی هەر شوێنێکی دیکە کە هۆپکینز توانیبووی ڕیکلامی تێدا بکات، فرۆشرا. دە ساڵ دوای یەکەم بانگەشەی پێپسۆدێنت، ڕاپرسییەکان ئەوەیان دەرخست، ددانشۆردن بووە بە نەریت لەلای زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئەمریکا. هۆپکینز یارمەتیدەربوو لەوەو ددانشۆردن بکاتە چالاکییەکی ڕۆژانە لەلای خەڵك.

نهێنیی سەرکەوتنی هۆپکینز کە دواتر شانازی پێوە دەکرد ئەوە بوو کە هۆپکینز پاڵنەر و پاداشتی دیاریکراوی دۆزیبوویەوە کە خووی تایبەتیان دروست کردبوو. یوجین پاولی فێری ئەڵقەی خووی کردین، بەڵام ئەوە کلۆد هۆپکینز بوو کە نیشانی داین چۆن خوویەکی نوێ دروست دەبێت و گەشەدەکات.

بەدرێژاییی پیشەکەی، یەك لەوشێوازانەی کە تایبەت بوون بە هۆپکینز بریتیبوو لە دۆزینەوەی پاڵنەرگەلێکی سادە بۆ قایلکردنی بەکارهێنەران بۆ بەکارهێنانی بەرهەمەکانی هەموو ڕۆژێك. بۆ نموونە، ئەو شۆفانی کوەیکەری دەفرۆشت وەك دانەوێڵەیەکی بەیانیان کە توانای دابینکردنی وزەی ٢٤ کاتژمێری هەیە_بەڵام تەنیا بەو مەرجەی هەموو بەیانییەك پڕ قاپێکی لێ بخۆیت. هەروەها بە شێوەیەکی گەڕۆکانە دەرمانی بەهێزکەری دەفرۆشت کە چارەسەر بوون بۆ ئازاری سك و جومگە و پێستی ناتەندروست و "کێشەکانی ژنان" _ بەڵام بەو مەرجەی لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکاندا دەرمانەکە بخۆیت. هەرزوو خەڵك لە بەرەبەیاندا شۆفانیان هەڵدەلوشی و هەندێك لە شلەی ناو شوشە بچووکە قاوەکەیشیان هەڵدەلوشی هەرکاتێك هەستیان بە ماندوویەتییەکی کەم بکردایە، کە خۆشبەختانەیش ئەوە ڕۆژانە هەر جارێك ڕوویدەدا.

بۆ فرۆشتنی پێپسۆدێنت، هۆپکینز پێویستیی بە پاڵنەرێك بوو تا بیکات بە پاساو بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەو هەویری ددانشۆردنە. هۆپکینز دانیشت و هەندێك لە پەرتوکەکانی تایبەت بە پزیشکی ددان خوێندەوە. دواتر نووسیبووی، "ئەوە خوێندنەوەیەکی بێزارکەر بوو. بەڵام لە یەکێك لە کتێبەکاندا

بە سەرنجخستنەسەر توێژاڵی ددان. هۆپکینز ئەو ڕاستییەی فەرامۆش دەکرد کە هەمان ئەم توێژاڵە هەمیشە ددانی هەموو کەسی داپۆشیووە و بێ ئەوەی ببێتە هۆی بێزارکردنی هیچ کەسێك. توێژاڵەکە پەردەیەکە کە بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر ددانەکان کەڵکە دەبێت، بێ گرنگیدان بەوەی کە تۆ چی دەخۆیت یان چەند جار ددانت دەشۆیت. خەڵکی هەرگیز گرنگییەکی زۆریان پێ نەداوە و لە ڕاستیشدا هۆکارێکی گەورە لە ئارادا نەبووە تا پێوستی کردبێت لەسەریان کە گرنگی پێ بدەن:

تۆ دەتوتنیت لەو توێژاڵە ڕزگارت ببێت بە خواردنی سێوێك یان بە هێنانی پەنجەت بە ددانداً، وە یان بە فڵچەی ددانشۆردنەکەت یان ئاوڕان لە دەمت بە تەوژمەوە. هەویری ددانشۆردن هیچ کاریگەریی نەبووە لەسەر لابردنی توێژاڵەکە. لە ڕاستیدا یەکێك لە توێژەرە پێشەنگەکانی بواری ددان لەو دەمەدا وتی، هەموو هەویری ددانشۆردنەکان بە تایبەتیش پێپسۆدێن سوودیان نییە لە لابردنی ئەو توێژاڵەدا.

ئەوە هۆپکینزی ڕانەگرت لە سوودوەرگرتن لە دۆزینەوەکەی. ئەو بڕیاری لە بارەی ئاماژەیەکەوە دا کە دەشێت ببێتە پاڵنەر بۆ دروستبوونی خوویەك. هەر زوو شارەکان پڕ بوون لە ڕیکلامی پێپسۆدێنت.

لە یەکێك لە ڕیکلامەکاندا نووسرابوو، "تەنیا زمان بە ددانـدا بهێنـە، هەست بە توێـژاڵێك دەکـەیت لەسـەریان، ئـەو توێژاڵـە ڕەنگـی ددانـەکانت تێـك دەدات و بـەرەو ڕزینیان دەبات؟"

لـە ڕیکلامێکـی دیکـەدا کـە وێنـەی چـەند زەردەخەنەیـەکی جـوانی لەسـەر بـوو نووسرابوو، "تێبینیی ئەو هەموو ددانە جوانانە بکە لە هەموو شوێنێك دەبینرێن. ملیۆنان خەڵك شێوازێکی تازە بەکاردەهێنن بۆ خاوێنکردنەوەی ددانەکانیان. خانمـان توێـژاڵێکی ناشـرین لەسـەر ددانیـان بێـت؟ کـە پێپسـۆدێن ئـەو توێژاڵـە پاکدەکاتەوە. "

ناوازەیی ئەو سەرنجڕاکێشانە ئەوە بوو پشتیان بە ئاماژەیەك بەستبوو (توێژاڵی ددان) کە شتێکی جیهانی بوو پشتگوێخستنی ئەستەم بوو. ئەوە دەرکەوت، ئەگەر بە کەسێك بڵێت زمان بە ددانـدا بهێنە لە زۆر باردا داواکارییەکە ڕەت ناکاتەوە و کارەکە ئەنجام دەدات. کاتێکیش زمانیان بە دانیاندا دەهێنا زۆرجار هەستیان بەو توێژاڵە دەکرد لەسەر ددانیان. هۆپکینز ئاماژەیەکی سادەی دۆزیبوویەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆریش بوونی هەبوو، هەروەها زۆر سانا بوو کارلێکردن بە چەشنێك ڕیکلامێك دەیتوانی وا لە خەڵك بکات خۆڕسکانە کاردانەوەیان هەبێت.

تەنانەت سەرەڕای ئەوەیش، پاداشتەکە زیاتر لەوەی کە هۆپکینز پێشبینیی کردبوو سەرنجڕاکێش بوو. لە کۆتاییدا کێ نایەوێت

زەردەخەنەیەکی سەرنجڕاکێشتری ناوێت؟ بە تایبەت کاتێک هەموو ئەوانە تەنیا ددانشۆردنێکی خێرای پێویستە بە پێپسۆدێنت؟




تێگەیشتنی هۆپکینز لە ئەڵقەی خووی پێبسۆدێنت

لە دوای هەڵمەتی ناساندنەکە، هەفتەیەکی ئارام تێپەڕی. دواتر دوو هەفتە و لە هەفتەی سێیەمدا دواکارییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان کرد. دواکارییەکی زۆر هەبوو بۆ هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێن کە کۆمپانیاکە لە توانایدا نەبوو دەستەبەریان بکات. لە ماوەی سێ ساڵدا پێپسۆدێنت بوو بە بەرهەمێکی نێودەوڵەتی و، هۆپکینز ڕیکلامی بە زمانەکانی ئیسپانی و ئەڵمانی و چینی دەکرد. لە ماوەی دە ساڵدا، پێپسۆدێنت بوو بە یەکێك لە پڕفرۆشترین کاڵاکان لە جیهاندا، هەروەها بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ وەك پڕفرۆشترین هەویری ددانشۆردنی ئەمریکی مایەوە.

بەرلەوەی هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێنت دروست بکرێت، تەنیا لە ٧٪ دانیشتوانی ئەمریکا قوتووی هەویری ددانشۆردن لەناو سندوقی دەرمانەکانیاندا هەبوو. دە ساڵ دوای هەڵمەتە ڕیکلامە سەرتاسەرییەکەی هۆپکینز، ئەو ژمارەیە بەرز بوویەوە بۆ ٦٥٪. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، نیگەرانییەکانی سوپا لەمەڕ ددانی سەربازە نوێیەکان کەمبوویەوە، چونکە زۆرێک لە سەربازەکان هەموو ڕۆژێک ددانیان دەشۆرد.

لە دوای چەند ساڵێک لە دەرکەوتنی هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێنت لە ڕەفەکاندا، هۆپکینز نووسی، " لە پێپسۆدێنتەوە ملیۆنان دۆلارم بۆ خۆم کۆ کردەوە. نهێنیی ئەو کارەیشم بریتیبووە لە، "لە ناسینی سایکۆلۆژیای دروستی مرۆڤ." ئەو سایکۆلۆژیایەیش لەسەر دوو یاسای بنەڕەتی بونیاد نرابوو:

یەکەم، ئاماژەیەکی سادە و ئاشکرا بدۆزەرەوە.

دووەم، بەڕوونی وەسفی پاداشتەکەت بکە.

هۆپکینز بەڵێنی ئەوەی داوە، ئەگەر ئەم دوو بەشە بە دروستی وەدەست بخەیت کارەکە وەک جادوو دەبێت. تەماشای پێپسۆدێنت بکە: هۆپکینز ئاماژەیەک (توێژاڵی ددان) و پاداشتێک (ددانێکی جوان)ی دیاری کرد کە ملیۆنان کەسی قایل کرد بۆ دەستکردن نەریتێکی ڕۆژانە. تەنانەت ئەمڕۆیش، یاساکانی هۆپکینز بەشێکی گرنگە لە کتێبە بازارکارییەکان و بناغەی ملیۆنان هەڵمەتی ڕیکلامە.

هەروەها هەمان ئەو بنەمایانە بەکار هێنراوە بۆ دروستکردنی هەزاران خووی دیکە_زۆرجار بەبێ ئەوەی خەڵکی درک بەوە بکەن تا چ ڕادەیەک خووەکانیان لەژێر ڕۆشنایی هاوکێشەکەی هۆپکینز دایە. بۆ نموونە، توێژینەوەی ئەو کەسانەی سەرکەوتوو بوون لە دەستپێکردنی ڕۆتینی نوێی ڕاهێنانکردن ئەوەی نیشان ئەو کەسانەی کە ئاماژەیەکی دیاریکراویان هەڵبژاردوە وەک ڕاکردن هەر خێرا دوای ئەوەی لە کار گەڕانەوە یاخود، پاداشتێکی ڕوون، وەک خواردنەوەیەک، یاخود ئێوارە تەماشاکردنێکی تەلەڤیزیۆن بەئاسوودەیی، زیاتر پابەند بوون بە خووی ڕاهێنان کردنەوە. توێژینەوەکان لەسەر بەرنامەی خۆراکی دەڵێن دروستکردنی خوویەکی نوێی خواردن پێویستی بە ئاماژەیەکی پێشوەختە هەیە_وەک لیستی پلانی پێشوەختە، هەروەها پاداشتێکی سادەیشی دەوێت بۆ بەرنامە خۆراکیەکەیان کاتێک پابەند دەبن بە ویستەکەیانەوە.

هۆپکینز نووسیوویەتی، "لەم کاتەدا ڕیکلامکردن لە دەستی کەسانێکدا گەیشتووەتە ئاستی زانست، ئەو ڕیکلامەی ڕۆژێک لە ڕۆژان جۆرێک بوو لە قومار،

بەڵام ئەمڕۆ لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی شیاو ئاڕستە دەکرێت بووە بە یەکێك لە بێزیاترین سەرکێشییەکانی بازرگانی."

ڕەنگە ئەمە بەتەواوی خۆهەڵکێشان بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا وا دەردەکەوێت کە دوو یاساکەی هۆپکینز بەس نین. یاسای سێیەمیش هەیە کە پێویستە تێبینیی ئەوەیش بکرێت بۆ دروستکردنی خوویەك_ یاسایەك کە هێندە جێگیرە هۆپکینز بێ ئەوەی درك بە بوونی بکات پشتی پێ دەبەست. ئەو یاسایە شرۆڤەی هەموو شتێك دەکات، لە قورسی پشتگوێخستنی سندووقی شەکلەمەکان تا چۆنیەتیی کردنی ڕاکردنی بەیانیان بە خوویەکی تا ڕادەیەك ئاسان.

## دووەم

زانا و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری بازاڕکاریی کۆمپانیای پرۆکتە ئاند گامبڵ لەدەوری مێزێکی شەقوشڕدا لە ژوورێکی بچووکی بێ پەنجەرەدا کۆ بوونەوە، نووسراوی چاوپێکەوتنی ژنێکیان خوێندەوە کە خاوەنی هەشت پشیلە بوو، کاتێك لە کۆتاییدا یەکێك لەوان پرسیی بیرتان لە چی دەکردەوە. "ئەگەر ئێمە لە کارەکەمان دەربکرێین، کتومت چی ڕوودەدات؟"" ئایا پیاوانی ئاسایش دێن و ئێمە دەکەنە دەرەوە، یان ئایا ئێمە پێشتر بە جۆرێك ئاگادار دەکرێینەوە؟"

سەرۆکی دەستەکە، درێك ستیمسن کە لە کاتێکدا ئەستێرەیەکی هەڵکشاوی ناو کۆمپانیاکە بوو، بە قژێکی شێواو و چاوێکی ماندووەوە چاوی بڕیە ئەو و وتی، "نازانم. هەرگیز بیرم لەوە نەکردبوویەوە شتەکان بەو ڕادەیە بەرەو خراپی بچن. ئەوان بە منیان وت ئەگەر ئەم پڕۆژەیە بەڕێوببەیت پلەت بەرز دەکرێتەوە."

ئەوە لە ساڵی ١٩٩٦دابوو کە ئەو دەستەیەی لە دەوری مێزەکەدا کۆ بووبوونەوە ئەوەیان بۆ ئاشکرابوو، سەرەڕای سووربونی کلاود هۆپکینز لەسەر بۆچوونەکانی، پڕۆسەی فرۆشتنی کاڵایەك دەگونجێت بەتەواوی نازانستی بێت. ئەوان هەموویان کاریان بۆ یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی کاڵای بەکاربەر دەکرد، کۆمپانیاکە لەپشت جبسی پەتاتەی برینگلز، دەستەسڕی کاغەزی باونتی و بابەتی جوانکاریی

کەڤەر گێل، داونی، دۆنی و دوراسێل ودەیان مارکەی دیکەوە بوو. کۆمپانیای پرۆکتەر گامبل کۆمەڵ داتایەکی زۆریان کۆ کردەوە کە زیاتر بوو لە داتای هەر بازرگانێکی دیکە لەسەر گۆی زەوی و پشتیان بە ڕێگاگەلێکی ئاماری ئاڵۆز بەست بۆ بەڕێوەبردنێکی لێزانانەی هەڵمەتە بازاڕکارییەکەیان. کۆمپانیەکە لێزان بووو لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ چۆنیەتیی فرۆشتنی کاڵاکانی. لە بازاڕی جلشۆردندا تەنیا بەرهەمەکانی کۆمپانیایی پرۆکتەر گامبل لە نیوەی جلشۆرەکانی ئەمریکادا بەکاردەهات. داهاتی ساڵانەی کۆمپانیاکە ٣٥ بلیۆن دۆلاری تێپەڕاندبوو.

هەرچەندە دەستەکەی ستیمسن کە ڕاسپێردرابوون بۆ دروستکردنی کەمپەینی ڕیکلام بۆ یەکێك لە باشترین بەرهەمە نوێیەکانی کۆمپانیایی پرۆکتەر ئاند گامبل لە لێواری شکستدابوون. کۆمپانیاکە ملیۆنان دۆلاری خەرجکردبوو لە بەرهەمهێنانی سپڕایەکدا کە بۆنی ناخۆش لادەبرد لەسەر هەموو پارچە قوماشێك. سەرجەم توێژەرەکان لەو ژووره بچووکە بێپەنجەرەیەدا نەیاندەزانی چۆن وا لەخەڵك بکەن سپڕاکە بکڕێت.

سپڕاکە سێ ساڵ پێشتر دروستکرابوو، کاتێك یەکێك لە کیمیاگەرەکانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبل کاری لەسەر مادەیەك کردبوو بەناوی هایدرۆکسیدی پرۆپیلی بێتا سایکلۆدیکسترین، کە لە تاقیگەدا بە (HPBCD)ن ناسراوە. کیمیاگەرەکە جگەرەکێش بوو، هەمیشە بۆنی جگەرەی لێ دەهات. ڕۆژێکیان پاش تەواوبوونی کارەکانی لە تاقیگە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هاوسەرکەی بەخێرهاتنی کرد و پرسیی، "تۆ وازت لە جگەرەکێشان هێناوە؟"

کیمیاگەرەکە وتی، "نەخێر." کیمیاگەرەکە کەوتبوویە گوومانەوە، چونکە هاوسەرەکەی بۆ چەند ساڵێك بێزاری کردبوو بۆ ئەوەی واز لە جگەرەکێشان بهێنێت. ئەوەش لە جۆرێك لە فێڵبازییەکی دەروونزانانەی پێچەوانە دەچوو.

هاوسەرەکەی وتی، "هیچ شتێك لە ئارادا نییە تەنیا بۆنی جگەرەت لێنایەت ئەوە هەمووی بوو."

بۆ ڕۆژی دواتر کیمیاگەرەکە گەڕایەوە بۆ تاقیگە و دەستی بە تاقیکردنەوە کرد لەسەر ماددەی (HPBCD) و ژمارەیەک بۆنی جیاواز. سەدان شوشەی هەبوو کە پارچە قوماشی پیسیان تێدابوو، هەریەکەیشیان بۆنێکی لێوە دەهات لەوانەیش، بۆنی سەگی تۆپیو وابوو، جگەرە، گۆرەویی ئارەقاوی، خواردنی چینی، تیشێرت و خاولیی پیسی هێنا بۆ ئەوەی مادەکەی لەسەر تاقی بکاتەوە. کاتێک کیمیاگەرەکە ماددەکەی دەکرد بەسەریاندا بۆنەکانە پەرتبوونە ناو گەردەکانیەوە و لەدوای وشکبوونەوە و نەمانی تەمومژەکە بۆنەکە نەدەما.

کاتێک کیمیاگەرەکە دۆزینەوەکانی خۆی بۆ جێبەجێکارانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ باس کرد، بەتەواوی تووشی سەرسوڕمانی کردن. چونکە بۆ چەندین ساڵ بوو توێژەرانی بواری بازاڕکاری باسیان لەوە کردبوو کە بەکارهێنەران بەدوای شتیکدا دەگەڕێن کە لە بۆنە ناخۆشەکەی ڕزگاریان بکات_ واتە تەنیا بۆنەکانیان بۆ دانەپۆشێت, بەڵکوو بەتەواوی لە ناویان ببات. کاتێک دەستەیەک لە توێژەران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێک کڕیاردا ئەنجام دابوو، ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە زۆربەیان بلوز یان کراسەکانیان لە دەرەوە بەجێدەهێڵن لە کۆتاییی ئەو شەوانەی کە لە باڕەکان یان ئاهەنگەکان بەسەری دەبەن. ژنێک وتی، "جلەکانم بۆنی جگەرەیان لێدێت کاتێک دێمەوە بۆماڵەوە، بەڵام نامەوێت پارە بە شۆردن و ئوتووکردن بدەم هەرکاتێک کە دەچمە دەرەوە."

کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ، کە درکیان بەم هەلە کرد، پڕۆژەیەکی نهێنییان خستە گەڕ بۆ گۆڕینی ئەو مادده کیمیاییە بۆ بەرهەمێکی سەرکەوتوو. ئەوام ملیۆنان دۆلاریان لە بێگەردکردنی گیراوەکەدا خەرج کرد، تا لە کۆتاییدا توانییان شلەیەکی بێ ڕەنگ و بۆن بەرهەم بهێنن کە هەموو بۆنێکی ناخۆشی لاببات. زانستی پشت سپڕاکە هێندە پێشکەوتوو بوو کە دواتر لەلایەن ناساوە بەکار هێنرا بۆ خاوێنکردنەوەی دیوی ناوەی کەشتییەکان لە پاش گەڕانەوەیان لە بۆشاییی ئاسمانەوە. باشترین بەشی ئەم کارە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی بە تێچوویەکی کەم. سپڕاکە هیچ ڕەنگ و پاشماوەیەکی بەجێنەدەهێشت، لە توانایدابوو قەنەفەی کۆن، قەمسەڵەی کۆن یان

ناوەوەی ئۆتۆمبیل بێ بۆن بکات. پرۆژەکە سەرکێشییەکی گەورە بوو، بەڵام کۆمپانیاکە ئێستا ئامادەبوو بۆ بەدەستهێنانی ملیۆنەها دۆلار_ئەگەر بتوانن هەڵمەتێکی باشی بازاڕکاری دابین بکەن.

بڕیاریان دا ئەم سپرایە ناو بنێن فێبریز، هەروەها داوایان لە ستیمسن کە گەنجێکی سەرکەوتووی تەمەن ٣١ساڵ بوو پێشینەی لە بیرکاری و دەروونناسیدا هەبوو کرد بۆ ڕابەریکرنی تیمی بازاڕکاری. ستیمسن گەنجێکی قۆزی باڵا بەرز بوو، چەناگەیەکی درێژ و دەنگێکی نەرمی هەبوو، لێهاتوویی هەبوو لە تامکردنی خواردندا، (جارێك بە هاوڕێکا وتبوو، "پێم باشترە منداڵەکانم حەشیش بکێشن وەك لەوەی لە مکدۆناڵدز نان بخۆن) بەرلەوەی پەیوەندیی بکات بە کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵەوە، بۆماوەی پێنج ساڵ لە شەقامی واڵ ستریت خەریکی بونیادنانی شێوازێکی بیرکارییانە بوو بۆ هەڵبژاردنی پشکەکەمان. کاتێك ستیمسن گواستیەوە بۆ سینسیناتی کە بارەگای سەرەکیی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبل لەوێ بوو، کۆمپانیاکە ئەوی دیاری کردبوو بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی چەند بەرهەمێکی گرنگ، کە پێك هاتبوون لە پەڕۆی نەرمکەرەوەی باونس و پەڕەی وشککەرەوەی داونی. بەڵام سپرای فێبریز جیاواز بوو. ئەوە هەلێك بوو بۆ خستنەگەڕ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك بەرهەمی تەواو نوێ بوو_ زیادکردنی شتێك بۆ ناو عەرەبانەی شتکڕینی بەکارهێنەران کە پێشتر ئەو شتە هەرگیز لە عەرەبانەکەیاندا نەبووە. هەموو ئەوەی ستیمسن پێویستی بوو زانینی ئەوە بوو کە چۆن سپرای فێبریز بکات بە خوو و کە بەو چەشنەیش بەرهەمەکە زۆر بەخێرایی دەفرۆشرا. ئایا دەکرێت ئەوە چەندە کارێکی زەحمەت بێت؟

ستیمسن و هاوڕێکانی بڕیاریان دا سپرای فێبریز بناسێنن لە چەند تاقیکردنەوەیەکی بازاڕدا، لە شارەکانی فینێکس و دەریاچەی خوێن و بۆیز. ئەوان گەشتنە ئەو ناوچانە و سپرای فێبریزیان دابەش کرد بەسەر خەڵکدا، دواتریش بە خەڵکەکەیان وت، دەتوان سەردانێکی کورتی ماڵەکانیان بکەن. لە ماوەی دوو مانگی تاقیکردنەوەکەیاندا، سەردانی سەدان ماڵیان کرد. یەکەمین دۆزینەوەی مەزنی ئەوان

ئەو کاتە بوو کە سەردانی پاسەوانی باخێکیان کرد لە فینێکس. پاسەوانەکە نزیکی ٣٠ ساڵ بوو و بە تەنیا دەژیا. کارەکەی گرتنی ئەو ئاژەڵانە بوو کە لە دارستانەکەدا دەگەڕان. ئەو گورگ و ڕانکۆ، هەروەها کەوڵی گیانلەبەران و ژمارەیەکی نێچگار زۆری کەوڵی گیانلەبەران زۆربەی کات ئاژەڵەکان میزیان پێدا دەکرد کاتێک هەڵیدەگرتن.

"من سەڵتم، ئارەزوو دەکەم کەسێك بدۆزمەوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم و منداڵمان هەبێت،" پاسەوانەکە بە ستمیسن و هاوڕێکانی وت، لەو دەمەی لە ژووری دانیشتنەکە دانیشتبوون. "من بۆ ژوانێکی زۆر دەڕۆم. واتا، پێموایە من سەرنجڕاکێشم، دەزانیت؟ من کارامەم و وا هەست دەکەم ڕاوکەرێکی باشم."

پاسەوانەکە باسی ئەوەی کرد ژیانی سۆزداری پەکی کەوتووە، لەبەرئەوەی هەموو شتێکی ژیانی بۆنی کەوڵی ئاژەڵی لێ دەهات. خانووەکەی، جلەکانی، پێڵاوەکانی، دەستەکانی، پەردەکانی ماڵەکەی، تەنانەت جێگا نووستنەکەیشی. ئەو هەموو جۆرە دەرمانێکی تاقیکردبوویەوە بۆ لەناوبردنی ئەو بۆنە ناخۆشە. سابوون و شامپۆی تایبەتی کڕیبوو. مۆمی داگیرساندبوو و ئامێری گرانبەهای فەرششۆردنی بەکار هێنابوو. بەڵام هیچیەك لەوانە کێشەی ئەویان چارە نەکردبوو.

کاتێك ژوانێك دەبەستم لەگەڵ کەسێك، هەست بە بۆنێکی ناخۆشی وەك کەوڵی ئاژەڵ دەکەم، دوودڵ دەبم لەبارەیەوە تۆ بڵێی ئەو کەسە هەست بەو بۆنە بکات، چی دەبێت ئەگەر من بیبەمەوە بۆ ماڵەوە و ئەو بیەوێت بڕوات؟

ساڵی پار، ژوانم لەگەڵ کەسێکدا بەست، کە بەڕاستی کوڕێکی زۆر باش بوو، زۆرم خۆشدەویست، بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد تا بانگهێشتی بکەم بۆ ماڵەکەی خۆم. لە کۆتاییدا سەردانی ماڵەکەی کردم، پێم وابوو هەموو شتێك زۆر نایابە. بۆ ڕۆژی دواتر ئەو وتی دەمەێت لەیەك جیابینەوە. بەڕاستی زۆر بەڕێزەوە داوای جیابونەوەی کرد، بەڵام لەلام بووبوو بە پرسیا تۆ بڵێی بەهۆی بۆنە ناخۆشەکەوە بووبێت؟

ستیمسن وتی، "زۆر باشە، من دڵخۆشم تۆ دەرفەتی تاقیکردنەوەی فێبریز بۆ ڕەخساوە، تۆ فێبریزت بەدڵە؟

پاسەوانەکە تەماشای ستیمسنی کرد، بەدەم گریانەوە وتی، "دەمەوێت سوپاست بکەم، ئەم سپرایە بەتەواوی ژیانی گۆڕی."

ئەو خانمە پاش ئەوەی نموونەیەکی لە سپرای فێبریز وەرگرتبوو، ڕۆشتبوویەوە بۆ ماڵەوە، فێبریزی پرژاندبوو لە قەنەفە، پەردە، ڕایەخەکانی، جێگەی نووستنکەی، پانتۆڵە کابۆکانی، جلە فەرمییەکانی کاری و کوشنی سەیارەکەی. بوتڵەکەی تەواو کردبوو، دانەیەکی دیکەی وەرگرتبوو و پرژاندبووی لە هەموو شتێك.

پاسەوانەکە وتی، "داوام لە هەموو هاوڕێکانم کرد سەردانی ماڵەکەم بکەن، ئەوان چی دیکە هەستیان بە بۆنە ناخۆشەکە نەکرد، بۆنە ناخۆشەکە نەمابوو."

کاتێك ئەو شتانەی بۆ دەکردن زۆر بە کوڵ دەگریا، بە چەشنێك کە یەکێك لە دەستەکەی ستیمسن بۆ دڵدانەوەی دەست بەسەر شانەکانیدا دەهێنا. پاسەوانەکە وتی، "زۆر سوپاستان دەکەم، زۆر هەست بە ئارامی دەکەم، سوپاس بۆ تۆ. ئەم بەرهەمە زۆر گرنگە."

ستیمسن هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی لە ژووری دانیشتنەکەدا، نەیتوانی بۆنی هیچ شتێك بکات. پێی وابوو لەگەڵ فێبریز دەتوانن سەرمایەیەکی مەزن بونیاد بنێن.

ستیمسن و دەستەکەی گەڕانەوە بۆ بارەگای سەرەکیی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ و دەستیان کرد بە پێداچوونەوەی هەڵمەتە بازاڕکارییەکەیان بۆ بەرهەمە نوێیەکەیان کە خەریکی خستنەبازاڕی بوون. کلیلی سەرەکیی فرۆشتنی سپرای فێبریز کە ئەوانە بڕیاریان لەسەر دابوو، بریتی بوو لە گواستنەوەی ئەو هەستە ئارامکەرەوەیەی کە پاساوانی باخێك هەستی پێ کردبوو. ئەوان دەبوو فێبریز لە جێگەی شتێك دابنێن کە وا لە خەڵکی بکات خۆیان ڕزگار بکەن لە بۆنە شەرمەزارکەرەکان. هەموویان ئاشنابوون بە یاساکانی کلۆد هۆپکینز یاخود، ئەو بەرجەستەکردنە نوێیانەی کە نووسینی ناو کتێبەکانی قوتابخانە بازرگانییەکانی پڕ کردبوویەوە. ئەوان دەیانویست ڕیکلامەکان بە سادەیی نیشان بدەن: ئاماژەیەکی ئاشکرا بدۆزنەوە و بەڕوونی وەسفی پاداشتەکە بکەن.

ئەوان نەخشەی دوو ڕیکلامی تەلەڤیزیۆنییان کێشا، یەکەمیان خانمێکی نیشان دەدا کە لەبارەی بەشی جگەرەکێشانی خواردنگەکەیەوە قسەی دەکرد. هەرکاتێك ئەو لەوێ نان بخوات چاکەتەکەی بۆنی جگەرە دەگرێت. هاوڕێیەکەی باسی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەگەر سپڕای فێبریز بەکاربهێنێت دەتوانێت لە بۆنەکە ڕزگاری ببێت. ئاماژەکە: بۆنی جگەرەکە. پاداشتەکە: جلەکە بۆنەکەی نامێنێت. ڕیکلامی دووەمیش خانمێکی نیشان دەدا کە دوودڵ بوو لەبارەی سەگەکەیەوە کە ناوی سۆفی بوو هەمیشە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت، ئەو دەڵێت، "سۆفی هەمیشە بۆنی سۆفی دەدات، بەڵام بە بەکارهێنانی فێبریز چی دیکە قەنەفەکە بۆنی ئەو نادات." ئاماژەکە: بۆنی ئاژەڵی ماڵی، کە ئەوەش بۆنێکە حەفتا هەزار خێزان لەلایان ئاشنایە. پاداشتەکە: ماڵێك کە بۆنی کولانەی ئاژەڵە ماڵییەکان نادات.

ستیمسن و هاوکارەکانی لە ساڵی ١٩٩٦ دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکان لە هەمان ئەو شارانەی کە تاقیکردنەوەکانیان تێدا کردبوو. نموونەکانی سپڕای فێبریزیان دەبەخشی بە خەڵك، ڕیکلامەکانیان لە سندووقی پۆستەکەدا دادەنا، پارەیان بە خاوەن فرۆشگاکانی سەوزە و میوەفرۆشەکان دەدا بۆ بونیادنانی شاخی فێبریز لە نزیك ئامێری کاش. دواتر پاڵیاندایەوە و پێشبینۆی چۆنیەتیی خەرجکردنی قازانجەکەیان کرد.

هەفتەیەك تێپەڕی، دواتر دوو هەفتە، دواتر مانگێك و دواتریش دوو مانگ. فرۆشتنەکان بە کەمی دەستیان پێ کرد و کەمتریش دەبوونەوە. کۆمپانیاکە ترسێکی بۆ دروست بوو، بۆیە توێژەرەکانی نارد بۆ ناو فرۆشگاکان تا بزانێت ئەوەی ڕوودەدا چییە. ڕەفەکان پڕ بوون لە بوتڵی سپڕای فێبریز کە هەرگیز دەستیان لێ نەدرابوو. ئەوان دەستیان کرد بە سەردانکردنی ئەو کابانانەی کە سپڕاکەیان بێ بەرانبەر پێ دابوون.

یەکێك لە کابانەکان بە توێژەرەکانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵی وت، "ئەها، بەڵێ! سپڕاکە! ئەوەم لەبیرە. با تەماشای بکەین." ژنەکە لە چێشتخانەکەدا لەسەر چۆك دانیشت و بە شپرزی دەستی بە گەڕان کرد لەناو دۆلابەکانی ژێر

سنگەکەیدا. "بۆ ماوەیەک بەکارم هێنا، بەڵام دواتر لەبیرم چوو بەکاری بهێنم. پێم وایە لە شوێنێکە لێرە لە بەشی دواوە." هەستایە سەرپێ و وتی، "لەوانەیە لە گەنجینەکەدا بێت." ڕۆیشت بۆ لای گەنجینەکە و پاڵی بە هەندێ گسکەوە نا. "بەڵێ! ئەوە سپراکەیە! لە دواوەیە! دەزانیت؟ ئەوە هێشتا پڕە و تەنیا کەمێکم لێ بەکارهێناوە. دەتانەوێت پێتان بدەمەوە؟"

سپرای فێبریز شکستی هێنا.

بە هەموو شێوەیەک ئەمە بۆ ستیمسن کارەسات بوو. جێبەجێکارانی ڕکابەری لە بەشەکانی دیکە هەستیان بە دەرفەتێک کرد لە شکستەکەی (ستیمسن)دا.

یەکێک لە سەرۆک بەشەکانی کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ڕێک خست و ئەوەی ڕاگەیاند ئەوان دەبێت زیانەکانی فێبریز کەم بکەنەوە، پێش ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن دەست بە پرسیارکردن بکەن. (ستیمسن)ی سەرۆک هەستایەوە و داخوازییەکی پڕسۆزی کرد و وتی، "هێشتا دەرفەت هەیە هەموو شتێک چاک بکەینەوە. لانی کەم، با پرسیار لەو کەسانە بکەین کە دکتۆرایان هەیە تا بزانین چی باسە." کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ بەم دواییانە زانای بەکرێ گرتبوو لە ستانفۆرد، کارنەگی میلۆن و هەر شوێنێکی تر کە پسپۆڕ دادەنران لە سایکۆلۆژیای بەکارهێنەردا. سەرۆک بەشەکە ڕازیبوو کە کاتی زیاتر بە بەرهەمەکە بدرێت.

بۆیە گرووپێکی نوێی توێژەرەکان پەیوەندیی بە گروپەکەی (ستیمسن)ەوە کرد و دەستیان کرد بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی زیاتر. یەکەمین کورتە باسی دەستەکەی ستیمسن لەبارەی هۆکاری سەرنەکەوتنی فێبریز ئەو کاتەبوو کە سەردانی ماڵی ژنێکیان کرد لە دەرەوەی فۆنیکی. ئەوان هەستیان بە بۆنی پشیلەکانیان کرد پێش ئەوەی بڕۆنە ناو ماڵەکە. ناو ماڵەکە خاوێن و ڕێکخراو بوو. خانمەکە بە چەشنێک لەبارەی خۆیەوە دوا وەک ئەوە لەو جۆرانە بێت کە زۆر گرنگی بە خاوێنی و ڕێکوپێکی دەدات. هەموو ڕۆژێک ناو ماڵەکەی گسک دەدا، بەڵام حەزی نەدەکرد پەنجەرەکان بکاتەوە، چونکە با تەپوتۆز دەهێنایە ژوورەوە. کاتێک ستیمسن و

هاوکارەکانی ڕۆشتنە ژووری دانیشتنەکە کە پشیلەکانیشی تێیدا دەژیا، بۆنە پیسەکە بە چەشنێك تیژ و بەهێزبوو کە بەهۆیەوە کەسێکیان ڕشایەوە.

یەکێك لە زاناکان لە ژنەکەی پرسی، "چی دەکەیت دەربارەی بۆنی پشیلەکانت؟"

ژنەکە وتی، "زۆربەی کات ئەوە کێشەیەك نییە."

زاناکە پرسیی، "زوو زوو هەست بە بۆنەکە دەکەیت؟"

ژنەکە وەڵامی دایەوە، "نۆه، بە نزیکەی یەك جار لە مانگێکدا."

توێژەرەکان تەماشای یەکتریان کرد.

زانایەك لێی پرسی،"ئێستا هەست بە بۆنەکە دەکەیت؟"

ژنەکە وتی، "نەخێر."

هەمان شت ڕوویدابوو لە ژمارەیەکی زۆری ماڵە بۆندارەکانی دیکەدا کە توێژەرەکان سەردانیان کردبوون. خەڵك هەستیان بە زۆرێك لە بۆنە ناخۆشەکانی ژیانیان نەدەکرد. ئەگەر تۆ لەگەڵ هەشت پشیلە بژیت، لە بەرانبەر بۆنە ناخۆشەکەیاندا بێهەست دەبیت. ئەگەر جگەرە بکێشیت، ئەوە جگەرەکە توانای بۆنکردنت لەناو دەبات، ناتوانیت چی دیکە هەست بە بۆنی دوکەڵ بکەیت. بۆنەکان زۆر نامۆن، تەنانەت تیژترینیان لەگەڵ بەرکەوتنی بەردەوامدا کاڵدەبێتەوە. بۆیە ستیمسن درکی بەوە کرد بۆچی کەس سپرای فێبریز بەکار ناهێنێت. ئامارەی بەرهەمەکە_ئەو شتەی کە پێویست بوو ببێت بە وروژێنەر بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە_شاردرابوویەوە لەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان بە سپراکە بوو. بۆنە ناخۆشەکان بەئاسانی هەستیان پێ نەدەکرا زۆر جار بۆ ئەوەی ببنە پاڵنەر بۆ خوویەکی ئاسایی، بۆیە لە دەرەنجامدا فێبریز کەوتبوویە بەشی پشتەوە لە گەنجینەکاندا. ئەو کەسانەی کە زۆرترین مەیلی بەکارهێنانی سپراکەیان هەبوو هەرگیز بۆنی بۆنە ناخۆشەکانیان نەدەکرد تا بەبیریان بێتەوە ژووری دانیشتنەکە پێویستە سپرای تێدا بپرژێنرێت.

دەستەکەی ستیمسن گەڕانەوە بۆ بارەگای سەرەکیی کۆمپانیاکەیان و لە ژوورە بێپەنجەرەکەی کۆنفرانسدا کۆ بوونەوە دووبار نووسراوی ئەو ژنەیان خوێندەوە کە

هەشت پشیلەی هەبوو. دەروونناسەکە پرسیاری کرد، چی ڕوودەدا ئەگەر تۆ لە کارەکەت دەربکرێیت. ستیمسن سەری لەنێو دەستەکانی خۆی دانا. ئەگەر نەو نەتوانێت سپرای فێبریز بەو ژنە بفرۆشێت کە ٨ پشیلەی هەیە، دەتوانێت بە کێی بفرۆشێت؟ چۆن خوویەکی نوێ بونیاد دەنێیت کاتێک هیچ ئاماژەیەکت نییە بۆ وروژاندنی بەکارهێنانی و، کاتێک کڕیارەکان زۆر پێویستیان پێیەتی بە پاداشتەکەی نازانن؟

## سێیەم

تاقیگەکە هیی وۆڵفرام شوڵتزە، پرۆفیسۆرێکی زانستی دەمار لە زانکۆی کامبریج، شوێنێکی جوان و سەرنجڕاکێش نییە. مێزەکەی کە لەسەر زاری هاوڕێکانیەوە وا باس کراوە کە کونێکی ڕەشە کە دۆسیەکان تێیدا بۆ هەمیشە ون دەبن. کاتێک شوڵتز پێویستی بێت شتێک پاکبکاتەوە سپرا یان خاوێنکەرەوە بەکارناهێنێت. کلینسێکی تەڕ دەکرد و بەتووندی دەیسڕی. ئەگەر جلەکانی بۆنیان وەک جگەرە یان تووکی پشیلە بێت، ئەو هەستی پێ ناکات یان گرنگی پێ نادات.

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو تاقیکردنەوەیانەی شوڵتز بەڕێوەی بردن لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا وەرچەرخانێکی بەسەر تێگەیشتنی ئێمە لە چۆنیەتیی کارکردنی ئاماژە و ڕۆتین و خووەکان هێنا. ئەو ڕوونی کردەوە بۆچی هەندێک لە ئاماژە و پاداشتەکان هێزیان زیاترە بە بەراورد بەوانی دیکە، شێوازێکی زانستی بەردەست خست کە ڕاڤەی ئەوەی دەکرد بۆچی پێپسۆدێنت ئەوەندە خواستی لەسەر بووە، وە چۆن هەندێک وەرزشکار و ڕێجیمکەر بەخێرایی دەتوانن خووەکانیان بگۆڕن _لە کۆتاییشدا چی کرا بۆ ئەوەی سپرای فێبریز بفرۆشرێت.

لە ساڵی ١٩٩٠ شوڵتز بەشێک بوو لە گرووپێک لە زانایان کە توێژینەوەیان لەسەر مێشکی چەند مەیمونێک دەکرد لەوکاتەی فێری جێبەجێکردنی هەندێک ئەرک بووبوون، وەک، ڕاکێشانی دەسک یاخود، کردنەوەی ئاوزەنگ. ئامانجیان لەو کارە دۆزینەوەی ئەو بەشە بوو کە بەرپرسیارە لە ئەرکە نوێیەکان.

شوڵتز پێی وتم، "ڕۆژێك تێبینیی ئەوە شتەم کرد و جێی بایەخ بوو بۆم، هەندێك لە مەیموونانەی ئێمە تەماشامان دەکردن حەزیان لە شەربەتی سێو بوو، هەندێکی دیکەیان حەزیان لە شەربەتی ترێ بوو، بۆیە من دەمویست بزانم چی دەگوزەرێت لە مێشکی ئەو مەیموونە بچووکانەدا. بۆچی پاداشتە جیاوازەکان بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری لەسەر مێشك دروست دەکەن؟

شوڵتز دەستی کرد بە زنجیرەیەك تاقیکردنەوە بۆ ناسینەوەی چۆنیەتیی کارکردنی پاداشت لەسەر ئاستی دەماری. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، لە ساڵی ١٩٩٠ ئەو ئامێرانەی بەدەست گەیشت کە هاوشێوەی هەمان ئەو ئامێرانە بوون کە توێژەرانی پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماساچیوسیتس بەکاریان دەهێنا. لەگەڵ ئەوەیشدا شوڵتز زیاتر لە جرجەکان حەزی لە مەیمونی وەك جولیۆ بوو، جێگیرکردنی ئامێرەکەی لە مێشکی مەیمونێکی چاو هەنگوینی لاواز کە کێشی سێ کیلۆ و نیو بوو مۆڵەتی بە شوڵتز دا ئەو چالاکییە دەمارییانە ئاشکرا بکات کە لە مێشکیدا ڕوویاندەدا.

ڕۆژێکیان، شوڵتز جولیۆی لەسەر کورسییەك لە ژوورێکی تاریکدا دانا و شاشەی کۆمپیوتەرەکەی کردەوە. ئیشی جولیۆ ئەوەبوو کە دەسکەکە ڕابکێشێت ئەو کاتەی کە شێوە ڕەنگاورەنگەکان (لولەی زەردی بچووك، هێڵی شین، نووسینی لارویری سوور) لەسەر شاشەکە دەربکەوتایە. ئەگەر جولیۆ دەست لە دەسکەکە بدات کاتێك شێوەکە دەردەکەوێت. ئەگەر جۆلۆ دەسکەکەی ڕابکێشایە لە کاتی دەرکەوتنی شێوەیەکدا، ئەوا دڵۆپێك شەربەتی توو بە لوولەیەکدا دەهاتە خوارەوە کە بە بنمیچەکەدا هەڵواسرابوو دەکەوتە سەر لێوی مەیمونەکە.

جولیۆ حەزی لە شەربەتی تووی ڕەش بوو.

جۆلیۆ سەرەتا بایەخێکی کەمی دەدا بەوەی کە لەسەر شاشەکە ڕوویدەدا. زۆربەی کاتەکانی بە خۆپێچدانەوە لەسەر کورسییەکە بەسەر دەبرد. بەڵام کاتێك یەکەم ژەمی شەربەتەکە گەیشت، جۆلیۆ بەتەواوی تیشکی خستەسەر شاشەکە. لەدوای دووبارەکردنەوەی هەمان کار بۆ دەیان جار مەیمونەکە تێگەیشت کە شێوەکانی سەر

شاشەکە ئاماژەیەکن بۆ ڕۆتینێک (دەستدان لە دەسکەکە) کە ئەوەش لە ئەنجامدا پاداشتێکی لێ دەکەوێتەوە (شەربەتی تووی ڕەش)، ئیدی چاوی بڕیە سەر شەشاکە بە چەشنێکی لێزەرئاسا. وازی لە خۆپێچدان هێنا. کاتێک نووسینێکی لاری ڕەنگ زەردە یان هێڵێکی شین لەسەر شاشەکە دەردەکەوت یەکسەر دەستی لە دەسکەکە دەدا. کاتێکیش شەربەتەکە دەگەیشتە سەر زاری بە دڵخۆشییەوە دەستی بە لێسانەوەی لێوەکانی دەکرد.



وەڵامدانەوەی جۆلیۆ بۆ پاداشتەکە ئەو کاتەی شەربەتەکە تامدەکات.

کاتێک شوڵتز چاودێریی چالاکی ناو مێشکی جۆلیۆی کرد، تێبینیی دەرکەوتنی شێوازێکی کرد. هەرکاتێک جۆلیۆ پاداشتەکەی وەردەگرت، چالاکیی ناو مێشکی زۆر بەرز دەبوویەوە، بە شێوەیەک کە ئاماژە بوو بۆ ئەزموونکردنی هەستێکی خۆش. ئەگەر بێتوو ئەو چالاکییە دەمارییە بە نووسین گوزارشتی لێ بکرێت وەک ئەوەیە مەیمونەکە بڵێت، "پاداشتەکەم بەدەست هێنا!"

شوڵتز چەند جارێک هەمان تاقیکردنەوەی لەسەر جۆلیۆ دووبارە کردەوە، لە هەموو جارەکانیشدا هەمان وەڵامدانەوەی دەماریی تۆمار کرد. هەر کاتێک جۆلیۆ شەربەتەکەی پێ بگەشتایە، شێوازای "پاداشتەکەم وەرگرت! لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەردەکەوت کە بە پشکنەرەکەی ناو مێشکی جۆلیۆوە بەسترابوو. بەهێواشی لە تێڕوانینە دەمارزانییەکەوە ڕەفتارەکەی جۆلیۆ بوو بە خوو.




ئەڵقەی خووی جۆلیۆ

ئەوەی بۆ شوڵتز زۆر جێگەی سەرنج بوو چۆنیەتیی گۆڕانبەسەرداهاتنی شتەکان بوو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تاقیکردنەوەکە. کاتێک مەیمونەکە زیاتر و زیاتر ئەزموونی تاقیکردنەوەکەی کرد (کاتێک خووەکە زیاتر و زیاتر بەهێز بوو) مێشکی جۆلیۆ دەستی کرد بە چاوەڕوانکردنی شەربەتەکە. پشکنەرەکانی شوڵتز دەستیان کرد بە تۆمارکردنی شێوازی"پاداشتەکەم وەرگرت!" هەر ئەو دەمەی کە جۆلیۆ شێوەکانی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە دەبینی، پێش ئەوەی شەربەتەکەی پێ بگات.




ئێستا، وەڵامدانەوەی پاداشتەکەی جۆلیۆ پێش گەیشتنی شەربەتەکە ڕوودەدات

بە واتایەکی دیکە، شێوەکانی سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە تەنیا ئاماژەیەک نەبوون بۆ ڕاکێشانی دەسکەکە، بەڵکوو ئاماژەیەک بوون بۆ وەڵامدانەوەیەکی خۆشی لەناو مێشکی مەیمونەکەدا. جۆلیۆ دەستی کرد بە ئەزموونکردنی پاداشتەکەی هەرزوو دوای بینینی لوولە زەردەکان و نووسینە لارە ڕەنگ سوورەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە.

دواتر شوڵتز تاقیکردنەوەیەکی ڕێک خست. پێشتر، هەرکاتێک جولیۆ دەسکەکەی ڕاکێشابوو بەخێرایی شەربەتی وەرگرتبوو. ئێستا، هەندێک کات، بە هیچ شێوەیەک شەربەتی دەست نەدەکەوت، تەنانەت ئەگەر جولیۆ کارەکەیشی بەدروستی جێبەجێ بکردایە. یان شەربەتەکە دوای کەمێک دەگەیشت. یان بە ئاو ڕووندەکرایەوە تاوەکوو شیرینییەکەی دەبوویە نیو هێندە.

کاتێک شەربەتەکە نەدەگەیشت یان درەنگ دەگەیشت یان، شەربەتێکی ڕوونکراوە بوو، جولیۆ تووڕە دەبوو و دەنگێکی خەماوی دروست دەکرد. هەروەها شوڵتز تێبینیی دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی کرد لەناو مێشکی جولیۆدا: تامەزرۆیی. کاتێک جولیۆ چاوەڕێی شەربەتی دەکرد، بەڵام پێی نەدەگەیشت، شێوازێکی دەماری کە پەیوەستبوو بە خواست و بێزارییەوە لەناو کەللەسەردا دەردەکەوت. کاتێک جولیۆ ئاماژەکەی دەبینی، دەستی دەکرد بە چاوەڕوانکردنی ئەزموونکردنی شتێکی خۆش کە سوتەمەنییەکەی شەربەتێکی میووە بوو. بەڵام ئەگەر شەربەتەکە نەگەیشتایە، خۆشییەکە دەبوو بە تامەزرۆیەک کە ئەگەر تێرنەکرایە دەبووە هۆی تووڕەبوون یان نیگەرانبوونی جۆلیۆ.

توێژەرەکان لە تاقیگەکانی دیکەدا، شێوازگەلی هاوشێوەیان دۆزییەوە. مەیمونەکانی دیکە ڕاهێنرابوون بۆ چاوەڕوانکردنی شەربەتی میووە هەرکاتێک شێوەیەکیان لەسەر شاشەکە بەدی کرد. دواتر توێژەرەکان ویستیان سەر لە مەیموونەکان بشێوێن. ئەوان دەرگای تاقیگەکەیان کردبوویەوە، بەو چەشنەیش مەیموونەکان دەیانتوانی بڕۆنە دەرەوە و یاری لەگەڵ هاوڕێکانیان بکەن. پاش

ئەوەش خواردنیان لە سوچێکدا بۆ دانان، بۆیە مەیموونەکان دەیانتوانی خواردن بخۆن ئەگەر وازیان لە تاقیکردنەوەکە بهێنایە.

بۆ ئەو مەیمونانەی کە پەرەیان بە خوویەکی بەهێز نەدابوو، سەرلێتێکدانەکە سوودی هەبوو. لە سەر کورسییەکە دەهاتنە خوارەوە و ژوورەکەیان بەجێدەهێشت و هەرگیز تەماشای دوەوەیان نەدەکردەوە. ئەوان فێری تامەزرۆیی نەبووبوون بۆ شەربەتەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێك مەیمونێك پەرەی بە خوویەکی دا_کاتێك مێشکی چاوەڕوانیی پاداشتەکە بوو_ سەرلێتێکدانەکەکان هیچ سەلێشێواوییەکی دروست نەکرد. ئاژەڵەکە لەوێ دادەنیشت و تەماشای مۆنیتەرەکەی دەکرد و دووبارە و دووبارە دەسکەکەی ڕادەکێشا، بەبێ گرنگیدان بە پێشکەشکردنی خواردن یان دەرفەتی ڕۆشتنەدەرەوە. چاوەڕوانییەکە و هەستی تامەزرۆییەکە ئێجگار گەورە بوو کە مەیمونەکە دەمایەوە و لکابوو بە شاشەکەیانەوە، بە هەمان شێوەی کەسێکی قوومارچی یاریی سەرباری دۆڕانیشی هەر بەردەوام دەبێت لە یاریکردن.

ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی خووەکان زۆر بەهێزن: ئەوان تامەزرۆییەکی دەماری دروست دەکەن. زۆربەی کاتەکان ئەم تامەزرۆییانە زۆر بەهێواشی دروست بوون کە ئێمە بەڕاستی ئاگاداری بوونیان نین، بۆیە زۆر جار ئێمە بێئاگاین لە کاریگەرییەکانیان. بەڵام کاتێك ئێمە ئاماژەکان بە پاداشتە دیاریکراوەکانەوە هاوپەیوەند دەکەین، تامەزرۆی نائاگایانە لە مێشکماندا دروست دەبێت کە دەست دەکات بە خستنەکاری ئەڵقەی خوو. بۆ نموونە توێژەرێك لە کۆرنێل ئەوەی دۆزییەوە تامەزرۆییەکانی خواردەمەنی و بۆن چەند بە بەهێزی دەتوانن کاربکەنە سەر ڕەفتاری تاکەکان، لە ڕێگەی تێبینیکردنی هەڵبژاردنی شوێنی دوکانەکانی فرۆشتنی دارچینی لەناو مۆڵەکاندا. زۆرێك لە خواردەمەنی فرۆشەکان کۆشکەکانیان لە ناوچەی تایبەت بە خواردەمەنیدا جێگیر دەکەن. بەڵام دارچینی فرۆشەکان هەوڵدەدەن دوکانەکانیان دوور لە کۆشکی خواردەمەنی فرۆشەکان دابنێن. بۆچی؟ لەبەرئەوەی دارچینی فرۆشەکان دەیانەوێت بۆنی لوولە دارچینییەکان بە ڕاڕەوەکاندا و هەموو سوچێکی ئەو دەوروبەرەدا بڵاوببێتەوە بەبێ هیچ ڕێگری و بەربەستێك. بۆ ئەوەی بازاڕکەرەکان

بێئاگایانە تامەزرۆیی لوولە دارچینییەك بن. كاتێك بازاڕكەرێك لە گۆشەیەكەوە پێچ دەكاتەوە چاوی دەكەوێتە سەر دوكانێكی دارچینیفرۆش، ئەو تامەزرۆییە دڕندەیەكی نەڕینەرە لە مێشكیدا و وای لێ دەكات بەبێ بیركردنەوە دەست بۆ جزدانەكەی ببات. ئەڵقەی خوو لە كاردایە، چونكە تامەزرۆییەك هاتووەتە ئاراوە.

شوڵتز پێی وتم، "هیچ شتێك لە مێشكماندا بەرنامەڕێژ نەكراوە كە وامان لێ بكات لە كاتی بینینی قوتویەكی چۆرەكدا بە شێوەیەكی خۆڕسكانە ژەمە خواردنێكی شیرینمان بوێت. بەڵام كاتێك مێشكمان فێر دەبێت كە قوتووی دۆناتەكە پڕیەتی لە شیرینیی بەتام و كاربۆهیدراتەكانی دیكە، دەستدەكات بە پێشبینیكردنی شەكر بە ڕێژەیەكی زۆر. مێشكمان پاڵمان پێوە دەنێت بەرەوو قوتوەكە. دواتر ئەگەر ئێمە دۆناتەكە نەخۆین، هەست بە بێهیوایی دەكەین.

بۆ تێگەیشتن لەم ڕەوتە، سەرنج بدە سەرەتا چۆن خووی جولیۆ دروست بوو، ئەو شێوەكەی لەسەر شاشەكە بینی:




بە تێپەڕبوونی كات، جولیۆ فێر بوو كە دەركەوتنی شێوەكە مانای كاتی جێبەجێكردنی ڕۆتینەكەیە. بۆیە دەسكەكەی ڕادەكێشا:




لە دەرەنجامدا، جولیۆ دڵۆپێك لە شەربەتی شاتووی ڕەشی بەدەست دەهێنا.




ئەوە فێربوونی سەرەتاییە. خووەکە تەنیا کاتێک دروست دەبێت کە جولیۆ دەست بە تامەزرۆیی دەکاتبۆ شەربەتەکە کاتێک ئاماژەکە دەبینێت. کاتێک ئەو تامەزرۆییە بوونی دەبێت، جولیۆ بە شێوەیەکی خۆڕسکانە کار دەکات. ئەو شوێن خووەکە دەکەوێت.




ئەڵقەی خووی جوڵیۆ

بەم شێوەیە خووی نوێ دروست دەبێت: بە کۆکردنەوەی ئاماژەیەک، ڕۆتینێک و، پاداشتێک و دواتر پەروەردەکردنی تامەزرۆیەک کە هانی ئەڵقەکە بدات. جگەرە بە نموونە وەربگرە. کاتێک جگەرەکێش ئاماژەیەک دەبینێت– وەک قسەیەک، پاکەتی مالیبۆرۆ_مێشکی دەست دەکات بە چاوەڕوانی بۆ بڕێک لە نیکۆتین.




تەنیا بینینی جگەرەکە بەسە بۆ مێشک بۆ تامەزرۆیی لێشاوی نیکۆتین ئەگەر نیکۆتینەکە نەگەیشت بە مێشک، تامەزرۆییەکە زیاد دەکات تاوەکوو جگەرەکێشەکە بەبێ بیرکردنەوە دەست بۆ مالیبۆرۆ دەبات.

یان ئیمەیڵ بە نموونە وەربگرە. کاتێک کۆمپیوتەرێک زەنگی نامەی هاتوو لێ دەدات، یان مۆبایلێم دەلەرێتەوە لە کاتی گەیشتنی کورتەنامەیەکی تازە، مێشک دەستدەکات بە چاوەڕوانیی بیربڵاوییەکی کورتخایەن کە کردنەوەی ئیمەیڵەکە دەستەبەری دەکات. ئەو چاوەڕوانییە گەر تێرنەکرێت، دەشێت زۆر ببێت تا کۆبوونەوەیەک پڕ دەکرێت لە جێبەجێکاری بیرئاڵۆز کە چاودێریی بلاکبێرییە گیزەگیزکەرەکانیان دەکەن، تەنانەت ئەگە بشزانن ئەو گیزەیە دواهەمین دەرەنجامەکانی فانتازی فتبۆڵیانن. (لە لایەکی دیکەوە گەر کەسێک ئەو گیزەیە لە کاربخات_ ئامۆژەکە بسڕێتەوە_ تاکەکان دەتوانن بۆماوەی چەند کاتژمێرێک کار بکەن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە چاودێریی نامە هاتووەکانیان بکەن.)




زانایـان لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر مێشـکی کەسـانی ئـالوودەبوو، جگـەرەکێش و زۆرخۆرەکـان کـردەوە، پێوانـەی ئـەوەیان کـردووە کـە چـۆن پێکهاتـەی دەمـاریی ئـەو کەسـانە_پێکهاتـەکانی مێشـک و هاتوچـۆی مـاددە کیمیاییـیـە دەماریـیـەکانی نـاو مێشکیان_دەگۆڕێت لەگەڵ ڕیشەداکوتانی تامەزرۆییەکاندا. دوو توێـژەر لە زانکۆی میشیگن نووسـیوویانە بـە تایبـەت خـووە بـەهێزەکان وەڵامدانـەوەی هاوشـێوەی ئالوودەبوون دروست دەکەن بە چەشنێك، "ویستن گەشە دەسێنێت بۆ تامەزرۆییەکی خولیاگەرانـە،" کـە لـە توانایدایـە مێشـکمان بحاتـە بـارێکی ناهۆشـیارییەوە لـەبارەی ڕەفتاری خوود،"تەنانەت بە ڕووی ڕێگریی بەهێزیشدا، کە لەدەستدانی ناوبانگ و کار و ماڵ و خێزانیش لەخۆ دەگرێت."

هەرچەندە ئەم ئەم تامەزرۆییانە دەسەڵاتی تەواویان بەسـەرماندا نییە. هـەروەك لـە بەشـی داهـاتوودا شـرۆڤەی دەکـات، هەنـدێك میکـانیزم هـەن کـە یارمـەتیمان دەدەن فریودانـەکان فـەرامۆش بکـەین. بـەڵام بـۆ زاڵبـوون بەسـەر خووەکانـدا، دەبێـت ئـەو تامەزرۆییانە بناسینەوە کە هاندەری ڕەفتارەکانمانن. ئەگەر هاتوو ئێمە بەئاگا نەبین لـەبارەی چـاوەڕوانییەکانەوە، هاوشـێوەی بازارکـەرەکان دەبـین کـە بـۆ دوکـانی دارچینیفرۆش دەگەڕێن، وەك ئەوەی بڵێن هێزێکی نادیار پاڵیان پێوە دەنێت.

•••

بۆ تێگەیشتن لە هێزی تامەزرۆیی لە دروستکردنی خوو، سەرنجی دروستبوونی خووی وەرزشکردن بدە. لە ساڵی ٢٠٠٢ توێژەرەکان لە زانکۆی ویلایەتی نیو مێکسیکۆ ویستیان بزانن بۆچی خەڵک بە شێوەیەکی ئاسایی وەرزش دەکەن. لێکۆڵینەوەیان لەسەر ٢٦٦ کەس کرد، کە زۆرێک لەوان لە هەفتەیەکدا بە لانی کەم سێ جار وەرزشی دەکرد. ئەوەی دۆزییانەوە ئەوە بوو زۆرێک لەو کەسانە دەستیان بە ڕاکردن یان بەرزکردنەوەی قورسایی کردووە تەنیا وەک حەزێک، یان لەبەرئەوەی کتوپڕ کاتی بەتاڵیان هەبووە یان، ویستوویانە بەرەنگاری گوشارە دەروونییە چاوەڕوانکراوەکانی ژیان ببنەوە. بەڵام هۆکاری بەردەوامبوونیان (دروستبوونی خووی وەرزشکردن) لەبەر تامەزرۆبوونیان بووە بۆ پاداشتێکی دیاریکراو.

لە گرووپێکیاندا، لە ٩٢٪ی بەشداربووان وتیان بە شێوەیەکی خوگرتووانە ڕاهێنان دەکەن چونکە، ڕاهێنان وایان لێ دەکات هەست بە باشی بکەن. ئەوان هەستی چاوەڕوانی و تامەزرۆییان بۆ ئیندرۆفین مادده دەمارییەکانی دیکە زیادی کردبوو کە ڕاهێنانکردن بۆی دەستەبەر دەکردن. لە گرووپێکی دیکەیاندا، لە ٦٧٪ی بەشداربووان وتیان ڕاهێنانکردن "هەستی بەدەستهێنانمان" پێ دەبەخشێت_ئەوان تامەزرۆیی هەستێکی بەردەوامی سەرکەوتنیان پەیدا کردبوو لە شوێنکەوتنی نواندنەکەیان، وە ئەو پاداشتە خودییە بەس بوو بۆ ئەوەی چالاکییە جەستەییەکە بکات بە خوویەک.

ئەگەر دەتەوێت دەست بە ڕاکردن بکەیت هەموو بەیانییەک، ئەوە زۆر گرنگە ئاماژەیەکی سادە هەڵبژێریت (وەک، هەمیشە بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانت پێش خواردنی نانی بەیانی یان، بەجێشهێشتنی جلە وەرزشییەکانت لە نزیک جێگەی نووستنەکەت) هەروەها پاداشتێکی ڕوون و ئاشکرا (وەک، ژەمی نیوەڕ، هەستی بەدەستهێنان لە تۆمارکردنی میللەکانت، لێشاوی ئەو ئیندرۆفینەی کە لە ڕاکردنەوە دەستت دەکەوێت) بەڵام توێژینەوە بێشومارەکان ئەوەیان نیشان داوە کە ئاماژە و پاداشتێک بەتەنیا بەس نییە بۆ خوویەکی نوێ بۆ بەردەوامبوون. تەنیا کاتێک مێشکت دەستی کرد بە چاوەڕێکردنی پاداشتەکە (دەکرێت تامەزرۆیی ئیندرۆفین

یان هەستی بەدەستهێنان بێت) هەموو بەیانییەك لە پێكردنی پێڵاوە وەرزشییەكانت دەبێتە كارێكی خۆڕسك. ئاماژەكە جگە لەوەی دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕۆتین، دەبێت تامەزرۆیییەكیش بۆ پاداشت دروست بكات.




دوای ئەوەی وۆلفرەم شوڵتزم كە زانایەكی بواری دەمارییە بۆی ڕوون كردمەوە چۆن تامەزرۆیی دروست دەبێت، پێم وت مۆڵەت بدە من دەربارەی ئەو كێشەیەی هەمە پرسیارت لێ بكەم، "منداڵێكی دووساڵانم هەیە، كاتێك لەماڵەوەم نانی ئێوارەی پێ دەدەم، خۆیشم دەست درێژ دەكەم پارچە مریشك و شتی لەو شێوەیە دەخۆم بەبێ ئەوەی بیربكەمەوە دەربارەی ئەوە. ئەوە بووە بە خوویەك، بەو هۆیەیشەوە ئێستا من كێشم لە زیادبووندایە."

شوڵتز وتی، "هەموو كەسێك ئەوە دەكات." خۆی سێ منداڵی هەبوو، هەموویان گەورە بوون ئێستا. كاتێك منداڵ بوون، ئەو بەبێ بیركردنەوە كەمێك لە خواردنەكانی ئەوانی دەخوارد. شوڵتز پێی وتم، "بە شێوەیەك ئێمە لە مەیمون دەچین. كاتێك مریشك و پەتاتەی سورەكراو دەبینین لەسەر مێزەكە، مێشكمان دەست دەكات بە چاوەڕوانیی ئەم خواردنانە، تەنانەت ئەگەر برسیشمان نەبێت. مێشكمان تامەزرۆ دەبێت بۆیان. لە ڕاستیدا، من حەزم لەم جۆرە خواردنانە نییە، بەڵام كتوپڕ سەختە لەگەڵ ئەم هاندانەدا بجەنگێیت. وە هەر خێرا دوای ئەوەی كە خواردم، هەست بە

چێژێکی زۆر دەکەم ئەوەش لە ئەنجامی تێرکردنی تامەزرۆییەکەمەوەیە. ئەم شکێنەرە، بەڵام چۆنیەتیی کارکردنی خووەکانە بەم چەشنەیە.

ئەو وتی، "پێم وایە دەبێت سوپاسگوزار بم، لەبەرئەوەی هەمان ڕەوت مۆڵەتی بە من دا خووی باش دروست بکەم. بە سەختی کارم کرد لەبەرئەوەی پێشبینیی پێزانین دەکەم لە دۆزینەوەکەوە. ڕاهێنان دەکەم چونکە، پێشبینی دەکەم دواتر هەست بە باشی بکەم. تەنیا خۆزگە دەخوازم توانای هەڵبژاردنم هەبێت و باشتر هەڵبژێرم."

## چوارەم

دوای چاوپێکەوتنە خراپەکەیان لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کە خاوەنی ٨ پشیلە بوو، دەستەکەی دارك ستیمسن لە کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ، دەستیان بە گەڕان کرد بەدوای یارمەتیدا لە دەرەوەی کەناڵە ئاساییەکەیان. دەستیان کرد بە خوێندنەوەی تاقیکردنەوەکان، وەك ئەو تاقیکردنەوانەی کە جێبەجێ کرابوون لەلایەن واڵفرەم شوڵتزەوە. داوایان لە پرۆفیسۆرێکی قوتابخانەی بازرگانیی هارڤەرد کرد بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیەکی دەروونی بۆ هەڵمەتی ڕیکلامی فێبریز. چاوپێکەوتن لەدوای چاوپێکەوتنیان دەکرد لەگەڵ بەکارهێنەراندا، بۆ شتێك دەگەڕان کە نیشانەیەکیان پێ بدات کە چۆن فێبریز بکەن بە بەشێکی ئاسایی ژیانی بەکارهێنەران.

ڕۆژێکیان، ڕۆشتن بۆ قسەکردن لەگەڵ ئافرەتێکدا لە دەوروبەری شار سکۆتسدەیڵ. ئەو ئافرەتە لە چلەکانی تەمەنیدا بوو چوار منداڵیشی هەبوو. ماڵەکەی خاوێن بوو، بەڵام زۆر ڕێکوپێك نەبوو. ئەوەی بۆ توێژەرەکان جێگەی سەرسامی بوو ئەوە بوو کە ئەو ژنە حەزی لە سپرای فێبریز بوو.

ژنەکە پێی وتن، "من هەموو ڕۆژێك سپراکە بەکاردەهێنم."

ستیمسن وتی، "تۆ هەموو ڕۆژێك بەکاری دەهێنیت؟" ماڵەکە لە جۆرە شوێنانە نەدەچوو کە کێشەی بۆنی ناخۆشی هەبێت. هیچ ئاژەڵێکی ماڵی تێدا نەبوو. هیچ

کەسێکی جگەرەکێش لەوێ نەبوو. "چۆن؟ هەوڵدەدەیت لە چ بۆنێکی ناخۆش ڕزگارت ببێت؟"

ژنەکە وتی، "لە ڕاستیدا بۆ بۆنێکی دیاریکراو بەکاری ناهێنم. مەبەستم ئەوەیە، ئێوە دەزانن من کوڕم هەیە کە بەتەمەنی هەرزەکاریدا تێدەپەڕن ئەگەر ژوورەکانیان پاك نەکەمەوە بۆنی ژووری خۆگۆڕینی لێیە. بەڵام بەڕاستی من بەو شێوەیە بەکاری ناهێنم. من بۆ پاککردنەوەی ئاسایی بەکاری دەهێنم، ئەوە ڕێگەیەکی باشە بۆ ئەوەی بۆنی هەموو شتێك خۆش بکەیت وەك کۆتا دەستکاری."

توێژەرەکان وتیان ئاساییە تەماشای بکەن لە کاتی ماڵ خاوێنکردنەوەدا. ژنەکە لە ژووری نوستنەکەدا چەرچەفەکانی سەر سیستەمەکەی ڕێك خستەوە و پشتیەکانی کۆ کردەوە و گۆشەکانی چەرچەفەکەی توونت کردەوە، دواتر بوتڵی سپڕاکەی هێنا و پرژاندی بەسەر لێفە سافەکاندا. لە ژووری دانیشتنەکەدا، پێڵاوی منداڵەکانی هەڵگرتەوە و مێزی قاوەکەی ڕێك کردەوە، دواتریش سپڕاکەی پرژاند بەسەر فەرشە تازە خاوێن کراوەکاندا. ژنەکە وتی، "ئەوە شتێکی خۆشە دەزانن؟ پرژاندنی سپڕا بەسەر ژوورەکاندا لە کۆتایی خاوێنکردنەوەیاندا وەك ئاهەنگێڕانێکی بچووکە. بەو ڕێژەیەی کە ئەو ژنە فێبریزی بەکار دەهێنا، ستیمسن خەمڵاندنی کە هەر دوو هەفتە جارێك بوتڵێکی بەکار دەهێنێت.

کۆمپانیای پرۆکتە ئاند گامبڵ، لەماوەی چەند ساڵێکدا هەزاران کاتژمێر ڤیدیۆی خەڵکیان کۆ کردەوە کە ماڵەکانیان خاوێن دەکردەوە. کاتێك توێژەرەکان گەڕانەوە بۆ شاری سینسیناتی، هەندێك لەوان ئێوارەیەکی لە تەماشاکردنی ڤیدیۆکاندا بەسەربرد. بەیانیی ڕۆژی داهاتوو، یەکێك لە زاناکان، داوای لە دەستەی فێبریز کرد لە ژووری کۆنفرانس کۆببنەوە. ئەو خستییە سەر ڤیدیۆی ئافرەتێکی تەمەن بیست و شەش ساڵ کە خاوەنی سێ منداڵ بوو. ئافرەتەکە سیستەمەکەی ڕێك خستەوە. چەرچەفەکانی ڕێك کرد و سەرینەکانی چاك کرد. دواتر زەردەخەنەیەکی دەکرد و ژوورەکەی بەجێ دەهێشت.

زاناکە بەپەرۆشییەوە لێی پرسین، "ئەوەتان بینی؟"

دواتر خستیە سەر ڤیدیۆیەکی دیکە کە ئافرەتێکی ئەسمەری گەنج سەرخەری جێگەکەی بڵاو کردەوە، سەرینێکی ڕێک کردەوە، زەردەخەنەیەکی کرد و ژوورەکەی بەجێ هێشت. زاناکە وتی، "هەمان شت ڕوویدا دووبارە!" ڤیدیۆی دواتر، ئافرەتێک بوو کە جلی مەشقکردنی پۆشیبوو، چێشتخانەکەی ڕێک خست و کەوانتەرەکەی سرییەوە پێش ئەوەی بە ئاسوودەیی ڕاکشێت و دەست بە وەرزش بکات.

زاناکە تەماشایی هاوکارەکانی کرد.

لێی پرسین، "ئەوەتان بینی؟"

دواتر وتی، "هەریەک لەوان کارێک دەکات کە هەست بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی بکات کاتێک تەواو دەبن لە خاوێنکردنەوە. ئێمە دەتوانین کارەکەی خۆمان لەسەر ئەوە بونیادبنێینەوە. چی دەبێت ئەگەر فێبریز شتێک بێت کە لە کۆتاییی خاوێنکردنەوە ئەنجام بدرێت لەباتیی سەرەتا؟ بۆچی سپراکە نەکەین بە بەشێک لە خۆشیی لێبوونەوە لە کۆتاییی خاوێنکردنەوەدا؟

دەستەکەی ستیمسن تاقیکردنەوەیەکی تریشیان کرد. ڕیکلامەکانی پێشتری بەرهەمەکە جەختی لەسەر نەهێشتنی بۆنی ناخۆش دەکردەوە. کۆمپانیاکە پۆستەری نوێی چاپ کرد کە پەنجەرەی کراوە و شنەبای هەوای تازەی نیشان دەدا. بۆنی زیاتریان زیاد کرد بۆ ڕەچەتەکە، لەبەرئەوە لەباتیی ئەوەی فێبریز تەنیا بۆنە ناخۆشەکان نەهێڵێت بۆنی تایبەتی خۆشی هەبێت. ڕیکلامە تەلەڤیزیۆنییەکان ڤیدیۆی ئەو ئافرەتانە بوون کە سپرای فێبریزیان دەپرژاند لە جێگە ڕێکراوەکانیان و جلوبەرگە شۆردراوەکانیان. دروشمی ڕیکلامی پێشتریان بریتیبوو لە، "بۆنە ناخۆشەکان لەسەر کەلوپەلەکانتان لاببەن." لە ڕیکلامە نوێیەکاندا گۆڕییان بەمە، "بۆنەکانی ژیان خاوێن دەکاتەوە."

هەر گۆڕانکارییەک بۆ برەویان بە ئاماژەیەکی دیاریکراوی ڕۆژانە دیزاین کرابوو: پاککردنەوەی ژوورێک. ڕێکخستنی جێگەی نوستن و گسکلێدان. لە هەر یەکێکیاندا، فێبریز وەک پاداشتێک ناسێنرابوو: ئەو بۆنە خۆشەی کە بڵاو دەبوویەوە لە کۆتاییی ڕۆتینی خاوێنکردنەوەکەوە. لە هەمووی گرنگتر، هەر ڕیکلامێک بە چەشنێک

خـەملێنرابوو کـە ببێتـە هـۆی تامەزۆرییـەک: شـتەکان بۆنیشـیان وەک شـێوەیان چێژبەخش دەبێت لە کاتی کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی خاوێنکردنەوە. کێشەکە ئەوە بوو کـە بەرهەمەکـە بـۆ لـەناوبردنی بـۆنی نـاخۆش بەرهـەم هێنرابـوو بـەڵام گـۆڕدرا بـۆ پێچەوانەکەی. لەباتیی ئەوەی بۆنە ناخۆشەکان لەسەر کوتاڵە پیسەکان لەناو ببات، بوو بە هەوایەکی تازە کە لە کۆتاییی پاککردنەوەدا بەکار دەهات، ئەو کاتەی شتەکان خۆیان خاوێن بوون.

کاتێک توێژەرەکان گەڕانەوە بۆ ماڵی بەکارهێنـەرەکان لـە دوای ڕیکلامە نوێیەکان و بەخشـینی بوتڵـە نوێیـەکانی فێبریـز، بۆیـان دەرکـەوت هەنـدێک کابـانی مـاڵ لـە تاقیکردنـەوەی بـازاڕدا دەسـتیان کـردەوە بـە چـاوەڕێکردنی (تامـەزرۆیی) بـۆ بـەنی فێبریـز. ئافرەتێکیـان وتـی، کاتێـک بـوتڵی سـپڕاکەی بـەتاڵ بـوو، تـەنیا کـەمێک بـۆنی پرژاندووە لە جلەکان." چونکە گەر لە کۆتاییدا بۆنی شتێکی خۆش نەکەم. بەڕاستی وا دیار نییە پۆشاکەکە خاوێن بوویێتەوە."

ستیمسن پێـی وتم، "پاسـەوانی پارکەکە کە کێشـەی بۆگـەنی لە ماڵەکەیدا هـەبوو ئێمەی بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا برد. وای لە ئێمە کرد پێمان وا بێت فێبریز سەرکەوتوو دەبێت بە دابینکردنی چارەسەرێک بۆ کێشـەیەک. بەڵام کێ دەیەوێت دان بەوەدا بنێ کە ماڵەکەی بۆگەنە؟"

"ئێمە بەتەواوی بە هەڵە لەوەمان ڕوانی بوو. هیچ کەسێک تامەزرۆی بێبۆنی نییە. لەلایەکی دیکەوە هەموو کەسێک تامەزرۆی بۆنێکی خۆشە پاش ئەوەی سی خوولەک لە خاوێنکردنەوەدا بەسەر دەبەن."




ئەڵقەی خووی فێبریز

لە هاوینی ساڵی ١٩٩٨، خستنەڕووی دووبارەی سپرای فێبریز ڕوویدا. لە ماوەی دوو مانگدا فرۆشتنەکان بوون بە دوو هێندە. لە ماوەی ساڵێکدا کڕیارەکان زیاتر لە ٢٣٠ ملیۆن دۆلاریان لە بەرهەمەکەدا خەرج کردبوو. لەو کاتەیشەوە کۆمپانیاکە چەندان بەرهەمی دیکەی وەک، ئایە فرێشنەر، سپرای چێشتخانە و خاوێنکەرەوەی جلشۆرین و مۆم کە ساڵانە فرۆشیان زیاتر لە یەک ملیار دۆلارە. لە کۆتاییشدا، کۆمپانیای پرۆکتەر ئاند گامبڵ دەستیان کرد بە باسکردن و شرۆڤەکردنی ئەوە بۆ کڕیارەکانیان کە سپراکە لە پاڵ بۆنە خۆشەکەیشیدا بۆنی ناخۆشیش لەناودەبات.

ستیمسن پلەی بەرز کرایەوە و دەستەکەیشی پاداشت کران. یاساکە کاری کرد و سەرکەوتوو بوون. ئەوان ئاماژەگەلێکی سانا و ئاشکرایان دۆزیبوویەوە و بەئاشکرا پاداشتەکەیان دیاری کردبوو.

بەڵام تەنیا کاتێک ئەوان هەستی تامەزرۆییان دروست کرد (ئارەزووی ئەوەی شتەکان بۆنیشیان خۆش بێت وەک شێوەیان کە جوان و ڕێکە) سپرای فێبریز سەرکەوتوو بوو. ئەو تامەزرۆیییە بەشێکی گرنگە لە هاوکێشەکە بۆ دروستکردنی خووی نوێ کە کلاود هۆپکینزی پیاوەکەی ڕیکلامی پێپسۆدێنت هەرگیز درکی پێ نەکردبوو.

# پێنجەم

لە کۆتا ساڵەکانی ژیانیدا هۆپکینز کاتەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ وانەوتنەوە لە خوولەکاندا. قسەکانی دەربارەی "یاسا زانستییەکانی ڕیکلامکردن" سەرنجی هەزاران کەسی بەلای خۆیدا ڕا کێشا. لەسەر سەکۆکان، هەمیشە خۆی بەراورد دەکرد بە تۆماس ئەدیسۆن و جۆرج واشنتن و، پێشبینیی گەورەی دەکرد بۆ داهاتوو (تایبەتمەندیی ئۆتۆمبێل فڕین لە هەرە دیارەکانیان بوو.) بەڵام هەرگیز باسی تامەزرۆیی و ڕەگی دەماری ئەڵقەی خووی نەکرد. دواتریش ٧٠ ساڵی دیکەی خایاند تاوەکوو زاناکانی پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماسەچیوتس و وەلفرەم شوڵتز تاقیکردنەوەکانیان جێبەجێ کرد.

کەواتە هۆپکینز چۆن توانیی خوویەکی بەهێزی ددانشۆردنی لەم چەشنە بونیاد بنێت بەبێ سوودوەرگرتن لەو تێگەیشتنانە؟

باشە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە هۆپکینز لە ڕاستیدا سوودی لە دۆزینەوەکانی پەیمانگای تەکنەلۆجیای ماسەچیوتی و دۆزینەوەکان لەناو تاقیگەکەی شوڵتز وەرگرتووە، تەنانەت ئەگەر کەسیش درکی بەوە نەکردبێت لەو کاتەدا.

ئەزموونەکان هۆپکینز لەگەڵ هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێنت بەو چەشنە سانا نەبوون وەك ئەوەی خۆی لە یاداشتەکانیدا لەبارەیانەوە دەدوێت. هەرچەندە، ئەو شانازی بەوەوە دەکرد کە ئاماژەیەکی سەرنجڕاکێشی لە توێژاڵی ددانـدا دۆزیبووییەوە و شانازی بەوەیشەوە دەکرد کە یەکەم کەس بووە کە پاداشتێکی ئاشکرای ددانێکی جوانی بە بەکارهێنەران بەخشیووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هۆپکینز داهێنەری ئەو تەکنیکانە نەبووە و بگرە زۆر دوورە لەویشەوە. سەرنج بدە، بۆ نموونە، هەندێك لە ڕیکلامەکان بۆ هەویری ددانشۆردن لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پڕ کردبوویەوە تەنانەت پێش ئەوەی هۆپکینز بزانێت کە پێپسۆدێنت بوونی هەیە.

پێکهاتەکانی ئەم ئامادەکراوە بە تایبەت بۆ ڕێگریکردنە لە کەڵەکەبوونی کلس لە دەوروبەر ملی ددانەکان "ئەو توێژاڵە پیسە پاك بکەنەوە!"

لە کاتێکدا کە هۆپکینز سەرقاڵی تەماشاکردنی کتێبەکانی بواری پزیشکیی ددان بوو، ڕیکلامێکی هەویری ددانشۆردن دەرکەوت، کە ڕیکلامەکەی بەم شێوە خوێندرایەوە، "ئەوەی مینا سپییەکەی ددانتی شاردووەتەوە تەنیا توێژاڵێکی ڕووپۆشکەرە، هەویری ددانی سانیتۆڵ بەخێرایی ئەو سپییەتییە بنەڕەتییەت بۆ دەگەڕێنێتەوە بە سڕینەوەی توێژاڵەکە."

ڕیکلامی سێیەم بەم جۆرە بوو "سەرنجڕاکێشی زەردەخەنەیەکی شیرین پشت دەبەستێت بە جوانیی ددانەکانت."" ددانێکی جوان و ساف زۆر جار نهێنیی سەرنجڕاکێشی کچێکی جوانە. هەویری ددانی سپیکەرەوەی ئێس. ئێس بەکار بهێنە."

کۆمەڵێکی زۆر لەو کەسانەی کە ڕیکلامیان دەکرد، هەمان ئەو شێوازەی پێپسۆدێنتیان بەکار هێنا بوو بەرلەوەی هۆپکینز بێتە مەیدانەکەوە. هەموو ڕیکلامەکانیان بەڵێنی لابردنی ئەو توێژاڵەیان دابوو لەسەر ددانەکان و پاداشتی ددانێکی جوان و سپییان پێشکەشی بەکارهێنەر کردبوو. بەڵام هیچ کام لەوان سەرکەوتوو نەبوون.

بەڵام کاتێک هۆپکینز هەڵمەتەکەی دەست پێ کرد، فرۆشی پێپسۆدێنت بە یەکجاری تەقییەوە. بۆچی پێپسۆدێنت جیاوازبوو؟

چونکە سەرکەوتنی هۆپکینز پشتی بە هەمان ئەو پاڵنەرانە بەستبوو کە وایان لە جۆلیۆ کردبوو دەسکەکە ڕابکێشێت، هاوکات هۆکاریش بوون بۆئەوەی خانمەکان فلێبریز بپرژێنن بەسەر جێگەنووستنە ڕێکخراوەکانیاندا. پێپسۆدێنت تامەزرۆیی دروست کردبوو.

هۆپکینز هیچ بەشێک لە نووسینی ژیاننامەکەی خۆی بە تاوتوێکردن لەسەر پێکهاتەکانی پێپسۆدێنت بەسەرنابات. بەڵام ئەو ڕەچەتەی کە لەسەر بەرنامەی بەکاربەری ئاشکرای پێپسۆدێنت و تۆمارەکانی کۆمپانیا هەیە شتێکی جێی بایەخ ئاشکرا دەکات: جیاواز لە هەویرە ددانشۆردنەکانی ئەو سەردەمە، پێپسۆدێنت پێکهاتووە لە ترشی لیمۆیەک لەگەڵ چەند ژەمۆکێک لە ڕۆنی ناعنا و چەند ماددەیەکی

دیکەی کیمیایی. داهێنەری پێپسۆدێنت ئەو پێکهاتانەی بەکار هێنا بۆ ئەوەی هەویرەکە تامێکی تازە بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەو پێکهاتانە کاریگەری دیکەی پێشبینینەکراویان هەبوو. ئەوانە ماددەگەلێکی هەستیارن کە هەستێك لە فێنکی و وروژاندنی لەسەر پوك و زمان دروست دەکات.

پاش ئەوەی پێپسۆدێنت دەستی بەسەر بازاڕدا گرت، توێژەرەکان لە کۆمپانیا ڕکابەرەکان بەوپەڕی خێراییەوە هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکەی خستە گەڕ. ئەوەی دۆزییانەوە ئەوە بوو، کە بەکارهێنەرەکان وتبوویان ئەگەر ئەوان لەبیریان بچێت پێپسۆدێنت بەکار بهێنن، ئەوا درك بە هەڵەیەك دەکەن، چونکە بیری ئەو هەستی فێنکی و ختوکەیە دەکەن لە دەمیاندا کە لە پێپسۆدێنت وەدەستی دەخەن. ئەوان چاوەڕێی (تامەزرۆی) ئەو کەمە وروژاندنەن. ئەگەر ئەوە لە ئارادا نەبێت دەمیان هەست بە خاوێنی ناکات.

کلۆد هۆپکینز، ددانی جوانی نەفرۆشت، بەڵکوو هەستێکی دەفرۆشت. کاتێك خەڵك تامەزرۆی ئەو خرۆشانە فێنکە بوون (یەکسانیان کرد لەگەڵ خاوێنی ددانەکانیان) ددانشۆردن بوو بە خوو لەلایان.

کاتێك کۆمپانیاکانی دیکە بۆیان دەرکەوت بەڕاستی هۆپکینز چی دەفرۆشێت، دەستیان کرد بە لاسایکردنەوەی. لە ماوەی دە ساڵدا، پێکهاتەی هەموو هەویری ددانشۆردنەکان پێکدەهات لە ڕۆن و ماددەی کیمیایی کە دەبووە هۆی خرۆشان و ختوکەدانی پوك. فرۆشی پێپسۆدێنت کەم کەم ڕووی لە کزی کرد، تەنانەت ئەمڕۆیش، هەویری ددانشۆردنەکان ماددەی زیادەی تێدایە، ئیشەکەیشیان تەنیا ئەوەیە دوای ددانشۆردن دەمت بوروژێنن.




ئەڵقەی خووی ڕاستەقینەی پێپسۆدێنت

ترەیسی سینکلیر کە بەڕێوەبەری براندی هەویری ددانی ئۆراڵ بی و هەویری ددانشۆردنی کرێستی کیدز بوو وتی، "بەکارهێنەران پێویستیات بەجۆرێك لە نیشانە هەیە کە پشتڕاستی کارکردنی ئەو بەرهەمە بکاتەوە. دەتوانین هەویری ددانشۆردن بە هەموو تامێك دروست بکەین_ تامی شاتوو، چای سەوز_ بەو چەشنە خەڵك تا ئەو کاتەی کە هەویرەکە هەستێکی فێنك بە بەکارهێنەر ببەخشێت هەست دەکەن کە دەمیان پاکە. پەرۆشییەکە نابێتە هۆی کارکردنی هەویری ددانشۆردنەکە بە شێوەیەکی باشتر، بەڵکوو تەنیا خەڵك قایل دەکات بە کردنی کارەکە."

هەموو کەسێك دەتوانێت ئەم یاسا بنەڕەتییە بەکار بهێنێت بۆ دروستکردنی خووی تایبەت بە خۆی. دەتەوێت ڕاهێنانی زیاتر بکەیت؟ ئاماژەیەك هەڵبژێرەوە، وەك ڕۆیشتن بۆ هۆڵی وەرزشی هەر زوو دوای لەخەوهەستان، هەروەها پاداشتێکی وەك ئەو هەستی متمانەییەی کە دوای ڕاهێنانەکە هەستی پێ دەکەیت. دواتر بیر لەو متمانەیە یان ئەو لێشاوی ئیندرۆفینەی هەستی پێ دەکەیت بکەرەوە. ڕێ بۆ خۆت خۆش بکە چاوەڕێی ئەو پاداشتە بکەیت. لە کۆتاییشدا ئەو تامەزرۆییە هاندانی تۆ بۆ ڕۆیشتن بۆهۆڵی لەشجوانی ئاسانتر دەکات هەموو ڕۆژێك.

ئایا دەتەوێت خوویەکی زیرەکانەی خۆراکخواردن دروست بکەیت؟ کاتێك توێژەرەکانی سەر بە تۆمارگەی نیشتیمانیی کۆنترۆڵکردنی کێش (کە پرۆژەیەکە زیاتر لە شەش هەزار کەس بەشدارییان تێدا کروە و ٣٠ی پاوەند لە کێشیان

دابەزاندوە) سەرنجی خووی ڕێجیمکەرە سەرکەوتووەکانیان دا، بۆیان دەرکەوت لە ٧٨٪ی ئەوان نانی بەیانییان خواردووە هەموو ڕۆژێك. ژەمێك کە ئامانجەکەی کاتێکی دیاریکراوی ڕۆژ بوو. بەڵام زۆرێك لە ڕێجیمکەرە سەرکەوتووەکان پاداشتێکیان وێناکردبوو بۆ بەردەوامییان لەسەر ڕێجیمەکەیان_جلێکی ژنانەی مەلەکردن یان ئەو هەستی شانازییەی کە بۆیان دروست دەبوو کاتێك دەڕۆشتنە سەر ئامێری پێوانەکردنی کێشەکە_شتێك کە بەوریاییەوە هەڵیان بژاردبوو و بەڕاستیش دەیانویست. ئەوان تەرکیزیان خستەسەر تامەزرۆییەکە بۆ ئەو پاداشتە کاتێك فریودانەکان هاتنە ئاراوە و پەرەیان بە تامەزرۆییەکەیان دابوو بۆ کردنی بە بیرێکی سەپاو. توێژەرەکان ئەوەیان دۆزییەوە، تامەزرۆیی ئەو کەسانە بۆ پاداشتەکە ئارەزووی شکاندنی ڕێجیمەکەی لەلا کردبوونە کارێکی ئەستەم.

بۆ کۆمپانیاکان تێگەیشتن لە زانستی تامەزرۆیی گۆڕینێکی ڕیشەییە. کۆمەڵە نەریتێکی زۆر هەن کە پێویستە هەموو ڕۆژێك جێبەجێیان بکەین کە هەرگیز نابن بە خوو. پێویستە ئاگاداری بڕی خوێی بەکارهاتووی ڕۆژانەمان بین و ئاوی زۆر بخۆینەوە, پێویستە سەوزەی زۆر بخۆین و چەوری کەم, ڤیتامین وەربگرین و دژەخۆر بەکار بهێنین. ڕاستییەکان لەمە ڕونتر نابن لەم ڕووەوە: بەکارهێنانی بڕێکی کەم لە دژەخۆر بۆ دەموچاوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەتپارێزێت لە شێرپەنجەی پێست. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو دانیشتوانی ئەمریکا ددانەکانیان دەشۆن، بەڵام کەمتر لە ١٠٪ی دانیشتوان کرێمی دژەخۆر بەکار دەهێنن.

لەبەرئەوەی هیچ تامەزرۆییەك نییە کە دژەخۆر بکات بە خوویەکی ڕۆژانە. هەندێك لە کۆمپانیاکان هەوڵدەدەن ئەوە چارەسەر بکەن بەوەی هەستێکی ورووژاندن یان شتێك بدەنە بەرهەمەکانیان کە وا لە خەڵك بکات بزانن دژەخۆریان بەکار هێناوە. ئەوان هیواخوازن ئەوە ببێتە ئاماژەیەکی چاوەڕوانی، هەروەك چۆن تامەزرۆیی بۆ دەمێکی خرۆشاو بیرمان دەهێنێتەوە ددانەکانمان بشۆین. ئەوان پێشتریش هەمان پلانیان لە سەدان بەرهەمی دیکەدا بەکار هێناوە.

سینکلیر بەڕێوەبەری براندەکە وتی، "کەفکردن پاداشتێکی گەورەیە، شامپۆ پێویست ناکات کەف بکات، بەڵام ئێمە کەفمان بۆ زیاد کردوە، چونکە خەڵک پێشبینیی کەفکردن دەکەن لە هەر کاتێکدا کە قژیان دەشۆن. هەمان شت دروستە بۆ شامپۆی جلشۆردنیش. هەروەها ئێستا هەموو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی هەویری ددانشۆردن کبریاتی لوریس سۆدیۆم زیاد دەکەن بۆ بەرهەمەکانیان بۆ کەفکردنی زیاتر. کەف هیچ سوودێکی نییە بۆ پاککردنەوە، بەڵام خەڵک هەست بە باشتر دەکەن کاتێک کەف لە دەوری دەمیان دەبینن. کاتێک کڕیارەکان دەست دەکەن بە پێشبینیکردنی کەف، خووەکە دەست بە گەشەکردن دەکات.

تامەزرۆییەکان پاڵنەری خووەکانن. هەروەها زانینی چۆنیەتیی گەشەسەندنی تامەزرۆییەکان، دروستبوونی خووی نوێ ئاسان دەکات. ئەوە ڕاستە بۆ ئێستا هەروەک سەدەیەک لە پێش ئێستا. هەموو شەوێک ملیۆنان خەڵک ددانیان دەشۆن بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەستێکی خۆش، هەموو بەیانییەک ملیۆنان کەس پێڵاوە وەرزشییەکانیان لە پێ دەکەن و دەڕۆن بۆ ڕاکردن بۆ بەدەستهێنانی لێشاوی ئیندرۆفین کە فێر بوون تامەزرۆ بن بۆی.

هەروەها کاتێک دەگەشتنە ماڵەوە، دوای پاککردنەوەی چێشتخانەکە و ڕێکخستنی ژوورە نوستنەکان، هەندێک لەوان کەمێک سپرای فێبرێزی دەپرژاند.

## ٣

# یاسای زێڕینی گۆڕینی خوو

## بۆچی گۆڕان ڕوودەدات؟

### یەکەم

کاتژمێری یارییەکە لەو سەری یاریگاکەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە یارییەکە تەنیا ٨ خولەك و ١٩ چرکەی ماوە، کاتێك تۆنی دەنجی ڕاهێنەری سەرەکیی نوێی تیپی تامپا بەی بەکەنییەرس_یەکێك لە خراپترین تیپەکانی خولی تۆپی پێی نیشتیمانیی ئەمریکی (ڕەگبی)، گەر نەڵێین خراپترین لە مێژووی تۆپی پێی پیشەگەریدا_ هەستی بە ترسوکاییی هیوا کرد.

لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگی یەکشەممەی ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦دا، بەکەنییەرس لە سان دیگۆ لە بەرانبەر جارجەرس یاریی دەکرد کە تیپەکە پارساڵ لە پاڵەوانیەتیی سوپەر بۆڵدا بەشدار بووبوو. بەکەنییەرس بە خاڵێك لە دواوە بوو یارییەکە ١٦ بە ١٧ بوو. تیپەکە لە هەموو یارییەکاندا دۆڕابوون. تەواوی وەرزەکەیش دۆڕابوون، تەنانەت لە هەموو دەیەکەشدا دۆڕابوون. بەکەنییەرس لە هەموو

یارییەکانی پاڵەوانیەتیی کەناری ڕۆژاوا شکستی هێنابوو لە ماوەی ١٦ ساڵدا. زۆرێک لە یاریزانانی ئێستای تیمەکە لە قۆناغی سەرەتای خوێندندا بوون، کە کۆتا جار بەکەنییەرس وەرزێکی سەرکەوتووی هەبووە. لەو ساڵەوە تاوەکوو ئێستا ئەم ڕیکۆردەکەیانە دوو بردنەوە و ٨ شکست. لە یەکێک لەو یارییانەدا لەگەڵ تیپی دیترۆیت لاینز_تیپێک کە بەڕادەیەک خراپ بوو، پێیان دەوت، "بێ"ی ناو وشەی "بێهیوایی" لە بەکەنییەرسی بردەوە بە ئەنجامی (٢١-٦)، سێ هەفتە دواتریش دووبارە بە ئەنجامی (٢٧-٠) لێی بردەوە. کەناڵی ئی ئێس پی ئین (ESPN) پێشبینیی ئەوەی کرد تۆنی ڕاهێنەر کە مانگی کانوونی دووەم ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی تیپەکەی وەرگرتبوو پێش کۆتاییی وەرزەکە لە ئەرکەکەی دووربخرێتەوە.

هەرچەندە دۆنی دەنجی لە سەر هێڵەکان ڕاوەستابوو تەماشای تیپەکەی دەکرد کە خۆیان بۆ یاریی داهاتوو ئامادە دەکرد، وا دیار بوو لە کۆتاییدا خۆر لە بۆشاییی نێو هەورەکانەوە دەرکەوتبوو. ئەو زەردەخەنە ناکات و هەرگیز مۆڵەتی نەدەدا لە ماوەی یارییدا هەستەکانی بەدەربکەون. بەڵام شتێک ڕوویدەدا لەناو یاریگاکەدا، شتێک کە دۆنی بۆ ماوەی چەند ساڵێکە کاری لەسەر دەکات. لە کاتێکدا کە گاڵتەپێکردنی ٥٠ هەزار هاندەری ناڕازی بەسەر ئەودا دادەباری، دۆنی دەنجی سەرنجی شتێکی دەدا و شتێکی دەبینی کە هیچ کەسێکی دیکە نەیدەبینی. سەلماندنی ئەوەی دەبینی کە پلانەکەی خەریکە سەر دەگرێت.

•••

تۆنی دەنجی هەمیشە چاوەڕێیی ئەو ئیشەی کردوە. بۆ ماوەی ١٧ ساڵ لەسەر هێڵەکان وەک یاریدەدەری ڕاهێنەر خۆی بۆ کاری ڕاهێنەری مەلاس داوە، سەرەتا لە زانکۆی مینیسۆتا، دواتر لەگەڵ پیتزبێرگ ستیلەرز، دواتریش لەگەڵ پیتسبێرگ ستیلەرز، پاش ئەوەش گەڕایەوە بۆ مینیسۆتا لەگەڵ ڤایکینگس دەستبەکاربوو. لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا بانگهێشت کرابوو بۆ چاوپێکەوتنی ئەرکی ڕاهێنەری سەرەکی لەگەڵ تیپەکانی خولی تۆپی پێی نیشتیمانیدا.

هەر چوار جارەکەیش چاوپێکەوتنەکەی بە باشی بەڕێوە نەچووە.

بەشێك لە کێشەکە فەلسەفەی ڕاهێنەرایەتیی تۆنی بووە. لە چاوپێکەوتنی کارەکەیدا، زۆر بەلەسەرخۆیی باسی باوەڕەکانی خۆی کردووە کە هۆکاری سەرەکین بۆ بردنەوە، کە ئەویش گۆڕینی خووی یاریزانەکانە. تۆنی وتی، دەمەوێت یاریزانەکان وازبهێنن لە بڕیاردانێکی زۆر لە ماوەی یارییەکەدا. ئەو دەیویست یاریزانەکان بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆڕسکانە کاردانەوە نیشان بدەن. گەر ئەو بتوانێت خووی باش دروست بکات، تیپەکەی دەیباتەوە.

تۆنی باسی ئەوەی کرد، "پاڵەوانەکان شتێکی نائاسایی ناکەن. بەڵام ئەوان شتانێکی ئاسایی بەبێ بیرکردنەوە دەکەن، کە زۆر خێرایە بۆ تیپی بەرانبەر بۆ کاردانەوە. ئەوان شوێن ئەو خووانە دەکەون کە فێریان بوون."

خاوەنی تیپەکانیش لێیان دەپرسی، تۆ بەنیازیت چۆن ئەو خووە نوێیانە دروست بکەیت؟

دەنجی وەڵام دەدایەوە دەیوت، ئۆه، نەخێر، ئەو بەنیاز نییە خووی نوێ دروست بکات. یاریزانەکان ژیانیان بەسەردەبەن لە دروستکردنی ئەو خووانەی کە دەیانگەیەنێتە دەستەی تۆپی پێی نەتەوەیی. هیچ وەرزشوانێك واز لەم شێوازانە ناهێنێت تەنیا لەبەرئەوەی ڕاهێنەرە نوێیەکەی دەڵێت.

بۆیە دەنجی لەباتیی ئەوەی خووی نوێ لەلای یاریزانەکان دروستبکات، بەنیازبوو خووە کۆنەکانیان بگۆڕێت. هەروەها نهێنیی گۆڕینی خووە کۆنەکانیش بریتییبوو لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە پێشتر لە مێشکی یاریزانەکاندا بوو. خوو پێکدێت لە ئەڵقەیەکی سێ هەنگاوی_ پاڵنەر، ڕۆتین، پاداشت_بەڵام دەنجی دەیویست هێرش بکاتە سەر هەنگاوی ناوەڕاست، کە ئەویش ڕۆتین بوو. لە ئەزموونەکانییەوە ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو، ئەوە ئاسانترە بۆ قایلکردنی کەسێك بۆ وەرگرتنی ڕەفتارێکی نوێ، ئەگەر بە قۆناغی سەرەتا و کۆتایی ئاشنابێت.

ستراتیژییەتیی ڕاهێنەرایەتی یاسایەکی لەخۆ دەگرت، یاسایەکی زێڕینی گۆڕینی خوو، کە توێژینەوە یەك لەدوای یەکەکان ئەوەیان دەرخستووە کە یەکێکە لە

بەهێزترین ئامرازەکان بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری. دەنجی درکی بەوە کردبوو هەرگیز بەڕاستی ناتوانیت خووە خراپەکان لەناوببەیت.

بۆ گۆڕینی خوو لەباتیی دروستکردن، دەبێت پاڵنەرەکانی پێشتر بهێڵیتەوە، هەروەها هەمان پاداشت بەدەست بهێنیت، بەڵام دەبێت ڕۆتین بگۆڕیت.

ئەمە یاساکەیە: گەر هەمان پاڵنەر بەکاربهێنیت و هەمان پاداشت دەستەبەر بکەیت، دەتوانیت گۆڕانکاری لە ڕۆتیندا بکەیت و خوو بگۆڕیت. بەنزیکەی هەموو ڕەفتارێك دەکرێت بگۆڕدرێت گەر پاڵنەر و پاداشت وەك خۆیان بهێڵرێنەوە.

ئەم یاسا زێڕینە کاریگەری هەبوو لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی ئالوودەبوو بە کحول، قەڵەوی، ڕاڕایی و چەندین گرفتی لەناوبەری دیکە، تێگەیشتن لە یاساکە یارمەتیی هەموو ئەو کەسانەی دا کە لە ڕێگەیەوە خووەکانی خۆیان بگۆڕن. (بۆ نموونە: هەوڵدان بۆ وازهێنان لە خووی سوکەژەم هەمیشە شکست دەهێنێت گەر ڕۆتینێکی نوێ نەیەتە ئاراوە بۆ تێرکردن ئاماژە و پاداشتە کۆنەکان، یان جگەرەکێش ناتوانێت واز لە جگەرەکێشان بهێنێت تاوەکوو کۆمەڵە چالاکییەك نەدۆزێتەوە کە جێگەی جگەرەکەی بۆ بگرێتەوە کاتێك تامەزرۆیی بۆ نیکۆتین دێتە کایەوە.)

دەنجی چوار جار فەلسەفەکەی کە لەسەر خوو بووونیادنرابوو بۆ خاوەن تیپەکان ڕوون کردەوە. چوار جار ئەوان بەڕێزەوە گوێیان بۆ گرت و سوپاسیان کرد بۆ ئەو کاتەی کە بەوانی بەخشی و دواتریش کەسێکی دیکەیان دەستنیشان دەکرد بۆ ڕاهێنەرایەتیی تیپەکانیان.

دواتر لە ساڵی ١٩٩٦، تیپی بەکەنییەرسی کلۆڵ پەیوەندی پێوە کرد. دەنجی بە فڕۆکە گەشتی کرد بۆ تامپا بەی، جارێکی دیکەیش دووبارە پلانی چۆنیەتیی بردنەوەکەی شی کردەوە. لە پاش ڕۆژێك لە چاوپێکەوتنەکە تیپەکە کارەکەیان ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی تیپەکەیان پێ سپارد.

**یاسای زێڕینی خوو گۆڕین.**

**ناتوانیت خوویەکی خراپ لەناوببەیت، بەڵکوو دەتوانیت گۆڕانکاری تێدا بکات.**




**چۆنیەتیی کارکردنی یاساکە:**

**هەمان ئاماژە بەکاربهێنە.**

**هەمان پاداشت فەراهەم بکە.**

**ڕۆتینەکە بگۆڕە.**

لە کۆتاییدا شێوازەکەی دەنجی بەکەنییەرسی کرد بە یەکێك لە براوەترین یانەی خولەکە. بوو بە تاکە ڕاهێنەر لە مێژووی خوولی تۆپی پێی نیشتیمانیدا کە دە وەرزی یەك لەدوای یەك بگاتە قۆناغی یەکلاکەرەوە، بوو بە یەکەم ڕاهێنەری ئەمریکی-ئەفریقیایی کە نازناوێکی سوپەر بۆڵ بباتەوە، هەروەها بوو بە یەکێك لە ڕێزلێگیراوترین کەسایەتییە وەرزشییە پیشەگەرەکان. تەکنیکەکانی ڕاهێنەرایەتی لە خولەکە و تەواوی وەرزشەکانی دیکەدا بڵاو بوویەوە. ڕێبازەکەی دەنجی شێوازی خووگۆڕینی ڕوون کردەوە لە ژیانی هەموو کەسێکدا. بەڵام هەموو ئەم شتانە لە دواتردا ڕوویاندا، دەنجی ئێستا لە سان دیاگۆ تەنها دەیەوێت بردنەوە بەدەست بهێنێت.

●●●

لەسەر هێڵەکان (شوێنی وەستانی ڕاهێنەر لەناو یاریگادا) دەنجی سەری هەڵبڕی و تەماشای کاتژمێری ناو یاریگاکەی کرد: ٨ خوولەك و ١٩ چرکە کات مابوو. یانەی بەکەنییەرس هەموو یارییەکە لە دواوەوە بوون و دەرفەت لەدوای دەرفەتیان لەدەست دەدا. گەر بەرگریکارەکانیان دەستبەجێ کارێکی جیاواز نەکەن، ئەوا یارییەکە دەدۆڕێنن. یانەی سان دیاگۆ لە ناوچەی بیست یاردی تۆپیان بەدەستەوەیە، یاریزانی ناوەندی چارجەس ستان هەمفریس، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوە ڕابەری هێرشێك بکات بە هیوای ئەوەی کە کۆتایی بە یارییەکە بهێنێت. کاتژمێری ناو یاریگاکە دەستی کردەوە بە ژماردن و هەمفریس ئامادەیە دەست بە یارییەکە بکات.

بەڵام دەنجی تەماشای هەمفریس ناکات، لەباتیی ئەوە تەماشای یاریزانەکانی خۆی دەکات کە بەو چەشنە دابەش بوون لە پێکهاتەکەدا کە چەندین مانگیان لە ئەهێشتنی کەموکوڕی تێیدا بەسەر بردووە. بە شێوەیەکی ئاسایی، تۆپی پێ یارییەکە کە پڕە لە فێڵ و بەلاڕێدابردن. ئەو ڕاهێنەرانەی کە زۆر کارامە و پلانێکی ئاڵۆزیان هەیە زۆرجار دەیبەنەوە. بەڵام دەنجی بە پێچەوانەی ئەوانەوە ڕێگایەکی جیاوازی گرتووەتە بەر. ئەو ناڕوونی و ئاڵۆزکاری پێ خۆش نییە. لە کاتی ڕیزبوونی یاریزانە بەرگریکارەکانی دەنجی ئەوە ڕوونە بۆ هەمووان چ شێوازێکی یاریکردن بەکاردەهێنن.

دەنجی ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە، چونکە بە شێوەیەکی تیۆری پێویستیی بە هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر نییە. بە سانایی ئەو دەیەوێت تیپەکەی لە هەموو ڕکابەرەکانیان خێراتر بن. لە تۆپی پێدا میلی چرکەیش شایەنی بایەخپێدانە. بۆیە لەباتیی ئەوەی سەدان شێوازی یاریکردن فێری یاریزانەکانی بکات، تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو شێوازانە فێری یاریزانەکان دەکات، بەڵام ئەوان ڕاهێنانەکانیان لەسەر ئەو شێوازە دووبارە و دووبارە کردووەتەوە تاوەکوو بوون بە خۆڕسك. کاتێك کە ستراتیژییەکەی کارا دەبێت، یاریزانەکانی دەتوانن زۆر بەخێرایی بجوڵێن بە چەشنێك کە ئەستەم بێت بۆ کۆنترۆڵکردن.

بەڵام ئەمە تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە ستراتیژییەکەی کاری پێ بکرێت. گەر یاریزانەکانی زۆر بیربکەنەوە یان دوودڵ بن یان پێشبینیی شتگەلی جیاواز بکەن، ئەوا سیستمەکە شکست دەهێنێت.

ئەو کاتەی یاریزانەکانی بەکەنیەرس لەسە هێڵی ٢٠یارد ڕیز دەبن، درك بە جیاوازییەك دەکرێت. ڕیگان ئەپشۆ یاریزانی بەرگریکاری تیپەکە لە وەستانێکی سێ خاڵیدا وەستاوە لەسەر هێڵی تۆپدانان. ئەپشۆ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری لەباتیی ئەوەی سەرنجی ئەمسەر بۆ ئەو سەری هێڵەکە بدات، تەنیا سەرنجی ئەو ئاماژانە دەدات کە دەنجی فێری کردووە بایەخیان پێ بدات. سەرەتا سەرنجی ئەو پێیەی یاریزانی بەرگری هێڵی بەرانبەر دەدات کە لە دەرەوەی یاریگادایە. (کە ئەو بەرگریکارە پەنجەکانی پێی بەرەو دواوە کشاونەتەوە، ئەوەش بەو واتایە دێت کە خۆی ئامادە دەکات بۆ چوونە دوواوە و ڕێگریکردن لەو ساتەی کە هێرشبەرەکە تێدەپەڕێت) دواتر ئەپشۆ سەرنجی شانەکانی بەرگریکارەکە دەدەت (کە کەمێك بە ئاڕاستەی ناوقەدی سوڕێنراون)، وە بۆشاییی نێوان ئەم و یاریزانی دواتر (هێندەی کەرتێکی کەمتر لەوەی پێشبینیی کردبوو).

ئەپشۆ زۆر جار ڕاهێنانی لەسەر چۆنیەتیی کاردانەوە کردووە بۆ هەریەك لەم ئاماژانە، بۆیە پێویست ناکات بیر لەوە بکاتەوە کە لەم دۆخەدا چی بکات، ئەو تەنیا شوێن خووەکانی دەکەوێت.

یاریزانە ناوەندەکەی سان دیاگۆ، نزیك دەبێتەوە لە هێڵی تۆپدانان و چاودەبڕێتە لای ڕاست و دواتریش لای چەپ، ژماردنەکە بە دەنگی بەرز دەڵێتەوە و تۆپەکە وەردەگرێت. دواتر یاریزانەکە پێنج هەنگا و دەڕواتە دواوە و بەبەرزی دەوەستێت و چاودەگێڕێت بۆ وەرگرێکی کراوە. سێ چرکە بەسەر کاتی دەستپێکردنی یارییەکەدا تێپەڕیووە. چاوی هاندەرەکانی ناو یاریگا و کامێراکان لەسەر ئەو یاریزانەن.

بۆیە زۆرێك لە بینەرەکان توانای بینینی ئەوەیان نییە کە لەناو تیپی بەکەنییەرسدا ڕوودەدات. یەکسەر دوای ئەوەی کە هامفریس دەستی بە یارییەکە کرد، ئەپشۆ کەوتە کار. لە ماوەی یەکەم چرکەی یارییەکەدا، بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر بە

ئاڕاستەی لای ڕاست ڕای کرد و هێڵی تۆپدانانەکەی بڕی، ئەوەندە خێرابوو کە هێرشبەرەکە نەیتوانی بیوەستێنێت. لە ماوەی چرکەی دووەمدا، ئەپشۆ بە سێ هەنگاوی فراوان بە لە یاریزانی بەرگری بەکەنییەرس نزیکبوویەوە، کە ئەوە پێشبینیکردنی ئەستەم بوو بۆ یاریزانەکەی هێڵی بەرگری.

لە چرکە ساتی چوارەمی یاریەکەدا، هەمفریس، یاریزانە ناوەندەکەی سان دیاگۆ کتوپڕ دەستی دەبەسترێت. ئەو ڕاڕا دەبێت و لە گۆشەی چاویەوە ئەپشۆ دەبینێت. ئەوە ئەو کاتەیە کە هەمفریس هەڵەکەی ئەنجام دەدات, ئەو دەست دەکات بە بیرکردنەوە.

هەمفریس، چاو دەچێتە سەر یەکێك لە هاوتیمەکانی، کە بەتووندی چواردەوری گیراوە و یاریزانێکی نوێی تیپەکەیانە و ناوی برایان ڕۆچ، ئەو لە دووریی ٢٠ یارد لە هێڵی بەرگریی تیپی بەرامبەر وەستاوە. وەرگرێکی دیکەی سان دیاگۆ زۆر نزیکە لێیەوە و دەستی ڕادەوەشێنێت و داوای تۆپەکە دەکات. پاسی کورت بژاردە سەلامەتەکەیە. هەمفریس، کە لەژێر فشارێکی زۆردایە و شیکارییەکی خێرا دەکات و باسکی بۆ لایەك دەجوڵێنێت و بە هێزێکی زۆرەوە تۆپەکە بۆ ڕۆچ هەڵدەدات.

ئەو بڕیارە بەپەلەیە ئەوە بوو کە دەنجی هیوای بۆ دەخواست. هەرزوو دوای بەرزبوونەوەی تۆپەکە لە هەوادا، یاریزانێکی هێڵی بەرگری بەکەنییەرس کە ناوی جۆن لینچ، دەست دەکات بە جوڵە. کارەکەی لێنچ سانا بوو: کاتێك یاری دەستی پێ دەکرد، ئەو بە ئاڕاستەی خاڵێکی دیاریکراوی ناو یاریگاکە ڕای دەکرد و چاوەڕوانیی ئاماژەی خۆی دەکرد. فشارێکی زۆر هەیە بۆ تێکدانی هاوسەنگیی ئەم دۆخە. بەڵام دەنجی ڕاهێنانێکی زۆری بە لینچ کردووە تاوەکوو ڕۆتینەکەی بکات بە خۆڕسك. لە دەرەنجامدا کاتێك تۆپەکە دەستەکانی یاریزانە ناوەندەکەی سان دیاگۆ بەجێ دەهێڵێت، لێنچ لە دووریی ١٠یاردەوە لە ڕۆچەوە وەستاوە و چاوەڕێ دەکات.

لەگەڵ خوولانەوەی تۆپەکە لە ئاسماندا، لینچ ئاماژەکان دەخوێنێتەوە، (ئاڕاستەی دەمامکی دەموچاو و دەستەکانی یاریزانەکەی هێڵی ناوە، بۆشاییی نێوان وەرگرەکان) دەست دەکات بە جوڵان بەرلەوەی بزانێت تۆپەکە لە کوێ دەکەوێتە سەر

زەوی. وەرگرەکەی سان دیاگۆ دەردەچێت بۆ پێشەوە، بەڵام لینچ ڕێگەی لێ دەگرێت دەبێتە بەربەست لەبەردەم پاسپێدانەکەی. بەرلەوەی ڕۆچ بتوانێت کاردانەوەی هەبێت، لینچ دەردەچێت و بەخێرایی بەناو یاریگاکەدا ڕا دەکات بەرە و ناوچەی کۆتاییی چارجەس. یاریزانەکانی دیکەی بەکەنییەرسیش، زۆر بە باشی شوێنیان گرتووە بۆ ئەوەی ڕێڕەوەکەی بۆ چۆڵ بکەن. لینچ ۱۰، دواتر ۱٥، دواتر ۲۰، دواتر بەنزیکەی ۲٥ مەتر ڕادەکات بەرلەوەی هەموو بەربەستەکان ببەزێنێت. تەواوی یارییەکە کەمتر لە ۱۰چرکەی خایاند.

دوو خولەك پاش ئەوە، بەکەنییەرس تەچداونێکیان تۆمار کرد، بەو تەچداونەیش توانییان بۆ یەکەم جار بەدرێژاییی یارییەکە پێش بکەون. پێنج خولەك پاش ئەوە بەکەنییەرس گۆڵی دڵنیاییی تۆمار کرد. لەو نێوەندەیشدا، بەرگریکارەکانی دەنجی هەموو هەوڵەکانی گەڕانەوەی سان دیاگۆیان پوچەڵ کردەوە. بەکەنییەرس یارییەکەی بە ئەنجامی ۲٥-۱۷ بردەوە، کە ئەوە گەورەترین ڕیمۆنتادا بوو لە وەرزەکەدا.

لە کۆتاییی یارییەکەدا، لینچ و دەنجی پێکەوە لە یاریگا ڕۆشتنە دەرەوە. لەو کاتەی ڕۆشتنە تونێلەکەوە لینچ وتی، "وا دیارە شتێکی جیاواز هەیە."

دەنجی وەڵامی دایەوە،" ئێمە خەریکە باوەڕبەخۆبوون پەیدادەکەین."

## دووەم

لە هاوینی ساڵی ۲۰۰٦ خوێندکارێکی ۲٤ ساڵانی دەرچووی زانکۆ کە ناوی ماندی بوو چووە ناو سەنتەری ڕاوێژکاری زانکۆی میسیسیپی ستەیت. ماندی زۆربەی کاتەکانی ژیانی قاپی لە نینۆکی گرتبوو، ددانی لێگیردەکردن تا خوێنیان لێدەهات. خەڵکێکی زۆر هەیە کە قەپ لە نینۆکەکانی دەگرێت. بەڵام ئەوانەی قەپلەنینۆکگری درێژخایەنن، کێشەکانیان لەیەك جیاوازە. ماندی زۆرجار ئەوەندە قەپی لە نینۆکانی دەگرت تا دەیگەیاندنەوە ناو گۆشتەکەیان. توێژاڵ گەلێکسەری پەنجەکانیان داپۆشیبوو. کۆتایی پەنجەکانی لەبەرئەوەی نینۆکیان نەبوو بۆ پاراستنیان تیژیەکەیان لەدەستدابوو، زۆرجاریش مێرولەیاندەکرد و تووشی

داخووران دەبوون کە ئەوەش ئامارژە بوو بۆ زیانبەرکەوتنی دەماری. خووی قەپلێگرتن ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو بە تەواوی تێکدابوو. ماندی زۆر هەستی بەشەرمەزاری دەکرد بۆ ئەوە بۆیە کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەبوو دەستی دەکردە گیرفانییەکانەوە، لە ژوانەکانیشدا دەستی توونلد دەنوقاند بۆ شاردنەوەیان. مانی بە چەند شێوەیەک هەوڵی ئەوەی دابوو کە واز لەخووەی بهێنێت، بۆ نموونە: بۆیەکردنی نینۆکەکانی بە بۆیەی ئامناخۆش یان هەوڵدانی تەواو بۆ جڵەوگیرکدنی خۆی بۆ وازهێنان لێی. بەڵام کاتێک دەستی بەجێبەجێکردی ئەرکەکانی ماڵەوە یان تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دەکرد پەنجەکانی خۆی لە دەمیدا خۆیان دەبینیەوە.

لە سەنتەرە ڕاوێژکاریەکە ماندی نێردرا بۆ لای خوێندکارێکی دکتۆرای دەروونناسی کە توێژینەوەی لەسەر چارەسەرێك دەکرد کە ناسرابوو بە "ڕاهێنانی پێچەوانەکردنەوەی خوو". ئەو دەروونزانە ئاشنایەکی زۆر باشی لەگەڵ یاسای زێڕینی خوو گۆڕیندا هەبوو. ئەو دەیزانی بۆئەوەی خووی قەپلەنینۆکگرتنی مادی بگۆڕێت پێویستی بە ڕۆتینێکیتازە هەبوو لە ژیاندا. دەروونناسەکە لە مادی پرسی، "بەرلەوەی دەستت ببەیت بۆ دەمت بۆئەوەی قەپلەنینۆکت بگریت هەست بەچی دەکەیت؟" مادی گوتی، "لەسەری پەنجەکاندا هەس بە کەمێك گرژی دەکەم. لە لێواری نینۆکەکەدا کەمێك ئازاری دەبێت. هەندێککات لە پەنجە گەورەمدا بۆ پێستێکی تەنك دەگەڕێم، کە چنگم لە شتێك گیربوو دەستم دەبەم بۆ دەمم. دواتر پەنجەبە پەنجە هەموویان لێوارەکانیان قەپلێدەگرم. کاتێك دەستمپێکرد هەستەکەم دەبێت هەموو پەنجەکانم والێبکەم."

داواکردن لە نەخۆشەکان بۆ باسکرردنی ئەو شتانەی کە پاڵنەری پشت ڕەفتارە خودییەکانیان، بە ڕاهێنانی ئاگای ئاودەبرێت، کە ئەوەش هاوشێوەی پێداگری ڕێکخراوی ئەلکۆهۆلیکس ئەنۆنیمەس بوو بۆ هاندانی ئالوودەبووەکان بۆ ناسینەوەی ئامارژەکانیان، کە ئەمەش هەنگاوی یەکەمە لە ڕاهێنانی پێچەوانەکردنەوەی خوو. ئەو گرژییەی مادی لە نینۆکیدا هەستی پێدەکرد ئامارژەی خووی قەپلپنینۆکگرتنی بوو.

براد دوفرین کە چارەسەری ماندی دەکرد گوتی، "خووەکانی زۆرێک لە خەڵك بۆ ماوەیەکی زۆر دووبارە بوونەتەوە بەچەشنێك کە ئیدی سەرنجی ئەو شتانە نادەن کە هۆکاری ڕوودانیانن. چەندین کەس کە کێشەی زمانگیرانیان هەبوو دەهاتنە لام، منیش لێم دەپرسین، کام وشە یان کام دۆخ هاندەرە بۆ زمانگیرانتان، ئەاونش نەیاندەزانی، لەبەئەوەی زۆر دەمێك بوو وازیان لە تێبینیکردنی ئەو دۆخ و وشانە هێنابوو."




ئەڵقەی خووی ماندی

لە کۆتایی یەکەمین دانیشتنیاندا، دەروونناسەکە ئەرکێکی بەسەر ماندیدا داو ناردیەوە بۆ ماڵەوە، ئەمەش ئەرکەکە بوو: هەمیشە با کارتێکت پێبێت، هەر کە هەست بە ئاماژەکانکرد_گرژی سەری پەنجەکانت_نیشانەیەکی بۆ دابنێ لەسەر کارتەکە. ماندی بۆ هەفتەی داتوو گەڕایەوە لای دەروونناسەکە و ٢٨ نیشانەی لەسەر کارتەکە دانابوو. ئەو لەو کاتەدا زۆر بە باشی بەئاگابوویەوە لەو هەستانەی کە پێش خووەکەی دەکەوتن. دەیزانی چەندجار دەهاتن لەو ماوەی کە لە پۆلدا بوو یان لەکاتی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆندا.

دواتـر چارەسـەرکەرەکە شـتێکی فێـری مانـدی کـرد کـە بـە "وەڵامدانـەوەی کێبڕکێکارانە" ناسرابوو. ئەو چارەسەرەشی کە بۆی دانا بریتیبوو لەوەی کە هەر کاتێك هەستی بە گرژی لەسەری پەنجەکانیدا کرد یەکسەر دەستی بخاتە گیرفانی یان ژێـر ڕانـەکانی، یـان پێنوسـێك بەدەسـتیەوە بگرێـت یـان هـەر شـتێکی دی کـە دەستخسنەناودەمی لەلا دەکەن بە کارێکی ئەستەم. دواتر ماندی دەبوو بۆ شتێك بگەڕێت کە هەژاندنێکی فیزیکی خێرایی بۆ دابینبکات_وەك دەستخشاندن لە باسکی یان کێشانی بەدەکانی دەستی بە مێزێکدا بە سوکی یان هەرشتێکی دیکە کە وەڵامدانەوەیەکی فیزیکی دروستدەکات. ئامارژەکان و پاداشتەکان وەك خۆیان مانەوە تەنیا ڕۆتینەکە گۆڕانی بەسەردا هات.




ئەڵقەی خووە نوێیەکەی ماندی

بۆ ماوەی سی خوولەك لە سەنتەری چارەسەرکردنەکە ڕاهێنانیانکرد، دواتر ماندی بە ئەرکێکی نوێووە نێردرایەوە بۆ ماڵەوە: بەردەوام بە لەسەر دانانی نیشانە لەسەر کارتەکە، بەڵام ئەجارە هەر کە هەستت بە گرژی کرد نیشانەیەك دابنێ و ئەگەر سەرکەوتووانەش بەسەر خووەکەدا زاڵبوویت نیشانەیەکی (#) دابنێ.

هەفتەیەك دواتر، ماندی تەنیا سێ جار قەپی لە نینۆکەکانی گرتبوو، هەروەها "وەڵامدانەوەی کێبڕکێکارانی" حەوت جار بەکارهێنابوو. ئەو بە جوانکاریەکی نینۆکی پاداشتی خۆیکردبوو، لەگەڵ ئەوەش بەردەوامبوو لەسەر بەکارهێنانی کارتی تێبینیەکان.دوای مانگێك خووی نینۆکخواردنەکەی کۆتایی پێهان. رۆتینە کێبڕکێکارەکان بووبوونە خۆرسك. خوویەك جێگەی خوویەکی دی گرتبوویەوە.

ناسان ئازرین، یەکێك لە گەشەپێدەرانی مەشقکردنی پێچەوانەکردنەوەی خوو، پێی گووتم، "بابەتەنکە بە چەشنێکی گاڵتەئامێز و سانا دێتە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ناسینی خووەکە و دیاریکردنی ئاماژە و پاداشتەکان تۆ نیوەی ڕێگەکەت بڕیووە بۆ گۆڕینی خووەکە. دیارە دەبێت بابەتەکە ئاڵۆزتر بێت. ڕستیەکەی ئەوەیە، کە مێشك دەتوانرێت بەرنامەڕێژبکرێتەوە. تەنیا پێویستە مکوڕبیت لەسەر گۆڕینی خووەکە.

ئێستا چارەسەری پێچەوانەکردنەوەی خوو بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی ڕەفتارە نائاگاییانە کرداری و فیزیکیەکان، خەمۆکی، جەرەکێشان، گرفتاریەکانی قوماربازی، پەرێشانی، میزبەخۆداکردن، کار دواخستن، پشێویەکانی ڕاڕای و گرفتە ڕەفتاریەکانی دیکە. هەروەها تەکنیکەکانیشی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی خووەکانیانی بۆ خەڵك ئاشکراکرد: زۆربەی کات ئێمە لەو تامەزرۆییە تێناگەین کە ڕەفتارەکانمان دەخەنە کار تا ئەو کاتەی کە بەدواییاندا دەگەڕێین.

ماندی هەرگیز درکی بەوە نەکردبوو کە تامەزرۆییەك بۆ هەژاندنێکی فیزیکی بووە بە هۆکار بۆ خواردنی نینۆکی. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی کە شیکردنەوەی بۆ خووەکەی کرد، دۆزینەوەی ڕۆتینێکی تازەی بۆ لەلا بوویە کارێکی ئاسان کە ئەو ڕۆتینە هەمان پاداشتی بۆ دابیندەکرد.




بلێ دەتەوێت واز لە خواردنی سوکەژەم بهێنیت لەسەر کارکردن. ئایا ئەوە ئەو پاداشتەیە کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێت بۆ تێرکردنی برسیتیەکەت؟ یان ئایا ئەوە بۆ ڕەواندنەوەیەکی کورتخایەنی بێزاریەکەتە؟ ئەگەر تۆ سوکەژەم خواردنەکەت بۆ ڕەواندنەوەیەکی کورتی بێزاریەکەت بێت ئەوا دەتوانیت بە ئاسانی ڕۆتینێکی نوێ بدۆزیتەوە، وەك پیاسەیەکی خێرا، یان بەسەربردنی سێ خوولەك لەسەر ئینتەرنێت. کە ئەوەش بە هەمان شێوە بێزاریەکەت دەڕەوێنێتەوە بەبێ ئەوە ببێتە هۆی زیازبوونی کێشت و ئەستوربوونی کەمەرت.

ئەگەر دەتەوێت واز لە جگەرە کێشان بهێنیت، لە خۆت بپرسە، تۆ لەبەرئەوەی کە زۆر حەزت لە نیکۆتینە بۆیە جگەرە دەکێشیت یان لەبەرئەوەی کە کلپەیەك لە هەژانینت پێدەدات یان لەبەرئەوەیە کە ڕێگایەکە بۆ کۆمەڵایەتی بوونت؟ ئەگەر لەبەرئەوەیە کە پێویستت بە هەژاندن هەیە، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە بڕێك کافیین (کە لە چا و قاوەدا هەیە ) لە نیوەڕۆدا دەرفەتی وازهێنانت زیاددەکەن.




ئەگەر تۆ ئاماژە و پاداشتەکان بناسیتەوە، ئەوا دەتوتنیت ڕۆتینەکان بگۆڕیت. لانی کەم زۆرجار بەو چەشنەیە. بۆ هەندێك لە خووەکان کەرەستەیەکی دیکە هەیە کە پێویستە ئەویش بریتییە لە: باوەڕ.

## سێیەم

لەپاش بوونی بە ڕاهێنەری سەرەکیی تیپی بەکەنییەرس لە ساڵی ١٩٩٦، تۆنی دەنجی بە یاریزانانی تیپەکەی وت، "شەش هۆکار هەن وایان کردوە هەموو کەس پێیوایە ئێمە ناتوانین بیبەینەوە." ئەوە مانگەکانی پێش دەستپێکردنی وەرزی نوێ بوو، هەمووان لە ژووری خۆگۆڕین دانیشتبوون. دەنجی دەستی کرد بە لیستکردنی ئەو تیۆرەکان کە هەموویان لە ڕۆژنامەکان خوێندبوویانەوە یان لە ڕادیۆ گوێیان لێی بووبوو: دەستەی بەڕێوەبەری تیپەکە تێك چووە. ڕاهێنەرە نوێیەکەیان تاقی نەکراوەتەوە. یاریزانەکان ئاستیان خراپ بووە. شارەکە گرنگیی بە تیپەکە نادات. یاریزانە سەرەکییەکان تووشی پێکان بوون. ئەوان ئەو لێهاتووییەیان نییە کە پێویستیانە.

دەنجی وتی، "ئەمە هۆکارە پێشبینکراوەکانە بۆ شکستەکانی ئێمە. بەڵام ئەوەی ئێستا پێتان دەڵێم ڕاستیبەکەیە: هیچ کەسێك ناتوانێت لە ئێمە باشتر بێت."

دەنجی کە ڕوونی کردەوە کە ئامانجی لە ستراتیژییەتیەکەی ئەوەیە ڕەفتاری یاریزانانی یانەکەی بگۆڕیت، تاوەکوو جێیەجێکردنەکانیان خۆڕسک دەبن. دەنجی باوەڕی وابوو بەکەنییەرس پێویستی بە پلانێکی چڕوپڕ نییە. پێی وا نەبوو

یاریزانەکان دەبێت سەدان شێواز لەبەر بکەن. تەنیا پێویستە چەند جوڵەیەکی گرنگ فێر بن کە بە جێگەیەکی دروستیان بگەیەنێت هەموو کات.

هەرچەندە قورسە بە کاملی لە یاریی تۆپی پێ بگەیت. (هێرم ئیدواردس)ی ڕاهێنەری یاریدەدەری دەنجی لە تامپا بەی وتی، "لە هەموو یارییەکی تۆپی پێدا، لە هەموو یارییەکدا کەسێك تێکی دەدا. هەندێك جار هۆکاری ئەوە فیزیکی نییە، بەڵکوو بابەتەکە مەعنەوییە. یاریزانەکان شتەکان تێکدەدەن لەو کاتەی دەست بە بیرکردنەوەیەکی زۆر دەکەن یان چۆنیەتیی یاریکردنیان پێشبینی دەکەن." ئەو کارەی دەنجی دەیویست بیکات لابردنی بڕیاردان بوو لە یارییەکانیاندا.

بۆیە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە، دەنجی پێویستی بەوە بوو کە یاریزانەکانی بکاتەوە خووەکانی ئێستایان بناسنەوە و ڕۆتینە نوێیەکان پەسەند بکەن.

ئەو بە تەماشاکردنی یارییەکانی پێشتری یانەکەی دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی بزانێت یانەکەی پێشتر چۆن یاریی کردوە.

ڕۆژێکیان دەنجی لە ڕاهێنانی بەیانیاندا هاواری کرد، "با ئێستا وا نیشان بدەین ئێمە تیپی بەرگریکارین. یاریزانی ژمارە ٥٥، خوێندنەوەی تۆ چییە، چی دەکەیت؟"

بەرگریکار دێرك بروکس وتی، "من تەماشای هێرشبەرەکە و بەرگریکارەکان دەکەم."

دەنجی پرسیی، "بە شێوەیەکی کرداری تەماشای چ شتێك دەکەیت؟ چاوت لەسەر چ شوێنێکە؟"

بروکس وتی، "تەماشای جوڵەی بەرگریکارەکە دەکەم. چاوم لەسەر قاچ و سمتی هێرشبەرەکەیە دوای ئەوەی تۆپەکە وەردەگرێت. هەروەها سەرنجی کەلێنەکانی ناو هێڵەکە دەدا بۆ زانینی ئەگەری ئەوەی هێرشبەرەکە تۆپەکە بۆ لای من دەنێرێت یان بۆ شوێنێکی دوور لە من."

لە یاریی تۆپی پێدا، ئەم ئامارژە بینراوانە بە "کلیلی سەرەکیی یاریکردن" ناودەبرێن و لە هەموو یارییەکدا گرنگن. داهێنانەکەی دەنجی بەکارهێنانی ئەم کلیلە سەرەکییانە بوو وەك ئامارژە بۆ خووە نوێکراوەکان. ئەوەی دەیزانی، هەندێك کات

بروکس بۆ چەند خولەکێك دەشڵەژێت لە سەرەتای دەستپێکردنی یاریدا. شتگەلێکی زۆر هەیە بیربکاتەوە لەبارەیانەوە_ئایا یاریزانە بەرگریکارەکە لە پێکهاتەکە دەچێتە دەرەوە؟ ئایا پێی دواوەی هێرشبەرەکە ئەوە نیشان دەدات کە ئەو خۆی بۆ ڕاکردن یان پاسپێدان ئامادە دەکات؟_کە هەندێك کات ئەم شتانە بروکسیان هێواش دەکردەوە.

ئامانی دەنجی ئەوە بوو مێشکی بروکس ڕزگار بکات لەو هەموو لێکدانەوەیە. وەك ئەوان هەمان ئاماژەی بەکار هێنا کە بروکس پێشتر خووی پێوە گرتبوون، بەڵام ڕۆتینی جیاوازی پێدا، کە لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی خۆڕسك ڕوویان دەدا.

دەنجی بە بروکسی وت، "دەمەوێت هەمان کلیلی سەرەکی بەکاربهێنیت. بەڵام لە سەرەتادا تەرکیزت لەسەر گەڕانەوە بێت بۆ دواوە. هەر ئەوەیە. بەبێ بیرکردنەوە ئەو کارە بکە. کاتێك شوێنی خۆت گرت، دواتر بەدوای یاریزانانی هێڵی پێشەوەدا بگەڕێ."

ئەمە تا ڕادەیەك جێگۆڕکێیەکی مامناوەند بوو (چاوی بروکس چووە سەر هەمان ئاماژەکانی پێشتر، بەڵام لەباتیی ئەوەی سەرنجی چەند لایەك بدات لە هەمان کاتدا، دەنجی ڕیزبەندی بۆ ئەو شوێنانە کرد و پێشوەختە پێی وت کام بژاردەیە هەڵبژێرێت لە کاتی بینینی هەر کلیلێکدا. نایابیی ئەم شێوازە لەوەدا بوو، پێویستیی بڕیاردانی لەلای یاریزانەکان نەهێشت. کاتێك لە کۆتاییدا خووەکە دروست بوو مۆڵەتی بە بروکس دا خێراتر بەرەو پێشەوە بڕوات، چونکە هەموو شتێك کاردانەوەیەك بوو_لە دواییشدا خوویەك_نەك هەڵبژاردن.

دەنجی هەمان زانیاری بە هەموو یاریزانەکان دابوو و، بەردەوام دووبارە و دووبارە ڕاهێنانیان لە سەر هەمان شێوازەکان دەکردەوە. نزیکی ساڵێکی پێ چوو تا خووەکانی دەنجی دروست بوون. بەکەنییەرس یارییە ئاسانەکانی سەرەتایی دۆڕاند. ڕۆژنامەنووسە وەرزشییەکان پرسیاریان دەکرد بۆچی یاریزانەکانی بەکەنییەرس کاتێکی زۆر لە فیڵی دەروونیدا بەفیڕۆ دەدەن.

بەڵام وردە وردە تیپەکە هەنگاوی بەرەو باشبوون نا. سەرەنجام یاریزانەکان ئەوەندە بە شێوازەکان ئاشنا بووبوون کە لەگەڵ چوونە ناو یاریگادا خۆڕسکان جێبەجێیان دەکردن. لە دووەم ساڵی ڕاهێنەرایەتیی دەنجیدا، بەکەنییەرس پێنج یاریی یەکەمی بردەوە و سەرکەوت بۆ قۆناغی یەکلاکەرەوە بۆ یەکەمین جار لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا.

شێوازی ڕهێنەرایەتیکردنی دەنجی سەرنجی ڕای گشتی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. دەزگا ڕاگەیاندنە وەرزشییەکان زۆر شەیدای قسەکردنە نەرمەکەی و ئایینددۆستییەکەی دەنجی، ئەو گرنگییەی کە دەیدا بە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کارەکەی و خێزانەکەی بوون. ڕاپۆرتە هەواڵییەکان باسی ئەوەیان دەکرد چۆن کوڕەکانی، ئێرك و جەیمی بردووەتە ناو یاریگا بۆ ئەوەی پێکەوە کات بەسەربەرن لە ماوەی ڕاهێنانەکاندا. ئەوان کارەکانی ئۆفیسەکەی دەنجییان دەکرد و خاولییەکانیان هەڵدەگرت لە ژووری خۆگۆڕین. وا دیاربوو لە کۆتاییدا خەریك بوو دەگەیشتن بە سەرکەوتن.

لە لە ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١، تیپی بەکەنییەرس دووبارە سەرکەوت بۆ یاریی قۆناغی یەکلاکەرەوە. ئێستا هەموو هەفتەیەك یاریگاکەیان پڕ دەبێت لە هاندەر. دەزگا ڕاگەیاندنە وەرزشییەکان وەك ڕکابەری سوپەر بۆڵ باسی تیپەکە دەکەن.

•••

تەنانەت کاتێك بەکەنییەرس بوو بە تیپێکی باڵادەست، کێشەیەکی مەترسیدار هاتە کایەوە. ئەوان زۆربەی کاتەکان یارییەکی تۆکمە و باشیان دەکرد. بەڵام لە کاتە گرنگەکاندا هەموو شتێکیان تێك دەدا.

لە ساڵی ١٩٩٩، دوای ئەوەی بەکەنییەرس شەش بردنەوەی لەسەریەکی تۆمار کرد لە کۆتاییی وەرزەکەدا، پاڵەوانیەتیی یەکێتییەکە لە بەرانبەر سان لویس ڕامس لەدەست دا. لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەوان تەنیا یەك یاری دوور بوون لە سوپەر بۆڵ ئەو دەمەی بەرانبەر بە فیلادیفیا نیگڵزدا شکستیان هێنا و یارییەکەیان بە ئەنجامی ٢١ بە ٣ پێ دۆڕاند. لە ساڵی دواتریشدا، هەمان شت ڕوویدایەوە و بەکەنییەرس بە

ئەنجامی ٣١ بە ٩ دووبارە بە ئیگلز دۆڕا، بەوەیش دەرفەتی چوونە قۆناغی دواتریان لەدەست دا.

دەنجی پێی وتم، "ئێمە مەشقمان دەکرد و پێکەوە بە سەرکەوتوویی کارمان دەکرد، دواتر کاتێك دەگەیشتینە یارییەکی گەورە وەك ئەوە بوو کە ڕاهێنانکردنەکە ونبووبێت. دوای یارییەکە یاریزانەکانم دەیانوت، "ئەمە یارییەکی چارەنووساز بووە، ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەوەی کە دەمانزانی. یان دەیانوت، پێمان وابوو دەبێت کەمێك ئاستمان بەرزتر بکەینەوە."، ئەوەی ئەوان دەیانوت ئەوە بوو کە باوەڕیان بە سیستمەکە هەبوو، بەڵام کاتێك دەگەیشتینە یارییەکی چارەنووسساز، ئەو باوەڕەیان لەکار دەکەوت."

لە کۆتاییی وەرزی ٢٠٠١ کاتێك تیپی بەکەنییەرس بۆ دووەم وەرز لەسەر یەك پاڵەوانیەتیی سوپەر بۆڵیان لەدەست دابوو. بەڕێوەبەری سەرەکیی تیپەکە داوای لە دەنجی کردبوو کە بڕوات بۆ ماڵەکەی. دەنجی لە نزیك داربەڕوویەکی گەورە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و ڕۆشتە ژوورەوە، دوای سی چرکە لە کارەکەی دوورخرایەوە.

ساڵی دواتر بەکەنییەرس توانیی پاڵەوانیەتیی سوپەر بۆڵ بباتەوە بە بەکارهێنانی پێکهاتە و یاریزانەکانی دەنجی و پشتبەستن بەو خووانەی کە ئەو دایڕشتبوون. ئەو لە تەلەڤیزیۆندا تەماشای دەکرد، کاتێك ئەو ڕاهێنەرەی لە شوێنی ئەو دانرابوو جامی پاڵەوانیەتییەکەی بەرز کردەوە. بەڵام ئەو دەمە، ئەو لەو شوێنە دوور بوو.

## چوارەم

نزیکەی شەش کەس (دایکێکی دڵسۆز و چەند پارێزەرێك کە لە پشووی ژەمی نیوەڕۆدان، لەگەڵ چەند پیاوێکی بەتەمەن کە تاتۆکانیان کاڵبووەتەوە) لە پەرستگایەکدا دانیشتوون و گوێیان لە پیاوێکی ورگن گرتووە کە بۆینباخێکی شینی بەستووە کە لەگەڵ ڕەنگی چاوی پێك دێتەوە. ئەو لە سیاسییەکی سەرکەوتوو دەچێت، لەگەڵ کاریزمایەکی گەرم کە نیشاندەری دڵنیایی دووبارە هەڵبژاردنەوەیەتی.

جۆن وتی، "من ناوم جۆنە و کەسێکی ئالوودەبووی کحوولم."

هەموویان وەڵامیاندایەوە، "سڵاو جۆن."

جۆن کە لەپشت دوانگەیەکەوە وەستابوو وتی، "یەکەمین جار کە بڕیام دا داوای یارمەتی بکەم ئەو کاتە بوو کە کوڕەکەم باسکی شکا. من لەگەڵ ژنێکدا پەیوەندیم هەبوو لەبەر کارەکەم، ئەو پێی وتم، دەیەوێت کۆتایی بەو پەیەوەندییە بهێنێت. بۆیە منیش ڕۆیشتم بۆ باڕ و دوو ڤۆدگام (مەیەکی ڕوسییە) خواردەوە و گەڕامەوە بۆ سەر کارەکەم، لە کاتی ژەمی نیوەڕۆدا لەگەڵ هاوڕێیەکمدا ڕۆیشتم بۆ خواردنگەی چیلیز، لەوێش هەریەکەمان هەندێك بیرەمان خواردەوە. دواتر لە دەوروبەری کاتژمێر دوو، من و هاوڕێیەکی دیکەم ماینەوە شوێنێکمان دۆزییەوە کە کاتژمێری مەی خواردنەوەی بێبەرانبەریان پێشکەش دەکرد لەو کاتەدا. ئەو ڕۆژە نۆرەی من بوو بڕۆم بەدوای منداڵەکاندا (هاوژینەکەم هێشتا بە پەیوەندییەکەی منی نەزانی بوو) بۆیە من ڕۆشتم بەدوایاندا و هەڵم گرتن، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە کە ڕەنگە هەزار جار بەو ڕێگەیەدا ڕۆشتبم خۆم کێشا بە نیشانەیەکی وەستاندا لەوسەری کۆڵانەکەدا، چوومە سەر شۆستەکە و یەکسەر خۆم کێشا بە نیشانەکەدا. سامی کوڕم کە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا خۆی نەبەستبوویەوە بە ئاڕاستەی جامەکە دەرپەڕی و باسکی شکا. داشبۆردەکە خوێنی لەسەر بوو، لوتی کوڕەکەم کێشابووی پێیدا و جامی ئۆتۆمبێلەکە وردبووبوو، منیش زۆر ترسام. ئەوە ئەو کاتەبوو کە هەستم کرد پێویستم بە یارمەتییە و بڕیارم دا داوای بکەم.

"بۆیە چووم بۆ نۆڕینگەیەك و دواتر هاتمە دەرێ، بۆ ماوەیەك هەموو شتێك باش بوو. بۆ ماوەی سێ مانگ هەموو شتێك باش بوو، پێم وابوو شتەکانم جڵەوگیر کردووە. دوو ڕۆژ جارێك دەڕۆیشتم بۆ کۆبوونەوەکان، بەڵام لە کۆتاییدا دەستم کرد بە بیرکردنەوە، باشە خۆ من ئەوەندە کەسێکی شکستخواردوو نیم تا پێویستم بەوە بێت کات لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی سەرخۆشدا بەسەر ببەم، بۆیە وازم لە چوون بۆلای ئەوان هێنا."

"دوو ساڵ دوای وازهێنانم، دایکم دووچاری شێرپەنجە بوو، لەسەر کاربووم کە پەیوەندیی پێوە کردم، ئەو لە نووسینگەی پزیشکەکەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت و وتی، 'پزیشکەکە پێی وتووم دەتوانین چارەی بکەین، بەڵام زۆر تەشەنەی سەندووە' یەکەم شت کە کردم دوای داخستنەوەی پەیوەندییەکەی ئەو دۆزینەوەی بارێک بوو، وە بۆ دوو ساڵ دواتر زۆربەی کاتەکان سەرخۆشبووم تاوەکوو ئەو کاتەی هاوژینەکەم بەجێی هێشتم، بۆیە ئەرکی هێنانەوەی منداڵەکانم کەوتە سەرشانی من. ئەو کات لە بارودۆخێکی زۆر خراپدابووم. هاوڕێیەکم فێری بەکارهێنانی کۆکاینی دەکردم، هەموو دوانیوەڕۆیەک لولەیەک کۆکاینم لە نوسینگەکەمدا ئامادە دەکرد و دوای پێنج خولەک ئەو دڵۆپانەم هەڵدەدایە پشتەوەی قورگم و لولەیەکی دیکەم ئامادە دەکرد.

به هەرشێوەیەک بێت ئەوە نۆرەی من بوو کە بڕۆم بەدوای منداڵەکاندا. لەسەر ڕێگاکە بووم بۆ قوتابخانەکەیان و زۆر هەستم بە باشی دەکرد، وەک ئەوەی لەسەروو هەموو شتێکەوە بم و لە خاڵێکی یەکتربڕیندا سەرەڕای سووریی تراڤیکەکە من بەردەوام بووم لە ڕۆشتن و نەوەستام، بۆیە لۆرییەکی گەورە زرمەی لێ هەڵساندم و خۆی بە ئۆتۆمبێلەکەمدا کێشا و لە ڕاستیدا ئۆتۆمبیلەکەمی لەو لایەوە کون کرد. لە ڕووداوەکەدا خۆم هیچ زیانم پێ نەگەیشت. لە ئۆتۆمبێلەکەم هاتمە خوارەوە و هەوڵم دا پاڵ بە ئۆتۆمبێلەکەمەوە بنێم، چونکە پێموابوو گەر بتوانم ئۆتۆمبێلەکە بگەیەنمە ماڵەوە پێش گەیشتنی پۆلیسەکان کێشەم بۆ دروست نابێت. بێگومان من لەوەدا سەرکەوتوو نەبووم، کاتێک دەستگیریان کردم لەبەر لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە ژێر کاریگەری کحوولدا، ئەو لایەی ئۆتۆمبێلەکەیان نیشان دام کە لۆرییەکە خۆی پێدا کێشابوو، کە بەتەواوی وێران بووبوو. ئەوە ئەو جێگەیە بوو کە سامی کوڕم تێیدا دادەنیشت، گەر ئەوم لەگەڵ بووایە ئێستا لە ژیاندا نەمابوو.

جۆن وتی، "لەبەرئەوە من دەستم کردەوە بە ڕۆیشتن بۆ کۆبوونەوەکان و چاودێرەکەیشم پێی وتم، ئەوە گرنگ نییە من هەستبکەم کە جڵەوی بارودۆخەکەم کردووە. بەبێ هێزێکی باڵاتر لە ژیانمدا، بەبێ دانانان بە بێتواناییەکانمدا ئەو هەستە

هیچ گرنگیـەکی نییـە. وا بیرم دەکـردەوە ئـەو قسـەیە بێمانایـە، من بێبـاوەڕم. بەڵام دەمزانی گەر شتێك نەگۆڕێت، من دەبمە بکوژی منداڵەکانی خۆم. بۆیـە دەستم بە کار کرد لەسەر ئەوە، کارکردن لەسەر باوەڕکردن بە شتێك کە گەورەترە لە خۆم. من لەو کارەدا سەرکەوتوو بووم نازانم گەر ئەوە خودا بێت یان شتێکی دیکە، بەڵام هێزێك هەیە کە یارمەتیی منی داوە بۆ ماوە ٧ ساڵ کەسێکی هۆشیار بم، ئێستا من لەو هێزە دەترسم. هەموو بەیانییەك بە هۆشیاری بەئاگا نایەم، مەبەستم ئەوەیە کە ٧ ساڵە مەی ناخۆمـەوە_بـەڵام هەنـدێك بـەیانی کـە بـەئاگا دێـم وا هەسـت دەکـەم ئـەو ڕۆژە دەکەوم. لەو ڕۆژانەدا، کە من بەدوای وەدەستخستنی هێزێکی باڵاترەوەم و پەیوەندیم بە چاودێرەکەمەوە دەکەم زۆر جار لەبارەی مەیخواردنەوەوە قسە ناکەین. بەڵکوو ئێمە لەبارەی ژیـان و هاوسـەرگیری و کارکەمـەوە قسـە دەکـەین، هـەروەها ئـەو کاتـەی کە ئامادە دەبم بۆ خۆشۆردنێك، یەکسەر مێشکم ئارام دەبێتەوە."

یەکـەمین خاڵـە لاوازەکـانی ئـەو بیردۆزەی کە باسـی لـەوە دەکـرد ئـەلکۆهۆلیکس ئـەنۆنیمس تـەنیا بـە بەرنامەڕێژکردنـەوەی خـووی بەشـداربووەکانی توانیویـەتی سەرکەوتوو بێت دەیەیەك پێش ئێستا دەرکەوت، هۆکاری دەرکەوتنەکەیشی چیرۆکە هاوشێوەکانی کەسـانی وەم جـۆن بـوون. توێـژەرەکان بۆیـان دەرکـەوت کـە خـووی جێگرەوە زۆر بە باشی کاری کردووە بۆ زۆر کەس تا ئەو کاتەی کە فشارەکانی ژیان، وەك، (زانـینی ئـەوەی کـە دایکـت تووشـی شـێرپەنجە بـووە، یـان شکسـتهێنانی هاوسـەرگیرییەکەت) زۆر زیادیـان کـردووە، لـەم کاتەشـدا ئالوودەبووەکـان دووبـارە دەستیان بە خواردنەوە کردووە. کەسانی ئەکادیمی پرسییان گەر خووە جێگرەوەکان زۆر کاریگـەرن بۆچـی وا دەردەکـەوێت لـە ساتە هەسـتیارەکاندا شکسـت دەهێـنن. هەروەها کاتێك ئەوانە دەستیان کرد بە لێکۆڵینـەوە لە چیرۆکی ئالوودەبووەکان بۆ وەڵامدانـەوەی ئـەوە، فێربـوون خـووە جێگرەوەکـان تـەنیا کاتێـك دەبـن بـە ڕەفتارێکـی نوێی پتەو کە شتێکی دیکەیان لەگەڵ بێت.

بۆ نموونە: گرووپێك لە توێـژەران لـە گرووپـی توێژینـەوەی کحوول لـە کالیفۆڕنیا، درکیـان بـە شـێوازێك کـرد لـە چـاوپێکەوتنەکاندا. بـەردەوام دووبـارە ئـالوودەبووانی

کحوول هەمان شتیان دەوتەوە: ناسینەوەی ئاماژەکان و هەڵبژاردنی ڕۆتینی تازە گرنگە، بەڵام بەبێ بوونی کەرەستەیەکی دیکە خووەکان هەرگیز جڵەو ناگرنە دەست.

ئالوودەبووەکان وتیان، نهێنییەکە خودایە.

توێژەرەکان ئەو ڕوونکردنەوەیان پێ خۆش نەبوو. خودا و لایەنی ڕۆحی شتگەلێک نین کە ئەوان بتوان تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەن. پەرستگاکان پڕن لە سەرخۆش کە بەردەوامن لە خواردنەوە سەرەڕای باوەڕە ئایینخوازانەکەیان. بەڵام لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئالوودەبووەکان دووبارە و دووبارە ڕووبەڕووی لایەنی ڕۆحی بوونەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا گروووپێك لە زانایان کە پێك هاتبوون لە زانایانی زانکۆی کالیفۆڕنیا لە بێرکلی و زانکۆی براون و پەیمانگا نیشتیمانیی تەندروستی، دەستیان کرد بە پرسیارکردن لە ئالوودەبووەکان لەبارەی هەموو جۆرە بابەتێکی ئایینی و ڕۆحییەوە. دواتر ئەوان تەماشای ئامارەکانیان کرد، تا بزانن کە ئاخۆ هیچ پەیوەندیی هەیە لەنێوان باوەڕی ئایینی و ماوەی مانەوەی خەڵك لەسەر نەخواردنەوەی کحوول.

شێوازێك هاتە کایەوە. بەگوێرەی ئامارەکان، ئەو ئالوودەبووانەی کە مەشقیان لەسەر تەکنیکەکانی خووی جێگرەوە کردبوو زۆربەی کاتەکان توانیبوویان مەی نەخۆنەوە تا وەختێك کە دووچاری ڕووداوێکی پڕفشار دەبوون_ژمارەیەکی دیریکراو لە بەشداربووەکان دووبارە دەستیان بە خواردنەوە کردبوو بەبێ گرنگیدان بە وەی کە چەند ڕۆتینی تازەیان لەباوەش گرتووە.

هەرچەندە، ئەو ئالوودەبووانەی کە وەك جۆن لە برووکلین باوەڕیان وابوو کە هێزێکی باڵاتر چووەتە ژیانیانەوە گەر تێپەڕینیان بە کاتە پڕفشارەکان بێ خواردنەوەی مەی زیاتر.

توێژەرەکان بۆیان دەرکەوت، بابەتەکە پەیوەست نییە بە خوداوە، ئەوە باوەڕەکە خوودی خۆیەتی کە جیاوازی دروست دەکات. کاتێك خەڵك فێری چۆنیەتیی باوەڕهێنان بە شتێك دەبوون، ئەو کارامەیییە بڵاو دەبوویەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ژیانیان. تا ئەو کاتەی کە ئەوان باوەڕیان بۆ دروست دەبوو کە دەتوانن گۆڕانکاری لە

خۆیاندا بکەن. باوەڕ ئەو کەرەستەیە بوو کە ئەڵقەی خووە دووبارەداڕێژراوەکەی دەکرد بە ڕەفتارێکی هەمیشەیی.

تونیگن توێژەری زانکۆی نیومێکسیکۆ وتی، "من ساڵێك پێش ئێستا ئەمەم نەدەوت (بەم خێراییە تێگەیشتنمان دەگۆڕێت) بەڵام لە ڕاستیدا وا پێدەچێت باوەڕ گرنگ بێت، لەسەر تۆ پێویست نییە کە باوەڕت بە خودا هەبێت، بەڵام دەبێت باوەڕت هەبێت کە شتەکان باشتر دەبن."

"تەنانەت گەر تۆ هەندێك خووی باشتر فێری خەڵك بکەیت، چارەسەری ئەوە ناکات کە بۆچی ئەوان دەستیان بە خواردنەوە کردووە یەکەمجار. سەرەنجام هەموویان ڕۆژێکی خراپیان هەبوو ڕۆتینێکی تازە وا لە هەموو شتێك ناکات کە بە باشی دەربکەوێت. ئەوەی جیاوازی دروست دەکات بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە دەتوان بەبێ کحول مامەڵە لەگەڵ فشارەکانیاندا بکەن."

بە بەشدارپێکردنی کەسانی ئالوودەبوو لەوو کۆبوونەوانەی باوەڕ بوونی هەیە تێیاندا_ کە لەڕاستیدا باوەڕ خۆی بەشێکی تەواوکاری دوازدە هەنگاوەکەیە_ئەلکۆهۆلیکس ئەنۆنیمس ڕاهێنان بە خەڵك دەکات لە بارەی چۆنیەتیی باوەڕهێنان بە شتێك تاوەکوو باوەڕیان بە گرووپەکە و خۆیان لەلا دروست دەبێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵك ڕاهێنانی باوەڕهەبوون بکەن بەوەی کە شتەکان لە کۆتاییدا باشتر دەبن.

لی ئان کاسکوتاس، زانایەکی بەساڵاچوو لە گرووپی (لێکۆڵینەوە لە مەی) وتی، "لە هەندێك کاتدا، خەڵکی لە ئەلکۆهۆلیکس ئەنۆنیمس تەماشای ژوورەکە دەکەن و بیردەکەنەوە، ئەگەر ئەوە بۆ ئەو لاوە سەرکەوتوو بێت، باوەڕم وایە دەشێت بۆ منیش سەرکەوتوو بێت. شتگەلێکی بەهێز هەن لەبارەی گرووپەکان و ئەزموونە هاوبەشپێکراوەکان. خەڵکی لەوانەیە لە توانای گۆڕانیان گومانیان هەبێت گەر هەر خۆیان بن. بەڵام گرووپێك قایلیان دەکات کە واز لە بێباوەڕی بهێنن. کۆمەڵ باوەڕ دروست دەکات."

کاتێك جۆن کۆبوونەوەکەی ئەلکۆهۆلیکس ئەنۆنیمسی بەجێ هێشت، لێم پرسی هۆکاری سەرکەوتنی پرۆگرامەکە چییە، دوای ئەوەی لە پێشتردا شکستی بەو هێنابوو. ئەو پێی وتم، "کاتێك من لەپاش کارەساتی لۆرییەکە دەستم بە هاتن کرد بۆ ئێرە، کەسێك داوای لە خۆبەخشەکان کرد بۆ دوورخستنەوەی کورسییەکان یارمەتیی بدەن. من دەستم بەرز کردەوە. ئەوە کارێکی گەورە نەبوو تەنیا پێنج خولەکی خایاند، بەڵام هەستێکی تایبەتی بە من بەخشی. کە ئەو کارە تەنیا دەربارەی من نەبوو. باوەڕم وایە ئەوە منی خستە سەر ڕێگایەکی جیاواز."

"سەرەتا من ئامادە نەبووم خۆم ڕادەستی گرووپەکە بکەم، بەڵام کاتێك گەڕامەوە، ئیدی ئامادەبووم باوەڕ بە شتێك بکەم."

## پێنجەم

دوای تێپەڕینی کەمتر لە هەفتەیەك بەسەر دەرکردنی دەنجی لەلایەن تیپی باکەسەوە، خاوەن تیپی ئینندیاناپۆلیس کۆڵتس نامەیەکی ١٥ خوولەکی پڕسۆزی بۆ دەنجی بەجێ هێشت لە سەر ئامێری تەلەفۆنەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆڵتس خاوەنی یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی هێڵی ناوەند بوو لە دەورەی تۆپی پێی ئەمریکیدا، پیتۆن مانینگ کە وەرزێکی خراپی لەگەڵ تیپەکەدا تەواو کردبوو. سەرۆکی کۆڵتس گوتبووی پێویستی بە یارمەتییە و، لە دۆڕان بێزاربووە. دەنجی ڕۆشت بۆ ئیندیاناپۆلیس و بوو بە ڕاهێنەری سەرەکیی تیپەکە.

دەنجی یەکسەر دەستی کرد بە جێبەجێکردنی هەمان پلانی بنەڕەتی یاریکردن: ڕۆتینەکانی تیپی کۆڵتسی دیاریکرد و یاریزانەکانی فێر کرد ئاماژە کۆنەکان بەکاربهێنن بۆ بونیادنانی خووگەلێکی نوێ. لە وەرزی یەکەمدا یانەکە ١٠ بردنەوەی بەدەست هێنا و لە شەش یارییشدا دووچاری شکست بوو، پاڵێوراویشبوو بۆ قۆناغی یەکلاکەرەوە. وەرزی دواتر تیپەکە لە ١٢ یاریدا بردنەوەی بەدەست هێنابوو، لە ٢ یاریشدا دووچاری شکست بوو، تەنیا یەك یاری لە سوپەر بۆڵەوە دوور بوو. دەنجی ورده ورده ناوبانگی پەیدا کرد. شرۆڤەکانی ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن لە سەرانسەری وڵاتدا بەدی دەکران. هەواداران بە فڕۆکە دەهاتنە ناوچەکە بۆ سەردانیکردنی ئەو

پەرستگایەی کە دەنجی تێیدا ئامادە دەبوو. کوڕەکانی دەنجی لە ژووری خۆگۆڕینی یاریزانان و سەرهێڵەکانی یاریگای تیپەکە جێگیر بووبوون. کوڕە گەورەکەی جەیمی لە ساڵی ٢٠١٥دا دواناوەندی تەواو کرد و چووە زانکۆ لە فلۆریدا.

تەنانەت لەگەڵ دەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی دەنجیدا، بە هەر شێوەیە بێت، هەمان ئەو شێوازە نیگەرانکەرانە دەرکەوتبوونەوە. تیپی کۆڵتس وەرزێکی باشی پڕ بردنەوەیان پێشکەش دەکرد، دواتر لەژێر پەستانی قۆناغی یەکلاکەرەوەدا هەناسەیان لێ بڕا.

دەنجی پێی گوتم، "باوەڕ سەرەکیترین بەشی بردنەوەیە لە تۆپی پێی پیشەگەریدا. تیپەکە دەیویست باوەڕ بکات، بەڵام کاتێک شتەکان بەرەو قۆناغێکی خراپ دەڕۆیشتن هەمووان هەنگاویان بەرەو ناوچەی ئاسوودەی دەنا و دەچوونەوە سەر خووە کۆناکانیان."

تیپی کۆڵتس، لە ساڵی ٢٠٠٥دا وەرزێکی ئاساییان کۆتایی پێ هێنا، لە ١٤ یاریدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و، لە دوو یارییشدا دووچاری شکست بوونەوە، باشترین تۆماری تیپەکە بوو لە مێژوودا.

دواتر تراژیدیایەک ڕوویدا. سێ ڕۆژ پێش جەژنی لەدایکبوونی عیسا، لە نیوە شەودا دەنجی مۆبایلەکەی زەنگی لێدا. هاوسەرەکەی وەڵای دایەوە و مۆبایلەکەی دایە دەستی دەنجی، پێیوابوو تەلەفۆنەکە یەکێک لە یاریزانەکانیەتی. تەلەفۆنەکە پەرستارێک بوو. پەرستارەکە وتی، کوڕەکەی دەنجی جەیمی ئەمڕۆ سەرلەنێوارە بە قوڕگێکی برینداراوە هێنراوە بۆ نەخۆشخانە. هاوڕێ کچەکەی ئەوی لە شوقەکەیدا بە هەڵواسراوی دۆزیبوویەوە کە بە قایشێک خۆی هەڵواسیبوو. کارمەندانی بەشی فریاگوزاری بەخێرایی ئەویان گەیاندبوویە نەخۆشخانە، بەڵام هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی سەرکەوتوو نەبوو. ئەو مردبوو.

قەشەیەک لەگەڵ خێزانەکەیدا گەشتی کرد بۆ بەسەربردنی سەری ساڵ. قەشەکە بەوانی وت، "ژیان هەرگیز بە هەمان شێوە نابێت، بەڵام ئێوەیش هەستەکانت هەمیشە بەم شێوەی ئێستا نابێت."

پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە پرسەکە، دەنجی گەڕایەوە بۆ ناو یاریگا. دەنجی پێویستی بە شتێک بوو بۆ لەبیربردنەوەی خەمی لەدەستدانی کوڕەکەی، خێزان و تیپەکەیشی هانیان دەدا بۆ گەڕانەوە بۆ کارەکەی. دواتر دەنجی نووسیبووی، "من زۆر سەرسامی خۆشەویستی و پشتیوانیی ئەوان بووم، وەک گرووپ هەمیشە شتگەلێکی زۆر لەیەکەوە فێربووین لە کاتە سەختەکاندا. من لەو کاتەدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستم بەوان بوو."

تیپەکەی دەنجی یەکەم یاریی قۆناغی یەکلاکەرەوەی دۆڕاند، بەوەیش کۆتایی بە وەرزەکەیان هێنا. یەکێک لە یاریزانەکانی دەنجی لەو سەردەمەدا پێی وتم، "ئێمە ڕاهێنەرەکەمان لە کاتی تێپەڕبوون بەو بارودۆخە سەختەدا بینی بوو، هەموومان دەمانویست یارمەتیی بدەین."

ئەوە سادەییە، بگرە دەشێت بڵێین گەمژەییە، کە مردنی کوڕێکی گەنج دەتوانێت کاریگەری لەسەر یارییەکانی تۆپی پێ هەبێت. دەنجی هەمیشە دەیوت، هیچ شتێک لە خێزانەکەم بۆ من گرنگتر نییە. یاریزانەکان وتیان، هەر لەدوای مردنی جەیمی، ئەو کاتەی کۆڵتس دەستی کرد بە ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێ شتێک گۆڕانی بەسەردا هات. تیپەکە خۆیان ڕادەستی تێڕوانینەکەی دەنجی کرد لەبارەی ئەوە کە دەبێت بە چەشنێک یاری بکەن کە پێشتر نەیانکردووە. ئەوان وردە وردە باوەڕیان بۆ دروست بووبوو.

یەکێک لە یارزانەکانی ئەو سەردەمە کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت پێی وتم، "زۆرێک لە وەرزەکانی پێشووم بە نیگەرانی لەبارەی گرێبەستەکەم و موچەکەم بەسەربردبوو، بەڵام کاتێک ڕاهێنەرەکە گەڕایەوە لەدوای پرسەکە، دەمویست هەموو شتێکی پێ ببەخشم کە لە توانامدایە بۆ نەهێشتنی ئازارەکەی. بەنزیکەی خۆم بەخشی بە تیپەکە."

یاریزانێکی کۆڵتس پێی وتم، "هەندێک لە پیاوەکان لەباوەشگرتنی یەکدییان پێ خۆشە. من لەو جۆرە نیم. ئەوە دەیەیەکە کوڕەکانی خۆشم لەباوەش نەگرتووە. بەڵام

دوای گەڕانەوەی ڕاهێنەر من ڕۆشتم و بەتووندی لەباوەشم گرتو چونکە دەمویست بزانێت کە من لەلایم."

لەدوای مردنی کوڕەکەی، تیپەکەی دەنجی دەستیان کرد بە یاریکردن بە جیاوازی. باوەڕێک دروست بوو لەنێوان یاریزانەکاندا دەربارەی بەهێزیی ستراتیژییەکەی دەنجی. تیپەکەی زۆر بە باشی و تۆکمەیی یارییان دەکرد لە ڕاهێنان و یارییە خۆئامادەکارییەکانی پێش وەرزی ٢٠٠٦.

یاریزانێکی دیکەی کۆڵتس پێی وتم، "زۆرێک لە تیمەکانی تۆپی پێ لە ڕاستیدا تیم نین، بەڵکوو تەنیا کەسانێکن کە بەیەکەوە کاردەکەن. بەڵام ئێمە بووین بە یەک تیم، ئەوە سەرسوڕهێنەر بوو. ڕاهێنەرەکە تروسکایی بوو، بەڵام بابەتەکە لەو فراوانتر بوو. کاتێک گەڕایەوە، وەک ئەوەبوو کە بەڕاستی ئێمە متمانەمان بە یەکتر هەبێت، وەک ئەوەی بزانین کە چۆن پێکەوە یاری بکەین بەشێوەیەک کە پێشتر نەمان کردووە."

لە ساڵی ١٩٩٤، توێژینەوەیەکی زانکۆی هارڤارد کە لەو کەسانەی کۆڵیبوویەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ژیانیان گۆڕابوو، بە نموونە توێژەرەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو، کە هەندێک کەس لە دوای تراژیدیایەکی کەسی دووبارە خووەکانیان داڕشتبوویەوە، وەک جیابوونەوە یان نەخۆشییەکی مەترسیدار. هەندێکی دیکەیان گۆڕابوون دوای ئەوەی هاوڕێیەکیان بینیبوو کە بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕێت، وەک ڕوانینی یاریزانەکانی دەنجی لە ئازاری ڕاهێنەرەکەیان.

زۆرجاریش بەبێ ڕوودانی هیچ تراژیدیاک خەڵک گۆڕانی بەسەرداهاتبوو. ئەوان گۆڕان چونکە وابەستەی گروپگەلێکیکۆمەڵایەتی بووبوون کە کارەکەی لەلا ئاسانکردبوون. ژنێک وتی، هەموو ژیانی گۆڕاوە کاتێک ناوی خۆی لە کۆمەڵەیەکی دەروونناسیدا تۆمارکردوە و چاوی بە گروپێکی ناوازە کەوتووە.

تۆد هێزەرتۆن، یەکێک لەو توێژەرانەی کە بەشداری لە توێژینەوەیەکدا کردبوو پێی گوتم، "گۆڕان لە ناو خەڵکدا ڕوودەدات، ئێمە کاتێک ئەوە لە چاوی کەسانی دیکەدا دەبینین وەک ڕاستی دێتە پێش چاومان."

تا ئێستاش بە تەواوی لە میکانیزمەکانی باوەڕ تێنەگەیشتووین. کەس لەوە دڵنیا نییە بۆچی ژنێک کاتێک لە ناو کۆمەڵەیەکی دەروونناسیدا چاوی بە گروپێک دەکەوێت، ئەوانە دەتوانن بەوە قایلی بکەن کە شتەکان جیاوازە دەکرێت بگۆردرێن. یان بۆچی تیپەکەی دەنجی دوای گیانلەدەستدانی کوڕەکەی یەکیانگرت. خەڵکانێکی زۆر لەبارەی ژیانە هاوسەرگیریە ناخۆشەکەیانەوە دەردەدڵ لەلای هاوڕێکانیان دەکەن لەکاتێکدا کە هەرگیز ئامادە نین هاوژینەکەیان بەجێبهێڵن. زۆر تیپ لە تەنگانەی ڕاهێنەرەکەیان دەڕوانن، بەڵام خۆیان چاکناکەن.

بەڵام بێگومان دەزانین کە بۆ گۆڕینی خووەکان بە هەمیشەیی، خەڵک دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە گۆڕانکاری دەکرێت هەمان ڕەوتە کە کارەکانە ڕێکخراوی ئەلکۆهۆلیکس ئەنۆنیمەس ئەوەندە کاریگەری دروست دەکات _هێزی گرووپێک بۆ فێرکردنی تاکەکان بۆ چۆنیەتیی باوەڕهەبوون_ کاتێک ڕوودەدات کە خەڵکی یەک بگرن بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لە گۆڕاندا.

●●●

١٠ مانگ دوای مردنی جامی، وەرزی تۆپی پێی ٢٠٠٦ دەستی پێ کرد. تیپی کۆڵتس یارییەکی نایابیان کرد، نۆ یاریی یەکەمیان بردەوە، وەرزەکەیان بە ١٢ بردنەوە و ٤ دۆڕان تەواو کرد. ئەوان یەکەم یاری یەکەلاکەرەوەیان بردەوە لە باڵتیمۆر ڕەیڤنزیان و جامی خولەکەیان بەدەست هێنا. بەوەیش تەنیا یەک هەنگاو لە سوپەر بۆڵ دووربوون، یاریکردن بۆ پاڵەوانیەتیی یەکێتییەکە. یارییەک کە دەنجی پێشتر هەشت جار شکستی هێنابوو تێیدا.

کێبڕکێکە لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ بوو، بەرانبەر بە تیپی نیو ئینگلاند پاتریۆت، هەمان ئەو تیپەکی کە دووجار کۆڵسی لە بردنەوەی پاڵەوانیەتیەکە بێبەش کردبوو.

کۆڵتس بە بەهێزی دەستی بە یارییەکە کرد، بەڵام بەرلەوە نیوەی یەکەمی یارییەکە کۆتایی پێ بهێنێت ئاستیان بەوەر خراپی ڕۆشت. یایزانەکان دەترسان لە ئەنجامدانی هەڵە یان، زۆر تامەزرۆ بوون بۆ سەرکەوتن بەسەر دوایین کۆسپی سوپەر

بۆڵ کە ئیدی توانای سەرنجخستنەسەر ئەو شتانەیان نەبوو کە پێویست بوو بەئاگابن لەبارەیانەوە. وازیان لە پشتبەست بە خووەکانیان هێنابوو و دەستیان بە بیرکردنەوەی قوڵ کردبوو،پاتریۆتەکانی ڕکابەریان لە ئەنجامەکەدا پێشکەوتن بە (٢١ بە ٣) هیچ تیپێك لە مێژووی خوولی تۆپی پێی نیشتیمانیدا نەیتوانیوە ئەنجامێکی ئەوەندە گەورە پێچەوانە بکاتەوە لە پاڵەوانیەتییەکی یەکێتییەکەدا. تیپەکەی دەنجی جارێکی دیکە خەریك بوو دەدۆڕا.

لە پشووی نێوان جیمەکان، یاریزانانی تیپەکە چوونە ژووری خۆگۆڕین، دەنجی داوی لە هەمووان کرد لە دەوری کۆببنەوە. دەنگەدەنگی ناو یاریگاکە دەهاتە ناو ژوورە داخراوەکەوە، بەڵام لەناو ژوورەکەدا هەمووان بێدەنگ بوون، دەنجی تەماشای یاریزانەکانی کرد و پێی وتن، پێویستە باوەڕتان هەبێت.

دەنجی پێی وتن، "ئێمە ڕووبەڕووی هەمان بارودۆخ بووینەتەوە لەبەرانبەر هەمان تیپدا لە ساڵی ٢٠٠٣. لەو یارییەدا ئەوان تەنیا لە یەك یاریدا بردنەوەیان بەدەست هێنا. یەك یارد." ئامادەباش بنو چونکە ئەم جارە ئێمە نیازی بردنەوەمان هەیە. ئەوە یاریی ئێمەیە. ئەوە کاتی ئێمەیە."

بۆ نیوەی دووەمی یارییەکە یاریزانانی کۆڵتس هاتنە ناو یاریگا و دەستیان بە یاریکردن کرد هاوشێوەی یارییەکانی پێشتری تیپەکە. ئەوانە تەرکیزیا خستە سەر ئاماژەکان و خووەکانیان. زۆر بەوریاییەوە ئەو شێوازە یاریکردنانەیان پەیڕەو دەکرد کە پێنج ساڵ بوو ڕاهێنانیان لەسەرکردبوون تا بووبووە شتێکی خۆڕسك. لە یەکەمین هێرشبردنیاندا پاش بڕینی ٧٦ یارد و ٤٠ لێدان تەچداونێکیان (گۆڵ) تۆمار کرد. دواتر، لەپاش سێ خوولەك کە تۆپەکەیان وەرگرتەوە دووبارە خاڵیان تۆمار کرد.

کاتێك چارەکی چوارەمی یارییەکە بەرەو کۆتایی دەچوو، هەردوو تیپ کێبڕکێی خاڵ تۆمارکردنیان دەکرد. یاریزانەکانی دەنجی ئەنجامەکەیان یەکسان کردەوە، بەڵام هەر نەیانتوانی پێش بکەون. یارییەکە سێ خولەك و ٤٩ چرکەی مابوو، پاترۆیتەکان خاڵیان تۆمار کرد، بەوەیش بە سێ خاڵ پێش کۆڵتس کەوتن، ئەنجامەکە (٣٤ بە ٣١)

بوو. یاریزانەکانی کۆڵتس تۆپەکەیان بەدەست هێنا و دەستیان بە هێرشبردن کرد بۆ ئەو سەری یاریگا. ئەوان ٧٠ یاردیان بڕی لە ١٩ چرکەدا خۆیان گەیاندە ناوچەی کۆتایی. بۆ یەکەمین جار لە یارییەکەدا، کۆڵتس پێش کەوت بە ئەنجامی (٣٨ بە ٣٤). ئەگەر یاریزانەکانی دەنجی بتوانن پاتریۆتەکان بوەستێنن لە تۆمارکردنی تەچداونێک، ئەوە کۆڵتس دەیباتەوە.

شەست چرکە لە تۆپی پێدا، بێکۆتایە.

تۆم برادی یاریزانی ناوەندی پاتریۆتەکان لە کاتی زۆر لەوە کەمتردا تەچداونی تۆمار کردبوو. وەك چاوەڕوان دەکرا، لە چەند چرکەی سەرەتای یارییەکەدا، برادی تیپەکەی لە ناوەڕاستی یاریگاوە بەرەو ئەو سەر جوڵاند. یارییەکە تەنیا ٦ چرکەی مابوو، پاتریۆتەکان لە مەودای هێرشبردندابوون و خۆیان بۆ کۆتاییی یارییەکی مەزن مەڵاسدابوو، کە دەنجی دووچاریی دۆڕانێکی تر دەکردەوە و خەونی کۆڵتسیشی بۆ بردنەوەی سوپەر بۆڵ لەناو دەبرد.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی پاتریۆت لە هێڵی تۆپدانان، بەرگریکارەکانی کۆڵتس لە شوێنەکانی خۆیان جێگیر بوون. مارلین جاکسن، یاریزانی بەرگریی پشتەوەی تیپی کۆڵتس، لە دووریی ١٠ یارد لە هێڵکەوە وەستابوو. ئەو تیشکی خستبوویە سەر ئاماژەکان: فراوانیی مەودای نێوان یاریزانەکانی هێڵی پێشەوە و درێژیی وەستانی یاریزانەکانی ناوەند. هەردوو ئامازەکە ئەوەیان نیشان دەدا کە ئەوە پاسدان دەبێت. تۆم برادی یاریزانی ناوەندی پاتریۆت یاری دەست پێ کرد و هەنگاوی بەرەو دواوە نا بۆ پاسدان بە یەکێك لە هاوڕێکانی. جاکسن لەو کاتەدا کەتبوویە جوڵان، برادی باسکی بە لایەکدا بردە دواوە و بەهێزەوە تۆپەکەی فڕێ دا. ئامانجی جوڵانەکەی جاکسن تۆپوەرگرێکی پاتریۆتس بوو کە ٢٢ یارد لێیەوە دوور بوو، کەسی لە دەوردا نەبوو لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا. گەر وەرگرەکە تۆپەکەی بگرتایەتەوە، پێدەچوو بتوانێت خۆی بگەیەنێتە نزیك ناوچەی کۆتایی یان تەچداونێك تۆمار بکات. تۆپەکە لە ئاسماندا دەڕۆیشت. جاکسن بەرگریکاری دواوەی تیپی کۆڵتس، لەو کاتەدا لە گۆشەیەکدا ڕایدەکرد، شوێن خووەکانی کەوتبوو. ئەو بەخێرایی بەلای شانی ڕاستی

وەرگرەکەی پاتریۆتدا گوزەری کرد و لەگەڵ گەیشتنی تۆپەکە پاسپێدانەکەی بڕی. جاکسۆن تۆپەکەی گرتەوە و بوو بە بەربەست بۆ یاریزانەکەی پاتریۆتسب چەند هەنگاوێکی فراوانی ناو خۆی بە زەویدا خشاند، تۆپەکەیشی بە سنگیەوە نووساندبوو تەواوی یارییەکە پێنج چرکەی خایاند. یارییەکە کۆتایی هات، کۆڵتس و دەنجی بردنەوەیان بەدەست هێنا.

دوو هەفتە دواتر، ئەوان پاڵەوانیەتیی سوپەر بۆڵیان بردەوە. کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی لە کۆتاییدا کۆڵتس بوو بە پاڵەوان لەو ساڵەدا. لەوانەیە بەختیات هەبووبێت, لەوانەیە ئەوە کاتی خۆیان بوو بێت. بەڵام یاریزانەکانی دەنجی وتیان، ئەوە لەبەرئەوەیە ئەوان باوەڕیان هەبووە، لەبەرئەوەی باوەڕەکەیان بووە هۆی ئەوە هەموو ئەو شتانە بکەن کە فێری بوون_هەموو ئەو ڕۆتینانەی ڕاهێنانیان لەسەر کردبوو تا بووبوون بە خۆڕسك تەنانەت لە قورسترین ساتەکانیشدا.

پیتۆن مانینگ لە کاتی بەرزکردنەوەی جامی پاڵەوانەتییەکە بە جەماوەرەکەی بەردەمیانی وت، "ئێمە شانازی دەکەین بە بردنەوەی ئەم پاڵەوانەتییە بۆ سەرکردە و ڕاهێنەرەکەمان دەنجی."

دەنجی ئاوڕی دایەوە بۆ لای هاوسەرەکەی و وتی، "ئێمە ئەو کارەمان کرد."

•••

خووەکان چۆن دەگۆڕدرێن؟

بەداخەوە، هیچ کۆمەڵە هەنگاوێکی دیاریکراو دڵنیاییی کارکردن نادات بۆ هەموو کەسێك. ئەوە دەزانین کە ناتوانین خوویەك لەناو ببەین_بەڵکوو لەبری ئەوە دەبێت جێگەی بگرینەوە بە خوویەکی دیکە. هەروەها دەزانین کە خووەکان زۆر ئاسکن کاتێك یاسای زێڕینی گۆڕینی خوو بەکاربهێنین: ئەگەر ئێمە پارێزگاری لە هەمان ئاماژە و پاداشت بکەین، دەتوانین ڕۆتینێکی نوێ دابنێین.

بەڵام ئەوە بەس نییە. بۆ ئەوەی خووەکان بە گۆڕاوی بهێڵرێنەوە، پێویستە خەڵك بڕوای بەوە هەبێت کە دەکرێت خووەکان بگۆردرێن. زۆر جار، ئەو باوەڕە تەنیا بە یارمەتیی گروپێك دروست دەکرێت.

گەر دەتەوێت واز لە جگەرەکێشان بهێنیت، ڕۆتینی جیاواز بدۆزەرەوە کە بۆشایی ئەو ئارەزووانەت پڕ بکاتەوە کە بە جگەرە پڕت کردووەتەوە. گرووپێکی پشتگیری، گرووپێك لەو کەسانەی پێشتر جگەرەیان کێشاوە، یاخود کۆمەڵە کەسێك کە یارمەتیت دەدەن باوەڕت بەوە هەبێت کە دەتوانیت لە نیکۆتین خۆت بەدووربگریت بدۆزەرەوە و بەکاری بهێنە کاتێك هەستت کرد لەوانەیە شکست بهێنیت.

گەر دەتەوێت کێشت کەم بکەیتەوە، لە خووەکانت بکۆڵەرەوە بۆ دیاریکردنی هۆکاری جێهێشتنی مێزەکەت بۆ خواردنی سوکەژەم هەموو ڕۆژێك، دواتر کەسێك بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی پیاسەی لەگەڵ بکەیت، یان دەمەتەقێی لەگەڵ بکەیت لەسەر مێزەکەی خۆی وەك لەوەی بڕۆن بۆ کافتریا، گرووپێك بدۆزەرەوە کە ئامانجی کێشدابەزاندنیان هەبێت وەك تۆ، یان کەسێك بدۆزەرەوە کە سێو لەماڵەکەیدا زیاتر بێت وەك لەچیپس.

بەڵگەکە ڕوونە: گەر دەتەوێت خوویەك بگۆڕیت، دەبێت ڕۆتینێکی جێگرەوە بدۆزیتەوە. ئەمەیش دەرفەتی سەرکەوتنت بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، کاتێك بۆ گۆڕینی خوویەك لەگەڵ گرووپێکدا پابەند دەبیت. باوەڕ کلیلی سەرەکییە، کە ئەویش لە ئەزموونی کۆمەڵەوە پەرەدەسێنێت، تەنانەت گەر ئەو کۆمەڵەیە گەورەییەکەی هێندەی دوو کەس بێت.

لەوە تێگەیشتین دەکرێت گۆڕان ڕووبدات: ئالودەبووانی کحول دەتوانن واز لە خواردنەوە بهێنن، جگەرەکێشەکان دەتوان واز لە جگەرەکێشان بهێنن، دۆڕاوە هەمیشەییەکان دەتوان ببن بە پاڵەوان، دەتوانیت واز لە خواردنی نینۆکەکانت و خواردنی سوکەژەم لەسەرکار بهێنیت، دەتوانیت واز لە هاوارکردن بەسەر منداڵەکاندا، لە نەخەوتن تا درەنگ لە شەودا یان، لە نیگەرانبوون دەربارەی شتە بچوکەکان بهێنیت. هەروەها وەك زاناکان ئاشکرایان کردووە، گۆڕینی خووەکان تەنیا

ژیانی تاك ناگۆڕێت، بەڵكوو گۆڕانكاری لە ڕێكخراو و كۆمپانیا و كۆمەڵگەیشدا دروست دەكات، وەك لە بەشەكانی داهاتوو ڕوونی دەكەینەوە.

# بەشی دووەم

## خووەکانی ڕێکخراوە سەرکەوتووەکان

## ٤

# خووە گرنگەکان یاخود، هۆنراوە فۆلکلۆرییەکانی پاوڵ ئۆنیڵ

## کام خووانە زۆر گرنگن؟

### یەکەم

لە ڕۆژێکی گەردەلولاویی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧دا، ژمارەیەکی زۆر لە وەبەرهێنەرەکانی وۆڵ ستریت و شارەزایانی بازاڕکاری لە هۆڵێکی سەمای هۆتێلێکی نایابی مانهاتاندا کۆ ببوونەوە. ئەوان لەوێ بوون بۆ بینینی بەڕێوەبەری نوێی جێبەجێکاری کۆمپانیای کۆمڵانیای ئەلەمنیۆمی ئەمریکی کە بە "ئەلکۆوا" ناسرابوو، بۆ نزیکی سەدەیەک، هەموو شتێکی لە کانزای تەنک بەرهەم هێنابوو کە پێچانەوەی بەرهەمەکانی هارشێس کیسس و کانزانی قوتووی کۆکا کۆلا بۆ ئەو شوێنەی کە بەیەکەوە لە سەتەلایتەوە پەخش دەکران .

دامەزرێنەری ئەلکۆوا نزیکەی سەدەیەک پێش ئەوانی تر پرۆسەی تواندنەوەی ئەلەمنیۆمی داهێنا، لەو کاتەوە کۆمپاناکە بووە بە گەورەترین کۆمپانیا لەسەر زەوی. چەندەها خەڵك توانییان وەبەرهێنان بکەن بە قەبارەی ملیۆنان دۆلار لە بەرهەکانی

ئەلکۆوادا و چێژیان لە قازانجەکەیان دەبینی. هەرچەندە لە ساڵی ڕابردوودا، نارەزایەتیی وەبەرهێنەرەکانی تر دەستی پێ کرد، کۆمپانیاکە توانیی هەڵە لەدوای هەڵە چارەسەر بکات بە تایبەت ئەو هەنگاوە ئەو هەوڵە ناژیرانە کە درابوون بۆ فراوانکردنی بەرهەمە نوێیەکان، ئەگەر چی ڕکابەرەکان قازانج و کڕیارەکانیان بردبوو.

هەستێکی خرۆشاو بوو کاتێك بۆردی ئەلکۆوا ڕایگەیاند ئێستا کاتی سەرکردایەتیی نوێیە. ئەو خۆشحاڵییە زۆری نەبرد کاتێك هەڵبژاردنەکە دیاری کرا: بەڕێوەبەرەکە ناوی (پۆڵ ئۆنیل)ە پێشتر بەڕێوەبەر بووە لە حوکوومەت. زۆربەی خەڵکی وۆڵ ستریت پێشتر هەرگیز ناویان نەبیستبوو. کاتێك ئەلکۆوا کاتیکی دانا بۆ بینین و یەکترناسین کە هۆکی بۆنەکانی مانهاتان، هەموو وەبەرهێنەرە سەرەکییەکان بانگهێشت کران.

چەند خولەکێك پێش نیوەڕۆ، ئۆنێل چووە سەر ستەیج. ئەو تەمەنی ٥١ ساڵ بوو، لاواز بوو، جلەکانی ڕەساسی و بۆینباخێکی سووری تۆخی لەبەر کردبوو. قژی سپی بوو و وەك سەربازێك ڕێك دەوەستا. وردە وردە پلەکانی دەبڕی و بەگەرمییەوە زەدەخەنەی دەکرد. زۆر خۆشحاڵ دەردەکەت و کەسێکی باوەڕبەخۆبوو و بەهێز دەردەکەوت. وەکو بەڕێوەبەرێك دەمی کردەوە وتی :

"دەمەوێت دەربارەی سەلامەتیی کرێکارەکان قسەتان لەگەڵ بکەم"، وتیشی "کرێکارەکانی ئەلکۆوا زۆر بە خراپی بریندارد‌ەبن و ئەمەیش وا دەکات نەیەن بۆ کار. تۆماری سەلامەتیی ئێمە باشترە لە دەستی کاری گشتیی ئەمریکا، بە تایبەت کاتێك فەرمانبەرێکمان کار لەگەڵ ئەو کانزایانە دەکات کە پێویستیان بە پلەی گەرمیی ١٥٠٠ هەیە و ئەو ئامێرانەی لەو جۆرە پلەیە کار دەکەن، دەتوانن دەستی یاخود جەستەی مرۆڤ بسوتێنێت و لەکاری بخەن. بەڵام ئەوە بەس نییە. من بەنیازم ئەلکۆوا بکەمە سەلامەترین کۆمپانیا لە ئەمریکادا. بەنیازم بریندار‌بوون و پێکان بکەم بە سفر .

ئامادەبووان سەرلێشواو بوون. هەمیشە ئەم جۆرە دیدارانە بەپێی پرۆتۆکۆڵێك بەڕێوە دەچن: بەڕێوەبەری جێبەجێکاری نوێ دەست دەکات بە ناساندن و هەندێ

گاڵتە و قسەی خۆش دەکات دەربارەی ئەوەی چۆن خەوتووە و نەیتوانیوە بگات بە سکوڵی ئابووریی هارڤەرد ودواتر بەڵێنی دەدات کە قازانجەکان زیاد بکات و خەرجیش کەم بکاتەوە. دوای ئەوە باسی ڕێکارەکانی باج و بازرگانی دەکات، هەندێک جار، بەپێکەنینەوە یەکەمین ئەزموونی لەگەڵ پارێزەرەکان باس دەکات لە دادگای جیابوونەوە. لە کۆتاییدا، قسەکان بە بابەتی ئاگادارکەرەوە دێن وەکوو هاوکاری و تێکەڵبوون و کێبرکێ و قەبارەی ڕاستەقینە، ئیتر کاتی ئەوەیە هەمووان بگەڕێنەوە ئۆفیس و کارەکانی خۆیان بکەن، دڵنیا دەکرێنەوە کە سیستەمی سەرمایەداری زۆر سەلامەتە بۆ ڕۆژێکی تر .

ئۆنیل هیچی نەوت دەربارەی قازانجەکان و باسی باجی نەکرد. هیچ قسەیەک نەبوو دەربارەی بەکارهێنانی یەکگرتوویی بۆ گەیشتن بە بردنەوەی تێکەڵی سوودەکانی بازاڕ. لای هەمووان ئاشکرابوو کە هەموو قسەکان دەربارەی سەلامەتیی کرێکارەکان بوون، ئۆنیل لەوانەیە لەدواوەی ڕێکخستنەکان و پرۆتۆکۆلەکانەوە بێت. خراپترین یاخوود کەسێکی دیموکراسی بێت. پێشهاتێکی خراپ بوو.

"ئێستا پێش ئەوەی زیاتر بچمە ناو بابەتەکەناوە" ئۆنێل وتی، "دەمەوێت لێرەدا جەخت لە بوونی سەلامەتی بکەمەوە." ئامارژەی بە پشتەوەی هۆڵی بۆنەکان دا. "چەند دەرگایەک لە پشتەوە هەیە، لە کاتی بوونی ئاگرکەوتنەوە و هەر کاتێکی تر فریاگوزاری و تەنگەتاویدا، پێویستە بە هێمنی بڕۆیتە دەرەوە، بە پلیکانەکاندا بڕۆرە خوارەوە بەرەو دەرگای سەرەکی و باڵەخانەکە جێ بهێڵە."

بێدەنگی. تاکە دەنگێک کە هەبوو دەنگی ترافیک بوو کە بە پەنجەرەکاندا دەهاتە ژوورەوە. سەلامەتی؟ دەرچوون لە کاتی ئاگرکەوتنەوە؟ ئایا ئەمە نوکتەیە؟ یەکێک لە وەبەرهێنەرەکان دەیزانی کە ئۆنیل لە واشنتۆن بووە لە شەستەکاندا. ئەو کابرایە دەبێت کاری زۆری دەرمانی کردبێت، وا بیری کردەوە.

لەناکاو، کەسێک دەستی بەرز کردەوە و پرسیاری کرد دەربارەی وەبەرهێنان لە کەرتی گەردوونناسی (بۆشاییی ئاسمان). دانەیەکی تر پرسیاری کرد دەربارەی ڕێژەی پاڵپشتی دارایی کۆمپانیاکە .

"من دڵنیام گوێت لێمە" ئۆنیل وتی، "گەر دەتەوێت تێ بگەیت بارودۆخی ئەلکۆوا چۆنە، پێویستە تۆ سەیری وێنای سەلامەتیی شوێنی کارکردنمان بکەیت. گەر ئێمە ڕێژەی پێکان کەم بکەینەوە، نابێت لەبەر هاندەران و بێهەستەکان بێت، تۆ هەندێك جار لە دەستەی جێبەجێکاران دەبیستی. دەبێت چونکە بەشێك لە کەسەکان لەم کۆمپانیایە ڕازین بەوەی ببن بە بەشێك لە شتێکی گرنگ: لە خۆبوردەبوون بۆ دروستبوونی خوویەکەی نایاب. سەلامەتی نیشانەیەکە کە ئێمە بەرەوپێش دەچین لە گۆڕانکاریی خووەکانمان لە سەرتاسەری ئەم دامەزراوەیە. ئەوا دەبێت حوکممان بەسەرداببرێت".

ژوری وەبەرهێنەرەکان پەلەپەلی پێوەدیار بوو، بۆ ئەوەی زوو چۆڵی بکەن و بەرەو دەرگای سەرەکی بچن کاتێك ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو. یەکێك نەرمە ڕاکردنێکی کرد بەرەو هۆڵەکە، تەلەفۆنێکی دۆزییەوە کە بە پارە کاری دەکرد و تەلەفۆنی بۆ ٢٠ لە گەورەترین کڕیارەکانی کرد.

"دەڵێم، بۆردی بەڕێوەبردن کەسێکی (خەیاڵ)یان داناوە و بەنیازە کۆمپانیاکە لەناوببات" ئەو وەبەرهێنەرە پێی وتم. "پێم وتوون ڕاستەخۆ کەلوپەلەکانیان بفرۆشن، پێش ئەوەی کەسێکی تر لەم ژوورەدا کڕیارەکان و هاوبەشەکانیان ئاگادار بکەنەوە و هەمان شتیان پێ بڵێن".

"لەوانەیە ئەمە خراپترین ئامۆژگاری بێت لە ژیانی پیشەییمدا کردبێتم." لە ماوەی ساڵێکی قسەکانی ئۆنیلدا، لەوانەیە قازانجەکانی ئەلکۆوا ئاستی پێوانەیی تۆمار بکەن. لەو کاتەدا ئۆنیل خانەنشین دەبێت لە ساڵی ٢٠٠٠دا، پارەی نەختینەی کۆمپانیا پێنج جار زیاتر و گەورەتربوو پێش ئەوەی ئەو بێت، وە بازاڕی سەرمایەداری بەرز بووەوە بە ٢٧ بلیۆن دۆلار. کەسێك کە ملیۆنێك دۆلاری بەرهەم هێناوە لە کۆمپانیای ئەلکۆوا لەو ڕۆژەی کە ئۆنیل دەستبەکاربوو لەوانەیە ملیۆنێك دۆلاری تر بەرهەم بهێنێت لەو پشکانەی کە سەرپەرشتییان دەکات لە کۆمپانیاکە و بەهای کەلوپەلەکان لەوانەیە پێنج جار زیاتر کاتێك دەڕوات.

چی تر هەموو گەشەکردنەکان ڕوویاندا کاتێک ئەلکۆوا بووە سەلامەتترین کۆمپانیا لە جیهاندا، پێش هاتنی ئۆنیل هەریەک لە مەیدانی کاردا ڕووداوێکیان تۆمار دەکرد لە هەفتەیەکدا. هەرکە پلانی سەلامەتیی ئەو جێ بەجێ کرا، هەندێک دامەزراوە بەردەوام دەبوون لە کارکردن بێ ئەوەی هیچ کرێکارێک کاری ڕۆژانەی لەدەست بدات و کارەکە بوەستێت بە هۆی ڕووداوەوە، ڕێژەی پێکانی کرێکار بۆ تێکڕای یەک لەسەر بیست هاتە خوارەوە لە ئەمریکادا.

چۆن ئۆنیل توانیی گەورەترین و ترسناکترین کۆمپانیا بکاتە ئامێرێکی پێشکەوتوو و زۆر سەلامەت؟

بە لابردن و هێرشکردنە سەر خوویەک و چاودێریکردنی لە دامەزراوەکەدا، ئۆنیل وتی، " دەمزانی دەبوایە ئەلکۆوا بگۆڕم. بەڵام ناتوانیت فەرمان بە خەڵک بکەیت بگۆڕێن، مێشک بەو شێوەیە کار ناکات، لەبەرئەوە بڕیار مدا دەست پێ بکەم بە تیشکخستنەسەر یەک شت، گەر بتوانم خوویەک تێک بدەم و نەیهێڵم لە یەک شوێندا، ئەو شتە بکا و بڵاو دەبێتەوە بە هەموو کۆمپانیادا".[1]

ئۆنیل باوەڕی وابوو ژەندێک خووو ئەو هێزەیان هەیە زنجیرەیەک کاردانەوە دەست پێ بکەن، گۆڕانکاری لە خوووەکانی تردا بکەن و بە هەموو کۆمپانیادا بخولێنەوە. بە مانایەکی تر، هەندێک خووو زۆر گرنگن لەوانی تر لەبواری کار و ژیاندا. پێیان دەوترێت، "خووی بنچینەیی"، وە کار دەکەنە سەر خەڵکی چۆن بخۆن و بژین و کار بکەن و کاتبەسەربەرن و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر دروست بکەن. خووی بنچینەیی بە پرۆسەیەک دەست پێ دەکات و بە تێپەڕبوونی کات کۆمەڵێک گۆڕانکاری دروست دەکات.

خووی بنچینەیی دەڵێت، سەرکەوتن پشت بە بەدەستهێنانی هەموو شتێکی ڕاست نابەستێت، بەڵام پشت ئەستورە بە ناساندنی سەرەکیترین پێشینە و پیشاندانیان بۆ ئاستی هێز. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە چۆنیەتیی کارکردنی خووی ڕوون کردووەتەوە و چۆن دروست کراون و گۆڕاون و چۆن خوووە بەرچاوەکان دەست پێ دەکەن؟ تێگەیشتنی خووی بنچیەیی وەڵامی ئەم پرسیارەی لەخۆی گرتووە، ئەو خووە کە

زۆر جێی بایەخە، ئەوەیە کاتێك دەست دەکەن بە گۆڕان، شوێن بە شێوازەکانی دیکە چۆڵ دەکەن و بە شێوازگەلێکی نوێ جێگەیان پڕ دەکەنەوە.

خووی بنچینەیی پیشانمان دەدات چۆن مایکڵ فیلپس بووە پاڵەوانی ئۆڵۆمپییات و بۆچی هەندێك خوێندکار بە بەراورد بە هاوڕێکانیان سەرکەوتووترن، باسی ئەوە دەکەن بۆچی چەند کەسێك (خەڵکانێك)، دوای هەوڵدانیان بۆ ماوەی ساڵانێك لەناکاو پارە لەدەست دەدەن، لە کاتێکدا زۆر بەرهەمدارن لە کاردا و دەتوانن بۆ نانی ئێوارە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ منداڵەکانیان ئامادەبن، وە خووی بنچینەیی ڕوونی دەکاتەوە چۆن ئەلکۆوا بووە یەکێك لە باشترین نمایشکەرەکانی بەرهەمەکان لە فەرهەنگی داو جۆنس، لە کاتێکدا بووە سەلامەتترین شوێن لەسەر زەویدا.

•••

کاتێك سەرەتا ئەلکۆوا داوایان لە ئۆنیلی کرد وەکو بەڕێوەبەری جێبەجێکار دەست بەکار بێت، ئەو دڵنیا نەبوو لەوەی کارەکەی دەوێت. بڕە پارەیەکی باشی دەست کەوت، هاوسەرەکەی هۆگری شوێنی مانەوەیان بوو، هیچ زانیارییان لەسەر پیتسبرا و شوێنی سەرۆکایەتیی ئەلکۆوا نەبوو. پێش ئەوەی ئۆفەرەکەی بخرێتە بەردەم، ئۆنێل داوای هەندێك کاتی کرد بۆ ئەوەی بیربکاتەوە وەکوو یارمەتیدەر بۆ بڕیاردان. دەستی کرد بە کارکردن لەسەر لیستێک بە دیاریکردنی گەورەترین پێشینەکان لەحاڵەتی قبووڵکردنی پۆستەکەدا .

ئۆنیل هەمووکات سەرسەخترین باوەڕداری لیستەکان بوو، لیستەکان چۆن ژیانی ئەویان ڕێك خست، لە ویلایەتی فۆرێنسۆ کۆلێجی تەواو کرد لە ماوەی سێ ساڵدا، لە هەمان کاتدا سی کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاری دەکرد، لیستێکی سەرەتایی لە هەموو ئەو شتانە دروست کە ئاواتەخووازبوو پێیان لە ژیانیدا، لەسەروو هەموویانەوە "جیاوازی دروست بکە". دوی دەرچوونی لە کۆلێج لە ساڵی ١٩٦٠دا، لە بۆنەی هاوڕێیاندا، ئۆنیل دەستی کرد بە پێشکەشکردن بۆ ڕاهێنانی فیدڕاڵی و لەگەڵ سێ سەد هەزاری تردا بەشداری تاقیکردنەوەی کرد بە مەبەستی وەرگرتنی وەکوو

فەرمانبەری حوکوومی. سێ هەزاریان هەڵبژێردران بۆ چاوپێکەوتن. سێ سەد کەسیان ئۆفەری کاریان پێ درا، ئۆنێڵ یەکێک بوو لەوانە.

ئۆنێڵ دەستی بە کار کرد وەکوو بەڕێوەبەرێکی مامناوەند لە کارگێڕیی ڤێترانەکان، پێی وترا خۆی فێری سیستەمی کۆمپیوتەر بکات. هەموو ئەو کاتە، ئۆنیل بەردەوام بوو لە نووسینی لیستەکەی و تۆمارکردنی ئەوەی بۆچی هەندێک پرۆژە سەرکەوتووترن لەوانی تر، کە بەڵێندەرەکان لە کاتی خۆیدا تەواویان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. هەموو ساڵێک پلەکەی بەرز کراوەتەوە. بە پلەکانی کارگێڕیی ڤێترانەکاندا تێپەڕاندووە، ناوێکی بۆ خۆی دروست کرد وەکوو کەسێک کە لیستەکانی وا دەردەکەوێت کە خاڵی کاریگەری هەبوو بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەک.

تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکان، کارامەیی لەو شێوە خواستی زۆری لەسەربوو لە واشنتۆن. ڕۆبێرت مکنامارا بەم دواییيانە پنتاگۆنی دروست کردەوە بە وەرگرتنی گرووپێک گەنجی شارەزا لەبواری ماتماتیک و ئامار و پرۆگرامی کۆمپیوتەر. ئۆنیل وەگیرابوو بۆ ئەو کارەی ئێستای وەکوو بەرپرسی کارگێڕی و بودجە، یەکێک لە بەرزترین نوسینگەکان لە واشنتۆن. لە ماوەی دە ساڵدا و لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا، پلەی بەرز کرایەوە وەکوو جێگری بەڕێوەبەر، لەناکاودا بووە کاریگەرترین کەس لە شارۆچکەکەدا.

ئەمە ئەو کاتەیە کە خوێندنی ئۆنێل لە ڕێکخستنی خووەکان بەراستی دەستی پێ کرد. یەکێک لە ئەرکەکانی پێ سپێردرابوو بریتیبوو لە دروستکردنی وێنایەکی شیکاریی توێژینەوە کە چۆن حوکوومەت پارە خەرج دەکات لە چاودێریی تەندروستی. ئەو بەدواداچوونی دەکرد بۆ ڕەنجەکانی حوکوومەت، زۆر بەخێرایی بۆی دەرکەوت چۆن پێشینەکان پێوانە کراون و بیریان لێ کراونەتەوە، پێش خرابوون بە ڕێنمایی بە یاسای لۆژیکی و لە زۆر ڕێگاوە، کاریان پێ دەکرا لەلایەن پرۆسەیەکی دامەزراوەی نامۆ کە بڕیار دەدات وەکو خوو. کارگێڕ و سیاسییەکان لە جێگەی ئەوەی پاداشت بەدەست بهێنن، سەرقاڵی کاری ڕۆتینینانە بوو بۆ ئەوەی

هەڵبژێرێنەوە. ئەوە خوویەکی بەربڵاوبوو وەکوو پلەبەرکردنەوە یاخود هەزاران خاڵ و بلیۆنان دۆلار.

بۆ نمونە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کۆنگرێس پرۆگرامێکی بەرهەم هێنا بۆ دروستکردنی خەستەخانەی کۆمەڵگاکان. چارەکە سەدەیەك دوای ئەوەیش هەر بەردەوام بوو، کاتێك یاسادانەران دانران بۆ پاڵپشتی دارایی چاودێریی تەندروستیی تازە، یەکسەر خاوەن ئۆفیسەکان هەستان بە بنیادنان. ئەو شارەی نەخۆشخانە نوێیەکەی لەخۆی گرتبوو پێویستی بە جێگای نەخۆشی زیاتر نەبوو، بەڵام ئەوە گرنگ نەبوو. ئەوەی گرنگ بوو لەلایان بنیادنانی پێکهاتەیەکی گەورە بوو کە سیاسییەك دەتوانێت ئامارەی پێ بدات ئەو دەمەی سەرقاڵی دەنگکۆکردنەوە دەبێت.



ئۆنیڵ پێی وتم، "کە کارکەرە فیدراڵییەکان چەند مانگێکیان بە گفتوگۆکردن لەبارەی ئەوەوە بەسەردەبرد کە ئایا پەردەی شین یان زەرد هەڵبژێرن، دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئایا ژووری نەخۆشەکان تەلەڤیزیۆنێك یان دووانی تێدابێت، دیزاینکردنی ژووری پەرستارەکان و چەندین شتی بێبەهای دیکە. زۆربەی کاتەکان، کەس هەرگیز پرسیاری نەکردووە کە ئایا شارۆچکەکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکە. خاوەن ئۆفیسەکان خوویان بەوەوە گرتبوو کە هەموو کێشە تەندروستییەکان چارەسەر بکەن بە بنیادنانی شتێك، دواتر کۆنگرێسەکان بڵێن "سەیرکەن چیمان کرد" ناچێتە عەقڵەوە، بەڵام هەمووکەس دووبارە و دووبارە شتێك دەکەنەوە."

تویـژەرەوەکان خوویـەکی ڕێکخراویـان لـە هـەموو دامـەزراوە و کۆمپانیایەکـدا دۆزیوەتەوە کە لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر کـردووە. "کەسـەکان خوویـان هەیـە" گرووپێك ڕۆتین"، ئەکادیمیای جیۆفری هۆجسن نووسیویەتی کە ژیانی کاری تەرخان کردووە بە ئەزموونی فۆرمی یاخوود شێوەی ڕێکخراوەیی. "ڕۆتینـەکان بریتین لـە خـوووە ڕێکخراوە هاوشێوەکان ."

بۆ ئۆنیل، بەو جۆرە خووەکان ترسناك دیار بوون. "ئێمە لە بنەڕەتدا بڕیاردان ڕادەستی پرۆسەیەك دەکەین کە بەبێ بیرکردنەوە ڕوویداوە." ئۆنیل وای وت. بەڵام بەلای خەڵکانی ترەوە، گۆڕانکاری لە هەوا و خووی ڕێکخراوەییی باش سەرکەوتن بنیاد دەنێن.

بۆ نمونە، هەندێك بەشی ناسا، خۆیان بەرەو پێش دەبەن بە مەبەست ڕۆتینیان ڕێك خستووە کە هانی ئەندازیارەکان دەدەن بۆ ئەوەی سەرکێشیی زیاتر بکەن. کاتێك موشەکێکی بێسەرنشین دەست بەکار دەکات، سەرۆکبەشەکان دەست دەکەن بە چەپڵەلێدان، لەبەرئەوە هەموو کەس درك بەوە دەکات کە بەشەکەیان هەوڵی داوە و سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام هەر نەبێت هەوڵیان داوە، شوێنی کۆنترۆڵ پڕبووە لە چەپڵە و دەنگەدەنگی خۆشی هەموو کاتێك کە شتێکی گرانبەها دەتەقێت. ئەمە بووە خووی ڕێکخراوەیی. نموونەیەکی تر، دەستەی ژینگەپارێزی لە ساڵی ١٩٧٠ دروست کرا، یەکەم بەڕێوەبەر، ویلیام ڕەکیڵشۆس ئەندازیاری دروستکردنی خووی ڕێکخراوەیی بوو کە هانی سەرپەرشتیارەکانی دا زۆر توونـد بن لە جێبەجێکردندا. کاتێك پارێزەرەکان داوای ڕێگەپێدانیان کرد بۆ بەرزکردنەوەی داواکاریی یاسایی یان بەجێگەیاندنی کارێك بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بە پرۆسەیەکدا دەڕۆیشت. پەیامەکە تەند ڕوون بوو، لە دەستەی ژینگەپارێزیی توندی پاداشت دەکرا. لە ساڵی ١٩٧٥، دەستەکە زیاتر لە پێنج سەد یاسای نوێی ژینگەیی دەکرد لە ساڵێکدا.

"هەر کاتێك سەیری بەشە جیاوازەکانی حوکوومەتم دەکرد، ئەو خووانەم دەدۆزییەوە کە دیاربوو ئەوە دەخەنە ڕوو بۆچی شتەکان سەرکەوتوو دەبن یان فەشەل دەهێنن." ئۆنیل پێی وتم. "باشترین دامەزراوە لە گرنگیی ڕۆتین

تێگەیشتووە. خراپترین دامەزراوە ڕابەرایەتیی دەکرا لەلایەن ئەو خەڵکانەوەی هەرگیز بیریان لێ نەکردووەتەوە و دوایی پرسیار دەکەن بۆچی خەڵک گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان نابێت."

لە ساڵی ١٩٧٧، دوای ئەوەی شازدە ساڵ لە واشنتۆن ژیا، ئۆنێل بڕیاری دا کاتی جێهێشتنی ئەو شارەیە. ئەو ١٥ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا کاری دەکرد، وە هاوسەرەکەیشی ماندووی دەستی بەخێوکردنی چوار منداڵەکەی بوو. ئۆنیل دەستبەرداری کارەکەی بوو و ڕووی کردە کارێکی تر کە پەڕاوی نێودەوڵەتی بوو، گەورەترین کۆمپانیای پەڕاوو بوو، دواتر بوو بە سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە.

دواتر هەندێک لە هاوڕێیانی حوکوومەتی لە بۆردی ئەلکۆوا بوون. کاتێک کۆمپانیاکە پێویستی بە بەڕێوەبەری نوێی جێبەجێکردن بوو، بیریان لە ئۆنیل کردەوە، کە ئەمەش وای کرد لیستێک لە کارە لەپێشینەکانی بنووسێ گەر بڕیاری دا کاری ئەلکۆوا پەسەند بکات.

لەو کاتەدا، ئەلکۆوا دەجەنگا. ڕەخنەگران دەیانوت کرێکارەکانی کۆمپانیا توانای پێویستیان نییە و کوالێتیی شتەکانی خراپە. بەڵام لە سەرەتای لیستی ئۆنێلدا دەربارەی کوالێتی و توانا نەنووسرابوو وەکوو گەورەترین لەپێشینەکانی. لە کۆمپانیەیەکی کۆن و گەورەی وەکو ئەلکۆوا، ناتوانی ببینی و پێشبینی بکەیت هەمووان زۆر هەوڵی کارکردن دەدەن و بەرهەم زۆر بەرهەم بهێنن. بەڕێوەبەری پێشووی هەوڵی چاکسازیی دا و بووە هۆی مانگرتنی پازدە هەزار کەس. ڕەوشەکە زۆر خراپ بوو، چەند بوکەڵەیەکان هێنا بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل وەکوو بەڕێوەبەر جلیان بەبەردا دەکرد و دەیانسوتاند. "ئەلکۆوا خێزانێکی دڵخۆش نەبوو." لەو کاتەدا کەسێک ئەمەی پێ وتم. "وەکو خێزانی مانسۆنە، بەڵام تۆزێک کانزای تواوەیشی لەگەڵدایە."

ئۆنیل لەپێشینەکانی وێناکردبوو، ئەگەر کارەکە وەرگرێت، گرنگ بوو شتێک بێت کە هەموو کەسێک و جێبەجێکارەکان ڕازی بن. پێویستیی بە تیشکخستنەسەر شتێک

بوو کە هەموو خەڵکی کۆ بکاتەوە، کە توانای پێ دەخشێت بۆ گۆڕینی شێوازی کار و پەیوەندیی خەڵکی.

پێی وتم. " چوومە بنچینەوە، هەموو کەسێك شایانی ئەوەیە بە سەلامەتی کار جێ بهێڵێت وەکوو ئەوەی کە دێتە سەرکار، ڕاستە؟ پێویستە نەترسیت کە تێرکردنی خێزانەکەت دەبێتە هۆی کوشتنت. ئەمە ئەو شتە کە بڕیارم دا تیشکی بخەمە سەر: گۆڕینی خووی سەلامەتیی هەر کەسێك."

لە بەشی سەرەوەی لیستی ئۆنیلدا نووسیبووی "سەلامەتی" و چەند ئامانجێکی بوێرانەیشی نوسیبوو: پێکان بۆ ژمارە سفر، نەمانی هیچ پێکانێك لە کۆمپانیادا، پێکان بۆ سفر بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. ئەمە بەڵێنی ئەو بوو، گرنگ نییە نرخەکەی چەندە و چۆن دەربازی دەبێت.

ئۆنیل بڕیاری دا کارەکە وەرگرێت.

•••

دوای چەند مانگێك لە دەستبەکاربوونی لە شوێنکارێك لە تێنسی بە ژوورێکی پڕ لە کرێکاری وت، "بەڕاستی خۆشحاڵم بەوەی کە لێرەم." هەموو شتێك بەئاسانی نەدەرۆیشت. وۆڵ ستریت تاوەکوو ئێستا شڵەژابوو. یەکێتییەکان (یەکێتی و سەندیکاکان) زۆر نیگەران بوو. هەندێك کەسی باڵای ئەلکۆوا تووڕە بوون لەسەر ئەوەی کە بەسەر ئەواندا ئەو کارە گەورەیە بە ئۆنێڵ سپێردراوە.

ئۆنیل بەردەوام بوو لە قسەکردن دەربارەی سەلامەتیی کرێکار و وتی، "خۆشحاڵدەبم بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێوە دەربارەی هەر شتێك." ئەو بەناو شوێنکارە ئەمریکاییەکانی ئەلکۆوادا دەگەڕا، دوای ئەوەی بەنیازبوو سەردانی لقەکانی کۆمپانیا بکات لە ٣١ وڵاتدا. ئۆنێل درێژەی بە قسەکانی دا، "بەڵام شتێك هەیە کە هەرگیز گفتوگۆی لەبارەوە ناکەم، ئەویش سەلامەتییە، هەگیز نامەوێ بڵێن ئێمە هەموو هەنگاوێکمان نەگرتە بەر بۆ ئەوەی خەڵك ئازاری پێ نەگات. ئەگەر دەتانەوێت دەمەقاڵێ لەگەڵ من بکەن دەربارەی ئەوە، ئێوە دەدۆڕێن."

تاکتیکە کارامەییەکەی وای کرد هیچ کەسێك نەیدەویست قسە لەگەڵ ئۆنیل بکان دەربارەی سەلامەتی. یەکێتییەکان ساڵانێك بووشەڕیان دەکرد دەربارەی یاساکانی سەلامەتی. بەڕێوەبەرەکان نەیاندەویست لەوبارەوە بدوێن، لەو کاتەوەی کە پێکان بە مانای لەدەستدانی بەرهەم و ڕەفتار نزمییە.

ئەوەی کە خەڵك درکی پێ نەدەکرد، پلانی ئۆنیل بوو بۆ کەمکردنەوەی پێکان بۆ سفر کە داواکرابوو لە مێژووی ئەلکۆوادا بگۆڕێت. تاکە ڕێگا بۆ پاراستنی فەرمانبەرانی ئەلکۆوا بەپێی باوەڕی ئۆنیل بریتیبوو لە تێگەیشتنی ئەوەی بۆچی پێکان ڕوودەدات لە یەکەم شوێندا، وە تێگەیشتنی ئەوەی بۆچی پێکان ڕوودەدات، پێویستە تۆ خوێندنەوە بکەیت چۆن پڕۆسەی بەرهەمهێنان بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕوات. تێبگەی بۆچی شتەکان بە هەڵەدا دەڕۆن، پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ ئەو کەسانەکدا بکەیت کە دەتوانن کرێکار ڕۆشنبیر بکەن دەربارەی کۆنترۆڵی کوالێتی و کاریگەرترین پڕۆسەی کارکردن، لەبەرئەوە ڕێککردنی هەموو شتێك ئاسانتر دەبێت، لەو کاتەوەی کە ئیشە ڕاستەکە بریتی بێت لە کاری سەلامەتتر .

بە مانایەکی تر، بۆ پارێزگاریکردنی کرێکارەکان، ئەکۆوا پێویستی بەوە بوو ببێت بە باشترین و کاریگەرترین کۆمپانیای ئەلەمنیۆم لەسەر زەوی.

پلانی سەلامەتیی ئۆنیل بریتیبوو لە دەرخستنی ئەڵقەی بازنەییی خوو: سومبولێکی سادەی ناساند: پێکانی فەرمانبەر. ڕۆتینی خۆنەویستانەی دامەزراند: هەر کاتێك کەسێك تووشی پێکان هات، سەرۆکی یەکەکە پێویستە دەستبەجێ ئۆنیل ئاگاداربکاتەوە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا و پلانی خۆی بخاتە ڕوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دووبارە هەرگیز پێکان ڕوونادات‌ەوە. پاداشت هەبوو: ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی سیستەمەکە بوون، تەنها ئەوانە پلەیان بەرز دەکرایەوە.

سەرۆکی یەکەکان زۆر سەرقاڵ بوون. بۆ پەیوەندیکردن بە ئۆنیلەوە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری ڕووداوێکدا، پێویستیان بەوە بوو ئاگاداری جێگرەکەیان بن لە زووترین کاتدا کە پێکانێك ڕوودەدات. جێگری سەرۆکبەشەکان دەبوایە بەبەردەوامی لەسەرهێڵ بن لەگەڵ بەڕێوەبەری نهۆمەکاندا. هەروەها بەڕێوەبەری

نهۆمەکان پێویست بوو ئاستی هۆشیاری بەرز بکەنەوە کاتێک کێشەیەک بەدی دەکەن ر چەند پێشنیارێک بخەنە ڕوو، لەبەرئەوە کاتێک جێگری سەرۆک داوای پلانی کرد، چەند بیرۆکەیەکی هەبوو بە کۆمەڵێک گریمانەوە. بۆ ئەوەی ئەمە بەدی بێت، هەموو یەکەیەک دەبوایە سیستەمێکی پەیوەندیی نوێ بنیاد بنێت کە ئاسانکاری دەکرد بۆ کرێکارێکی ئاسایی لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاردا بۆ ئەوەی پێشنیاری بیرۆکە بکات لە زووترین کاتی گونجاودا. هەموو هەرەمی کۆمپانیاکە دەبوایە بگۆڕێت بۆ ئەوەی جێگای بەرنامەی سەلامەتیی ئۆنیل بکەنەوە. ئەو خووی نوێی کاری بنیاد دەنا.



خووی بازنەیی دامەزراوەیی ئەلکۆوا.

کە دیزاینی سەلامەتیی ئەلکۆوا گۆڕا، لایەنەکانی تری کۆمپانیا دەستیان بە گۆڕانکاری کرد بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو. ئەو یاسایانەی کە یەکێتییەکان چەندەها دەیەیان پێ بەسەربردووە دژی – پێوانەکردنی بەرهەمداریی تاکی کرێکار دەکەن– لەناکاو خۆیان دا بە دەستەوە، چونکە پێوانەکردنەکان یارمەتیی هەموانیان دەدا بۆ وێناکردنی ئەوەی چ کاتێک بەشی پرۆسەی بەرهەمهێنان دادەکەوێت، دەبێتە کێشە بۆ سەلامەتی. ئەو سیاسەتانەی لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە بەرەنگاری ببونەوە – وەکوو سەرپشککردنی کرێکار لە داخستنی خەتی بەرهەمهێنان کاتێک ئەو شوێنە توانای بەرگەگرتنی کەمبووەوە – پێشوازییان لێ دەکرا، لەبەرئەوەی ئەمە باشترین

ڕێگا بوو بۆ وەستاندنی پێکان پێش ئەوەی ڕووبدات. کۆمپانیاکە زۆر گۆڕا بە جۆرێك هەندێك کرێکار خووی سەلامەتییان خزاندبووە ناو بەشێك لە ژیانیان.

"دوو یان سێ ڕۆژ لەمەوبەر، من لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەمەوە سەیری شەقامی پردی نینسم دەکرد، چەند گەنجێك کاریان دەکرد کە ڕێنماییە تەندروستییەکانیان بەڕاستی جێ بەجێ نەدەکرد،" جێف شۆکی، بەڕێوەبەری سەلامەتیی ئێستای ئەلکۆوا وای وت. یەکێکیان لەسەر ئاستی محاجەرەی پردەکە وەستابوو، لە کاتێکدا ئەوانی تر پشتوێنی ئەویان شاردبووە. پشتوێنی سەلامەتییان بەکار نەدەهێنا. "کاریان بۆ کۆمپانیایەك دەکرد کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەبوو، بەڵام بەبێ بیرکردنەوە، لەسەر کورسییەکەم هەستام، پێنج نهۆم بڕی، چوومە سەر پردەکە و بەو گەنجانەم وت. ئێوە ژیانتان دەخەنە مەترسییەوە، پێویستە کەلوپەلەکانی سەلامەتی بەکار بهێنن." گەنجەکان بۆ سەرپەرشتیارەکەیان ڕوون کردەوە کە بیریان چووە کەلوپەلەکان بهێنن. لەبەرئەوە، شۆکی پەیوەندی بە کارگێڕیی ئۆفیسی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەییەوە کرد و سەرپەرشتیارەکەیان دوورخستەوە.

"ڕۆژێك بەڕێوەبەرێك پێی وتم، لە شەقامێکی نزیكماڵەکەیان کاری هەڵکۆڵین دەکرا و کارەکەم وەستاند چونکە بۆکسێکی کەرەستەی سەلامەتییان پێ نەبوو، گرنگیی کاری ڕاستی بۆ کرێکارەکان ڕوون کردەوە. لە کۆتاییی هەفتەدا لەگەڵ منداڵەکانی بوو لە دەرەوە، ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند بۆ ئەوەی وانەی سەلامەتی بە کرێکارەکانی شار بدات. ئەوە سروشتی نییە، بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە، ئێمە ئەو شتە دەکەین بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە."

ئۆنیل هەرگیز بەڵێنی نەدابوو کە خاڵی سەرەکیی سەلامەتیی کرێکار ببێتە هۆی زیادکردنی قازانجی ئەلکۆوا. هەرچەندە، کرداره نوێیەکانی لەناو دامەزراوەکە بەو ئاڕاستەیە بوون کە خەرجییەکام بکەنەوە و کوالیتی بەرزببێتەوە و بەرهەمەکان زیاتر بکرێن. ئەگەر توانەوەی کانزا ببێتە هۆی بریندداربوونی کرێکار کاتێك خاڵی دەکرێتەوە، سیستەمی وردکردنی دیزاین کرایەوە، کە بووە هۆی کەمکردنەوەی بریندارکردن. پارەی زیاتری گەڕاندەوە بۆ کۆمپانیا لەبەرئەوەی ئەلکۆوا ماددەی

کەمتری لە خاڵی کردنەوەدا خەرج کرد. ئامێرەکە بەردەوام بوو لە لەکارکەوتن، دواتر گۆڕا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کەمتر مەترسی بۆ سەر قۆڵی کرێکارەکە هەیە. بەمەیش ئاستی کوالێتیی بەرهەمەکە بەرزتر دەکاتەوە لەبەرئەوەی ئەلکۆوا ئەوەی دۆزییەوە پەککەوتنی ئامێرەکان هۆکاری سەرەکیی خراپ بەدەستخستنی ئەلەمنیۆمن.

توێژەرەکان لە کۆمەڵێک دامەزراوەی تریشدا گەیشتنە هەمان ئەنجام.

بۆ نمونە لە دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی وەرزشکردن لەسەر کردارەکانی ڕۆژانە کراوە. کاتێک خەڵکی خوویان بە وەرزشکردنەوە گرتووە، تەنانەت گەر زۆریش نەبێت و یەک جار بێت لە هەفتەیەکدا، دەبنە هۆی گۆڕانکاری لەسەر شتەکانی تری ژیان. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوانەی وەرزش دەکەن، خواردن باشتر دەخۆن و زیاتر بەرهەمدار دەبن لە کاردا. کەمتر جگەرە دەکێشن و زیاتر هێمن دەبن لەگەڵ هاوکارەکان و خێزانەکانیان. کەمتر کارتی بانکیان بەکار دەهێنن و نیگەرانییان بەرەو کەمی دەڕوات. ئەمە زۆر بەتەواوی ڕوون نییە. بەڵام وەرزشکردن خوویەکی بنچینەییە بۆ زۆربەی خەڵکی کلیلێکە بۆ گۆڕانکاریی گەورە. "وەرزشکردن زۆر بەربڵاو دەبێتەوە" جەیمس پرۆچاسکا، توێژەر لە زانکۆی ڕۆد ئایلەند. "شتێک لەبارەیەوە هەیە کە خووە باشەکانی تر ئاسان دەکات."

توێژینەوەکان سەلماندوویانە ئەو خێزانانەی خوویان بەوەوە گرتووە بەیەکەوە نانی ئێوارە بخۆن، وا دەردەکەوێت کە پەروەردەی منداڵەکانیان باشتر دەبێت بۆ کارامەییی ئەرکی ماڵەوە، نمرەکانیان بەرزتر دەبێت، لایەنە سۆزدارەکان باشتر کۆنترۆڵ دەکەن وە زۆر متمانەیان بە خۆیان دەبێت. چاککردنی جێگا لە بەیانیاندا پەیوەندی بە زیاتر بەرهەمدارییەوە هەیە، هەست بە باشی دەکەیت، کارامەیی زیاتر دەبێت بۆ کاروباری دارایی. ئەمە نانخواردنی خێزانی یاخود پاک و تەمیزی جێگای خەوتن نییە کە دەبێتە هۆی بەرزی نمرە یاخود کەمتر کاتی خۆش بەسەربەریت، بەڵکو گۆڕانکاریی پیشەیی دەبێتە هۆی زنجیرە کاردانەوەیەک کە یارمەتیدەر دەبن بۆ زیادبوونی خووی باش.

گەر تۆ تیشك بخەیتە سەر گۆڕینی یاخود هۆگربوونی خووی بنچینەیی، دەتوانی ببیتە گۆڕانکاری گەورە، هەرچەندە ناسینی خووی بنچینەیی ئاڵۆزە. بۆ دۆزینەوەیان پێویستە بزانی سەیری کوێ بکەیت. دیاریکردنی خووی بنچینەیی بە مانای گەڕانە بە دوای تایبەتمەندییەکاندا. خووە بنچینەییەکان پیشانی دەدەن چی ناسراوە لە خوێندنەوەی ئەکادیمی وەکوو بردنەوەی بچووك. یارمەتیی ئەوانی تر دەدەن بڵاوببنەوە بە دروستکردنی پەیکەری نوێ، کولتوور دەچەسپێنن لەو شوێنەی کە گۆڕان ئەستەمە.

بەڵام ئۆنیل و ئەوانی تر پێیان وابوو بوونی بۆشایی بۆ تێگەیشتنی ئەو چەمکانە و بەکارهێنانیان پێویستی بە کەمێك داهێنان هەیە.

## دووەم

کاتێك کاتژمێری زەنگلێدەرەکەی مایکڵ فلێپس لە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانیدا دەستی بە زەنگلێدان کرد لە ڕۆژی ١٣ی ئابی ساڵی ٢٠٠٨دا، لە جێگاکەی هاتە دەرەوە لە گوندێکی ئۆڵۆمپیاتەکەی نزیك شای پەکین و هەستی بە باشی دەکرد لەبارەی کارە ڕۆتینەکانیەوە.

پانتۆڵی مەلەکردنی لەپێ کرد و ڕۆیشت بۆ نانخواردنی بەیانی. ئەو سێ مەدالیای زێڕی بردبووەوە لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا – کە لە ژیانیدا نۆ دانەی پێ بەخشرا بوو – و دوو کێبڕکێی تری هەبوو لەو ڕۆژەدا. لە کاتژمێر حەوتی بەیانی لە کافتریابوو، نانی تایبەتی کێبڕکێی دەخوارد کە پێکهاتبوو لە هێلکە، بەڕوو و خواردنەوەی چوار وزەبەخشی وەرزشی، کە ئەمە شەش هەزار کالۆری خواردن دەخوات بۆ ماوەی ١٦ کاتژمێری داهاتوو.

یەکەمین کێبڕکێی فلێپس کە مەلەکردنی پەپولەیی بوو بۆ ماوەی ٢٠٠ مەتر، قورسترین بۆنەی خرابووە کاتژمێر ١٠. دوو کاتژمێر پێش ئەوەی یارییەکە دەست پێ بکات، دەستی کرد بە ڕاهێنان، لە قوڵییەوە دەستی پێ کرد، دواتر پشتی، دواتر تاوەکوو پاژنەپێی، کە زۆر ئاسان بوو بۆی، دەیتوانی تاوەکوو ٩٠ پلە خۆی

بنوشتێنێتەوە، لە کاتژمێر هەشت و نیو دەستی کرد بە خۆگەرمکردن، یەکەم جار، ستایلی تێکەڵی بۆ ٨٠٠ مەتر بەکار هێنا، دواتر ٦٠٠ مەتر، دوای ئەوەیش ٤٠٠ مەتر کە شتێکی لەنیوان قاچەکانیدا ڕادەکێشا، دواتریش ٢٠٠ مەتر بۆ ناو قوڵاییی ئاوەك، لە کۆتاییدا مەلەی ٢٥ مەتر بۆ ئەوی لێدانی دڵی ڕێك بکاتەوە، ئەم ڕاهێنانە ٤٥ خوولەکی پێچوو.

لە کاتژمێر نۆ و چارەکدا، حەوزی مەلەکردنی جێ هێشت و دەستی کرد بە ئاوەچۆڕکردنی هەندێك شوێنی، جلی مەلەکردنەکەی زۆر تەسك بوو پێویستی بە ٢٠ خولەك بوو بۆ ئەوەی لە لەشی ببێتەوە و بێتە دەرەوەی لێی. بیستۆکەرەکەی کردە گێی و دەستی کرد بە یاریی هیپ هۆپ (سوڕتنەوەی بازنەیەك بە کەمەری) و چاوەڕێی دەکرد .

فلێپس لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی بە مەلەکردن کرد بۆ ئەوەی هەندێك وزە بسوتێنێت کە ئەمەیش دایك و مامۆستاکەی تووڕە دەکرد. کاتێك بۆب بومان ڕاهێنەری ناوخۆیی مەلەکردنی سنگ و ناوشان و دەستە درێژەکان و قاچە کورتەکانی فلێپسی بینی (کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمتر ماندووبونی لەناو ئاوەکە)، دەیزانی کە فلیپس دەبێتە دەبێتە پاڵەوان. بەڵام فلیپیش کەسێکی سۆزدار بوو. کێشەی هێمنی هەبوو پێش ئەوەی کێبڕکێ دەست پێ بکات. دایك و باوکی لە یەکترجیابووبوونەوە، کێشەی ئەوەی هەبوو چۆن لەگەڵ دڵەڕاوکێ خۆی بگونجێنێت و کۆنترۆڵی بکات. بومان کتێبی وەرزشی ئارامیی کڕی و داوای لە دایکی فلیپس کرد هەموو شەوێك بە دەنگی بەرز بۆ فلیپسی بخوێنێتەوە. کتێبەکە تێکستێکی لەخۆی گرتبوو، "دەستی ڕاستت بنوقێنەوە و دواتر بیکەرەوە. باوەڕ بکە تەنگەژییەکە دەڕوات" کە هەموو بەشەکانی لەشی فیلیپسی گرژ و خاو دەکردەوە پێش ئەوەی بخەوێت.

بومان باوەڕی وابوو کلیلی سەرکەوتن بۆ مەلەوانەکان دروستکردنی کرداری (ڕۆتین)ی ڕاستە. بومان دەیزانی کە فلیپس لە ڕووی جەستەییەوە زۆر گونجاوە بۆ مەلەکردن. ئەوەی دەوت، هەموو کەسێك کە دەچێتە کێبڕکێی ئۆلۆمپیادەوە شتێکی

تەواو جیاوازی هەیە لە ڕووی کولتوورییەوە. بومان ئەمەی لە فلیپسدا دەبینی، تەنانەت لە تەمەنێکی زۆر لاوێتیدا، توانای هۆگربوونی هەیە کە ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە وەرزشەوانێکی نموونەیی. دواتر و دووبارە، باشترین پیشاندان پەیوەندی بە هۆگربوونیەوە هەیە.

ئەوەی بومان بە فلیپسی بەخشی – کە دایبنێت وەکوو بەشێک لە کێبڕکێکانی تر- خووو بوو کە بیکاتە بەهێزترین مەلەوانی دەروونی. پێویستی بەوە نەبوو زاڵبێت بەسەر هەموو بەشەکانی ژیانی فلیپسدا. ئەوەی پێویستی بوو بریتی بوو لە بە ئامانجگرتنی چەند خوویەکی تایبەت کە هیچ پەیوەندییان بە مەلەکردنەوەن نییە و هەموو ئەو شتەی کە بکرێت بریتییە لە دروستکردنی مێشێکی ڕاستەقینە. چەند هەڵسوکەتێکی دانا کە فلیپس بتوانێت جێبەجێیان بکات بۆ ئەوەی ئارام بێتە و خۆی کۆبکاتەوە پێش هەر کێبڕکێیەک، بۆ دۆزینەوەی سوودی شتە وەدەکان، کە لە وەرزشدا سەرکەوتن لە کەمتر لە چرکەیەکەوە دێت و ئەو هەموو جیاوازییە دروست دەکات.

کاتێک فلیپس هەرزەکار بوو، لە دوای کۆتاییهاتنی هەر ڕاهێنانێک بومان پێی دەوت بڕۆرەوە ماڵەوە و "سەیری ڤیدیۆکە بکە پێش ئەوەی بخەویت و کاتێک خەبەرت دەبێتەوە."

ڤیدیۆیەکە ڕاستی نەبوو، بەڵکوو بریتیبوو لە وێنای دەروونیی کێبڕکێی تەواو. هەموو شەوێک پێش خەوتن و هەموو بەیانییەک دوای لەخەوهەڵستان، فلیپس وا خەیاڵی دەکرد لە شوێنی بازدانەکە کە خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەوە بە دیمەنێکی زۆر خاو و مەلە بەبێ هەڵە و عەیب دەکات. دەیتوانی جوڵە و بەرەوپێشچوونەکانی و دیواری حەوزەکە و گەڕانەوە و کۆتایی ببینێت. وێنای بەرەوپێشبردنی لەشی و تێپەڕبوونی ئاو لەنێوان قاچەکانی و بەتاڵکردنی دەمی دەبینی، لە کۆتاییدا هەستی بە لابردنی کڵاوەکەی دەکرد. لەسەر جێگای خەوتنەکەی پاڵدەکەوت و چاوی دادەخست و هەموو کێبڕکێیەکەی دەبینی، کەمترین وردەکاری زیاتر و زیاتر، تەنانەت هەموو چرکەکانی بە دڵی هەست پێ دەکرد.

لە کاتی ڕاهێناندا، کاتێك بومان فەرمانی بە فلیپس دەکرد مەلە بکات بەخێرایی یارییەکە، هاواری دەکرد، "ڤیدیۆیەکە ئیش پێ بکە" کە ئەمە پاڵی پێوە دەنا و زۆرترین هەوڵی دەدا کە بتوانێت. هەستی بەوە دەکرد کە زۆر بەئاسانی ئاوەکە دەبڕێت. ئەمەی چەند جارێك لە مێشکیدا دەکرد، وەکو خوویەکی لێ هاتبوو. بەڵام سەری گرت. خێراتر و خێراتر دەبوو. لە کۆتاییدا ئەوەی لەسەر کومان بوو پێش یارییەکە چرپاندنی "ڤیدیۆیەکە ئامادە بکە" بوو، فلیپس خۆی دەسەلماند و کێبڕکێیەکەی تێك دەشکاند و دەیبردەوە.

جارێك بومان چەند کردارێکی لە ژیانی فلیپسدا سەپاند، هەمووی خووو بوو — خواردنی و زەمەنی پراکتیزەکردن، خۆ لەیەك کێشانەوە کرژبوونە و خاوبوونەوە و ڕۆتینی خەو — وە دەرکەوتن کە بخزێنە ناویەوە. بۆچی ئەو خووان زۆر کاریگەربوون، بۆچی وەکو خووی بنچینەیی نمایشیان دەکرد، لەبەرئەوەی لە خوێندنەوەی ئەکادیمیدا شتێك هەبوو پێی دەوترا، "بردنەوە بچووکەکان".

•••

بردنەوە بچووکەکان بەتەواوەتی بەشێکن لە خوووی بنچینەیی کە گۆڕانکاری بەربڵاو دروست دەکەن. توێژینەوەیەك دەریدەخات کە بردنەوە بچووکەکان هێزی کاریگەرییان هەیە، کاریگەریی پێشبینی نەکراو بۆ تەواوکردنی سەرکەوتن. "بردنەوە بچووکەکان بریتییە لە جێگیرکردنی جێبەجێکردنی دەرفەتێکی بچووک" پرۆفیسۆر کۆرنێل سالی ١٩٨٤ ئەمەی نووسیوە. " بردنەوەی بچووك سەردەکێشێت بۆ بردنەوەیەکی تر." بردنەوە بچووکەکان وزەی گۆڕانکارین بە سوودوەرگرتن لە دەرفەتی تەواوی شتەکان کە باوەڕ بە خەڵك دەهێنن کە سەرکەوتنە گەورەکان لە بچووکییەوە سەرچاوە دەگرن." خوووە بچوکەکان هێزی گۆڕانکارین کە سوودی بچوکیان هەیە و دەتوانن باوەڕ بە خەڵك بهێنن کە دەستکەوتی گەورە لەناویاندا هەیە. بۆ نموونە، کاتێك ڕێکخراوی هاوڕەگەزخوازەکان دەستیان کرد بە کەمپین دژی فۆبیای هاوڕەگەزخوازی لە کۆتاییی شەستەکاندا، هەوڵە بنچینەییەکانیان تەنها سەرنەکەوتنی بە دواوە بوو. زۆر فشاریان کرد بۆ بەکارهێنانی یاسا بۆ بە یاساکردنی

هاوڕەگەزخوازی. مامۆستاکان هەوڵیان دا کە پڕۆگرامێکی تایبەت دروست بکەن تایبەت بە هەرزەکارە هاوڕەگەخوازەکان، دەرکران بە هۆی پێشنیارکردنی ئەوەی کە هاوڕەگەزخوازی ببێتە ڕاستییەك و قبووڵ بکرێت. دیاربوو ئامانجی گەورەی کۆمەڵگەی هارەگەزخوازەکان بریتیبوو لە کۆتاییهێنان بە جیاکاری و بێزارکردن لەلایەن پۆلیسەوە، باوەڕهێنان بە دەستەی دەرونناسانی ئەمریکا بۆ وەستاندنی ئەو پێناسەیەی کە هاوڕەگەزخوازی نەخۆشیی دەروونی نییە .

دواتر، لە سەرەتای حەفتاکاندا، دەستەی کتێبخانەی ئەمریکا فشاری خستە سەر دەستەی هاوڕەگەزخوازەکان بریاریان دا تیشك بخاتە سەر ئامانجێکی مامناوەند، باوەڕهێنان بە کتێبخانەی کۆنگرێس بۆ پۆلێنکردنەوەی ئەو کتێبانەی دەربارەی بزوتنەوەی چەپی هاوڕەگەزخوازەکانن بۆ پۆلێنکردنێکی کەمتری نەرێنییانە.

لە ساڵی ١٩٧٢دا، دوای ئەوەی ڕەزامەندی وەرگیرا لەسەر نامەیەکی داواکاری بۆ پۆلێنکردنەوە، کتێبخانەی کۆنگرێس ڕازیبوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات، یەکخستنەوەی کتێبخانەکان بۆ جۆرە نوێیە دروستکراوەکان. ئەمە فشارێکی بچووکی خووی کۆنی دامەزراوەیی بوو دەربارەی ئەوەی چۆن کتێبەکان دەخرێنە ڕەفەکانەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی دڵخۆشکەر بوو. هەواڵی یاسای تازە بڵاو بووەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا، ڕێکخراوی ماف هاوڕەگەزخوازەکان ئەو سەرکەوتنەی دەرخست و دەستی کرد بە پارە کۆکردنەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، چەند کەسایەتییەکی سیاسی هاوڕەگەزخواز چونە ناو سیاسەتی حوکوومەتی خۆجێی کالیفۆڕنیا و نیویۆرك و ماساشوسێت و ئۆریگۆن، زۆربەیان ئاماژەیان بە بڕیاری کتێبخانەی کۆنگرێس دەدا. لە ساڵی ١٩٧٣دا، دەستەی دەرونناسانی ئەمریکا، دوای دیبەیتێکی زۆر، پێناسەی هاوڕەگەزخوازی نوسییەوە، و ئیتر بە نەخۆشیی دەروونی ئەژماری نەکرد و ئەمەیش ڕێخۆشکەر بوو بۆ یاسایەك کە نایاساییە جیاکاری دژی ئەو جۆرە کەسانە بکەن بەهۆی ڕەگەزەکەیانەوە.

کە ئەمە بە بردنەوەی بچووك دەستی پێ کرد .

کارڵ ویک دەڵێت، "بردنەوە بچووکەکان تێکەڵەیەک نین لە زنجیرەیەک شێوە و هەموو هەنگاوێک هەنگاوێکی تر دەردەخات و نزیک دەبێتەوە لە ئامانجێکی پێشبینیکراو."

وەکوو ئەوەی کە بەسەر مایکڵ فلیپسدا هات. کاتێک بمان دەستی بە کارکردن کرد لەگەڵ فلیپس و دایکی لەسەر خووی بنچینەیی نەیاندەزانی شتەکان چۆن دەبێت. "بەدواداچوونمان دەکرد، هەوڵی شتی جیاوازب دەدا هەتاوەکوو شتێک سەردەگرێت" بومان. " لە کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت باشترین بیرۆکەی سەرکەوتن بنیادنانیانە لە مێشکدا. ئێمە وەکوو ڕۆتین سەیرمان دەکردن. پێش هەموو یارییەک چەند شتێکمان دەکرد کە دیزاین کرابوون بۆ ئەوەی هەستی سەرکەوتن لای مایکڵ فلیپس دروست بکەن."

"گەر پرسیارمان لە مایکڵ بکردایە پێش یارییەکە دەربارەی ئەوەی بیر لە چی دەکاتەوە، لەوانەبوو بڵێت بیر لە هیچ ناکەمەوە. ئەو لەسەر پڕۆگرامەکە دەرۆیشت. وەکو ئەوە وابوو کە خووەکان بەسەرچوون. کاتێک یارییەکە دەستی پێ دەکرد، وا دەردەکەوت ئەو تەنها نیوەی شتەکانی بەجێ گەیاندبێت بەپێی پلانەکە، خۆگەرمکردن وەکوو وێنەیەک بوو، بیستۆکەرەکەی ئەو شتەیان کار پێ دەکرد وەک ئەوەی پێشبینی دەکرد. یاریی ڕاستەقینە زووتر دەستی پێ دەکرد لەو ڕۆژەدا و هیچ نەبووە بەڵام سەرکەوتن بووە. بردنەوە لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە."

بگەڕێینەوە پەکین، کاتژمێر ٩:٥٦ چوار خولەک پێش دەستپێکردنی یارییەکە، فلیپس لەسەر شوێنی خۆی وەستا، وردە وردە پەنجەکانی قاچی دەجوڵاند. کاتێک ئاگادار دەکرانەوە، فلیپس تۆزێک دەگەڕایەوە دواوە، وەکوو هەموو کاتێک لە یارییەکاندا. دەستەکانی بەرەو پێشەوە و دواوە دەجوڵاندن وەکو ئەو کاتەی دوازدە ساڵان بوو. کاتێک تەقە دەکرا یەکسەر خۆی هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوە.

فلیپس دەیزانی کە شتێک ڕاست نییە کاتێک دەچووە ناو ئاوەکەوە. چاویلکەکەی تەڵخ بوو، نەیدەزانی لە پێشەوەیە یاخود دواوە، دوای ماوەیەکی کەم کە سەر ئاوەکە کەوت، هیوای خواست جارێکی تر ئاو نەچێتە ناو چاویلکەکەی.

بۆ دووەم گەڕ، هەموو شتێك بلوری و تەڵخ بوو، وە هەروەها لە سێیەمین گەڕدا بەتەواوەتی چاویلکەکەی پڕ بوو لە ئاو، هیچی نەدەبینی، تەنانەت خەتی ناو حەوزەکە و چەند کاتی ماوە. لەدەستدانی بینی بۆ مەلەوان زۆر زەحمەتە و تۆقێنەرە. فلیپس زۆر هێمن بوو.

هەموو شتیك ئەو ڕۆژە بەپێی پلانەکە دەڕۆیشت، بەڵام بوونی کونی بچووك لە گڵاسەکە شتێکی ئاسایی نەبوو. جارێك بومان هەستا بە تاریککردنی حەوزی میشیگان، بۆ ئەوەی فلیپس ئامادە بکات بۆ حاڵەتی لەو جۆرە. هەندێك لە دیمەنی نزیك لەو جۆرە لەناو ڤیدیۆیەکەدا هەبوو. ئەو لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە کرابوو چی بکات و لە کاتی خراپبوونی چاویلکەکەدا هێمن بێت. کاتێك دەستی بە کۆتا گەڕ کرد فلیپس، دەستی کرد بە خەمڵاندنی ئەوەی چەندجار دەستی بۆ پێشەوە بجوڵێنێت، هەژدە، نۆزدە، بیت یاخود بیست و یەك، کاتێك دەستی کرد بە ژماردن، زۆر بە پشوودرێژییەوە بەرەو پێشەوە ڕۆیشت. لە هەژدەیەمین جوڵەدا پێشبینیی دیوارەکەی دەکرد و لەناکاو گوێی لە هاتوهاوار بوو، بەڵام ئەو بەتەواوەتی هیچی نەدەبینی. هێشتا دەستی لە دیوارەکە نەدابوو، نەیدەزانی چەن جاری تر دەست بجوڵێنێت، ببێت بە ١٩ جوڵە یان ٢٠، یاخود ٢١، ئەو ٢١ جوڵەی کرد و دەستی زۆر درێژ کرد وەکوو ئەوەی لە ڤیدیۆیەکدا هاتبوو. دەست بەر دیوارەکە کەوت و چاویلکەکەی لادا بۆ ئەوەی بزانێت چی دەگوزەرێت، سەیری کرد نووسراوە، تۆماری جیهانی و یەکسەر ناوی ئەو نووسرابوو، ئەمەش بردنەوەیەکی تری خەڵاتی ئاڵتوونی بوو.

دوای یارییەکە، ڕۆژنامەنوسێك پرسیاری لێ کرد، هەستت چۆن بوو کە بە کوێری مەلە بکەیت. فلپس وتی، "لە هەستمدا هەموو جیهانم وێنا کرد." ئەمەیش سەرکەوتنێکی تری ژیانە کە پڕە لە بردنەوە بچووکەکان.

•••

شەش مانگ دوای دەستبەکاربوونی پۆڵ ئۆنیل وەکوو بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە ئەلکۆوا، لە نیوەی شەودا زەنگی تەلەفۆنەکەی لێی دا. بەڕێوەبەری بەشێک بوو لە ئەریزۆنا، تۆقی بوو، باسی ئەوەی دەکرد چۆن فشاری کەوتووەتە سەر و کارەکانی وەستاندووە بە هۆی کرێکارێکەوە، کە چەند هەفتەیەکی کەمە هاتووەتە کۆمپانیا و بۆ ئەوەی خەرجی چاودێریی تەندروستی بۆ هاوسەرە دووگیانەکەی بکێشێت، لە کاتی کارکردندا یەکێک لە ئامێرەکان کێشەیەکی هەبوو، بەڵام ئەو گوێی بە یاساکانی سەلامەتی نەدابوو، بەسەر خەتی زەردی سەلامەتیدا بازیدابوو بۆ ئەوەی ئامێرەکە بوەستێنێت، ئامێرەکە کارەکەی پرێس بوو واتە پانکردنەوە و ڕێککردنەوە، ئەو ویستبووی ئامێرەکە بوەستێنێت و ئەلەمنیۆمەکەی ڕاکێشابوو، بۆیە ئامێرەکە قۆڵی کرێکارێکی ڕاکێشابوو وە سەری وردوخاش بوو، هەر لەو کاتەدا گیانی سپارد.

دوای چل و هەشت کاتژمێر، ئۆنیل فەرمانی دەرکرد کە بەڕێوەبەرەکانی شوێنی کار و بەڕێوەبەرانی ئۆفیسەکانی ئەلکۆوا لە پیتسبرا بە شێوەی نائاسایی کۆببنەوە. دوای ئەوەی چەندین جار سەیری ڤیدیۆی مردنی کرێکارەکانی کرد، تێبینیی چەند هەڵەیەکیان کرد و لەناویدا هەڵەی دوو بەڕێوەبەر لەو شوێنەدا کە نەیانتوانیوە کرێکارەکە بوەستێنن، نەبوونی ڕێنماییی هەڵواسراو لە کاتی کاردا، خراپی پرۆگرامی ڕاهێنانی سەلامەتیی کار، هاوکات نەبوونی هەستەوەر بۆ ئامێرەکە بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا بوەستێت و بکوژێتەوە.

ئۆنیل بە گرووپەکەی وت "ئێمە ئەو پیاوەمان کوشت. هەڵەی سەرکردایەتیی من بوو، من بوومە هۆی مردنی، سەرنەکەوتنی هەمووتانە کە بەپێی فەرمانەکان کار ناکەن."

بەڕێوەبەرەکان ئەو ڕووداوەیان بە ڕووداوێکی ستراتیجی دانا، ڕووداوی ستراتیجی بەشێک بوو لە ئەلکۆوا. کۆمپانیایەکی گەورە کاردەکەن لەسەر تواندنەوە و ئامادەکردنی کانزا. "پۆڵ ڕەخنەی زۆری لەسەر سیاسەتی کارکردنی ئەو شوێنە هەبوو دەربارەی سەلامەتی" بیل ئۆرورک، سەرۆکی بەڕێوەبەرەکان. "بۆمان دەرکەوت لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا، شتێک زۆر تیشکی دەخرێتە سەر. ئەو دانیشتنە

هەمووانی توشی شۆك كرد، ئەو زۆر سوربوو لەسەر شتەكان، شەو نەدەخەوت و بیری لە كرێكارە مردووەكە دەكردەوە كە هەرگیز نەیبینی بوو. ئەمە ئەو كاتەیە كە شتەكان بەرەو ئاڕاستەی گۆڕانكارین."

لە ماوەی هەفتەیەكی دوای دانیشتنەكە، هەموو بۆیاخەكانی سەلامەتی جارێكی تر نوێ كرانەوە، سیاسەتی نوێ گیرایە بەر، تەنانەت كرێكارەكان ئازاد كرابوون لەوەی پێشنیاری چاككردنەوەی ئامرێك بكەن، یاسا دانرابوو بۆ ئەو كەسانەی كە هەر هەنگاوێكی ناسەلامەت بگرێتە بەر. ڕێژەی پێكان بە شێوەیكی بەرچاو دابەزی. ئەمە ئەزموونی ئەلكۆوا بوو لەگەڵ بردنەوە بچووكەكان.

ئۆنیل وتی، "من دەمەوێ پیرۆزبایی لە هەموولایەك بكەم بۆ كەمكردنەوەی ژمارەی پێكان و بریندداربوون لە ماوەی دوو هەفتەدا ."

یادەوەرییەكی نووسیەوە كە بەناو هەموو كۆمپانیادا بڵاو بویەوە. "پێویست ناكات ئێمە ئاهەنگ بگێڕین لەبەرئەوەی بەگوێی یاسامان كردووە، بەڵكوو ئێمە ئاهەنگ دەگێڕین، چونكە ژیانمان ڕزگار كردووە."

كرێكارەكان كۆپییەك لە قسەكەی ئۆنیلیان پێ بوو لەناو لۆكەرەكانیان (شوێنی تایبەت بە جلی خۆیان وەكوو كەنتۆر وابوو)، كەسێك وێنەی ئۆنیلی كێشابوو و لە ژێریەوە وتەكەی نوسیبوو. وەكوو مایكڵ فلیپس ئەوە هیچ پەیوەندی بە مەلەكردنەوە نەبوو، بەڵكوو هەموو شتیك وابەستەبوو بە سەركەوتنەوە. ڕەنجی ئۆنیل بەربڵاوبوویەوە.

ئۆنێل پێی وتم، "من بە كرێكارەكانی ڕۆژانەم وتووە، ئەگەر بەڕێوەبەرەكەتان یاساكانی سەلامەتی جێبەجی نەكرد، تەلەفۆنم بۆ بكەن ئەمە ژمارەكەمە. "كرێكارەكان دەستیان كرد بە تەلەفۆنكردن، بەڵام مەبەستی ئەوان بۆ ڕووداو نەبوو بەڵكوو بۆ قسەكردن بوو دەربارەی بیرۆكە ناوازەكانی."

كۆمپانیانی ئەلكۆوا ئەلەمنیۆمی بۆماڵەكان بەرهەم دەهێنا و ناستەنگی زۆری بۆ دروست بوو لەسەر ڕەنگكردنی ئەلەمنیۆمەكە بە جۆرێك نەیاندەزانی كامە ڕەنگ گونجاوە و چی پێشبینی بكەن، ملیۆنان دۆلاریان خەرج كرد بۆ ڕاوێژكارەكان بۆ

ئەوەی ڕەنگێکی گونجاو هەڵبژێرن بۆ بۆیەکردنی ئەلەمنیۆمەکان، لەو کاتەدا کرێکارێک پێشنیاری ئەوەی کرد ئەگەر هەموو ئەلەمنیۆمەکان بخرێنە ناو ئامێری بۆیەکردنەوە بۆیەکردنەکە ئاسانتر دەبێت و خێراتر دەبێت و ڕەنگەکەیشی کرپار ڕادەکێشێت بەلای خۆیدا، دوای ساڵێک لە بیرۆکەی کرێکارەکە، قازانجی ئەلکۆوا دوو ئەوەندە زیادی کرد.

## سێیەم

کاتێک پۆڵ ئۆنیل لاو کاری بۆ حوکوومەت دەکرد و کاری شیکاریکردن بوو بۆ خەرجییەکان لە بواری چاودێریی تەندروستیدا, یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا ڕێژەی مردنی کۆرپە بوو، سەرباری ئەوەی کە دەوڵەمەندترین حوکوومەتی جیهان بوو، بەڵام کۆرپەکان زۆربەیان دوای لەدایکبوونیان دەمردن.

ئۆنیل دەیویست بزانێت هۆکاری مردنی کۆرپەکان چین  دەستی کرد بە پرسیارکردن، هەر کەسە و شیکاری خۆی پێ دەدا و زیاتر قوڵ دەبووەوە لە بابەتەکە و بۆیە پرسیارەکانی زیاتر دەبوو، دەیویست بزانێت بنچینەی کێشە چییە.

هەندێک توێژینەوە پێیان وابوو گەورەترین هۆکاری مردنی کۆرپەکان بریتییە لە لەدایکبوونی پێشوەختە، هەندێکیان پێیان وابوو، بەدخۆراکی دایکە لە کاتی دووگیانیدا. لەبەرئەوە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی مردووان پێویستییان بە گۆڕانکاری بوو لە خواردنی دایکان، پێش ئەوەی دووگیان بن خواردنیان ڕێک بخرێتەوە، بەو مانایەی حوکوومەت دەست بکات بە ڕۆشنبیرکردنی دایکان دەربارەی خواردنیان و دروستکردنی پرۆگرامێک لە خوێندگەکاندا بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەییدا.

ئۆنیل پرسیاری پرۆگرامی تایبەتی خۆراکی کرد، بۆی دەرکەوت هەندێک لە مامۆستاکان لە ناوچە دوورەدەستەکان لە بنچینە بایەلۆجییەکان نازانن، بۆیە پێویست بوو حوکوومەت لە قۆناغەکانی زانکۆدا کار لەسەر ئەوە بکات خوێندنی بایۆلۆجی بسەپێنرێت بۆ ئەوەی مامۆستاکان هەرزەکارەکان فێری خواردنی تەندروست بن و خۆراکی تەواویان وەرگرتووە پێش و پاش دووگیانی.

خراپڕاهێنانی ماموستاکان، کاربەدەستان کاتێک کاریان لەگەڵ ئۆنیلدا دەکرد،
بۆیان دەرکەوت کێشە سەرەکییەکە خراپڕاهێنانی ماموستاکانە، ئەگەر بێتوو پرسیار
لە پزیشکان و کاربەدەستانی تەندروستی کۆمەڵگا بکەین هیچیان نەیاندەزانی
هۆکاری سەرەکیی مردنی کۆرپەکان بریتییە لە نەخوێندنی بایۆلۆجی لە زانکۆ و
کۆلێجەکان، دوای چەند ساڵێک لە کارکردنی ئۆنیل لەسەر ئەو بابەتە، مردنی کۆرپە بە
ڕێژەی ٦٨٪ کەم بووەتەوە.

ئەزموونی ئۆنیل لەگەڵ مردنی کۆرپە ئەوەی پیشان داین خووی بنچینەیی دەبنە
هۆی گۆڕانکاری، بە هەنگاونان بۆ دروستکردنی وێنایەک. لەو کەیسەدا دەردەکەوێت
گۆڕانکاری لە خوێندنی کۆلێجەکان و ڕاهێنان ماموستاکان و ڕۆشنبیریی
تەندروستیی خۆراک و بەدواداچوونی قوڵ چارەسەری کێشەکە دەکەن.

هەمان شێوە لە ژیانی خەڵکیدا ڕوویدا، بۆ نموونە نزیکەی ٢٠ ساڵ پێش ئێستا،
بە خەڵکی دەوترا گۆڕانکاری لە خواردنتدا بکە بۆ ئەوەی کێشت دابەزێنێت، دواتر
پزیشکەکان هانی خەڵکیان دا خواردنەکانیان سنووردار بکەن، بڕۆن بۆ هۆڵی
وەرزشکردن، بۆ ڕۆیشتن بۆ نهۆمێکی تر ئەسانسۆر بەکارنەهێنن ئەمە ژیانی خەڵکی
گۆڕی بە هۆی چاکسازی لە خووی خراپدا.

بەڵام کاتێک توێژینەوەکان دەریان خست ئەم ڕێگایانە سەرکەوتوو نەبوون بە هۆی
ئەوەی لەوانەیە خەڵک ماوەیەک ئەسانسۆر بەکارنەهێنن، دواتر بێزاربن لەو هەموو
هاتوچۆیە بە پلیکانەکاندا، هەروەها لەوانەیە کەمکردنەوەی خواردنیش بۆ ماوەیەک
بێت و خەڵکیش بگەڕێنەوە بۆ دۆخی جارانیان .

لە ساڵی ٢٠٠٩دا گرووپێک لە توێژەرەکان پاڵپشتی دارایی کران لەلایەن
پەیمانگای نیشتیمانیی تەندروستییەوە، کار ئەم گرووپە ئەوە بوو چۆن کار لەسەر
کەمکردنەوەی کێش بکەن .

گرووپەکە هەستان بە بەشدارپێکردنی ٦٠٠ کەسی قەڵەو، دەبوایە ئەو کەسانە
چی دەخۆن و چی دەکەن لەسەر تۆمارێک بیاننوسیایە، لە سەرەتادا قورس بوو هەموو
شتێک بنووسن، دواتر هانیان دان شتەکان بنووسن، ئەوانیش هەندێک جار چەند

ڕۆژێک یاخود هەفتەی جارێک شتەکانیان دەنووسی، دواتر بەشداربووان سەیری تۆمارەکانیان دەکرد و هەندێکیان سەیریان دەکرد لیستی خواردنەکان زۆرن، بۆیە دەستیان کرد بە گۆڕانکاری لە خواردنەکانیاندا، دواتر تێبینی کرا کێشی زۆریان دابەزاندووە بە بەراورد بە یەکێك کە ڕێجیم دەکات .

یەکێك لە بەشداربووان وتی، "بیرم لە ژەمەکان دەکردەوە بە شێوەیەکی جیاواز، دواتر ئەوەم لە مێشکدا بۆ دروست بوو کە خواردن نابێتە هۆی خەمۆکی و بۆی بێ تاقەت نەبم."

شتێکی هاوشێوە لە ئەلکۆوا ڕوویدا کاتێك ئۆنیل دەست بەکاربوو، خووی سەلامەتیی ئۆنیل ژینگەیەکی دروستکردبوو کە کاری کردبووە سەر هەڵسوکەوتی خەڵکی. ئۆنیل هەنگاوێکی نائاسیی نا، بە جۆرێك داوای کرد کە هەموو پشکەکانی ئەلکۆوا لە جیهاندا بەیەکەوە ببەسترێنەوە لەڕێگەی تۆڕێکی ئەلیترۆنییەوە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و داتای سەلامەتی، لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەو پێشنیارەی کرد، بە ئەستەم دادەنرا، بەڵام دواتر ئەلکۆوا سیستەمێکی ناوازەی ئیمەڵیان داهێنا بۆ هەماهەنگی لەنێوان خۆیاندا.

هەموو بەیانییەك ئۆنیل ئیمەیڵی دەنارد بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەمووان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، یەکەمجار خەڵکی ئیمەیڵیان بەکاردەهێنا بۆ گۆڕینەوەی داتای سەلامەتی، بەڵام دواتر بابەتی تر گفتوگۆی لەسەر دەکرا وەکو بارودۆخی بازاڕ، ناردنی پسولە، کێشە ئابوورییەکان. کاربەدەستان فێربوون هەموو هەینییەك ڕاپۆرت بنێرن و هەمووان دەیانتوانی بیخوێننەوە. بۆ نموونە بەڕێوەبەری کۆمپانیای لقی بەرازیل پەیوەندی بە بەڕێوەبەری نیویۆرکەوە دەکرد. وای لێ هات زۆربەی خەڵکی پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد.

ئەمەش وای کرد کە ئەلکۆوا بتوانێت سوود لەو بوارە وەرگرێت. خووی بنچینەیی ئۆنیل – سەلامەتیی کرێکار – پلاتفۆڕمێکی دروست کرد بەمەبەستی هاندانی کرداری زیاتر و ئیمەیڵیش ساڵانێك کێبڕکێی کۆمپانیای بەرەوپێش برد.

•••

لەساڵی ١٩٩٦، دە ساڵی بەسەر مانەوەی ئۆنیل تێپەڕی لە کۆمپانیای ئەلکۆوا. سەرکردایەتیی ئەو لەلایەن سکوڵی بازرگانی هارڤارد و قوتابخانەی کەنەدی حکومی توێژینەوەی لەسەر کرا. زۆرجار ئاماژەی بۆ کرابوو وەك کەسێکی گونجاو بۆ وەزیری بەرگری یان وەزیری دارای. فەرمانبەرەکانی و یەکێتییەکان زۆر ئەویان بە دڵ بوو نمرەی باشیان پێ دا. لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بەهای کەلوپەلەکانی ئەلکۆوا بووە ٢٠٠٪. لە جیهاندا بە کەسێکی سەرکەوتوو دانرا.

لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا لە کۆبوونەوەی هاوبەشەکانی کۆمپانیا لە پیستبرادا، کەسێك لە کاتی پرسیار و وەڵامدا تۆمەتی خستە پاڵ ئۆنیل. کەسێکیش لە مەکسیك گازەندەی هەبوو لە پارە و بارودۆخی ئەلکۆوا. وتی کرێکارەکانی نەخۆش کەوتوون بەهۆی پلانی سەلامەتیی ئۆنیلەوە .

ئۆنیل لەسەر لاپتۆپەکەی وتی، " ڕاست نییە"، ئامار و تۆمارەکانی ئەلکۆوای مەکسیکی پیشان دا، "سەیر بکە"، ڕادەی ڕازیبوونی کرێکارەکانی لەو شوێنە پیشان دا. بە گەواهیی ڕۆبێر بارتۆن کە هاوبەشە زیاتر لە دەیەیەك لەو کۆمپانیایەدا. ئەو کەسەی گازندەی هەبووبە ئامادەبووانی ڕاگەیاند باوەڕ بە قسەکانی ئۆنیل نەکەن .

دوای کۆبوونەوە، ئۆنیل داوای کرد ئەو کەسە بێتە ئۆفیسەکەی. ئەو کەسە لە زیاتر لە پەنجا پشکی ئەو کۆمپانیایە هاوبەش بوو، دەیویست پێداچوونەوە بە کارەکانی ئەلکۆوا لە مەکسیك بکرێت. ئۆنیل بە خوشکە ماری (نوێنەری کۆمەڵایەتیی گروپی داکۆکیکردن بوو)ی وت، ئایا ئەو لە کارگەکە بووە و سەردانی کردووە، وتی نەخێر، ئۆنیل داوای لە سەرۆکی کۆمپانیا کرد سەردانی مەکسیك بکات و ببینێت لەوێ چی دەگوزەرێت.

کاتێك کارگێڕی گەیشتنە ئەوێ، یەکسەر سەیری ڕیکۆردەکانی سەلامەتییان کرد و بینییان ڕاپۆرتی ڕووداو هەیە و نەنێردراوە بۆ سەرۆکایەتی. چەند مانگێك پێشتر، دوکەڵ دروست بووبوو لە باڵەخانەی ئیشکردندا. ڕووداوێکی نەخوازراوی بچووك بوو. بەڕێوەبەری جێبەجێکار چەند هەواکێشێکی دانابوو بۆ دەرکردنی غاز و دوکەڵەکە. خەڵك نەخۆش کەوتبوو و چاکیش بوونەوە لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا.

بەڵام بارۆن باسی نەخۆشی نەکردبوو .

کاتێك کارگێڕەکان گەڕانەوە پیتسبرا و ئەنجامەکانیان خستە ڕوو، ئۆنیل پرسیاری ەبوو .

"ئایا بۆب بارۆن دەیزانی کە ئەم خەڵکانە نەخۆش کەوتوون؟"

وتیان، "ئێمە ئەومان نەبینی، بەڵام، دیارە کە ئاگادارە."

دوو ڕۆژ دواتر بارۆن دەرکرا.

دەرکردنی خەڵکی تووشی شۆکی کرد. بارۆن لە لاپەڕەی گۆڤارەکاندا وەکوو بەڕێوەبەرێکی قەدرگران باس دەکرا .

لەناو ئەلکۆوا کەس تووشی سەرسوڕمان نەهات. وەکو کولتوورێك دەبینرا کە لەلایەن ئۆنیلەوە داهێنرابوو .

یەکێك لە هاوکارەکانی پێی وتم، "بارۆن خۆی دەرکردووە، هیچ بژاردەیەك نەبوو."

ئەمە کۆتا ڕێگای خووی بنچینەیی بوو کە هاندەرە بۆ گۆڕانکاریی بەربڵاو بە دروستکردنی کولتورێك کە بەهای نوێ دەچەسپێنرێن. خووە بنچینەییەکان بژاردەی تاڵ یان ئاسان دروست دەکەن – وەکوو دەرکردنی سەرۆکی بەڕێوەبەرەکان، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کولتوور تێدەپەڕێنێت، زۆر ئاشکرایە دەبێت بڕوات. هەندێك کات ئەو کولتوورە لە خۆیان دەبینەوە لە وشەی تایبەتیدا، کە بەرهەمهێنانیان دەبێتە خوویەك لە دامەزراوەکە. بۆ نموونە، لە ئەلۆکا بەرنامەی سەپێنراو هەبوون و فەلسەفەی سەلامەتی دەربڕی کارن کە هەموو گفتوگۆکان کاری لەپێشینە و ئامانج و شێوازی بیرکردنەوەیان لەخۆ دەگرت .

ئۆنیل پێی وتم، "ئاسان نییە لە کۆمپانیایەکی تر کەسێك دەرکەیت کە ماوەیەکی زۆر لەوێ بووە، بۆ من قورسە، زۆر ڕوونە کە بەهاکان دیاری کراون، ئەو دەرکرا و کەس ئەوە بە هەل نازانێت شتێکی لێوە فێربێت."

کولتوورەکان بەرەوپێش دەچن لە خووە بنچینەییەکان لە هەموو ڕێکخراوێکدا، ئەگەر سەرۆکەکان ئاگاداری بن یاخوود نا. بۆ نموونە، کاتێك توێژەرەکان

لێکۆڵینەوەیان کرد لەسەر پلەبەندیی موچە و داهات لە وێست پۆینت، پێوانەی تێکڕای خاڵەکان و توانای فیزیایی و سەربازی و باوەڕبەخۆبونیان دەکرد .

هەندێك کەس سەرکەوتوو بوون لە قوتابخانەی سەربازی بەهۆی خووی ڕێکخراوی فیزیایی و دەروونی. بۆ سەرکەوتن پێویستیان بە خووی بنچینەیی بوو کە کولتوور دروست دەکات وەکوو کۆبوونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێ بەنرخەکان وەکوو یارمەتیدەر بۆ دۆزینەوەی خاڵی بەهێز بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگییەکان. خووە بنچینەییەکان دەمانگۆڕن بە دروستکردن کولتوور کە بەهاکان ڕوونتر دەکاتەوە لە کاتی بریاردانی قورس یاخود کاتی دوودڵیدا.

•••

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئۆنیل خانەنشین بوو لە ئەلکۆوا، لەسەر داوای سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا جۆرج بوش بووە وەزیری خەزێنە. پۆستەکەی دوو ساڵ دواتر جێ هێشت، ئێستا زۆرێك لە کاتەکانی لە فێرکردنی نەخۆشخانەکاندا بەسەر دەبات لەبارەی چۆنیەتیی تیشکخستنەسەر سەلامەتی و ئەو خووە بنچینەییانەی کە دەشێت ببنە هۆی کەمکردنەوەی هەڵەی پزیشکی، لەگەڵ خزمەتکردنی لە دەستە هەمەجۆرەکانی کۆمپانیاکاندا.

لەو ماوەیەیشدا، کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان لە سەرتاسەری ئەمریکا، باوەشیان بۆ بەکارهێنانی بیرۆکەی خووی بنچینەیی کردەوە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی لە شوێنەکانی کارکردن.

بۆ نموونە: لە کۆمپانیایی ئای بی ئێم، لوو گێرستنەر کۆمپانیاکەی بونیاد نایەوە، بە تیشکخستنەسەر خووی بنچینەیی: توێژینەوە و ڕۆتینەکانی فرۆشتنی کۆمپانیای ئای بی ئێم .

یاساکانی ئۆنێل لە ئەلکۆوادا هەر بەزیندوویی ماونەتەوە و تەنانەت لە نەبوونی ئەویشدا ڕێژەی پێکان و بریندار بوون بەردەوام لە داکشاندا بووە. لە ساڵی ٢٠١٠دا ٨٢٪ی کارگەکانی سەر بە ئەلکۆوا هیچ کرێکارێکیان بۆ تەنها ڕۆژێك بە هۆی

برینداربوونەوە لە دەست نەدا، کە ئەوەیش نزیکە لە باشترین تۆماری مێژوو. بە تێکڕا کارمەندەکان لە کۆمپانیایەکی سۆفتوێر، بزواندنی کارتۆن بۆ ستۆدیۆکانی فیلم یان ئەنجامدانی کاری ژمێریاری باج ئەگەری پێکانیان زیاتر بووە لە کرێکارێک کە مامەڵە لەگەڵ ئەلەمنیۆمی تواوە دەکات لە کۆمپانیای ئەلکۆوا.

جێف شۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیایی ئەلکۆوا وتی، "کاتێک بووم بە بەڕێوەبەری مەیدانی، یەکەم ڕۆژ چووم بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان، بینیم بەشی پێشەوەی شوێنی ئۆتۆمبیلەکان نیشانە کرابوو بە ناوی کەسەکان. بەرپرس یان بەڕێوەبەری بەشی فلان. ئەو کەسانەی زۆر گرنگ بوون باشترین شوێنی پارککردنیان بۆ دابین کرابوو. یەکەم شت کردم ئەوە بوو، کە بە بەڕێوەبەری سەرپەرشتیارم وت بە بۆیاخ ناوەکان بکوژێنێتەوە. من دەمویست هەر کەسێک زووتر گەیشتە شوێنی کارەکەی باشترین جێگا بۆ خۆی بگرێت. هەمووان لەو پەیامە تێگەیشتن: هەموو کەس گرنگیی خۆی هەیە. ئەمە درێژکراوەی کارەکانی پۆڵ ئۆنیل بوو، دوای ئەوە هەمووان زووتر دەهاتنە سەر کار.

کاری ئۆنیل لە وەزارەتی خەزێنە ئەوەندەی کار ئەلکۆوا سەرکەوتوو نەبوو. یەکەم شت کردی تیشکی خستە سەر کێشە سەرەکییەکان، وەکوو سەلامەتیی کرێکار، ڕەخساندنی کار، تێکۆشان بۆ هەژاریی ئەفریقا لەگەڵ چەند کارێکی تری بنچینەیی.

سیاسەتی ئۆنیل لەگەڵ سیاسەتی جۆرج بوشدا هاوتەریب نەبوو، دژی سیاسەتی باج وەستایەوە. لە کۆتاییی ۲۰۰۲دا داوای لێ کرا دەست لە کار بکێشێتەوە. "ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە ئەوە بوو کردنی کاری دروست بۆ سیاسەتی ئابوری کە دژی ئەوە بوو کە کۆشکی سپی دەیەویست" ئۆنیل پێی وتم. " ئەمە باش نەبوو بۆ وەزیری دارایی، لەبەرئەوە دەرکرام."

## ٥

# ستاربەکس و خووی سەرکەوتن

## کاتێک هێزی ئیرادە (ویست) دەبێتە ئۆتۆماتیکی

### یەکەم

کاتێک بۆ یەکەم جار تراڤیس لیچ باوکی بینی ماددەی هۆشبەری کێشابوو، تەمەنی نۆ ساڵان بوو. تازەکی خێزانەکەی چووبوونە ئەپارتمانێکی بچووکەوە لە کۆتاییی کۆڵانێکی ڕێگا تەسکدا. نوێترین شت لە زنجیرەیەکی کۆتاییینەهاتووی دووبارە و جێهێشتنی ماڵ کە وای لێ کردوون لە نیوەی شەودا ماڵەکەی پێشوویان بەجێ بهێڵن، بە فڕێدانی هەموو ئەو شتانەی کە خاوەنی بوون بۆ ناو زەرفی ڕەشی خۆڵ و خاشاک پاش وەرگرتنی ئاگادارییەکی چۆڵکردن، هاتن و چوونی کەسانێکی زۆر لە درەنگانێکی شەودا، خاوەن ماڵ پێی وتن، "دەنگەدەنگێکی زۆر دێ."

هەندێک کات لە خانووە کۆنەکەیدا، تراڤیس کە لە قوتابخانە دەهاتەوە، دەیبینی ماڵەکەی بەتەواوی خاوێن و ڕێکخراو بوو، هەموو پاشماوەکان بەجوانی پێچرابوونەوە، لە ساردکەرەوەکەدا پاکەتی ساسی شیلی و قوتووەکان هەڵگیرابوون دەیزانی ئەمە واتای ئەوەیە کە دایک و باوکی بۆ ماوەیەکی کاتی وازیان لە هیرۆیین

(کرانـك) هێنـاوه و ڕۆژێکیـان دوور لـەو ماددانـه بەسـەر بـردووه. زۆر کـات ئەوانـه بەخراپی کۆتاییان پێ دەهات. تـراڤیس زیاتر هەستی به سەلامەتی دەکرد کاتێک ماڵەکەی شپرزه بوو وه دایك و باوکی لەسەر قەنەفەکه بوون، چاوەکانیان نیوەکراوه بوون و سەیری کارتۆنەکانیان دەکرد. له کۆتاییی تەمومژی هیرۆیینەکەدا هیچ هاوار و دەنگەدەنگێ نەدەبیسترا.

باوکی تراڤیس پیاوێکی ئەرمونیان و بەڕێز بوو، حەزی به دروستکردنی خواردن هـەبوو، ماوەیـەکی دیـاریکراو نـەبێ لـه سـوپای دەریـادا بـوو، تـەواوی ژیـانی لـه چوارچێوەی چەند میلێکی کـەمی دایك و باوکیدا بەسـەر برد لـه شاری لۆدی، له ویلایەتی کالیفۆرنیا. لـەو کاتـەی هـەموویان چوونه ئەپارتمانه بچووکەکەوه به هۆی هـەبوونی مـاددەی هیرۆییـن و کردنـی کـاری داوێنپیسـی دایکـی تـراڤیس لـه بەندینخانـەدابوو. دایـك و بـاوکی تـراڤیس بەکارهێنـەری مـاددەی هۆشـبەر بـوون و خوویـان پێـوه گرتبـوو، خێزانەکـه ڕێگایـەکی ئاسـاییان هێشـتبووەوه. هـەموو هاوینانێك دەچوون بـۆ چـادرهەڵدان (کـامپینگ) و لـه زۆرێـك لـه شـەوانی هەینیـدا ئامادەی یـاریی سـۆفتبۆڵی خوشـك و براکـەی دەبـوو. کاتێـك تـراڤیس تەمـەنی چـوار ساڵان بوو، لەگەڵ باوکیدا چوو بۆ ناوچەی دیزنی و بۆ یەکەم جاریش له ژیانیدا لەلایەن فەرمانبەرێکی دیزنییەوه وێنەی گیرا. کامێرای خێزانەکه چەند ساڵێك پێشتر فرۆشرابوو به نووسینگەیەکی ڕوهنکەر (پێدانی قەرز به هاووڵاتییان).

له بەیانیی ئەو ڕۆژەی باوکیان ماددەی هۆشبەری کێشابوو، تراڤیس و براکەی له ژووری دانیشتن بوون و پێکەوه یارییان دەکرد لەسەر ئەو بەتانی و لێفه (جێگـەی نوستن)انەی هەموو شەوێك بەر له نوستن دایان دەگرتن. باوکی تراڤیس ئامادەکاریی بۆ دروستکردنی کێکێك دەکرد کاتێك پێی نایه گەرماوەکەوه، جۆره گۆرەوییەکی بەدەستەوه بوو که دەرزی و کەوچك و چەرخ و گوێپاککەرەوەکانی تێدا بوو. چەند خولەکێك دواتر هاته دەرەوه و ساردکەرەوەکەی کردەوه تا هێلکەکان بهێنێت، ئەوه بوو لەو کاتەدا کەوت به زەویدا. کاتێك منداڵەکان سەرقاڵی یاریکردن بوون و بەو

ناوەدا ڕاوڕاوێنیان دەکرد، باوکیان ڕووخساری شینهەڵگەڕا بوو، بە شێوەیەکی نائاسایی و کۆنترۆڵنەکراو دەجوڵایەوە.

خوشك و براکانی تراڤیس پێشتر باوکیان بینی بوو کە ماددەی کێشا بوو، هەربۆیە دەیانزانی دەبێت چی بکەن. براکەی ڕای کێشایە لای خۆیەوە و خوشکەکەشی دەمی کردەوە تا دڵنیابێتەوە زوانی قوت نادات، بە تراڤیسی وت بڕۆ ماڵە دراوسێکەمانەوە، داوای تەلەفۆنەکەیان بکە و پەیوەندی بە ژمارە (٩١١)ەوە بکە.

تراڤیس درۆی لەگەڵ پۆلیسی وەڵامدەرەوەکەدا کرد و پێی وت، "من ناوم تراڤیسە و باوکم لە هۆش خۆی چووە، نازانین چی ڕوویداوە و دەبێت چی بکەین. باوکم هەناسەی لەبەر بڕاوە!" تەنانەت کاتێك تراڤیس تەمەنی نۆ ساڵانیش بوو دەیزانی بۆچی باوکی لە هۆش خوی دەچوو، بەڵام نەیدەویست لەبەردەم دراوسێکانیدا بیڵێت. سێ ساڵ پێشتر، هاوڕێیەکی باوکی لە یەکێك لە ژێرزەمینەکەیاندا مرد، پاش ئەوەی تەقەی لێ کرابوو. کاتێك شارەزاکانی بواری تەندروستی هاتن و جەستەکەی باوکی تراڤیسیان برد، دراوسێکانی بە شێوەیەکی سەیر دەیانڕوانییە تراڤیس و لەو کاتەی خوشکەکەی دەرگاکەی کردەوە تا قەرەوێڵەی نەخۆشەکە دابگرن تا نەخۆشەکە (باوکیان)ی لەسەر دابنێن. یەکێك لە دراوسێکانی ئامۆزایەکی هەبوو کوڕەکەی هاوپۆلی تراڤیس بوو، هەربۆیە بەزوویی هەمووان لە قوتابخانە بە ڕووداوەکەیان زانی.

پاش داخستنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، تراڤیس بە پێ ڕۆشت بۆ کۆتایی کۆڵانەکە و چاوەڕێی ئامبوڵانسەکەی کرد. ئەو بەیانییە باوکی لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ کرا، پاش نیوەڕۆکەی لە وێستگەی پۆلیس غەرامە کرا، بۆ نانی ئێوارە دووبارە لە ماڵەوە بوو وە سپاگێتی دروست دەکرد تا بیخوات. چەند هەفتەیەك دواتر تراڤیس بوو بە ١٠ ساڵ.

کاتێکیش تراڤیس ١٦ ساڵان بوو، وازی لە قوتابخانە هێنا، وتی، "بێزار بووم لەوەی هاوڕێکانم بە کەسێکی هاوڕەگەزباز بانگم بکەن و لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە شوێنم بکەون و شتم تێ بگرن. بەڕاستی هەموو شتەکان لەسەرم قوورس بوون. ئاسانتر بوو بۆە کە واز لە قوتابخانە بهێنە و بڕۆم بۆ شوێنێکی تر." ئەوەبوو ڕۆشت بۆ فرێنسۆ، دوو کاتژمێر لە باشوورەوە دوور بوو، لە غەسلی سەیارە کارێکی دەست کەوت، بەهۆی گوێڕایەڵینەکردنەوە لە کارەکەی دوورخرایەوە و دواتر لە (McDonald's and Hollywood Video) کاری دەست کەوت، بەڵام کاتێک کڕیارەکان (مشتەرییەکان) بێئەدەب بوون بەرانبەری و بانگیان لێ دەکرد، "هێی، گەمژە ئەو جۆرە زەڵاتەی ڕانچمان دەوێت!" ئەویش کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا و تووڕە دەبوو.

جارێکیان هاواری بەسەر ژنێکدا کرد و پێی وت، "لە بەرچاوم ون بە!" بەرلەوەی بەڕێوبەرەکەی بەزۆر ڕایبکێشێتە ژوورەوە جۆرە کێکێکی گرتە سەیارەکەی.

هەندێک کات هێندە بێزار دەبوو لە نیوەی کارەکەیدا دەستی بە گریان دەکرد. زۆربەی جار لە گەشتن بە کارەکەی دوا دەکەوت، یان بەبێ هۆ پشووی وەردەگرت. لە بەیانیاندا لە بەردەم ئاوێنەدا هاواری بەسەر خۆیدا دەکرد و فرمانی بە خۆی دەدا کە باشتر ببێت و شتەکان قبووڵ بکات. بەڵام نەیدەتوانی بەئاسانی لەگەڵ خەڵکیدا هەڵبکات. هێندە بەهێز نەبوو ئەو ڕەخنە و شەرمەزارییانە قبووڵ بکات خەڵکی پێیان دەوت. کاتێک خەڵکێکی زۆر لە ڕیزدا دەوەستان و قەرەباڵغییان دروست دەکرد، بەڕێوەبەرەکە هاواری بەسەردا دەکرد، دەستەکانی تراڤیسیش دەلەرزین و وای هەست دەکرد کە ناتوانێت هەناسە بدات. بیری دەکردەوە گەر ئەمە هەمان ئەو شتە بێت کە دایک و باوکی هەستیان پێ کردووە، زۆر بێ دەسەڵات بوون بەرانبەر ژیان، کاتێک دەستیان کرد بە کێشان (بەکارهێنان)ی دەرمان و ماددەی هۆشبەر.

ڕۆژێکیان لە شوێنی کارەکەیدا مشتەرییەکی ئاسایی کەمێک تراڤیسی ناسیەوە و پێشنیاری بۆ کرد تا بیر لەوە بکاتەوە لە ستاربەکس کار بکات و وتی، "کۆگایەکی نوێ لە فۆرت واشینگتن دەکەینەوە، من دەمەوێت ببم بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر و

دەبێت تۆش داواکاریی کارکردن پڕ بکەیتەوە!" مانگێک پاش ئەوە ترافیس تیایدا بووە خزمەتکار لە شیفتی بەیانیاندا.

ئەوە شەش ساڵ بەر لە ئێستا بوو، ئەمڕۆ لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا، ترافیس بەڕێوەبەری دوو ستاربەکسە کە چاودێرە بەسەر ٤٠ فەرمانبەرەوە و بەرپرسیاریشە لە زیادکردنی داهات بۆ ٢ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا و موچەکەیشی ٤٤ هەزار دۆلارە و ٤٠١ هەزارغ هەیە و هیچ قەرزیشی نەبوو، هەرگیزیش بۆ کار دواناکەوێ و لە کارەکەیشیدا تووڕە نابێت. کاتێک یەکێک لە فەرمانبەرەکانی دەستی بە گریان کرد، پاش ئەوەی مشتەرییەک هاواری کرد بەسەریدا، ترافیس بردیە لاوە و پێی وت،"بەروانکەکەت پارێزەرتە!" هیچ شتێک نییە خەڵکی بیڵێن و بۆ هەمیشە نازارت بدات. هەموو کات هێندەی دەتەوێت بەهێز بە!

ئەو نووسینەی لە یەکێک لە کۆرسە ڕاهێنانییەکانی ستاربەکسدا هەڵ گرت. پرۆگرامێکی پەروەردەییە کە لە یەکەم ڕۆژییەوە دەستی پێ کرد و لە تەواوی پیشەی فەرمانبەریدا بەردەوامبوو. پرۆگرامەکە بە جۆرێک داڕێژراوە کە دەتوانێت قەرزی کۆلێج بەدەست بهێنیت بە تەواوکردنی خولەکان (بەشەکان). ترافیس دەڵێت، "خولەکە ژیانی گۆڕیوە. ستاربەکس فێری کردووە چۆن ژیان بکات، لە کارکردندا تەرکیز بکات و لە کاتی خۆیشیدا ئامادەی کار بێت، چۆن کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات و لە هەموو ئەمانە گرنگتر هێزی ئیرادەی فێر کردووە."

پێی وتم، "ستاربەکس گرنگترین شت بوو کە بۆم پێشهاتووە، هەموو ئەوەی هەمە بە هۆی ستاربەکسەوەیە و خۆم بە قەرزداری دەزانم."

•••

بۆ ترافیس و هەزارانی دیش، ستاربەکس وەک هەزارەها کۆمپانیای دیکە سەرکەوتوو بووە لە فێرکردنی جۆرەکانی کارامەییەکان (بەهرەکان)ی ژیان کە قوتابخانەکان، خێزانەکان و کۆمەڵگەکان شکستیان هێناوە تیایدا. ئێستە بە زیاتر لە ١٣٧ هەزار فەرمانبەر و زیاتر لە یەک ملیۆن لەو کەسانەی قوتابخانە و زانکۆکانیان

تەواو کردووە ستاربەکس یەکێکە لە گەورەترین فێرکەرەکانی نەتەوەکەی. هەموو ئەو فەرمانبەرانە بەتەنها لە ساڵی یەکەمیاندا لانی کەم ٥٠ کاتژمێریان لە پۆلەکانی ستاربەکسدا بەسەر بردووە و دەیان کاتژمێریش لەماڵەوە لەگەڵ پەرتووکی کاری ستاربەکس و گفتوگۆکردن لەگەڵ چاودێرەکانی ستاربەکسدا کە بۆیان تەرخان کرابوون.

لە بابەتی سەرەکیی فێرکردنەکەدا تەرکیزێکی چڕ خراوەتە سەر یەکێک لە خووە هەرە گرنگەکان کە ئەویش، هێزی ئیرادەیە. دەیان لێکۆڵینەوە و نووسین دەری دەخەن هێزی ئیرادە گرنگترین بەشی خووە بۆ سەرکەوتنی کەسی. لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی ٢٠٠٥دا، لێکۆڵەران لە زانکۆی پێنسیلڤانیا ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە ١٦٢ قوتابیی پۆلی هەشتەم توانای زیرەکی و هۆکارەکانی تریان هەڵسەنگێندراوە تا بزانرێ چەندێ هێزی ئیرادە دەردەخەن کە هەڵسەنگێندرا بە تاقیکردنەوەکانی خودکۆنترۆڵکرنەوە.

ئەو قوتابییانەی ئاستێکی بەرزی هێزی ئیرادەیان نیشان دا زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەبوو نمرەی بەرزتر بەدەست بهێنن لە وانەکانیاندا و لە قوتابخانە دیار و ناودارەکاندا وەربگیرێن. ئامادەنەبوونیان کەمتر بوو، کەمتریش کاتیان لە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆندا بەسەر دەبرد و زیاتر خەریکی ئەرکی ماڵەوە دەبوون. لێکۆڵەران نووسیبویان، "ئەو هەرزەکارانەی کە ئاستێکی بەرزی خودکۆنترۆڵکردنیان هەبوو، باشتر لەو هاوڕێیانە کارەکانیان پێشکەش کرد بەبێ بیرکردنەوە کارەکانیان دەکرد لە هەموو بوارە ئەکادیمییە جیاجیاکاندا. خودکۆنترۆڵکردن پێشبینیی ئاستی ئەکادیمیی بەرزتری کرد بە بەراورد بە (ئای کیو- ئاستی زیرەکی). هەروەها پێشبینیی ئەوەشی دەکرد کام قوتابییانە نمرەکانیان بەرەو پێش دەبەن لە تەواوی ساڵێکی خوێندندا، بەڵام ئای کیو نەیدەکرد. خودکۆنترۆڵکردن بە بەراورد بە بەهرەی زیرەکی کاریگەریی گەورەتری هەیە لەسەر ئاستی ئەکادیمی."

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە باشترین ڕێگە بۆ بەهێزکردنی هێزی ئیرادە و هاوکاریکردنی قوتابییان ئەوەیە کە بیکەن بە خوویەک. ئەنگێلا دوکوێرس، یەکێک لە لێکۆڵەران لە زانکۆی پێنسیلڤانیا پێی وتم، "هەندێک کات وا دەردەکەوێت

کەسانێك کە توانای کۆنترۆڵکردنێکی خودیی زۆریان هەیە، کۆشش و کاری زۆر ناکەن، بەڵام ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە کە کردوویانە بە ئۆتۆماتیکی. هێزی ئیرادەیان دروست دەبێت بەبێ ئەوەی بیریشی لێ بکەنەوە."

بۆ ستاربەکس هێزی ئیرادە زیاترە لە زانینخوازیی ئەکادیمی. کاتێك کۆمپانیا دەستی کرد بە دانانی پلانە گەورەکەی بۆ ستراتیژیی گەشەکردن لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٩٠ەکاندا، جێبەجێکارەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت سەرکەوتن پێویستی بە دروستکردنی ژینگەیەك هەیە کە بۆ خواردنەوەی کوپێك قاوە پێویستی بە چوار دۆلار هەیە. کۆمپانیاکە پێویست بوو لەسەری ڕاهێنان بە کارمەندەکانی بکات تا لەگەڵ پێدانی خواردن و خواردنەوەکاندا کەمێك خۆشی و چێژیش بە کڕیار (مشتەری)یەکانی بدات. بەزوویی ستاربەکس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد لەوەی چۆن دەتوانن کارمەندەکانیان فێربکەن هەستەکانیان ئاسایی بکەنەوە و خودکۆنترۆڵکردنیشیان پتر بکەن لە هەموو خزمەتکردنێکدا. تەنانەت خزمەتکارەکانیش ڕاهێنانیان پێ دەکرێت کە کێشە کەسی (تایبەتی)یەکانیان وەلا بنێن و هەست و سۆزی هەندێك لە کارمەندەکان کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان هەبوو لەگەڵ کڕیار (مشتەری)یەکاندا. هەرچەندە گەر کرێکارێك بزانێت چۆن تەرکیزی بهێڵێتەوە و خۆی کۆنترۆڵ بکات تەنانەت لە کۆتاییی ئیشەکەیشیدا پاش ٨ کاتژمێر کارکردن، ئەوا خزمەتگوزاریی خواردنی خێرا بە باشترین جۆر بۆ کەسانی بەناوبانگیش دەگوازنەوە کە کڕیارانی ستاربەکس پێشبینی دەکەن.

کۆمپانیاکە ملیۆنان دۆلاری خەرج کرد لە پەرەدان و بەرەوپێشبردنی بەرنامە و پرۆگرامەکانیدا بۆ ڕاهێنانکردن بە کارمەندەکان لەسەر خودکۆنترۆڵکردن. جێبەجێکارەکان چەند پەرتووکێکیان نووسی کە کاریگەرییان هەبوو وەك ڕێبەری سوودیان لێ وەربگیرێت لەوەی چۆن هێزی ئیرادە بکەن بە خوویەك لە ژیانی کارمەند و کرێکارەکاندا. بەشێکی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانە سەبارەت بەوەیە کە چۆن ستاربەکس لە کۆمپانیایەکی ئاساییەوە گەشەی کردووە، بەرەو پێش چووە و بووە

بە کۆمپانیایەکی گەشەکردوو و زیاتر لە ١٧ هەزار کۆگای هەیە و سەرمایەکەیشی زیاترە لە ١٠ ملیارد دۆلار لە ساڵێکدا.

کەوایە ستاربەکس چۆن ئەنجامی دەدات؟ چۆن کەسێکی وەک تراڤیس کە کوڕی پیاوێکی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر بوو، لە قۆناغی دواناوەندیشدا وازی لە قوتابخانە هێنا و نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات و لەسەر کارەکەی لە ماکدۆ بەردەوام بێت و فێریان دەکەن چاودێریی دەیان کارمەند بکەن و دەیان هەزار دۆلار وەک دەستکەوت لە مانگێکدا بەدەست بهێنن؟ کورتوپوخت تراڤیس چی فێربوو؟

## دووەم

هەرکەس دەچووە ئەو ژوورەی تاقیکردنەوەی تیادا دەکرا لە زانکۆی کەیس ویسترن ڕیزێرڤ لەسەر شتێک کۆک بوو، ئەویش ئەوە بوو: بسکیتەکان بەتام بوون. تازەکی لە فڕنەکە دەرهێنرابوون، لە قاپێکی قوڵدا لەسەر یەک ڕیز کرابوون و جۆرێک قاوەی شیرینیشیان بەسەردا کرابوو. لەسەر مێزەکە و لە تەنیشت بسکیتەکانەوە، قووتوویەک توور دانرابوو، لە تەواوی ڕۆژەکەدا قوتابییەکان برسی بوون. هاتنە ژوورەوە و لەبەردەم مێزەکەدا دانیشتن کە خواردنەکانی لەسەر بوو، بەبێ ئەوەی ئاگادار بن و بزانن، هەڵسەنگاندنی ئیرادەیان تێگەشتنمان زیاد دەکات لەوەی خودکۆنترۆڵکردن چۆن کار دەکات و کاریگەریی هەیە.

لەو کاتەدا زانینخوازییەکی ئەکادیمیی زۆر کەم هەبوو بۆ هێزی ئیرادە، دەروونناسەکان ئەم باسانەیان بە لایەنەکانی شتێک هەژمار دەکرد، پێیان دەوت، "کارکردن بە یاسا." بەڵام بوارێک نەبوو کە زۆر هانی زانینخوازی بدات. تاقیکردنەوەیەکی بەناوبانگ هەبوو لە ساڵی ١٩٦٠ەکاندا جێبەجێ کرا، تیایدا زاناکانی ستانفۆرد هەڵسەنگاندنیان بۆ هێزی ئیرادەی کۆمەڵێک لە منداڵانی چوار ساڵان کرد. منداڵەکان هێنرانە ژوورێکەوە و چەند خواردنێکیان پێ درا، مارشمالۆشی تێدابوو. ڕێککەوتنێکیان لەگەڵدا کرا و پێیان وترا دەتوانن دەستبەجێ مارشمالۆیەک بخۆن یان گەر چەند خولەکێک چاوەڕێ بکەن، ئەوا دەتوانن دوو

مارشمالۆ بخۆن. پاشان لێکۆڵەرەکان ژوورەکەیان بەجێ هێشت، ١٥ خولەك دواتر کە لێکۆڵەرەکە هاتەوە نزیکەی لە ٣٠٪یان توانییان ویستەکەیان پشتگوێ بخەن و خواردنەوەکەیان دوو هێندە لێ بکەن. ئەو زانایانەی کە لەپشت ئاوێنەیەکی ڕوونەوە سەیری هەمووشتێکیان دەکرد، زانیاریی وردیان دەست کەوت لەوەی کام لە منداڵەکان خودکۆنترۆڵکردنی تەواوەتییان هەیە بۆ بەدەستهێنانی مارشمالۆی دووەم.

چەند ساڵێك دواتر زانیاریی ورد و دەقیقیان دەست کەوت لە زۆرێك لە بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەوە کە ئێستا لە قۆناغی دواناوەندیدان. لێکۆڵەران لێیان پرسین سەبارەت بە نمرەکانیان و توانایان لە هێشتنەوەی هاوڕێیەتیدا، توانایان لە مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکاندا. لە ئەنجامدا، ئەوەیان بۆ دەرکەوت ئەو منداڵە چوار ساڵانەی کە توانییان چێژوەرگرتن لە خواردنەکان و تێربوون دوا بخەن بۆ درێژترین ماوە، باشترین نمرەیان بەدەست هێناوە (٢١٠) خاڵ زیاتریان لە کەسانی ئاسایی بەدەست هێنا. کەسانێك بوون بەناوبانگ بوون و کەمتر دەرمانیان بەکار دەهێنا. ئەگەر بزانیت چۆن خۆت لە فریودانی مارشمالۆیەك لابدەیت وەك کەسێك کە نەچووەتە قوتابخانە، ئەوا دیارە دەزانیت چۆن خۆت بگەیەنیتە پۆل لە کاتی خۆیدا، ئەرکی ماڵەوەش تەواو بکەیت کاتێك چوویت بە تەمەندا، هەروەها چۆن هاوڕێ پەیدا بکەیت و بەرهەڵستی لە پەستانی هاوڕێش بکەیت. وەك ئەوە بوو ئەو منداڵانەی خواردنی مارشمالۆکانیان پشتگوێ خست کارامەییی دانانی ڕێسا و یاسایان هەیە بۆ کارکردنی خۆیان لە شوێنێکدا کە سوودیان پێ دەبەخشێت بەدرێژاییی ژیانیان.

زاناکان هەڵسان بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیەکی پەیوەستدار تا بزانن چۆن یارمەتیی منداڵان بدەن کارامەییی ڕێکخستنی یاسای خودییان زیاد بکەن. فێر بوون کە بە فێرکردنی فێڵی سادە بەم منداڵانە وەك: پەرتکردنی خەیاڵیان بە کێشانی وێنە، یان خەیاڵکردنی چوارچێوە لە دەوری مارشمالۆکەوە تا زیاتر وەك وێنە دەربکەوێ و کەمتر وەك فریودانێکی ڕاست، یارمەتی دان فێری خودکۆنترۆڵکردن بن.




فکاتێک منداڵان فێری خووی دواخستنی حەزەکانیان دەبن




فئەو خووانە کاریگەرییان لەسەر بەشەکانی دیکەی ژیانیان دەبێت

لە ساڵی ١٩٨٠ کاندا، گریمانەیەک هاتە بەر باس و بەشێوەیەکی گشتی پەسەند کرا، ئەویش ئەوەبوو: هێزی ئیرادە کارامەییەکە دەکرێت هەرکەس فێری ببێت، شتێکە دەکرێت فێری هەرکەس بکرێت وەک چۆن منداڵان فێری بیرکاری دەبن و دەڵێن، "سوپاس"، بەڵام پارەدان بۆ ئەم پرسیارکردنانە ئاسان بەدەست نایەت.

بابەتی هێزی ئیرادە شتێکی نادیار نەبوو، زۆرێك لە زاناکانی ستانفۆرد چووبوونە بواری لێکۆڵینەوە لە لایەنەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەکەوە.

کاتێك کۆمەڵێك لە دەروونناسەکان کاندیدی دوکتۆرا بوون لە زانکۆی کەیس ویسترن، یەکێکیان ناوی مارك موراڤین بوو، ئەو لێکۆڵینەوانەی دۆزییەوە، دەستیان کرد بە پرسینی ئەو پرسیارانەی لێکۆڵینەوەی پێشووتر دیار بوو وەڵامی نەدابوویەوە. لای موراڤین ئەم شێوازی هێزی ئیرادە وەك کارامەیییەکی ڕوونکردنەوە نەبوو کە جێی دڵخۆشکردن بێت. کارامەیی شتێکە بەردەوام و هەموو ڕۆژێك دەمێنێتەوە. گەر کارامەییی دروستکردنی هێلکەوڕۆنێکت هەبێت لە ڕۆژانی چوارشەمماندا، ئەوا دەتوانی لە ڕۆژانی هەینیشدا دروستی بکەیت.

لە ئەزموونی موراڤینەوە وا دیار بوو بیری چووبوو کە چۆن هەموو کات هێزی ئیرادە بەکاربهێنێت. هەندێك ئێوارە کە لە کار دەگەڕایەوە، هیچ کێشەیەکی نەبوو تا بچێت بۆ ڕاکردنێکی ئاسایی، ڕۆژانی دیش نەیدەتوانی هیچ شتێك بکات جگە لە پاڵکەوتن لەسەر قەنەفەکە و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بە جۆرێك وەك ئەوەی مێشکی، یان لانی کەم ئەو بەشەی مێشکی بەرپرسیارە لەوەی وای لێ بکات ڕاهێنان بکات، بیری چووە چۆن فەرمان بە هێزی ئیرادە بدات تا وای لێ بکات لە ماڵ بیکاتە دەرەوە. هەندێك ڕۆژ بە شێوەیەکی تەندروستانە شتی دەخوارد، ڕۆژانی دیکەش کە ماندوو دەبوو خواردنی لە ئامێری شتفرۆشتنەکاندا دەبرد و بە جبس و شیرینی خۆی تێر دەکرد.

موراڤین پێی سەیر بوو، گەر هێزی ئیرادە کارامەیییەك بێت، بۆچی ڕۆژانە وەك شتێکی بەردەوام نامێنێتەوە؟ گومانی ئەوەی هەبوو شتی زیاتر هەیە سەبارەت بە هێزی ئیرادە وەك لەوەی تاقیکردنەوەکانی پێشوو ئاشکرایان کردبوو، بەڵام چۆن تاقیکردنەوە بۆ ئەوە دەکەیت لە تاقیگەدا؟

●●●

چارەسەرەکەی موراڤین، تاقیگە بوو کە قاپێکی قوووڵ بسکیتی برژاوی نوێ و قاپێك تووریشی تێدابوو. ژوورێکی بچووك بوو، پەنجەرەکەی بە جۆرێك بوو، دەکرا لە دەرەوە ناو ژوورەکە ببینرێت. مێزێك، کورسییەکی تەختە، زەنگێکی دەستی و فرنێکی برژاندنیشی تیادا دانرابوو. ٦٧ قوتابی کە زانکۆیان تەواو نەکردبوو، قەناعەتیان پێ کرا و پێیان وترا، ژەمێك بپەڕێنن. یەك لەدوای یەك قوتابییەکان چوونە ژوورەوە و لەبەردەم دوو قاپەکەدا دانیشتن.

لێکۆڵەرەکە بە قوتابییەکانی گوت، "مەبەست لە کردنی ئەم تاقیکردنەوەیە هەڵسەنگاندنی هەستی تامکردنە." لێکۆڵەرەکە ڕاستگۆ نەبوو، چونکە مەبەست لێی ناچارکردنی هەندێك قوتابییە تا هێزی ئیرادەیان بەکاربهێنن. تا کۆتاییەکەی نیوەیان داوایان لێ کرا بسکیتەکان بخۆن و توورەکانیش پشتگوێ بخەن، نیوەکەی تریش پێیان وترا توورەکان بخۆن و بسکیتەکان پشتگوێ بخەن. گریمانەکەی موراڤین ئەوە بوو کە پشتگوێخستنی بسکیتەکان قورسە و پێویستی بە هێزی ئیرادەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، پشتگوێخستنی توورەکان ئاسانترە و هەوڵێکی کەمی دەوێت.

لێکۆڵەرەکە پێی وتن، "بیرتان بێت، تەنها لەو خواردنە بخۆن کە پێتان وتراوە و بۆتان دیاری کراوە!" پاشان ژوورەکەی بەجێ هێشت.

کاتێك قوتابییەکان بەتەنها بوون دەستیان کرد بە خرمەخرمکردن. بسکیتخۆرەکان لە جەوێکی خۆش (بەهەشت)دا بوون و توورخۆرەکانیش لە دۆخێکی ناخۆش و توووڕە و بێزاردا بوون. خەمبار بوون کە خۆیان ناچار بکەن بۆ پشتگوێخستنی بسکیتە گەرمەکان. لەودیو پەنجەرەکەوە لێکۆڵەرەکان سەیریان دەکرد و بینییان یەکێك لەوانەی پێی وتراوە لە توورەکە بخۆ، بسکیتێکی هەڵگرت و بە حەزەوە بۆنی کرد و دواتر خستیەوە ناو قاپە قوڵەکە. یەکێکی دیکەیان چەند بسکیتێکی هەڵگرت و پاشان دایناناوە و چکلێتە تواوە جێماوەکەی پەنجەکانی لیسایەوە.

پاش ٥ خولەک دیسان لێکۆڵەرەکە هاتە ژوورەوە. بە هەڵسەنگاندنی موراڤین هێزی ئیرادەی توورخۆرەکان بەتەواوی بەکار هێنراوە بە خواردنی سەوزە تاڵەکە و پشتگوێخستنی خواردنەکەی تر و بسکیتخۆرەکانیش بەدەگمەن خودکۆنترۆڵکردنیان بەکار هێناوە. لێکۆڵەرەوەکە بە دانە بە دانەی بەشداربووانی وت، "پێویستە ١٥ خولەک چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی دەرەنجام و کاریگەریی ئەو خواردنەی خواردتان نەمێنێت." بۆ تێپەڕبوونی کاتەکەش داوای لێ کردن هێڵکارییەکی بۆ شیکار بکەن زۆر ئاسان دەردەکەوت و داوای لێ کردن شێوازێکی ئەندازەیی بۆ بکێشن بەسەر هێڵەکاندا بەبێ بەرزکردنەوەی قەڵەمەکەیان لەسەر لاپەڕەکە یان دووبارە ڕۆشتنەوە بەسەر هەمان هێڵدا. وتیشی، گەر ویستتان دەست هەڵ بگرن، ئەوا زەنگەکە لێ بدەن. ئاماژەیشی پێ دان کە تەواوکردنی زۆر ناخایەنێت.

ئەوەی ڕاستی بێت شیکارکردنی مەتەڵەکە ئەستەم بوو. ئەمە ڕێگەیەک نەبوو بۆ کاتبەسەربردن، بەڵکوو گرنگترین بەشی تاقیکردنەوەکە بوو. هێزێکی ئیرادەی زۆری ویست تا بەردەوام کاری لەسەر بکەن بەتایبەت هەر ساتێک کە هەوڵەکانیان شکستی دەهێنا. زاناکان سەریان سوڕما، ئایا ئەو قوتابییانەی پێشتر هێزی ئیرادەیان زیاتر کردووە بە پشتگوێخستنی بسکیتەکان خێراتر دەست هەڵ دەگرن لە هێڵکارییەکە؟ بە جۆرێکی دیکە، ئایا هێزی ئیرادەکە یارمەتیدەرێکی سنووردار بوو؟

لێکۆڵەران لە دەرەوەی ژوورەکەوە سەیری قوتابییەکانیان دەکرد، بسکیتخۆرەکان بە خودکۆنترۆڵکردنە زۆرە بەکارنەهاتووەکەیانەوە دەستیان کرد بە کارکردن لەسەر هێڵکارییەکە. بە شێوەیەکی گشتی ئارام دیار بوون و یەکێکیان ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆی تاقی کردەوە، تووشی بەربەستێک بوو، پاشان دەستی پێ کردەوە. دیسان و دیسانەوە دەستی پێ کردەوە. هەندێکیان بۆ ماوەی زیاتر لە نیو کاتژمێر کاریان کرد بەرلەوەی لێکۆڵەرەکە پێیان بڵێ دەست هەڵ بگرن. بە شێوەیەکی ئاسایی زۆرینەی بسکیتخۆرەکان ١٩ خولەکیان بەسەر برد لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هێڵکارییەکە بەرلەوەی زەنگەکە لێ بدەن.

تووڕخۆرەکان، سەرەڕای کەمی هێزی ئیرادەکەیان، بەڵام تەواو جیاواز ڕەفتاریان کرد.کاتێك هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدا، بۆڵەیان دەهات و نائومێد بوون. یەکێکیان گلەیی ئەوەی دەکرد کە تەواوی تاقیکردنەوەکە بەفیڕۆدانی کات بووە. هەندێکیان سەریان لەسەر مێزەکە دادەنا و چاوەکانیان دادەخست. یەکێکیان تووڕە بوو کاتێك لێکۆڵەرەکە هاتە ژوورەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی، تووڕخۆرەکان تەنها نزیکەی ٨ خولەك پێوەی خەریك بوون و هەوڵیان دا و لە ٦٠٪یان بەر لە بسکیتخۆرەکان وازیان هێنا و دەستیان هەڵگرت.

کاتێك لێکۆڵەرەکە پرسیاری ئەوەی لێ کردن ئایا هەستیان چۆن بووە؟ یەکێك لە تووڕخۆرەکان وتی، "بێزارم لەم تاقیکردنەوە بێمانایە!"

موراڤین پێی وتم، "وا لە خەڵکی بکەیت کەمێك لە هێزی ئیرادەیان بەکار بهێنن بۆ پشتگوێخستنی بسکیتەکان، ئەوانمان خستبووە دۆخێکەوە کە خوازیار بوون زۆر خێراتر دەست هەڵ بگرن. زیاتر لە دوو سەد لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم باسە کراوە لەو کاتەوە و هەمان دەرەنجامیشیان هەبووە، هێزی ئیرادە تەنها کارامەیییەك نییە، بەڵکوو ماسولکەیەکە وەك ماسولکەی بازوو و قاچ، کە زیاتر کار دەکات ماندوو دەبێت، هەربۆیەش تواناکەی کەم دەبێتەوە بۆ کردنی شتەکانی تر."

لێکۆڵەران شتێکیان دەست کەوت لەسەر ئەم دۆزینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو جۆرەکانی دیاردەکە. هەندێکیان ڕایان وابوو کە یارمەتیی ڕوونکردنەوە (پۆلێنکردن)ی ئەوە دەدات کە بۆچی بە پێچەوانەوە کەسانی تری سەرکەوتوو سووربوونیان لەدەست دەدەن بۆ کردنی کاری داوێنپیسی لەگەڵ خەڵکی تردا (کە زیاتر پێدەچێت لە درەنگانێکی شەودا ڕووبدات، پاش ڕۆژێکی درێژ لە کارکردن و بەکارهێنانی هێزی ئیرادە لە کاردا)، یان بۆچی دوکتۆرە گەورەکان هەڵەی گەورە دەکەن (زۆرینەی جار ئەو کاتانە ڕوودەدات کە دوکتۆرەکە ئەرکێکی قورسی ماوەدرێژی تەواو کردووە و تەرکیزێکی زۆری پێویستە). موراڤین پێمی وت، "گەر دەتەوێت کارێك بکەیت کە پێویستیی بە هێزی ئیرادەیە لە ڕۆژدا وەك: ڕاکردن پاش تەواوبوونی کار، ئەوا لەسەرت پێویستە ماسولکەی هێزی ئیرادەت لە ماوەی ڕۆژەکەدا

بپارێزێـت. گـەر زوو بـەکاری بهێنیـت لـە ئەرکـە ماندووکەرەکانـدا وەك: نووسینی ئیمەیلێ، پڕکردنـەوەی فۆڕمی بێزارکـەر و قورسـی خەرجییـەکان، ئـەو کاتـەی دەگەیتە ماڵەوە هەموو هێزەکەت بە فیڕۆ داوە (بەکار هێناوە.)"

•••

ئایا ئەم دووانە تا چەند وەك یەکن؟ ئایا ڕاهێنـانکردن ماسولکەکانی هێزی ئیرادە بەهێزتر دەکـات وەك چۆن دەمبڵـەکان بـەکاردەهێنین بـۆ بـەهێزکردنی ماسـولکەکانی قۆڵمان؟

لە ساڵی ۲۰۰٦دا، دوو لێکۆڵـەری ئوسـتورالی، مێگـان ئۆتن و کین چینگ، هەوڵیان دا وەڵـامی ئەو پرسیارە بدەنەوە بە دروسـتکردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنـانکردنی هێزی ئیرادە. دوو دەرزەن خـەڵکیان تۆمـار کـرد لـە نێـوان تەمەنـەکانی ۱٥ – ۱۸ سـاڵی لە بەرنامەیـەکی ڕاهێنـانکردنی جەسـتەیی و دوو مـانگی تـەواو زیـاتر خرانـە هەندێك بەرنامـەی زیـادکراوی بەرزکردنـەوەی قورسـایی، ڕاهێنـانی بـەرگریکردن و ڕۆتینی هەناسەدانەوە. هەفتە دوای هەفتە خەڵکی زیاتر خۆیان ناچار دەکرد تا زیاتر ڕاهێنان بکەن بە بەکارهێنانی هێـزی ئیرادەی زیاتر هـەر کاتێك دەچوون بۆ هـۆڵی لەشجوانی (جیم).

پاش دوو مانگ لێکۆڵەران زۆر بەوردی لە تەواوی ژیانی بەشداربووانیان کۆڵییەوە تا ببینن ئایا هێزی ئیرادەی زیادکراو لە هۆڵی لەشجوانی بووەتـە هـۆی هێزی ئیرادەی زیاتر لـە ماڵـەوە. بەرلـەوەی تاقیکردنەوەکە دەست پـێ بکـەن، زۆرینـەیان ئـەو کەسانە بـوون کـەمترین ڕاهێنانیـان دەکـرد و زۆرتـرین کـاتیش لـە پشـوودا بـوون و سـەیری تەلـەڤزیۆنیان دەکـرد. بەدڵنیاییـەوە ئێسـتا لـە جەسـتەیەکی باشـتردان، هـەروەها تەندروسـتتریش بـوون لـە بەشـەکانی دیکـەی ژیانیانـدا. تـا زیـاتر کاتیـان لـە هـۆڵی لەشجوانی بەسـەر ببردایـە جگـەرە، ئـەلکهول، کـاڤینی کـەمتریان دەکێشـا، خـواردنی ناتەندروستی کەمتریشیان دەخوارد، کاتی زیاتریـان لـە ئـەرکی ماڵـەوە بەسـەر دەبرد و کەمتر سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد و کەمترین خەمۆکیشیان هەبوو.

ڕەنگە نۆتن و چینگ سەرسام بن بەوەی ئەو دەرەنجامانە هیچ پەیوەندی بە هێزی ئیرادەوە نەبوو. چییە بێت گەر ڕاهێنانکردن وا لە خەڵکی بکات دڵخۆشتر بن و کەمتر حەزیان بە خواردنی خێرا بێت؟

هەربۆیە نەخشەی تاقیکردنەوەیەکی دیکەیان کێشا، ئەمجارەیان ناوی ٢٩ کەسیان تۆمار کرد بۆ پرۆگرامێکی چوار مانگەی بەڕێوەبردنی پارە. ئامانجی خەزنکردنیان دانا و داوایان لە بەشداربووان کرد کە ژیانێکی ڕەهاییانە و خۆش نەژین، بۆ نموونە: خواردنی ژەمەکان لە چێشتخانەکان، ڕۆشتن بۆ سینەما و داواشیان لێ کرا وردەکاریی هەموو ئەو شتانە بنووسن کە دەیکڕن، لە سەرەتادا بێزارکەر بوون، بەڵام دواتر خۆیان ڕاهێنا و کۆنترۆڵی خۆیان کرد تا هەموو بازاڕکردن و کڕینەکانیان تۆمار بکەن.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بەرنامەکەدا باری داراییشیان باشتر دەبوو. لەوە سەرسوڕهێنەرتر، جگەرە و ئەلکهول و کافینی کەمتریشیان دەکێشا، دوو کوپ قاوە و دوو بیرەی کەمتریش، جگەرەکێشەکانیش ڕۆژانە ١٥ جگەرە کەمتریان دەکێشا. خواردنی ناتەندروستیان کەمتر خواردبوو وە لە قوتابخانە و کاریشدا بەبەرهەمتر بوون. وەك لێکۆڵینەوەی ڕاهێنانکردن وابوو: کاتێك خەڵکی لە لایەنێکی ژیانیاندا هێزی ئیرادەیان بەهێز دەکرد، لە هۆڵی لەشجوانی یان لە پرۆگرامی بەڕێوەبردنی پارەدا، ئەو هێزە کاریگەریی دەبوو لەسەر ئەو شتانەی دەیانخوارد یان چەندە کاریان دەکرد. کاتێك هێزی ئیرادە بەهێزتر دەبوو، کاریگەریی لەسەر هەموو شت دادەنا.

نۆتن و چینگ تاقیکردنەوەیەکی دیکەشیان کرد، ناوی ٤٥ قوتابییان تۆمار کرد لە پرۆگرامێکی بەرەوپێشبردنی بواری ئەکادیمی کە سەرنجی لەسەر دروستکردنی خووی فێربوون دەکردەوە. وەك پێشبینیی کرابوو کارامەییەکانی فێربوونی بەشداربووان بەرەو پێش چوو، قوتابییەکان کەمتر جگەرەیان کێشا بوو، کەمتر خواردبوویانەوە، کەمتریش سەیری تەلەڤزیۆنیان کردبوو، بەڵام ڕاهێنانی زیاتریان کردبوو، خواردنی تەندروستتریشیان خواردبوو. هەرچەندە هەموو ئەو شتانەش لە پرۆگرامە ئەکادیمییەکەدا ئاماژەیان پێ نەدرابوو دووبارە کە ماسولکەی هێزی

ئیرادەیان بەهێزتر بوو، خووە باشەکان کاریگەرییان لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانیان کردبوو.

تۆد هیسەرتۆن لێکۆڵەرێکە لەم بوارەدا کاری کردووە لە دارتماوس وتی، "کاتێک فێر دەبیت خۆت ناچار بکەیت تا بچیت بۆ هۆڵی لەشجوانی یان دەست بە ئەرکیماڵەوە بکەیت یان لەبری هەمبەرگر زەڵاتە بخۆیت، بەشێکی دیکەی ئەوەی کە ڕوودەدات ئەوەیە کە چۆنێتیی بیرکردنەوە دەگۆڕێت. خەڵکی باشتر دەبن لە کۆنترۆڵکردنی حەزەکانیان، چۆن خۆیان بپارێزن لە فریودەرەکان، کاتێک دەستت کرد بە بەهێزکردنی هێزی ئیرادە، مێشکت ڕادێت لەسەر یارمەتیدانت تا جەخت لەسەر ئامانجەکەت بکەیتەوە."

ئێستا سەدان لێکۆڵەر هەن لە زۆرینەی بەشەکانی زانکۆدا سەبارەت بە هێزی ئیرادە لێکۆڵینەوە دەکەن. چەندین قوتابخانە لە فیلادلفیا، سیتڵ، نیو یۆرک و شوێنەکانی دیکەش دەستیان کردووە بە هاریکاریکردنی وانەکان بە بەهێزکردنی هێزی ئیرادە تا بخرێنە ناو بابەتەکانی خوێندنی قوتابییانەوە. لە (زانیاری پڕۆگرامی هێزە-KIPP)، کۆمەڵی دەستەی قوتابخانەکان خزمەتی قوتابییە کەمدەرامەتەکان دەکەن لە تەواوی نیشتماندا، فێرکردنی کۆنترۆڵی کەسی بەشێکە لە فەلسەفەی قوتابخانەکان. لە قوتابخانەی "KIPP" لە فیلادلفیا کراسیان بە قوتابییان دا لەسەری نووسرابوو "مارشماڵۆ مەخۆن!" زۆرێک لەم قوتابخانانە دەستبەجێ نمرەی تاقیکردنەوەی قوتابییەکانیان بەرز کردەوە.

هیسەرتون وتی، "هەربۆیە ناونووسکردنی منداڵان لە وانەی پیانۆ یان وەرزشدا زۆر گرنگە. هیچ پەیوەندی نییە بە دروستکردنی میوزیسیانێکی باشەوە یان ئەستێرەیەکی یاریی تۆپی پێی پێنج ساڵانەوە. کاتێک خۆت ناچار دەکەیت بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕاهێنان بکەیت یان بۆ ماوەی ١٥ سوڕ بە شوێنێکی ڕاکردندا ڕا بکەیت، دەست دەکەیت بە دروستکردنی هێزی خودکۆنترۆڵکردن و ڕێکخستن. منداڵێکی ٥ ساڵان کە دەتوانێت شوێن تۆپەکە بکەوێت بۆ ماوەی ١٠ خولەک کاتێک دەبێتە قوتابیی پۆلی شەش، دەتوانێت لە کاتی خۆیدا دەست بە ئەرکی ماڵەوە بکات."

لێکۆڵینەوە لەسەر هێزی ئیرادە بووەتە بابەتێکی گەرم و بەربڵاو لە ڕۆژنامە زانستییەکان و پارچە نووسینی ڕۆژنامەکاندا چووەتە ناو کۆمپانیا و بازرگانیی ئەمریکاوە. کۆمپانیاکانی وەك: ستاربەکس، زە گاپ، والمارت، چێشتخانەکان یان هەر جۆرە بازرگانییەکی دی کە پشت دەبەستێت بە ئاستی وەرگرتنی کرێکارەکان هەموویان ڕووبەڕووی کێشەیەکی باو دەبنەوە، گرنگ نییە بە لایانەوە کە کارمەندەکانیان چەندە دەیانەوێت کاری ناوازە و گرنگ بکەن، زۆرێکیان بەهۆی نەبوونی خودکۆنترۆڵکردنەوە شکست دەهێنن. درەنگانێك دێنە سەر کارەکەیان، لە کڕیار (مشتەرییە) تووڕەکان تووڕە دەبن، بیروهزریان پەرتوبڵاو دەبێت لە کاتی کارکردنیاندا و بەبێ هۆش واز دەهێنن.

کریستین کە بۆ زیاتر لە دەیەیەك یارمەتیی چاودێریکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی کۆمپانیاکەی دا، وتی، "بۆ زۆرێك لە کارمەندەکان، ستاربەکس یەکەم ئەزموونی سەرەکیی کارکردنیانە. گەر دایك و باوکت یان مامۆستاکانت پێیان وتی لە تەواوی ژیانتدا چی بکەیت، دەستبەجێ کڕیارەکان هاواریان لێ کردیت وە بەڕێوەرەکەشت زۆر سەرقاڵ بێت و نەتوانێت ڕێنماییت پێ بدات، بەڕاستی قورسە تا بەرگە بگریت. زۆرێك لە خەڵکی ناتوانن ئەم گۆڕانکارییە دروست بکەن، هەربۆیە هەوڵ دەدەین ڕوونی بکەینەوە چۆن خودکۆنترۆڵکرد بدەین بە کارمەندەکان کە لە قۆناغی دواناوەندیدا فێری نەبوون."

بەڵام کاتێك کۆمپانیایەکی وەك ستاربەکس هەوڵی دا وانەکانی هێزی ئیرادە پەیڕەو بکات، لە لێکۆڵینەوەکانی بسکیت و تووڕەوە بۆ شوێنی کار ڕووبەڕووی سەختی و دژواری بوونەوە. سپۆنسەری وانەکانی دابەزاندنی کێشیان کرد و مافی ئەندامێتییان لە هۆڵی لەشجوانییەکەدا بە خۆڕایی دابوو بە کارمەندەکانیان بەو ئومێدەی سوودەکانی کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو شێوازەی خزمەتگوزاریی قاوەیان پێشکەش بە کڕیارەکانیان دەکرد. ئامادەبوون هەمیشە شتێکی جێگیر نەبوو. کارمەندەکان گلەییان دەکرد کە قورس بوو لە وانەکان بەشداری بکەیت یان بچیت بۆ هۆڵی لەشجوانی پاش ڕۆژێکی درێژ لە کارکردن. موراڤین وتی، "گەر کەسێك لە کاردا

کێشـەی هـەبێت لەگـەڵ خودکۆنترۆڵکردنـدا، ئـەوا بـێ گومـان کێشەیشـی دەبێت لە ئامادەبوون لـە پرۆگرامێـك کـە دانرابێـت بۆ بـەهێزکردنی خودکـۆنترۆڵکردن لـە پاش کار."

بەڵام ستاربەکس سووربوو لەسەر ئەوەی ئەم کێشـەیە چارەسـەر بکات. لە ساڵی ٢٠٠٧دا، لە ماوەی گـەورەبوون و فراوانبوونیدا، هـەموو ڕۆژێك کۆمپانیاکە ٧ کۆگای نوێی دەکردەوە و هـەموو هەفتەیـەکیش ١٥٠٠ کارمەنـدی بەکرێ دەگرت. ڕاهێنانیان پێ دەکرا تا بچنە بەرزترین ئاستەوە لە خزمـەتگوزاریی کڕیاردا تا لە کاتی خۆیدا ئامادە بن بۆ ئەوەی لە کڕیارەکان تووڕە نـەبن و بە زەردەخەنـەوە خزمـەتی هـەموان بکـەن لـە کاتێکـدا داواکـاریی کڕیارەکانیـان بـیر دەکەوێتـەوە و ئەگـەریش بکرێـت ناوەکانیشیان بزانن، چونکە گرنگە. کڕیارەکان و خـەڵکی چاوەڕێی خزمـەتگوزاریی باشن کە بە جوانترین و باشترین شێوە لەلایەن کارمەندەکانەوە پێشکەشیان بکرێت.

هـاوارد بـەهار، سـەرۆکی پێشـووی سـتاربەکس پێـی وتم، "ئێمـە لـە بازرگـانیی قـاوەدانین خـەڵکی پێشـکەش بکـەین، بـەڵکوو لـە بازرگـانیی خەڵکیـداین کـە قـاوە پێشکەش دەکـەین. شـێوازی تـەواوی بازرگانییەکـەمان بەنـدە لەسـەر خزمـەتگوزاریی ناوازەیی کڕیار، بەبێ ئەوە ئێمە ناودار نین."

سـتاربەکس چارەسـەرەکەی دۆزییـەوە کـە گـۆڕینی خودکـۆنترۆڵکردن بـوو بـە خوویەکی ئیش و کار.

## سێیەم

لـە سـاڵی ١٩٩٢دا، دەروونناسـێکی بـەریتانی چـووە نـاو دوو لـە سـەرقاڵترین نەخۆشـخانەی شکانی ئێسقانەوە لـە سکۆتلەندا و ٥ دەسـتە نەخۆشـی هەڵبـژارد بۆ تاقیکردنەوەیـەك کـە هیواخوازبوو ڕوونـی بکاتـەوە چـۆن هێـزی ئیرادەی ئەوانـە بـەرز بکاتەوە زۆر بەرهەڵستی گۆڕان دەکەن.

بە زۆری نەخۆشـەکان تەمـەنیان ٦٨ سـاڵان بـوو، زۆرینـەیان کـەمتر لـە ١٠ هـەزار دۆلاریان دەست دەکەوت لە ساڵێکدا و لە بڕوانامـەی دواناوەندی زیاتریشیان نەبوو.

هەمووشیان بەم دواییانە نەشتەرگەریی جێگۆڕکێی ئەژنۆ، یان جومگەی ڕانیان بۆ کرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر هەژار و نەخوێندەوار بوون، زۆرێکیان چەندین ساڵیش چاوەڕێی نەشتەرگەرییەکەیان کردبوو. خانەنشینیش بوون، میکانیکی بەتەمەن و فرۆشیار بوون لە کۆگادا. ئەوان گەشتبوونە کۆتایی ژیان، زۆرینەیان ئارەزووی هەڵگرتنی کتێبێکی تازەشیان نەبوو.

چاکبوونەوە لە نەشتەرگەریی جومگە یان ئەژنۆ زۆر بێزارکەر بوو. نەشتەرگەرییەکە بەیەکەوەبەستنی دوو ماسولکەی هاوبەش و دوورینەوەیان بەناو ئێسکەکاندا لەخۆ دەگرێت. لە کاتی چاکبوونەوەدا بچووکترین جوڵە، جا جوڵەی ناو جێگە یان جوڵەی یەکێك لە جومگەکان بێت، زۆر بەئازار دەبێت. هەرچەندە ئەوە زۆر گرنگە کە نەخۆشەکان دەست بە ڕاهێنانکردن بکەن، ئەو کاتەی لە نەشتەرگەرییەکە هەڵدەستنەوە (بەئاگادێنەوە). پێویستە دەست بە جوڵاندنی قاچەکانیان و سمتیان بکەن بەر لەوەی ماسولکەکانیان و پێستەکانیان چاکبنەوە یان شانەی ماسولکەیی دەبێتە هۆی بەربەست و کێشە بۆ جومگەکە و شلییەکەی وێران دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر نەخۆشەکان دەست بە ڕاهێنانکردن نەکەن، ئەوا گەشەکردنی خوێنمەیینەکە دەخەنە مەترسییەوە، بەڵام ئازار و ناڕەحەتییەکە هێندە گەورەیە نائاسایی نییە بۆ خەڵکی بەشی چارەسەربوونەکە بپەڕێنن. نەخۆشەکان لەنێویشیاندا بەتایبەت بەتەمەنەکان زۆرینەی جار ڕەتی دەکەنەوە فەرمانی دوکتۆرەکان پەیڕەو بکەن.

بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەی دەروونناسە سکۆتلەندییەکە لەو جۆرە کەسانە بوون کە ئەگەری شکستهێنانیان هەبوو لە ڕاهێنانکردنەوە بۆ هاتنە سەر باری پێشوو. ئەو زانایەی تاقیکردنەوەکەی کرد، دەیویست ببینێت کە ئایا دەکرێت لە کۆنترۆڵکردنی هێزی ئیرادەیاندا یارمەتییان بدات. پاش نەشتەرگەرییەکە نامیلکەیەکی دا بە هەموو نەخۆشەکان کە وردەکاریی خشتەی ڕاهێنانکردنەکەی تێدابوو، لە کۆتاییشەوە ١٣ لاپەڕەی زیادەی پێوە بوو- هەر دانەیەك بۆ هەفتەیەك- بە سپێتی (بەتاڵی) و ڕێنماییەکانەوە.

"ئامانجەکانی ئەم هەفتەیەم ئەمانەن________. ئەو شتانە بنووسە کە کتومت دەتەوێت بیانکەیت، بۆ نموونە: گەر دەتەوێت ئەم هەفتەیە بڕۆیت بۆ پیاسەکردن، ئەوا تیایدا بنووسە کە بەنیازی لە کوێ و چ کاتێکیش بیکەیت." داوای لە تەواوی نەخۆشەکان کرد بە پلانی تایبەتەوە هەموو لاپەڕەکان پڕ بکەنەوە. پاشان بەراوردی چاکبوونەوەی ئەوانەی کرد کە ئامانجەکانیان نووسیبوو بەو نەخۆشانەی ناميلکەکانیان وەرگرتبوو، بەڵام هیچ شتێکیان نەنووسیبوو.

ڕەنگە شتێکی بێمانا دەربکەوێ کە پێتوابێت پێدانی چەند لاپەڕەیەکی بەتاڵ بە خەڵکی ڕەنگە جیاوازی دروست بکات کە چەندە خێرا لە نەشتەرگەرییەکەیان چاک ببنەوە. بەڵام سێ مانگ دواتر کاتێك لێکۆڵەرەکە سەردانی نەخۆشەکانی کرد، هەستی بە جیاوازییەکی گەورە کرد لەنێوان دوو گرووپەکەدا، ئەو نەخۆشانەی پلانەکانیان نووسیبوو دوو جار خێراتر لەوانەی پلانەکانیان نەنووسیبوو دەستیان کرد بە ڕۆشتن بە پێ و سێ جار خێراتر بەبێ یارمەتی لەسەر کورسییەکانیان هەستانەوە. پێڵاوەکانیان لەپێ دەکرد، جلەکانیان دەشۆرد، خێراتر لەوانەی ئامانجەکانیان نەنووسیبوو خواردنیان بۆ خۆیان ئامادە دەکرد.

دەروونناسەکە دەیویست لەوە تێبگات بۆچی. سەیری لاپەڕەکانی کرد و بینیی زۆرینەی لاپەڕەکان بە پلانی ورد و تایبەت پڕکراونەتەوە سەبارەت بە زۆرینەی لایەنە ئاساییەکانی چارەسەرەکە بۆ نموونە: نەخۆشێکیان نووسیبووی من سبەینێ دەچم بۆ وێستگەی پاسەکان تا هاوژینەکەم ببینم لەسەر کارەکەی. دواتریش نووسیبووی: چ کاتێك دەڕوات، کام ڕێگا دەگرێتە بەر، چی لەبەر دەکا، گەر باران بباریێ چ پاڵتۆیەك لەگەڵ خۆی دەهێنێ و چ حەبێك دەهێنێ گەر ئازارەکەی زۆر ببێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەدا، نەخۆشێکی دیکە زنجیرە خشتەیەکی زۆر تایبەتی نووسیبوو سەبارەت بەو ڕاهێنانانەی کە دەیانکات هەرکات بچێتە گەرماوەکەوە. یەکێکی دیکەیان پلانێکی وردی دەقە بە دەقەیی نووسیبوو سەبارەت بە گەڕان و پیاسەکردن لەو دەوروبەرەدا.

کاتێك دەروونناسەکە لێکۆڵینەوەی لە نامیلکەکان کرد، بینیی زۆرینەی پلانەکان شتێکی هاوبەشیان تێدابوو، جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە نەخۆشەکان چۆن مامەڵە دەکەن لە ساتە تایبەتەکانی ئازارە پێشبینیکراو (چاوەڕوانکراو)ەکاندا. بۆ نموونە: ئەو پیاوەی تا ڕێگەی چوون بۆ گەرماو ڕاهێنانی دەکرد، دەیزانی هەرکات لەسەر قەنەفەکە هەڵدەستێتەوە، ئازارەکەی زۆر دەبێت، هەربۆیە پلانێکی نوێی نووسیی بۆ چارەسەرکردنی، دەستبەجێ گرتنەبەری یەکەم هەنگاو بۆئەوەی فریو نەدرێتەوە و دابنیشێتەوە. ئەو نەخۆشەی ژنەکەی دەبینیی لە وێستگەی پاسەکان پاش نیوەڕۆ زۆر نیگەران دەبوو، چونکە ئەو ڕۆژانە درێژترین و بەئازارترین ڕۆژ بوون بۆی، هەربۆیە هەموو وردەکارییەکی ئەو بەربەستانەی دەنووسی کە ڕەنگە بێنە ڕێی، بەر لەوەی پێیان بگات چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە.

یان بە جۆرێکی دیکە، پلانی نەخۆشەکان دروست دەکران سەبارەت بە گۆڕانکاریی لەناکاو کاتێك ئازارەکانیان دەزانی، فریودرانەکان تا دەست هەڵبگرن، بەهێزترینیان بوو. نەخۆشەکان بە خۆیان دەوت، چۆن دەیانەوێت سەر بکەون بەسەر ئەم کۆسپ (بەربەست)ەدا.

هەریەکێکیان لە سەرەتادا هەمان ڕێساکانی دەنووسی کە کلۆد هۆپکین بەکاری هێنابوون بۆ فرۆشتنی هەویری ددانشۆردنی پێپسۆدێنت. ئاماژەی سادە و پاداشتی ئاشکرایان دۆزییەوە، بۆ نموونە: ئەو پیاوەی هاوژینەکەی دەبینیی لە وێستگەی پاسەکە، ئاماژەیەکی ئاسانی دۆزییەوە، کاتژمێر ٣:٣٠ خولەك لەسەر ڕێگایە بۆ ماڵەوە و بەڕوونی پێناسەی پاداشتەکەی کرد و وتی، خۆشەویستم، من لێرەم. کاتی فریودان بۆ دەستهەڵگرتن لە نیوەی ڕێگاکەدا بەدەر دەکەوت نەخۆشەکە دەیتوانی پشتگوێی بخات، چونکە خودکۆنترۆڵکردنی کردبوو بە خوویەك.




**نەخۆشەکان خووەکانی هێزی ئیرادەیان دروست کردووە تا یارمەتییان بدات زاڵبن بەسەر گۆڕانە لەناکاوەکاندا**

هـیچ هۆکارێـک نییـە کـە بۆچـی نەخۆشـەکانی دیکـە، ئەوانـەی پلانـی چـاکبوونەوەکەیان نەنووسـی، نـەیانتوانی بـە هـەمان ڕێگـە مامەڵـە بکـەن. هـەموو نەخۆشـەکان هـەمان ئامۆژگـاری و ئاگادارکردنـەوەیان پـێ درا لـە نەخۆشـخانە، دەیانزانی ڕاهێنانەکە زۆر گرنگە بۆ چاکبوونەوەکەیان. چەندین هەفتەیان لە دووبارە ڕاهێنانکردنەوەدا بەسەر برد.

بەڵام ئەوانەی هیچ پلانێکیان نەنووسیبوو لە زیانێکی زۆردا بوون، چونکە هەرگیز پـێش ڕووداوەکـان بیریـان نـەدەکردەوە سـەبارەت بـە گۆڕانـە لـەناکاو و بـەئازارەکان. هـەرگیز بەئەنقەسـت خـووی هێـزی ئیرادەیـان دروسـت نـەدەکرد، گـەر تەنانـەت نیـازی گەڕان و پیاسەکردنیشیان هەبوایە لەو دەوروبەرەدا، ئەوا دەستبەجێ دەستیان هەڵ دەگـرت و کۆڵیـان دەدا لەگـەڵ ئـازاری چـەند هـەنگاوێکی سـەرەتادا کـە ڕووبـەڕووی دەبوونەوە.

•••

کاتێک هەوڵەکانی ستاربەکس بۆ بەرزکردنەوەی هێزی ئیرادەی کارمەندەکانیان لە ئەنـدامێتییان لـە هـۆڵی لەشـجوانی و وۆرکشـۆپی ڕجێمکـردن سـوودی نـەبوو، جێبەجێکارەکان بڕیاریان دا کە پێویستە ڕێگەی نوێ بگرنە بەر. بەوردی دەستیان

کرد بە سەیرکردنی ئەوەی کتومت لەناو دوکان و کۆگاکانیاندا چی دەگوزەرێت. ئەوەیان بینی کە نەخۆشە سکۆتلەندییەکان و کارمەندەکانیان شکستیان دەهێنا کاتێك ڕووبەڕووی گۆڕانی لەناکاو دەبوونەوە. ئەوەی پێویستیان بوو خووی ڕێکخراوەیی بوو کە ئاسانتری کردبوو بۆیان تا خودکۆنترۆڵکردنیان بەرزتر بکەنەوە.

جێبەجێکارەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی، تا ڕادەیەك، ئەوان بە هەڵە بیریان لە هێزی ئیرادە کردبووەوە. ئەو کارمەندانەی هێزی ئیرادەیان هەبوو وا دەردەکەوت زۆربەی کات هیچ نارەحەتی و سەختییەکیان نەبێت لە کاردا. لە ڕۆژانێکی نائاساییدا ئەو کارمەند و کرێکارانەی ڕووبەڕووی هێزی ئیرادە دەبوونەوە جیاواز نەبوون لە هیچ کەسێکی دیکە، بەڵام هەندێك کات بەتایبەت ئەو کاتانەی ڕووبەڕووی ستریس (پەستان)ی پێشبینینەکراو و نادڵنیایی دەبوونەوە تووڕە دەبوون و خودکۆنترۆڵکردنیان لەدەست دەدا و نەدەما بۆ نموونە: ڕەنگە کڕیارێك هاوار بکات، کارمەندێکی ئاسایی و لەسەرخۆ هێمنییەکەی لەدەست بدات، ڕەنگە قەرەباڵغییەکی نائارام سەرودڵی خزمەتکارێك بگرێت و دەستبەجێ دەست بە گریان بکات.

ئەو شتەی کە بەڕاستی کارمەندەکان پێویستیان پێی بوو، زانیاری (ڕێنمایی)ی ڕوون بوو سەبارەت بە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ گۆڕانی لەناکاودا، شتێکی هاوشێوەی ناملیکەی نەخۆشەکان، ڕۆتینێك بێت بۆ کارمەندەکان تا شوێنی بکەون و بەکاری بهێنن کاتێك ماسولکەی هێزی ئیرادەکەیان تووشی ئازار و نارەحەتی دەبێت (کەم دەبێتەوە).هەربۆیە کۆمپانیاکە کۆمەڵێك بەرنامەی ڕاهێنانکردنی نوێی پەرە پێ دا کە ڕێگەکانی ڕوون دەکردەوە بۆ کارمەندەکان تا بەکاریان بهێنن لەو ساتانەی ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە. فێر دەکران کاردانەوەیان چۆن بێت، وەك: کڕیارێکی هاوارکەر، یان ڕیزێکی درێژ لە کڕیار لای کاشییەرەکەوە. بەڕێوەبەرەکان کاریان لەگەڵ کارمەندەکان دەکرد، ڕۆڵیان لەگەڵ دەگێڕان تا وەڵامەکانیان دەبوونە ئۆتۆماتیکی. کۆمپانیاکە پاداشتی تایبەتی دانا- کڕیارێکی سوپاسگوزار، ستایشێك لە بەڕێوەرەوە- بۆ ئەوەی کارمەندەکان وەك بەڵگەیەکی کردنی کاری نایاب لێی بڕوانن.

لە ستاربەکس کارمەندەکانیان فێر دەکرد چۆن مامەڵە بکەن لە ساتی ناڕەحەتییەکاندا، بە پێدانی ڕێنمایی و زانیاریی خووی هێزی ئیرادە، بۆ نموونە: کاتێک تراڤیس دەستی بە کارکردن کرد لە ستاربەکس، دەستبەجێ بەڕێوەبەر خووەکانی پێ ئاشنا کرد. بەڕێوەبەر پێی وت، "یەکێک لە قورسترین شتەکان سەبارەت بەم کارە مامەڵەکردنە لەگەڵ کڕیاری تووڕەدا. کاتێک کەسێک دێت و هاوار دەکات بەسەرتدا، لەبەرئەوەی خواردنەوەی هەڵەت پێ داوە، کاردانەوەی سەرەتات چۆن دەبێت؟"

تراڤیس پێی وت، "نازانم. وا هەستەکەم بترسم یان تووڕەبم."

بەڕێوەبەرەکەی وتی، "ئەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام کارمان ئەوەیە باشترین خزمەتگوزاریی کڕیار ئامادە بکەین، تەنانەت کاتێک پەستانی هەیە." بەڕێوەبەر بەرنامەی ستاربەکسی کردەوە و لاپەڕەکانی نیشانی تراڤیس دا کە بەتەواوی بەتاڵ بوون، لە سەرەوەیدا نووسرا بوو،

"کاتێک کڕیار خەمبارە، پلانی من ئەمەیە______."

بەڕێوەبەر وتی، "ئەم کتێبی کارە بۆ تۆیە تا خەیاڵی دۆخە نەخوازراو و ناخۆشەکان بکەیت و پلانی خۆیشت بۆ کاردانەوەیان بنووسیت. یەکێک لەو سیستمانەی ئێمە بەکاری دەهێنین پێی دەوترێت، بیردۆزی (لاتێ – LATTE). گوێ لە کڕیار (مشتەری) ڕادەگرین، سکاڵاکەیان تۆمار دەکەین (دانی پیادا دەنێین)، دەست بە کردار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، سوپاسیان دەکەین و بۆشیان ڕوون دەکەینەوە بۆچی کێشەکە ڕوویداوە."




## ئەڵقە (بازنە)ی خووی لاتێ[2]

"بۆچی چەند خولەکێك وەرناگریت تا پلانێك بنووسیت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیار (مشتەری)یەکی تووڕەدا. شێوازی لاتێ بەکار بهێنە و دواتریش دەتوانیت ڕۆڵەکانی بەرجەستە بکەیت."

ستاربەکس دەیان ڕێگە و ڕۆتینی هەیە کە فێری کارمەندەکانی دەکات تا بەکاریان بهێنێن لەو کاتانەی تووشی ڕووداو و گۆڕانکارییەکی لەناکاوی پڕسترێس دەبنەوە. سیستمی (چی چی بۆچی-What What Why) هەیە بۆ ڕەخنەگرتن، هەروەهاسیستمی (پەیوەندی بکە، ئاشکرابکە، وەڵامبدەرەوە–Discover and Respond،Connect) هەیە بۆ وەرگرتنی فەرمانەکان کاتێك شتەکان زۆر دەبن و دەبێت بەخێرایی بکرێن. هەندێك خووی فێرکراو هەن بۆ یارمەتیدانی خزمەتکارەکان تا جیاوازی بکەن لەنێوان ئەوانەی قاوەیان دەوێت و (کڕیارێکی بەپەلە کە بەخێرایی قسە دەکات و لەسەرخۆ نییە یان سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات.) ئەو کەسانە دەبێت بە کەمێك ئاگاییی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت (کڕیارێکی ئاسایی خزمەتکار یان کارمەندەکان دەناسێ و ناویان دەزانێت هەموو ڕۆژێك داوای هەمان خواردنەوە دەکات) لە تەواوی بەرنامەی ڕاهێنانەکەدا چەندین دەرزەن (دەستە) پەڕەی بەتاڵی تێدایە کە کارمەندەکان دەتوان پلانەکانیان بنووسن کە پێشبینیی ئەوە دەکات چۆن مامەڵە

لەگەڵ گۆڕانە لەناکاوەکاندا بکەن. پاشان دووبارە و دووبارە ئەو پلانانە جێبەجێ دەکەن تا دەبنە ئۆتۆماتیکی.

بەم جۆرە هێزی ئیرادە دەبێت بە خوویەک: بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو دواتر شوێنکەوتن و جێبەجێکردنی ئەو ڕۆتینە (ڕێگە)یە کاتێك گۆڕانێکی لەناکاو ڕوودەدات. کاتێك نەخۆشە سکۆتلەندییەکان نامیلکەکانیان پڕ کردەوە، یان تراڤیس بیردۆزی لاتێی خوێند، بڕیاریان دا کە چۆن کاردانەوەیان هەبێت بۆ ئاماژەی ڕووداوێك، وەك: ماسولکەیەکی بەئازار یان کڕیارێکی تووڕە. کاتێك ڕووداوەکە گەشت، ڕۆتینەکە ڕوویدا.

ستاربەکس تاکە کۆمپانیا نییە کە ئەم شێوازی ڕاهێنانکردنە بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە: لە ڕاوێژکاری دیلۆیت گەورەترین کۆمپانیای دارایی و باج لە جیهاندا، کارمەندەکانی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بە بەرنامەیەك پێی دەوترێت، "ئەو ساتانەی گرنگن–Moments that Matter" کە جەخت دەکاتەوە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانە لەناکاوەکاندا، بۆ نموونە: کاتێك کڕیارێك گلەیی دەکات سەبارەت بە کرێ، یان هاوکارێك دەردەکرێت لە کارەکەی، یان کاتێك ڕاوێژکارێکی دیلۆیت هەڵەیەك دەکات. بۆ هەریەك لەو ساتانە شێوازی بەرنامەبۆداڕێژراوی ئامادەکراو هەیە: "زانینخواز بە!"، "ئەو شتە بڵێ هیچ کەسێکی تر نایڵێت!"، "ڕێسای ٥/٥/٥/ پەیڕەو بکە!"ئەم ڕێسایە ڕێبەریی کارمەندەکان دەکات لەوەی چۆن وەڵامبدەنەوە. لە کۆمپانیای "کونتەینەر ستۆر " کارمەندەکان بە تەنها لە ساڵی یەکەمدا ١٨٥ کاتژمێر ڕاهێنان وەردەگرن و فێریش دەکرێن گۆڕانە لەناکاوەکان بناسنەوە وەکوو: هاوکارێکی تووڕە، یان کڕیارێکی بێزار، خووەکان، یان ڕێگەکان بۆ دوکاندارە هێمنەکان، ڕەتکردنەوە یان خۆلادان لە مناقەشەکردن. بۆ نموونە: کاتێك کڕیارێکی بێزار دێتە ژوورەوە، دەستبەجێ کارمەندەکە داوای لێ دەکات بۆ خەیاڵکردنی ئەو بۆشاییەی لە ماڵەوەیاندا کە ئومێدەوارن ڕێکی بخەن و هەستیان چۆنە کاتێك هەموو شتێك لە جێی خۆیەتی.

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە بە پەیامنێرێکی وت، "کڕیارمان هەبووە هەستاوەتە سەر پێ و وتوویەتی ئەمە باشترە لەوەی سەردانی دوکتۆری دەروونی بکەم."

## چوارەم

هاوارد شۆڵتز ئەو پیاوەی ستاربەکسی کرد بە کۆمپانیایەکی گەورە و کاریگەر لە هەندێك ڕووەوە زۆر جیاواز نییە لە تراڤیس. لە بروکلین لە پڕۆژەی خانووبەرەی گشتیدا گەورە بوو، لەگەڵ دایك و باوکی و خوشك و براکانیدا لە ئەپارتمانێکی دوو-ژووری نوستندا پێکەوە بوون. کاتێك ۷ ساڵان بوو، باوکی شۆڵتز پاژنەی پێی شکا و کاری شۆفێریکردنی لەدەست دا. تەنها ئەوەش بەس بوو تا خێزانەکەی بخاتە قەیرانەوە. پاش ئەوەی باوکی پاژنەی پێی چاك بوویەوە، چەند کارێکی داهاتنزمی گۆڕی. شۆڵتز پێمی وت، "باوکم هەرگیز ڕێگەی خۆی نەدۆزییەوە، دیتم ڕێزی خودی کەم بوویەوە. وا هەست دەکەم باوکم دەیتوانی شتی زۆر زیاتر بەدەست بهێنێت."

قوتابخانەکەی شۆڵتز زۆر قەرەباڵغ بوو وە هەموو جۆرە یارییەکیشی تێدا دەکرا، لەوانەش: یاریی تۆپی پێ، باسکە و مست و چەندینی دیکەیشیان دەکرد یان هەر یارییەکی تر کە دەیانتوانی بیکەن. گەر بێتوو تیمەکەت بدۆڕایە، ئەوا کاتژمێرێکی دەخایاند تا نۆرەتان دەهاتەوە. هەربۆیە شۆڵتز دڵنیابوویەوە لەوەی کە تیمەکەی هەمیشە براوە دەبێت. بە جەستەی ئازار و خوێناوییەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە، برینەکانی لەسەر ئەژنۆ و ئانیشکی بوون و دایکی بە میهرەبانییەوە پەڕۆی تەڕی پیادا دەهێنا. دایکی پێی وت، "هەر واز ناهێنیت؟!"

پێشبڕکێکارییەکەی بووە هۆی ئەوەی سکۆلەرشیپی زانکۆ لە تۆپی پێدا وەربگرێت (شەویلگەی شکا و چیتر یاری نەکردەوە). بڕوانامەی بواری گفتوگۆکردنیشی بەدەست هێنا و لە کۆتاییشدا، لە شاری نیو یۆرك وەك فرۆشیار کاری دەست کەوت. هەموو بەیانیانێك کە بەخەبەر دەهات، دەڕۆشت بۆ بینای ئۆفیسەکەی لە ناوەڕاستی شارۆچکەکە، بەرزکەرەوە (مەسعەد)ەکەی دەگرت و پێی

دەچووە قاتی سەرەوە و دەرگا بە دەرگا دەگەڕا و بەڕێزەوە دەیپرسی، ئایا کەس حەزی لە کڕینی مەرەکەب یان ئامێری کۆپیکردن هەیە؟ پاشان دەچووە ناو بەرزکەرەوەکە و دەچووە خوارەوە و دووبارە دەستی پێ دەکردەوە.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کاندا، شوڵتز کاری بۆ کارگەیەکی بەرهەمهێنانی پلاستیکی دەکرد، کاتێك درکی بەوە کرد کە تاکفرۆشێکی کەمێك ناسراو لە شاری سیتڵ داوای ژمارەیەکی زۆر قاوەی خواردنەوەی کرد. شوڵتز شوێنەکەی بەجێ هێشت و کەوتە داوی خۆشەویستیی کۆمپانیاکەوە. دوو ساڵ دواتر، کاتێك گوێبیستی ئەوە بوو کە ستاربەکس بۆ فرۆشتنە داوای پارەی لە هەرکەس دەکرد کە دەیناسی و دواتر کڕیی.

ئەوە ساڵی ١٩٨٧ بوو. لە ماوەی ٣ ساڵدا ٨٤ کۆگایان هەبوو، لە ماوەی ٦ ساڵیشدا زیاتر لە هەزار. لەمڕۆشدا زیاتر لە ١٧ هەزار کۆگایان لە زیاتر لە ١٥٠ وڵاتدا هەیە.

بۆچی شوڵتز زۆر جیاواز دەرچوو لە هەموو منداڵانی تری قوتابخانەکەی کە یارییان دەکرد؟ هەندێك لە هاوڕێ دێرینەکانی لەمڕۆدا سەرباز و ئاگرکوژێنەوەن لە بروکلین و هەندێکیشیان لە زینداندان. بەهای شوڵتز زیاترە لە ب ملیاردێك دۆلار. بە یەکێك لە گەورەترین بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان دەستنیشان کراوە لە سەدەی بیستەمدا. ئەو سووربوون و هێزی ئیرادەیەی لە کوێ دۆزییەوە تا لە پڕۆژەی خانووبەرەوە سەربکەوێ بۆ فرۆکەی تایبەتیی بازرگانی؟

پێی وتم، "نازانم، بەڵام دایکم هەمیشە پێی دەوتم دەبێتە یەکەم کەس کە دەچێتە کۆلێژ و دەبێتە کەسێکی پرۆفیشناڵ (لێهاتوو) و کارێك دەکەیت هەموومان شانازیت پێوە بکەین. ئەم سێ پرسیارە بچووکەی دەکرد: دەتەوێت ئەمشەو چۆن سەعی بکەیت؟ دەتەوێت سبەی چی بکەیت؟چۆن دەزانیت ئامادەی بۆ تاقیکردنەوەکەت؟"ئەوە ڕایهێنام تا ئامانجەکانم دابنێم. ئەو وتی، "بەڕاستی بەبەخت بووم، باوەڕم وایە گەر بە خەڵکی بڵێیت ئەو شتەیان هەیە کە بۆ سەرکەوتن پێویستیانە، ئەوا بۆت دەسەلمێنن کە ڕاست دەکەیت."

تەرکیزی شوڵتز لەسەر ڕاهێنانی کارمەندەکانی و خزمەتگوزاریی کڕیارەکانی وایان کرد ستاربەکس ببێتە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆمپانیاکانی جیهان. بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەک کەسێک بەشدار بوو لە هەموو لایەنەکانەوە لەوەی کۆمپانیاکە چۆن بەڕێوە دەبرا. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ماندوو بوو، کارەکانی ڕۆژانەی دەدا بە جێبەجێکارەکانی دیکە، لە ئاستێکدا ستاربەکس ناوبانگییەکەی کەمی کرد.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا کڕیار (مشتەری)یەکان سکاڵایان دەکرد لە کوالیتیی خواردنەوەکان و خزمەتگوزاریی کڕیار. جێبەجێکارەکان تەرکیزیان خستە سەر فراوانکردنی و زۆر جار سکاڵاکانیان پشتگوێ دەخست. کارمەندەکان خەمبار بوون، لێکۆڵینەوە و داتاکان نیشیانیان دا خەڵکی دەستیان کرد بە جێهێشتنی ستاربەکس بە قاوەی سارد و ڕووخساری بێ خەندەوە.

هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠٨دا، شوڵتز خۆی چووە ناو دەستەی بەڕێوەبەرانەوە. لەنێو لەپێشینەکاندا دووبارە دروستکردنەوەی پرۆگرامی ڕاهێنانکردنی کارمەندەکان هەبوو بۆ نوێکردنەوەی جەختکردنەوەی کۆمپانیاکە لەسەر کۆمەڵە کێشەیەکی جۆراوجۆر، وەک: باشترکردن و پشتگیریکردنی کارمەندەکان یان هاوبەشەکان. لە ستاربەکس هێزی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون پێویست بوو. پێی وتم، "پێویست بوو دووبارە متمانەی هاوبەش و مشتەرییەکانمان بەدەست بهێنینەوە."

لە هەمان کاتدا، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەرکەوت بە شێوازێکی کەمێک جیاوازەوە دەڕوانییە زانستی هێزی ئیرادە. لێکۆڵەران تێبینیی ئەوەیان کردبوو کە هەندێک کەسی وەک تراڤیس دەتوانن زۆر بەئاسانی خووی هێزی ئیرادە دروست بکەن. هەرچەندە ئەوانی دیکە چەندە کۆششیان دەکرد و پشتگیری و مەشقیان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی. چ شتێک جیاوازییەکەی دروست دەکرد؟

لەو کاتەدا مارک موراڤین، پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی ئەلبانی. تاقیکردنەوەیەکی نوێی دانا، قوتابییەکانی خستە ژوورێکەوە کە دەورییەک بسکیتی تازە و گەرمی تێدابوو، داوای لێ کردن مامەڵەکردن (ڕفتارکردن)ەکە پشتگوێ بخەن. نیوەی بەشداربووان بەمیهرەبانییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. لێکۆڵەرەکە پێی وتن، "تکاتان

لــێ دەکــەین بســکیتەکان نــەخۆن. ئایــا ئاســاییە؟" پاشــان باســی مەبەستی تاقیکردنەوەکــەی بــۆ کــردن. بــۆی ڕوونکردنــەوە کــە هەڵســەنگاندنی توانایانــە بــۆ بەرهەڵستیکردنی فریودانەکان. سوپاسی کردن بۆ پێدانی کاتەکانیان. وتیشی، "گەر هــەر پێشــنیارێ یــان بۆچــوونێکتان هەیــە ســەبارەت بــەوەی چــۆن دەتــوانین ئــەم تاقیکردنەوەیە بەرەو پێش ببەین، ئەوا تکایە پێم بڵێن. دەمانەوێت هێندەی دەکرێت یارمەتیمان بدەن تا ئەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بێت."

نیوەکەی تری بەشداربووان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرا، بە شێوەیەکی سادە فەرمانیان پــێ کرا. لێکۆڵەرەکە پێی وتن، "پێویستە بسکیتەکان نەخۆن!" وە ئامانجی تاقیکردنەوەکەشی بۆ ڕوون نەکردنەوە و وەسف و ستایشی نەکردن، یان هیچ ئارەزوویەکی نیشان نەدان لەوەی فیدباکی خۆیانی پێ بدەن.

پێی وتن، "ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن و ئێستا دەست پێ دەکەین."

لەسەر قوتابییــەکانی هــەردوو گرووپەکە پێویســت بوو بــۆ مــاوەی پێنج خولــەك بسکیتە گەرمەکان پشتگوێ بخەن پاش ئەوەی لێکۆڵەرەکە ژوورەکەی بەجێ هێشت. هیچیان فریویان نەخوارد. پاشان کە لێکۆڵەرەکە گەڕایەوە داوای لە هەریەکێکیان کرد سەیری شاشەی کۆمپیوتەرێك بکەن، بە جۆرێك بەرنامەڕێژ کرابوو ژمارەکان لەسەر شاشەکان ڕووناك دەبوونەوە، هەر ژمارەیەك لە کاتێکدا دەردەکەوت، بۆ پێنج سەد میلی چرکەیەك لە جارێکدا.

داوا لە بەشداربووان کرا هەرکات ژمارە شەشیان بینی و ژمارە چواریش بەدوایدا هــات، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی سپەیسی کۆمپیوتەرەکە بکەن. ئەمە بووبوو بە ستانداردێك بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی ئیرادەیان.

سەرنجدان بۆ ڕیزێك ژمارەی فلاشلێدراو و ڕۆشنی بێزارکەر هەمان تەرکیزی دەوێت بۆ کارکردن لەسەر هێلکارییەکی ئەستەم.

ئەو قوتابییانەی بەباشی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، لە تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەرەکەدا ئاستیان بەرز بوو. بەو شێوەی کە داوایان لێ کرابوو، توانییان ئەنجامی بدەن و

تەواوی ١٢ خولەکەکەش تەرکیزیان بهێڵنەوە. سەرەڕای پشتگوێخستنی بسکیتەکانیش هێزی ئیرادەیان هەبوو بەکاری بهێنن.

لە لایەکی دیکەوە، ئەو خوێندکارانەی کە بێڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، ئاستیان خراپ بوو. بەردەوامیش بیریان دەچوو کلیك لەسەر دووگمەی سپەیسی کۆمپیوتەرەکە بکەن. دەیان وت کە ماندوو بوون و نەیان دەتوانی تەرکیز بکەنەوە. لێکۆڵەرەکان بۆیان دەرکەوت ماسولکەی هێزی ئیرادەیان ماندووبوو بە ڕێنماییە توورە و بێڕێزەکانەوە.

کاتێك موراڤین دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی بۆچی ئەو قوتابییانەی کە بەمیهرەبانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کرا، هێزی ئیرادەی زیاتریان هەبوو، جیاوازییە سەرەکییەکەی دۆزییەوە، هەستی کۆنترۆڵکردن بوو بەسەر ئەزموونەکانیاندا. موراڤین پێی وتم، "دووبارە و دووبارە ئەمەمان دۆزییەوە کاتێك خەڵکی داوای شتیان لێ دەکرێت کە خودکۆنترۆڵکردنە. گەر پێیان وایە بە هۆکاری کەسی و تایبەتی دەیکەن- گەر پێیان وایە هەڵبژاردەیەکە یان شتێکە چێژی لێ دەبینن لەبەر ئەوەی یارمەتیی کەسێکی تر دەدات-ئەوا هەوڵ و کۆششی کەمتری دەوێت.

گەر پێیان وایە ئۆتۆنۆمییان نییە، یان تەنها شوێن فەرمانەکان دەکەون، ئەوا ماسولکەکانی هێزی ئیرادەیان زۆر خێراتر ماندوو دەبێت. بە هەردوو بارەکەدا قوتابییەکان بسکیتەکانیان پشتگوێ خست، بەڵام کاتێك وەك کەسانێکی ڕۆڵ بچووك مامەڵەیان لەگەڵدا کرا لەوەی وەك مرۆڤێك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوا هێزی ئیرادەی زیاتریان ویست.

بۆ کۆمپانیا و دامودەزگاکان ئەم زانیارییە کاریگەریی زۆر گەورەی هەیە. بە سادەیی پێدانی هەستی خودکۆنترۆڵکردن-ئەو هەستانەی کۆنترۆڵ کراون و توانای بڕیاردانی ڕاستییان هەیە-دەتوانن تەرکیز و وزەیان زیاد بکات بۆ ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٠دا، لێکۆڵینەوەیەك لە ئۆهایۆ لە کارگەیەکی بەرهەمهێناندا کرا، لێکۆڵینەوەی کرد لە وردیی دۆزینەوەی زانیاری سەبارەت بەو کرێکارانەی کە دەسەڵاتیان پێ درابوو تا بڕیاری بچووك بدەن سەبارەت

بە ژینگەی کار و خشتەکانیان. خۆیان دیزاینی یەکپۆشییەکانی خۆیان کرد، دەسەڵاتیشیان هەبوو بەسەر (شیفتەکاندا– shifts). هیچ شتێکی دی نەگۆڕا هەموو پرۆسەی بەرهەمهێنانەکان و ڕێژەی موچەکانیشیان وەك خۆی مایەوە. لە ماوەی دوو مانگدا بەرهەمهێنان لە کارگەکەدا بە ڕێژەی لە ٢٠٪ زیادی کرد، کرێکارەکان پشووی کورتتریان وەردەگرت و هەڵەی کەمتریشیان دەکرد. پێدانی هەستی خودکۆنترۆڵکردن بە کارمەندەکان وای کرد توانای قەناعەت بە خۆکردنیان بۆ کردنی کارەکان زۆر زیاد بکات.

هەمان وانەکانیش لەسەر ستاربەکس ڕاستن. لەمڕۆدا کۆمپانیاکە تەرکیز دەکاتەوە لەسەر پێدانی هەستی خودکۆنترۆڵکردنی زیاتر بە کارمەندەکانی.

داوایان لە کرێکارەکان کردووە بۆ دووبارە دیزاینکردنی ئامێری ئێپریسۆ و ئامێری تۆمارکردنی کاش ئامادەن تا بڕیار بۆ خۆیان بدەن لەوەی کڕیارەکان چۆن سڵاویان لێ بکرێت و شتومەکەکان لە کوێ دابنرێن. ئاساییە بۆ بەڕێوەبەری کۆگایەك چەندین کاتژمێر بەسەربەرێت لەگەڵ کارمەندەکانیدا تا مناقەشە بکەن سەبارەت بەوەی ئامێری بلێندەرەکە لە کوێ دابنرێت. کریس ئینگکۆ، جێگری سەرۆك لە کۆمپانیای ستاربەکس وتی، "دەستمان کردووە بە داواکردن لە هاوبەشەکانمان تا زیرەکی و توانای داهێنەربوونیان بەکاربهێنن وەك لەوەی بڵێین، قاوەکە لە سندووقەکە دەربکە و کوپەکە لێرە دابنێ و شوێن ئەم یاسایە بکەوە. خەڵکی دەیانەوێت خۆیان کۆنترۆڵی ژیانیان بکەن."

ڕێژەی بازرگانی نزمە و ڕەزامەندیی کڕیاریش بەرزە! تا کاتی گەڕانەوەی شوڵتز ستاربەکس داهاتەکەی لە ساڵێکدا بۆ (١.٢) ملیارد دۆلار زیاد کرد.

## پێنجەم

کاتێك تراڤیس ١٦ ساڵان بوو، بەرلەوەی واز لە قوتابخانە بهێنێت و لە ستاربەکس دەستبەکار بێت، دایکی چیرۆکێکی بۆ گێڕایەوە. پێکەوە لە ئۆتۆمبێلەکەدا بوون و تراڤیس لێی پرسیی، بۆچی خوشك و برای زیاتری نییە؟

دایکی هەمیشە هەوڵی داوە بەتەواوی ڕاستگۆ بێت لەگەڵ منداڵەکانیدا، هەربۆیە وتی کە دوو ساڵ بەر لەوەی تراڤیس لەدایک ببێت، بە منداڵێکی دیکەوە دووگیان بوو، بەڵام لەباری برد. لەو کاتەدا دوو منداڵی هەبوو. ڕوونی کردەوە خوویان گرتبوو بە مادده هۆشبەرەکانەوە و پێیان وانەبوو کە دەتوانن منداڵی دیکە بەخێو بکەن. ساڵی دواتر بە تراڤیسەوە دووگیان بوو، بیری لە لەبارکردنێکی دیکە کردەوە، بەڵام زۆر زۆر قورس بوو کە بتوانێت بەرگەی بگرێت. بەڵام ئاسانتر بوو بۆی وازی لێ بهێنێت کە چی دەبێت با ببێت. ئەوە بوو تراڤیس هاتە دونیاوە.

تراڤیس وتی، "دایکم پێی وتووم کە هەڵەی زۆر زۆرم کردووە لە ژیاندا، بەڵام هەبوون و لەدایکبوونی تۆ، تراڤیس، یەکێك بوو لە باشترین شتەکان کە ڕوویاندا بۆم. کاتێك دایك و باوکت ئالوودەی ماددەهۆشبەرەکانن، بەو باوەڕەوە گەورە دەبیت کە ناتوانیت هەمیشە متمانەیان پێ بکەیت بۆ ئەو شتانەی پێویستتە. بەڵام من بەبەخت بووم کە سەرۆکم دۆزییەوە و ئەو شتانەی پێ دام کە نەمبوون. گەر دایکم وەك من بەبەخت بوایە، ئەوا پێم وایە شتەکان زۆر جیاواز دەبوون بۆی."

چەند ساڵێکی کەم پاش ئەو گفتوگۆیە باوکی تراڤیس تەلەفۆنی کرد بۆ ئەوەی بڵێت بۆرییەکانی خوێنی دایکی تراڤیس ژەهراوی بوون لە ڕێگەی یەکێك لەو شوێنانەی سەر بازوویەوە کە بەردەوام لێیەوە دەرزی (ماددەی هۆشبەر)ی پێ لە خۆی دەدات. تراڤیس دەستبەجێ چوو بۆ نەخۆشخانە لە لۆدی، بەڵام ئەو کاتەی گەشت، دایکی بێهۆش بوو. نیو کاتژمێرێك دواتر مرد کاتێك بۆری هەناسەدانی دەستکردیان لێ کردەوە.

هەفتەیەك دواتریش، باوکی تراڤیس لە نەخۆشخانە بوو بە هۆی نەخۆشیی ئاوسانی سییەکانیەوە. سییەکانی داڕووخا بوون. دیسانەوە تراڤیس چووەوە بۆ لۆدی، بەڵام کاتژمێر ۸:۰۲ خولەکی شەو بوو کاتێك گەشتە ژووری ئیمێرجنسی، پەرستارێك بەخێرایی و تووڕەییەوە پێی وت، بەیانی وەرەوە، چونکە کاتی سەردانیکردنی نەخۆش تەواو بووە!

لەو کاتەوە تراڤیس زۆر بیری لەو ساتە کردووەتەوە. هێشتا دەستی بە کارکردن نەکردووەتەوە لە ستاربەکس، فێریش نەبووە چۆن کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات. لەو کاتەدا ئەو خووانەی نەبوو کە چەندینساڵی بەسەر برد لە هەوڵدان بۆ فێربوونیان. ئێستە کاتێک بیر لە ژیانی دەکاتەوە کە چەندە لەو جیهانەوە دوورە تیایدا خەڵکی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن و سەیارە دزراوەکان بەدەر دەکەون لە شەقامی تایبەت بە سەیارەکاندا و پەرستارێك وەك بەربەستێکی سەخت بەدەر کەوێت، سەری دەسوڕمێ لەوەی چۆن دەکرێت، ڕێگەیەکی هێندە درێژ لە ماوەیەکی کورتدا ببڕێت.

تراڤیس پێی وتم، "گەر ساڵێك دواتر بمردایە، ئەوا هەموو شت جیاواز دەبوو." لەو کاتەدا دەیزانی چۆن بەئارامییەوە لە پەرستارەکەی بپاڕێتەوە، دەیزانی چۆن دان بە دەسەڵاتی پەرستارەکەدا بنێ و دواتر بەڕێزەوە داوای شتێکی بچووك بکات. دەیتوانی لەناو نەخۆشخانە بەدەستی بخات لەبری ئەوە وازیهێنا و ڕۆشت بە ڕێگەی خۆیەوە. وتم، "هەموو ئەوەی دەمەوێت ئەوەیە کە تەنها جارێك لەگەڵی قسە بکەم." پەرستارەکە بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی بڵێت، "باوکت تەنانەت بەخەبەریش نییە. کاتی سەردانیکردنی تەواو بووە، سبەینێ بگەڕێوە!" نەمدەزانی دەبێت چی بڵێم، زۆر هەستم بە بچووکی دەکرد.

ئەو شەوە باوکی تراڤیس مرد. هەموو ساڵێك، لە ساڵڕۆژی مردنەکەیدا، تراڤیس زوو لە خەو هەڵ دەستێت و حەمامێکی درێژ دەکات، بەوردی و بەئاگاییەوە پلانی ڕۆژەکەی دادەنێت، پاشان بە ئۆتۆمبێلێك دەچێتە سەر کارەکەی و هەمیشە لە کاتی خۆیدا دەگات.

٦

# هێزی قەیران

## چۆن ڕابەرەکان لە ڕێی ڕووداو و پلاندانانەوە خوو دروست دەکەن؟

### یەکەم

نەخۆشەکە بێئاگا بوو کاتێک خرایە سەر قەرەوێڵەکە و برایە ژووری نەشتەرگەرییەوە لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند. شەویلگەی داخرابوو، چاوەکانی نوقا بوون و ئامێری دانانی بۆری خرابووە سەر لێوەکانی. کاتێک پەرستارێک ئامێرێکی لێ بەست کە بەزۆر هەوای دەکردە ناو سییەکانییەوە لە ماوەی نەشتەرگەرییەکەدا، یەکێک لە بازووەکانی لە قەرەوێڵەکە کەوتە خوارەوە (لار بوویەوە)، پێستەکەی بە پەڵەی ڕەشی بچووک بچووک داپۆشرا بوو.

پیاوەکە ٨٦ ساڵ تەمەنی بوو، سێ ڕۆژ پێشتر لەماڵەوە کەوتبوو. پاش ئەوە کێشەی هەبوو لە مانەوە بەخەبەری و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، ئەوەبوو لە کۆتاییدا ژنەکەی پەیوەندیی بە ئەمبوڵانسەوە کرد. لە ژووری ئیمێرجنسی (فریاگوزاری)دا دوکتۆرێک لێی پرسی چی ڕوویداوە، بەڵام پیاوەکە لە نیوەی ڕستەکانیدا سەری

دەلەقاندەوە. پشکنینەکەی سەری دەریخست بۆچی کەوتنەکە بەتووندی مێشکی داوە بە کەللەی سەریدا، بووەتە هۆی خوێنبەربوونی مێشکی. لە لای بەشی چەپی کەللەسەرییەوە خوێن دەڕۆشت، پاڵی دەنا بە شانە گەورە حەساسەکانی مێشکییەوە لەناو کەللەی سەریدا. ماددە شلەکە لەناو کەللەسەریدا بۆ ماوەی نزیکەی ٧٢ کاتژمێر دروست دەبوو (کۆ دەبوویەوە) ئەو بەشانەی مێشك کە کۆنترۆڵی هەناسەدان و دڵیان دەکرد خەریك بوو دەوەستان و لەکار دەکەوتن. گەر خوێنەکە کەم بێتەوە، ئەوا پیاوەکە دەمرێت.

لەو کاتەدا نەخۆشخانە ڕۆد ئایلاند، یەکێك بوو لە دەزگا پزیشکییە سەرەکییەکانی وڵات، سەرەکیترین نەخۆشخانەی فێرکردن بوو بۆ زانکۆی براون و لە قۆناغی یەکەم سەنتەری زەبر (بەرکەوتن) لە بەشی باشووری ئینگلتەرای تازە. لە نێو خشتە بەرز و بینا شووشەکەدا چەند تەکنیکێکی پزیشکیی زۆر گرنگییان پەرە پێ داوە، یەکێك لەوانە شەپۆلە دەنگییەکان بوو بۆ لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکانی ناو جەستەی نەخۆش. لە ساڵی ٢٠٠٢دا هاوپەیمانی نەتەوەیی لە بواری چاودێریی تەندروستیدا، بەشی چاودێریی چڕی نەخۆشخانەکەیان بە یەکێك لە باشترینەکان دانا لە وڵاتدا.

لەو کاتەی نەخۆشە بەتەمەنەکە گەشت، نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند ناوبانگێکی دیکەشی هەبوو. بە هۆی گرژییە ناوخۆییەکانەوە شوێنەکە دابەش کرابوو. ڕقەبەرایەتیی توونـد و قـووڵ هەبوو لە نێوان پەرستار و دوکتۆرەکاندا. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ڕێکخراوی پەرستاران دەنگیان دابوو بە مانگگرتن پاش سکاڵاکردن کە ناچار کرابوون بۆ ماوەیەکی زۆر بە ترسەوە کار بکەن. زیاتر لە ٣ سەد کەسیان لە دەرەوەی نەخۆشخانەکە وەستان بە چەندین پەرچەم و هێماوە کە لەسەریان نووسرا بوون "کۆیلایەتی ڕابگرن!" "ناتوانن شانازییەکەمان لێ بستێنن!"

پەرستارەکە بە یەکێك لە پەیامنێرەکانی دەوت، "دەکرێت ئەم شوێنە زۆر خراپ بێت، پزیشکەکان دەتوانن وات لێ بکەن هەست بە بێنرخی بکەیت وەك ئەوەی شتێکی بێکەڵك و بێسوود بێت و بە جۆرێك سوپاسگوزار بیت شتە پیسەکان لە پاش ئەوان هەڵبگریتەوە."

لە کۆتاییدا، بەڕێوەبەرەکان ڕەزامەندییان دەربڕی کاتی زیادەی کارکردنی پەرستارەکان سنووردار بکەن، بەڵام گرژییەکان بەردەوام زیادیان دەکرد. چەند ساڵێک دواتر نەشتەرگەریکارێک ئامادەکاریی دەکرد بۆ نەشتەرگەریی سکی نەخۆشێک کاتێک پەرستارێک داوای پشووی کرد. ئەو جۆرە وەستان و پشوودانانە پرۆسەی ستانداردن لە زۆرینەی نەخۆشخانەکاندا، بۆ ئەوەی پەرستار و دوکتۆرەکان بەدوور بن لە هەر جۆرە هەڵەیەک. بەشی پەرستاریی نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند بەردەوام سوور بوون لەسەر وەرگرتنی کاتی پشووەکان، بەتایبەت لەدوای ئەو جارەوە کە دوکتۆرەکە بەبێ ڕێکەوت لەوزەتێنی کچێکی لێ کردەوە کە بڕیاربوو نەشتەرگەریی چاوی بۆ بکات. بڕیار بوو پشووەکان لە ماوەی کارکردندا دابنرێن بۆ ڕێگریکردن لەم جۆرە هەڵانە بەرلەوەی ڕووبدەن.

لە نەشتەرگەریی ورگدا کاتێک پەرستارێکی ژووری نەشتەرگەری داوای لە تیمەکە کرد کە لە دەوری نەخۆشێک کۆ ببنەوە بۆ کاتی پشووەرگرتن و گفتوگۆ لەبارەی پلانەکەیانەوە بکەن، پزیشکەکە بەرەو ژوورەکە کەوتە ڕێ.

نەشتەرگەریکارەکە بە پەرستارەکەی وت، "بۆچی نەخۆشەکە ئامادە ناکەیت؟ من دەچمە دەرەوە پەیوەندییەک دەکەم، هەرکات ئامادەبووی لە دەرگا بدە!"

وەڵامی دایەوە، "بڕیار وایە تۆش بۆ ئەمە لێرەبیت!"

کاتێک پزیشکەکە بەرەو دەرگاکە ڕۆشت، بە پەرستارەکەی وت، "تۆ دەتوانیت چارەسەری بکەیت."

وەڵامی دایەوە، "پزیشکی بەڕێز، پێم وانییە ئەمە گونجاو بێت."

پزیشکەکە وەستا و سەیرێکی کرد و وتی، "گەر بۆچوونی نەفرەتیی تۆم بوێت، ئەوا داوات لێ دەکەم. هیچ کات دەسەڵاتی من نەخەیتە ژێر پرسیارەوە. گەر ناتوانیت کارکەت بکەیت لە ژووری نەشتەرگەریەکەم بچۆ دەرەوە و لەبەرچاوم ون بە!"

پەرستارەکە پشووەکەی تەواو کرد، چەند خولەکێک دواتر پزیشکەکەی هێنایەوە، پرۆسەکە بەبێ هیچ قورسییەک کرا. چیتر بەرپەرچی هیچ پزیشکێکی نەدایەوە و هەرگیز هیچی نەوت کاتێک یاسا سەلامەتییەکانی دیکە پشتگوێ دەخران. پەرستارێک

کە لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند کاری دەکرد، لە ناوەڕاستی ساڵانی ۲۰۰۰ەکاندا پێی وتم، "هەندێک لە پزیشکەکان باش بوون و هەندێکیان دڕندە بوون. پێمان دەوت کارگەی شووشە، چونکە هەموو شت بە جۆرێک بوو دەکرا لە هەر ئان و ساتێکدا بشکێن (وردوخاش بن)."

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرژییانەدا، ستافەکە چەند یاسایەکی نارەسمییان پەرە پێ دا، خووی تایبەت بە دەزگاکان، کە یارمەتیی ڕێگرتنی زۆرینەی پێکدادانە ڕوونەکانی دا، بۆ نموونە: پەرستارەکان هەمیشە دووبارە چێکی فەرمان (داواکاری)ی دوکتۆرەکانیان دەکرد کە ئەگەری ڕوودانی هەڵەی هەبوو، بە بێدەنگیش دڵنیاییان دەکردەوە لەوەی کە حەبە دروستەکانیان بە نەخۆشەکانیان داوە. کاتی زیادەیان وەردەگرت بۆ بەڕوونی نووسینی خشتەی نەخۆشەکان، تا ئەوەی ڕێگری لە دوکتۆرە پەلەکارەکە بکەن هەڵەیەک بکات. پەرستارێک پێی وتم، "پەرەیان بە سیستمێک داوە کە کۆدی ڕەنگاوڕەنگ بوو بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتر. ناوی دوکتۆرەکانمان بە ڕەنگی جیاوازەوە دەخستە سەر وایت بۆردەکان کە هەر ڕەنگێک واتایەکی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ نموونە:

شین: باش، سوور: گێل، ڕەش: هەرکارێک دەکەیت بیکە، بەڵام بەرپەرچیان مەدەرەوە، ئەگینا سەرت لە لاشەت دەکەنەوە."

نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلان شوێنێک بوو پڕ بوو لە کولتووری کاریگەر بە پێچەوانەی ئالکوا، کە تیایدا بەوریاییەوە خووە سەرەکییەکانیان دانابوو و دیزاینیان کردبوو بە دەوریی سەلامەتیی کرێکارەکانا سەرکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری دروست کرد، لەناو نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاندا، خووەکان بەپەلە و بەبێ بیرکردنەوە هاتنە ناو پەرستارەکانەوە بەو ئومێدەی بەرەنگاریی لەخۆباییێتیی پەرستارەکان ببنەوە. ڕۆتین و کردارەکانی نەخۆشخانەکە بەوردی بیریان لێ نەکرابوویەوە، بەڵکوو بەڕێکەوت دەرکەوتن و بڵاو بوونەوە لەڕێی ئاگادارکردنەوەی چپەوە تاکوو پەیوەندییەکی کێشەدار لەنێوان دوکتۆر و پەرستارەکاندا دروستبوو. ئەمە دەکرێت لەناو هەر دامودەزگایەکدا ڕووبدات کە تیایدا خووەکان بە بەرنامە (بەئەنقەست) دانەنراون وەک

چۆن هەڵبژاردنی خووە سەرەکییە دروستەکان دەتوانێت گۆڕانی سەرسامکەر دروست بکات، خووە هەڵەکانیش کارەسات دەخولقێنن. کاتێک خووەکان لەنێو نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاندا شکستیان هێنا، هەڵەی جددی خوڵقاند.

•••

کاتێک ستافی ژووری نەشتەرگەرییەکە سکانی مێشکی پیاوە تەمەن ٨٦ ساڵانەکەیان بینی بە نەخۆشیی خوێنەگمۆڵی مێشکی، دەستبەجێ نەشتەرگەریکاری دەماریان لێ ئاگادار کردەوە کە لەسەر کار بوو. لە ناوەڕاستی نەشتەرگەرییەکی بڕبڕەدا بوو، بەڵام کاتێک گوێی لە دەنگەکە (ئاگادارکردنەوەکە) بوو، لە مێزی نەشتەرگەرییەکە دوورکەوتەوە و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەوە سەیری وێنەکانی سەری پیاوە بەتەمەنەکەی کرد. پزیشکەکە بە یاریدەدەرەکەی وت، کە پەرستارێکی فێرکار بوو، بچێت بۆ ژووری فریاگوزاری تا خێزانی پیاوەکە بانگ بکات و فۆڕمی ڕەزامەندی ئیمزا بکات و نەشتەرگەرییەکە بکرێت. نەشتەرگەریی بڕبڕەکەی تەواو کرد، نیو کاتژمێر دواتر پیاوە بەتەمەنەکە بە کورسی برایە هەمان ژووری نەشتەرگەرییەوە.

پەرستارەکان لەو ناوەدا پەلەیان بوو، پیاوە بەتەمەنە بێئاگاکە لەسەر مێزەکە دانرا، پەرستارێک فۆڕمی ڕەزامەندی و تۆمارە پزیشکییەکەی نەخۆشەکەی هەڵ گرت. کاتێک پەرستارەکە سەیری تۆماری نەخۆشەکەی کرد، وتی، "دوکتۆر، فۆڕمی ڕەزامەندییەکە نالێت خوێنەگمۆڵەکە لە کوێدایە." پەرستارەکە پەڕەکانی هەڵدایەوە و هیچ دەرخەرێکی ڕوونی تیا نەبوو دەریبخات چ لایەکی سەری پێویستە نەشتەرگەری بۆ بکرێت.

هەموو نەخۆشخانەکان پشت دەبەستن بە فایلەکان بۆ ڕێنماییکردنی نەشتەرگەرییەکان. بەرلەوەی هیچ برینێک بکرێت، نەخۆشەکە یان خێزانی نەخۆشەکە دەبێت دۆکیۆمێنتەکە ئیمزا بکەن کە پەسەندکردنی هەر پرۆسەیەک و سەلماندنی وردەکارییەکانە. لە ژینگەیەکی پڕژاوەژاودا کە تیایدا دەستەیەک دوکتۆر و پەرستار

مامەڵــە لەگــەڵ نەخۆشــەکەدا دەکــەن لــە نێــوان ژووری نەشــتەرگەری و ژووری چاکبوونەوەدا، فۆڕمی ڕەزامەندیی ڕێنمایی دەرخەری ئەوەیە چی ڕوودەدات. هیچ کەسێك بــەبێ فــۆڕمی ڕەزامەنــدیی پڕ وردەکــاری و مــۆرکراو ناچێتە ژووری نەشتەرگەرییەوە.

نەشــتەرگەریکارەکە وتــی، "پێشتر پشکنینەکانم بینی. بەشی لای ڕاستی سەری بوو، گەر بێتوو پەلەنەکەین ئەوا دەمرێت."

پەرەستارەکە وتــی، "ڕەنگە پێویست بێت دووبارە فیلمەکان نیشان بدەینەوە!"

کاتێــك بــەرەو تێرمینــاڵی کۆمپیوتــەر (ئــامێری گــوازەرەوە و دەرهێنــانی داتــا لــە کۆمپیوتەر)ەکە ڕۆشت، بە هۆکاری سەلامەتی کۆمپیوتــەرەکانی نەخۆشخانە داخرا بــوون لــە پــاش ١٥ خولــەك لــە بەکارنــەهێنانیان لانــی کــەم خولــەکێکی دەوێــت بۆ پەرستارێك تا داخڵی کۆمپیوتەرەکە ببێت و پشکنینەکانی مێشکی نەخۆشەکە لەسەر شاشەکە نیشان بدات.

نەشــتەرگەریکارەکە وتــی، "کاتمــان نییــە. پێیــان وتم، ئــازار و هــاواری زۆرە و پێویستە پەستانەکەی کەم بکەینەوە."

پەرستارەکە پرسیی، "چی دەبێت گەر خێزانەکە بدۆزینەوە؟"

نەشتەرگەریکارەکە فایلی نەخۆشەکەی گرت و سەحی لە ڕاست دا لەسەر فۆڕمی ڕەزامەندییەکە و ڕەزامەندی دەربڕی و وتی، "گەر ئەوە ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێت، ئەوا پەیوەنــدی بــە ژووری نەشتەرگەرییەوە بکــە و خێزانەکــەی بــدۆزەرەوە، لــە هــەمان کاتدا دەمەوێت ژیانی ڕزگار بکەم."

وتی، "پێویستە دەستبەجێ نەشتەرگەری بۆ بکەین."

پەرستارەکە بــۆ مــاوەی ســاڵێك لــە نەخۆشــخانەی ڕۆد ئایلانــد کــاری کــرد. لــە کولتووری نەخۆشخانەکە تێگەشت. پەرستارەکە دەیزانی زۆر جار لە ڕێگای هۆڵەکەدا ناوی ئەم دوکتۆرە لەسەر بۆردە سپییە گەورەکە بە نووسینی ڕەش دەردەکەوت، بۆ ئاگادارکردنەوەی پەرستارەکان تا بەئاگا بن. ڕێسا نەنووسراوەکانی ئەم سیناریۆیە ڕوون بوون. هەمیشە دوکتۆر دەیباتەوە.

پەرستارەکە فایلی نەخۆشەکەی دانا و چووە لاوە کاتێک پزیشکەکە سەری نەخۆشە بەتەمەنەکەی لە قەفەزێکدا دانا کە لەڕێیەوە بەشی ڕاستی کەللەسەری دەبینی، سەری تاشی و میکرۆبکوژی لێ دا. پلانی ئەوە بوو کەللەسەری بکاتەوە و ئەو خوێنەی سەرەوەی مێشکی کە بەربووبوو دەربکات. دوکتۆرەکە پێستی کەللەسەری ورد کرد و کەللەسەرەکە بەدەر کەوت بەرانبەر ئێسکە سپییەکە کونکەرەوەیەکی دانا و دەستی کرد بە پاڵنانی هەتاکوو بەربەستەکە شکا و بە لێدانێکی هێواش دوو کونی زیاتری دروست کرد و مشارێکی بەکار هێنا بۆ بڕینی پارچە سێگۆشەکەی کەللەسەری پیاوەکە. لەژێرەوە پەردەی دەرەوەی مێشک هەبوو، بەرگێکی ڕوونی هەبوو بە دەوری مێشکەکەدا.

کەسێک وتی، "ئۆ، خودایە!"

خوێنەگمۆڵی تیانەبوو، بەشە هەڵەکەی سەریان نەشتەرگەری کرد.

پزیشکەکە هاواری کرد، "پێویستە بیسوڕێنینەوە!"

ئێسکە سێگۆشەکە جێگەی گیرایەوە و دووبارە بەسترایەوە و بە پلێتی کانزاییی بچووک و برغووەوە. پێستەکەی سەری دوورایەوە، سەریان بە لایەکەی دیدا سوڕاند و جارێکی دیکەش سەریان کەچەڵ کرد، پاکیان کردەوە و بڕییان و کونیان کرد هەتا بتوانرێت سێگۆشەی ئێسکەکە لێ بکرێتەوە. ئەمجارە دەستبەجێ خوێنەگمۆڵەکە دەرکەوت. کاتێک پەردەی دەرەوەی مێشکەکە کون کرا، ئاوساوێکی ڕەش وەک شروبێکی خەست ڕژا کاتێک پەردەی دەرەوەی مێشکی کون کرا. نەشتەرگەریکارەکە خوێنەکەی پاک کردەوە و دەستبەجێ پەستانەکەش لە سەری پیاوە بەتەمەنەکەدا کەمی کرد. نەشتەرگەرییەکە کە دەبوو کاتژمێرێک بخایەنێت، بەڵام نزیکەی دوو هێندەی خایاند. پاش ئەوەی نەخۆشەکە برا بۆ بەشی چاودێریی چڕ، بەڵام هەرگیز دووبارە بەتەواوی بەئاگانەهاتەوە و دوای دوو هەفتەش کۆچی دوایی کرد.

چەند لێکۆڵینەوەیەکی یەک لەدوای یەک دەریان خست ئەستەم بوو هۆکاری دەقیقی مردنەکەی دیاری بکرێت، بەڵام خێزانی نەخۆشەکە دەیان وت زەبری هەڵە پزیشکییەکە تەواوی جەستە حەساسەکەی گرتبووەوە کە فشاری لابردنی دوو

پارچەکەی کەللەسەری، کاتێکی زیاتر لە نەشتەرگەرییەکەیدا، دواکەوتن لە لابردنی خوێنەگمۆڵەکە وای لێ کرد بە جۆرێکی نائاسایی ڕەفتار بکات. ڕایانگەیاند گەر لەبەر هەڵەکە نەبوایە، ڕەنگە هێشتا زیندوو بمایەتەوە. نەخۆشخانەکە پارەکەیان پێ دانەوە و دوکتۆرەکەش هەتا هەتایە لە کارکردن لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند ڕاگیرا.

دواتر هەندێك لە پەرستارەکان ڕایانگەیاند کە ئەم جۆرە ڕووداوانە خۆلێلانەدەرن. خووە دامەزراوەییەکانی نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند زۆر نائاسایی بوون. تەنها بابەتی کات بوو هەتاکوو هەڵەیەکی مەترسیدار ڕوویدا. بەدڵنیاییەوە تەنها لە نەخۆشخانەکاندا ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕوونادەن. دەکرێت خووە دامەزراوە وێرانکەرەکان لەناو سەدان پیشەسازی و هەزارەها کۆمپانیاشدا بدۆزرێنەوە. زۆرینەی جار بەرهەمی بیرکردنەوەی ڕابەرەکانن کە خۆیان بەدوور دەگرن لە بیرکردنەوە لە کولتوور و با وازی لێ بهێنین بەبێ ڕێبەری بەرەو پێش بچێت. هیچ دامەزراوەیەك بەبێ خووی دامەزراوەیی بوونی نییە. چەند شوێنێکی تایبەت هەن کە بەئەنقەست تیایاندا دادەنرێت و هەندێك شوێنیش بەبێ بیرکردنەوەی پێشوەختە دروست دەکرێن، هەربۆیە زۆرینەی جار لە ڕکابەری یان لە ترسەوە پەرە دەسەنن.

بەڵام هەندێك کات تەنانەت خووە ڕوخێنەرەکانیش (وێرانکەرەکان)یش دەکرێت بگۆڕدرێن لەلایەن ئەو ڕابەرانەوە کە دەزانن چۆن دەرفەتە دروستەکان بقۆزنەوە. هەندێك کات لە گەرمەی قەیرانەکاندا خووە دروستەکان دەردەکەون.

## دووەم

کاتێك بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٢دا، کتێبی "بیردۆزێکی گەشەسەندووی گۆڕانی ئابووری – An Evolutionary Theory of Economic Change" بڵاوکرایەوە، خەڵکانێکی کەم لە دەرەوەی ئەکادیمیاکە درکیان پێ کرد. بەرگی کتێبەکە و یەکەم ڕستەی ترسێنەر لەم بەرگەدا، ئێمە پەرە بە گریمانەی گەشەداریی توانا‌کان و ڕەفتاری کۆمپانیا بازرگانییەکان دەدەین کە لە بواری بازاڕکاری و بوونیادناندا کار دەکەن و هەندێك شێواز شی دەکەینەوە کە لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا دێنەوە. بە جۆرێك نووسرابوو وا لە خوێنەر بکات خۆی لە خوێندنەوەی بە دوور بگرێت. نووسەرەکان و پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی بەیل، ڕیچارد نێڵسن و سیدنی وینتەر زۆر ناسراو بوون بۆ لێکۆڵینەوەی شیکردنەوەی چڕوپڕ لە لێکۆڵینەوە لە گریمانەی شامپێتێریان کە تەنانەت زۆرینەی کاندیدەکانی دوکتۆراش خۆیان وا دەرنەدەخست کە لێی تێ دەگەن.

لە چوارچێوەی جیهانی ستراتیژیی بازرگانی و گریمانەی دامەزراوەییدا هەرچەندە کتێبەکە وەك شتێکی سەرسامکەر و لەناکاو دەنگی دایەوە. وەك یەکێك لە گرنگترین دەقە گرنگەکانی سەدە دیاری کرا. پرۆفیسۆرەکانی بواری ئابووری دەستیان کرد بە قسەکردن دەربارەی بۆ هاوپیشەکانیان لە قوتابخانە بازرگانییەکاندا. کاتێك دەستیان کرد بە قسەکردن بۆ بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان لە کۆنفرانسەکاندا، بەزوویی جێبەجێکارەکان وتەکانی نێڵسن و وینتەریان دەوتەوە لەنێو کۆمپانیاکاندا، هێندە جیاواز بوو وەك: جێنەرەڵ ئیلیکتریك، فایزەر و هۆتێلەکانی ستارود.

نێڵسن و وینتەر زیاتر لە دەیەیەکیان بەسەر برد لە لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن کۆمپانیاکان کار دەکەن، کردنی چەندین کاری قورس بەهێواشی لە گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری بەرلەوەی بگەنە دەرەنجامی سەرەکی. دەیاننووسی، زۆرینەی هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکان وا تێگەشتوون کە ڕەنگدانەوەی خووە گشتییەکان و لە ڕابردووی کۆمپانیاکەوە سەرهەڵ دەدەن وەك لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وردی درەختی بڕیاردانی هەموو بڕیارە جیاواز و بچووکەکانیەوە.

یان بە زمانێک کە خەڵکی لە دەرەوەی گریمانە ئابوورییەکاندا بەکاری دەهێنن، وا دەردەکەوێت کە زۆرینەی دامەزراوەکان (ڕێکخراوەکان) بڕیاری هۆشیارانە بەدەر لەسەر بنەمای بڕیاردانی بەئەنقەست. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت بە هیچ جۆرێک کۆمپانیاکان وا کار ناکەن، لەبری ئەوە کۆمپانیاکان ڕێنمایی دەکرێن بە خووی دامەزراوەیی ماوەدرێژ. شێوازەکان کە زۆرینەی جار لە بڕیارە سەربەخۆکانی هەزارەها کارمەندەوە دروست دەبن. ئەم خووانە کاریگەریی قووڵتریان هەیە وەک لەوەی پێشتر خەڵکی لێی تێگەشتبن.

بۆ نموونە: ڕەنگە جێبەجێکارێکی سەرەکیی کۆمپانیایەکی جلوبەرگ پارساڵ بڕیارێکی دابێت بۆ دروستکردنی چاکەتێکی ڕەنگسوور لەسەر بەرگی کەتەلۆگەکە بەوریایی پێداچوونەوە بە داتا (زانیاری)ی بازاڕکاری و فرۆشتنەکاندا. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو کە جێگری سەرۆکەکەی بەردەوام دەگەڕا بە وێبسایتەکاندا کە بۆ بواری بەرەوپێشچوونی فاشیۆنی یابانی تەرخان کرابوون و فرۆشیارەکانی کۆمپانیاکە بەردەوام لە هاوڕێکانیان دەپرسی چی ڕەنگێک لەناودایە و جێبەجێکارەکانی کۆمپانیاکەش لە کاتی گەڕانەوەیان لە گەشتە ساڵانەییەکەیاندا بۆ بەرنامە شۆییە ناودارەکانی پاریس، گوێبیستی ئەوە دەبوون کە دیزاینەرەکان لەو کۆمپانیایانەی بەربەرەکانێی یەکتریان دەکرد ماددەیەکی نوێی ڕەنگ مۆر و سووریان بەکار دەهێنا. هەموو ئەم زانیارییە بچووکانە، دەرەنجامی شێوازەکانی هاریکارینەکردنی نێوان جێبەجێکارەکانە زەمی کێبڕکێکارەکان دەکەن و قسە بۆ هاوڕێکانیان دەکەن و تێکەڵ بە لێکۆڵینەوە سەرەکییەکانی کۆمپانیاکە بوون و کارە بەرەوپێشچوونەکان هەتا بیرۆکەیەکی قبووڵکراو دەرکەوت: بۆ ئەمساڵ ڕەنگی سوور ناودار دەبێت (زۆر بەکار دەهێنرێت.) هیچ کەسێک بڕیارێکی بەئەنقەستی تاکلایەنەی نەدا، بەڵکوو دەیان خوو، پڕۆسە و هەڵسوکەوت دەرکەوتن هەتاکوو بە جۆرێک وای لێ هات کە ڕەنگی سور بووە بڕیارێکی هەڵبژێردراوی خۆڵێلانەدەر.

ئەم خووە یان کردارە دامەزراوەییانە زۆر گرنگن، چونکە بەبێ ئەوانە زۆرینەی کۆمپانیاکان ناتوانن کارەکانیان بەجێ بگەیەنن. ڕۆتینەکان (کردارەکان) سەدان

یاسای نەنووسراو دەستەبەر دەکەن کە کۆمپانیاکان پێویستە کار بکەن، ڕێگە بە کرێکارەکانیان دەدەن بە بیرۆکەی نوێوە تاقیکردنەوە بکەن بەبێ ئەوەی لە هەموو قۆناغەکاندا داوای ڕێگەپێدان بکەن. جۆرە میمۆرییەکی دامەزراوەیی بەردەست دەخەن تا پێویست نەکات دووبارە بەڕێوەبەرەکان هەمان پرۆسەی فرۆشتن دابهێننەوە لە هەموو شەش مانگێکدا یان هەرکات جێگری بەڕێوەبەرێک واز دەهێنێت نیگەران بن. ڕۆتینەکان نادڵنیایی کەم دەکەنەوە، بۆ نموونە: لێکۆڵینەوەیەک لە دووبارە هەوڵدانەوە بۆ چاکبوونەوە پاش زەمینلەرزەکانی مێکسیکۆ و لۆس ئانجیلیس، بۆیان دەرکەوت کە خووی ئارامکردنەوەی کرێکارەکان، کە لە کارەساتێکەوە بۆ کارەساتێکی دیکە هەڵیان دەگرت و چەند شتێکی تیابوو وەک دامەزراندنی هێڵەکانی گفتوگۆکردن بە بەکرێگرتنی منداڵەکان بۆ هەڵگرتنی نامەکان لەنێوان دراوسێکاندا زۆر گرنگ بوون، چونکە بەبێ ئەوانە داڕێژران و جێبەجێکردنی یاسا لەنێو زانیارییە زۆرەکاندا ون دەبێت.

بەڵام گرنگترین سوودەکانی ڕۆتینەکان ئەوەیە لەنێوان ئەو گرووپ یان تاکە کەسانەی لە جەنگ و ناکۆکیدان لەگەڵ یەکتردا لە چوارچێوەی دامەزراوەکاندا ڕێککەوتن دەکەن.

زۆرینەی ئابووریناسەکان ڕاهاتوون بە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا وەک شوێنی ئاشتیخواز کە تیایدا هەمووان خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئامانجێکی گشتی، ئەویش پەیداکردنی پارەی پێویستە. نێلسن و وینتەر ڕوونیان کردەوە لە جیهانی ڕاستیدا، بە هیچ جۆرێک بەو شێوەیە نییە کە کۆمپانیاکان کار دەکەن. کۆمپانیاکان خێزانی گەورەی دڵخۆشنین کە تیایاندا هەمووان بەباشی مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن. زۆرینەی شوێنی کارەکان کۆنترۆڵ کراون کە تیایاندا جێبەجێکارەکان بۆ هێز و سەرمایە پێشبڕکێ دەکەن. زۆرینەی جار لە شوێنی شەڕە شاراوەکاندا کە وا دەکات نواندن و کردەکانیان باڵادەستر و باشتر دەربکەوێت و هی کێبڕکێکارەکانیشیان خراپتر. جیاوازییەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ سەرچاوەکان و یەکتری بۆ ناوبانگ وێران

دەکەن. سەرۆکەکانیش تف لە کارمەند و ژێردەستەکانیان دەکەن تا نەتوانن لە دژیان هەڵبگەڕێنەوە.

کۆمپانیاکان خێزان نین، بەڵکوو شوێنی جەنگی مەدەنین.

سەرەڕای ئەم توانایە بۆ ناکۆکی و جەنگ، زۆرینەی کۆمپانیاکانیش لە نێو خۆیاندا تەبان، بەبێ کێشە و ناخۆشی و بەئاشتییانە کارەکانیان دەکەن و ساڵ لەدوای ساڵیش بەردەوامی هەیە، چونکە ڕۆتین و خوویان هەیە کە ڕێککەوتن دەکەن. ڕێککەوتن وا لە هەریەکێکیان دەکات ناکۆکییەکانیان وەلابنێن تا کارەکانی ڕۆژانەیان ئەنجام بدەن.

خووە دامەزراوەییەکان بەڵێنێکی سەرەکییان پێ دەدات. گەر شوێن شێوازی دامەزراو بکەویت و پابەند بیت بە ڕێککەوتنەکانەوە، ئەوا دواتر کێبڕکێکاری کۆمپانیاکە وێران ناکات. لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر قازانج و دەستکەوتیان دەست دەکەوێت و هەموویان دەوڵەمەند دەبن، بۆ نموونە: فرۆشیارێک دەتوانێت بە پێدانی داشکاندنی زۆر لە بەرانبەر داواکاریی زۆر بە کڕیارە دڵخوازەکانیدا بەخششەکانەکانی زیاد بکات. بەڵام دەشزانێ گەر هەموو فرۆشیارێک داشکاندنی زۆر بدات بە کڕیار (مشتەرییەکان)ی، ئەوا کۆمپانیاکە مایەپووچ دەبێت و هیچ بەخششێکیان پێ نادرێت، هەربۆیە ڕۆتینێک پەیدا دەبێت (هەموو فرۆشیارەکان یەک دەگرن لە هەموو مانگێکی یەکدا و ڕێک دەکەون بۆ سنووردارکردنی بڕی داشکاندنەکانیان کە بە کڕیارەکانیانی دەدەن بۆ پاراستنی قازانجی کۆمپانیاکە و لە کۆتاییی ساڵیشدا هەموویان پاداشت دەدرێنەوە.)

یان بۆ نموونە: جێبەجێکارێکی گەنج چەکی هەڵ گرتووە لە جێگریی سەرۆک و بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی بێدەنگ بۆ کڕیارێکی ناودار دەتوانێت بیکوژێت و پشکی هاوپیشەکەی وێران بکات و پلەکەشی بەرز بکرێتەوە. کێشەی وێرانکردن ئەوەیە گەر تەنانەت بۆ خۆیشت باش بێت، ئەوا بۆ کۆمپانیاکە خراپ دەبێت، هەربۆیە لە زۆرینەی کۆمپانیاکاندا کەسێکی نەناسراو پەیدا دەبێت و دەڵێت، ئاساییە گەر بەرزخواز بیت، بەڵام گەر لە ڕەفتارەکانتدا توند بیت، ئەوا هاوڕێکانت یەک دەگرن لە

دژن. لە لایەکی دیکەوە گەر بێتوو تەرکیزت لەسەر زیادکردنی بەشەکەی خۆت بێت، وەك لە بەکەمزانینی کێبڕکێکارەکانت، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە سەرکەوتوو دەبیت و ئاگادارت دەبن.



ڕۆتینەکان ڕێککەوتن دەهێننە ئاراوە کە وا دەکات کارەکان ئەنجام بدرێن

ڕۆتین و ڕێککەوتنەکان جۆرێك لە دادپەروەریی دامەزراوەیی توونـد پێشکەش دەکەن لەبەر ئەوانە نێلسن و وینتەر نووسیبوویان، "دەمەقاڵێ و ناکۆکی لە چوارچێوەی کۆمپانیاکاندا زۆر کات بەدوایدا ڕێگای چاوەڕوانکراوی گەورە دێت و لە چوارچێوەی سنووورە دیاریکراوەکاندا دەمێنێتەوە و لەگەڵ ڕۆتینە بەردەوامەکاندا دەگونجێت. بڕی ئەو کارە ئاساییەی کە ئەنجام دەدرێت، سەرزەنشت و ستایشکردنەکان بە فریکوێنسیی ئاسایی دەگوازرێنەوە. هیچ کەسێك هەوڵنادات کۆنترۆڵی پۆستی دامەزراوەیی بکات بە جۆرێك مامەڵەی پێوە بکات بەو ئومێدەی لە ڕکابەرەکەی ڕزگاری بێت.

زۆرینەی جار ڕۆتینەکان و ڕێککەوتنەکان بەدروستی و بەبێ کێشە کار دەکەن. بەدڵنیاییەوە هێشتا کێبڕکێکاری بوونی هەیە، بەڵام بە هۆی خووی دامەزراوەییەوە لە چوارچێوەی سنوورەکان و هەوڵە بازرگانییەکاندا دەپارێزرێن. هەرچەندە تەنانەت هەندێك کات دەسەلمێندرێت ناتەواوە. وەك نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند دۆزییەوە، دەکرێ هەندێك جار ئاشتییەکی ناجێگیر هێندەی جەنگێکی مەدەنی تێکدەر بێت.

•••

لە شوێنێکی ئۆفیسەکەتدا، لەناو چەکمەجەی مێزەکەتدا، ڕەنگە کتێبێکی بچووک (دەستی) هەبێت کە لە یەکەم ڕۆژی کارکردنتدا وەرت گرتووە. فۆڕمی خەرجییەکان و یاساکانیشی تیایە سەبارەت بە پشووەکان، بژاردەکانی دابینکردنی بیمە و تۆماری دامەزراوەیی کۆمپانیایشی تیایە. هێڵکاریی ڕەنگاوڕەنگی پێوەیە، پەسن (وەسفی) پلانە جیاوازەکانی چاودێریی تەندروستی دەکات، لیستێک لە ژمارەی تەلەفۆنە گرنگەکان، زانیاری لەبارەی ئەوەی چۆن ئیمەیڵەکەت بکەیتەوە یان ناوت لە پلانی ٤٠١دا تۆمار بکەیت.

ئێستە خەیاڵی ئەوە بکە کە چی بە هاوپیشەکی نوێ دەڵێیت کە داوای ئامۆژگاری کردووە سەبارەت بەوەی چۆن سەرکەوتوو بێت لە کۆمپانیاکەتدا. بێ گومان ڕاسپاردەکانت شتانێکی تێدا نییە کە لە پەیڕەوی کۆمپانیاکەدا هەبێت، لەبری ئەوە ئەو زانیارییانەی دەیاندەیت، کە شایستەی متمانەن، سکرتێرەکان کاریگەری (دەسەڵاتیان) زیاترە وەك لە سەرۆکەکانیان: بۆ چارەسەرکردنی بەڕێوەبردنی کاروبار تا شتێك بە ئەنجام بگەیەندرێت، ئەو خووانەن هەموو ڕۆژێك بۆ مانەوە لە ژیان پشتیان پێ دەبەستیت. گەر بتوانیت تا ڕادەیەك هەمووی خووی کارەکانت بکەیتە هێڵکارییەك وەك پەیوەندییەکان، هاوپەیمانییەکان، مشتومڕەکان، دواتر ئەو هێڵکاری (پلانانە)ی بۆ زیاد بکە کە لەلایەن هاوپیشەکانتەوە ئامادە کراون، دەبێتە هۆی دروستکردنی نەخشەیەکی سیستەمی نهێنیی کۆمپانیاکەت. ڕێبەرییەك بۆ کەسانێك کە دەزانن چۆن وا لە شتەکان بکەن ڕووبدەن و بەبێ پلان کارەکانیان ئەنجام نادەن.

ڕۆتینەکانی وینتەر و نێڵسن-ئەو ڕێککەوتنەی دەیکەن-گرنگن بۆ هەموو جۆرە بازرگانییەك. لێکۆڵینەوەیەك لە زانکۆی یوترێکت لە وڵاتی هۆڵندا کرا، سەبارەت بە ڕۆتینەکان لە چوارچێوەی جیهانی فاشیۆنی ناودار‌دا. بۆ مانەوە هەموو دیزاینەرە فاشیۆنەکان پێویستە هەندێك کارامەیی سەرەکییان هەبێت: توانای دروستکردن (داهێنانکردن) و کارامەیی بۆ دروستکردنی جلی ناودار وەك سەرەتایەك، بەڵام بەتەنها ئەوە بەس نییە بۆ سەرکەوتن. ئەو شتەی جیاوازی لە نێوان سەرکەوتن و

شکستدا دروست دەکات، ڕۆتینەکان و دیزاینەرەکانن. ئاخۆ سیستمێکیان هەیە بۆ دەستخستنی جلوبەرگی ئیتالی بەر لەوەی کەلوپەل

و شمەکی هەڕاجکراو بفرۆشرێن، پرۆسەیەك بۆ دۆزینەوەی باشترین بەرگدووری ژن تایبەت بە قۆپچە و زنجیر، ڕێگایەك بۆ ناردنی عەزییەکی درێژ بۆ کۆگا (دوکان) لە ماوەی دە ڕۆژدا نەك سێ هەفتە. فاشیۆن بازرگانییەکی هێندە ئاڵۆزە بەبێ پرۆسە دروستەکە کومپانیای نوێ تووشی شتی قوورس دەبێت لە ڕێکخستنی وردی چالاکییەکاندا و کاتێکیش ئەوە ڕوویدا، نوێکاری لە کاردەکەوێت و سوودی نامێنێت.

ئەگەری زۆرە کام دیزاینەرە نوێیانە خووە دروستەکانیان هەبێت؟ ئەوانەی کە ڕێککەوتنی دروستیان کرد و هاوپەیمانە دروستەکانیان دۆزییەوە. ڕێککەوتنەکان زۆر گرنگن کە کۆمپانیاکانی بواری فاشیۆن (جلوبەرگ) زۆر کات سەرکەوتوو دەبن ئەگەر لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوەبرێن کە بە مەرجی باش کۆمپانیاکانی تریان جێهێشتووە.

ڕەنگە هەندێك کەس وا بیر بکەنەوە نێلسن و وینتەر کتێبێکیان نووسی دەربارەی گریمانەی ئابووریی بێزارکەر، بەڵام ئەوەی بەرهەمیان هێنا ڕێبەرێك بوو بۆ مانەوە لە کۆمپانیا ئەمریکییەکاندا.

لەوە گرنگتر گریمانەکانی نێلسن و وینتەر ئەوەشیان ڕوون کردەوە کە بۆچی شتەکان لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند خراپ بوون (تێك چوون). نەخۆشخانەکە هەندێك ڕۆتینی هەبوو کە دۆخێکی نائارامی لە نێوان پەرستارەکان و دوکتۆرەکاندا دروست کرد، بۆ نموونە: وایت بۆردەکان و پەرستاری ئاگادارکردنەوەکان بە چپە بە یەکتریان دەوت ئەو خووانە بوون کە ڕێککەوتنی جیاکەرەوەیان دروست کرد. ئەم ڕێککەوتنە حەساسانە وای لە دەزگاکە کرد زۆرینەی کات کار بکات، بەڵام ڕێککەوتنەکان تەنها بۆ ئەو کاتانەن کە دادپەروەریی ڕاستەقینە دروست دەکەن. گەر ڕێککەوتنەکە ناهاوسەنگ بێت، گەر ئاشتییەکە ڕاستی نەبێت، ئەوا زۆرینەی جار ڕۆتینەکان شکست دەهێنن بەتایبەت لەو کاتانەی زۆر پێویستن.

زانی دەست لە کارێك وەرنەدات کەسێکی دیکە لێی بەرپرسیارە. جگە لەوە گەر لێکۆڵینەوەیشی بکردایە لە ئەگەری چۆنێتیی کەوتنەوەی ئاگرەکە، ئەوا نەیدەزانی چی بکات بەو زانیارییانەی دەستی دەکەوێت. لە فەرمانەکانی ناو هێڵی ژێرزەمینی شەمەندەفەرەکاندا ڕێگری لێ دەکرا پەیوەندی بە بەشێکی جوداوە بکات بەبێ ئاگاداریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی سەروتری خۆی. ڕۆتینەکانی هێڵی ژێرزەمینەکە، بە دانە بە دانەی فەرمانبەرەکان وترابوو نابێت بە هیچ جۆرێك لە هیچ بارودۆخێکدا بە دەنگی بەرز بڵێن، لەناو وێستگەکەدا ئاگر هەیە. مەگەر ئەوەی کرێکارەکان نیگەران بونایە بەو جۆرە نەبوو کە دەبوو ئەنجام بدرێ.

شوێنەکە لەلایەن جۆرە کتێبێکی یاسای گریمانەیی بەڕێوە دەبرا کە هیچ کەسێك تا ئێستە نەیخوێندبووەوە و نەیشی بینیبوو، ئەوەی ڕاستی بێت بوونیشی نەبوو، جگە لەناو یاسا نەنووسراوەکاندا کە شێوەی ژیانی فەرمانبەرەکانی دادەڕێژا (دروست دەکرد). بۆ ماوەی چەندین دەیە هێڵە ژێرزەمینەکە لەلایەن "Four Barons" ەوە بەڕێوە دەبرا (لەناو هەریەك لەو بەشانەدا سەرکردە و سەرکردەی جێگرەوە هەبوون کە هەموویان بەبەغیلییەوە پارێزگارییان لە دەسەڵاتی خۆیان دەکرد.) شەمەندەفەرەکان کاتیان بەکار دەهێنا، چونکە هەموو ١٩٠٠٠ کرێکارەکان پێکەوە کاریان دەکرد بە سیستمێکی هەساس کە تێدەپەڕین بە تەنیشت گەشتیارەکان و شەمەندەفەرەکان لەنێوان دەیان هەندێك کات سەدان دەستدا بەدرێژایی ڕۆژ. بەڵام کۆمپانیاکە پشتی بە هاوسەنگیی هێز بەستبوو لەنێوان هەریەك لەو چوار بەشەدا و هەموو جێگرەکانیان کە خودی خۆی پشتی بە هەزاران خوو دەبەست کە کرێکارەکان پێی ڕاهاتبوون. ئەم خووانە ڕێککەوتنێکیان دروست کردبوو لەنێوان "Four Barons"ەکان و جێگرەکانیاندا. لەو ڕێککەوتنەوە چەندین یاسا سەریان هەڵدا کە بە بریکێڵیان وت، گەڕان بەدوای ئاگردا کاری تۆ نییە و سنووری خۆشت مەبەزێنە!

دواتر لێکۆڵەرێك تێبینی ئەوەی کرد، تەنانەت لە بەرزترین ئاستیشدا بەڕێوەبەرێك هەوڵی نەدەدا سنووری کەسێکی تر ببەزێنێت. بە هۆی ئەمەوە، بەڕێوەبەری بەشی

ئەندازیاری خۆی ماندوو نەدەکرد بەوەی ئاخۆ ستافی بەڕێوەبردن بەتەواوی ڕاهێنراون لە سەلامەتیی ئاگر و پرۆسەکانی چۆڵکردندا لە کاتی ڕوودانی ئاگردا، چونکە پێی وابوو ئەو بابەتانە کاری ئەو نین و پەیوەستن بە بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکەوە."

هەربۆیە بریکێڵ سەبارەت بە کلێنکسە گڕگرتووەکە هیچی نەوت. ڕەنگە لە بارودۆخەکانی تردا وردەکارییەکی ناگرنگ بوایە. لەم دۆخەدا کلێنکسەکە ئاگاردارکردنەوەیەکی جیا بوو، کەمێك بەنزین کە دەرچوو بوو لە گڕێکی شاراوەی گەورەترەوە، گڕێکی شاراوە، نیشانی دەدا تەنانەت گەر ڕێککەوتنە تەواو هاوسەنگدارەکانیش بەدروستی ئەنجام نەدرێن چەندە مەترسیدار دەبن.

پازدە خولەك پاش گەڕانەوەی بریکێڵ بۆ شوێنەکەی، گەشتیارێکی دی تێبینیی کەمێك دووکەڵی کرد لە کاتێکدا سواری بەرزکەرەوەکە بوو وە قسەی بۆ فەرمانبەرێکی هێڵی ژێرزەمینەکە کرد.

لە کۆتاییدا پشکنەری سەلامەتیی King's Cross بە ناوی کریستۆڤەر هایز دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. گەشتیاری سێهەم بە بینینی دووکەڵ و ڕووناکی لەژێر قادرمەی بەرزکەرەوەکاندا پەنجەی نا بە دووگمەی وەستانی دۆخی کتوپڕ (ئیمێرجنسی)دا و دەستی کرد بە هاوارکردن تا گەشتیارەکان بەرزکەرەوەکە جێبهێڵن. پۆلیسێك تەمێکی دووکەڵاویی کەمی بینیی لەناو تونێلە درێژەکەی بەرزکەرەوەکەدا لە نیوەی ڕێگەکە بەرەو خوارتر ئاگر وردە وردە بەرز دەبوویەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پۆلیسی پشکنەرەکە پەیوەندی بە London Fire Bridge وە نەکرد. خۆی هیچ دووکەڵی نەبینیبوو. یەکێك لە ڕێسا نەنووسراوەکانی تری هێڵەکە ئەوە بوو لە بارودۆخی زۆر پێویستدا نەبێت نابێت بەشی ئاگرکوژێنەوە ئاگاردار بکرێتەوە. ئەو پۆلیسەی تەمەکەی بینیبوو پێی وابوو دەبێت پەیوەندی بە بنکە سەرەکییەکانەوە بکات. ئامێری پەیوەندیکردنەکەی لە ژێرزەمینەکەدا کاری نەدەکرد، هەربۆیە قادرمەیەکی دوورودرێژی بڕی تا چووە دەرەوە و پەیوەندی بە کەسانی سەرووتری خۆیەوە کرد. لە کۆتاییدا بەشی ئاگرکوژێنەوە ئاگادار کرانەوە.

دەسکی بەرزکەرەوەکەش دەسوتا. کاتێك بۆنی دەسکەکە بڵاوبوویەوە، کرێکارەکانی هۆڵی بلیتفرۆشتنەکە زانییان شتێك ڕوویداوە، هەربۆیە بەرەو دەرگاکانی چوونە دەرەوە ڕایان کرد کاتێك پیاوانی ئاگرکوژێنەوەکە کاتی زۆری پێ چوو تا بە قەرەباڵغیی شوێنەکەدا بگەنە جێ و شەڕی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بکەن.

لە خوارەوە ئاگرەکە بڵاو دەبوویەوە. ئێستا تەواوی بەرزکەرەوەکە گڕی گرتووە، گازێکی زۆر گەرمی دروست دەکرد کاتێك بۆ سەرەوەی بۆشایی (کون)ی ژوورەکە بەرز دەبوویەوە، بڵندکەرەوەکەی دادەخست کە تیایدا گیرابوویەوە بەرانبەر سەقفی تونێلەکە کە بە نزیکەی ٢٠ توێژی بۆیەی کۆن داپۆشرابوو.

پێشتر بەڕێوەبەری ئۆپراسیۆنەکان پێشنیاری لابردنی ئەو توێژی بۆیە کۆنانەی کردبوو، چونکە پێی وابوو بەزوویی ئاگر دەگرن و وتی، بەرلەوەی هیی تازە دابنرێت کۆنەکان لابرێن. بەڵام دواتر پێشنیارەکەی کێشایەوە.

کاتێك ئەو گازە زۆر گەرمە لە سەقفی کونی بەرزکەرەوەکەوە دەچووە دەرەوە هەموو ئەو توێژی بۆیە کۆنانە گەرمییەکەیان هەڵدەمژی، هەرکە شەمەندەفەرێکی نوێ دەگەشت، هەندێك ئۆکسجینی نوێی دەکردە وێستگەکەوە وەك فووپیاکردن (هەوادان)ی ئاگرەکە وابوو.

لە کاتژمێر ٧:٤٣ خولەکدا شەمەندەفەرێك گەشت و فرۆشیارێك بە ناوی مارك سیلڤەر چووە دەرەوە. دەستبەجێ زانیی شتێکی هەڵە ڕوویداوە. هەواکە لێڵ بوو، وێستگەی چاوەڕوانییەکەش پڕ بوو لە خەڵك، دووکەڵ ئەو ناوەی داگیر کردبوو لەو شوێنەی لێی وەستابوون. گەڕایەوە تا دیسان سوار شەمەندەفەرەکە ببێتەوە، بەڵام دەرگاکانی داخرابوون. دای لە جامەکان، بەڵام یاسایەکی نارەسمی هەبوو بۆ خۆلادان (نەهێشتن)ی هێواشی: کاتێك دەرگاکانی داخران دووبارە ناکرێنەوە. لە سەرەوە و خوارەوەی وێستگەی چاوەڕوانییەکەوە، سیلڤەر و هاوڕێکانی هاواریان لە شۆفێرەکە کرد تا دەرگاکان بکاتەوە. هێمای ڕووناکییەکە گەڕایەوە بۆ سەوز، شەمەندەفەکە دەستی بە ڕۆشتن کرد، ژنێك لەسەر بارهەڵگرێکەوە بازی دا و بە ڕاکردن شوێن

شەمەندەفەرەکە کەوت کاتێک بەناو تونێلەکەدا دەڕۆشت، هاواری دەکرد: "ڕێگەم بدە، سەربکەوم!"

سیلڤەر لەسەر وێستگەی چاوەڕوانییەکە هاتە خوارەوە لەو شوێنەی پۆلیسەکەی لێ وەستابوو خەڵکی لە بەرزکەرەوەکە دووردەخستەوە. خەڵکانێکی زۆری نیگەران چاوەڕێیان دەکرد تا بچنە سەرەوە، هەموویان بۆنی دووکەڵیان دەکرد. پێکەوە کۆ کرانەوە و هەستیان بە گەرمی دەکرد بە هۆی ئاگرەکەوە بێت یان قەرەباڵغیی خەڵکەکە.

سیلڤەر دڵنیا نەبوو لە کۆتاییدا گەشتە خوارەوە و بەرزکەرەوەکە کوژایەوە، کاتێک هەنگاوی نا بۆ چوونە سەرەوە بەرەو هۆڵی بلیتەکان، هەستی کرد قاچی دەسوتێت لەو گەرمییەی لە هۆڵێکی پانزە پێییەوە دێت، جیای دەکاتەوە لە کونە درێژی پیکادیلی. دواتر وتی: "سەیری سەرەوەم کرد بینیم دیوارەکان و سەقفەکە کزەیان دێت لە گەرمادا."

لە کاتژمێر ۷:٤٥ خولەکدا شەمەندەفەرێکی گەشتوو بڕێکی زۆر هەوای هێنایە ناو وێستگەکەوە کاتێک ئۆکسجینەکە ئاگرەکەی زیاتر کرد، گڕی ئاگرەکە لە بەرزکەرەکانەوە زیاتر بوو. گازە زۆر گەرمەکە بەدرێژاییی کونی سەقفەکە زیاتر گڕی دەگرت بە ئاگرەکەی ژێرەوە و کزەی بۆیەکەی سەرەوە. خەریک بوو دەگەشتە پلەی گەرمیی سوتان و گڕگرتن. پێی دەوترا "خاڵی گڕی ڕووناک". هێزی سوتانی یەکجارەکی لەناکاو وەک تەقینەوەی ماددەی تفەنگ وابوو لە قەباغی تفەنگدا (شوێنی هەڵگرتنی ماددەی تەقین) پاڵی بە ئاگرەکەوە نا تا بۆ سەرەوە لە کونە درێژەکەوە گەرمیی زیاتر و خێراییی جوڵەی زیاتریشی هەڵمژی کاتێک ئاگرەکە فراوان بوو تا لە تونێلەکە چووە دەرەوە بۆ ناو هۆڵی بلیتەکان کە تەواوی دیوار، کانزا، کاشییەکان ئاگریان گرت. پلەی گەرمیی ناو هۆڵەکە گەشتە ۱٥۰ پلە لە نیو چرکەدا. لەو کاتەدا نزیکەی ٥۰ کەسێک لە هۆڵەکەدا بوون.

لەسەر شەقامەکەی کەسێکی پیادە هەستی بە گەرمی کرد کە لە یەکێک لە دەرگاکانەوە دەهاتە دەر، گەشتیارێکی ماندووی بینی و ڕایکرد بۆ یارمەتیدانی.

داوایان لێ کرا شوێنی کارەکەیان جێنەهێڵن و سەبارەت بە هیچ شتێکی دیکەش نیگەران نەبن. یاساکە سەرکەوتوو بوو، چونکە قەرەباڵغیی کەم کردەوە. گەر کارمەندەکان شتێکیان بەدیکردبایە هەڵە بووایە لە دەرەوەی شوێنی کارکردنی تایبەت بە خۆیان و دەرەوەی بەرپرسیارێتییان، ئەوا سەرقاڵی کاری تایبەت بە خۆیان دەبوون.

ئەی خووی سووربوون لەسەر بەکارهێنانی کەلوپەل و پێداویستییەکانی خۆیان، دەرەنجامی ڕووداوێک بوو دەیەیەک زووتر ڕوویدابوو کاتێک ئاگر لە وێستگەیەکی دیکە کەوتبووەوە. پیاوێکی ئاگرکوژێنەوە کاتی بەبەهای خۆی بەفیڕۆ دابوو لە هەوڵدان بۆ بەستنی بۆرییەکان بە بۆری نەناسراوەوە پاش ئەوەی هەمووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی باشترین شت ئەوەیە سەرقاڵی شتانێک بن یان شتانێک بکەن کە دەیزانن.

بە جۆرێکی دیکە، هیچ کام لەم شتانە نادادپەروەرانە نەبوون. هەموویان بە هۆکارێک لە هۆکارەکان دروستبووبوون. هێڵی ژێرزەمینەکە هێندە گەورە و ئاڵۆز بوو کە بەبێ کێشە کاری پێ دەکرا، گەر ڕێککەوتنەکان ئەنجامبدرانایە بەبێ دروستبوونی کێشە سەبارەت بە بەربەستەکان. بە پێچەوانەی نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند هەر ڕێککەوتنێک باڵانسی تایبەتی هێزی دروست کردبوو. هیچ بەشێک دەسەڵاتی زیاتر نەبوو بەسەر بەشێکی تردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ٣١ کەس کۆچی دواییان کرد.

ڕێککەوتن و ڕۆتینەکانی هێڵی ژێرزەمینیی لەندەن لۆجیکی بوون هەتاکوو ئاگرەکە کەوتەوە. لەو کاتەدا ڕاستییەکی خراپ بەدەر کەوت. ئەویش ئەوە بوو کە هیچ کەس، بەشێک بەرپرسیارێتیی تەواوی نەبوو بۆ سەلامەتیی گەشتیارەکان.

هەر کاتێک کارێکی لەپێشینە یان بەشێ یان کەسێک پێویستە گرنگتر بێت لە هەر شتێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ناسراو نەبێت یان هەڕەشە بێت بۆ هاوسەنگیی هێز کە وا لە شەمەندەفەرەکان دەکات بەردەوام لە کاتی خۆیدا وێستگەکان جێبهێڵن و بگەنە شوێنی مەبەست. هەندێک ڕێککەوتن هێندە مەترسی دروست دەکەن کە هیچ ئاشتییەک ناهێڵنەوە.

بەدڵنیاییەوە دژیەك (پارادۆكس)ێك لێرەدا هەیە: چۆن دەكرێت دامەزراوەیەك ئەو خووانە پەیڕەو بكات كە هاوسەنگیی دەسەڵات ڕادەگرن و لە هەمان كاتیشدا كەسێك یان ئامانجێك هەڵدەبژێرن بەسەر كەسانی تردا؟ چۆن دوكتۆر و پەرستارەكان دەسەڵات بەش دەكەن لە كاتێكدا ڕوونە كێ بەرپرسیارە؟ چۆن سیستمی هێڵی ژێرزەمینییەكە خۆی بەدوور دەگرێت لە بەشداریكردن لە ڕێككەوتنێكی كۆنترۆڵكردندا لە كاتێكدا دڵنیان سەلامەتی لەپێشینەیە گەر تەنانەت مەبەست لێی ئەوەبێت دەسەڵاتەكان بگۆڕدرێن؟

وەڵامەكە لە وەرگرتنی هەمان سووددایە كە تۆنی دونگی ڕووبەڕووی بوویەوە كاتێك دەستی گرت بەسەر "The woeful Bucs" و پاوڵ ئۆنیل دۆزییەوە كاتێك بوو بە بەڕێوەبەری جێبەجێكاری هەمان ئالكوا. هەمان دەرفەت بوو كاتێك هاوارد شولتز بۆی ڕەخسا كاتێك گەڕایەوە بۆ ستاربەكس لە ساڵی ٢٠٠٧ دا. هەموو ئەم سەركردانە ئەو ئەگەرانەیان قۆستەوە لەلایەن قەیرانەكانەوە دروست بووبوون. لە كاتی ناڕوونی و سەرلێتێكچووندا خووە دامەزراوەییەكان بەتەواوی دەگونجێن بۆ پێدانی بەرپرسیارێتی و دروستكردنی هاوسەنگیی هێزی یەكسانی. لە ڕاستیدا، قەیرانەكان هێندە بەبەهان هەندێك كات وا باشە كارەسات دروست بكەن وەك لەوەی ڕێگە بە نەمانیان بدرێت.

## چوارەم

چوار مانگ دوای ئەوەی پیاوە بەتەمەنەكە نەشتەرگەریی كەللەسەری بۆ كرا لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند و مرد، نەشتەرگەریكارێكی تریش هەمان هەڵەی كرد لەسەر لایەكی كەللەسەری نەخۆشێك. بەشی تەندروستی سەركۆنەی نەخۆشخانەكەی كرد و بە بڕی ٥٠ هەزار دۆلار غەرامەی كرد.

١٨ مانگ دواتر نەشتەرگەریكارێك نەشتەرگەریی بۆ منداڵێك كرد لە لایەكی دەمیەوە كە لا هەڵەكەی بوو. ٥ مانگ دواتر نەشتەرگەریكارێك نەشتەرگەریی هەڵەی

هەندێك لەم دەستپێكانە لە ساڵانی پێشوودا لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند پێشنیار كرابوون، بەڵام هەمیشە پشتگوێ دەخران. دوكتۆر و پەرستارەكان نەیاندەویست خەڵكی نەشتەرگەرییەكان تۆمار بكەن و بیبیانبینن یان نەخۆشخانەكانی دیكە پێیان بڵێن چۆن كارەكانیان بكەن. بەڵام كاتێك هەست بە قەیران كرا لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند هەمووان زیاتر ئامادەی گۆڕان بوون.

نەخۆشخانەكانی دیكەش هەمان گۆڕانكارییان كرد لە بەئاگاهێنانەوە یان نەكردنی هەڵە و ڕێژەی هەڵەیان بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو هێنایە خوارەوە.

وەك نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند ئەم دەزگایانەی تریش بۆیان دەركەوت نوێخوازی كاتێك دەكرێت درك بە قەیران دەكرێت.

بۆ نموونە: یەكێك لە نەخۆشخانەكانی فێركردنی زانكۆی هارڤارد سەنتەری پزیشكیی بێس ئیسرائیل دیكونسی، بە چەند هەڵەیەكدا ڕۆشت و هەندێك جەنگی ناوخۆییش لە كۆتاییی ساڵانی نەوەدەكاندا كە چووە ناو ڕۆژنامەكانەوە و پێكدادانێكی ناشیرینی هاواركردن لەنێوان پەرستاران و دەستەی بەڕێوەبەراندا لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا. هەندێك لە دەستەی سەرەكیی بەڕێوەبەران پێیان باشبوو نەخۆشخانەكە ناچار بكەن هەندێك بەش دابخەن هەتاكو دەیسەلمێنن هەڵەكان دووبارە نابنەوە. پاشان لەژێر فشاردا نەخۆشخانەكە ڕێككەوتنێكی كرد لەسەر ئەو چارەسەرانە تا كولتووری خۆی بگۆڕێت. بەشێك لە وەڵامەكە ئەمە بوو كۆبوونەوەكان بە مەبەستی سەلامەتی بوون كە تیایدا هەموو سێ مانگ جارێك دوكتۆرێكی پایەبەرز قسە دەكات سەبارەت بە نەشتەرگەرییەكی تایبەت یان نیشانەكان و بە زانیاریی ورد و دروستەوە باسیان لێوە دەكات.

دوكتۆر دۆناڵد مورمان ڕایگەیاند، "زۆر بەئازارە لە شوێنە گشتییەكاندا بەئاشكرا دان بە هەڵەدا بنرێت. ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستە دوكتۆرەكان نەیانكرد، بەڵام ئێستا ترسێكی ڕاستی دروستبووە لەناو نەخۆشخانەكاندا. تەنانەت باشترین دوكتۆر و نەشتەرگەریكارەكانیش ئامادەن باس لەوە بكەن چەندە نزیك بوون لەوەی هەڵەی گەورە بكەن. كولتووری پزیشكی لە گۆڕاندایە."

•••

سەرکردە باشەکان قەیرانەکان دەقۆزنەوە بۆ دروستکردنەوەی خووی دامەزراوەیی، بۆ نموونە: دەستەی بەڕێوەبەرانی ناسا بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەستان بە هەوڵدان بۆ باشترکردنی خووی سەلامەتیی بریکارەکەیان، بەڵام هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو هەتاکوو ساڵی ١٩٨٦ کەشتییەکی ئاسمانی تەقییەوە.

لە بەئاگاهێنانەوەی ئەو ڕووداوە تراجیدییەدا، دامەزراوەکە توانیی سیستمەکە بگۆڕێت کە ستانداردی کوالیتییەکەی ناچار کردبوو. فڕۆکەوانی هێڵە ئاسمانییەکان چەندین ساڵیان بەسەر برد لە هەوڵدان بۆ قەناعەتهێنان بە بەرهەمهێنەرانی فڕۆکە. ئەو کەسەی زانیاری بە فڕۆکەوانەکان دەدا تا شوێنی دانیشتنی فڕۆکەوانەکان دیزاین بکرێنەوە دیسان پەیوەندیی تەلەفۆنیی فڕۆکەوان و ئەوانەی زانیاری پێ دەدەن.

پاشان لە ساڵی ١٩٧٥دا، لەسەر دوورگەی ئیسپانیی تێنریفی هەڵەیەك ڕوویدا و ٥٨٣ کەسی کوشت. لە ماوەی ٥ ساڵدا شوێنی فڕۆکەوانان، پرۆسەی گەشتکردن و ڕۆتینی پەیوەندیی تەلەفۆنی گۆڕانکارییان تێدا کرا.

لە ڕاستیدا قەیرانەکان دەرفەتی گرانبەهان کە سەرکردەی ژیر ڕێگە دەدات دۆخی لەناکاو بە مەبەست درێژە بکێشێت. کتومت ئەوە ڕوویدا پاش کەوتنەوەی ئاگر لە وێستگەی King's Crossدا. پێنج ڕۆژ پاش ئاگرەکە سکرتێری دەرەوەی بەریتانیا لێکۆڵەرێکی تایبەتی هەڵبژارد بە ناوی دیسمۆند فینێڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە. دەستی کرد بە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی هێڵی ژێرزەمینەکە. بەخێرایی بۆی دەرکەوت کە هەمووان زانیویانە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، سەلامەتیی خەڵکی و کەوتنەوەی ئاگر کێشەیەکی جددی بوو و هێشتا هیچ شتێکیش نەگۆڕاوە.

هەندێك لە دەستەی بەڕێوەبەران پێشنیاری پلەبەرزیی نوێی دەسەڵاتیان کردبوو کە بۆ بەرپرسانی ڕوون کردەوە بۆ خۆپارێزیی لە ئاگر.

ئەوانی دیکە پێشنیاری پێدانی دەسەڵاتی زیاتریان کرد بە بەڕێوەبەرانی وێستگەکە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان بەشەکان. هیچ کام لەو نوێخوازییان جێبەجێ نەکران.

کاتێك فینێل پێشنیاری گۆڕانکارییەکانی خۆی کرد هەمان جۆر ڕێگری بینی. سەرۆکبەشەکان ڕەتیان کردەوە بەرپرسیارێتی وەربگرن یان هەڕەشەکردن لێی بە ژێردەستەکان، سەریان هەڵدا.

هەربۆیە بڕیاری دا پرسیارەکەی بباتە ناو سەرنجی مێدیاوە. داوای کۆبوونەوەی گشتی کرد کە ٩١ ڕۆژی خایاند و ئاشکرای کرد کە دامەزراوەکە چەند ئاگادارکردنەوەیەکی جۆراوجۆری لە هەبوونی مەترسی پشتگوێ خست. بە پەیامنێری ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند هەرکات کرێکارەکان سواری شەمەندەفەرەکە دەبوون لە مەترسیی جددیدا بوون.

چەندین لێکۆڵینەوەیشی کرد لەگەڵ دەیان شایەت (گەواهیدەر) کە وەسفی دامەزراوەکەیان کرد کە تیایدا گەشتن بە ڕێککەوتن بۆ پلەبەرزکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی شوێنەکە گرنگیی زیاتری پێ دراوە وەك لە سەلامەتیی کرێکارەکانی.

ڕاپۆرتی کۆتایی نزیکەی ساڵێك پاش ئاگرەکە بڵاوبوویەوە لە ٢٥٠ لاپەڕەی نووسراو پێکهاتبوو.

هێلی ژێرزەمینەکە نیشانی دەدات کە دامەزراوەکە وێران بووبوو بە ناکارامەیی دواخستن و یاسای ئاڵۆز. فێنێل نووسیبووی، بە دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەو شەوە، گرنگترین بەشی لێکۆڵینەوەکە سیستمی شوێنەکە بوو. کۆتاییی بە لێکۆڵینەوەکە هێنا بە چەندین لاپەڕە لە ڕەخنەگرتنی بێزارکەر و پێشنیار کە شوێنەکە ناکارامە یان گەندەڵ بوو.

کاردانەوەکە بەپەلە و بەهێز بوو، کرێکارەکان لە دەرەوەی ئۆفیسی وێستگەکە دەستیان کرد بە نارەزایەتیدەربڕین، سەرکردایەتییەکە دوورخرایەوە، هەندێك یاسای نوێ دەرکرا و کولتووری شوێنەکەش گۆڕانکاری تیادا کرا.

لەمرۆدا هەموو وێستگەیەك بەڕێوەبەری هەیە كە بەرپرسیارێتیی سەرەكیی سەلامەتیی گەشتیاری لە ئەستۆیە و هەموو فەرمانبەرێك ناچارە گەر بچووكترین ئاماژەی مەترسی بینی سەرووتری خۆی لێ ئاگادار بكاتەوە. هەموو شەمەندەفەرەكان هێشتا لە كاتی خۆیدا وێستگەكان جێ دەهێڵن و دەگەنە شوێنی مەبەست.

بەڵام خووەكانی هێڵی ژێرزەمینەكە و ڕێككەوتنەكان هێندەی پێویست گونجاو بوون تا ڕوونی بكەنەوە كێ بەرپرسیارێتیی تەواوی هەیە بۆ ڕێگریی لە ئاگر و هەر كەسە و بەپێی دەسەڵاتی كردار بكات بەبێ گوێدانە ئەوەی كێ پێی خۆشنابێت و بێزار دەبێت.

دەكرێت هەمان جۆر گۆڕانكاری بكرێت لە هەر كۆمپانیایەكدا كە تیایدا خووی دامەزراوەیی -بە كەمتەرخەمی یان پشتگوێخستن- بوونەتە هۆی ڕێككەوتنی زیانبەخش. كۆمپانیاكە بە خووی ناچالاكەوە بەئاسانی ناگۆڕێت، چونكە سەركردەكەی فەرمان دەردەكات. بەڵام جێبەجێكاری ژێر داوای ساتی قەیرانەكان دەكات یان تێگەشتن لە قەیران دروست بكات، ئەو هەستە دروست دەكات كە پێویستە شتێك بگۆڕێت هەتا لە كۆتاییدا هەمووان دەتوانن ئەو شێوازانە بگۆڕن ڕۆژانە ژیانی لەگەڵ دەكەن.

ڕام ئیمانوێل لە كۆنفراسێكدا وتی، "هەرگیز ناتەوێت قەیرانێكی جددی نەمێنێت. ئەم قەیرانە ئەو دەرفەتە دەخولقێنێت بۆت تا ئەو شتانە بكەیت پێشتر نەتدەتوانی ئەنجامیان بدەیت."

پاش ئەوە بەزوویی ستافەكەی ئۆباما قەناعەتیان بە كۆنگریس هێنا تا پلانە هاندانییە ٧٨٧ ملیارد دۆلارییەكەی سەرۆك تێبپەڕێنن. هەروەها دەرچوونی یاسای چاكسازیی چاودێریی تەندروستیی ئۆباما، كاریان كرد لەسەر یاساكانی پاراستنی بەكاربەر و دەیان شتی تریان قبووڵ كرد لە فراوانكردنی بیمەی تەندروستیی منداڵان تا پێدانی دەرفەتی نوێ بە ژنان تا سكاڵا دژی جیاوازی لە موچەدا بكەن. یەكێك بوو لە گۆڕانە یاساییە گەورەكان لە كۆمەڵگە گەورە و ڕێكەوتنە نوێیەكان و لە پاش كارەساتی دارایی ڕوویدا، چونكە یاسادانەرەكان دەرفەتیان بەدیكرد.

شتێکی هاوشێوە لە نەخۆشخانەی ڕۆد ئایلاند ڕوویدا لە بەئاگاهێنانەوەی مردنی پیاوە بەتەمەنە ٨٦ ساڵانەکە و نەشتەرگەرییە هەڵەکانی دیکەدا. لەو کاتەوەی پرۆسە تازەکان سەلامەتیی نەخۆشخانەکان بەتەواوی جێبەجێ کران لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هیچ هەڵەیەکی وەك پێشتر ڕووینەدایەوە. بەم دواییانە نەخۆشخانە خەڵاتی بیکۆنی بەدەست هێنا.

لەوە گرنگتر، پەرستار و دوکتۆرەکان دەڵێن، وا هەست دەکەن شوێنێکی تەواو جیاوازە. لە ساڵی ٢٠١٠دا پەرستارێکی گەنج بە ناوی ئالیسۆن وارد چووە ژووری نەشتەرگەرییەوە تا لە نەشتەرگەرییەکەدا یارمەتییان بدات. ساڵی پێشتر دەستی بە کار کردبوو لە ژووری نەشتەرگەریدا. ئەو گەنجترین و کەمئەزموونترین کەس بوو لە ژووری نەشتەرگەرییەکەدا. بەرلەوەی نەشتەرگەرییەکە دەست پێ بکات، تەواوی تیمە نەشتەرگەرییەکە سەبارەت بە نەخۆشێکی بوراوە (نائاگا) بۆ پشوو کۆ بوونەوە. نەشتەرگەریکارەکە لە لیستەکەدا خوێندیەوە، لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو، کە وردەکاریی هەموو هەنگاوەکانی نەشتەرگەرییەکەی تێدابوو. بەرلەوەی چەقۆی نەشتەرگەرییەکەی هەڵبگرێت، وتی، "زۆر باشە کۆتا هەنگاو. ئایا هیچ کەسێك قسەیەکی هەیە بەرلەوەی دەست بە نەشتەرگەرییەکە بکەین؟"

دوکتۆرەکە پێشتر سەدان نەشتەرگەریی لەم شێوەی کردبوو، ئۆفیسێکی هەبوو پڕ بوو لە بڕوانامە و خەڵات. گەنجە ٢٧ ساڵانەکە وتی، "دوکتۆر، دەمەوێت بە بیرتان بهێنمەوە کە پێویستە بەر لە هەنگاوی یەکەم و دووەم بوەستین. ئاماژەت پێ نەکرد، دەمەوێت دڵنیابین کە لەبیرمانە."

گەر چەند ساڵێك پێشتر لەو جۆرە سرنجەی بدایە، ڕەنگە سەرزەنشت بکرایە یان لە پیشەکەی دووربخرایەتەوە. نەشتەرگەریکارەکە وتی، "سوپاس بۆ سرنجەکەت. جاری داهاتوو بیرم دەبێت ئاماژەی پێبدەم."

وتی، "زۆر باشە، با دەست پێ بکەین!"

گەنجەکە دواتر پێی وتم، "دەزانم ئەم نەخۆشخانە پێشتر بە هەندێك کاتی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام بەڕاستی ئێستا هەمووان هاوکاری یەکترین. مەشقەکانمان، هەموو

کەسایەتییە تایبەتەکان، تەواوی بوارەکانی نەخۆشخانە جەخت لەسەر کاری پێکەوەیی دەکەینەوە. وا هەستەکەم هەرشتێك بمەوێت دەتوانم بیڵێم. شوێنێکی ناوازەیە بۆ کارکردن."

ڕاپۆرتەکانی ئەم بەشە پشتی بەستووە بە چاوپێککەوتن لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر کە لە نەخۆشخانەکە کار دەکەن و لەم کارەساتەدا بەشدار بوون. هەندێکیان گێڕانەوەی جیاوازیان بۆ ڕووداوەکان هەبوو. بۆ وردەکاری لەسەر کاردانەوەکان لە نوێنەرانی نەخۆشخانەکە و نەشتەرگەریکارەکان تکایە تێبینییەکان بخوێنەرەوە.

## ٧

# چۆن کۆمپانیای تارگێت دەزانێت چیت دەوێت بەرلەوەی بیکەیت

## کاتێک کۆمپانیاکان پێشبینی (و کۆنترۆڵ)ی خووەکان دەکەن

### یەکەم

ئاندرو پۆڵ تازە وەک پسپۆڕێکی داتا (زانیاری) دەستی بە کارکردن کردبوو بۆ کۆمپانیای تارگێت کاتێک کۆمەڵێک هاوپیشەی لە بەشی بازاڕکاری لەبەردەم مێزی کارەکەیدا وەستان و جۆرە پرسیارێکیان لێ کرد. پۆل لەدایک بووبوو تا وەڵامی بداتەوە:

"ئایا کۆمپیوتەرەکانت دەتوانن دەری بخەن کام کڕیار سکپڕە، گەر تەنانەت ژنەکان نەیانەویت بزانن؟"

پۆڵ ژمێریار بوو، تەواوی ژیان لە بەکارهێنانی داتادا بەسەر برد بۆ تێگەشتن لە خەڵکی. لە شارۆچکەیەکی بچووک لە باکووری داکۆتا لەدایک بووبوو. لە کاتێکدا هاوڕێکانی ئامادەی وانەکانی دروستکردنی موشەک دەبوون، پۆڵ یاری بە کۆمپیوتەرەکەی دەکرد. پاش کۆلێژیش لە بواری ژمێریاریدا بڕوانامەی بەدەست هێنا و پاشان بڕوانامەیەکی دیکەشی لە ئابووریدا بەدەست هێنا.

ئەمە لە کاتێکدا هاوڕێکانی لە پرۆگرامی ئیکۆن لە زانکۆی میسۆری دەچوون بۆ کۆمپانیاکانی بیمە یان بیناکاریی حوکومەت. پۆل ڕێگایەکی جیاوازی گرتە بەر، بێزاربوو لەو ڕێگەیەی ئابووریناسەکان بەکاریان دەهێن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ.

لە ڕاستیدا، پۆل خۆی چەند تاقیکردنەوەیەکی کەمی ئەنجام دابوو. جارێکیان ئاهەنگێکی سازدا و هەمووانی خستە سەر نوکتە خۆشەکانیان، پاشان هەوڵی دا نموونەیەکی بیریکاریانە دروست بکات بۆ مەتەڵێکی یەک ڕستەیی تەواو (بێ کێشە). داوای کرد حسابی تەواوی بڕی بیرە (مەشرووب)ەکە بکات کە پێویستیەتی بۆ خواردنەوە تا بتوانێت باوەڕبەخۆبوونی هەبێت لەوەی قسە بۆ ژنان بکات لە ئاهەنگەکاندا نەک هێندە زۆریش کە خۆی بکاتە گاڵتەجاڕ. (ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتە هەرگیز بە دەرەنجامێکی دروستەوە بڵاونەکرایەوە.)

بەڵام دەیزانی، ئەو تاقیکردنەوانە یاریی منداڵانە بوون، کە چۆن کۆمپانیا ئەمریکییەکان داتایان بەکار دەهێنا بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیانی خەڵکیەوە. پۆڵ ویستی بەشداری بکات هەربۆیە کاتێک تەواوی کرد و بیستی کە هالمارک، کۆمپانیای کارتی سڵاوکردن، بۆ بەکرێگرتنی ژمێریارێک دەگەڕێت لە شاری کانساس. فۆڕمی پڕ کردەوە هەر زوو ڕۆژەکانی دواتری بە گەڕان بەدوای داتا و زانیاریدا بەسەر برد.

شەشساڵ دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٢دا، کاتێک پۆڵ زانیی تارگێت بۆ ژمارەیەک کەسی شارەزا دەگەڕێت کە بتوانن کاری بیرکارییانەی بۆ بکەن، هەنگاوی خۆی نا. دەیزانی کاتێک دێتە سەر باسی کۆکردنەوەی داتا تارگێت شتێکی تەواو جیاوازە.

هەموو ساڵێک ملیۆنان کڕیار (مشتەری) دەهاتنە ناو ١،١٤٧ دوکانی تارگێتەوە و چەندین تێرابایت زانیارییان سەبارەت بە خۆیان پێ دەدان. زۆرینەیان نەیاندەزانی خەریکی چین. کارتی ڕاستگۆییی کڕیارەکانیان بەکار دەهێنا بۆ دانەوەی پسوڵەی داشکاندن لە پۆستەکانەوە وەریان گرتبوو، یان کرێدیت کاردیان بەکار دەهێنا بێئاگا

لەوەی دواتر تارگێت دەتوانێت کڕینەکانیان ببەستێتەوە بە پرۆفایلێکی دیموگرافیی کەسییانەوە (شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە).

بە نیسبەت ژمێریارێکەوە ئەم داتا (زانیاری)یە پەنجەرەیەکی جادوویی بوو بۆ وردبوونەوە لە خواستەکانی کڕیارەکان. تارگێت هەموو شتێکی دەفرۆشت لە: سەوزە و میوە، جلوبەرگ، شتوومەکی کارەبایی، مەکینەی چیمەنبڕ. بەوردیی زانینی خووی کڕینی کڕیارەکان شیکەرەوانی کۆمپانیاکە دەیانتوانی پێشبینی بکەن و بزانن لە ماڵەکانیاندا چی دەگوزەرێت. کاتێک کەسێک خاولی نوێ، بەتانی، تاوە و نانی بەستووی ئامادەکراوی ئێوارە دەکڕێت، ئەوا ئەگەری زۆرە خانوویەکی نوێیان کڕیبێت یان جیابووبێتنەوە. چوونەدەرەوەی هاوینان نزیکبووەتەوە و دایکان توانای چاوەڕوانیکردنیان نییە.

کارکردن لە تارگێت دەرفەتی بە پۆڵ بەخشی تا لێکۆڵینەوە لە ئاڵۆزترین دروستکراوەکان، دوکانداری ئەمریکی، لە خووە سروشتییەکەیدا بکات. کارەکەی دروستکردنی چەند نموونەیەکی شارەزای بیرکارییانە بوو کە دەیتوانی زانیارییەکان بەکار بهێنێ و بڕیار بدات کام خانووە منداڵی تێدابووە و کامەش تایبەت بووە بە زگوردەکان، کام کڕیار حەزی بە دەرەوە بووە و کامەش حەزی بە ئایسکرێم یان ڕۆمانی ڕۆمانسی بووە.

ئارەزووی پۆل ئەوە بوو ببێت بە خوێنەرێکی بیرکارییانەی مێشکی کڕیار (خەڵکی) تا بتوانێت خووی کڕیارەکانی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات تا پارەی زیاتر خەرج بکەن.

ڕۆژێکیان هەندێک لە هاوپیشەکانی پۆڵ لە بەشی بازاڕکاری لای مێزەکەیەوە وەستان، ویستیان بزانن کام کڕیارانەی تارگێت دووگیانن لەسەر بنەمای کڕینەکانیان. وتیات، ژنانی دووگیان یان دایکان و باوکانی نوێ زۆریان حەز بە کاری فرۆشتنی گشتییە. ئەو کەسانەی منداڵی ساوایان هەیە تەنها دایبی و کلێنکس ناکڕن، بەڵکوو هێندە ماندوون هەموو شتێک دەکڕن کە پێویستیانە وەک: شەربەت،

کلینکسی تەوالێت، گۆرەوی و گۆڤاریش. لە هەر کوێیەک بوتڵ و پێداویستییەکانیان بکڕن ئەو شتانەش دەکڕن.

شتێکی دیکەش ئەوەیە، گەر دایک و باوکێکی نوێ دەست بە کڕین بکەن لە تارگێت، ئەوا بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەردەوام دێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە دۆزینەوەی ئەوەی کێ دووگیانە وای کرد تارگێت ملیۆنان دۆلاری دەست بکەوێت. پۆڵ حەزی لێی هەبوو. چ شتێک باشترە بۆ فالگرێکی ئامارییانە نەک تەنها دەتوانێت بچێتە ناو مێشکیانەوە (مێشکیان بخوێنێتەوە) بەڵکوو بچێتە ژووری نوستنەکانیشیانەوە؟

لەو کاتەی پڕۆژەکە کرا، پۆڵ هەندێک وانەی گرنگ فێربوو سەبارەت بە مەترسییەکانی گەڕان بەدوای سەرەکیترین خووەکانی خەڵکییەوە بۆ نموونە: فێربوو هەندێک کات شاردنەوەی ئەو شتەی دەیزانی هێندەی زانینی شتەکە گرنگە. هەموو ژنێک بەپەرۆش نییە سەبارەت بە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری کە لە هەموو پلانە بەرهەمدارەکانیان بکۆڵێتەوە. هەمووان ئەم بەرنامەیە پەسەند ناکەن.

پۆڵ پێی وتم: "پێم وایە کەسانی دەرەوەی گرووپەکانی ئەو ناوچەیە دەڵێن ئەمە وەک (Big Brothers)ەکان وایە کە ئەوەش هەندێک کەس نائارام دەکات."

•••

ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆمپانیایەکی وەک تارگێت هەرگیز کەسێکی وەک ئاندرو پۆڵیان بەکرێ نەدەگرت. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر تاکفرۆشەکان لەم جۆرە شیکردنەوە چڕانەیان نەدەکرد لەسەر بنەمای زانیارییە کۆکراوەکان، لەبری ئەوە تارگێت کۆگا (دوکان)ی بەقاڵی سەوزە و میوەهات، مۆڵەکان، فرۆشیاری کارتی سڵاوکردن و تاکفرۆشەکانی جلوبەرگ و کۆمپانیاکانی تریش هەوڵیان دا بۆ بەورد سەیرکردنی مێشکی کڕیار بە ڕێگەیەکی کۆن بە بەکرێگرتنی دەروونناسەکان کە بەناڕوونی تاکتیکە زانیستییەکانیان بڵاو دەکردەوە کە ڕایان گەیاند وا لە کڕیارەکان دەکات پارەی زیاتر خەرج بکەن.

هەندێك لەو ڕێگەیانە تا ئەمڕۆش بەکاردێن. گەر بڕۆیتە ناو والمارت، هۆم دیپۆت، یـان سـەنتەری بـازاڕکردنی نـاوخۆیی، ئـەوا بـەوردی سـەیر بکـە دەبینیت بلیتی تاکفرۆشـی بـۆ مـاوەی چـەند دەیەیـە بەردەسـتە کـە هەریەکـەیان دیـزاین کـراوە بۆ بەکارهێنانی هەستی نیوەئاگای کڕینت بۆ نموونە: چۆن خواردن دەکڕیت.

دەرفەتـەکان بـە جـۆرێکن یەکـەمین شـتانێك کـە دەیانبینیـت کاتێـك دەچیتە ناو دوکانی بەقاڵییەوە میوە و سەوزەواتن بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕیز کراون و زۆر بەرزکراونەتەوە. گەر بیری لـە شوێن و شێوازی ڕیزکردنەکەی لە پێشەوەی کۆگاکەدا بکەیتـەوە ئـەوا زۆر واتابـەخش نییـە، چـونکە میـوە و سـەوزەواتەکان لـە خوارەوەی عەرەبانەی شتکڕینی ناو کۆگاکان بەئاسانی شوختیان تیٚ دەکەوێت. بە شێوەیەکی لۆجیکی دەبێت لەلایەن تۆمارکەرەکانەوە ڕێك بخرێت تا لـە کۆتـاییی گەشتەکەیاندا بێن. بـەڵام وەك چۆن بازاڕکارەکـان و دەروونناسـەکانیش ماوەیـەکی زۆر بەرلـە ئێستا ڕوونیان کردەوە گەر دەست بە بازاڕکردن بکەین بۆ ماوەیەکی چێژبەخش بە هێنانی شتنی تەندروست، ئەوا ئەگەری کڕینی ئەو شتانە زیاترە وەك: دۆریتۆس، ئۆریۆس، پیتزای بەستوو کاتێك دواتر چاومان پێیان دەکەوێت.

یـان ئـەو شێوازەی زۆرینـەمان بـە لای ڕاسـتدا دەسـوڕێین پـاش ئـەوەی دەچینە دوکانێکەوە (زانیت بە لای ڕاستدا سوڕایتەوە؟ دڵنیام زانیت. چەندین هـەزار کاتژمێر ڤیـدیۆی تۆمـارکراو هەیـە نیشـانی دەدەن دروسـت ئـەو کاتـەی کڕیارەکـان دەچنە ژوورەوە کڕیارەکان بە لای ڕاستدا دەسوڕێن.)

لـە ئەنجامی ئەمـەدا تاکفرۆشـەکان لای ڕاستی کۆگا (دوکان)ەکە بە بەرهەمـە هەرە قازانجترینەکان پڕ دەکەنەوە، کە هیوادارن دەستبەجیٚ بیانکڕیت. یان کاتێك سـەیری بەرهەمی دانەوێڵە و سوپەکان دەکەیت لەسەر ڕەفەکان ڕیز کراون بەپێی ئەلفبیٚ یان هەڕەمـەکی حـەزەکان زیـاتر دەخایـەنن تـا سـەیری هەڵبژاردنـە فراوانەکـە دەکـەیت. بەدەگمەن "ڕایزن بران -Raisin Bran" دەبینیت لە تەنیشت

"ڕایس چێکس- Rice Chex"دا. لەبری ئەوە دەبێت خۆت بگەڕێنیت بۆ ئەو بەرهەمی دانەوێڵەیەی دەتەوێت و ڕەنگە فریویش بخۆیت بەوەی بۆکسێکی زیادەی براندێکی جیاوازتر هەڵبگریت.

هەرچەندە کێشە لەگەڵ ئەم تاکتیکانەدا ئەوەیە، بە هەمان جۆر مامەڵە لەگەڵ کڕیارەکاندا دەکەن. شێوازەکەیان سادە و ساکارە. چارەسەرەکان بۆ هەمووان دەبێت و هانی خووی کڕینەکان دەدەن تا شت بکڕن.

هەرچەندە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بازاڕی تاکفرۆشان زیاتر و زیاتر کێبڕکێیان لەناودا دروست بوو، زنجیرەبازاڕی تارگێت تێگەشت لەوەی ناتوانن چیتر پشت بە هەمان فێڵە کۆنە دووبارەکان ببەستنەوە. تاکە ڕێگەی زیادکردنی سوود ئەوەبوو کە دانە بە دانەی خووی کڕیارەکان ڕوون بکەنەوە، لەگەڵیاندا بن لە کڕینەکاندا تا خواستە تایبەتەکانی کڕینی کڕیارەکان ڕازی بکەن.

لەم بەشەدا ئەم تێگەشتنە سەرچاوە دەگرێت لە زیادبوونی بەئاگایی کە چۆن خووەکان بە بەهێزی کاریگەری دەکەنە سەر هەموو بڕیارەکانی بازاڕکردن. زنجیرە تاقیکردنەوەیەک بازاڕکارەکانیان قەناعەت پێ هێنا گەر توانییان تێبگەن لە خووە تایبەتەکانی کڕیارەکان، ئەوا دەتوانن وایان لێ بکەن هەر شتێکیان بوێت بیکڕن.

لێکۆڵینەوەکە تۆماری کرد کاتێک کڕیارەکان دەچنە دوکانی بەقاڵییەوە، لێکۆڵەرەوەکان ویستیان بزانن خەڵکی چۆن بڕیاری کڕین دەدەن بەتایبەت گەڕان بۆ ئەو کڕیارانەی کە بە لیستی کڕینەوە هاتبوون و پێشتر بڕیاریان داوە لەو شتانەی دەیانەوێت بیکڕن.

ئەوەی بۆیان دەرکەوت سەرەڕای ئەو لیستانە ئەوە بوو، لە ٥٠٪ زیاتری ئەو بڕیاری کڕینانە لەو کاتە دەدرێن کڕیار بەرهەمێک دەبینێت لەسەر ڕەفەکە، چونکە سەرەڕای باشترین خواستەکانی کڕیارەکان خووەکانیان بوون لە ویستە نووسراوەکانیان بەهێزتر. کاتێک کڕیارێک چووە ناو دوکانێکەوە،

لەبەر خۆیەوە وتی، "با ببینین!"

"ئەمانە جبسەکانن! دەیانپەڕێنم. خولەکێك چاوەڕێ بکە! ئۆه، جبسی پەتاتەی لای بۆ فرۆشتن. زەرفێکی خستە عەرەبانەکەیەوە." هەندێك لە کڕیارەکان هەمان جۆر براندیان کڕی، مانگ لەدوای مانگ، تەنانەت گەر دانیشیان پیا بنایە کە زۆر حەزیان بە بەرهەمەکە نەبووە. ژنێك لە بەردەم ڕەفەیەکدا ڕاوەستابوو دەیان جۆری تری قاوەی لەسەر بوو، وتی، "من زۆر حەزم لە جۆری "فۆڵجێرز–folgers" نییە، بەڵام ئەو جۆرەیە کە من دەیکڕم. دەزانیت؟ چی تری لێیە؟"

کڕیارەکان بە نزیکەی هەمان بڕ خواردنیان دەکڕی هەر کاتێك کە دەهاتن بۆ شتکڕین تەنانەت گەر بەڵێنیشیان دابێت پارە کەم خەرج بکەن.

دوو دەروونناسی زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا لە ساڵی ٢٠٠٩دا بڵاویان کردەوە: "هەندێك کات کڕیارەکان وەك بوونەوەری خووەکان ڕەفتار دەکەن، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵسوکەوتەکانی ڕابردوویان دووبارە دەکەنەوە بەبێ گوێدانە ئامانجەکانی ئێستایان."

لایەنە سەرسامکەرەکەی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوە بوو هەمووان پشتیان بە خووەکانیان دەبەست تا ڕێنوێنییان بکات لە کڕیندا.

خووی هەر کەسێك جیابوو لەوی تر. ئەو پیاوەی حەزی بە جبسی پەتاتە بوو هەموو جارێك زەرفێکی دەکڕی، بەڵام ئەو ژنەی حەزی بە جۆری قاوەی فۆڵجێرز بوو هەرگیز نەدەچووە ڕەفەی جبسی پەتاتەکانەوە. کەسانێك هەبوون بەردەوام شیریان دەکڕی هەر کات دەهاتنە دوکانەوە، تەنانەت گەر لە ماڵەوە زۆریشیان هەبوایە، کەسانێکیش هەبوون بەردەوام شیرینییان دەکڕی کاتێك دەیان وت هەوڵدەدەین کێشمان دابەزێنین.

خووەکانی هەر کەس تایبەت بوون بە خۆی. تارگێت هەوڵی دا سوود لەو خووە کەسییانە وەربگرێت، بەڵام وەختێ ملیۆنان کەس دێنە دوکانەکەتەوە، چۆن دەزانیت خواستەکانیان و شێوازی کڕینەکانیان چۆنە؟

زانیاری کۆ دەکەیتەوە. بڕێکی ئێجگار زۆر داتا!

زیاتر لە دەیەیەک لەمەوبەر تارگێت دەستی بە دروستکردنی بارخانەیەک کرد بۆ کۆکردنەوەی بڕێکی ئێجگار زۆر زانیاری (داتا) کە تایبەت کراوە بە هەموو کڕیارێک بە کۆدی ناسینەوە، لە ناوەوە ناسرابوو بە "ژمارەی پێناسی کڕیار (مشتەری)" زانیاری کۆ کردبووە لەوەی هەر کەسە و چۆن کڕین دەکات. کاتێک کڕیارێک کرێدیت کارتی تارگێتی بەکار هێنا، کارتێکی پێ دەدا کە دەری دەخست کڕیارێکی سەرەکیی ئەوێیە لە شوێنی تۆمارکردنەکەدا، پسوڵەی داشکاندنەکە کە نێردرابوو بۆ ماڵیان دەگێڕێتەوە، ڕاپرسییەکەیان پڕ کردەوە و پاش گێڕانەوەی پارە بۆ کڕیار، پەیوەندیی بە هێڵی یارمەتیدانی کڕیارەوە کرد و ئیمەیلێکیان بۆ هاتبوو لە تارگێتەوە کردیانەوە. سەردانی سایتی Target.comیان کردیوو یان هەرشتێکیان بە ئۆنلاین کڕیبوو، کۆمپیوتەری کۆمپانیاکە بە تێبینی لای خۆی تۆماری دەکرد. تۆماری هەر کڕینێک بەسترابوویەوە بە "ژمارەی پێناسی کڕیار (مشتەری)"یەوە، وە زانیاریش لەسەر هەموو ئەو شتانەی تریش کە کە کڕیویەتی.

هەروەها "ژمارەی پێناسی کڕیار (مشتەری)" بەسترابوویەوە بە زانیاریی دیمۆگرافیشیان کە تارگێت کۆی کردبووەوە یان لە کۆمپانیاکانی تری کڕیبوو، وەک: تەمەنی کڕیارەکان، هاوسەرگیرییان کردووە یان منداڵیان هەیە، لە چ بەشێکی شارۆچکەکەیاندا ژیان دەکەن، چەندێک کاتیان دەوێت تا دەگەنە دوکانەکە، چەندێک پارەیان دەست دەکەوێت، ئایا تازە هاتوونەتە ناوچەکەوە، سەردانی چ وێبسایتێکیان کردووە، کرێدیت کارتەکان کە لە جزدانەکانیاندا هەڵیان گرتووە، لە ماڵ و ژمارە مۆبایلەکانیاندا!

تارگێت دەتوانێت زانیاری بکڕێت کە نەژادی کڕیارەکان دەردەخات، مێژووی کارکردنیان یان چ گۆڤارێک دەخوێننەوە، ئایا ئەو ساڵەی خانووەکەیان کڕی یان لەدەستیان دا مایەپووچ بوون، لە چ قوتابخانەیەک یان زانکۆیەک خوێندوویانە، ئایا حەزیان بە براندێکی تایبەتی قاوە، کلێنکسی تەوالێت، بەرهەمی دانەوێڵە، سۆسی سێو هەیە.

هەندێک کۆکەرەوەی زانیاری هەیە وەک "ئینفینیگراف– InfiniGraph" لە چێن
ڕێگەیەکەوە گوێ ڕا دەگرن لە گفتوگۆی ئۆنلاینی کڕیارەکان تا بزانن حەز بە چ
بەرهەمێک دەکەن و ئاماژە بە چ بەرهەمێک دەدەن. کۆمپانیایەک بە ناوەی ڕاپلیف
زانیاری دەفرۆشێت لەسەر لایەنی سیاسیی کڕیارەکان، خووی خوێندنەوەیان،
بەخشینیان، خاوەنی چەند سەیارەن، حەزیان بە هەواڵی ئایینی، یان ڕێککەوتن
لەسەر جگەرە هەیە. کۆمپانیاکانی تر، وێنەکان شی دەکەنەوە کە کڕیارەکان پۆستیان
دەکەن لە ئۆنلاین، ئاخۆ زەعیف یان قەڵەون، درێژ یان کورتن، کەچەڵ یان قژدارن وە
یان چ جۆرە بەرهەمێک دەکڕن.

تۆم داڤینپۆرت یەکێک بوو لە لێکۆڵەرە سەرەکییەکان لەوەی بازرگانییەکان چۆن
داتا و شیکردنەوەکان بەکار دەهێنن. دەڵێت: "تەنها ئەو کۆمپانیایانە بوون دەیانزانی
کڕیارەکانیان دەیانویست کۆمپانیاکان چ زانیارییەکیان لا بێت. جیهان زۆر
لەدوامانەوەیە، تووشی سەرسوڕمان دەبیت گەر بزانیت چەندە زانیاری بوونی هەیە و
هەموو کۆمپانیایەک دەیکڕێت، چونکە تاکە ڕێگەی مانەوەیە."

گەر کرێدیت کاردی تارگێت بەکار بهێنیت بۆ کڕینی کارتۆنێک چلورە لە
هەفتەیەکدا، زۆر کات لە کاتژمێر ٦:٣٠ ی پاش نیوەڕۆ لە ڕۆژانی پشوودا، زەرفی
زبڵ و خاشاکی قەبارە مامناوەند لە هەموو مانگێکی ٧ و ١٠ دا، ژمێریارەکانی
تارگێت و بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان دەزانن و بڕیار دەدەن کە تۆ لە ماڵەوە منداڵت
هەیە، کاتێک لە کار دەگەڕێیتەوە ئارەزووی کڕینی (سەوزە و میوە)ت هەیە، چیمەنی
حەوشەکەشت پێویستی بە ڕێککردنەوەیە لە هاویندا و درەختەکانی ماڵەکەشت کە لە
وەرزی پاییزدا گەڵا دەوەرێنن پێویستیان بە بڕینە. سەیری شێوازەکانی تری
بازارکردنت دەکات و دەبینێت هەندێک کات بەرهەمی دانەوێڵە دەکڕیت و هەرگیز شیر
ناکڕیت. واتای ئەوەیە لە شوێنێکی تر دەیکڕیت، هەربۆیە تارگێت پسوڵەی
داشکاندنت بۆ دەنێرێت بۆ لە ٢٪ شیر هەروەها ئامێری چیمەنبڕ، پێداویستیی
خوێندنگە، سێڵکی باخچە و بیرەت بۆ دەنێرێت، لەبەر ئەوەی پاش ڕۆژێکی درێژی
کارکردن دەتەوێت پشوو بدەیت.

کۆمپانیاکە دەزانێت خووی کڕینی چییت هەیە پاشان هەوڵدەدات قەناعەتت پێ بکات لە تارگێت بیکڕیت. کۆمپانیاکە توانای هەیە ڕیکلام و پسوڵەکانی داشکاندنی کەسی بکات و بینێرێت بۆ هەموو کڕیارەکانی هەرچەندە هەرگیز درک بەوە ناکەیت پسوڵەی داشکاندنەکە بۆت نێردراوە جیاوازە لەوانەی بۆ دراوسێکانت نێردراون.

پۆل ئەمەی بە کۆمەڵێکی ژمێریار وت کە لە کۆنفرانسی ٢٠١٠دا ئامادە بوون،

"لە "ژمارەی پێناسی کڕیار (مشتەری)"دا، ناو و ناونیشان، خواستمان هەیە، "ڤیزای تارگێت- Target Visa"، کارتی دانەوەی پارەت هەیە، دەتوانیت بیبەستیتەوە بە کڕینەکانتەوە لە دوکان."

لە کۆنفرانسەکەدا سلایدێکی نیشان دا لە نموونەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن تارگێتەوە. کاتێك هێڵکارییەکە لەسەر شاشەکە دەر کەوت وای لە کەسێك کرد بە سەرسامییەکەوە فیکەیەك لێبدات.

هەرچەندە کێشەی ئەم زانیارییە ئەوە بوو، زۆر بێمانایە بەبێ ژمێریارەکان کە واتا بەخشن. بۆ کەسێکی ئاسایی، کاتێك دوو کڕیار شەربەتی پرتەقاڵ دەکڕن هەمان شتە، بەڵام پێویستی بە جۆرێك لە بیرکاریزانی تایبەت هەیە تا تێبگەیت یەکێکیان ژنێکی ٣٤ ساڵە شەربەت بۆ منداڵەکانی دەکڕێت ئەوی تریشیان زگوردێکی ٤٨ ساڵە خواردنەوەیەك دەکڕێت و پاش ڕاکردن دەیخواتەوە. پۆڵ و ٥٠ ئەندامەکەی تری تارگێت لە بەشی زانیاریی مشتەری و خزمەتگوزاریی شیکردنەوە ئەوانە بوون خووەکانیان دۆزییەوە لە ڕاستییەکاندا شاردرابوونەوە.

پۆڵ وتی پێی دەڵێن، "پۆرترەیتی کڕیار (مشتەری)" تا زیاتر سەبارەت بە کەسێك بزانم، ئەوا زیاتر دەزانم شێوازی کڕینی چۆنە. هەموو جار هەوڵی زانینی شتەکان نادەم سەبارەت بە تۆ، بەڵام زۆرینەی جار لە هەڵسەنگاندنەکانمدا ڕاست دەبم."

لە ساڵی ٢٠٠٢وە کە پۆڵ پەیوەندیی بە تارگێتەوە کرد، پێشتر بەشی شیکردنەوە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییان دروست کردبوو بۆ ناسینەوەی ئەو ماڵانەی منداڵیان هەیە و هەموو مانگێکی ١١ کەتەلۆگێکی پاسکیل و سکوتەریان بۆ دەناردن کە زۆر بێ کێشە بوون لەژێر درەختی کریسمسەکەدا، هەروەها پسوڵەی داشکاندنیش

مانگی ٦دا حەوز لە مانگی بۆ یارییەکانی ڕیکلام بۆ یارییەکانی حەوز لە مانگی ٦دا

بۆ پێداویستیی خوێندنەگە، ڕیکلام بۆ یارییەکانی حەوز لە مانگی ٦دا بۆ پێداویستیی خوێندنەگە، ژنانە دەکڕن لە مانگی کۆمپیوتەرەکان بۆ ئەو کڕیارانەش دەگەڕان کە جلی مەلەکردنی ژنانە دەکڕن لە مانگی ٤دا، پسولەی داشکاندنی بۆ دەناردن بۆ کریمی پاراستنی پێست لە گەرمای خۆر لە مانگی ٧دا و کتێبی دابەزاندنی کێشیش لە مانگی ١٢دا. تارگێت گەر بیویستایە ئەوا دەیتوانی بۆ هەر کڕیارێك کتێبێك بنێرێت کە پڕە لە داشکاندن بۆ بەرهەمەکانی کە زۆر دڵنیا بوون کڕیارەکان دەیکڕن، چونکە پێشتر هەمان ئەو شتوومەکانەیان کڕیبوو. تارگێت لە خولیاکەیدا بەتەنها نییە تا پێشبینیی خووەکانی کڕیارەکانی بکات. زۆربەی تاکفرۆشە ناودارەکانی وەك: ئەمازۆن دۆت کۆم، بێست بای، سوپەرمارکێتەکانی کرۆگەر، ١٨٠٠ فلاوەرز، ئۆلایڤ گاردن، ئانوسە بوش، یونیس پۆستەڵ سێرڤیس، فیدێلیتی ئینڤێستمنتس، ئۆلێت پاکارد، بانك ئۆف ئەمێریکا، کاپیتەڵ وەن و سەدانی تریش بەشی شیکردنەوەی پێشبینییەکانیان هەیە کە تەرخانیان کردوون بۆ شیکردنەوەی خواستەکانی کڕیارەکانیان. ئێریك سیگێل کۆنفرانسێکی بەڕێوە برد بە ناوی جیهانی شیکردنەوەی پێشبینییەوە وتی: "بەڵام تارگێت هەمیشە یەکێك بووە لە زیرەکترینەکان لەم بوارەدا. زانیارییەکە بەتەنها خۆی هیچ واتایەکی لەو جۆرە نابەخشێت. تارگێت لە ڕوونکردنەوەی پرسیارە زیرەکەکاندا باشە."

کەسێکی بلیمەتی پێویست نییە لەوەی گەر کەسێك بەرهەمی دانەوێڵە بکڕێت، ئەگەری زۆرە پێویستیی بە شیریش هەبێت، بەڵام هەندێك پرسیاری زۆر قورستر و قازانبەخشتر هەبوون کە پێویست بوو وەڵام بدرێنەوە.

لەبەرئەوەیە بۆچی، چەند هەفتەیەکی کەم دوای بەکرێگرتنی پۆڵ، هاوپیشەکانی پرسییان، ئایا دەکرێ دیاری بکرێت کێ دووگیانە، تەنانەت گەر ژنەکە خۆی نەیەوێت کەس بە دووگیانییەکەی بزانێت؟

•••

لە ساڵی ١٩٨٤دا، پرۆفیسۆرێک بە ناوی ئالان ئاندریاسن لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردەوە پرسیارێکی تێدا کردبوو تا وەڵام بدرێتەوە: بۆچی هەندێک کەس دەستبەجێ رۆتینی بازاڕکردنەکەیان دەگۆڕن؟

تیمەکەی ئاندریاسن ساڵی پێشوویان بەسەر برد لە ڕاپرسیی تەلەفۆنی لەگەڵ کڕیارەکان لە دەوری لۆس ئانجیلیس بە پرسیارکردن لێیان سەبارەت بە نوێترین گەشتی بازاڕکردنیان.

هەرکات کەسێک وەڵامی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی دەدایەوە، زاناکان بەردەوام پرسیاریان لێ دەکرد سەبارەت بەوەی چ براندێکی مەعجونی ددان و سابوونیان کڕیوە یان ئاخۆ خواستەکانیان گۆڕاوە.

چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ کەسدا کرد، وەک لێکۆڵەرانی دی، ئەمانیش بۆیان دەرکەوت هەفتە دوای هەفتە زۆرینەی خەڵکی هەمان براندی بەرهەمی دانەوێڵە و دیۆدرانت (ماددەی نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی)یان کڕی.

بۆ نموونە: (١٠،٥)ی ئەو کەسانەی ئاندریاسن لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن براندی ماددەی مەعجونی ددانیان گۆڕیبوو لە ٦ مانگی پێشوودا، لە ١٥٪ زیاتریان دەستیان کردبوو بە کڕینی جۆرێکی نوێی تایت.

ئاندریانسن ویستی بزانێ بۆچی ئەم کەسانە وازیان لە شێوازە کۆنەکەیان هێناوە. ئەو شتەی دۆزییەوە بووە پایەیەکی گریمانەییی بازاڕکاریی مۆدێرن: خووەکانی کڕینی خەڵکی زیاتر لە ئەگەری گۆڕاندان کاتێک بە ڕووداوی گەورەدا تێ دەپەڕن لە ژیاندا بۆ نموونە: کاتێک دوو کەس هاوسەرگیری دەکەن، زیاتر ئەگەری هەیە دەست بە کڕینی جۆرێکی نوێی قاوە بکەن، کاتێک دەچنە خانوویەکی نوێوە زیاتر گونجاوە و حەزیان بە کڕینی جۆرێکی نوێی بەرهەمی دانەوێڵە هەیە. کاتێکیش جیا دەبنەوە ئەگەری زۆرە دەست بە کڕینی جۆرێکی نوێی بیرە بکەن.

خەڵکی بە ڕووداوی گەورەدا تێدەپەڕن، زۆر کات درک بەوە ناکەن کە خوو (شێوان)ی کڕینەکانیان گۆڕاوە. هەرچەندە تاکفرۆشەکان درکی پێ دەکەن کەمێک زیاتر گرنگی پێ دەدەن.

ئاندریاسن نووسیشی، "گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون، هاوسەرگیریکردن، جیابوونەوە، لەدەستدان و گۆڕینی کار، زیادبوون یان کەمکردنی کەسێك لە ماڵدا، ئەمانە ڕووداوی گەورەن وا لە خەڵکی (کڕیارەکان) دەکەن کاریگەرییان زۆر لەسەر بێت بە تەداخولکردنی مارکێتەکان."

ئایا گەورەترین ڕووداو لە ژیانی زۆرینەی خەڵکیدا چییە؟

بوونی منداڵ، هیچ ڕووداوێك بۆ زۆرینەی خەڵکی لە لەدایکبوونی منداڵ گەورەتر نییە. لە ئەنجامدا، خووەکانی خێزانە نوێیەکە زیاتر لە ئەگەری گۆڕاندان وەك لە هەر کاتێکی دی لە ژیاندا.

هەربۆیە بۆ کۆمپانیاکان ژنانی دووگیان (سکپڕ)، کانی ئاڵتوونین.

خێزانە نوێیەکان شتی زۆر دەکڕن وەك: دایبی، شیر، بێشکە، جلی منداڵان، بەتانی، بتڵ، کە کۆمپانیاکانی وەك تارگێت بە سوودێکی ئێجگار زۆر دەیفرۆشن. لە ساڵی ٢٠١٠دا، ڕاپرسییەك کرا، خێزانێکی ئاسایی منداڵێکی نوێیان بوو بڕی ٦٨٠٠ دۆلاریان لە کڕینی شتوومەکی منداڵدا بەر لە یەکەم ساڵڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەیان خەرج کرد.

ئەو تێچووە سەرەتاییانە زۆر کەمن بە بەراورد بەو سوودانەی کۆگایەك دەیکات بە سوودوەرگرتن لە گۆڕینی خووی کڕین لە خێزانە نوێیەکەدا. گەر دایکانی ماندوو و باوکانی شەکەت بە شۆفێریکردنەوە دەست بە کڕینی پێداویستیی منداڵ و دایبی بکەن لە تارگێت، ئەوا لەگەڵیدا دەست بە کڕینی سەوزە و میوە، پێداویستییەکانی پاککردنەوە، خاولی، جلی ژێرەوە و چەندینی دیکەش دەکەن، لەبەر ئەوەی ئاسانە.

زۆرینەی کات بۆ خێزانێکی نوێ، ئاسانی گرنگی خۆی هەیە.

پۆڵ وتی: "ئەو کاتەی قایلیان دەکەین دایبیمان لێ بکڕن، دەست بە کڕینی شتەکانی دیکەش دەکەن لێمان. گەر پەلەت بێ لە دوکانەکە بۆ بتڵ بگەڕێی بە لای شەربەتی پرتەقاڵەکەدا تێ دەپەڕیت و کارتۆنێك هەڵدەگریت. ئۆه، ئەو دی ڤی دییە نوێیەیە من دەمەوێت. بەزوویی دەست دەکەیت بە کڕینی شتەکانی دیکە و لە هاتنەوەش بەردەوام دەبیت."

خێزانە نوێیەکان هێندە بەبایەخن زۆرینەی تاکفرۆشەکان هەمووشتێك دەکەن تا بیاندۆزنەوە تەنانەت بە چوون بۆ قاوشی لەدایکبوونی منداڵانیش گەر بەرهەمەکانیشیان هیچ پەیوەندییەکیان بە منداڵی ساواوە نەبێت. نەخۆشخانەیەکی نیو یۆرك زەرفێکی دیاری بۆ ئەو ژنانە دەنێرێت دەبنە دایك، ئەمانە لەخۆ دەگرێت: جێلی قژ، بەرهەمی جوانکاریی ڕووخسار، شامپۆ، تیشێرتێکی خوریی نەرمیش. لەناویشیدا پسووڵەی داشکاندنی بەرهەمەکانی تیادایە، بۆ خزمەتگوزاریی وێنەی ئۆنلاین، سابوونی دەست، جیمی ناوخۆیی. هەروەها نموونەی دایبی، کرێمی منداڵانیش، بەڵام لە نێو ئەو شتوومەکانەی تایبەت نین بە منداڵانەوە بزر دەبن. لەناو ٥٨٠ نەخۆشخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، دایکە نوێیەکان لە کۆمپانیای واڵت دیزنییەوە دیارییان پێ دەگەشت. لە ٢٠١٠دا، دەستی کرد بە جیاوازی بەتایبەت ئامانجی بازاڕکاری بۆ خێزانی منداڵە ساواکان. کۆمپانیاکانی:

"پرۆتێکتەر ئاند گامبڵ، فیشەر- پڕایس Procter and Gamble-، Fisher-Price" ئەوانی دیکەش پرۆگرامێکی هاوشێوەی خۆڕاییان هەیە. کۆمپانیای دیزنی هەڵسەنگاندنی کرد کە مارکێتی منداڵە نوێیەکانی ئەمریکای باکوور بەهاکەی دەگاتە ٣٦،٣ ملیارد دۆلار لە ساڵێکدا.

بەڵام بۆ کۆمپانیایەکی وەك تارگێت لە دایکان نزیك دەبێتەوە، لە قاوشی منداڵبوونی نەخۆشخانەکاندا تا ڕادەیەك زۆر درەنگە. لەو کاتەدا ئەوان لەسەر شاشەی ڕاداری هەمووانی دیکە بوون. تارگێت نەیویست کێبڕکێ لەگەڵ دیزنی و پرۆتێکتەر ئاند گامبڵدا بکات، دەیانویست بیبەزێنن. ئامانجی تارگێت دەستکردن بە بازاڕکردن بوو بۆ ئەو دایك و باوکانەی منداڵەکانیان لەدایك نەبووە، هەربۆیە هاوپیشەکانی ئاندرو پۆڵ ئەو ڕۆژە لێی نزیك بوونەوە، بۆ پرسیارکردن سەبارەت بە دروستکردنی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری (ئالگۆریزم)ی پێشبینیکردنی دووگیانی. گەر بتوانن دایکە دووگیانەکان بناسنەوە، بەر لە گەشتنیان بە سێ مانگی دووەمی دووگیانییان، ئەوا دەتوانن بەر لە هەر کۆمپانیایەکی تر دەستیان پێیان بگات.

تاکە کێشە ئەوە بوو کە شیکردنەوە (تێگەشتن) لەوەی کام کڕیار دووگیانە زۆر لەوە سەختتر بوو کە دەردەکەوت. تارگێت لیستی تۆمارکردنی منداڵی هەبوو، یارمەتیی دا لە ناسینەوەی هەندێك ژنی دووگیان. لەوە زیاتریش هەموو ئەو ئافرەتانەی بەزوویی دەبوونە دایك بە ویستی خۆیان زانیاریی بەبایەخیان پێ دەدان وەك: ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکە کە وای لە کۆمپانیاکە دەکرد، بزانێ کەی پێداویستییەکانیان بۆ ڤیتامینی پەیوەست بە دایکایەتی یان دایبی بنێرێت. بەڵام تەنها ڕێژەیەکی کەمی کڕیارە دووگیانەکانی تارگێت ناوی خۆیان تۆمار کرد.

هەندێ کڕیاری تر هەبوون دەستەی بەڕێوەبەران گومانیان دەبرد دووگیانبن، چونکە کەلوپەلی منداڵبوون، شتومەکی پەرستاری و کارتۆنە دایبییان دەکڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناویان تۆمار نەدەکرد.

گومانبردن و زانین دوو شتی جودان. چۆن دەزانیت کاتێك ژنێك دایبی دەکڕێ یان دیاری بۆ هاوڕێیەکی دووگیانی دەکڕێت، دووگیانە؟ لێرەدا، کات گرنگە. ڕەنگە ئەو پسوڵەی داشکاندنە بەسوودە مانگێك بەر لە لەدایکبوونی منداڵەکە یان چەند هەفتەیەك دوای لەدایکبوونی منداڵەکە بخرێتە تەنەکەی خاشاکەکەوە.

پۆل دەستی کرد بە کارکردن لەسەر ئەو کێشەیە بە گەڕان بۆ زانیاری لە تۆماری منداڵانی تارگێتدا کە وای لێ کرد بزانێت چۆن ژنێکی ئاسایی خووەکانی کڕینی دەگۆڕێت کاتێك ڕۆژی دانانی منداڵەکەی نزیك دەبێتەوە. تۆمارکردنەکە وەك تاقیگەیەك وابوو دەیتوانی تاقیکردنەوەی دڵنیایی بدات. هەموو ژنێکی دووگیان ناوی خۆی، هاوسەرەکەی و ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەشی پێ دەدان.

بارخانەی زانیارییەکانی تارگێت توانیی ئەو زانیارییانە ببەستێتەوە بە ژمارەی پێناسی کڕیار (مشتەری)ی خێزانەکەوە.

لە ئەنجامدا، هەر کات یەکێك لەو ژنانە شتێکی بە ئۆنلاین یان لە دوکان دەکڕی بە بەکارهێنانی ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکە کە ژنەکە ئامادەی کردبوو، دەیانتوانی دیاری بکەن لە چەندەم مانگی دووگیانییەکەیدایە وە کەی کڕینەکە کراوە.

بۆی دەرکەوت ژنانی دووگیان بە ڕێگەی زۆر پێشبینیکراو بازاڕیان دەکرد بۆ نموونە:

کرێمەکان زۆرێک لە خەڵکی دەیکڕن، بەڵام شیکەرەوەی داتای تارگێت درکی بەوە کرد ئەو ژنانەی لە تۆماری منداڵاندا بەشدارن لە سەرەتای سێ مانگی دووەمی دووگیانییاندا بڕێکی ئێجگار زۆر کرێمی بێ بۆنیان دەکڕی.

شیکەرەوەیەکی تر ئەوەی بەدی کرد هەندێک کات لە بیستەم هەفتەی سەرەتادا ژنانێکی زۆری دووگیان ڤیتامینێکی زۆریان دەکڕی وەک: کالیسیۆم، ماگنیسیۆم و زینک.

زۆرێک لە کڕیارەکان هەموو مانگێک سابوون و دەستە لۆکەیان دەکڕی، بەڵام کاتێک لەناکاو کەسێک دەستی دەکرد بە کڕینی سابوونێکی زۆری بێ بۆن و دەستەیەک لۆکە وە لەگەڵ ئەوەشدا پاکژکەرەوەی دەست و ژمارەیەکی زۆری خاولی، یەکسەر چەند مانگێکی کەم پاش کڕینی کرێم و ماگنیسیۆ و زینکەکە، ئەوا دەری دەخات لە ڕۆژی دانانی منداڵەکە نزیک دەبنەوە.

کاتێک کۆمپیوتەرەکەی پۆڵ بە داتاکاندا دەچووەوە، دەیتوانی نزیکەی ٢٥ جۆری جیاوازی بەرهەم بناسێتەوە. کاتێک پێکەوە شیکرانەوە، ڕێگەی دا کە تا ڕادەیەک بەوردی سەیری ورگی ژنەکە بکات. لە هەمووی گرنگتر، دەیتوانی بزانێت لە چ مانگێکی دووگیانییەکەیدایە و هەڵسەنگاندنی ڕۆژی دانانی منداڵەکەش بکات، هەربۆیە کاتێک بەنیازی کڕینی بەرهەمی نوێ بوون تارگێت دەیتوانی پسوڵەی داشکاندنیان بۆ بنێرێ.

لەو کاتەی پۆڵ تەواوی کرد، پرۆگرامەکە دەیتوانی نمرەی پێشبینیکردنی دووگیانی بە کڕیارە ئاساییەکان بدات.

جێنی واردی ٢٣ ساڵ لە ئاتلەنتا کە کرێمی دروستکراو لە کەرێی کاکاوی کڕی، جزدانێک دوو هێندەی لێ بێت وەک زەرفی دایبی، زینک و ماگنیسیۆم و قاڵبیەکی ڕەنگ ڕۆشنی شین.

لە ٨٧٪ چانسی ئەوە هەیە کە دووگیانە و دانانی منداڵەکەش هەندێک کات لە کۆتاییی مانگی هەشتدایە. لیز ئاڵتەر لە بڕۆکلینی ٣٥ ساڵ پێنج پاکەت (دەستە خاولی منداڵ، بتڵێک تایتی پێستی حەساس، کابۆی دەڵپ، ڤیتامینەکان کە"دی ئەیچ ئەی- DHA" و دەرمانی دژەوشکردنەوەی پێستیان تێدایە دەکڕی؟ لە ٩٦٪ چانسی دووگیانی هەیە، ئەگەری زۆرە لە سەرەتای مانگی پێنجدا منداڵەکەی ببێت. کایتلین پایکی ٣٩ ساڵان لە سانفرانسیسکۆ ڕەورەوەیەکی منداڵانەی ٢٥٠ دۆلاری کڕی، بەڵام هیچی تری نەکڕی؟ ئەگەری زۆرە بە بۆنەی ئاهەنگی لەدایکبوونی منداڵەوە بۆ هاوڕێیەکی کڕیبێت. جگە لەوەش، زانیارییە دیمۆگرافییەکەشی دەری دەخات دوو ساڵ پێشتر جیابووەتەوە.

پۆڵ پڕۆگرامەکەی جێگیر کرد بۆ هەموو کڕیارێک لە داتابەیسی تارگێتدا. کاتێک کردی، لیستێکی سەدان هەزار ژنی لابوو ئەگەری دووگیانیان بوونیان زۆر بوو کە تارگێت دەیتوانی ڕیکلامی زۆریان بۆ بهێنێت وەک: دایبی، کرێم، بێشکە و جلی دایکایەتیش لەو کاتانەی خووەکانی کڕینیان زۆر بگۆڕ بوون. گەر ڕێژەیەکی کەمی ئەو ژنانە یان هاوسەرەکانیان دەستیان بە بازاڕکردن کردووە لە تارگێت، ئەوا سەدان ملیۆن دۆلار بۆ سەرمایەی کۆمپانیاکە زیاد دەکەن.

کاتێک ئەم ڕیکلامە فراوان و گەورە لە نزیکی دەستپێکدا بوو کەسێک لە بەشی بازاڕکاری پرسیارێکی کرد:

ئایا ژنان کاردانەوەیان چۆن دەبێت کاتێک دەزانن تارگێت چەندە زانیاری لایە؟

پۆڵ وتی، "گەر کەتەلۆگێک بۆ کەسێک بنێرێم و لێی نووسرابێت، لەدایکبوونی یەکەم منداڵت لێ پیرۆز بێت! هەرگیزیش پێیان نەوتووین دووگیانین، ئەمە وا دەکات هەندێکیان هەست بە نائاسوودەیی بکەن. ئێمە زۆر لامان گرنگە کە گرنگی بەو شتانە بدەین تایبەتن بە یاسا تایبەتییەکان. بەڵام تەنانەت گەر شوێن یاساکەش بکەویت، دەتوانیت ئەو شتانەش بکەیت خەڵکی تیایاندا دوودڵ و نائارامن."

هۆکارێکی باش هەیە بۆ ئەو جۆرە نیگەرانییانە. نزیکەی ساڵێک دوای ئەوەی پۆل شێوازێکی پێشبینیکردنی دووگیانی دروست کرد، پیاوێک هاتە ناو تارگێتی

مینیسۆتا و داوای بینینی بەڕێوەبەرەکەی کرد. ڕیکلامێکی بە دەستەوە گرتبوو وە زۆر تووڕە بوو، وتی: "کچەکەم ئەم پۆستەی پێگەشتووە، ئەو هێشتا لە قۆناغی ئامادەییدایە کەچی ئێوەش ڕیکلامی نووسراوی بۆ دەنێرن بۆ بێشکە و جلی منداڵانە. ئایا هانی دەدەن تا دووگیان ببێت؟"

بەڕێوەبەرەکە هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو لەوەی کە پیاوەکە باس لە چی دەکات، هەربۆیە سەیری پۆستەچییەکەی کرد. تەواو دڵنیا بوون ناونیشانی کچی پیاوەکەی لەسەر بوو، ڕیکلامی تیابوو بۆ جلی دایکایەتی، پێداویستیی پەرستاری و وێنەی منداڵی دەمبەخەندەش کە لە چاوەکانی دایکی دەڕوانێت.

بەڕێوەبەرەکە زۆر داوای لێبوردنی کرد و چەند ڕۆژێ دواتریش پەیوەندی پێوە کردەوە تا داوای لێبوردنی لێ بکاتەوە. باوکەکە تا ڕادەیەك شەرمەزار بوو، وتی، "پێویست بوو لەگەڵ کچەکەم قسە بکەم، چونکە لە ئەنجامدا دەرکەوت هەندێك جموجوڵ و چالاکی ڕوویانداوە لەماڵەکەمدا من بەتەواوی لێیان بەئاگا نەبووم." باوکەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتیشی، "لە مانگی هەشتدا منداڵەکەی دەبێت و داوای لێبوردنێکیش قەرزارتم."

تارگێت تاکە کۆمپانیا نییە نیگەرانی لەنێو کڕیارەکانیدا زیاد کردبێت، بەڵکوو کۆمپانیاکانی تریش هێرشیان کراوەتە سەر بۆ بەکارهێنانی داتا بە ڕێگەیەکی نائارام. لە ساڵی ٢٠١١دا، دانیشتوویەکی شاری نیو یۆرك سکاڵای لە ماکدۆناڵد، سی بی سی، مازدا و مایکرۆسۆفتیش کرد، تۆمەتباری کردن بەوەی بریکاری ڕیکلامەکانیان چاودێریی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی خەڵکی کردووە تا بزانێت خووی کڕینەکانیان چۆنە.

چەندین دانیشتنی بەردەوام لە دادگا بەڕێوە چوون دژی تارگێت، واڵمارت، ڤیکتۆریا سیکرێت و زنجیرە تاکفرۆشەکانی تریش کە داوایان لە کڕیارەکان دەکرد کۆدی پۆستەکانیان بدەنێ کاتێك کرێدیت کارت بەکار دەهێنن. دواتر ئەو زانیارییە بەکار دەهێنن بۆ دۆزینەوەی ناونیشانی پۆستەناردنەکە.

کۆکردنـەوەی داتـا بـۆ پێشبینیکردنی دووگیـانیی کڕیـار، پـۆل و هاوڕێکانی دەیـانزانی کـە کارەسـاتێکی کاریگـەریی پەیوەندییـە گشـتییەکانە. هەربۆیـە چۆن دەتوانن ڕیکلامەکانیان بگەیەننە دەست دایکە دووگیانەکان بەبێ ئەوەی دەربکەوێت سیخوڕییان بەسـەرەوە دەکـەن؟ چۆن سوود لـە خووەکانی کەسێك وەردەگریت بەبێ ئەوەی بزانێت لێکۆڵینەوە لە وردەکاریی ژیانی دەکەیت؟

## دووەم

لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ستیڤ بارتێڵس لە کۆمپانیای ئاریستا ڕیکۆرد دەستی کرد بە تەلەفۆنکردن بۆ مۆسیقاژەنەکانی ڕادیۆ تا پێیان بڵێت سەبارەت بە گۆرانییەکی نوێ دڵنیابوو کە بەدڵیان دەبێت بە ناوی "هێی یا!" لەلایەن گرووپی میوزیکی هیپ هۆپی Outkastەوە.

ئـەم گۆرانییـە لەلایـەن یـەکێك لـە بـەناوبانگترین بانـدەکانی گۆرانیـوتنی جیهانـەوە وتـراوە و وەك هـیچ شـتێکی تـر نـەبووە لـە ڕادیـۆدا. بـارتێڵس پێـی وتم، "وای کـرد مووەکـانی سـەر بـازووم ڕەق بـبن کاتێـك بـۆ یەکـەم جـار گـوێم لـێ گـرت. وەك دەنگدانەوەیـەکی ئـەو گۆرانییـەی لـە ئاهـەنگی یـەهودی و ئاهەنگـەکانی تـر کـە بۆ قوتابییە بەتەمەنەکان ساز دەکرێت بۆ چەندین ساڵ گوێت لێ دەبێت." لە دەوری ئۆفیسی ئاریستادا، جێبەجێکارەکان لە ڕاڕەوەکاندا بە کۆرس ( shake it like a Polaroid picture)یان بۆ یەکتر دەوتـەوە. هـەموویان کۆك بوون لەسـەر ئەوەی ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت.

دڵنیاییەکـە بەتـەنها لەسـەر بنـەمای هەسـت نـەبوو. لـەو کاتـەدا بازرگـانیی تۆمارکردنی میوزیك، بە گۆڕانێکی هاوشێوەی گۆڕانەکانی تر لەسەر بنەمای زانیاریی کۆکراوە لە تارگێت و شوێنەکانی تریشدا ڕوودەدەن.

هەروەك چۆن تاکفرۆشەکان بەرنامە (ئالگۆریزم)ی کۆمپیوتـەریان بـەکار دەهێنا بۆ پێشبینیکردنی خووەکانی کڕیارەکان، جێبەجێکارانی ڕادیۆ و میوزیکیش "ئـەیچ ئێم ئای-HMI"یـان بـەکاردەهێنا، کـۆکراوەی ژمێریـار و پسـپۆڕەکانی بـواری زانیـاریی

دەستکرد، پرۆگرامێکیان دروست کرد بە ناوی "Hit Song Science" شیکردنەوەی بۆ خاسیەتە بیرکارییەکانی دەنگەکە دەکرد و پێشبینیی ناودارییەکەی دەکرد بە بەراوردکردنی بەرزیی و نزمیی دەنگ و میلۆدی هۆکارەکانی تری گۆرانییەکی تایبەت بەرانبەر هەزاران گۆرانی کە لە داتابەیسی "ئەیچ ئێم ئای-HMI"دا هەن.

ئەم بەرنامەی Hit Song Scienceە دەیتوانی نمرەیەک بە گۆرانییەکە بدات و پێشبینی بکات ئاخۆ گۆرانییەکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت یان نا. پرۆگرامەکە پێشبینیی کرد کە گۆرانییەکەی نۆرا جۆن بە ناوی "Come Away with Me" ببێتە یەکێک لە بەناوبانگترینەکان و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت پاش ئەوەی زۆرینەی پیشەسازییەکانی بواری ئەلبوم و میوزیک ڕەتیان کردەوە. (دە ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا و هەشت خەڵاتی گرامیشی بردەوە.)

سەرەڕای گومانەکانی مۆسیقاژەنەکانیش پێشبینیی کرد گۆرانییەکەی ساتانا بە ناوی "Why Don't You and I" ببێتە گۆرانییەکی بەناوبانگ. (لە لیستی باشترین ٤٠ گۆرانی لە بیلبۆرددا بووە سێهەم.)

کاتێک جێبەجێکارەکان لە ئێستگەکانی ڕادیۆ لە بەرنامەی Hit Song Science وە گۆرانیی "هێی یا!" یان پەخش کرد، باش بوو لە ڕاستیدا باشتر لە باش، نمرەکەی لەنێو بەرزترینەدا بوو تا ئێستەش بینرا بێت.

بەگوێرەی بەرنامە کۆمپیوتەرییەکە، گۆرانییەکە دەنگدانەوەی زۆری دەبێت.

لە ٤-٩-٢٠٠٣دا، ئێستگەیەک بە ناوی "WIOQ" لە فیلادلیفیا دەستی بە پەخشکردنی گۆرانییەکە کرد لە ڕادیۆدا. گۆرانیی "هێی یا!" زیاتر لە حەوت جار لە هەفتەیەکدا و سی و حەوت جاریش لە تەواوی مانگێکدا پەخش دەکرا.

لەو کاتەدا کۆمپانیایەک بە ناوی ئاربیترۆن ئامێرێکی نوێی تاقیی دەکردەوە کە دەیتوانی بزانێت چەند کەس گوێ لە ئێستگەیەکی ڕادیۆی تایبەت دەگرن لە ساتێکی دیاریکراودا و چەند کەسیش کەناڵەکەیان گۆڕیوە لە ماوەی گۆرانییەکی تایبەتدا.

WIOQ یەکێك بوو لەو ئێستگانەی لە تاقیکردنەوەکەدا بوو. جێبەجێکارانی ئێستگەکە دڵنیا بوون گۆرانیی "هێی یا!" وا لە گوێگران دەکات بە دیار ڕادیۆکانیانەوە دانیشن. پاشان داتاکە گەڕایەوە. گوێگرەکان نە تەنها حەزیان لە گۆرانییەکە نەبوو، بەڵکوو هێندە ڕقیان لێی بوو بە گوێرەی داتاکە لە ٣٪ یان ئێستگەکەیان گۆڕی لە سی چرکەی سەرەتای گۆرانییەکەدا. تەنها لە WIOQ نەبوو، بەڵکوو لە تەواوی وڵاتدا، لە ئێستگەکانی ڕادیۆ لە چیگاکۆ، لۆس ئانجیلیس، فۆنیکس، سیتڵ، هەرکات گۆرانیی "هێی یا!" پەخش دەکرا، ژمارەیەکی زۆر لە گوێگران دەیانگۆڕی.

جۆن گارابێدیان پێشکەشکاری بەرنامەی شۆی "Top ٤٠" بوو لە هەموو سەری هەفتەیەکدا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس گوێیان لێ دەگرت، وتی: "پێم وابوو گۆرانییەکی نایابە کاتێك بۆ یەکەم جار گوێم لێی گرت، بەڵام وەك گۆرانییەکانی تر نەبوو، هەندێك کەس تووڕە دەبوون کاتێك پەخش دەکرا. کەسێك پێمی وت ئەوە خراپترین شتە گوێم لێ بووبێت.

خەڵکی گوێ ڕادەگرن بۆ بەرنامەی Top ٤٠، چونکە دەیانەوێت گوێیان لە گۆرانییە دڵخوازەکانیان بێت یان ئەو گۆرانییانەی وەك گۆرانییە دڵخوازەکانیان وان. کاتێك شتێکی جیاواز پەخش دەکرێت، سوکایەتییان پێ دەکرێت. هیچ شتێکی ناباویان ناوێت."

ئاریستا پارەیەکی زۆر زۆری خەرج کرد لە پەرەدان (بەرزکردنەوە)ی "هێی یا!" پیشەسازییەکانی بواری گۆرانی و میوزیك پێویستیان بوو کە سەرکەوتووبێت. ئەو گۆرانییانەی ڕیکۆردی پێوانەیی تۆمار دەکەن لە فرۆشتندا (دەنگدانەوەیان دەبێت) بەهای سەروەتێکی زۆریان هەیە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی خەڵکی گۆرانییەکە خۆی دەکڕن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە ئەو جۆرە گۆرانییانە دەتوانێت قەناعەت بە گوێکرەکانی بهێنێت تا دەست لە یاریی ڤیدیۆیی و ئینتەرنێت هەڵبگرن و گوێ لە ڕادیۆ ڕابگرن، دەتوانێت سەیارەی وەرزشی لەسەر تەلەڤزیۆن و جلوبەرگ لەناو دوکانی جلوبەرگی فاشیۆندا بفرۆشێت. ئەم جۆرە گۆرانییانەی کە دەنگدانەوەیان هەیە بناغەی دەیان

خووی بەسەربردنن کە ڕیکلامچییەکانی ئێستگەکانی تیڤی، بارەکان، یانەکانی سەماکردن، تەنانەت کۆمپانیا تەکنەلۆجییەکانی وەك ئاپڵیش پشتی پێ دەبەستن.

جێبەجێکارانی ڕادیۆ بەپەرۆش بوون تا شتێك بدۆزنەوە گۆرانیی Hey Ya! بکاتە گۆرانییەکی ناودار.

•••

ئەو پرسیارەی کە "چۆن وا لە گۆرانییەك دەکەیت ڕیکۆردێکی باش تۆمار بکات لە گوێگرتن و فرۆشتندا؟" بووە هۆی ئەوەی تەواوی کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بواری میوزیك پێیەوە سەرقاڵ بن لەو کاتەی دەستی پێ کرد، بەڵام تەنها لەم چەند دەیەیەی ڕابردوودابوو خەڵکی هەوڵیان داوە تا بگەنە وەڵامگەلێکی زانستی. یەکێك لە پێشڕەوەکان بەڕێوەبەرێکی ئێستگەکە بوو بە ناوی ڕیچ مایەر کە لە ساڵی ١٩٨٥دا، لەگەڵ خێزانیدا بە ناوی نانسی کۆمپانیایەکیان کردەوە بە ناوی میدیابەیس لە ژێرزەمینی خانووەکەیان لە چیکاگۆ. هەموو بەیانییەك کە لە خەو هەڵدەستان پاکێجی ڤیدیۆیی تۆمارکراوی ئێستگەکانیان هەڵدەگرت کە تۆمار کرابوون لە ڕۆژی پێشتردا لە شارە جۆربەجۆرەکاندا، هەموو گۆرانییەکان کە لێ درابوون دەشیان ژماردن و شییان دەکردنەوە. دواتر مایەر شیکارییەکی هەواڵی هەفتانەیی بڵاو دەکردەوە تا بزانێت کام گۆرانییانە ناوبانگییان زیادی دەکرد یان کەمی دەکرد.

لە چەند ساڵی سەرەتادا، شیکاریی هەواڵە هەفتانەییەکە تەنها نزیکی ١٠٠ سەبسکرایبەرێکی هەبوو. ڕیچ مایەر و خێزانەکەی هەوڵیان دا وا لە کۆمپانیاکە بکەن پارەی تەواوی هەبێت. هەرچەندە ئێستگەی زیاتر و زیاتر بەرچاوڕوونییەکانی مایەریان بەکار دەهێنا بۆ زیادکردنی جەماوەریان بەتایبەت خوێندنی ئەو ڕێسایانەی دایهێنابوون بۆ ڕوونکردنەوەی بۆ شێوازەکانی گوێگرتن، شیکاریی هەواڵی هەفتانەیی.

داتاکە لەلایەنی میدیابەیسەوە فرۆشرا، دواتریش خزمەتگوزارییە هاوشێوەکان ئامادە کران لەلایەن ژمارەیەک پیشەسازیی گەشەکردووی ڕاوێژکارەوە کە جەختیان لەسەر داتا دەکردەوە. ئێستگەکانی ڕادیۆیان گۆڕا لەوەی چۆن بەڕێوە دەبران.

یەکێک لەو شتە ناڕوون (سەرسامکەر)انەی مایەر زۆر حەزی پێی بوو تێگەشتن بوو لەوەی بۆ لە ماوەی هەندێک گۆرانیدا، گوێگرەکان هەرگیز کەناڵەکەیان نەدەگۆڕی. لەنێو مۆسیقاژەنەکاندا، ئەم گۆرانییانە بە وەڕەسکار ناسراو بوون.

مایەر سەدان گۆرانیی لەم جۆرەی دیاری کردبوو لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەوڵی دابوو تا ڕێساکان فێربن کە بەناوبانگی کردبوون. لە ماوەی چەندین ساڵدا مایەر سەدان گۆرانیی وەڕەسکاری دیاری کرد تا بزانێت ئەو ڕێسایانە چین وایان لێ کردوون بەناوبانگ بن. ئۆفیسەکەی پڕ بوو لە گرافیک و خشتە بۆ دیاریکردنی خاسیەتەکانی گۆرانییە وەڕەسکارە جۆراوجۆرەکان. مایەر هەمیشە بۆ ڕێگەی نوێ دەگەڕا تا هەڵسەنگاندن بۆ وەڕەسکارییەکەیان بکات و لەو کاتەی گۆرانیی "هێی یا!" بڵاو کرایەوە، دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی داتا لە تاقیکردنەوەکان کە ئاربیترۆن جێبەجێی کرد تا بزانێت ئاخۆ هیچ بەرچاوڕوونییەکەی نوێی ئامادە کردووە.

هەندێک لە هەرە وەڕەسکارترین گۆرانییەکان لەو کاتەدا بە هۆی هەندێک هۆکاری ڕوونەوە وەڕەسکار بوون، لەوانەش: گۆرانی "کرەیزی ئین لۆڤ" لەلایەن بیۆنسەوە و "Senorita" لەلایەن جەستین تیمبەرلەیکەوە.

کاتێک بڵاو کرانەوە پێشتر زۆر ناودار بوون، بەڵام ئەوانە گۆرانیی ناوداربوون لەلایەن ئەستێرە ڕێزلێگیراوەکانەوە. هەربۆیە وەڕەسکارییەکەیان واتابەخش بوو. هەرچەندە گۆرانییەکانی تر وەڕەسکار بوون بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە کەس نەیدەتوانی لێیان تێ بگات، بۆ نموونە: لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣دا، کاتێک ئێستگەکان گۆرانییەکیان پەخش کرد بە ناوی " برێس"، لەلایەن بلو کانتریلەوە، هیچ کەسێک کەناڵەکەی نەگۆڕی.

بە چەند هۆکارێک هەرکاتێک پەخش دەکرا لە ڕادیۆدا، خەڵکی گوێیان بۆ ڕا دەگرت. تەنانەت دواتر ڕاپرسیکەرەکان بۆیان دەرکەوت ئەوانە هەمان ئەو گوێگرانەن وتیان زۆر حەزیان بە گۆرانییەکە نەبووە. گۆرانیی "Here Without You" لەلایەن "Doors Down ٣"ەوە یانیش هەر گۆرانییەک لەلایەن "Group Maroon"ەوە. ئەو باندانە زۆر بێزارکەر بوون کاتێک ڕەخنەگران و گوێگران پلەبەندییەکی نوێیان بۆ میوزیک دروست کرد بۆ وەسفکردنی دەنگە خراپەکەیان. هەرچەندە هەرکات پەخش دەکرا، هیچ کەسێک ئێستگەکەی نەدەگۆڕی.

هەرچەندە هەندێک گۆرانی هەبوون گوێگرەکان دەیانوت حەزیان پێیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڕەسکار بوون بۆ نموونە: کریستینا ئاگویلێرا یان سێلین دیۆن. ڕاپرسی دوای ڕاپرسی، گوێگرە پیاوەکان دەیانوت ڕقیان لە سێلین دیۆنە و ناتوانن گوێ بۆ گۆرانییەکانی ڕابگرن.

بەڵام هەرکاتێک گۆرانییەکەی دیۆن پەخش دەکرا پیاوان بە دیاریەوە دادەنیشتن. لەنێو مارکێتی لۆس ئانجیلێسدا، ئەو ئێستگانەی بە شێوەیەکی ئاسایی گۆرانیی دیۆنیان پەخش دەکرد لە کۆتاییی هەر کاتژمێرێکدا، کاتێک ژمارەی گوێگرەکان هەڵ دەسەنگێندرا، دەیانتوانی پشتی پێ ببەستن بۆ زیادکردنی گوێگرانیان بە ڕێژەی لە ٣٪، کەسایەتییەکی مەزن لە جیهانی ڕادیۆدا. ڕەنگە گوێگرە پیاوەکان وا بیریان کردبێتەوە کە ڕقیان لە دیۆنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرکات گۆرانییەکانی پەخش دەکرا بە دیاریەوە دادەنیشتن.

شەوێکیان مایەر دانیشت و دەستی کرد بە گوێگرتن لە هەندێک گۆرانیی وەڕەسکار، یەک لەدوای یەک بەردەوام بوو تا چەندین بار دووبارەی کردنەوە. کاتێک ئەوەی کرد، درکی بەوە کرد هاوبەشییەک لە نێوانیاندا هەیە. گۆرانییەکان هاوشێوە نەبوون: هەندێکیان باڵاد بوون، ئەوانی تریش پۆپ. هەرچەندە بە هەمان شێوە دەردەکەوتن لەوەدا کە هەریەکەیان دەنگەکەیان کتومت هەمان شت بوون بەو جۆرەی مایەر پێشبینیی کردبوو گوێبیستیان بێت لەو شێوازە تایبەتەی میوزیک.

هەموویان وەك یەك بوون وەك هەمان شتەکانی تر لە ڕادیۆدا، بەڵام کەمێك دەستکارییان کرابوو. مایەر پێمی وت، "هەندێك جار ئێستگەکانی ڕادیۆ بە پەیوەندیکردن بە گوێگرەکانیانەوە لە ڕێگەی مۆبایلەوە لێکۆڵینەوە دەکەن، کەمێك لە گۆرانییەکەیان بۆ پەخش دەکرێت، گوێگرەکەش دەڵێت، "ملیۆنان بار گوێم لەم گۆرانییە بووە! بێزار بووم لێی." بەڵام کاتێك لە ڕادیۆدا پەخش دەکرێت، هەستی بێئاگاییت پێت دەڵێت ئەم گۆرانییە دەزانم، ملیۆنان بار گوێم لێ بووە. دەتوانم بەتەنها بیڵێم!

گۆرانییە وەرەسکارەکان ئەوانەن چاوەڕێیت لە ڕادیۆ گوێبیستیان بیت. مێشکت بەنهێنی ئەو گۆرانییەی دەوێت، چونکە باوە بە هەرشتێك پێشتر گوێت لێ بووە یان حەزت لێی بووە. ڕێك دەنگە دروستەکەیە!"

بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی پەسەندی بۆ ئەو شتانەی باو دەردەکەون بۆمان بەرهەمی دەمارەکانمانن. زاناکان لێکۆڵینەوەیان لە مێشکی مرۆڤەکان کرد، بۆیان دەرکەوت کاتێك گوێ لە میوزیك دەگرن، کام دەمارەخانە بەشدارە لە تێگەشتن لە پاڵنەرەکانی بیستندا.

چەند ناوچەیەکی مێشك هەن بڕیار دەدەن کام زانیارییە گرنگی پێ بدەن و کامانەش پشتگوێ بخەن. لە لایەکی دیکەوە، ئەو ناوچانەی کە میوزیك دەکەن بە پڕۆمۆ دیزاین کراون تا داوای شێوازەکە بکەن و بۆ باوێتی بگەڕێن.

ئەمە واتادارە! سەرەڕای ئەوەش میوزیك ئاڵۆزە! تۆنی زۆر، بەرزیی و نزمیی دەنگ، میلۆدی و دەنگە کێبڕکێکارەکانی نێو هەر گۆرانییەك، یان هەر کەسێك لەسەر شەقامێکی قەرەباڵغ قسە دەکات بۆ ئەو مەبەستە، زۆر کاریگەریی هەست و سۆزیان هەیە، کە بەبێ توانای مێشکمان بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەندێك دەنگ و پشتگوێخستنی ئەوانی تر، هەموو شتەکان وەك دەنگی بێزراو و ناخۆشی تێکەڵکراو وایە.

وەك چۆن زاناكان لە "ئیم ئای تی- MIT" ئەوەیان دۆزییەوە كە خووە هەڵسوكەوتەكانمان ڕێگریمان لێ دەكەن تا ئەوەی كاریگەریی هەستیمان لەسەر دروست ببێت لەلایەن بڕیارە بێكۆتاكانەوە كە دەبێت هەموو ڕۆژ بیاندەین.

خووەكانی گوێگرتن بوونیان هەیە، چونكە بەبێ ئەوانە ئەستەمە بڕیار بدەین گەر پێویست بێت سەرنجمان لەسەر دەنگی منداڵ، فیكەی ڕاهێنەر، یان ئەو دەنگەی لە شەقامێكی قەرەباڵغەوە دروست دەبێت لە كاتی یارییەكی تۆپی پێی ڕۆژانی شەممەدا قاڵ بكەینەوە. خووەكانی گوێگرتن ڕێگەمان دەدەن بەبێ ئاگاییانە دەنگە گرنگەكان لەو دەنگانە جیابكەینەوەكە پێویستە پشتگوێیان بخەین.

هەربۆیە ئەو گۆرانییانەی باون، تەنانەت گەر پێشتریش گوێت لێ نەبووبن، وەڕەسكارن! مێشكمان دروست كراوە تا شێوازەكانی تایبەت بە بیستن پەسەند بكات كە هەمان شتن وەك ئەوانەی پێشتر گوێمان لێیان بووە.

كاتێك سێلین دیۆن گۆرانییەكی نوێی بڵاو كردەوە وەك هەمان گۆرانییەكانی پێشتری بوون وە هەروەها وەك زۆرینەی گۆرانییەكانی تریش بوو لە ڕادیۆ پەخش دەكران. مێشكمان بەنائاگاییانە ناسینەوەكە هەڵدەكۆڵێ و گۆرانییەكە وەڕەسكار دەبێت.

پێدەچێت هەرگیز ئامادەی كۆنسێرتی سێلین دیۆن نەبیت، بەڵام لە ڕادیۆ گوێ بۆ گۆرانییەكانی دەگریت، چونكە ئەو شتەیە كە چاوەڕێیت گوێت لێ بێت كاتێك بە ئۆتۆمبێل دەڕۆیت بۆ سەر كارەكەت. گۆرانییەكان بەتەواوی لەگەڵ خووەكانتدا دەگونجێن.

ئەم بەرچاوڕوونییە یارمەتیدەر بوو بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی بۆچی گۆرانیی "هێی یا!" شكستی هێنا سەرەڕای ئەو ڕاستییەی كە "جێبەجێكارانی میوزیك" و "Hit Song Science" دڵنیا بوون دەنگدانەوەیەكی باشی دەبێت. كێشەكە ئەوە نەبوو كە "هێی یا!" خراپ بوو، بەڵكوو ئەوە بوو گۆرانییەكە باو نەبوو لای گوێگران. گوێگرانی ڕادیۆ نەیان دەویست بڕیارێكی بەئاگاییانە بدەن هەركات گۆرانییەكی نوێ پەخش دەكرا لەبری ئەوە مێشكیان دەیەوێت شوێن خوویەك بكەوێت.

لە ڕاستیدا، زۆرینەی کات بڕیار نادەین گەر حەزمان بە گۆرانییەك بێت یان نا. ئەوەش کۆششێکی زۆری دەروونی پێویستە لەبری ئەوە کاردانەوەمان بۆ زانیارییەکان و خەڵاتەکان دەبێت و بەبێ بیرکردنەوە یان دەست بە گۆرانیوتن دەکەین یان دەگەینە کۆتایی و کەناڵەکە دەگۆڕین.




ئەڵقە (بازنە)ی خووپێوەگرتن

تا ڕادەیەك ئاریستا و مۆسیقاژەنەکان ڕووبەڕووی هەمان کێشەی جۆراوجۆر دەبوونەوە کە ئاندرو پۆلیش ڕووبەڕوویان دەبوویەوە لە تارگێت. گوێگرەکان خۆشحاڵن دانیشن بەدیار گۆرانییەکەوە ڕەنگە بڵێن کە حەزیان پێی نییە، تا ئەو ڕادەیەی پێشتر گوێیان لێی بووبێت.

ژنانی دووگیان دڵخۆش بە بەکارهێنانی پسوڵەی داشکاندن کە لە پۆستەکانەوە بۆیان دێت، مەگەر ئەوەی ئەو پسوڵەی داشکاندنانە دەریخەن تارگێت سیخوڕییان بەسەرەوە دەکات کە شتێکی نائارام و ناباوە.

وەرگرتنی پسوڵەی داشکاندنەکان ڕوونی دەکەنەوە تارگێت دەزانێت تۆ دووگیانیت، شتێکی ناشازە لەو شتەی کڕیار چاوەڕێی دەکات. وەك ئەوەیە بە بانکەرێکی بواری وەبەرهێنانی ٤٢ ساڵان بڵێیت لەگەڵ سێلین دیۆن گۆرانیت وتووە. شتێکی هەڵەیە!

کەوایە مۆسیقاژەنەکان چۆن قەناعەت بە گوێگرەکان دەکەن بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشن بە دیار گۆرانییەکانی وەک:

"!Hey Ya"ەوە تا پێی ڕابێن و ئاشنابێت لایان؟ تارگێت چۆن دەتوانێت ژنانی دووگیان قایل بکات پسوڵەی داشکاندنی دایبی بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی هەستێکی ناخۆشیان پێ بدات؟

بەوەی شتە نوێیەکان لە جلوبەرگی کۆندا دابنێ و واش لە شتە ناباوەکان بکات باو دەربکەون.

## سێیەم

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ەکاندا، حکومەتی ئەمریکا دەستی کرد بە ناردنی پێداویستیی گۆشتی ناوخۆی وڵات بە کەشتی بۆ ئەورووپا و ناوچەی دەریای هادی تا پشتگیریی سەربازەکانی بکات کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەشدار بوون.

لە وڵاتیشدا، بەردەستبوونی پارچە گۆشت (ستیك) و گۆشتی بەراز کەمیان کرد. لەو کاتەی ئەمریکا بەشداریی لە جەنگدا کرد لە کۆتاییی ١٩٤١دا، خواردنگەکانی نیو یۆرك گۆشتی ئەسپیان بەکار دەهێنا بۆ هەمبەرگر و بازاڕی ڕەش بۆ باڵندەی ماڵی دەستیان پێ کرد. پلەدارە فیدراڵییەکانی بواری جەنگ نیگەران بوون کە بەشداربوون لە جەنگی درێژخایەندا وا لە میللەت دەکات زۆر برسیبن بە هۆی نەمانی پرۆتینەوە. سەرۆکی پێشووتری وڵات هێربێرت هوڤەر لە ساڵی ١٩٤٣دا بۆ ئەمریکییەکانی نووسیی لە نووسراوی حوکومەتدا، "تا جەنگەکە درێژخایەنتر بێت، ئەم کێشەیەش گەورەتر و گەورەتر دەبێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. کێڵگەکانمان کورتهێنانیان هەیە لە کەمیی کرێکاردا تا چاودێریی مەڕوماڵاتەکان بکەن. لەسەروو ئەوانەشەوە، لەسەرمان پێویستە پێداویستیی بەریتانییەکان و ڕووسییەکانیش دابین بکەین. گۆشت و چەورییەکان لەم جەنگەدا وەک تانك و فڕۆکەکان گرنگن و دەبێت هێندەی ئەوان بن."

وەزارەتی بەرگریی وڵات بەنیگەرانییەوە لە دەیان کۆمەڵناس و دەروونناس و مرۆڤناسی ناوداری وڵات نزیکبوویەوە لەنێویشیاندا، مارگرێت مید، کورت لێوین ی بەردەوام بوون تا ببنە کەسانی ناودار لە بوارەکەیاندا. ئەرکیان ئەوە بوو، چۆن بتوانن ڕێگەیەك بدۆزنەوە قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکەن گۆشتی ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ بخۆن، وا لە کابانەکانی ماڵ بکەن خزمەتی هاوسەر و منداڵەکانیان بکەن بە پێدانی ئەو خواردنانەی پڕن لە پرۆتین وەك: جگەر، دڵ، گورچیلە، مێشك، مەعیدە، ڕیخۆڵەکان کە جێماون پاش ئەوەی گۆشتە سەرەکییەکانی وەك پەراسوو نێردرانە دەرەوە.

لەو کاتەدا خواردنی گۆشتی ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵان لە ئەمریکا شتێکی باو نەبوو. ژنێکی ئاست مامناوەند لە ساڵی ١٩٤٠دا، زووتر برسیی دەبوو وەك لەوەی مێزەکەی بە خواردنی دزراو پڕ بکات. کاتێك زاناکان ناویان تۆمار کرد لە دەستەیەکدا تایبەت بە خووەکانی خواردن بۆ یەکەم جار لە ١٩٤١دا بینییان، ئامانجێکیان بۆ خۆیان دانا بە شێوەیەکی سیستماتیکی ناسینەوەی بەربەستە کولتوورییەکان کە ئەمریکییەکانی خاو دەکردەوە لە هاندانی خواردنە گۆشتییەکانی ئەندامانی ناوەوەی ئاژەڵان. بە هەموویەوە لە کۆتاییدا زیاتر لە ٢٠٠ لێکۆڵینەوە بڵاو کرایەوە، مەبەستی سەرەکیشیان هەمان دۆزینەوەیان لەخۆ گرتبوو. بۆ گۆڕینی ڕجێمی خەڵکی، پێویستە ئاشنا بکرێن بە خواردنی ئەندامانی ناوەوەی ئاژەڵان (خەڵکی بە خواردنیان ڕابێن). بۆ کردنی ئەوەش، پێویستە لە جلوبەرگی ڕۆژانەدا بشاردرێنەوە.

زاناکان بەم ئەنجامە گەشتن، بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکەن جگەر و گورچیلە بخۆن، پێویست بوو کابانەکان بزانن وا لە خواردن بکەن ڕەنگ و تام و بۆنیان هاوشێوەی ئەو خواردنانە بێت کە خێزانەکانیان چاوەڕێ بوون لەسەر مێزی ژەمی ئێوارە بیانبینن. بۆ نموونە، کاتێك ئەو کەسانەی بەرپرس بوون لە پێدانی خواردن بە سەربازەکان دەستیان کرد بە پێدانی کەلەرمی تازە بە سەربازەکان لە ساڵی ١٩٤٣دا، ڕەت کرایەوە، هەربۆیە کەلەرمەکە ورد کرا و کوڵێندرا تا وەك هەموو

سەوزەکانی تر دەربکەوێت لەسەر سینیی خواردنی سەربازەکان و دەیان خواردن بەبێ سکاڵا لە ژووری نانخواردندا.

لێکۆڵەرێکی نوێ هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە کرد و بەم دەرەنجامە گەشت، "سەربازەکان زیاتر ئەگەری خواردنی هەرشتێکیان هەبوو، باو بوایە یان نا، کاتێك وەك ئەزموونی پێشتریان ئامادە دەکرا و بە ڕێگایەکی نوێ و باویش پێشکەش دەکرا."

دەستەی خووەکانی خواردن بەو دەرەنجامە گەشتن کە ئاشناکردنی خواردنەکان بە خەڵکی، نهێنیی گۆڕینی ڕجێمی ئەمریکییەکانە. بەزوویی کابانەکان لە حکومەتەوە پۆستەریان پێگەشت، تیایاندا نووسرابوو، هەموو هاوسەرەکان حەزیان بە لەفەی سەمون، گورچیلە و (پارچە گۆشت) ستیك هەیە." قەسابەکان دەستیان کرد بە پێدانی ڕەچەتەی دروستکردنی لەفەی سەمونی جگەر.

چەند ساڵێکی کەم پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی دەستەکە داخرا. لەو کاتەدا خواردنی گۆشتی ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵان بووبوووە بەشێك لە ڕجێمی ئەمریکییەکان. لێکۆڵینەوەیەك دەریخست خواردنی پاشماوەی ئاژەڵانی سەربڕدراو لە ماوەی جەنگدا لە ٣٣٪ زیادی کرد و تا ساڵی ١٩٥٥ لە ٥٠٪ زیادی کرد.

گورچیلە بووبووە خواردنێکی سەرەکیی ژەمی ئێواران و جگەریش لە بۆنە تایبەتەکاندا ئامادە دەکرا. شێوازی خواردنی ئەمریکییەکان بە ڕادەیەك گۆڕابوو کە خواردنی ئەندامەکانی ناوەوە بووبوون بە سیمبولی ئاسوودەیی.

لەو کاتە بەدواوە حکومەتی ئەمریکا دەیان کۆششی تریان کرد تا ڕجێمی خواردنەکانمان بەرەوپێش بەرن بۆ نموونە: کەمپینی "فایف دەی"" هەبوو مەبەست لێی هاندانی خەڵکی بوو تا پێنج سەوزە یان میوە بخۆن، هەروەها هاندانی خەڵکی تا شیر و پەنیری کەم چەوری بخۆن. هیچ کامیان نەبەسترانەوە بە دەرەنجامەکانی دەستەکەوە. هیچ کەس هەوڵی نەدا بۆ شاردنەوەی پێشنیارەکانیان لە خووەکانی ئێستایاندا و لە ئەنجامدا هەموو کەمینەکان شکستیان هێنا. لەمڕۆدا تاکە پرۆگرامی

حوکومەت تا ئێستە بووبێتە هۆی گۆڕانی کۆتایینەهاتوو لە ڕجێمی ئەمریکییەکاندا، هاندانی خەڵکی بوو بۆ خواردنی ئەندامەکانی ناوەوەی ئاژەڵ لە ساڵی ١٩٤٠ەکاندا.

•••

هەرچەندە ئێستگەکانی ڕادیۆ و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک تارگێت کەمێک زیاتر ئاگادار بوو. بۆ ئەوەی وا لە گۆرانیی "هێی یا!" بکرێت ڕیکۆرد تۆمار بکات، بەزوویی مۆسیقاژەنەکان بۆیان دەرکەوت پێویستە لەسەریان وا لە گۆرانییەکە بکەن باو دەربکەوێت لای خەڵکی و بۆ کردنی ئەوەش شتێکی تایبەت پێویست بوو.

کێشەکە ئەوە بوو بەرنامەکانی کۆمپیوتەر وەک: Hit Song Science زۆر باش بون لە پێشبینیکردنی خووەکانی خەڵکیدا، بەڵام هەندێک کات ئەو بەرنامانە هەندێک خوویان دەدۆزییەوە کە هێشتا نەبووبوونە باو و کاتێک کۆمپانیاکانی بواری بازاڕکردن بۆ ئەو خووانەی ئاشنا نەبووین پێیان یان خراپتر لەوەیش نامەناوی دانیان پیادابنێین بۆ خۆمان، وەک حەزکردنی نهێنیمان بۆ باڵاد (هەڵبەست)ە هەستبزوێنەکان، مەترسیی کۆمپانیاکان بۆ داخرانیان. گەر دوکانی بەقاڵەکان شانازی بکەن بە وەسفکردنی خۆیانەوە و بڵێن، "ئێمە خواردنی هەڵبژێردراوی زۆرمان هەیە لە بەروبوومی دانەوێڵەی پڕ شەکر و ئایسکرێم." ئەوا کڕیارەکانیش دوور دەگرن. گەر قەسابێک بڵێت، "ئەمە پارچەیەک ڕیخۆڵەیە بۆ ژەمی ئێوارەت." ئەوا کابانێکی ساڵانی ١٩٤٠ەکان خواردنی کاسیرۆڵی توون پێشکەش دەکات. کاتێک ئێستگەیەکی ڕادیۆ شانازی بکات و بڵێت، "هەموو نیو کاتژمێر جارێک گۆرانیی سێلین دیۆن پەخش دەکەین." ئەوا هیچ کەسێک گوێی بۆ ڕاناگرێت. هەربۆیە لەبری ئەوە خاوەن سوپەرمارکێتەکان قەناعەت بە کڕیارەکان دەکەن تا سێو و تەماتەکانیان لێ بکڕن و قەسابەکانیش لە ١٩٤٠ەکاندا بە جگەریان دەوت "ستیکی نوێ."

گۆرانیی "هێی یا!" دەبوو ببێتە بەشێکی سەرەکی لە خووی گوێگرتن تا ببێتە گۆرانییەک ڕیکۆرد تۆمار بکات بۆ ئەوەش لە سەرەتادا دەبوو کەمێک بشاردرێتەوە بەو جۆرەی کابانەکان گورچیلەیان لەناو لەفەی سەمونی گۆشتدا دەشاردەوە. لە WIOQ لە فیلادلفیا، ئێستگەکانی تریش لە وڵاتدا، دڵنیابوونەوە لەوەی هەرکات "هێی یا!"

پەخش دەکرا، بەجیا پەخش نەدەکرا، بەڵکوو لەنێو گۆرانییە ناودارەکانی تردا پەخش دەکرا.




مۆسیقاژەنەکان لەگەڵ هەموو گۆرانییەکی ڕیکۆردتۆمارکەردا "هێی یا!"یان پەخش نەدەکرد، بەڵکوو لە نێوبەندی هەندێك جۆری گۆرانیدا پەخش دەکرا کە ڕیچ مایەر بۆی دەرکەوت زۆر وەڕەسکار بوون هونەرمەندەکانی وەك:Blue Cantrell، ٣ Doors Down، Maroon ٥ ،.Christina Aguilera

لیستی گۆرانییەکانی ١٩-٩-٢٠٠٣ لە WIOQدا، ئەمە بوو:

١١:٤٣ "هییە ویزاوت یو " لەلایەن ٣ دۆرز.

١١:٥٤ "برێس " لەلایەن بلو کانترێڵ.

١١:٥٨ "هێی یا!" لەلایەن ئاوتکاست.

١٢:٠١ "برێس " لەلایەن بلو کانترێڵ.

لیستی گۆرانییەکانیان لە ڕێکەوتی ١٦-١٠-٢٠٠٣دا ئەمە بوو:

٩:٤١ "هاردەر تو برێس" لەلایەن ماروون٥.

٩:٤٥ "هێی یا!" لەلایەن ئاوتکاست.

٩:٤٩ "کانت هۆڵد ئەس داون" لەلایەن کریستینا ئاگیلێرا.

١٠:٠٠ "فۆرتین" لەلایەن فارێڵ.

لیستی گۆرانییەکانیان لە ڕێکەوتی ١٢-١١-٢٠٠٣دا ئەمە بوو:

٩:٥٨ "هییە ویزاوت یو " لەلایەن ٣ دۆرز.

١٠:٠١ "هێی یا!" لەلایەن ئاوتکاست.

١٠:٠٥ "لایك ئای لۆڤ یۆ" لەلایەن جەستین تیمبەرلەیك.

١٠:٠٩ "بەیبی بۆی" لەلایەن بییۆنسیٚ .

وێبستەر وتی: "بەڕێوەبردنی لیستێك لە گۆرانی هەمووی سەبارەت بە کەمکردنەوەی مەترسی بووە. ئێستگەکان پێویستە سەرکێشی بکەن لە گۆرانیی نوێدا، ئەگینا خەڵکی واز لە گوێڕاگرتن دەهێنن. بەڵام ئەو شتەی گوێگرەکان دەیانەوێت ئەو گۆرانییانەیە پێشتر حەزیان لێیان بووە، هەربۆیە دەبێت وا لە گۆرانییە نوێیەکان بکەن وەك کۆنەکان باو بن."

کاتێك بۆ یەکەم جار WIOQ گۆرانیی"هێی یا!"ی پەخش کرد لە سەرەتای مانگی نۆدا. هەرکات پەخش دەکرا، لە ٢٦،٦٪ ی گوێگرەکان ئێستگەکەیان دەگۆڕی. بەڵام کاتێك لە نێوبەندی گۆرانییە بەناوبانگەکاندا پەخش دەکرا لە مانگی ١٠دا، کەمی کرد بۆ لە ١٣،٧٪. تا مانگی ١٢ کەمی کرد بۆ ٥،٧٪ ئێستگەکانی ڕادیۆ ناودارەکانی تریش هەمان تەکنیکیان بەکار دەهێنا کە پەخشکردنی گۆرانییەکە بوو لە نێوبەندی گۆرانییەکاندا. ڕێژەی گوێنەگرتن بە هەمان شێوە کەمی کرد و لای ئەوانیش گوێگرەکان هێندە گوێیان لە Hey Ya! گرتبوو تا بووە گۆرانییەکی باو لایان. کاتێك بووە گۆرانییەکی ناودار WIOQ پانزە جار لە ڕۆژێکدا پەخشی دەکرد. خووەکانی گوێگرتنی خەڵکی گۆڕا بوون وەك لەوەی پێشبینییان دەکرد. خووی گوێگرتن لە Hey Ya! بووە بەشێك تیایاندا. گۆرانییەکە بەشداری لە خەڵاتەکانی گرامیدا کرد، زیاتر لە ٥،٥ ملیۆن ئەلبومی لیٚ فرۆشرا و بەم هۆیەوە ئێستگەکانی ڕادیۆش ملیۆنان دۆلاریان بەدەست هێنا. بارتێلس پێی وتم، "ئەم گۆرانییە گرووپی OutKast ی بردە ڕیزی سوپەرستارەکانەوە. ئەمەش بووە هۆی ناساندنیان بە گوێگرانی دەرەوەی هیپ هۆپ. شتێکی دڵخۆشکەرە کاتێك هونەرمەندێکی نویٚ گۆرانییەکی نویٚ تۆمار دەکات، دەڵێت ئەمەش دەبێت بە"هێی یا!"یەکی تر.

پاش ئەوەی ئاندرو پۆڵ ئامێری پێشبینیکردنی دووگیانی دروست کرد کاتێک سەدان هەزار کڕیاری مێینەی دۆزییەوە کە دووگیان بوون، کەسێک ڕوونی کردەوە هەندێک یان ڕەنگە زۆرینەی ژنەکان کەمێک نیگەران بن گەر شتێکیان بەدەست بگات بەری بخات تارگێت دەزانێت دووگیانن، هەربۆیە هەمووان بڕیاریان دا هەنگاوێک بێنە دواوە و دووبارە بیر لە بژاردەکانیان بکەنەوە.

بەشی بازاڕکاری پێیان وابوو شتێکی ژیرانەیە گەربێتوو هەندێک تاقیکردنەوەی بچووک بکەن بەر لە پەردەلادان لەسەر کەمپینێکی نەتەوەیی. توانایان هەبوو کۆمەڵێک پۆستەچی بەتایبەت پلان بۆدانراو بۆ کۆمەڵێک کڕیاری کەم بنێرن، هەربۆیە بە هەڕەمەکی ژنیان هەڵدەبژارد لە لیستەکەی پۆڵ تایبەت بە دووگیانەکان، دەستیان کرد بە تاقیکردنەوەی تێکەڵەیەک لە ڕیکلامەکان تا ببینن کاردانەوەی کڕیارەکان چۆنە.

جێبەجێکارێکی تارگێت پێی وتم، "توانامان هەیە نامیلکەیەکی ڕیکلام بۆ هەموو کڕیارەکان بنێرین کە بەتایبەت دیزاین کراوە بۆیان و لێی نووسراوە، "ئەمە هەموو ئەو شتانەن هەفتەی پێشوو کڕیوتن و پسوڵەی داشکاندنێکیشە بۆی." هەموو کات ئەوە دەکەین بۆ بەرهەمە سەوزە و میوەهاتەکان.

هەرچەندە لەگەڵ بەرهەمە دووگیانییەکاندا بۆمان دەرکەوت هەندێک ژن کاردانەوەی خراپیان دەبێت پاشان دەستمان کرد بە تێکەڵکردنی هەموو ئەم ڕیکلامانە لەگەڵ ئەو شتانەی دەمانزانی کە ژنانی دووگیان هەرگیز نایان کڕن. بۆیە ڕیکلامی منداڵانەکان هەڕەمەکی بوون. ڕیکلامێکی چیمەنبڕمان لە تەنیشتن داینییەکانەوە دادەنا، پسوڵەیەکی داشکاندنی گڵاسی شوشەمان لە تەنیشت پۆشاکی منداڵانەوە دادەنا. بەو جۆرە وا دەردەکەوت هەموو بەرهەمە لێکچووەکان بە چانس هەڵبژێردراون.

بۆمان دەرکەوت تا ئەو ساتەی ژنانی دووگیان پێیان وایە سیخوڕییان بەسەرەوە نەکراوە پسوڵەی داشکاندنەکانیان بەکار دەهێنا. پێی وایە هەمووانی تریش لە کۆڵانەکەیدا هەمان پۆستەی بۆ دایبی و بێشکە بۆ هاتووە. تا ئەو کاتەی نەیانترسێنین، سوودی دەبێت."

وەڵامی پرسیارەکەی پۆڵ و تارگێت، چۆن ڕیکلام دەکەیت بۆ ژنێکی دووگیان بەبێ ئەوەی ئاشکرای بکەیت تۆ دەزانیت ئەو دووگیانە؟ هەمان شت بوو مۆسیقاژەنەکان بەکاریان هێنا تا گوێگرانیان وا لێ بکەن گوێ لە "هێی یا!" بگرن. تارگێت دەستی کرد بە دانانی پسوڵەیەکی داشکاندنی دابیبیەکان لەنێو بەرهەمەکانی پێوەست بە نادووگیانی کە وای لە ڕیکلامەکان کرد نەناسراو و ئاشنا و ئارامبەخش دەربکەون. ئەو شتەیان دەشاردەوە کە دەیانزانی.

بەزوویی فرۆشەکانی "Mom and Baby"ی تارگێت دەنگیان دایەوە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٩دا، کاتێک پۆڵ بەکرێ گیرا، سەرمایەی تارگێت لە ٤٤ ملیارد دۆلارەوە بۆ ٦٥ ملیارد دۆلار زیادی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، سەرۆکی کۆمپانیاکە، گریگ ستینهافل، شانازی دەکرد لای ژوورێکی پڕ لە وەبەرهێنەوە سەبارەت بە جەختکردنەوەی چڕی کۆمپانیاکە لەسەر بڕگە و پۆل (کاتیگۆری)یەکان کە تایبەت بوون بە بەشەکانی میوانی تایبەت وەک: "دایک و منداڵ-Mom and Baby".

وتی، "کاتێک ئامێری داتابەیسەکانمان زۆر پێشکەوتن، پۆستەی تارگێت بووە سەربەخۆ و وەک ئامێرێکی سوودبەخش بۆ زیادکردنی بەها و ئاسانکاری بۆ بەشی میوانی تایبەت وەک: دایکان و هەرزەکارانی نوێ. بەشی منداڵانی تارگێت دەتوانێت قۆناغەکانی ژیان دیاری بکات لە پشکنینی دایک لای دوکتۆرەوە بۆ شوێنی دانیشتن لە سەیارە و ڕەوڕەوەی منداڵانیشدا.

فرۆشتنی گۆرانیی نوێ، خواردنی نوێ، بێشکەی نوێ، تیایاندا وانەکە هەمان شتە، گەر شتێک بە خووی کۆن بپۆشیت، ئاسانترە تا خەڵکی پەسەندت بکەن.

## چوارەم

بەسوودی ئەم وانەیە سنووردار نەکراوە بۆ کۆمپانیا گەورەکان، بریکارەکانی حوکومەت، یان کۆمپانیاکانی ڕادیۆ هیواخوازن زاڵبن بەسەر حەزەکانماندا و قۆرخیان بکەن. دەکرێت هەمان ئەم بەرچاوڕوونییانە بەکاربهێندرێن تا جۆری ژیانکردنمان بگۆڕین بۆ نموونە:

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، دوو ژمێریار لەلایەن "YMCA"وە بەکرێ گیران، یەکێك لە گەورەترین ڕێکخراوە ناقازانجەکانی وڵات تا کاریگەریی فاڵگرتنەوە لەسەر بنەمای زانیاری بەکار بهێنن تا جیهان بکەنە شوێنێکی تەندروستتر.

YMCA زیاتر لە ٢٦٠٠ لقی هەیە لە ئەمریکادا، زۆرینەیان هۆڵی لەشجوانی و سەنتەرەکانی کۆمەڵگەن. نزیکەی دەیەیەك لەمەوبەر ڕابەرەکانی ڕێکخراوەکە نیگەران بوون دەربارەی ئەوەی چۆن لە کێبڕکێکەدا بمێننەوە. پرسیاریان لە زانای کۆمەڵایەتی و بیرکاریزان، بیل لازاروس و دین ئابۆت، کرد بۆ یارمەتی.

ئەم دوو پیاوە داتایان کۆ کردەوە لە زیاتر لە ١٥٠،٠٠٠ ڕاپرسیی قایلبوونی ئەندامانەوە کە ساڵانی پێشوو کۆ کرابوونەوە و دەستیان بە گەڕان کرد بۆ شێوازەکان.

لەو کاتەدا ژیریی قبووڵکراو لەنێوان جێبەجێکارەکانی YMCAدا، ئەوە بوو کە خەڵکی ئامێری ڕاهێنانکردن و پێداویستیی مۆدێرن و چاکیان دەویست. YMCA ملیۆنان دۆلاری خەرج کرد لە دروستکردنی ژووری بەرزکردنەوەی قورسایی و ستۆدیۆی یۆگادا. هەرچەندە کاتێك ڕاپرسییەکان شیکرانەوە دەرکەوت کە سەرنجراکێشیی پێداویستییەکە (ئامێرەکە) و بەردەستی ئامێرەکانی ڕاهێنانکردن وایان لە خەڵکی کردووە هەر یەکەم جار بەشداری بکەن و ئەوەش وای لێ کردن بمێننەوە، شتی تر بوو.

زانیارییەکە دەریخست پاراستنی داتاکە بە هۆکاری هەستییەوە بوو وەکوو ئاخۆ فەرمانبەرەکانی ناوی ئەندامەکانیان دەزانی یان کاتێك دەهاتنە ژوورەوە سڵاویان دەکرد. دەرکەوت زۆرینەی جار خەڵکی دەچن بۆ هۆڵی لەشجوانی بۆ گەڕان بۆ پەیوەندیی مرۆڤەکان نەك ئامێری ڕاهێنانکردن. گەر ئەندامێك هاوڕێیەکی پەیدا بکردایە لە YMCA، ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوەی هەبوو لە وانەکانی ڕاهێناندا بەشداربن. بە واتایەکی دیکە، ئەو کەسانەی پەیوەندی بە YMCAوە دەکەن و خووی دڵنیاییی کۆمەڵایەتییان هەیە، گەر لەوێ قایل بکرانایە ئەوا ئەندامەکان دڵخۆش دەبوون.

گەر YMCA بیویستایە هانی خەڵکی بدات بۆ ڕاهێنانکردن، ئەوا پێویست بوو سوود لە شێوازەکان وەربگرێت کە پێشتر بوونیان هەبوو، کارمەندەکان فێر بکات تا ناوی سەردانکەرەکانیان بیربمێنێت. ئەوە جیاوازیی وانەکەیە فێر دەبوون لەلایەن تارگێت و مۆسیقاژەنەکانی ڕادیۆوە: بۆ فرۆشتنی خوویەکی نوێ، لەم دۆخی ڕاهێنانکردنەدا، دەیان پێچایەوە لە شتێکدا کە خەڵکی پێشتر دەیانزانی و حەزیان لێی بوو وەك حەزکردن بۆ ڕۆشتن بۆ شوێنێك کە پەیداکردنی هاوڕێی نوێی تیایدا ئاسان بێت.

لازاروس پێی وتم، "دەمانەوێت ئەو ڕێگە فێربین کە چۆن وا لە خەڵکی بکەین لە هۆڵی لەشجوانی بمێننەوە. خەڵکی دەیانەوێت سەردانی ئەو شوێنانە بکەن پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان پڕ دەکەنەوە (دابین دەکەن). گەر وا لە خەڵکی بکەین بێن بە گرووپ بەشداری ڕاهێنانەکان بکەن، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە وایان لێ دێت لەگەڵ ڕاهێنانکردنەکە ڕابێن و بەردەوام بن. تۆ دەتوانیت بەم ڕێگەیە تەندروستیی میللەت بگۆڕیت."

بەزوویی ڕۆژێك دێت پسپۆڕەکانی بوارە شیکردنەوەی پێشبینی دەڵێن، "دەکرێت کۆمپانیاکان بزانن حەزەکانمان چین و پێشبینیی خووەکانمان بکەن باشتر لەوەی خۆمان دەزانین. هەرچەندە زانینی ئەوەی کە ڕەنگە کەسێك جۆرە براندێکی تایبەتی کەرەی بستەی لا پەسەند بێت بەس نەبێت تا وایان لێ بکەیت کار لەسەر ئەو پەسەندییەیان بکەن. بۆ بەبازاڕکردنی خووی نوێ، پێویستە بزانیت چۆن وا لە ڕۆمانەکە دەکەیت ئاشنا دەربکەوێت.

کۆتا جار کە قسەم لەگەڵ ئاندرو پۆڵ کرد، ئاماژەم پێ دا کە ژنەکەم ٧ مانگە بە منداڵی دووەممانەوە دووگیانە. پۆڵ خۆی منداڵی هەیە، هەربۆیە کەمێك باسی منداڵمان کرد. وتم، لە کاتی بۆنەکاندا من و ژنەکەم لە تارگێت بازاڕ دەکەین. نزیکەی ساڵێك بەر لە ئێستە ناونیشانەکەمانم دا بە کۆمپانیاکە، تا بتوانین بە پۆستە پسولەی داشکاندنمان بەدەست بگات. بەم دواییيانە، بە نزیکبوونەوەی لەدایکبوونی منداڵەکە

تێبینیی بەرەوپێشچوونێکی لەناکاوم لە ژمارەیەک ڕیکلامی دایبییەکان، کرێم، جلووبەرگی منداڵاندا کرد کە بۆمان دەهات.

لە کۆتاییی هەفتەدا پلانی بەکارهێنانی هەندێک لەو پسوڵەی داشکاندنانەم دادەنا، هەروەها بیرم لە کڕینی بێشکەیەک و هەندێک پەردەیش دەکردەوە بۆ ژووری منداڵە بچووکەکەمان. بەڕاستی سوودبەخش بوو، چونکە تارگێت کتومت ئەو پسوڵەی داشکاندنانەی دەنارد من پێویستم بوون.

پۆڵ وتی، "تەنها چاوەڕێ بە تا منداڵەکە لەدایک دەبێت، هەندێک پسوڵەی داشکاندنت بۆ دەنێرین بۆ شتانێک کە پێویستن تەنانەت بەر لەوەی بزانیت ئەو شتانەت دەوێت."

ڕاپۆرتی ئەم بەشە پشتی بەستووە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان فەرمانبەری ئێستا و ڕابردووی تارگێتدا. تارگێت دەرفەتی پێ درابوو بۆ پێداچوونەوە و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی ئەم بەشە و داوای لێ کرا وا لەو جێبەجێکارانە بکات کە بەشدار بوون لە بەشی شیکاری، میوانەکان بەشداری بکەن لە چاوپێککەوتنی ڤیدیۆییشدا. کۆمپانیاکە ڕەتی کردەوە وا بکات و وەڵامی ئەو پرسیارانەش بداتەوە لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان دەکەن، جگە لە دوو ئیمەیڵ. یەکەمیان تیایدا نووسرابوو،

"لە تارگێت پەیاممان ئەوەیە وا لە تارگێت بکەین ببێتە شوێنی پەسەندکراوی بازاڕکردن بۆ میوانەکان بە ناردنی بەهای نایاب، داهێنانی بەردەوام و ئەزموونی میوانی جیاواز وە بەردەوام هێنانەدی بەڵێنی لقەکەمان: چاوەڕێی زیاتر بە! پارەی کەمتر بدە!"

لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر بەپەرۆشییەوە جەخت لەسەر ئەم پەیامە دەکەینەوە، کۆمەڵێک وەبەرهێنانی زۆرمان کرد لە تێگەشتن لە خواستەکانی میوانەکانمان. بۆ یارمەتیدانی ئەم کۆششە ژمارەیەک ئامێری لێکۆڵینەوەمان پەرە پێ دا یارمەتیمان دەدات لە بەدەستهێنانی بەرچاوڕوونیی بەرەوپێشچوون و خواستەکانمان لەنێوان چەندین بەشی دیمۆگرافیی جیاوازی ژمارەی میوانەکانمان. ئەو داتایانە بەکار

دەهێنێت لەو ئامێرانە وەرگیراون بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێکخستنی دوکانەکانمان، هەڵبژاردنی بەرهەمەکان و پسوڵەکانی داشکاندن و چەندین شتی دیکەش.

ئەم شیکردنەوەیە ڕێگە بە تارگێت دەدا گرنگترین ئەزموونی بازاڕکردن پێشکەشی میوانەکانمان بکات بۆ نموونە: لە ماوەی مامەڵەکردنی نێو دوکاندا، ئامێری لێکۆڵینەوە دەتوانێت پێشبینیی گرنگترین داواکارییەکانیان بکات بۆ میوانی تایبەت لەسەر بنەمای کڕینەکانیان کە دەکرێت لەگەڵ ڕەچەتەکاندا بنێردرێت.

لەوە زیاتریش، هەندێك بەرنامەی هەڵبژێردراوی وەك تۆمارکردنی منداڵ یارمەتیی تارگێتی دەدا تا بزانن چۆن پێویستییەکانی میوانەکان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن کە وامان لێ دەکەن شتانێك پێشکەش بە دایکانی نوێ بکەین بەو پسوڵانەی پارەی زۆریان تێ ناچێت.

باوەڕمان وایە ئەم کۆششانە ڕاستەوخۆ لە سوودی میوانەکاندان بە ئامادەکردنی بڕێکی زۆر لەو شتانەی دەیانەوێت و پێویستیانە لە تارگێت. سوودی تارگێتیشی تیابووە بە هۆی بنیادنانی پردێکی ڕاستگۆیی بەهێزتری کڕیار، زیادکردنی چەندێتیی بەبازاڕکردن و ناردنی فرۆشی زیاتر و توانای قازانجەوە.

ئیمەیلی دووەم تیایدا نووسرابوو، "زۆرینەی وتەکانتان زانیاریی نادروستیان تێدایە، بڵاوکردنەوەیان دەبێتە هۆی بەلاڕێدابردنی خەڵکی. نامانەوێت دانە بە دان ئاماژە بە وتەکان بدەین. تارگێت ڕێکاری یاسایی دەگرێتە بەر و لەگەڵ یاسادا لە پەیوەندیدایە بۆ ئەوانەی پەیوەستن بە زانیاریی تەندروستیی پارێزراوەوە."

# بەشی سێیەم

## خووەکانی کۆمەڵگاکان

٨

# کەنیسەی سادڵباك و بایکۆتی پاسەکانی مۆنتگۆمەری

## چۆن ڕووداوەکان ڕوودەدەن؟

پاسی کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هێڵی کلیڤلاند لە قەراغ جاددەکە وەستا و ژنێکی بچووکی تەمەن ٤٢ ساڵانی ئەفریقی-ئەمریکی بە چاویلکەیەکی بێ چوارچێوە و چاکەتێکی قاوەییی فەرمییەوە سەرکەوتە ناو پاسەکە و دەستبەجێ دەستی برد بۆ جزدانەکەی و دە سەنتی کرێی تا کەرتی ٨.١١ دەرهێنا.

لە ڕێکەوتی ١-١٢-١٩٩٥ ڕۆژی پێنجشەممەدا، لە مۆنتگۆمەری، ئالاباما، ڕۆزا پارکس ڕۆژێکی درێژی بەسەر برد لە شوێنی کارکردنەکەیدا. پاسەکە پڕ بوو لە سەرنشین و بەپێی یاساش، چوار ڕیزی سەرەتا تایبەت کرابوون بۆ سپیپێستەکان. ئەو شوێنەی کە ڕەشپێستەکان ڕێیان پێ درابوو تا تیایدا دابنیشن، کورسییەکانی ڕیزی دواوە بوون. کورسییەکانی دواوە پڕ بوون هەربۆیە ژنەکە، ڕۆزا پارکس، لە ڕیزی ناوەڕاستدا دانیشت، ڕێک لە پشتەوەی بەشە سپییەکەدا.

کاتێك پاسەکە لە ڕێی خۆی بەردەوام بوو، خەڵکی زیاتر سەرکەوتن و بەزوویی هەموو ڕیزەکانی پڕ بوون، هەندێك لە سەرنشینەکان کە سپیپێستیشیان تێدابوو، لەنێوان بۆشاییی ڕیزەکاندا وەستابوون و دەستیان گرتبوو بە جێدەستەکەی سەرەوە. شۆفێری پاسەکە، جەیمس ئێف بلەیك، پیاوە سپیپێستەکەی بینی لەسەر پێیەکانی وەستابوو، هاواری لە گەشتیارە ڕەشپێستەکان دەکرد لە شوێنەکەی پارکس تا لە شوێنەکانیاندا هەستن، بەڵام ئەوە بوو هیچ کەس نەجوڵا. دەنگەدەنگ بوو، ڕەنگە گوێیان لێ نەبووبێت. شۆفێرەکە پاسەکەی لە شوێنی وەستانی پاسەکاندا لەبەردەم سینەمای ئێمپایەر لە شەقامی مۆنتگۆمەریدا ڕاگرت و گەڕایەوە دواوە.

وتی، "باشترە لەسەر خۆتانی سووك بکەن و ڕێم بدەن ئەم شوێنانە بۆ من بن! سێ لە سەرنشینە ڕەشپێستەکان چوونە دواوە، بەڵام پارکس لە شوێنی خۆی نەجوڵا. بە شۆفێرەکەی وت، "لە بەشی سپیپێستەکاندانیم و جگە لەوەش یەك سەرنشینی سپیپێست بە پێوە وەستاوە!"

بلەیك وتی، "گەر هەڵنەسیتە سەر پێ، ئەوا پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەم تا بێن و بتگرن."

ڕۆزا پارکس وتی، "دەتوانیت بیکەیت."

شۆفێرەکە ڕۆشت و دوو پۆلیسی بینی و لەگەڵ خۆیدا هێنانی، پاش ئەوەی سوار پاسەکە بوون یەکێکیان لە سەرنشینەکەی پرسی، "بۆچی هەڵناسیت؟"

ڕۆزا وتی، "بۆچی بەتووڕەیییەوە پێمان دەڵێیت؟"

پۆلیسەکە وەڵامی دایەوە، "نازانم، بەڵام یاسا یاسایە و تۆش لەژێر فەرمانی دەستگیرکردندایت."

هەرچەندە لەو ساتەدا هیچ کام لە سەرنشینەکانی ناو پاسەکە نەیاندەزانی "بزوتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل) " گۆڕاوە. ئەو ڕەتکردنەوە بچووکە یەکەم ڕەتکردنەوە بوو لە زنجیرە کردارێکدا کە جەنگەکەیان گۆڕی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ڕەگەز لە هەوڵدانێکی چالاکوانەکانەوە لە دادگا و ئەنجومەنی

پاسادانانەوە بۆ پێشبڕکێیەک کە هێزی خۆی دەسەپێنێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا و دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆپیشاندانی بەرفراوان.

بەدرێژایی سالی دواتر، ژمارەی ڕەشپێستەکانی مۆنتگۆمەری زیادی کرد و بایکۆتی پاسەکانی شاریان کرد. کاتێک ناڕەزاییەتییەکانیان کۆتایی دێت، جیاوازیی ڕەگەزپەرستی لە نێو ئامێرەکانی گواستنەوەی گشتیدا نەمێنێت. بایکۆتەکە لە ڕووی ئابوورییەوە هێلی پاسەکانی داڕماند. دەیان هەزار کەسی ڕژاندە سەر شەقامەکان، ڕۆلێتی ئاساند بە گەنجێکی کاریزما بە ناوی مارتن لوسەر کینگ. بزوتنەوەیەکی دروست کرد کە بڵاوبوویەوە بە شارەکانی لیتڵ ڕۆک، گرینسبۆرۆ، ڕالی و بێرمینگهام لە کۆتاییشدا بۆ کۆنگرێس.

پارکس بووە پاڵەوان و مەدالیای سەرۆکایەتی بۆ ئازادی پێ بەخشرا و بووە نموونەیەکی درەوشاوە لەوەی کە چۆن بەتەنها جوڵەیەکی بەرگریکردن دەتوانێت جیهان بگۆڕێت.

بەڵام ئەوە تەواوی چیرۆکەکە نییە. ڕۆزا پارکس و بایکۆتەکە بوونە خاڵی سەرەکیی کەمپینی "بزوتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل)" نەک تەنها لەبەر جوڵەیەکی تاکەکەسی بەرگریکردن، بەڵکوو لەبەر شێوازە کۆمەڵایەتییەکان. ئەزموونەکانی پارکس وانەیەکی باش لە هێزی خووە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشکەش دەکەن. هەڵسوکەوتەکان کە بەبێ بیرکردنەوە ڕوودەدەن، لە تەواوی دەیان، سەدان یان هەزاران کەسدا کە زۆر جار بیانبینیت کاتێک دروست دەبن تیایاندا، بەڵام هێزێکیان تێدایە کە دەتوانێت جیهان بگۆڕێت.

خووە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شتانەن شەقامەکان پڕ دەکەن لە خۆپیشاندەر کە ڕەنگە یەکتریش نەناسن، یان ڕەنگە بە هۆکاری جیاوازەوە هاتبنە سەر شەقام، بەڵام بە هەمان ئاڕاستە دەجوڵێن.

خووە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شتانەن کە بۆچی هەندێک پلانی نوێ دەبنە بزووتنەوەکانی گۆڕینی جیهان لە کاتێکدا ئەوانی تر شکست دێنن. ئەو هۆکارەی کە بۆچی خووە کۆمەڵایەتییەکان هێندە کاریگەرییان هەیە، لەبەر ئەوەی بناغەی زۆرێک

شۆڕشە گەورەکان و هەڵکشانە ئاساییەکان لە کەنیسەکاندا لە بزووتنەوەکانن. شۆڕشە گەورەکان و هەڵکشانە ئاساییەکان لە کەنیسەکاندا
لە بزووتنەوەکانن. پرۆسەیەکی سێ بەشییە کە مێژووناسەکان و کۆمەڵناسەکان
خەڵکی ئامادە دەبن، پرۆسەیەکی سێ بەشییە کە مێژوونا دەکەونەوە.

دەڵێن دووبارە و دووبارە دەر دەکەونەوە.

لەبەر خووە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڕێیەتی و پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئاسیاوە نزیکەکان بزووتنەوە دروست دەبێت و لەبەر خووەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی لاوازەکان کە دراوسێ و هۆزەکان پێکەوە دەبەستێتەوە گەورەتر دەبێت.

لەبەر ئەوەی ڕابەرانی بزووتنەوەکە خووی نوێ بە بەشداربووان دەدەن کە هەر شتێکی نوێی ناسراو دروست دەکات و لەگەڵ هەستی خاوەندارێتیدا بەرگەی ناڕەحەتییەکان دەگرێت.

زۆر کات ئەو دەمانەی ئەم سێ بەشەی پرۆسەکە بەدیهێنران، بزووتنەوەکە بەبێ ئەوەی کاریگەری دەربکەوێت بەردەوامی دەبێت و دەگاتە خاڵێکی ڕەخنەیی. چەند خاڵێکی تر بۆ گۆڕانی سەرکەوتووی کۆمەڵایەتی هەن و سەدان وردەکاری کە جیاوازن لەنێوان ناوچەکان و کۆششەکاندا، بەڵام تێگەشتن لەوەی خووە کۆمەڵایەتییەکان چۆن کار دەکەن یارمەتیدەر دەبێت لە شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی مۆنتگۆمەری و ڕۆزا پارکس بوونەتە یارمەتیدەر بۆ دروستبوونی "بزوتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل)".

خۆلیانەدەر نەبوو، یاخیبوونەکەی پارکس لەو ڕۆژی زستانەدا، بووە هۆی ڕوودانی هەر شتێك جگە لە دەستگیرکردنی. پاشان خووی دیکە تەداخولی کردەوە شتێکی سەرنجڕاکێش ڕوویدا.

•••

ڕۆزا پارکس یەکەم سەرنشینی ڕەشپێست نەبوو بۆ شکاندنی یاسای تایبەت بە پاسەکانی مۆنتگۆمەری بخرێتە زیندانەوە، تەنانەت لەو ساڵەشدا یەکەم کەس نەبوو. لە ١٩٤٦دا، گێنیڤا جۆنسن یەکەم کەس بوو بە هۆکاری وەڵامدانەوەی شۆفێرێکی پاس لەسەر شوێنی دانیشتن دەستگیر بکرێت.

لە ساڵی ١٩٤٦دا، ڤیۆلا وایت، کاتی وینگفیلد و دوو منداڵی ڕەشپێست دەستگیر کران، لەبەر ئەوەی لە کورسیی سپیپێستەکاندا دانیشتبوون و ڕەتیان کردەوە چۆڵی

بکەن. هەر لەو ساڵەدا دوو گەنجی ڕەشپێست لە نیوجێرسییەوە هاتبوون بۆ سەردان، دەستگیر کران و خرانە زیندانەوە بە هۆکاری شکاندنی یاساوە بە دانیشتن لە تەنیشت پیاو و کوڕێکی سپیپێستەوە. لە ساڵی ١٩٥٢دا، پۆلیسێکی مۆنتگۆمەری تەقەی کرد و ڕەشپێستێکی کوشت کاتێک مناقەشەی لەگەڵ شۆفێرێکدا کرد. لە ساڵی ١٩٥٥دا، چەند مانگێک بەر لەوەی پارکس بخرێتە زیندانەوە کلاودێت کۆلڤین و ماری لویز سمیس لە دوو ڕووداوی جیاوازدا دەستگیر کران بە هۆی ئەوەی ڕەتیان کردەوە شوێنەکانیان بە سپیپێستەکان بدەن. هیچ کام لەو دەستگیرکردنانە نەبوونە هۆی بایکۆتکردن یان خۆپیشاندان. تایلەر برانچ پێی وتم، "لەو کاتەدا مۆنتگۆمەری زۆر چالاکوانی ڕاستەقینەی تێدانەبوو، خەڵکی خۆپیشاندانیان ڕێک نەدەخست و چالاکیش شتێک بوو لە دادگا ڕوویدەدا، شێک نەبوو کەسانی ئاسایی بیکەن."

بۆ نموونە، کاتێک مارتن لوسەری گەنج گەشتە مۆنتگۆمەری لە ساڵی ١٩٥٤دا ساڵێک بەر لە دەستگیرکردنەکەی پارکس، بینیی زۆرینەی ڕەشپێستەکانی شار بەبێ خۆپیشاندانی ئاشکرا جیاوازییەکانیان قبووڵ کرد. تەنها جیاوازییەکەیان قبووڵ نەدەکرد، بەڵکوو سوکایەتییەکەشیان قبووڵ دەکرد. بۆچی کاتێک پارکس دەستگیر کرا، شتەکان گۆڕان؟

هۆکارێکیان گۆڕانی بۆچوونی سیاسی بوو.

بەڵام ئەوە بەس نەبوو کە ڕوونی بکاتەوە بۆچی مۆنتگۆمەری بووە خاڵی سەرەکی بۆ "بزوتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل)". کلاودێت کۆلڤین و ماری لویز سمیس دەستگیر کران بە هۆی کەیسەکەی براون دژی بۆردی پەروەردە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان بە خۆپیشاندان نەکرد. ڕوون نەبوو کە چۆن بە شێوەیەکی خۆماڵی هەست بە کاریگەرییەکەی دەکرێت. مۆنتگۆمەری، ئاتلانتا و ئوستن و شارەکانی تر نەبوو پێشکەوتنی تیادا دەکرا، برانچ وتی، "مۆنتگۆمەری شوێنێکی زۆر ترسناک بوو، ڕەگەزپەرستی تیادابوو."

کاتێک پارکس دەستگیر کرا، شتێکی نائاسایی لە نێو شارەکەدا دروست بوو. ڕۆزا پارکس پێچەوانەی خەڵکانی تر کە دەستگیر کرابوون بە هۆی شکاندنی یاسای جیاوازیکردنی پاسەکان زۆر ڕێزی لێ نرا لەنێو کۆمەڵگەکەیدا.

هەربۆیە کاتێک دەستگیر کرا، زنجیرەیەک خووی کۆمەڵایەتی بەدوادا هات. خووەکانی هاوڕێیەتی بوونە هۆی سەرەتای خۆپیشاندانەکان. ئەندامێتیی پارکس لە دەیان تۆڕی کۆمەڵایەتی لە تەواوی مۆنتگۆمەریدا وای لە هاوڕێکانی کرد کاردانەوەیان هەبێت بەر لەوەی کەسانی خەمساردی ئاسایی کۆمەڵگە بتوانن کۆنترۆڵی تەواوەتی بکەن.

لەو دەمەدا ژیانی خەڵکانی ئاسایی لەو شارەدا، کۆنترۆڵ کرابوو لەلایەن سەدان گرووپی بچووکەوە کە بووە هۆی دروستبوونی سیستمی سەرەکیی کۆمەڵایەتیی شارەکەوە. هەموو گەنجەکان بەتایبەتیش ڕەشپێستە تازەپێگەشتووەکانی سەر بە یەکێک لەم شوێنانە بوون: یانە، کەنیسە، گرووپی کۆمەڵایەتی، سەنتەر و ڕێکخراوەکان زۆر کات لە یەک دانە زیاتریش. لەنێو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا، ڕۆزا پارکس زۆر ناودار بوو، زۆر خۆش دەویسترا. برانج لە مێژووی بزووتنەوەکەدا نووسیی، "هەمووان کۆک بوون لەسەر ئەوەی ڕۆزا پارکس یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی زیاتری بەخشی وەک لەوەی پێی درا. کەسایەتییەکی نیشان دا کە یەکێکە لەو کەسانەی خاڵی گۆڕانکارییان کرد لە گرافی سروشتی مرۆڤدا و کاریگەری لەسەر دەیان کەس و کەسانی بەخشراو هەبوو."

سکرتێری بەشی ناوخۆی NAACP بوو، ئامادەی کەنیسەی میسۆدیست بوو، یارمەتیی ڕێکخراوێکی گەنجانی دا لە کەنیسەی لوسێران لە نزیکماڵەکەی و چەند ڕۆژێکی کۆتاییی هەفتە وەک خۆبەخش لە کەمپدا کاری کرد.

ئەوانی تر لە ڕێکخراوی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە درەختەکانەوە، زۆر کات لە شەوانی چوارشەممانڎا پەیوەندیی دەکرد بە گرووپێک ژنەوە کە کاریان دوورینی بەتانی بوو بۆ نەخۆشخانە ناوخۆییەکان و وەک خۆبەخشێک پەیوەندیی کرد بە خزمەتگوزارییەکانی دوورینی جلوبەرگەوە بۆ خێزانە هەژارەکان. لە ڕاستیدا هێندە

زۆر تێکەڵ بوو لە کۆمەڵگەدا، پیاوەکەی سکاڵای کرد کە زۆر جار ژنەکەی لە دەرەوە نان دەخوات نەک لەماڵەوە.

بەگشتی کۆمەڵناسەکان دەڵێن، "زۆرینەمان هاوڕێمان هەیە کە وەک خۆمانن. ڕەنگە چەند ناسیاوێکی کەممان هەبێت دەوڵەمەندتر بن، هەندێک هەژارتر بن، هەندێکیشیان لە ڕەگەزی جیاواز، بەڵام بەگشتی پەیوەندییە قوڵەکانمان زیاتر حەز دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانە بین کە وەک خۆمانن، هەمان بڕە پارە بەدەست دەهێنن، لە هەمان باروودۆخەوە هاتوون."

هاوڕێیانی پارکس بەشدار بوون لە سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی مۆنتگۆمەریدا. ئەو شتەی هەبوو کە کۆمەڵناسەکان پێی دەڵێن، "پەیوەندییە بەهێزەکان" لەگەڵ دەیان گرووپ لە تەواوی مۆنتگۆمەریدا کە زۆرکات پەیوەندییان پێکەوە نەبوو. برانچ وتی، "ئەمە بەتەواوی کلیلەکەیە! ڕۆزا پارکس چینی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان و مۆنتگۆمەریشی بە گشتی بەرز کردەوە. هاوڕێ بوو لەگەڵ شوانەکان و پرۆفیسۆرەکانی کۆلێجیشدا."

•••

کاتێک ڕۆزا پارکس خرایە زیندانەوە بەزوویی کاریگەرییەکانی ئەو هاوڕێیەتییانە دەرکەوتن.لە وێستگەی پۆلیسەوە پەیوەندی بە دایک و باوکیەوە کرد، نیگەران بوو، دایکیشی نەیدەزانی کە دەبێت چی بکات، دەستی بە ڕۆشتن کرد بەناو توانای دەروونیی هاوڕێکانی پارکسدا، بە هەوڵدان لەوەی بیربکاتەوە لە کەسێک کە ڕەنگە بتوانێت یارمەتیی بدات.

پەیوەندیی کرد بە ژنی تی. دی نیکسۆن، بەرپرسی پێشووتری NAACP ی مۆنتگۆمەری و دواتریش پەیوەندیی بە پیاوەکەیەوە کرد و پێی وت، "پێویستە پارکس بە کەفالەت ئازاد بکرێت!" دەستبەجێ ئامادەی یارمەتیدانی دەربڕی و پەیوەندیی بە پارێزەرێکی سپیپێستی ناودارەوە کرد بە ناوی کلیفۆرد دور کە پارکسی دەناسی، چونکە جلی بۆ هەر سێ کچەکانی دەدووری.

نیکسۆن و دور چوون بۆ زیندان، بە کەفالەت ئازادیان کرد و بردیانەوە بۆ ماڵەوە.

بۆ کەسێکی گونجاو دەگەڕان بۆ بەرەنگارکردنەوەی یاساکانی جیاکاریی پاسەکانی مۆنتگۆمەری، هەستیان بە دەرفەتەکە کرد و داوایان لە پارکس کرد ئاخۆ ئامادەیە ڕێیان بدات جەنگی دەستگیرکردنەکەی بکەن لە دادگا.

پیاوەکەی پارکس دژی بیرۆکەکە وەستایەوە و پێی وت، "هاوڕێ سپییێستەکان دەتکوژن، ڕۆزا!" بەڵام پارکس چەندین ساڵی بەسەر برد بە کارکردن لەگەڵ نیکسۆن لە NAACP لەماڵەکەی دووردابوو، یارمەتیی کچەکانی دەدا تا ئامادە بن بۆ جۆرە دانسێکی فەڕەنسی و هاوڕێکانی ئێستا داوای یارمەتی لێ دەکەن.

پێی وتن، "گەر پێتان وایە شتێکی باشە و سوودی دەبێت، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە پەسەندی دەکەم."

ئەو شەوە، چەند کاتژمێرێك پاش دەستگیرکردنەکە، هەواڵی دەستگیرکردنی پارکس بە کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکاندا بڵاوبوویەوە. جۆ ئان ڕۆبینسۆن، سەرۆکی گرووپێکی بەهێزی مامۆستاکانی قوتابخانە لە سیاسەتدا بەشدار بوون و هاوڕێیەکی پارك لە کۆمەڵێك ڕێکخراودا بیستیان دەربارەی. هەربۆیە زۆرێك لە مامۆستاکان و دایك و باوکی خوێندکارەکانیش هەواڵەکەیان بیست. نزیکی نیوەشەو ڕۆبینسۆن داوای کۆبوونەوەیەکی بێ پلان و بەپەلەی کرد. پێشنیاری کرد هەمووان لە ڕۆژی دووشەممەدا، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، پاش دەرکەوتنی پارکس لە دادگا بایکۆتی پاسەکانی ستاربەکس بکەن.

پاش ئەوە ڕۆبینسۆن بەنهێنی چووە ناوی ژووری میمۆگرافیی ئۆفیسەکەوە و چەند نووسراوێکی کۆپی کرد. لە یەکێکیاندا نووسرابوو، ژنێکی دیکەی ڕەشپێست دەستگیر کراوە و خراوەتە زیندانەوە، چونکە ڕەتی کردبوویەوە کورسییەکەی چۆڵ بکات تا کەسێکی سپییێست لەسەری دابنیشێت. کەیسی ئەم ژنە ڕۆژی دووشەممەیە، هەربۆیە ئێمە داوا لە هەموو ڕەشپێستێك دەکەین بایکۆتی پاسەکان بکەن لە دووشەممەدا و بە هۆی دەستگیرکردنەکەوە خۆپیشاندان بکەن."

بەیانیی زووی ڕۆژی دواتر، ڕۆبینسۆن نووسراوەکانی دا بە مامۆستاکانی خوێندنگەکە و داوای لێ کردن دابەشی بکەن بەسەر دایکان و باوکان د

هاوپیشەکانیاندا. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری دەستگیرکردنی پارکسدا، باسی دەستگیرکردنەکەی و بایکۆتکردنەکە بە زۆرینەی شارە کاریگەرەکاندا بڵاوبوویەوە، NAACPی ناوخۆیی، گرووپێکی سیاسیی گەورە، ژمارەیەک مامۆستای ڕەشپێستی قوتابخانەکان و دایک و باوکی قوتابییەکانیش. زۆرێک لەوانە خودی ڕۆزا پارکسیان دەناسی، دانیشتن لە تەنیشتی کەنیسە یان لە کۆبوونەوەیەکی خۆبەخشیدا و بە هاوڕێیان دەزانی. مەیلێکی سروشتی لە هاوڕێیەتیدا هەیە، دڵسۆزییەک کە وامان لێ دەکات بمانەوێت شەڕ بۆ کەسێک بکەین خۆشمان دەوێت کاتێک نادادپەروەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت.

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە خەڵکی کێشەیان نییە لە پشتگوێخستنی برینی کەسانی نامۆدا، بەڵام کاتێک هاوڕێیەکمان سووکایەتی پێ دەکرێت، هەستی تووڕەییمان بەسە بۆ ئەوەی زاڵببین بەسەر هەستی تەنبەڵیماندا کە زۆر کات خۆپیشاندانەکانمان لا قورس دەکەن بۆ ڕێکخستن. کاتێک هاوڕێکانی پارکس هەواڵی بیستنی دەستگیرکردنەکە و بایکۆتەکەیان بیست، خووەکانی کۆمەڵایەتیی هاوڕێیەتی، ویستێکی سروشتی بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسەی ڕێزی دەگرن، هاتە جواب.

یەکەم بزووتنەوەی بەرفراوانی مافی مەدەنی (سیڤیل) لە ناوچەکە کە دەکرا دروست بکرێت بە هۆی دەستگیرکردنەکانی پێشووترەوە، بەڵام لەگەڵ دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکسدا دەستی پێ کرد، چونکە کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر جودای هەبوو کاتێک دەستگیر کرا. کاردانەوەی هاوڕێیەتییان نیشان دا و بە شوێنکەوتنی خووە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیان و کۆک بوون لەسەر ئەوەی پشتگیرییان نیشان بدەن بۆی.

هێشتا زۆرێک پێیان وایە خۆپیشاندان سوودی نییە و جگە لە ڕووداوێکی یەکڕۆژە هیچی تر نییە. ڕۆژانە لە تەواوی جیهاندا خۆپیشاندانە بچووکەکان دەکرێن. زۆرینەیان بەخێرایی و بەنائومێدییەوە کۆتاییان پێ دێت. هیچ کەسێک هێندە هاوڕێی نییە بتوانێت جیهان بگۆڕێت.

هەربۆیە دووەم لایەنی خووە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەکان زۆر گرنگە. بایکۆتی پاسەکان بووە چالاکییەکی بەرفراوانی کۆمەڵگە، چونکە هەستی ناچارکردن کە کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکانی پێکەوە دەبەستەوە چالاك بووبوو بەزوویی پاش ئەوەی کە هاوڕێیانی پارکس وشەکەیان بڵاو کردەوە.

ئەوانەی بەباشی ڕۆزایان نەدەناسی بڕیاریان دا بەشداری بکەن، چونکە پەستانی هاوڕێی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی دیاربوو بە هێندەی پەیوەندییە لاوازەکان کە وای کرد قورس بێت پەیوەندی نەکەن.

## دووەم

بۆ ساتێك خەیاڵ بکە جێبەجێکارێکی ئاست مامناوەندیت و لە کۆمپانیایەکی سەرمایەداردا دامەزراویت، کەسێکی سەرکەوتوو و خۆشەویستیت، چەندین ساڵت بەسەر بردووە لە بونیادنانی ناوبانگت لە کۆمپانیاکەتدا و دروستکردنی تۆڕی هاوڕێیەتی کە دەتوانیت سوودیان لێ ببینی بۆ کڕیار، ئامۆژگاری، قسەهێنان بۆ کۆمپانیا. سەر بە کەنیسە، هۆڵی لەشجوانی، یانەی وڵات و هەروەها ڕێکخراوی ئالومنی کۆلێجیشیت. ڕێزلێگیراویت و زۆر جار داوات لێ دەکەن پەیوەندی بە چەند دەستەی جۆراوجۆرەوە بکەیت. کاتێك خەڵکانی نێو کۆمەڵگەکەت گوێیان لە دەرفەتی بازرگانی دەبێت، ئەوا زۆر جار پێت دەڵێن.

خەیاڵ بکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیت بۆ دێت، جێبەجێکارێکی ئاست مامناوەندە لە کۆمپانیایەکی تر بۆ کارێکی نوێ دەگەڕێت، ئایا یارمەتی دەدەیت بە شێوازێکی جوان بە سەرۆکەکەت بڵێیت داوای کاری کردووە؟

ئەگەر ئەو کەسەی پەیوەندی دەکات بەتەواوی نەناسراو بێت، ئەوا بڕیارێکی ئاسانە، بۆچی پلەکەت دەخەیتە مەترسییەوە لە کۆمپانیاکەتدا بە یارمەتیدانی کەسێکی نەناسراو؟

لە لایەکی ترەوە، گەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە هاوڕێیەکی نزیکت بێت، ئەوا هەڵبژاردنێکی ئاسانە. بەدڵنیاییەوە یارمەتی دەدەیت، چونکە هاوڕێ بۆ ئەوە باشە!

هەرچەندە گەربێتوو ئەو کەسەی کە پەیوەندییەکە دەکات هاوڕێیەکی باش یان کەسێکی نامۆ نەبێت، بەڵام لەو نێوەندەدا بێت؟ ئەی گەر هاوڕێیەک بێ شتەکانتان وەک یەک بێت، بەڵام بەباشی یەکتر نەناسن؟

ئایا گرەنتی دەکەیت لای سەرۆکەکەت، گەر سەرۆکەکەت بڵێ، "ئایا شایستەی ئەوەیە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکرێت؟"

لە لایەکی دیکەوە، چەندە لە ناوبانگ و وزەکەت بەکار دەهێنیت بۆ یارمەتیدانی هاوڕێیەکی هاوڕێکەت تا کارێکی دەست بکەوێت؟

لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا، قوتابییەکی دوکتۆرا لە زانکۆی هارڤارد بە ناوی مارک گرانۆڤێتەر دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بە لێکۆڵینەوەی لەوەی چۆن ٢٨٢ پیاو ئیش و کاری ئێستەیان دەست کەوتووە.

بۆی دەرکەوت چۆن فێری کارەکەی ئێستەیان بوون، پەیوەندییان بە کێوە کردووە تا ڕێنموونییان بکات، ئەو ڕێگانەی بەکاریان هێناوە تا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت. لە هەموو ئەوانە گرنگتر، کێ دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوون. وەک چاوەڕێ دەکرا، بۆی دەرکەوت ئەوانەی بەدوای کارەوەن بۆ نموونە، لە نامۆکان نزیک بوونەتەوە و ڕەت کراونەتەوە، بەڵام کاتێک پەنایان بۆ هاوڕێیەکیان بردووە، یارمەتی دراون.

لەوە سەرسامتر چەندین جار کەسانێک بۆ کار دەگەڕان یارمەتییان پێگەشتووە لە هاوکارێکی بازرگانەوە، هاوڕێی هاوڕێکانیان، کەسانێک کە نە نامۆ بوون نە هاوڕێی نزیکیش. گرانۆڤێتەر ئەو پەیوەندییانەی ناونا بوو "پەیوەندیی لاواز" چونکە دەرخەری ئەو پەیوەندییانەیە کە خەڵکی دەبەستنەوە بەوانەی ناسیاوییان هەیە و زۆر شتیشیان وەک یەکە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەندامن. بەڵام بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان نییە، بە پەیوەندیی بەهێزی هاوڕێیەتیی خۆیان.

لە ڕاستیدا، لە دەستکەوتنی کاردا، گرانۆڤێتەر بۆی دەرکەوت ناسیاوانێک کە پەیوەندیی لاوازیان هەیە زۆر جار گرنگتر بوون لەو هاوڕێیانەی پەیوەندیی بەهێزیان

هەبووە، چونکە پەیوەندییە لاوازەکان دەروازەیەکن بۆمان تا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنین کە تیایدا سەر بەوێ نین.

زۆرێک لەو کەسانەی بەشدار بوون لە لێکۆڵینەوەکەدا، فێر بوون سەبارەت بە دەرفەتە نوێیەکانی کار لە پەیوەندییە لاوازەکانەوە وەک لە هاوڕێ نزیکەکانەوە. ئەمەش واتابەخشە، چونکە نزیکترین هاوڕێکانمان هەمیشە قسە یان کاریان لەگەڵدا دەکەین یان هەمان وێبسایت دەخوێنینەوە. لەو کاتەی دەبیستن سەبارەت بە دەرفەتێکی نوێ، ئەوا ئەگەری زۆرە خۆشمان زانیاریمان هەبێت دەربارەی.

لە لایەکی ترەوە، ناسیاوەکان کە پەیوەندییەکی لاوازمان هەیە پێکەوە، کەسانێک کە هەموو شەش مانگ جارێک چاومان پێیان دەکەوێت، ئەوانەن پێمان دەڵێن سەبارەت بەو کارانەی گەر ئەوان نەبن هەرگیز نایانبیستین.

کاتێک کۆمەڵناسەکان لێکۆڵینەوەیان کرد لەوەی چۆن بۆچوونەکان بە کۆمەڵگەکاندا بڵاو دەبنەوە، چۆن قسەهێنان بڵاو دەبێتەوە یان بزووتنەوە سیاسییەکان دروست دەبن، ئەوا شێوازێکی باویان دۆزییەوە: ناسیاوەکانمان کە پەیوەندیی لاوازمان لەگەڵیاندا هەیە، زۆر کات هێندە کاریگەرن زیاتر لەو هاوڕێیانەی پەیوەندیی نزیکمان لەگەڵیاندا هەیە. گرانۆڤیتەر دەڵێت، "خەڵکی بە پەیوەندیی لاوازەوە بێبەش دەبن لە زانیاری لە بەشە دوورەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی و سنووردار دەکرێن لە هەواڵی بێزارکەر و بینینی هاوڕێ نزیکەکانیان."

بێبەشکردنەکەیان تەنها نایانپارێزێت لە نوێترین بیرۆکەکان و فاشیۆنەکان، بەڵکوو ڕەنگە بیانخاتە دۆخێکی ناسوودەوە لە بازاڕی کاردا کە تیایدا پێشکەوتن پشت دەبەستێت بە زانیاری دەربارەی کردنەوەی کاری گونجا لە کاتی گونجاودا.

سەرەڕای ئەوەش، هەندێک قوورسە ڕێک بخرێت یان بخرێتە هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. کاتێک ئەندامەکانی گرووپێک یان دووان بەسەرکەوتوویی قایل بن، کێشەکە ئەوەیە بەبێ پەیوەندیی لاواز هەر پێشکەوتن (هێز)ێک لەم ڕێگەیەوە لە دەرەوەی گرووپەکاندا بڵاونابێتەوە. لە ئەنجامدا، زۆرینەی دانیشتووان کاریگەرییان لەسەر نابێت.

هێزی پەیوەندییە لاوازەکان یارمەتیدەر دەبێت لە شیکردنەوەی ئەوەی چۆن خۆپیشاندان فراوان دەبێت لە گرووپێک خەڵکەوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوان. قەناعەتکردن بە هەزاران کەس تا شوێن هەمان ئامانج بکەون، بەتایبەت شوێنکەوتنێک سەختیی ڕاستی تێدابێ وەك: پیاسەکرد (بە پێڕۆشتن) بۆ سەر کار وەك لە پاسگرتن یان چوونە زیندانەوە یان نەخواردنی کوپێك قاوە لە بەیانیاندا لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایەی کە دەیفرۆشێت پشتگیریی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە ناکات، زۆر سەختە.

زۆرینەی خەڵکی وەك پێویست گرنگی نادەن بە نوێترین تووڕەبوونەکان تا واز لە سواربوونی پاس یان کافێین بێنن مەگەر ئەوەی هاوڕێیەکی نزیکیان سوکایەتی پێ کرابێت یان گیرا بێت. کەوایە ئامێرێك هەیە چالاکوانەکان بۆ ماوەیەکی زۆرە پشتیان پێ بەستووە تا ناچار بن خۆپیشاندان بکەن، تەنانەت کاتێکیش گرووپێك لە خەڵکی نایانەوێت وەك پێویست بەشدارین.

جۆرێك لە قەناعەتکردنە کە زۆر کاریگەر بوو بۆ ماوەی زیاتر لە سەدان ساڵ. دەستی ناچارکردنە کە دراوسێکان و کۆمەڵگەکان لەسەر خۆیان دادەنێن. بە واتایەکی دیکە، "پەستانی هاوڕێیەتی"یە.

پەستانی هاوڕێ، خووە کۆمەڵایەتییەکان کە هانی خەڵکی دەدەن گوێڕایەڵیی ستانداردەکان بن (دەستەیەك لەپێشینەکان)، سەختە بۆ وەسفکردن، چونکە زۆر جار جیاوازە لە شێوە و دەربڕیندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. ئەم خووە کۆمەڵایەتییانە زۆرنین و هەمیشەش وەك یەك شێواز نین وەك دەیان خووی کەسی کە سەرەنجام دەبنە هۆی ئەوەی هەمووان بە یەك ئاڕاستە بڕۆن.

لەگەڵ ئەوەشدا، خووەکانی پەستانی هاوڕێ، شتێکی هاوبەشیان هەیە. زۆرینەی جار لە ڕێی پەیوەندییە لاوازەکانەوە بڵاو دەبنەوە، دەسەڵات وەردەگرن لە ڕێی پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

گەر ناچارییە کۆمەڵایەتییەکانی دراوسێکەت پشتگوێ بخەیت، بە جۆرێك مامەڵە بکەیت وەك ئەوەی شێوازە چاوەڕوانکراوەکانی کۆمەڵگەکەت گرنگ نەبێت، ئەوا

ناوبانگی کۆمەڵایەتیش لەدەست دەدەیت. ڕێی نزیکبوونەوەت بە زۆرێك لە سوورە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەخەیتە مەترسییەوە کە لە ڕێی پەیوەندیکردن بە یانەکانی وڵات، ڕێکخراوی ئالومنی، یان کەنیسەوە بەدەست دێن.

لە لایەکی دیکەوە، گەر دەستی یارمەتی بۆ ئەو کەسە درێژ نەکەیت کە پەیوەندیت پێوە دەکات و بەدوای کاردا دەگەڕێت، ڕەنگە لای هاوبەشی تێنسەکەی گلەیی بکات. لە ژووری لۆکەرەکاندا ئاماژە بەو گلەییانە بدات کە ئومێدەواربووی ببێت بە کڕیارت.

ئێستە ئەگەری کەمە پەیوەندییت پێوە بکات، چونکە ناوبانگت هەیە بەوەی یاریکەرێکی تیمەکە نییت. لە یاریگادا، پەستانی هاوڕێ، ترسناکە. لە ژیانی گەنجدا، ئەوەیە کە بازرگانی چۆن دەکرێت و کۆمەڵگەکان خۆیان ڕێك دەخەن.

ئەو جۆرە پەستانی هاوڕێیەتییە خۆی لە خۆیدا، بەس نییە بۆ هێشتنەوەی بزووتنەوەیەك، بەڵام کاتێك پەیوەندییە بەهێزەکانی هاوڕێیەتی و پەیوەندییە لاوازەکانی پەستانی هاوڕێ دروست دەبن، ئەوا پێشکەوتنی زۆر باش دروست دەکەن. لەو کاتەدایە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان دەتوانێت دەست پێ بکات.

•••

بۆ بینینی ئەوەی چۆن پێکەوەبەستنی پەیوەندییە بەهێز و لاوازەکان دەبنە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەك بەخێرایی بە ئاڕاستەیەکدا بۆ پێشەوە بڕوات بۆ ماوەی نۆ ساڵ پاش دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس، کاتێك سەدان کەسی گەنج بەخۆبەخشانە خۆیان دەرخست و بەشدار بوون لە مەترسیی جددیدا بۆ بزووتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل).

لە ساڵی ١٩٦٤دا، قوتابییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا، زۆرێکیان سپیپێست بوون لە زانکۆکانی هارڤارد، یەڵ، زانکۆکانی تری باکووریش. داواکارییان پڕ کردەوە بۆ شتێك کە پێی دەوترا،

"پڕۆژەی هاوینەی میسیسیپی– Mississippi Summer Project"

پڕۆگرامێکی دە هەفتەیی بوو، بۆ تۆمارکردنی دەنگدەرە ڕەشەکان تەرخان کرابوو لە باشوور. پڕۆژەکە ناسراوە بە هاوینی ئازادی و زۆرێك لەوانەی داواکارییان پڕ

کردەوە، ئاگادار بوون مەترسیدار دەبێت. چەند مانگێک بەرلەوەی پرۆگرامەکە دەست پێ بکات، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پڕ کران لە پارچە نووسین و پێشبینیی توندوتیژییان دەکرد بە شێوەیەکی تراجیدی، سەلماندی ڕاستە کاتێک هەفتەیەک پاش دەستپێکردنی، پاسەوانە سپیپێستەکان، لە دەرەوەی لۆنگدەیل، میسیسیپی سێ خۆبەخشیان کوشت.

مەترسیی ئازاردان، زۆر قوتابی دورخستەوە لە بەشداریکردن لە پرۆژەی هاوینەی میسیسیپی، تەنانەت پاش ئەوەی داواکاریشیان پڕ کردەوە. زیاتر لە هەزار داواکار وەرگیران لە پرۆژەی هاوینەی ئازادیدا (Freedom Summer).

بەڵام کاتێک وەختی ئەوە هات بەرەو باشوور بڕۆن لە مانگی ٦دا، زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان بانگهێشت کرد تا بەشداربن، بەڵام بڕیاریان دا لەماڵەوە بمێننەوە.

لە سالی ١٩٨٠کاندا، کۆمەڵناسێک لە زانکۆی ئاریزۆن بە ناوی (دۆگلاس مکادام) بە سەرسامییەوە بیری کردەوە ئاخۆ دەکرێت تێبگات لەوەی بۆچی هەندێک بەشدارییان کرد لە (Freedom Summer) و هەندێک کەسیش پاشەکشەیان کرد.

دەستی پێ کرد بە خوێندنەوەی ٧٢٠ داواکاریی خوێندکارەکان کە دەیەکانی پێشتر پڕیان کردبوویەوە. هەریەکێک لەو داواکارییانە ٥ لاپەڕە درێژ بوو. داواکارەکان داوای زانیاریی ڕابردوو (پێشینە)یان لێ کرابوو، بۆچی ویستیانە بڕۆن بۆ میسیسیپی، ئەزموونەکانیان لەگەڵ تۆمارکردنی دەنگدەرەکاندا. پێیان وترا لیستێک لە ناوی ڕێکخەرەکان ئامادە بکەن دەبێت پەیوەندی بکەن گەر دەستگیر کران. بۆ هەندێکیان چەندین نووسین، سەرچاوە، چاوپێکەوتنیش هەبوون.

گریمانەی سەرەتاییی مکادام ئەوە بوو، ئەو خوێندکارانەی چوون بۆ میسیسیپی بە ئەگەری زۆرەوە هاندانی جیاوازیان هەبوو لەوانەی لە ماڵەوە مانەوە کە جیاوازییەکەی ڕوون کردەوە لە بەشداریکردنەکەدا. بۆ تاقیکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، داواکارەکانی کرد بە دوو گرووپەوە:

یەکەمیان، ئەوانە بوون وتیان دەیانەوێت بچن بۆ میسیسیپی بە هۆکاری "حەزی خودی" وەک بۆ "تاقیکردنەوەی خۆم"، "بۆ ئەوەی لەو شوێنە بم چالاکییەکەی لێیە"

یان "بۆ فێربوون (بەدەستخستن)ی زانیاری سەبارەت بە شێوازی ژیانی دانیشتووانی باشوور."

دووەمیان، ئەوانە بوون کە هۆکاری "بیرکردنەوە لە ژیانی کەسانی تر"یان هەبوو وەك: بۆ "برەودان بە ژیانی ڕەشپێستەکان" بۆ "یارمەتیدان لە بەتەواوی بەدیهێنانی دیموکراسی" یان بۆ "نیشاندانی هێزی ناتووندوتیژی وەك ئامێرێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی."

مکادام ڕوونی کردەوە بەنەسەلمێندراوی ئەوانەی گرنگی بە خۆیان دەدەن، ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە لە ماڵەوە دەمێننەوە کاتێك لە مەترسییەکانی "Freedom Summer" گەشتن.

ئەوانەش گرنگی بە کەسانی تر دەدەن سواری پاسەکە دەبن.

گریمانەکە هەڵە بوو. مکادام وتی، "بە گوێرەی داتاکە کەسانی لەخۆبایی و سادە بە هەمان ژمارە چوون بۆ باشوور. جیاوازی لە هۆکارەکاندا هیچ جیاوازییەکی گرنگی ڕوون نەکردەوە لە نێوان بەشداربووان و پاشگەزبووەوەکاندا."

دواتر تێچووی دەرفەتی داواکارەکانی بەراورد کرد. ڕەنگە ئەوانەی لە ماڵەوە مانەوە خێزاندار بن یان هاوڕێی کچیان هەبووبێت کە ڕێیان نەداوە بچن بۆ میسیسیپی؟

یان ڕەنگە کاریان دەست کەوتبێت و نەیانتوانی بێ و بەرگەی دوو مانگ پشوویان نەگرتبێت بەبێ وەرگرتنی پارە؟

دیسانەوە هەڵە!

مکادام گەشت بەو دەرەنجامەی، " لە ڕاستیدا هاوسەرگیرکردن یان هەبوونی کارێکی فولْ تایم بووە هۆی زیادکردنی چانسی ڕۆشتنی داواکارەکە بۆ باشوور."

گریمانەکەی لا مابوو. هەر یەك لە داواکارەکان داوایان لێ کرا ئەندامێتییان لە ڕێکخراوە سیاسی و خوێندکارییەکانیاندا بنووسن، چونکە دەیانویست لانی کەم ئاگاداری چالاکییە هاوینەییەکانی دە کەسیان بن.

هەربۆیە مکادام ئەم لیستانەی برد و بەکاری هێنان بۆ بەخشتەکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی داواکارەکان.

بە بەراوردکردنی ئەندامێتییان لە یانەکاندا، توانیی بڕیار بدات کام داواکارانە هاوڕێیان هەیە کە داواکارییان پڕ کردووەتەوە بۆ "Freedom Summer".

کاتێک تەواو بوو، لە کۆتاییدا وەڵامەکەی دەست کەوت کە بۆچی هەندێک خوێندکار ڕۆشتن بۆ میسیسیپی و ئەوانی تریش لەماڵەوە مانەوە: لەبەر خووە کۆمەڵایەتییەکان، یان بەتایبەتتر لەبەر هێزی پەیوەندییە لاواز و بەهێزەکان بە گرووپ لە هەمان کاتدا.

ئەو خوێندکارانەی بەشدار بوون لە "Freedom Summer"دا لە دۆخێکی سەختدا بوون لە جۆری ئەو کۆمەڵگایانەدا کە تیایدا هەردوو هاوڕێ نزیکەکان و هاوکارە بازرگانییەکانیان چاوەڕوانییان لێ کردن سواری پاسەکە بین.

هەروەها ئەوانەی پاشەکشەیان کرد، بە جۆرێکی جیاواز لە دۆخێکی سەختدا بوون. ئەو جۆرەی کە پەستان و خووە کۆمەڵایەتییەکان ناچاریان نەکردن بە ڕۆشتن بۆ میسیسیپی.

مکادام پێی وتم، "خەیاڵی ئەوە بکە یەکێک لەو خوێندکارانەی داواکاریی پڕ کردەوە، لەو ڕۆژەوەی چویتە ناو "Freedom Summer" و داواکارییەکەت پڕ کردەوە لەگەڵ پێنج لە نزیکترین هاوڕێکانتدا، ئایا بەڕاست هەمووتان هەستتان بە ماندان دەکرد؟

ئێستا شەش مانگ دواتر و ڕۆژی جێهێشتنیش نزیکە. هەموو گۆڤارەکان چاوەڕوانیی توندوتیژی دەکەن لە میسیسیپی. تەلەفۆنت بۆ دایک و باوکت کرد و پێیان وتیت لە ماڵ بمێننەوە! لەو ساتەدا شتێکی نامۆیە گەر بیرت لە بژاردەی دیکە نەکردبێتەوە.

دواتر لە کەمپەکەدا پیاسە دەکەیت و کۆمەڵێک کەس دەبینیت لە گرووپی کەنیسەکەتدا و دەڵێن، "هاریکاریی ئەوانە دەکەین سەردەکەون، دەبێت کەی دەتبگرین؟

ئەمانە نزیکترین هاوڕێکانت نین، بەڵام لە کۆبوونەوەکانی یانەکە و لە داخلیێز دەیانبینیت و لە نێو کۆمەڵگە کۆمەڵایەتییەکەتدا گرنگن.

هەموویان دەزانن لە "Freedom Summer" قبووڵکراویت و پێشت وتوون دەتەوێت بڕۆیت تیایدا بەشداربیت. بەختێکی باش بۆ وازهێنانەکەت لەو ساتەدا ناوبانگییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر لەدەست دەدەیت. تەنانەت گەر بیرۆکەی دووەمیشت لابێت، دەرەنجامی ڕاستی دەبێت گەر پاشەکشەش بکەیت. ڕێزی ئەوانە لەدەست دەدەیت کە بۆچوونیان بۆت گرنگە.

کاتێک مکادام لە لایەنی ئایینییەوە سەیری داواکارەکانی کرد، ئەو قوتابییانەی ئاماژەیان دا بە "ئەرکی مەسیحی بۆ یارمەتیدانی کەسانی پێویست" وەک هاندانیان بۆ پڕکردنەوەی داواکاری، بۆ نموونە: ئاستی تێکەڵکراوی بەشداربووان. هەرچەندە لەنێو ئەوانەی داواکارییان پڕ کردەوە کە ئاماژەیان بە ڕێکخستنی ئایینی کرد و سەر بە ڕێکخراوێکی ئایینین، مکادام بۆی دەرکەوت هەریەکێکیان گەشتیان بۆ میسیسیپی کردووە. کاتێک کۆمەڵگەکانیان زانییان لە "Freedom Summer"دا قبووڵ کراون، ئەوا لایان ئەستەم بوو بتوانن پاشەکشە بکەن.

لە لایەکی ترەوە، ڕەچاوی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەوانە بکە داواکارییان پڕ کردەوە و لە پڕۆگرامەکەدا قبووڵ کران، بەڵام نەچوون بۆ میسیسیپی و هەروەها بەشداربوون لە ڕێکخراوەکانی کەمپسدا. سەر بە یانەکان بوون و گرنگییان بە ناوبانگیان دەدا لەو کۆمەڵگایانەدا، بەڵام ڕێکخراوەکان کە سەربەوانە بوون چاوەڕوانیی جیاوازیان هەبوو. لەنێو ئەو کۆمەڵگانەدا کەسێک دەیتوانی پاشەکشە بکات لە "Freedom Summer" و کەسێک ئازارێکی کەم بچێژێت یان ڕەتکردنەوە لە کۆنترۆڵکردنی ڕیزکردن بەپێی سیستمی کۆمەڵایەتی.

کاتێک ڕووبەڕووی دەستگیرکردن یان شتی خراپتر دەبوونەوە لە میسیسیپی، زۆرینەی خوێندکارەکان بیرۆکەی دووەمیان لابوو. هەرچەندە هەندێکیان لەو کۆمەڵگایانەدا بوون تیایاندا خووە کۆمەڵایەتییەکان، پێشبینییەکانی هاوڕێکانیان و

پەستانی هاوڕێیەتیی ئاسیاوەکانیان ناچاری کردن بە بەشداریکردن، هەربۆیە بەبێ گوندانە پارابییەکانیان بلیتی پاسیان دەکڕی.

ئەوانەی تر، کە گرنگییان بە مافی کەسانی مەدەنی دەدا، سەر بەو کۆمەڵگایانە بوون تیایدا خووە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاڕاستەیەکی کەمێك جیاوازتر بوون، هەربۆیە بۆ خۆیان بیریان کردەوە و وتیان، ڕەنگە لە ماڵەوە بمێنینەوە.

•••

ئەو بەیانییە پاش ئەوەی ڕۆزا پارکس بە کەفالەت ئازاد کرا، ئی. دی نیکسۆن پەیوەندیی کرد بە وەزیری کەنیسەی "Dexter Avenue Baptist"، مارتن لوسەر کینگەوە.

کەمێك پاش ٥ی بەیانی بوو، بەڵام نیکسۆن سڵاوی نەکرد یان بڵێ ئاخۆ کچە تەمەن دوو هەفتەییەکەی بەخەبەر هێنایەوە کاتێك وەزیر وەڵامی دایەوە، یەکسەر باسی لە دەستگیرکردنی پارکس کرد، چۆن هەڕەشەی لێ کراوە تا بخرێتە زیندانەوە لەبەر ئەوەی ڕەتی کردەوە کورسییەکەی چۆڵ بکات بۆ سپیپێستێك و پلانەکەیان بۆ بەرگریکردن لە کەیسەکەی لە دادگا و بایکۆتکردنی پاسەکانی شار لە دووشەممەدا.

لەو کاتەدا، مارتن ٢٦ ساڵان بوو، بۆ ماوەی ساڵێك لە مۆنتگۆمەری بوو و هەوڵی دا تێبگات لەوەی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا چییە. نیکسۆن داوای پشتگیریی مارتنی کرد ڕێگەی پێ بدات بۆ بەکارهێنانی کەنیسەکەی بۆ کۆبوونەوەیەکی بایکۆت لەو شەوەدا. مارتن نیگەران بوو لەوەی بەشدارییەکەی قوڵبێتەوە.

وتی، "برا نیکسۆن، ڕێگەم بدە بیری لێ بکەمەوە و پەیوەندیم پێوە بکەرەوە!"

بەڵام نیکسۆن لەوێدا وازی نەهێنا. دەستی گەشتە نزیکترین هاوڕێی مارتن، یەکێك لە بەهێزترین پەیوەندییە بەهێزەکانی مارتن بە ناوی ڕاڵف دی ئابێرناسی و داوای یارمەتی لێ کرد تا قەناعەت بە وەزیرە گەنجەکە بکات بەشداری بکات. چەند کاتژمێرێك دوای نیکسۆن پەیوەندیی کردەوە،

مارتن پێی وت، "پەسەندی دەکەم!"

نیکسۆن وتی، "خۆشحاڵم بەو هەواڵە، چونکە قسەم لەگەڵ ١٨ کەسی دیکەدا کردووە و پێم وتوون ئەمشەو لە کەنیسەکەتدا یەکتر ببینن. شتێکی باش نەدەبوو گەر بەبێ تۆ لەوێدا کۆببینەوە. بەزوویی مارتن هێنرایە ناو بۆ خزمەتکردن وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکە کە دروست کرابوو تا بایکۆتەکە ڕێک بخات.

لە ڕۆژی یەکشەممەدا، سێ ڕۆژ پاش دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس، وەزیرە ڕەشپێستەکانی شارەکە پاش قسەکردن لەگەڵ مارتن و ئەندامەکانی تری ڕێکخراوە نوێیەکە، بۆ خەڵکە بە کۆمەڵەکەیان ڕوون کردەوە هەموو کەنیسە ڕەشپێستەکان لە شارەکەدا لەسەر خۆپیشاندانی یەکڕۆژە ڕازی بوون.

پەیامەکە ڕوون بوو: شەرمەزارکەرە بۆ هەر ئەندامێکی کەنیسە لەسەر ئەملاولای کورسییەکان دابنیشێت. هەمان ئەو ڕۆژە، ڕۆژنامەی شارەکە، "The Advertiser"، نووسینێکی بڵاو کردەوە دەربارەی کۆبوونەوە نهێنییە سەرەکییەکانی ڕەشپێستەکانی مۆنتگۆمەری کە پلانی بایکۆتکردنی پاسەکانی شار دادەنێن لە ڕۆژی شەممەدا. پەیامنێرەکە کۆپیی نووسینەکەی لابوو کە ژنە سپیپێسەکان لە کارەکەرەکانیان وەریان گرتبوو.

بەشی ڕەشپێستەکانی شار، هەزاران کۆپیی نامیلکەکانیان پێ بوو. نووسینەکە ڕوونی کردەوە و پێشبینیی کرد هەموو هاووڵاتییەکی ڕەشپێست بەشداری بکات. کاتێک پارچە نووسینەکە نووسرا، تەنها هاوڕێیانی پارکس، وەزیرەکان، ڕێکخەرانی بایکۆتەکە بەئاشکرا ڕایانگەیاند بەشدار دەبن، بەڵام کاتێک هاووڵاتییە ڕەشپێستەکانی شار ڕۆژنامەکەیان خوێندەوە، وەک خوێنەرە سپیپێستەکان پێیان وابوو کە هەموانی تر دەمێکە بەشدارن.

زۆرێک لەوانەی لەسەر کورسییەکان دادەنیشتن و ڕۆژنامەکانیان دەخوێندەوە ڕۆزا پارکسیان دەناسی و ئامادە بوون لەبەر هاوڕێیەتییەکەیان لەگەڵیدا بایکۆت بکەن. ئەوانەی نەیاندەناسی، بەڵام دەیانتوانی هەست بکەن کە کۆمەڵگە لە پشتی دەبن. گەر ببینن سواری پاس دەبن لە دووشەممەدا، ئەوا خراپە. نووسینێک لە کەنیسەکاندا دابەش کرا لەسەری نووسرابوو، "گەر کار دەکەن، ئەوا تەکسی بگرن یان پێکەوە

سەریکەون یان بە پێ بڕۆن!" پاشان هەمووان گوێیان لێبوو کە ڕابەرانی بایکۆتەکە قەناعەتیان بە هەموو شۆفێرە ڕەشپێستەکانی تەکسییەکان هێنا تا ڕازی بن بە هەلگرتنی سەرنشینە ڕەشپێستەکان لە دووشەممانا بە ١٠ سەنت، بە هەمان نرخی پاسەکان.

پەیوەندییە لاوازەکانی کۆمەڵگە هەمووانیان هێنایە پاڵ یەک. لەو حاڵەدا دەبوو یان لەگەڵ بایکۆت بیت یان دژی بیت.

لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممەی بایکۆتەکەدا، مارتن بەر لە خۆرهەڵاتن خەبەری بوویەوە و قاوەکەی هێنا. ژنەکەی، کۆرێتا، لەبەردەم پەنجەرەکەی پێشەوە دانیشت چاوەڕێی یەکەم پاسی کرد تا تێپەڕێت. بە شێوەیەکی ئاسایی پڕە لە کچە کارەکەرەکان لە ڕێی ڕۆشتنیان بۆ سەر کارەکانیان، بەبێ سەرنشین، هەروەها پاسی دواتر و دواتریش بەتاڵ بوون.

مارتن چووە ناو سەیارەکەی و دەستی کرد بە سوڕانەوە بەو ناوەدا و سەیری ڕێگەکانی تری دەکرد. لە ماوەی کاتژمێرێکدا، هەشت سەرنشینی ڕەشی ژمارد. هەفتەیە پێشتر، سەدانی دەبینی.

دواتر نووسیی، "دڵخۆشبووم! موعجیزە ڕوویدابوو پیاوان سوار ئێستر دەبوون. زیاتر لە یەک ئەسپ و عەرەبانە بە شەقامەکانی مۆنتگۆمەریدا تێدەپەڕی. پشکنەرەکان لە وێستگەی پاسەکان کۆ بوونەوە تا ببینن چی ڕوودەدات. لە سەرەتادا، بەهێمنی ڕاوەستان، بەڵام کاتێک ڕۆژەکان زیاتر بوون بە پاسە بەتاڵەکان پێ دەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکردن. گەنجە هاوارکەرەکان کە گۆرانییان دەوت، لە دوورەوە دەنگیان دەبیسترا. هیچ سەرنشینێک نییە ئەمڕۆ.

ئەو پاشنیوەڕۆیە، لە ژووری دادگا لەسەر شەقامی کەنیسە، ڕۆزا پارکس بە شکاندنی یاسای جیاوازیکردنی ویلایەتەکە تۆمەتبار کرا. زیاتر لە ٥٠٠ ڕەشپێست لەبەردەم بیناکەدا کۆ بوونەوە، چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی بوون. بایکۆت و ئەو کۆبوونەوە بێ پلان و ئامادەکارییە لە ژووری دادگا، گرنگترین چالاکیی سیاسیی ڕەشپێستەکان بوون لە ماوەی ٥ ڕۆژدا لە مێژووی مۆنتگۆمەریدا کران.

لە نێو هاوڕێ نزیکەکانی پارکسەوە دەستی پێ کرد، بەڵام کاریگەرییەکە بڵاو بوویەوە. مارتن و بەشداربوونی تر وتیان، لەبەر هەستی ناچارکردن لە نێو کۆمەڵگەدا خووە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندییە لاوازەکان. کۆمەڵگە پەستانی لەسەر بوو (ناچار کرا) تا پێکەوە بن، بۆ ئەو ترسەی کە هەر کەس بەشداری نەکردووە، ئەوا کەسێک نییە بتەوێت لەگەڵیدا هاوڕێ بێت.

کەسانێکی زۆر بەبێ ئەو هاندانە بەشداری بایکۆتەکەیان کرد. ڕەنگە مارتن، شۆفێرەکان و نوێژخوێنە بە کۆمەڵەکانیش بەبێ کاریگەریی پەیوەندییە لاواز و بەهێزەکان هەمان بڕیاریان دابێت.

بەڵام دەیان هەزار کەس لە تەواوی شاردا بڕیاریان نەدا سواری پاسەکان نەبن بەبێ هاندانی خووە کۆمەڵایەتییەکان.

دواتر مارتن وتی، "ئەو کۆمەڵگە ڕەشپێستە ناچالاکە بێدەنگە ئێستە بەتەواوی بەخەبەرە!"

هەرچەندە ئەو خووە کۆمەڵایەتییانە خۆیان تەواو بەهێز نەبوون بۆ زیادبوونی خۆپیشاندانە یەکڕۆژییەکە بۆ بزووتنەوە یەکساڵییەکە. لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا، مارتن بەئاشکرا نیگەرانی دەربڕی کە بڕیارەکانی خەڵکی لاواز دەبوون، "توانای کۆمەڵگە ڕەشپێستەکە بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵدان لە گوماندا بوو."

پاشان ئەو نیگەرانییە نەما. مارتن، وەك هەزاران ڕابەری تری بزووتنەوەکە لە بەشێکی گەورەدا بە پێدانی خووی نوێ پێیان، ڕێبەریی هەوڵدانی لە دەستەکانیەوە بۆ سەر شانی شوێنکەوتووان گۆڕی. سێیەم بەشی یاسای بزووتنەوەکەی چالاك کرد و بایکۆتەکە بووە هێزێکی خوودیی بەردەوام.

## سێیەم

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩دا، ساڵێك پاش دەستگیرکردنی ڕۆزا، خوێندکارێکی گەنجی سپیپێست زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی چۆن دەتوانێت پشتگیریی خێزانە بەردەوام گەورەبووەکەی بکاتەوە. نەخشەیەکی داکوتا بە ماڵەکەی لە

تەکساسەوە، دەستی کرد بە بازنەکێشان بە دەوری شارە گەورەکانی ئەمریکادا لە سیتلەوە بۆ میامی.

ریک وارن، قەشەی پیرۆزکردنی مندال، بە ژنێکی دووگیانەوە و خاوەنی کەمتر لە ٢ هەزار دۆلار لە بانکدا، ویستی دەست بکات بە کۆبوونەوەی نوێ لە نێوان ئەو کەسانەی کە پێشتر ئامادەی کەنیسە نەدەبوون، بەڵام ئاگادار نەبوون کە دەبێت بکەوێتە کوێوە.

پێی وتم، "دەچمە شوێنێک هیچ کام هاورێکانی کۆلێژم نەیانویستووە برۆن بۆی."

هاوینەکەی لە کتێبخانەکان بەسەر برد بە لێکۆڵینەوە لە تۆماری سەرژمێرییەکان، کتێبی پەیوەندییەکان (ژمارە تەلەفۆنییەکان)، نووسینی رۆژنامە و نەخشەکان. ژنەکەی لە نۆ مانگی دووگیانیدا بوو، هەموو چەند کاتژمێرێک وارن دەرۆشت کەمێک رای دەکرد تا پارەی تەلەفۆنەکە بدات و پەیوەندی بە ماڵەوە بکات تا دڵنیابێتەوە بێشتا ژنەکە دەستی بە کار نەکردووە و پاشان دەگەڕایەوە.

پاشنیوەڕۆیەکیان وارن ڕێی کەوت لە وەسفی شوێنێک بە ناوی "Saddleback valley" لە هەرێمی ئۆرەنج، لە ویلایەتی کالیفۆرنیا.

ئەو کتێبەی وارن دەیخوێندەوە تیایدا نووسرابوو ئەو هەرێمە خێراترین شوێنە بۆ گەشەکردن. ژمارەیەک کەنیسە هەبوون لە ناوچەکەدا، بەڵام هیچ کامیان هێندەی پێویست گەورە نەبون تا شوێنی فراوانبوونی ژمارەی دانیشتوان بینەوە. وارن پەیوەندیی کرد بە ڕابەرە ئایینییەکانەوە لە باشووری کالیفۆرنیا کە پێیان وت زۆرێک لە مەسیحییەکان ئەوانەی خۆیان بە مەسیحیی ناوخۆیی دەناسێنن، بەڵام ئامادەی خزمەتگوزارییەکان نەبوون.

دواتر وارن نووسیی، لە ژێرزەمینە ڕۆشنە تەپوتۆزاوییەکەی کتێبخانەی زانکۆدا، گوێم لێبوو خودا قسەی بۆ کردم و وتی، "ئەوە ئەو شوێنەیە دەمەوێت تیایدا کەنیسەیەک دروست بکەیت!" وارن وتیشی، "لەو ساتە بەدواوە کێشەی شوێنمان نەما."

تەرکیزی وارن لەسەر دروستکردنی گرووپێك لە نێو ئەوانەی نەدەچون بۆ کەنیسە پێنج ساڵ پێشتر دەستی پێ کردبوو، کاتێك وەك پەیامهێن لە یابان کۆپییەکی کۆنی گۆڤارێکی مەسیحی دۆزییەوە بە نووسینێك بە ناوی "بۆچی ئەم پیاوە ترسناکە؟"

دەربارەی دۆناڵد مکگاڤران بوو. نووسەرێکی جێی مشتومڕ بوو، جەختی کردەوە لە دروستکردنی کەنیسە لە وڵاتەکاندا کە تیایاندا مەسیحییان قبووڵ نەکردبوو. لەو سەنتەری فەلسەفەی مکگاڤرانە ناچارکردن هەبوو کە پەیامهێنەرەکان دەبوو لاسایی تەکتیکەکانی بزووتنەوە سەرکەوتووەکانی دیکە بکەنەوە، لە نێویشیاندا کەمپینی مافەکاکی خەڵکی مەدەنی، بە داواکردنی خووە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی.

ئەو پارچە نووسینە، ئاشکراکردنێك بوو بۆ ڕیك وارن. لە کۆتاییدا، کەسێك لۆجیکێکی ڕوونی پێشکەش کرد بۆ بابەتێك کە زۆر کات لە زمانی موعجیزەکاندا دەردەبڕدرێت. لێرە کەسێك هەبوو تێگەشت دەبێت ئایین بازاڕکاری پێوە بکرێت بە هۆی نەبوونی وشەی باشترەوە.

مکگاڤران ستراتیژییەکی پێشکەش کرد کە زانیاری بە دروستکەرانی کەنیسە دەدا تا بە زمانی خۆیان قسە بۆ خەڵکی بکەن. بۆ دروستکردنی شوێنی پەرستش کە تیایدا خەڵکەکە هاوڕێکانیان ببینن، گوێیان لە گۆرانییەك بێت پێشتر گوێیان لێ گرتووە، ئەزموونی وانەکانی ئینجیلیان دەکرد بە زمانێکی ئاسان تا لێی تێبگەن. لە هەموو ئەمانە گرنگتر، مکگاڤران وتیشی پێویست بوو وەزیرەکان دەستەیەك لە خەڵکی بگۆڕن نەك خەڵکی بەتەنها بۆ ئەوەی خووە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەهانی بەشداریکردنی ئایینی بدەن وەك لەوەی خەڵکی دووربخەنەوە.

لە مانگی ١٢دا، وارن شتوومەکەکانی خێزانەکەی کۆ کردەوە بۆ یوهاول بە ئۆتۆمبێل ڕۆشتن بۆ هەرێمی ئۆرەنج و تیایدا ئەپارتمانێکی بچووکیان بەکرێ گرت. یەکەم نوێژی بە کۆمەڵی سەرنجی هەر حەوت کەسەکەی ڕاکێشا.

ئەمڕۆ پاش ٣٠ ساڵ، کەنیسەی سادڵباك یەکێکە لە گەورەترین وەزارەتەکان لە جیهاندا. هەر هەفتەیەك زیاتر لە ٢٠ هەزار نوێژخوێن سەردانی کەمپسە ١٢٠ ئەیکەرەکەی و کەمپسە دوورەکانی دەکەن. یەکێك لە کتێبەکەی وارن بە ناوی " The

Purpose-Driven Life" سی ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا، یەکێکە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی مێژوو. هەزاران کەنیسەی تریش لەسەر هەمان ئەو شێوازانە دروست کران. وارن هەڵبژێردرا تا پاڕانەوەکە پێشکەشی بکات لە کاتی دەستبەکاربوونی سەرۆک ئۆبامادا. وارن بە یەکێك لە کاریگەرترین ڕابەرە ئایینییەکانی سەر زەوی دادەنرێت.

هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی کەنیسەکەی و سەرکەوتنەکەی باوەڕێکی بنچینەییە بە هێزی خووە کۆمەڵایەتییەکانەوە. وارن پێی وتم، "زۆر بیرمان لە بە خووکردنی باوەڕ کردووەتەوە، بیکەین بە چەند بەشێکی بچووك بچووکەوە. گەر بتەوێت خەڵکی بترسێنیت بەوەی شوێن مەسیح بکەون، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر سوودی نابێت. تاکە ڕێگە بتوانیت قەناعەت بە خەڵکی بکەیت بەرپرسیارێتی وەربگرن بۆ گەشەکردنی ڕۆحی ئەوەیە خووەکانی باوەڕیان فێر بکرێت.

کاتێك ئەوە ڕوویدا، خۆیان فێر دەکەن. خەڵکی شوێن مەسیح دەکەون نەك لەبەر ئەوەی تۆ ڕابەرییت کردوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەن کە هەن."

•••

کاتێك سەرەتا وارن گەشتە دوورگەی سادڵباك، ١٢ هەفتەی بەسەر برد لە چوون لە دەرگا بە دەرگاوە بۆ ناساندنی خۆی و پرسیارکردن لە کەسانی نامۆ ئاخۆ بۆچی نەچوون بۆ کەنیسە. زۆرێك لە وەڵامەکانی خەڵکی بێزارکەر بوون وەك: میوزیکەکە خراپ بوو لەگەڵ ژیانیاندا گونجاو نەبوو، پێویستیان بە چاودێریی منداڵ هەبوو، ڕێیان لە جلی درێژ بوو وە کورسییەکانیش ئاارام بوون.

کەنیسەکەی وارن ئاماژەی بە هەر یەك لەو سکاڵایانە کرد بە خەڵکی وت گەر حەزیان لێی بوو شۆرت لەگەڵ کراسی هاوایاندا بپۆشن. گیتارێکی کارەبایی هێنرایە ژوورەوە. هەر لە سەرەتاوە هاوڕێیانی وارن جەختیان خستە سەر بابەتە کردارییەکان. بەم ناونیشانانەوە:

چۆن چارەسەری بێورەییت بکەیت؟

چۆن هەست بە باشی بکەیت سەبارەت بە خۆت؟

**چۆن خێزانێکی تەندروستباش گەورە بکەیت؟**

**چۆن لە کاتی سترێسدا درێژە بە ژیان بدەیت؟**

وانـەکانی ئاسـان بـوون بـۆ تێگەشـتن، جـەختیان لەسـەر کێشـە ڕۆژانەییـ ڕاستەقینەکان دەکردەوە و دەکرێ هـەرکات نوێژخوێنـەکان کەنیسـەکەیان جێهێشـتن جێبـەجێ بکـرێن. سـوودی هـەبوو، هوڵـەکانی قوتابخانـەکانی بـەکرێ گـرت بۆ خزمـەتگوزاری و ئۆفیسـی بیناکـانیش بـۆ نوێـژە بەکۆمەڵـەکان. نوێـژە بە کۆمەڵـەکان دەگەشتنە پـەنجا ئەنـدام، دواتـر سـەد کـەس و دواتـریش دوو سـەد کـەس لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا.

وارن لـە ڕۆژێکـدا ١٨ کاتـژمێر و لـە هەفتەیەکیشـدا ٧ ڕۆژ کـاری دەکـرد، بە وەڵامدانـەوەی پەیوەندییـە تەلەفۆنییـەکانی نوێژخوێنـەکان، بـەڕێوەبردنی وانـەکانی هـاتن بـۆ ماڵـەکانیان تـا ڕاوێـژی هاوسـەرگیرییان پـێ بدات. لـە کاتـە بەتاڵەکانیـدا، هەمیشـە بـۆ شـوێنی نـوێ دەگـەڕا تـا لەگـەڵ گـەورەبوونی بـەردەوامیی قـەبارەی کەنیسەکەدا بگونجێت.

ڕۆژێکی یەکشەممە لە ناوەڕاستی مانگی ١٢دا، وارن بە پێوە وەستا تا وتار بدات لە مـاوەی خزمـەتگوزاریی کاتـژمێر ١١دا، هەسـتی بە سـەرەگێژی کـرد. مینبەرەکەی بەردەمی گـرت و دەسـتی بە قسـەکردن کـرد، بەڵام وشـەکانی سەر لاپەڕەکە ناڕوون بوون. خەریک بوو دەکەوت، بەڵام خۆی دەگرتەوە.

بە ئامادەبووانی وت، "ببورن هاوڕێیـان، پێویستە دابنیشم." بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئازاری چەشت بەهۆی هێرشـی دوودڵـی و هەسـتی خـەمباری بۆ ماوەیەکی کاتی کە هاوڕێکانی پێیان وت خەمۆکییەکی سووک، بەڵام پێشتر هیچ کات وەک ئەمە نەبوو. ڕۆژی دواتـر، وارن و خێزانەکـەی ڕۆشـتن بـۆ ئـاریزۆن، کـە مـاڵ بـاوکی خێزانەکەی خانوویەکیان هەبوو تیایدا.

بەهێواشـی لـە نەخۆشـییەکەی چاکبوویەوە. چـەند ڕۆژێک بـۆ مـاوەی ١٢ کاتژمێر دەخـەوت و پاشـان بەنـاو دارسـتانەکەدا پیاسـەی دەکـرد، نوێـژی دەکـرد، هەوڵی دەدا

نیگات بۆچی ئەم نەخۆشییانە دەیانترساند تا هەموو ئەو شتانەی زۆر هەوڵی بۆ داوە دروستیان بکات تێک بدەن (ڕیسەکەی بکەنەوە بە خوری).

نزیکەی مانگێک تێپەڕی دووربوو لە چوون بۆ کەنیسە و خەمۆکییەکەی خراپتر بوو لەوەی پێشتر ئەزمووونی کردبێت. دڵنیانەبوو لەوەی ئاخۆ جارێکی تر بەتەواوی چاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە.

وارن وەک قەشەیەکی خۆگونجێنەر پیاوێکە حەز بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی مەسیحی بۆ پاککردنەوەی منداڵ دەکات. ئەو ڕێوڕەسمانە ڕوویان دەدا کاتێک لە پارچە نووسینێکی نێو گۆڤارەکان و لە کتێبخانەکاندا لە تەکساس بینیی سەبارەت بە ئەنگاڤران.

پێچەوانەی هەندێک لە ئاشکراکردنەکانی پێشتری، ئەم دانەیان لەناکاو ڕێگەکەی ڕوون نەکردەوە. سەرەڕای خەمۆکی بۆ ماوەی چەندین مانگ و لە تەواوی ژیانیدا، بەڵام وارن هەر بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان. هەرچەندە لەو ڕۆژەدا دوو بڕیاری دا: گەڕاتەوە بۆ سادڵباک و ڕوونی دەکاتەوە چۆن وا لە کەنیسەکە بکات کاری کەمتری بوێت.

•••

کاتێک وارن گەڕایەوە بۆ سادڵباک بڕیاری دا تاقیکردنەوە بچووکەکەی فراوان بکات کە چەند مانگێک پێشتر دەستی پێ کردبوو بەو ئومێدەی ئاسانتر بێت بۆی کەنیسەکە بەڕێوە ببات.

هەرگیز دڵنیا نەبوو کە هێندەی پێویست پۆلی دەبێت جێی ئامادەبووان ببێتەوە بۆ خوێندنی ئینجیل، هەربۆیە داوای لە هەندێک لە ئەندامانی کەنیسەکە کرد لە ماڵەکانیاندا وانەکان بخوێنن.

نیگەران بوو لەوەی ڕەنگە خەڵکی سکاڵا بکەن دەربارەی چوون بۆ ماڵی کەسێک وەک لەوەی لە پۆلێکی تەواوی کەنیسەدا وانە بخوێنن. بەڵام نوێژخوێنەکان وتیان، حەزیان لێی بووە.

گرووپە بچووکەکان چانسێکیان پێ دان تا دراوسێکانیان ببینن، هەربۆیە پاش ئەوەی گەڕایەوە وارن هەموو ئەندامەکانی سادڵباکی کرد بە گرووپێکی بچووک ی هەموو هەفتەیەك کۆ دەبوونەوە.

یەکێك بوو لە گرنگترین بڕیارەکان کە دابێتی لەبەرئەوەی بەشداری کەنیسەی گۆڕی لە بڕیارێکەوە بۆ خوویەك کە بەکاری هێنا بۆ ئامۆژگاری و شێواز و حەزێکی کۆمەڵایەتی کە دەمێکە بوونی هەیە.

وارن پێی وتم، "ئێستە کاتێك خەڵکی دێن بۆ سادڵباك و قەرەباڵغییە زۆرەکە دەبینن لە ڕۆژانی پشوودا، پێیان وایە ئەوە سەرکەوتنمانە، بەڵام ئەوە تەنها بەشێکی بچووکە. لە ٩٥٪ ی ئەم کەنیسەیە ئەوەیە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا لەنێو ئەو گرووپە بچووکانەدا ڕوودەدات."

"نوێژخوێنەکان و گرووپە بچووکەکان وەك دوو شتی ناخۆشن کە لە هەمان کاتدا ڕوودەدەن. ئەم قەرەباڵغییە گەورەیەت هەیە تا بیرت بهێنێتەوە بۆچی ئەمە دەکەیت وە گرووپێکی بچووکی هاوڕێ نزیکەکانیش تا یارمەتیت بدات جەخت بکەیتەوە لەسەر ئەوەی چۆن ڕاستگۆ بیت. ئێستا زیاتر لە ٥ هەزار گرووپی بچووکمان هەیە. تەنها شتە وا لە کەنیسە دەکات بەم قەبارەیەوە بەڕێوە ببرێت، ئەگینا زۆر کار دەکەم و لە ٩٥٪ ی نوێژخوێنەکان هەرگیز ئەو گرنگیپێدانە بەدەست ناهێنن کە هاتوون لێرە بۆی بگەڕێن."

بەبێ تێگەشتن لێی وارن تا ڕادەیەك ڕێساکەی دووبارە کردەوە کە بایکۆتی پاسەکانی مۆنتگۆمەری ناچاری دەکرد، هەرچەندە بە پێچەوانەوە کردی. ئەو بایکۆتە لە نێو ئەو کەسانەدا دەستی پێ کرد کە ڕۆزا پارکسیان دەناسی و بووە خۆپیشاندانێکی بەرفراوان کاتێك پەیوەندییە لاوازەکانی کۆمەڵگە بەشداریکردنی ناچار کرد. لە کەنیسەی سادڵباك بە پێچەوانەوەیە. خەڵکی سەرنجیان ڕادەکێشرێت بە جۆرێك لە کۆمەڵگە و پەیوەندییە لاوازەکان کە نوێژخوێنەکان پێشکەشی دەکەن. کاتێك لە ناوەوە ناچار دەکرێت بە گرووپی بچووکی دراوسێوە کە تیایدا باوەڕەکەیان دەبێتە لایەنێکی ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەیان.

هەرچەندە دروستکردنی گرووپی بچووک بەتەنها بەس نییە. کاتێک پرسیاری لە خەڵکی کرد لە ژووری دانیشتنی یەکتردا باسیان لە چی کردووە، بۆی دەرکەوت سەبارەت بە ئینجیل قسەیان کردووە و بۆ ماوەی ۱۰ خولەک نوێژیان کردووە پاشان تەواوی کاتەکەیان لە قسەکردن سەبارەت بە منداڵەکان یان زەمکردندا بەسەر بردووە. هەرچەندە ئامانجەکەی وارن تەنها ئەوە نەبوو یارمەتیی خەڵکی بدات هاوڕێی نوێ پەیدا بکەن، بەڵکوو بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ڕاستگۆ بوو تا هانی خەڵکی بدات وانەکانی مەسیح قبووڵ بکەن و واش بکەن باوەڕ ببێتە جەختکردنەوەی ژیانیان. گرووپە بچووکەکانی پەیوەندیی توونديان دروست کرد، بەڵام بەبێ ڕابەرایەتیکردن، لە گرووپێکی قاوەخواردنەوە زیاتر نەبوو. چاوەڕوانییە ئایینییەکانیان بەدی نەدەهێنا.

فەلسەفەکەی مکگاڤران دەڵێت، "گەر خەڵکی فێر بکەیت لەگەڵ خووەکانی مەسیحدا بژین، ئەوا وەک مەسیحییەکان کردار دەکەن بەبێ پێویستیی چاودێریکردن و ڕێبەریکردنی بەردەوام."

وارن نەیتوانی بەتەنها ڕابەری هەموو گرووپە بچووکەکان بکات بە ئامادەبوونی خۆی. نەیدەتوانی ئامادەبێت تا دڵنیابێتەوە هەموو گفتوگۆیەک جەخت لەسەر مەسیح دەکاتەوە نەک لە نوێترین تیقیی شۆکان.

بۆی دەرکەوت، گەر خووی نوێی بە خەڵکی بدایە، ئەوا پێویستی نەدەکرد هەمیشە خۆی لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا لەگەڵیان بێت. کاتێک خەڵکی کۆ دەبوونەوە خواستی قسەکردنیان سەبارەت بە ئینجیل هەبوو، پێکەوە نوێژ بکەن و باوەڕەکەیان نیشانبدەن.

هەربۆیە کاتێک وارن زنجیرە پرۆگرامێکی دانا کە لە پۆلەکانی کەنیسە و ناڵاشەکانی گرووپە بچووکەکاندا بەکار دەهێنران بەڕوونی دیار بوو دانرابوون تا نوێژخوێنەکان فێری خووی نوێ بکەن.

لە یەکێک لە پرۆگرامەکانی سادڵباکدا نووسرابوو:

" زۆر بەسادەیی، هەمووومان کۆمەڵە خوویەکین... ئامانجمان یارمەتیدانتە تا شوێنی هەندێك لە خووە خراپەکانت بە هەندیك خووی نوێی باش پڕ بکەیتەوە."

هەموو ئەندامێکی سادڵباك داوای لێ دەکرێت بەڵێننامەیەك پڕبکاتەوە و ئیمزای بکات تا بە سێ خووەوە پەیوەست بێ:

١. تەرخانکردنی کاتێکی بێدەنگی ڕۆژانە بۆ تێفکرین و نوێژکردن.

٢. دانانی لە ١٠٪ ی داهاتەکەیان.

٣. ئەندامێتیی لە گرووپی بچووکدا.

پێدانی خووی نوێ بە هەمووان بووە بابەتی سەرەکیی جەختکردنەوەی کەنیسە. وارن پێی وتم، "کاتێك ئەوە دەکەین، بەرپرسیارێتیی بۆ گەورەبوونی ڕۆحی چیتر لەگەڵ مندا نییە، بەڵکوو لەگەڵ تۆدایە. ڕەچەتەیەکمان پێ داویت. پێویست ناکات ڕێبەرییت بکەین، چونکە خۆت ڕێبەری خۆت دەکەیت. ئەم خووانە دەبنە ناسنامەی خودیی نوێت و لەو خاڵەدا، لەسەرمان پێویستە پشتگیرییت بکەین و لەسەر ڕێیەکەت لاچین."

بەرچاوڕوونییەکەی وارن ئەوە بوو کە دەتوانێت کەنیسەکەی فراوانتر بکات بەو جۆرەی مارتن بایکۆتەکەی فراوان کرد بە پشتبەستن بە پێکەوەبەستنی پەیوەندییە لاواز و بەهێزەکان. گۆڕینی کەنیسەکەی بە بزووتنەوەیەك هەرچەندە پێویستی بە شتێکی زیاتر بوو، شتێك کە وای لێ کرد بەبێ کاریگەریی دەرەکی بەردەوام بێت. پێویست بوو وارن خوو فێری خەڵکی بکات کە وای لێ کردوون ڕاستگۆییانە بژین نەك لەبەر پەیوەندییەکانیان، بەڵکوو لەبەر ئەو کەسەی کە هەن.

ئەمە سێهەم لایەنی خووە کۆمەڵایەتییەکانە کە چۆن هانی بزووتنەوەکان دەدەن بۆ بیرۆکەیەك تا لەودیو بیرکردنەوەی کۆمەڵگەوە گەورە ببێت و بەبێ کاریگەریی دەرەکی بەردەوام بێت. دڵنیاترین ڕێگە بۆ بەدیهێنانی ئەوە بە پێدانی خووی نوێیە کە یارمەتییان دەدات بزانن بەتەنها بۆ کوێ دەڕۆن.

•••

لەگەڵ فراوانبوونی بایکۆتی پاسەکاندا لە چەند ڕۆژێکی کەمەوە بۆ هەفتەیەک پاشان بۆ مانگێگ دواتر دوو مانگ بڕیاری کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکانی مۆنتگۆمەری لاوازتر دەبوو.

بەرپرسێکی پۆلیس ئاماژەی بە یاسایەک کرد کە پێویستە شۆفێری تەکسییەکان کەمترین بڕە پارە وەربگرن، ترسێنران ئەو شۆفێرانەی کە ڕەشپێستەکان بە داشکاندنەوە دەبەن بۆ سەر کار دەستگیر دەکرێن. ڕابەرانی بایکۆتەکە وەڵامیان دایەوە بە تۆمارکردنی ٢٠٠ خۆبەخش تا بەشداربن لە چوون بۆ سەر کار بە کۆمەڵ.

پۆلیس دەستیان کرد بە دابەشکردنی بلیت و بێزارکردنی خەڵکی لە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی خەڵکیان دەگواستەوە. شۆفێرەکان وازیان دەهێنا. مارتن دواتر نووسیی، "تا دەهات زۆر قورستر و قورستر دەبوو تا بتوانیت ئۆتۆمبێلێک بەکرێ بگریت. سکاڵاکان زیادیان کرد. لە بەیانیی زووەوە بۆ درەنگانێکی شەو تەلەفۆنەکەم زەنگی لێ دەدا و زەنگی دەرگەکەشم بەدەگمەن بێدەنگ دەبوو. گومانم لا دروست بوو دەربارەی توانای کۆمەڵگەی ڕەشپێستەکان تا لە کۆششکردن بەردەوامبن."

شەوێکیان کاتێک مارتن لە کەنیسەکەیدا وتاری پێشکەش دەکرد، ڕێنماییکاری ئامادەکار بۆ دانیشتن بە پەیامێکی بەپەلەوە ڕایکردە سەرەوە بۆ لای و وتی، بۆمبێک لە ماڵەکەتدا تەقیوەتەوە کاتێک ژنەکەت و کچە ساواکەت لە ژوورەوە بوون.

مارتن بەخێرایی ڕایکردەوە بەرەو ماڵەوە و لەلایەن قەرەباڵغییەکی سەدان ڕەشپێست و سەرۆک شارەوانی و بەڕێوەبەری پۆلیسەوە سڵاوی لێ کرا. ئەندامانی خێزانەکەی بریندار نەبووبوون، بەڵام پەنجەرەکانی پێشەوە وردوخاش بووبوون. گەر هەرکەس لە کاتی تەقینەوەی بۆمبەکە ژوورەکەی پێشەوە بایە، ئەوا دەکوژرا.

کاتێک مارتن پێوانەی زەرەروزیانەکانی کرد، ڕەشپێستیی زیاتر و زیاتر گەشتن. پۆلیسەکان بە قەرەباڵغییەکەیان دەوت بڵاوەی لێ بکەن. کەسێک پاڵی بە پۆلیسەوە نا، بتڵێک فڕێدرایە ئاسمان و یەکێک لە پۆلیسەکانیش دارەکەی دەستی وەشاند. سەرۆکی پۆلیسەکان کە چەند مانگێک پێشتر بەئاشکرا پشتگیریی خۆی ڕاگەیاند بۆ

ئەنجومەنی ڕەگەزپەرستیی سپیپێستەکان. مارتنی بردە لاوە و داوای لێ کرد شتێک بکات، هەرشتێك بێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئاژاوەگێڕی بکات.

مارتن بە پیاسە ڕۆشت بۆ بەرهەیوانەکەی، هاواری لە قەرەباڵغییەکە کرد، "هیچ شتێکی مەترسیدار مەکەن! چەکەکانتان مەهێنن! ئەوەی ژیانێکی توندوتیژیانەی هەبێت، ئەوا بەتووندوتیژی دەمرێت!"

قەرەباڵغییەکە لە شوێنی خۆیان مانەوە.

مارتن وتی، "پێویستە برا سپیپێستەکانمان خۆشبوێت! گرنگ نییە چیمان لەگەڵ دەکەن پێویستە وایان لێ بکەین کە بزانن خۆشمان دەوێن. هێشتا وشەکانی مەسیح لە تەواوی وڵاتاندا دەنگ دەدەنەوە کە دەڵێت، دوژمنەکانتان خۆشبوێت، نزا بۆ ئەوانە بکەن نەفرەتتان لێ دەکەن و بۆ ئەوانەش بپاڕێنەوە بەخراپی بەکارتان دەهێنن."

کە مارتن بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك پەیامی ناتووندوتیژی پێ دەدان. مەبەستی سەرەکی لەسەر نووسینەکانی گاندی و وتارەکانی مەسیح بوون کە گوێگرانی مناقەشە پێشتر گوێبیستی نەبووبن لەم دەقەدا:

داواکاری بۆ چالاکیی ناتووندوتیژی، خۆشەویستیی بەهێز و لێخۆشبوون لە هێرشکەرانیان و بەڵێنێك کە سەرکەوتن دێنێت. بۆ ماوەی چەندین ساڵ، بزووتنەوەی مافی مەدەنی (سیڤیل) کە بەزیندوویی مایەوە بە دەربڕینی خۆی لە زمانی جەنگ و کۆششەکاندا. چەندین بەربەست و کێبڕکێ، دەستکەوت و شکست هەبوون کە پێویست بوو هەمووان دووبارە بڕیاری کۆڵنەدان بدەن لە جەنگەکەدا.

مارتن تێڕوانینێکی نوێی بە خەڵکەکە دا، وتی، جەنگ نەبوو بەڵکو باوەشپێداکردن بوو. بە هەمان گرنگی پاش پێشنیاری بایکۆتەکەی بە ئاڕاستە و تێڕوانینێکی نوێوە بۆ کردن.

مارتن وتی، "تەنها سەبارەت بە یەکسانی نەبوو لەسەر پاسەکان، بەڵکوو بەشێك بوو لە پلانەکەی خوا کە کۆتایی بە چارەنووسی کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەکان لە هیندستان و کۆیلایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هێنا." نوێترین قۆناغ بوو لە بزووتنەوەکەیدا کە چەند سەدەیەك پێشتر دەستی پێ کردبوو بۆ نموونە: ئەو

پێویستی بە کاردانەوەی نوێ، هەڵسوکەوت و ستراتیژی جیاواز هەبوو. پێویست بوو بەشداربووان هەڵسوکەوتی جیاواز نیشانبدەن.

خەڵکی دەیانتوانی دڵسۆزییان نیشانبدەن بە گونجاندنی خووە نوێیەکان کە مارتن دەربارەیان قسەی بۆ دەکردن. لە شەوی تەقینەوەکەدا مارتن بە خەڵکەکەی وت، "پێویستە ڕق بە خۆشەویستی پڕ بکەینەوە. گەر من وەستام (وازم هێنا)، ئەوا کارەکەمان ناوەستێ. ئەو شتەی دەیکەین ڕاستە، دادپەروەرانەیە و خوداش لەگەڵمانە!"

قسەکانی کۆتایی پێهێنا و خەڵکەکەش بەهێمنی چوونەوە بۆ ماڵ، دواتر پۆلیسێکی سپیپێست وتی، "گەر ئەو وتاربێژە ڕەشە نەبوایە، ئەوا هەموومان مردبووین."

هەفتەی دواتر دوو دەرزەن شۆفێری نوێ ناویان تۆمار کرد تا بە ئۆتۆمبێل و بە گرووپ بچنە سەر کار. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بۆ ماڵەکەی مارتن کەمی کرد. خەڵکی دەستیان کرد بە خودڕێکخستنی خۆیان، ڕابەرایەتیکردنی بایکۆتەکە و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەکە. کاتێک بۆمبی زیاتر لە حەوشەی ماڵی ڕێکخەرانی دیکەی بایکۆتکەدا تەقییەوە، هەمان شت ڕوویدا.

لە هەمان کاتدا ڕەشپێستەکانی مۆنتگۆمەری پێکەوە دەرکەوتن، گەواهییان دا بەبێ توندوتیژی یان پێکدادان و دواتریش دەچوونەوە. ئەم پێکەوەبوونە تەنها لە کاردانەوەی ئەو توندوتیژییانە بوو (خۆیان بڕیاریان دەدا و لەلایەن کەسەوە ئاڕاستە نەدەکران) دەرکەوتن. کەنیسە دەستیان کرد بە بەستنی کۆبوونەوەی بەرفراوانی هەفتانە، هەندێک کات هەموو شەوێک. تایلەر برانچ پێی وتم، "ئەوە جۆرێک بوو لە قسەکانی مارتن پاش تەقاندنەوەی بۆمبەکە. نووسراوەکەی مەسیحیان برد و کردنیان بە سیاسی. بزووتنەوەکە زنجیرە ڕووداوێکی پەیوەندیداری دووردرێژە. بۆ ئەوەی سوودی هەبێت، پێویستە ناسنامەی هەمووان بگۆڕدرێت. دەبوو خەڵکی مۆنتگۆمەری فێربن بە ڕێگەی نوێ کردار بکەن."

زۆر هاوشێوەی گرووپە نەناسراوەکانی مادده هۆشبەرەکان، کە هێزی وەردەگرت لە کۆبوونەوەی گرووپەکان کە تووشبووەکان خووی نوێ فێردەبن و باوەڕ بەو شتە دەکەن بە سەیرکردنی کەسانی تر باوەڕەکەیان نیشان دەدەن، هەربۆیە هاووڵاتیانی مۆنتگۆمەری لە کۆبوونەوە فراوانەکاندا هەڵسوکەوتی نوێ فێربوون کە بزووتنەوەکەی فراوان کرد.

برانچ وتی، "خەڵکی چوون تا ببینن کەسانی دیکە چۆن چارەسەری دەکەن. چیتر خۆت وەك بەشێکی پڕۆژە کۆمەڵایەتییە گەورەکان دەبینیت و پاش ماوەیەکیش بەڕاستی باوەڕت دەبێت کە وایت."

•••

کاتێك پۆلیسەکانی مۆنتگۆمەری پەنایان بردە بە دەستگیرکردنی بەرفراوانی خۆپیشاندەران تا بایکۆتەکە بشکێنن و کۆتایی پێ بهێنن سێ مانگ پاش ئەوەی دەستی پێ کردبوو. کۆمەڵگەکە باوەشی بۆ چەوەساندنەوەکە کردەوە. کاتێك لەلایەن دەستەی دادگاوە بە ڕەسمی ٩٠ کەس تۆمەتبار کرا، زۆرینەیان بەپەلە چوونە دادگا و بەردەم دادوەر تا خۆیان بۆ دەستگیرکردن ئامادە بکەن. هەندێکیان چوون بۆ بنکەی پۆلیس تا ببینن ئاخۆ ناوەکانیان لە لیستەکەدایە. نائومێد بوون کاتێك ناوەکانیان تیادا نەبوو.

دواتر مارتن نووسیی: "ئەو کەسانەی جارێك ترسێندران، نەگۆڕدران لە ساڵانی داهاتوودا کاتێك بزووتنەوەکە بڵاوبوویەوە چەندین شەپۆلی کوشتار، هێرش، دەستگیرکردن و لێدان هەبوون. خۆپیشاندەران لەسەر بۆچوونی خۆیان مانەوە و بە پاسەوانە سپیپێستەکانیان وت کە ئامادەن کاتێك ڕقەکەیان نەما بیانبەخشن.

لەبری وەستانی بزووتنەوەکە، تاکتیکە پێچەوانەکان بەرەوپێشچوونی زیاتریان پێ درا و ئێمەشیان لێك نزیکتر کردەوە. پێیان وابوو لەگەڵ گرووپێکدا مامەڵە دەکەن کە دەتوانن بە ئاسانی قایلیان بکەن یان ناچاریان بکەن بە هەر شتێك کە پیاوە سپییەکە لێیانی بوێت. ئاگادار نەبوون کە مامەڵە لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا دەکەن کە هیچ جۆرە ترسێکیان نییە."

بەدڵنیاییەوە، چەندین هۆکاری ئاڵۆزی زۆر هەن کە بۆچی بایکۆتی پاسەکانی مۆنتگۆمەری سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بۆچی بووە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکیش بەتەواوی باشووردا بڵاوبووییەوە.

بەڵام فاکتەرێکی ڕەخنەگرانە سێهەم لایەنی ئەم خووە کۆمەڵایەتییانەیە. لە فەلسەفەکەی مارتندا، چەندین هەڵسوکەوتی نوێ هەبوون کە بەشداربووانیان لە شوێنکەوتووانەوە بۆ ڕابەری خودئاڕاستەکەر گۆڕی. ئەو جۆرە خووانە بوونیان نییە کە بە شێوەیەکی ئاسایی بیریان لێ دەکەینەوە. هەرچەندە کاتێک هەوڵەکانی مۆنتگۆمەرییان ڕێک خستەوە بە پێدانی جۆرە هەستێکی ناسنامەی خودی بە خۆپیشاندەران.

خۆپیشاندانەکە بووە بزووتنەوەیەک و تا دەهات زیاتر دەبوو لەلایەن ئەو کەسانەی کە کرداریان دەکرد، لەبەر ئەوەی دەستیان گرتبوو بەسەر خاوەندارێتیی ڕووداوێکی مێژووییدا. ئەو شێوازە کۆمەڵایەتییە بە تێپەڕبوونی کات بووە شتێکی ئۆتۆماتیکی و فراوان بوو بۆ شوێنەکانی دیکە و گرووپی قوتابییەکان و خۆپیشاندەران کە مارتن هەرگیز نەیدیبوون، بەڵام تەنها بە تەماشاکردنی ئەوەی چۆن بەشداربووان بەپێی خوو ڕەفتاریان کرد دەیانتوانی دەست بگرن بەسەر خاوەندارێتیی بزووتنەوەکەدا.

لە ڕێکەوتی ٥-٦-١٩٥٦دا، دەستەیەک لە دادوەرانی فیدراڵی ئەو یاسای جیاوازیی پاسەکانی مۆنتگۆمەرییان بەڕێوە برد کە بووە هۆی شکاندنی دەستوور. شارەکە لە دادگای باڵای ئەمریکا داوای سەرلەنوێ پێداچوونەوەیان کرد بە حوکمێکدا. لە ١٧-١٢دا زیاتر لە ساڵێک پاش دەستگیرکردنی ڕۆزا پارکس باڵاترین دادگای ئەمریکا کۆتا پێداچوونەوەیان ڕەت کردەوە. سێ ڕۆژ دواتر، بەرپرسانی شارەکە فرمانێکیان پێگەشت کە پێویستە هەموو شت کۆتایی پێ بهێندرێت و پاسەکانی شاریش یەکبخرێن.

بەیانیی ڕۆژی دواتر، بۆ یەکەم جار دوای ١٢ مانگ لە کاتژمێر ٥:٠٥ خولەکی بەیانیدا، مارتن و ئی. دی. نیکسۆن، ڕاڵف و ئەوانی دیش سواری پاسێکی شارەکە

بوون و لە ڕیزی پێشەوە دانیشتن. شۆفێرە سپیپێستەکە پرسیی، "پێم وابێت تۆ بەڕێز مارتن لوسەر کینگیت، وایە؟"

مارتن وەڵامی دایەوە، "بەڵێ، ئەوم."

شۆفێرەکە وتی، "زۆر خۆشحاڵین بەم بەیانییە لەگەڵماندایت."

دواتـر پارێزەرەکـەی "NAACP" دادگـای باڵـای داهـاتوو، سـێرگود مارشاڵ ڕایگەیاند کە پەیوەندیی کـەمی هـەبوو بـە کۆتاییهێنـان بـە جیاوازیی پاسـەکان لـە مۆنتگۆمەریدا. دادگای باڵا بوو نەک ئەو شتەی لەلایەن هەر لایەکیانەوە داوا دەکرێت کە یاساکەی گۆڕیی.

مارشاڵ وتـی، "هـەموو ئەو ڕۆشتنە بێسوود بوو. ئەوانیش دەیانتوانی ماوەیەک چاوەڕێیان بکردایە تا حاڵەت (کێشە)ی پاسـەکەش دەگەشتە دادگای باڵا و بەبێ ئەو کار و ماندووبوون و نیگەرانییەی بایکۆتەکە."

هەرچەندە لە لایەکی گرنگەوە مارشاڵ لە هەڵەدا بوو، چونکە بایکۆتی پاسەکان بووە هۆی دروستبوون (لەدایکبوون)ی هەندێک خووی نوێی کۆمەڵایەتی کە بەخێرایی بـە گرینسـبۆر، کارۆلینـای بـاکوور، سـێلما، ئالابامـا، لیتـڵ ڕۆک و ئارکاناسـدا بڵاو بوونەوە.

بزووتنەوەکـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی کۆمـەڵێک خۆپیشـاندانی ئاشـتییانەی ڕێکخراو هەرچـەندە بەشداربووانیش بە خراپـی لێیـان دەدرا. لـە سـەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا، گەشتە فلۆریدا، کالیفۆرنیا، واشینتۆن دی. سی و هۆڵی کۆنگرێسیش. کاتێک سەرۆک لیندۆن جۆنسن ئیمزای لەسەر یاسای مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٤ کرد. هەموو جۆرە جیاوازییەکی دژی ژنان و کەمینەکان کردە نایاسایی، چالاکوانانی مافە مەدەنییەکانی یەکسان کردەوە لەگەڵ دامەزرێنـەران (دۆزەرەوەکان)ی نەتەوەکە. جیاوازییـەک دەیەیـەک لەوەوبـەر خۆکوژیی سیاسـی بـووە. لـە کـەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا وتی، "١٨٨ ساڵ لەمەوبەر لەم هەفتەیەدا، بانـدێکی بچووک لـە پیاوانی ئازا دەستیان بە هەوڵدانێکی دووروودرێژ کرد بۆ ئازادی. ئێستـە نـەوەکانمان لـە ئەمریکییەکان بانگ

...کران تا بەردەوامی بدەن بە گەڕانە ناکۆتاکەیان بۆ دادپەروەری لە نێو ...خوودەکانماندا."

...بزووتنەوەکان دەستوەرنادەن، چونکە لەناکاو هەمووان بڕیار دەدەن دەستبەجێ ...بەرەوڕووی هەمان ئاڕاستە ببنەوە. پشت بە شێوازە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن کە ...وە خووەکانمان دەست پێ دەکەن: هاوڕێیەتییەکان لە نێو خووەکانی کۆمەڵگەکاندا ...گەشە دەکەن، بە خووی نوێ دەهێڵدرێنەوە وێنەی خودیی بەشداربووان دەگۆڕێ.

...بەرزوویی مارتن هێزی ئەم خووانەی بەدیکرد. لەو شەوەی مارتن داوای ...بایکۆتەکەی کرد بە کەنیسەیەکی پڕاوپڕ لە خەڵکی وت، "ناتوانم بەبێ پێدانی یەک ...وشەی ئاگادارکردنەوە دایبخەم." نزیکەی دەیەیەک خۆپیشاندان لە پێشی بوون، ...بەڵام کۆتاییەکەی دیار بوو.

...مارتن وتیشی، "کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ پاسەکان با هێندە خۆشەویست بین ...دوژمنەکانمان بکەینە هاوڕێ و لە هاوڕێیەتییەوە بچین بۆ ئاشتەوایی. دەتوانین بەم ...خۆتەرخانکردنە لەو نیوەشەوە پڕ لە نائومێدی و بێهیواییی نامرۆڤایەتییەی مرۆڤ بە ...مرۆڤی دەکات، ڕزگارمان ببێ بەرەو کازیوەیەکی ڕووناک و پرشنگدار لە دادپەروەری ...و ئازادی."

# ٩

# دەمارەخانەی ئیرادە (ویست)ی ئازاد

## ئایا ئێمە بەرپرسین لە خووەکانمان؟

### یەکەم

ئەو بەیانییەی کێشەکە دەستی پێ کرد، چەند ساڵێك پێشتر دەیزانی کێشە هەیە، ئانجی باکمان لە ماڵ دانیشتبوو، تەماشای تەلەڤزیۆنی دەکرد و زۆر بێزار بوو وە بەجددیش بیری لە ڕێکخستنەوەی دۆڵابە زیوییەکەی شتوومەکەکانی دەکردەوە.

چەند هەفتەیەك لەوەوپێش کچە بچووکەکەی دەستی کردبوو بە چوون بۆ باخچەی ساوایان، دوو کچەکەی تریشی لە ناوەندی بوون. ژیانیان پڕبوو لە هاوڕێ و چالاکی، زەمکردن کە ڕێی تێنەدەچوو دایکیان لێیان تێبگات.

هاوسەرەکەی ڕووپێوکار بوو، کاتژمێر ٨ ی بەیانی لە ماڵ دەردەچوو تا ٦ ی ئێوارە نەدەگەڕایەوە. ماڵەوە چۆڵ بوو جگە لە ئانجی هیچ کەسێکی دیکەی لێ نەبوو. ئەوە یەکەم جار بوو لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بەو شێوە بێت. لەو کاتەی تەمەنی ١٩ ساڵان بوو هاوسەرگیریی کرد و لە ٢٠ ساڵیدا دووگیان بوو. لەوەو بەدوا ڕۆژەکانی ژیانی پڕ بوون لە ڕاکەڕاککردن بەدوای منداڵ و کاروباری ماڵ و بەڕێوەبردنی خێزاندا، هەربۆیە زۆر هەستی بە تەنهایی دەکرد.

ئەو دەمەی لە دواناوەندی بوو، لەبەر ئەوەی جوان و شیاو بوو، هاوڕێیانی پێیان دەوت دەبێت ببیت بە مۆدێل. بەڵام کاتێک وازی لە خوێندن هێنا و شووی بە گیتارژەنێک کرد. سەرەنجام کارێکی دەست کەوت، بڕیاری دا لەبری مۆدێل ببێت بە دایک. ئێستا کاتژمێر ١٠:٣٠ ی بەیانییە و کچەکان ڕۆشتوون، هەستا و پارچە کاغەزێکی دا لە کاتژمێری چێشتخانەکە تا وازبهێنێت لەوەی هەر ٣ خولەک جارێک سەیری بکات.

هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو لەوەی هەنگاوی دواتر چی بکات. هەر ئەو ڕۆژە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ خۆیدا کرد، گەر تا ئێوارە توانیی ئەنجامی بدات، بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی شێتانە بکات یاخود کێکی ناو ساردکەرەوەکە بخوات، ئەوا دەبێت بچێتە دەرەوە و کارێکی دڵخۆشکەر بکات.

٩٠ خولەکەکەی دیکەی بەسەر برد لە بیرکردنەوە لەوەی چی دەبێت. کاتێک میللی کاتژمێرەکە چووە سەر دوانزەکە، هەستا جلێکی جوانی لەبەر کرد، کەمێک میکیاژیشی کرد و دواتر چووە گازینۆیەکی سەر بەلەمی نێو ڕووبارەوە کە نزیکەی ٢٠ خولەکێک لە ماڵەکەی خۆیەوە دووربوو.

هەرچەندە کاتی نیوەڕۆش بوو، بەڵام گازینۆکە پڕ لە خەڵک بوو کە شتی جۆراوجۆریان دەکرد و لەگەڵیدا تەماشای زنجیرە و شانۆگەریشیان دەکرد. گرووپێکی تیادابوو لە نزیک دەرگاکە یارییان دەکرد و خاتوونێکیش بەخۆڕایی خواردنی کۆکتێلی دابەش دەکرد. باکمان لەوێ ڕۆبیانی خوارد. هەموو ئەزموونەکان شتگەلێکی نایاب و پڕخۆشی بوون وەک یاریی هۆکی. خۆی گەیاندە لای مێزی قومارەکە و بازرگانێک بەئارامی هەموو یاساکانی بۆ ڕوون کردەوە.

کاتێک ٤٠ دۆلارەکەی دۆڕاند، سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و بینیی کەوا ٢ کاتژمێر تێپەڕیوە و دەبێت خێرا بڕوات کچە بچووکەکەی هەڵبگرێت و بیباتەوە بۆ ماڵەوە. ئەو شەوە لە کاتی نانی ئێوارەدا، بۆ یەکەم جار لەو مانگەدا شتێکی هەبوو کە باسی بکات، جگە لە هەڵسەنگاندن بۆ پێشبڕکێکارەکان لە بەرنامەی "The Price Is Right".

باوکی ئانجی شۆفێری بارهەڵگر (پیکاب) بوو، لە نیوەی تەمەنیدا، خۆی دروست کرد و بوو بە نووسەری گۆرانی و تا ڕادەیەکیش ناودار بوو. براکەشی بووە نووسەری گۆرانی و خەڵاتی جۆراوجۆری بردبووەوە. لە لایەکی دیکەوە، زۆرینەی جار دایک و باوکی باکمانیان بە "ئەو کەسەی بوو بە دایک" ناوزەند دەکرد.

پێی وتم، "هەمیشە هەستم دەکرد کەسێکی نابەهرەمەندم. پێم وایە کەسێکی زیرەکم و دەزانم دایکێکی باش بووم، بەڵام زۆر شت نەبوو تا ڕوونیان بکەمەوە و باسیان بکەم، لەبەر ئەوە کەسێکی تایبەتم."

پاش یەکەمین چوونی بۆ گازینۆ، ئیدی باکمان ئەمەی کردە کارێکی بەردەوام و هەفتەی جارێک پاشنیوەڕوانی ڕۆژانی هەینی دەچووەوە. ئەمەش وەک بەخششێک وابوو بۆ کاتە بەتاڵەکانی و هێشتنەوەی ماڵەکەی بە خاوێنی و مانەوەی بە ژیری.

دەیزانی ڕەنگە قومارکردن تووشی کێشەی بکات، هەربۆیە ڕێساکانی بۆ خۆی توووند کردەوە. تەنها یەک کاتژمێر لەسەر مێزی قومارەکە بەسەرببات و قوماری لەسەر ئەو بڕە پارەیەش دەکرد کە لەنێو جزدانەکەیدا بوو. پێی وتم، "من ئەمە بە جۆرێک لە ئیشکردن دەبینم. هیچ کات بەر لە نیوەڕۆ لە ماڵ دەرنەدەچووم و هەمیشە پێش کاتی خۆی لە ماڵدا دەبووم و دەڕۆشتم بەدوای کچەکاندا و دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. زۆر ڕێکخراو بووم."

لە سەرەتادا زۆر بەزەحمەت پارەکەی بەشی ئەو کاتژمێرەی دەکرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زۆر باش بوو لە یاریکردندا بە جۆرێک کە ماوەی یاریکردنەکەی درێژ دەکردەوە بۆ دوو یان سێ کاتژمێر وکاتێکیش دەڕۆشتەوە هێشتا هەر پارەی پێ دەما لە گیرفانیدا.

پاشنیوەڕۆیەکیان بە ٨٠ دۆلارەوە لەسەر مێزی قومارکردنەکە دانیشت، بەڵام کاتێک هەستا بڕواتەوە ٥٣٠ دۆلاری پێ بوو. ئەم بڕە پارەیەش بەس بوو تا بتوانێت پێداویستییەکانی پێ بکڕێت و کرێی تەلەفۆنەکانی پێ بدات و هەندێکیشی لێ پاشەکەوت بکات بۆ ڕۆژانی پێویست.

لەو کاتەدا ئەو کۆمپانیایەی خاوەنی گازینۆکە بوو، پسولەی داشکاندنی بۆ نارد تا بێت و لەگەڵ خێزانەکەی ئێوارانی شەممە لەوێ نان بخۆن. ئەو پارێزگایەی باکمان قوماری تێدا دەکرد، لۆوا، ماوەی چەند ساڵێکی کەم بوو قومارکردن تیایدا بە یاسایی کرابوو. بەر لە ساڵی ١٩٨٩، یاسادانەرەکانی پارێزگارەکە، نیگەران بوون لەوەی سەخت بێت بۆ هەندێک کەس لە هەمبەر فرتوفێڵی کارت و زارەکاندا بەرهەڵستی بکەن. نیگەرانییەکە هێندەی نەتەوەکە کۆن بوو.

جۆرج واشینتن لە ساڵی ١٧٨٣دا وتی، "قومارکردن منداڵی چاوبرسێتییە، برای زۆرداریيە و باوکی شەڕ و ئاژاوەیە."

وتیشی، "ئەمە کارێکی خراپە کە بەرهەمهێنەری هەموو خراپەیەکە. بەکورتی، کەسانێکی کەم سوود لەم خراپەیە دەبینن و کەسانێکی زۆر لێی زەرەرمەند دەبن."

پاراستنی خەڵکی لە خووە خراپەکانیان، لە ڕاستیدا پێناسەکردنی ئەوەی کام خووانە بە خراپ دابنرێن، دەسەڵاتی یاسادانەرەکانە کە هەمیشە بە حەماسەتەوە قۆستوویانەتەوە. لەشفرۆشی، قومارکردن، خواردنەوەی کحول و فرۆشتنی لە ڕۆژە پشووەکاندا، بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو، ئەو قەرزانەی سوویان تێدایە و هەبوونی پەیوەندی لە دەرەوەی هاوسەرگیری، هەموو ئەمانە ئەو خوانەن کە ئەنجومەنی یاسادانەرە جۆربەجۆرەکان ڕێکیان خستوون، قەدەغەیان کردن یاخود هەوڵیان داوە بە یاسای توند خەڵکی لێ ساردبکەنەوە.

کاتێک لۆوا گازینۆکانی بە یاسایی کرد، یاسادانەرەکان زۆر نیگەران بوون کە چالاکییەکانی سەر بەلەمی ناو ڕووبارەکەیان سنووردار کرد و خەڵکییان ناچار کرد کە نابێت پارەی ڕەهنکراو لە ٥ دۆلار زیاتر بێت و کۆتا ڕێژەی زەرەریش بۆ هەر کەسێک لە ٢٠٠ دۆلار زیاتر نەبێت.

لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەندێک لە گازینۆکان گواسترانەوە بۆ میسیسیپی کە تیایدا هیچ سنوورێک بۆ قومارکردن نەبوو. لۆواش ئەو یاسا سنووردارکەرانەی لابرد. لە ساڵی ٢٠١٠دا، سندووقی پارێزگاکە بە زیاتر لە ٢٦٩ ملیۆن دۆلاری باجی قومارکردن پڕ بوو.

•••

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، دایبابی ئانجی کە ماوەیەکی زۆر بوو جگەرەیان دەکێشا، ئیدی وردە وردە نیشانەکانی نەخۆشیی سییەکانیان تیادا دەرکەوت. ئانجیش چوو بۆ تێنیسی تا هەموو هەفتەیەك بیانبینێت و سەردانیان بکات، بازاڕکردنی بۆ دەکردن و لە ئامادەکردنی نانی ئێوارەشدا یارمەتیی دەدان.

پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای هاوسەر و کچەکانی، ئیدی زیاتر لە جاران هەستی بە تەنهایی دەکرد. هەندێك جار بەدرێـژاییی ڕۆژ ماڵەکـە چـۆڵ بـوو وەك ئـەوەی، لـە نەبوونیدا، هاوڕێکانی لە بیریان کردبێت بانگهێشتی بکەن و خێزانەکەشی فێر بوون چۆن بەبێ هاوکاریی ئەو درێژە بە ژیان بدەن.

ئانجی دڵتەنگ بوو بۆ دایك و باوکی، زۆر بێزاریش بوو لەوەی کە وا دەردەکەوت هاوسەرەکەی کارەکەی لە نیگەرانی و قەلەقییەکانی ئەو بە گرنگتر دادەنێت و زۆر لە منداڵەکانیشی وەڕەس بوو لەوەی نەیاندەزانی ئێستا دایکیان چەندە پێویستیی پێیانە.

ئەو هەموو قوربانیدانەی دایکیان لەبەرچاو نەبوو لەپێناو گەورەبوونیاندا دابووی. بەڵام هەرکات بچوایە بۆ گازینۆکە ئیدی هەموو گرژی و ناخۆشییەکانی لە بیر دەکرد. لە هەفتەیەکدا چەند جارێك دەچوو، دوای ئەوە سەردانی ماڵ دایك و باوکی نەدەکرد و دواتر هەموو دووشەممان و چوارشەممان و هەینییەك دەچوو.

هەرچەندە تا ئێستەش هەموو یاساکانی هەیە، بەڵام وا چەندین ساڵە کاری قومار دەکات و بنچینە (ئاکسیۆم)ەکانی دەزانی کە یاریکەرە لێهاتووەکان بە هۆیانەوە دەژین. هیچ کات لە ٢٥ دۆلار کەمتری لە دەستێکیدا دانەدەنا بۆ ڕەهن و هەمیشە بە دوو دەست یاری دەکرد لە یەك کاتدا.

ڕۆژێکیان لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئانجی بە ٦ هەزار دۆلارەوە لە گازینۆکەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ئەمەش بەس بوو هەتا کرێی دوو مانگ بدات و پارەی هەموو پسوڵەکانیش بدات کە لەسەری کەڵەکە بووبوون. جارێکی دیکە بە ٢ هەزار دۆلارەوە

گەڕایەوە. هەندێك جاریش بە دۆڕاویی دەگەڕایەوە، بەڵام دۆڕانیش بەشێکە لە یارییەکە.

قوماربازە زیرەکەکان دەیانزانی بۆ ئەوەی سەربکەویت (براوە بیت) پێویستە شکست بهێنیت (بدۆڕێیت).

پاشان لە گازینۆکە کارتێکیان پێ دا تا پێویست نەکات هەمیشە ئەو بڕە پارە نەقدە لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت. زۆر جار یاریزانەکانی تر دەهاتن و لای مێزەکەیدا دادەنیشتن و تەماشایان دەکرد، چونکە دەیزانی چی دەکات. لە گازینۆکە پێشوازیکەرەکان ڕێیان بۆ چۆڵ دەکرد تا لە ڕیزی پێشەوە دابنیشێت. پێی وتم، "دەزانم چۆن یاری بکەم. دەزانم ئەوە وەك کەسێك بوو کە کێشەیەکی هەبێت و نەزانێت کێشەکە چییە. بەڵام تاکە هەڵەیەك من هەمبوو ئەوە بوو وازم نەهێنا. یاریکردنەکەم هیچ هەڵەیەکی تیادا نەبوو."

یاساکانی ئانجی تا دەهات زیاتر دەگۆڕان، لەو کاتەی قەبارەی بردنەوە و دۆڕانەکانیشی ڕوویان لە زیادبوون دەکرد. ڕۆژێکیان بە کاتژمێرێك ٨٠٠ دۆلاری دۆڕاند، بەڵام لە ٤٠ خولەکدا ١،٢٠٠ دۆلاری بردەوە. پاشان بەخت یاوەری بوو بە ٤ هەزار دۆلارەوە گەڕایەوە. ڕۆژێکی دیکەش لە بەیانییەکەیدا ٣،٥٠٠ دۆلاری دۆڕاند، بەڵام تا کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ توانیی ٥ هەزار دۆلار بباتەوە و دواتریش لە ئێوارەدا ٣ هەزار دۆلاری دیکەی دۆڕاند. گازینۆکە ڕێژەی هەموو قەرزاری و دەستکەوتەکانی تۆمار کرد. ئیدی وای لێ هات نەیتوانی خۆی بهێنێتەوە سەر ڕێ. بۆ ماوەی مانگێك لە هەژمارەکەیدا بڕی پێویست پارە نەبوو تا پسوڵەی کارەبای پێبدات.

داوای قەرزی لە دایك و باوکی کرد، دواتریش جارێکی دیکە قەرزی کردەوە لێیان، مانگێکیان ٢ هەزار دۆلار و مانگێکی دیکەش ٢٥٠٠ دۆلار. کێشەیەکی گەورە نەبوو، چونکە پارەیان هەبوو.

ئانجی هیچ کات گرفتی لەگەڵ دەرمان و خواردنەوە و زیادەخۆریدا نەبوو. دایکێکی ئاسایی بوو. ئەو ڕۆژانەی سەردانی گازینۆی نەدەکرد زۆر بێزار و بێتاقەت

بوو. ئەوە هەستێکی تەواو نوێ بوو بۆی، هەربۆیە وای نەدەبینی کە ئەمە کێشەیەک بێت تا ئەو کاتەی لە ژیانی تێوە گلا. وا دیاربوو لە ڕابردوودا هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە نەبووبێت، ڕۆژێک خۆش و ڕۆژێکیش ناخۆش.

لە ساڵی ٢٠٠١دا، هەموو ڕۆژێک دەچووە گازینۆ. هەردەمێک ناخۆشی هەبوایە لەگەڵ مێردەکەی یان هەستی بە پێنەزانینی منداڵەکانی بکردایە دەڕۆشت، بەڵام کاتێک دەچووە سەر مێزی قومارکردنەکە دەستبەجێ هیچ کام لە هەستە ناخۆش و بێزارییەکانی نەدەمان. ئەگەری بردنەوەکانی هێندە زۆر بوون، ئازاری دۆڕانەکانی بیر دەبردەوە.




کاتێک بۆ داواکردنی قەرزی زیاتر پەیوەندی بە دایکیەوە کرد، دایکی پێی وت، "دەتەوێت ببیتە ڕابەرێکی مەزن. تۆ بۆیە قوماردەکەیت، چونکە دەتەوێت گرنگیت پێ بدرێت."

نا، بەو جۆرە نەبوو، بەڵکوو وتی، "من تەنها دەمویست لە شتێکدا هەست بە باشی بکەم. ئەوە تاکە شت بوو هەستم دەکرد تیایدا بەهرەمەندم."

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١دا، باکمان بە بڕی ٢٠ هەزار دۆلار قەرزاری کۆمپانیاکە بوو. هەمیشە دۆڕانەکانی لە پیاوەکەی دەشاردەوە، بەڵام کاتێک دایکی کرێکەی لێ بڕی، بەتەواوی مایەپووچ بوو و لای پیاوەکەیدا دانی پیادا نا.

پارێزەرێکیان بۆ مایەپوچییەکانی بە کرێ گرت و هەموو کرێدیت کارتەکانیان بری. پاشان ئانجی چووە چێشتخانەکە و لەسەر مێزەکە دانیشت تاوەکوو پلانێک بۆ ژیانی دابنێت و زیاتر دەست بە پارەوە بگرێت و خۆی بە بەرپرسیار بزانێت. جلەکانی برد بۆ دوکانێکی کۆنەفرۆشی و بەرگەی ئەو سووکایەتییەی کەسێکی ١٩ ساڵانی گرت کە هەموو جلەکانی ڕەت کردەوە، چونکە پێی وت هەموویان مۆدیان بەسەر چووە.

هەموو ئەوانەشی کە پێی وابوو مۆدیان بەسەر چووە دڕاندنی. لە ئەنجامدا وای هەست دەکرد کە خراپییەکان و هەموو ناخۆشی و ناچارییەکان تەواو بوون.

بەدڵنیاییەوە بەڵام ئەمە تەنانەت نزیکیش نەبوو لە کۆتایی. چەند ساڵێک دواتر، پاش ئەوەی هەموو شتێکی لەدەست دا و ژیانی خۆی و پیاوەکەی وێران کرد و بە سەدان هەزار دۆلاری دۆڕاند. لەبەردەم دادگادا پارێزەرەکەی باسی لەوە کرد کە ئانجی بە هۆکارێکی دیاریکراو قوماری نەکردووە، بەڵکوو تەنها خوویەک بووە.

هەربۆیە نابێت بەهۆی دۆڕانەکانیەوە تاوانبار بکرێت. پاش ئەوەی بووە باسوخواستی نێو ئینتەرنێت و خەڵکی بە (جێفری دامەر) بەراوردیان کرد و ئەو دایک و باوکانەی ئازاری منداڵەکانیان دەدەن، هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە، ئایا بەڕاست دەبێت چەندێک بەرپرسیارێتی وەرگرم؟

پێی وتم، "باوەڕم وایە گەر هەر کەسێکی دیکەش بوایە لە شوێنی من، ئەوا هەمان شتی دەکرد."

## دووەم

بەیانییەکی مانگی ٧ ی ٢٠٠٨، پیاوێک بۆ پشوو چوو بوو بۆ کەناراوەکانی ڕۆژاوای وێڵز، بە نائومێدییەوە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندیی بە فریاگوزاریی خێراوە کرد، وتی، "وابزانم ژنەکەمم کوشتووە. ئای خوایەگیان، وامزانی کەسێک چووەتە ماڵەکەمەوە. شەڕم لەگەڵ ئەو کوڕانەدا دەکرد، بەڵام ئەوە کریستین بوو. من خەون دەبینم یان چی! من چیم کردووە؟ ئەی هاوار، من چیم کردووە؟"

دوای دە خولەك پۆلیسەکان گەشتن و بینییان بریان تۆماس لە تەنیشت ئۆتۆمبێلە کارگوزارییە (ڤان)ە هەوارنشینەکەی دانیشتووە و دەگری. قسەی بۆ پۆلیسەکان کرد و وتی دوێنێ شەو، خۆی و ژنەکەی لە نێو ئۆتۆمبێلە کارگوزارییەکەدا خەوتوون و هەندێك پیاویش لە دەوروبەری گەراجەکە خەریکی پێشبڕکێ بوون و بووە هۆی ئەوەی بەخەبەریان بهێنێت، هەربۆیە ئۆتۆمبێلە کارگوزارییەکەیان بردە قەراغی گەراجەکە و دیسان خەوتنەوە. پاش چەند کاتژمێرێك تۆماس خەبەری دەبێتەوە و دەبینێت کابرایەکی کابۆ لەپێ بەسەر ژنەکەوەیەتی (ئەمە لە هزری خۆیدا بووە.) هاواری لە پیاوەکە کرد و دەستی خستە بینی و هەولی دا بەزۆر جلەکانی لەبەر دابکەنێت. بە پۆلیسەکانی وت، وەك ئەوە بوو دەستبەجێ کاردانەوەی بەرانبەرم هەبێت. هەتا پیاوەکە زیاتر بەرهەڵستی بکردایە، ئەم دەستی توندتر دەکرد. پیاوەکە قۆڵی تۆماسی کێڕاند (بریندار کرد) و ویستی شەڕی لەگەڵدا بکاتەوە، بەڵام تۆماس دەستەکانی لە قوڕگیدا توندتر و توندتر کرد، هەربۆیە سەرەنجام پیاوەکە لە جوڵە کەوت. دواتر تۆماس بۆی دەرکەوت کە ئەوە پیاوێك نەبووە لە نێو دەستەکانیدا، بەڵکوو ژنەکەی بووە. دەستی شل کرد و دای نا، هەرچی بانگی لێ کرد و جوڵاندی، بەڵام کار لەکار ترازابوو.

بە دەم هەنسکدانەوە تۆماس بە پۆلیسەکانی وت، " وامزانی کەسێکی دیکە هاتووەتە ژوورەوە، بەڵام من لەگەڵ ژنەکەی خۆمدا شەڕم دەکرد. ئەو هەموو دونیای من بوو! "

بۆ ماوەی دە مانگی دواتر، تۆماس لە بەندینخانە مایەوە تا کاتی دادگاییکردنی. وێنەی بکوژێکی لا دروست بوو. شەوی وا هەبوو چەندین جار بەدەم خەوەوە دەڕۆشت. لە جێگە نوستنەکەی دەهاتە دەرەوە و بە دەوری خانووەکەدا دەگەڕا، یاریی دەکرد یاخود شتێکی دروست دەکرد و دەیخوارد، بەڵام ڕۆژی دواتر هیچی بیرنەدەما لەوەی چی کردووە و چی نەکردووە. بوو بوو بە نوکتەیەکی خێزانی.

جارێکیان بەدەم خەوەوە چووبووە حەوشەی ماڵێکی تر یان ژووری کەسێکی ترەوە کاتێك هەموویان نوستبوون. دراوسێکانی لە دایکیان پرسی، بۆچی کوڕەکەی

بە پێخاوسی و بە قات و بیجامەوە لەنێو حەوشە و چیمەنی خەڵکی تردا پیاسە دەکات؟ دایکی هەموو شتێکی بۆ باس کردن کە ئەمە خووە.

کاتێگ گەورەتر بوو، خەبەری دەبوویەوە دەیبینی قاچەکانی زامار بوون، بەڵام نەیدەزانی بە چ هۆکارێك وایان لێ هاتووە. جارێکیان لە جۆگەیەکدا مەلەی کردبوو بەبێ ئەوەی خەبەری بێتەوە. پاش ئەوەی هاوسەرگیریی کرد، ژنەکەی زۆر دەترسا لەوەی لە ماڵ دەربچێت و تووشی ڕووداوێك ببێت، هەربۆیە هەموو شەوێك دەرگاکانی دادەخست و کلیلەکانی دەخستە ژێر سەرینەکەی.

هەموو شەوێك، هەردووکیان بەرلەوەی بچنە نێو جێگاکانیانەوە ماچی یەکتریان دەکرد و یەکتریان لە باوەش دەگرت. توماس وتی، دواتر دەچوومە ژوورەکەی خۆم و لەسەر جێی نوستنەکەی خۆم دەنوستم، چونکە گەر پێکەوە بنوستینایە، ئەوا نەمدیودیوکردنە بەردەوامەکەم و هاوارکردن و پرخەپرخکردنەکەم تەواوی شەو ژنەکەمی خەبەر دەکردەوە و نەمدەهێشت بخەوێت.

مارك ماهواڵد، پرۆفیسۆر لە بواری دەمارزانیدا لە زانکۆی مینیسۆتا و پێشەنگ لە بواری تێگەشتن لە هەڵسوکەوتەکانی خەودا، دەڵێت، "خەوڕەویی، بیرخەرەوەیەکە کە دەری دەخات بەخەبەربوون و خەوتن دوو شتی جیاواز نین. ئەو بەشەی مێشك کە چاودێریی ڕەفتارەکەت دەکات خەوتووە، بەڵام بەشەکانی تر توانا چالاکییە ئاڵۆزەکانیان هەیە بەخەبەرن. کێشەکە ئەوەیە هیچ شتێك ڕێنوێنیی مێشك ناکات، چەند شێوازێکی بنچینەیی نەبێت. شوێن ئەو شتە دەکەویت لەنێو سەرتدا هەیە، چونکە توانای بڕیاردانت نییە."

بەپێی یاسا دەبوو پۆلیس تۆماس تاوانبار بکات بۆ ئەم حاڵەتی کوشتنە، بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوەیان نیشان دا تا ئەو کاتە و پێش ئەو شەوە ناخۆشە تۆماس و ژنەکەی ژیانێکی پڕ لە خۆشییان هەبووە. هیچ ڕووداوێکی لێدان و ئازارپێگەیاندن لە ژیانی هاوسەرگیرێتییەکەیاندا نەبووە.

دوو کچی گەورە و پێگەشتوویان هەبوو، تازەش هۆڵێکیان بە کرێ گرتبوو تا یادی ٤٠ ساڵەی هاوسەرگیرییەکەیانی تیادا بکەنەوە. بۆ ئەم بابەتەی تۆماس

داواکارانی گشتی داوایان لە شارەزای بواری خەوتن، دوکتۆر کریس ئیدزیکۆسکی، کرد تا هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی تۆماس بکات و لەوە دڵنیایان بکاتەوە لەو کاتەی کە ژنەکەی خۆی کوشتووە ئاگای لە خۆی نەبووە.

لە دوو دانیشتنی جیادا، یەکیان لە تاقیگەی ئیدزیکۆسکی و یەکێکیشیان لە بەندینخانەدا، لێکۆڵەرەکە هەستەوەری لە هەموو ئەندامەکانی تۆماس بەست و شەپۆلەکانی مێشکی، جوڵەی چاو، ماسوولکەکانی قاچ و دەست و ڕێڕەوی هەناسە و ئاستی ئۆکسجینی جەستەی لە کاتی خەوتندا بپێوێت.

تۆماس یەکەم کەس نەبوو کە مناقەشەی ئەوە بکا لە میانەی خەوتنیدا تاوانێکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت تاوانبار بکرێت و بە بەرپرسیار دابنرێت بۆ کارەکەی. مێژوویەکی زۆری تاوانباران هەیە هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن تاوانەکانیان لە ئەنجامی بێهۆشی و ئاناگایی و بەدەم خەوەوە ڕۆشتنە.

لە دەیەی ڕابردوودا، کاتێک تێشگەشتنمان لە زانستی دەمارەخانەی خووەکان و ویستی ئازاد زیاتر بوو، ئیدی ئەم بەرگرییانە زیاتر بەهێزتر دەبن و دەبنە جێی باوەڕن لامان. کۆمەڵگە قبووڵی ئەوە دەکات و هاوڕای ئەوەیە کە هەندێک خوو هێز و دەسەڵاتێکی زۆریان لەسەر توانای بڕیار و هەڵبژاردنەکانمان هەیە، هەربۆیە بەرپرسیارنین لەو شتەی ئەنجامی دەدەین.

•••

خەوڕەویی، بریتییە لە گەشەیەکی نائاسایی لایەنێکی ئاسایی سەبارەت بەوەی چۆن مێشکمان لە کاتی خەوتندا کار دەکات. زۆربەی کات لە کاتی پشوودا، جەستەمان چەندین جوڵەی جیاواز دەکات و سیستمی سەرەکیی دەمارەکان ڕێگە بە مێشکمان دەدات کە خەونەکانمان ئەزموون بکەین بەبێ ئەوەی جەستەشمان بجوڵێت. زۆر کات لە کاتی خەودا، خەڵکی چەند جارێک دەتوانن بەبێ کێشە ئەمدیودیو بکەن. لە دەمارزانیدا ئەمە پێی دەوترێت "گۆڕین."

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس تووشی گۆڕینی هەڵە دەبن، لە کاتی خەوتندا تووشی شەلەلێکی ناتەواو دەبن و جەستەیان بە چالاکی دەمێنێتەوە لە کاتی خەوتن

و خەوبینیندا. ئەمەش بنچینەی خەوڕەوییە و سەرچاوەی زۆرینەی ئازارەکانە.
بێزارکەرە، بەڵام کێشەیەکی مەترسیدار نییە بۆ زۆرێك بۆ نموونە: ڕەنگە کەسێك خەو
بە خواردنی کێکەوە ببینێت و بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر پاکەتێك چۆرەك لە
چێشتخانەکەدا ببینێت.

کەسێك خەون بە چوون بۆ تەوالێتەوە دەبینێت و دواتر کە لە خەو ڕادەبێت دەبینێت فەرشی هۆڵەکە پەڵەیەکی تەڕی پێوەیە. کەسانی خەوڕەو دەتوانن بە شێوازێکی زۆر نائاسایی (ئاڵۆز) هەڵسوکەوت بکەن بۆ نموونە: دەتوانن چاوەکانیان بکەنەوە، ببینن، بسوڕێنەوە، ئۆتۆمبێل لێ بخوڕن یاخود چێشت ئامادە بکەن، هەموو ئەمانەش لە کاتی خەو و بێئاگاییدا دەکەن، چونکە لە کاتی خەوتندا ئەو بەشانەی مێشکیان بەرپرسن لەو کردارانە هێشتا چالاك و بەئاگان. خەوڕەو هەبووە ئاوی کوڵاندووە و چای لێ ناوە، هەبووە بەلەمی ئیش پێ کردووە و تیایاندا بووە مشاری کارەبایی کار پێ کردووە و تەختەی پارچە پارچە کردووە بەر لەوەی بچێتەوە سەر جێی نوستنەکەی. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، خەوڕەوەکان شتانێك ناکەن کە ئازاربەخش و مەترسیدار بێت بۆ خۆیان یان کەسانی دیکە. هەرچەندە نوستوون و بەئاگا نین، بەڵام ویستیان هەیە خۆیان لە کاری زیانبەخش و مەترسیدار بە دوور بگرن.

کاتێك زاناکان لێکۆڵینەوەیان لە مێشکی کەسانی خەوڕەو کرد، بۆیان دەرکەوت کە جیاوازییەك هەیە لەنێوان خەوڕەوی و ترسەخەودا. خەوڕەوی، تیایدا کەسەکە لە جێگاکەی هەڵدەسێت و دەڕوات و ئەو شتانە دەکات لە خەودا دەیانبینێت. ترسەخەو کاتێك ڕوودەدات، ئەو چالاکییانەی لە مێشکی ئەو کەسانەدا ڕوو دەدەن زۆر جیاوازن لەوانەی کاتێك ئەو کەسانە بەخەبەرن، نیوەبەئاگان، یان تەنانەت خەوڕەویش دەکەن. ئەو کەسانەی لە ناوەڕاستی ترسەخەودان، لەناو قەڵەقییەکی خراپدان، بەڵام خەونیش نابینن. مێشکیان دا دەخرێت جگە لە ناوچە سادەکانی بەشی دەمارەخانەکان، کە ئەو شتانەی تێدایە ناسراون بە "ئیشپێکەری بەشە سەرەکییەکان".

ئەم بەشانەی مێشک هەمان شتن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا لەلایەن دوکتۆر لاری سکوایەر و زاناکان لە "ئێم تی ئای-MTI" کە ئامێری دەمارەخانەی سووڕی خوویان دۆزییەوە. لە ڕاستیدا، لای دوکتۆری نەخۆشییەکانی دەمار، کاتێک مێشکێک ئەزموونی ترسەخەو دەکات زۆر هاوشێوەی مێشکێکە شوێن خوویەک دەکەوێت.

هەڵسوکەوتی ئەوانەی لە ترسەخەودان، ئەو خووانەن کە ژیانێکی زۆر سادەیان هەیە. ئیشپێکەرە شێوازە سەرەکییەکان لە کاردا لە ماوەی ترسەخەودا ئەو شوێنانەن کە تیایاندا ئەم شێوازی ڕەفتارانە ڕوودەدەن: پیاسەکردن، هەناسەدان، خۆڵادان لە دەنگی بەرز یان شەڕکردن لەگەڵ هێرشبەرێکدا. زۆر کات وەک خوو بیر لەم ڕەفتارانە ناکەینەوە، بەڵام ئەو شتانەن کە هەن: ڕەفتارە ئۆتۆماتیکییەکان لە دەمارەخانەکەماندا کە لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن دەتوانن ڕووبدەن بەبێ هیچ زانیارییەک لە ناوچە بەرزەکانی مێشکەوە.

هەرچەندە کاتێک ئەم خووانە ڕوو دەدەن لە کاتی ترسەخەودا، لە بوارێکی ڕەخنەییەوە جیاوازن: چونکە خەو "prefrontal Cortex" و ناوچەکانی تری تێگەشتن لە کار دەخات. کاتێک خووی ترسەخەو دەست پێ دەکات، هیچ ئەگەرێکی دەستتێوەردانی بەئاگا ڕوونادات. کاتێک ئەو خووەی خەڵکی دەخاتە ئەو دۆخەی یان دەبێت ڕابکات یان بمێنێتەوە و چارەسەری دۆخەکە بکات لەلایەن ترسەخەوەکەوە نیشانەی پێ دەدرێت، هیچ چانسێک نییە کە کەسێک بتوانێت بە هۆی لۆجیک یان توانای بیرکردنەوەوە بۆ بڕیاردان زاڵبێت بەسەریدا.

دوکتۆر ماهوالد، دوکتۆری نەخۆشییەکانی دەمار دەڵێت، "ئەو کەسانەی ترسەخەویان هەیە، خەونی ئاسایی نابینن. وەک من و تۆ نین و هیچ شتێکیشیان سەبارەت بە کابووسەکەیان بیر نییە. گەر دواتر هەرشتێکیان بیر بکەوێتەوە، تەنها وەک وێنە یان هەستێکە: هەستکردن بەوەی ڕووداوێکی تراجیدی ڕوودەدات، ترسێکی خراپە و بەرگریکردن لە خۆیان یان کەسێکی تر پێویستە.

"لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەستانە بەڕاستی بەهێزن. ئەوانە هەندێک لە گرنگترین ئاماژە بنچینەییەکانی ئەو جۆرە ڕەفتارانەن بەدرێژایی ژیانمان فێریان بووین.

کاردانەوەمان بۆ ترسێك یان ڕاکردنمان لەو کاتەی هەڕەشەمان لێ کراوە یاخود بەرگریکردنمان لە خۆمان شتێکە هەمووان لە کاتی منداڵیماندا کردوومانە و ڕاهاتووین لەگەڵیدا. کاتێك ئەو جۆرە هەستانە دروست دەبن و مێشکمان ناتوانێت بەتەواوی دۆخەکە جێگیر بکات، ئیدی بە جۆرێك کاردانەوەمان دەبێت کە قوڵترین خووەکانمان پێمان دەڵێن، ڕا بکە، یان بجەنگە یان شوێن ئەو شێوازە ڕەفتارە بکە کە ئاسانترینە بۆ مێشکمان تا لێی تێبگات."

منداڵەکانی خۆیان کوشتووە، چونکە باوەڕیان وابووە لەگەڵ ئاژەڵێکی کێویدا شەڕیان دەکرد، دەستدرێژییان کردووەتە سەر ژنەکانیان، کاتێك تەنانەت قوربانییەکانیش لێیان پاڕانەوە بوەستن، چونکە کاتێك ئارەزووی جنسی کەسەکان دەستی پێ کرد، شوێن خووە جێگیرەکەیان کەوتن تا ئارەزووەکەیانی پێ پڕبکەنەوە. خەوڕەوی ڕێگە بە هەندێك بڕیاردان، هەندێك بەشداریکردن دەدات، لەلایەن مێشکی سەرووترمانەوە کە پێمان دەڵێت لە قەراغی سەقفەکە دوور بکەوینەوە. هەرچەندە کەسێك کە ترسەخەوی هەیە بەئاسانی شوێن سووڕی خووەکەی دەکەوێت بەبێ گوێدانە ئەوەی بەرەو کوێی دەبات.




هەندێك لە زاناکان گومانیان وایە کە ترسەخەو شتێکی بۆماوەیی بێت و هەندێکی دیکەش دەڵێن نەخۆشییە. نەمانتوانیوە بەباشی لە هۆکارەکان تێ بگەین، بەڵام بۆ ژمارەیەك لە خەڵکی ترسەخەو چەند هێزێکی تووندوتیژی لەخۆ دەگرێت. هەندێك

لێکۆڵەری سویسری لە ساڵی ٢٠٠٩دا، وتیان، "ئەو توندوتیژییەی ئەم کەسانە لە خەودا دەیکەن، کاردانەوەی ئەو خەیاڵە ترسناک و ڕوونەیە پاش ئەوەی خۆیان بینییان و هەستیان پێ کرد وەسفی دەکەن. لە ٦٤٪ ی ئەو حاڵەتانەی هاوبەشی خەوەکە هەوڵی هێرشکردنیان داوە لە ٣٪یان بریندار بوون."

لە ئامارەکانی هەردوو ئەمریکا و بەریتانیادا، مێژوویەکی دێرین هەیە لە بکوژەکان کە مناقەشەی ئەوە دەکەن ترسەخەو بووە هۆی ئەوەی تاوان بکەن، ئەگینا ئەوان هەرگیز بەئاگاییانە کاری لەو جۆرەیان نەکردووە.

بۆ نموونە، چوار ساڵ بەر لە دەستگیرکردنی تۆماس، پیاوێک بە ناوی جۆلیس لۆ، دەرکەوت کە تاوانبار نییە بە کوشتنی باوکە ٨٣ ساڵانەکەی پاش ئەوەی دەرکەوت هێرشەکە لە ترسەخەودا ڕوویداوە. لێکۆڵەرەکان دەیانوت جێی باوەڕکردن نییە جۆلیس لە خەودا بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ خولەك بە بۆکس و شەق لە باوکی دابێت وە کاتێکیش بەجێی هێشتبوو زیاد لە ٩٠ ئاسەواری برینی پێوەبوو. بەڵام دەستەی دادگا باوەڕی بەوە هەبوو وە ئازادی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٨دا، دۆننا شیپاردی ٣٣ ساڵ خەریکبوو دایکی خۆی بخنکێنێت، چونکە بۆ ماوەی ٣٠ چرکە سەرینەکەی لەسەر دەموچاوی دانابوو. پاش لێکۆڵینەوە ئازاد کرا، چونکە وایان دانابوو بەدەم خەوەوە ئەم کارەی کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، سەربازێکی بەریتانی دانی نا بە دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی هەرزەکار. بەڵام وتی لەو کاتەدا خەوتبوو وە ئاگایی لە خۆی نەبووە. کاتێك خەبەری بوویەوە، لە نیوەی دەستدرێژییەکەدا، داوای لێبوردنی کرد و پەیوەندیی بە پۆلیسەوە کرد و وتی، "جۆرە تاوانێکم کردووە. بەڕاستی نازانم چی ڕوویداوە. خەبەرم بوویەوە لە کارەکەدا بووم."

ماوەیەکی دوورودرێژە ئازاری ترسەخەو دەچێژێت و دەرکەوت تاوانبار نییە. لە سەدەی ڕابردوودا، زیاتر لە ١٥٠ بکوژ و دەستدرێژیکار بە بەکارهێنانی "بەرگری ئۆتۆماتیزم-Automatism Defense" خۆیان لە سزادان دەرباز کردووە.

دادوەران و دەستەکانیان لەبری کۆمەڵگە کردار دەکەن (بڕیار دەدەن) و وتوویانە لەبەر ئەوەی خۆیان بڕیار نادەن، بەبێ ئاگابییانە وەها کارێک دەکەن و بە ویستی خۆیان نییە، نابێ لەسەر ئەو شتانە لۆمە بکرێن و سزابدرێن. بە سەدان کەس بەهۆی ئەمەوە لە ئەشکەنجە و ئازاری بەندینخانە ڕزگاریان بووە.

ئەمە بۆ بریان تۆماس وەك حاڵەتێکی نەخۆشیی خەو بەدیار دەکەوێت وەك لە حەزێکی کوشتن، هەڵەیەك بوو. بە یەکێك لە لێکۆڵەرانی وتبوو، "هەرگیز لە خۆم خۆشنابم، بۆچی وەها کارێکم کرد؟"

•••

پاش ئەوەی، کریس ئیدزیکۆسکی، پسپۆڕی تایبەت بە خەو، لە تاقیگەکەیدا چاودێریی تۆماسی کرد، ئەوەی بەتەواوی پشتڕاست کردەوە ئەو کاتەی تۆماس ژنەکەی کوشتووە لە خەودا بووە و هیچ ئاگایی لە خۆی نەبووە. تۆماس برایە دادگا و هەموو بەڵگەکان خرانە ڕوو. تۆماس دانی نا بە کوشتنی ژنەکەیدا. دەیزانی ماوەیەکی دوورودرێژە بەدەم خەوەوە ڕێ دەکات. وتیان، هەڵەکەی تا کرداری پێشوەختە بگرێتە بەر لە کاتێکدا لە پشوودابوو، وای کرد بەرپرس بێت لە تاوانەکەی.

لەگەڵ بەردەوامبوونی مناقەشەکاندا، ڕوون بوویەوە لێکۆڵەرەکان ڕووبەڕووی شتێکی زۆر سەخت و دژوار دەبوونەوە. پارێزەرەکەی تۆماس، ڕایگەیاند تۆماس هیچ مەبەستێکی نەبووە لەکوشتنی ژنەکەیدا. لە ڕاستیدا، ئەو شەوە خۆی کۆنترۆڵی کردارەکانی نەدەکرد، لەبری ئەوە دەستبەجێ کاردانەوەی دەبوو بۆ هەر هەڕەشەیەکی پێشبینیکراو. شوێن خووە کۆنەکانی دەکەوت وەك: حەزی شەڕکردن لەگەڵ هێرشبەرێکدا و پاراستنی کەسێکی خۆشەویست. پارێزەرەکەی وتی، "تۆماس تاوانبار نەبوو بە هیچ شتێك وەك لە بوون بە مرۆڤایەتی. بە جۆرێك کاردانەوەی هەبوو کە بەشی دەمارەخانەی مێشکی ناچاری کرد وا ڕەفتار بکات."

تەنانەت خودی گەواهیدەرەکانی لێکۆڵینەوەکەی وادیار بوو پشتگیرییان لە بەرگرییەکە کرد. هەرچەندە تۆماس دەیزانی توانای ڕێکردنی بەدەم خەوەوە هەیە،

هیچ شتێك نەبوو تا پێشنیاری بۆ بکرێت، وەك ئەوەی شتێکی دیار و پێشبینیکراو بێت کە دەیکوژێت. پێشتر هەرگیز لە خەودا هێرشی نەکردبووە سەر هیچ کەسێك و ئازاری ژنەکەشی نەدابوو. کاتێك دەروونپزیشکی سەرەکیی لێکۆڵینەوە گەواهیی دا، پارێزەرەکەی تۆماس دەستی کرد بە پرسیارکردن لە گەواهیدەرەکە.

ئایا ڕەوایە تۆماس تۆمەتبار بکرێت بە شتێك کە نەیدەزانی ڕوودەدات؟

دوکتۆر کارۆلین جەیکب، پێی وابوو تۆماس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو پێشبینیی ڕوودانی تاوانەکە بکات.

گەر تۆمەتبار بکرایە و سزابدرایە بەوەی بنێردرایە بۆ نەخۆشخانەی برۆدمور، کە تیایدا هەندێك لە ترسناکترین تاوانبارە دەروونەخۆشەکانی تیادا جێ کراوەتەوە. "سەر بەو شوێنە نییە!"

داواکاری گشتی، وتارێکی پێشکەش بە دەستەی دادوەران کرد.

وتی، "لە کاتی کوشتنەکەدا تاوانبارکراوەکە بەخەبەر نەبوو و مێشکی کۆنترۆڵی نەبوو بەسەر جەستەیدا کە چی دەکات. گەشتینە ئەو دەرەنجامەی بەرژەوەندییە گشتییەکان چیتر سوودی پێ ناگەیەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، چیتر بەڵگەی زیاتر پێشکەش ناکەین و بانگهێشتت دەکەین بۆ گەڕانەوەی بڕیارێکی ڕاست و ڕوون نەك تاوانبارکردن." دەستەکەش هەمان شتیان کرد.

بەرلەوەی تۆماس ئازاد بکرێت دادوەرەکە پێی وت، "تۆ پیاوێکی زۆر باش و ڕاستگۆیت. زۆر گومان دەکەم کە هەست بە تاوان دەکەیت لە ناخی خۆتدا. بەڵام لە چاوی یاساوە تۆ کەسێکی بێتاوانیت و بەرپرس نیت لەم کارە. تۆ ئازادیت."

ئەمە دەرەنجامێکی دادگەرانە بوو، ڕوون و ئاشکرا بوو کە تۆماس زۆر ڕووخابوو بەو تاوانە. هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو لەوەی بۆچی وەها کارێکی کردووە. تەنها شوێن ئەو خووە کەوتووە و توانای بڕیاردانی نەبووە لەو کاتەدا. تۆماس زۆر جێی بەزەیی بوو، زیاتر لەوەی بتوانی خەیاڵی بکەیت. کەسێك نزیك بوو لەوەی خۆی ببێتە قوربانی کاتێك دادگاکە کۆتاییی هات، دادوەرەکە هەوڵی دڵنەواییکردنی دەدا.

دەکرێت هێشتا زۆرێک لەم بەهانە لێکچووانەش بۆ ئانجی قومارچی گونجاو بن، چونکە ئەویش بەهۆی خوو و کردارەکانیەوە ماڵوێران بوو دواتریش وتی لە ناخیدا هەستی بە تاوان کردووە. دەرکەوت شوێن خووە جێگیرە قووڵەکانی کەوتووە کە زۆر سەخت بوو بۆی تا بتوانێت بڕیار بدات.

بەڵام لە چاوی یاساوە ئانجی بەرپرسی خووەکانی خۆی بوو، بەڵام تۆماس بەرپرس نەبوو لێی. ئایا ئەوە ڕاستە کە ئانجی قومارچی تاوانبارترە لە تۆماسی بکوژ؟ ئایا ئەمە چیمان پێ دەڵێت لەبارەی ئاکارەکانی خوو و بژاردەوە؟

## سێیەم

سێ ساڵ پاش ئەوەی ئانجی مایەپووچبوونەکەی ڕاگەیاند، باوکیشی کۆچی دوایی کرد. پێنج ساڵی پێشووی لە گەشتکردن لە ماڵی خۆیەوە بۆ ماڵی دایک و باوکی و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بەسەر بردووە، بۆ ئەوەی کاتێک زۆر نەخۆش بوون چاودێرییان بکات. مردنی باوکی زەبرێک بوو بۆی، پاش دوو مانگ دایکیشی کۆچی دوایی کرد.

ئانجی وتی، "دونیام بەتەواوی وێران بوو. هەر بەیانییەک بە خەبەر دەهاتم، بۆ چەند چرکەیەک بیرم دەچوو کە ئەوان مردوون. پاشان کاتێک بیرم دەهاتەوە، وام هەست دەکرد کەسێک لەسەر سینگم وەستاوە و دڵ و دەروونم بەتەواوی قورس و وێران دەبوون. نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێکی دیکەش بکەمەوە. نەمدەزانی کە هەستام لە جێگەی نوستنەکەم چی بکەم."

کاتێک وەسێتنامەکانیان خوێندرایەوە، ئانجی بۆی دەرکەوت نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری وەک میرات بۆ ماوەتەوە.

۲۷۵ هەزار دۆلاری دا بە کڕینی خانوویەکی نوێ بۆ خێزانەکەی لە تێنیسی، لە نزیک ئەو شوێنەی دایک و باوکی لێی ژیابوون و کەمێک زیاتریشی خەرج کرد تا کچە گەورەکانیشی لە نزیک خۆی بژین. لەو شوێنە کاری قومارکردن یاسایی نەبوو. پێی وتم، "نەمویست بگەڕێمەوە سەر ئەو کارە و ویستم بەدووربم لە هەر شتێک کە وام لێ

دەکات ئەو هەستەم بیربهێنێتەوە کۆنترۆڵی خۆم لەدەستبدەم." هەربۆیە ژمارەی تەلەفۆنەکەی گۆڕی و ناونیشانە تازەکەی خۆی بە هیچ کەسێک نەدا لە گازینۆکەدا. بەو جۆرە پارێزراوتر بوو. پاشان شەوێکیان لەگەڵ پیاوەکەیدا بە شارۆچکە کۆنەکەیاندا تێپەڕین، چوونەوە ناو خانووەکەیانەوە تا کۆتا شتوومەکیان بهێننەوە بۆ خانووە نوێکەیان و دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە دایك و باوکی. چۆن دەتوانێت لە دووریی ئەوان بژی؟ بۆچی کچێکی باشتر نەبوو؟ تووشی خێرا هەناسەدان بوو، وەك دەستپێکی هێرشی ئازارەکان وابوو. چەندین ساڵ بوو کە لە قومارکردن دوورکەوتبوویەوە، بەڵام لەو ساتەدا هەستی دەکرد پێویستە کارێك بکات تا خۆی لەو خەم و ئازارە ڕزگار بکات. سەیرێکی پیاوەکەی کرد. زۆر خەمبار بوو، تەنها شت دەبوو بیکا چوون بۆ گازینۆکە بوو.

وتی، "با بچین بۆ گازینۆکە!"

کاتێك چوونە ژوورەوە یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانی ناسییەوە و بانگهێشتی کردە سەر مێزی یاریکردنەکە. بەڕێوەبەرەکە هەواڵی پرسیی کە لەو ماوەیەدا چۆن بووە و چی کردووە؟

ئەویش بە ورد و درشتی هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە چی ڕوویداوە لە مردنی دایك و باوکی کە چەندە بەئازار بوو بۆی، چەندە ماندووبوو هەموو کات وە هەستی دەکرد لە لێواری شکستدایە. بەڕێوەبەرەکە گوێگرێکی باش بوو لە کۆتاییدا وتی ئاساییە هەستی بەم جۆرە بووبێت بەهۆی هەموو ئەو شتانەی بیری لێ کردوونەتەوە و پێی وتراون.

پاشان لەسەر مێزی قومارەکردنەکە دانیشت و بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر یاریی کرد. بۆ یەکەم جار لە ماوەی چەندین مانگی ڕابردوودا، ئەوە یەکەم جار بوو کە دوودڵی (قەلەقی)یەکانی لەنێو ئەو دەنگەدەنگ و هەرایەدا ون بوون. دەیزانی چۆن ئەم کارە بکات. چەند هەزار دۆلارێکی دۆڕاند.

ئەو کۆمپانیایەی خاوەنی گازینۆکە بوو، ناسراو بوو لە نێو پیشەسازیی یاریکردندا بۆ بەکارهێنانی سیستمێك بۆ سەردانیکردنی کڕیارەکانی دروست

کردبوو. ئەو بەرنامە کۆمپیوتەرییانە وەك ئەو بەرنامانە بوون کە ئاندرو پۆڵ لە تارگێت دروستی کردن، بەرنامەی کۆمپیوتەریی پێشبینیکردن لێکۆڵینەوەی لە خوورەکانی قوماربازەکان دەکرد و هەوڵی دەدا چ ڕێگایەك بەکاربهێنێت تا وایان لێ بکات زیاتر بمیننەوە و پارەی زیاتر خەرج بکەن. کۆمپانیاکە بەهایەکی هەمیشەیی پێشبینیکردنی دا بە یاریکەرەکان و سۆفتوێریش چەندین ڕۆژژمێری دروست کرد کە پێشبینیی دەکرد چەندە سەردانی گازینۆکە دەکەن و چەندە پارەش خەرج دەکەن. کۆمپانیاکە لە ڕێی کارتی ڕاستگۆییەوە زانیاری سەبارەت بە یاریکەرەکان دەست دەکەوت و پسوڵەی داشکاندنی بۆ دەناردن بۆ ژەمەخواردنی بەلاش و قەواڵەی کاش: لە کۆمپانیاکەوە پەیوەندییان پێوە دەکرا تا بزانن لە کوێ بوون. فەرمانبەرەکانی گازینۆکە ڕاهێنرابوون تا هانی سەردانکەرەکان بدەن باس لە ژیانیان بکەن، بەو ئومێدەی ڕەنگە زانیاری بدرکێنن کە دەکرێت بەکاربهێندرێت تا پێشبینی بکەن چەندە پارەیان هەیە قوماری پێوە بکەن. یەکێك لە جێبەجێکارانی کۆمپانیاکە بەم شێوازەی وت، "بازاڕکاریی پاڤلۆڤیان".

هەموو ساڵێك کۆمپانیاکە هەزاران تاقیکردنەوەی دەکرد تا ڕێگە و شێوازەکانیان بێ کەموکوڕی بێت. زانینی زانیاریی کڕیار بووە هۆی زیادبوونی بلیۆنان دۆلار بۆ کۆمپانیاکە و هێندە ورد و پوخت بوون دەیانتوانی بەتەواوی پارەی خەرجکراوی قوماربازەکە بزانن و بشزانن چەند خولەك دەمێنێتەوە.

هەرچەندە کۆمپانیاکە ئاگاداربوو لە مایەپووچبوونەکەی ئانجی چەند ساڵێك لەوەوبەر و دەیزانی کە بڕی ٢٠ هەزار دۆلار قەرزاربووە بە هۆی قومارکردنەوە، بەڵام هەر زوو پاش گفتوگۆکردنی لەگەڵ بەڕێوەبەری گازینۆکە، پەیوەندیی پێوە دەکرا و ئۆفەریان پێشکەش کرد کە بە لیمۆزینی بەبێ پارە دەیبەن بۆ گازینۆکان لە میسیسیپی. ئۆفەرێکیان پێشکەش کرد تا خۆی و پیاوەکەی بچن بۆ دەریاچەی تاهۆ، لە شوێنێکی مانەوەی خۆشدا دایان دەنێن، بلیتیان دەدەنێ تا بچنە کۆنسێرتی ئێگلیسەکان.

باکمـان وتـی، "وتم پێویسـتە کچەکەشـم بێـت و ئـەویش دەیـەوێت هاوڕێیـەکی بهێنێت. کۆمپانیاکەش وەڵامی دایەوە و وتی، هیچ کێشەیەک نییە. تێچووی گەشتەی لە بلیتی فڕۆکە و مانەوە لە شوێنی دابینکراودا بە خۆڕایی بوو. لە کۆنسێرتەکە، لە ڕیزی پێشەوە دانیشت. کۆمپانیاکە بڕی ١٠ هەزار دۆلاریان پێ دا تا یاری پێبکات. بەردەوام ئۆفەرەکانی پێ دەگەشت. هـەموو هەفتەیەک گازینۆیـەکی تـر پەیوەندییان پێوە دەکـرد، پێیـان دەوت ئـاخۆ لیمبـۆزینی، چـوون بـۆ بەرنامـە شـۆیەکان، بلیتی فڕۆکەی دەوێت. باکمان سەرەتا بەرهەڵستی دەکرد، بەڵام بۆ هەر ئۆفەرێك کە دەخرایە بەردەستی لە کۆتاییدا دەیوت، "بەڵێ". کاتێك هاوڕێیەکی خێزانەکەیان ئاماژەی بەوە دا کـە دەیـەوێت لـە لاس ڤێگـاس هاوسـەرگیریی بکـات، باکمـان تەلـەفۆنێکی کـرد و کۆتاییی هەفتەی دواتر لە تاوەری پالازۆ بوون لە لاس ڤێگاس. پێی وتم، "تەنانەت زۆر کەس هەر ناشزانن کە بوونی هەیە. من پەیوەندیم کـرد و پرسیارم کـرد دەربارەی و پەیوەندیوەرگرەکـە وتـی زانیارییـەکان سـنووردارن و نـاتوانین لـە پەیوەنـدیی تەلەفۆنیـدا بـە هـەر کەسێکی بـدەین. ژوورەکـە وەك هیـی نـاو فیلمـەکان بـوو، شـەش ژووری نووسـتن و بەرهـەیوانێك و حـەوزێکی ئـاوی گـەرمی تایبـەتیش بـۆ هـەر کام لە ژوورەکان. سەرکارێکی تایبەت بە خۆم هەبوو.

هـەر کاتێك دەڕۆشتە گازینۆکە ئیدی خووی قوماربازی بەسـەریدا زاڵ دەبوو. بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بەبەردەوامی قومـاری دەکـرد. سـەرەتا بـە بڕێکی کـەم دەستی پێ کرد، تەنها پارەی گازینۆکەی بەکار دەهێنا، دواتـر ژمارەکە زیـادی دەکـرد، دیسان بەردەوام دەبوو لە یاریکردن وەك ئەوەی هیچ کێشـەیەك نـەبێت بـۆی. هەندێك جار لە هەر دەستێکیدا ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ دۆلار هەبوو. هەنـدێك کـات بـۆ مـاوەی چەندین کاتژمێر بە دوو دەست یـاری دەکـرد لـە یـەك کاتـدا. شـەوێکیان ٦٠ هـەزار دۆلاری بردەوە، دوو جـاریش ٤٠ هـەزاری بـردەوە ماڵـەوە. جارێکیـان کـە چـوو بـۆ گازینۆکـە ١٠٠ هـەزار دۆلاری پێ بوو، بەڵام کە گەڕایەوە هیچی پـێ نـەمابوو. ئەمـە بەڕاستی شێوازی ژیانی نەگۆڕی. لە هەژمارە بانکییەکەیدا هێندە پارەی هـەبوو کـە پێویسـت نـەبوو هەرگیز بیر

لە پارە بکاتەوە. دایك و باوکی بۆیە میراتیان بۆ بەجێهێشتبوو تاوەکوو چێژ لە ژیان ببینێت.

دەیویست کەمتر بچێت، بەڵام داواکارییەکانی کۆمپانیاکە سوورتر بوون. وتی، "یەکێك لە خانەخوێیەکان پێی وتم، گەر بێتوو کۆتاییی ئەم هەفتەیە نەیەت بۆ گازینۆکە ئەوە دەری دەکەن. دەڵێن، تۆمان نارد بۆ ئەم کۆنسێرتە و ئەم ژوورە خۆشەمان پێ دایت و بەم دواییانەش قومارت زۆر نەکردووە. ئەو شتە باشانەشیان بۆ من کرد."

لە ساڵی ٢٠٠٥دا، نەنکی پیاوەکەی کۆچی دواییی کرد و هەموو خێزانەکەی چوونەوە بۆ شارۆچکە کۆنەکەیان تا لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەدا ئامادە بن. هەربۆیە شەوی پێش ڕۆشتنەکەیان چوو بۆ گازینۆکە هەتا مێشکی خۆی ساف بکات و بۆ هەموو چالاکییەکانی ڕۆژی دواتر ئامادە بێت. لە ماوەی ١٢ کاتژمێر یاریکردندا، ٢٥٠ هەزار دۆلاری دۆڕاند. بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی قەبارەی دۆڕانەکە تۆمار نەکرابێت.

کاتێك دواتر بیری لێ کردەوە، چارەکە ملیۆنێك دۆلاری دۆڕاندووە، باوەڕی نەدەکرد ڕاست بێت. ئەو لە زۆر شتدا پێشتر درۆی لەگەڵ خۆی کردبوو: ئەوەی کە ژیانی هاوسەرێتی خۆش بووە لە کاتێکدا هەندێك ڕۆژ تێپەڕیوە لە ژیانیدا لەگەڵ پیاوەکەیدا پێکەوە قسەیان نەکردووە. کاتێك گەشتی ڤێگاسیان دەکرد هاوڕێکانی دەردەکەوتن، بەڵام کاتێك پارەی پێ نەدەما هەموویان دوور دەکەوتنەوە (دیار نەدەمان). ئەوەی کە دایکێکی زۆر باش بوو، کاتێك دەیبینی کچەکانی خەریکن هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە کە ئەم کردوونی، وەك: بەزوویی دووگیانبوون، دایك و باوکی خۆشحاڵ دەبوون کە دەیانبینی پارەکەیان بەم جۆرە بەفیڕۆ دەدەن.

وەك ئەوە بوو تەنها دوو بژاردەی لە بەردەستدا بێت: یان ئەوەتا بەردەوامبێت لە درۆکردن لەگەڵ خۆی یان دەبێت دان بەوەدا بنێت کە خیانەتی کردووە بە لەدەستدانی هەموو ئەو شتانەی دایك و باوکی ئەرکێکی زۆریان لەپێناودا کێشابوو تا بەدەستی بهێنن.

چارەکە ملیۆنێک دۆلار. ئەو بە پیاوەکەی ئەوت. وتی، "هەر کات ئەو شەوەم بیر دەکەوتەوە، تەرکیزم دەخستە سەر شتێکی نوێ."

هەرچەندە بڕی دۆڕانەکە هێندە زۆرە ئەستەمە لە بیر بکرێت. هەندێک شەو پاش ئەوەی پیاوەکەی دەخەوت، ئانجی لە جێگەی نوستنەکەی دەهاتە دەرەوە و دەچووە سەر مێزی چێشتخانەکە و هەندێک شتی دەنووسی، هەوڵی دەدا بزانێت چەندێکی لەدەست داوە. ئەو نائومێدییەی کە پاش مردنی دایک و باوکی تووشی بووبوو، زۆر زیاتر بوو وە بەدرێژاییی کاتیش هەستی بە بێزاری و ماندوێتی دەکرد. کۆمپانیاکەش بەردەوام پەیوەندییان پێوە دەکرد.

وتی، "ئەم نائومێدییە هەر لەو کاتەوە دەست پێ دەکات بۆت دەردەکەوێت چەندێکت لەدەست داوە، پاشان وا هەست دەکەیت ناتوانیت بوەستیت، چونکە دەبێت بەدەستی بهێنیتەوە. هەندێک کات هەستم بە نائارامی دەکرد، نەمدەتوانی بەباشی بیربکەمەوە. دەمزانی گەربێتوو خۆم وا نیشانبدایە، گەشتێکی تر دەکەم، ئەوا ئارام دەبوومەوە. پاشان کە پەیوەندییان پێوە کردمەوە، منیش وتم، بەڵێ، چونکە ئاسان بوو ڕازی ببمەوە یاری بکەم. بەڕاستی باوەڕم وابوو ئەوەی لەدەستم داوە دەتوانم بەدەستی بهێنمەوە، چونکە پێشتر ئەمەم کردبوو. گەر نەتتوانیایە بڕاوە بیت، ئەوا قومارکردن شتێکی یاسایی نەبوو، ڕاستە؟"

•••

لە ساڵی ٢٠١٠دا، زانایەکی پسپۆڕ لە دەمارخانەکانی مێشک کە تایبەتن بە فێربوون بە ناوی ڕەزا حەبیب داوای لە ٢٢ کەس کرد لەناو MRIدا پاڵ بکەون و سەیری ئامێری دەرچوون (سلۆت)ەکە بکەن کە بە بەردەوامی دەسوڕێتەوە. نیوەی بەشداربووان "ئەو قوماربازانە بوو کە نەیاندەتوانی حەزەکانیان بۆ قومارکردن کۆنترۆڵ بکەن و بەسەریاندا زاڵ بن، ئەو کەسانەی درۆیان بۆ خێزانەکانیان کردبوو سەبارەت بە قومارکردن، نەچوون بۆ سەر کار بە هۆی قومارکردنەوە یان چەکی نێو هەژمارەکانیان بەتاڵ کردەوە لە گازینۆکەدا. لە کاتێکدا نیوەکەی دیکەی بەشداربووان کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی قوماریان دەکرد، هیچ هەڵسوکەوتێکی کێشەداریان

نیشان نەدەدا. هەموویان لەسەر پشت پاڵ کەوتن لەناو ئامێرێکی تەسکدا تا سەیری چەرخی بەخت، سێوەکان و قاڵبە ئاڵتوونەکان بکەن کە لەسەر شاشەکە دەسوڕانەوە. ئامێرەکە پرۆگرام کرابوو تا سێ ئەنجام بگوازێتەوە: بردنەوە، دۆڕان و ڕێژەیەک (ئاست)ێکی نزیک لە دۆڕان. تیایدا ئامێرەکە تەواو نزیکبوونەوە لە یەکتر، بەڵام لە کۆتا ساتدا شکستی هێنا. هیچ کام لە بەشداربووان نە پارەیان بردەوە نە پارەیان دۆڕاند. هەموو ئەوەی لەسەریان پێویست بوو بیکەن ئەوە بوو سەیری شاشەکە بکەن کە MRIیەکە چالاکیی دەمارەخانەکانی تۆمار کرد.

حەبیب پێی وتم، "بەتایبەت ئێمە زۆر تایبەتمەندبووین لە سەیرکردنی سیستمی مێشک کە بەشدار بوون لە خوو و هۆگری بە مادده هۆشبەرەکانەوە. ئەوەی دۆزیمانەوە ئەوە بوو ئەو کەسانەی نەیاندەتوانی زاڵبن بەسەر حەزەکانیاندا زۆر خۆشحاڵ دەبوون لە کاتی بردنەوەدا، کاتێک نیشانەکان ڕیز دەبوون هەرچەندە لە ڕاستیدا هیچ بڕە پارەیەکیشیان نەدەبردەوە. ئەو ناوچانەی مێشکیان کە پەیوەندی بە هەست و خەڵاتەوە هەبوو زۆر چالاکتر بوون وەک لە بەشداربووەکانی دیکە.

بەڵام ئەو شتەی سەرنجڕاکێش بوو ئەوانە بوون کە لە دۆڕانەوە نزیک بوون. لای ئەوانەی کە نەیاندەتوانی بەسەر حەزەکانیاندا زاڵبن، ئەم جۆرە کەسانە وەک براوە وا بوون. مێشکیان بە هەمان شێوە کاردانەوەی دەبوو، بەڵام لای قوماربازەکانی دیکە کە دەیانتوانی بەسەر حەزەکانیاندا زاڵبن، ئەم جۆرە کەسانە وەک دۆڕاو وابوون.

ئەو کەسانەی کێشەی قوماركردنیان نەبوو باشتر بوون لە ناسینەوەی ئەوەی کە "نزیک بیت لە دۆڕان" واتە هێشتا دەدۆڕێیت.

دوو گرووپ کتومت هەمان ڕووداویان دی، بەڵام لەلایەنی زانستی دەمارەخانە "نیورۆلۆجی"یەوە بە جیاواز بینییان. کەسانێک کێشەی قوماركردنیان هەبوو، توانایەکی زیرەکیی زۆریان هەیوو لەو کەسانەی نزیک بوون لە دۆڕانەوە کە حەبیب پێی وابوو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زیاتر لە کەسانی دیکە قومار دەکەن، چونکە نزیکی لە دۆڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خووانە وایان لێ بکەن لەسەر یاریکردنەکە بەردەوامبن. بەڵام ئەوانەی توانای زاڵبوونیان هەبوو بەسەر

خووەکانیاندا، کاتێک ئەو جۆرە کەسانەیان دی لە دۆڕان نزیک بوون ئەو جۆرە تێگەشتنەیان بۆ هات کە بووە هۆی خوویەکی جیاواز. ئەو خووەی دەڵێ، "دەبێت بەرلەوەی خووەکە تەواو بێ، دەست هەڵبگرم."

ڕوون نییە ئاخۆ ئەو قوماربازانەی کێشەی مێشکیان جیاوازە یان نا، چونکە بەو جۆرە لەدایک دەبن کە بەریەککەوتنی بەردەوامیان بۆ ئامێری دەرچوون (سلۆت)ەکان، پۆکەری ئۆنلاین، گازینۆکان هەیە و دەتوانن شێوازی کارکردنی مێشک بگۆڕن. ئەو شتەی ڕوونە ئەوەیە کە جیاوازییەکانی تایبەت بە دەمارەخانەکان کاریگەری دەکەنە سەر ئەوەی چۆن ئەو قوماربازانەی توانای کۆنترۆڵکردنی حەزەکانیان نییە زانیاری وەر دەگرن، کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی هەر کات ئانجی باکمان دەچووە نێو گازینۆکەوە کۆنترۆڵی لەدەست دەدا.

بەدڵنیاییەوە کۆمپانیاکانی بواری یاریکردن ئاگاداری ئەمەن لەبەر ئەوەیە کە دەیەکانی ڕابردوو ئامێری دەرچوون (سلۆت)ەکان پرۆگرام کرانەوە بۆ گواستنەوەی ئامێری بەردەوامیی ژیان نزیک لە بردنەوە. ئەو قوماربازانەی کە بەردەوام دەبن لە یاریکردن پاش ئەوەی نزیک دەبنەوە لە بردنەوە ئەوانەن وا لە گازینۆکان، شوێنی پێشبڕکێی ئەسپەکان، یانسیبخانەکان دەکەن زۆر قازانجبەخش بن.

ئەو بەشانەی مێشک کە حەبیب جەختی لەسەر کردنەوە لە تاقیکردنەوەکەیدا، ئەو شوێنانەن کە خووەکان تیایاندا نیشتەجێ دەبن و ئەو هەڵسوکەوتانەش پەیوەستن بە ترسەخەوەوە دەست پێ دەکەن. لە دەیەی ڕابردوودا، کۆمەڵێک دەرمانسازی نوێ هاتنە مەیدان کە ئامانجیان ئەو بەشانە بوو، دەرمان بۆ نەخۆشیی پارکینسۆن، زۆر شت فێربووین سەبارەت بە هەندێك خوو کە دەکرێت چەندە هەستیار بن لە دەرەوەی هاندان.

داوای یاسایی تۆمار کرا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئوستورالیا و کەنەدا دژی وەبەرهێنەرەکانی دەرمان بە تۆمەتی ئەوەی گوایە ئەو دەرمانانە بوونەتە هۆی ئەوەی نەخۆشەکان زۆر یاری بکەن، خواردنەوە بخۆنەوە، بازاڕ بکەن و خۆیان بەتاڵ بکەنەوە بە ئامانجگرتنی ئەو بەشانەی نێو مێشک کە بەشدارن لە سووڕی خوودا.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا، دادگای فیدراڵی لە مینیسۆتا خەڵاتی نەخۆشێکی کرد بە بڕی ٨.٢ ملیۆن دۆلار بۆ سکاڵاکردن لە دژی کۆمپانیایەکی دەرمان پاش ئەوەی پیاوەکە ڕایگەیاند کە دەرمانەکە بووەتە هۆی ئەوەی زۆر قومار بکات و بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاریش بدۆڕێنێت. سەدان کەیسی دیکەی هاوشێوە هەن.

حەبیب وتی، "دەتوانین بڵێین لەو دۆخانەدا، نەخۆشەکان کۆنترۆڵیان بەسەر بیرکردنەوەیاندا نییە، چونکە دەتوانین ئاماژە بە دەرمانێ بدەین کە کاریگەریی کردووەتە سەر بەشی کیمایی دەمارەخانەیان. بەڵام کاتێک سەیری مێشکی ئەو کەسانە دەکەین بەردەوام قومار دەکەن زۆر هاوشێوەی یەکترن جگە لەوەش ناتوانن لۆمەی دەرمان بکەن.

بە لێکۆڵەران دەڵێن نایانەوێت قومار بکەن، بەڵام ناتوانن بەرهەڵستی مەیل و خواستەکانیان بکەن. کەوایە بۆچی دەڵێین ئەو قوماربازانە کۆنترۆڵی کردارەکانیان دەکەن، بەڵام ئەو نەخۆشانەی نەخۆشیی پارکینسۆنیان هەیە کۆنترۆڵی کردارەکانیان ناکەن؟"

•••

لە ڕێکەوتی ١٨-٣-٢٠٠٦دا، ئانجی باکمان لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیایەک چوو بۆ گازینۆیەک، لەو کاتەدا هەژمارە بانکییەکەی لە بەتاڵبووندا بوو. کاتێک هەوڵی دا حسابی ئەو بڕە پارە بکات کە لە تەواوی ژیانیدا دۆڕاندوویەتی، بۆی دەرکەوت نزیکەی ٩٠٠ هەزار دۆلار بوو. بە کۆمپانیاکەی ڕاگەیاند وا خەریکە بەتەواوی مایەپووچ دەبێت، بەڵام ئەو کەسەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵدا دەکرد وتی، بەهەرحاڵ وەرە! بڕە پارەیەکت بە قەرز پێ دەدەین.

وتی، " نەمدەتوانی بڵێم نەخێر، وەک ئەوەی هەر کات بچووکترین فریودانیان دەخستە بەردەمم مێشکم لە کار دەکەوت. دەزانم ئەمە وەک بەهانەیەک دەردەکەوێت، بەڵام هەمیشە بەڵێنیان دەدا کە ئەم جارە جیاواز دەبێت. دەشمزانی هەرچەندە هەوڵی ڕەتکردنەوەم بدایە، لە کۆتاییدا هەر ڕازی دەبووم."

کۆتا بڕی پارەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ گازینۆکە. بە بڕی ٤٠٠ دۆلار دەستی پێ کرد لە دەستێکیدا و لە یەک کاتدا بە هەر دوو دەست یاریی دەکرد. بە خۆی وت، گەر بیتوو بتوانم هەڵبسمەوە بە بڕی ١٠٠ هەزار دۆلارەوە، ئەوا واز دەهێنم و شتێک دەبەمەوە بۆ منداڵەکانم تا سکیانی پێ تێر بکەن.

پیاوەکەشی بۆ ماوەیەک پێوەندیی پێوە کرد، بەڵام لە نیوەشەودا چووە سەر جێی نوستنەکەی. لە دەوروبەری ٢ ی بەیانیدا، ئەو پارەی لەگەڵ خۆی هێنابووی دۆڕاندی. فەرمانبەرانی شوێنەکە بەڵێننامەیەکیان پێ پڕ کردەوە و ٦ جار لە دوای یەک ئیمزای کرد و داوای پارەی کاشی کرد بە قەرز بە بڕی ١٢٥ هەزار دۆلار.

لە نزیک ٦ ی بەیانیدا، چەند سەرکەوتنێکی یەک لەدوای یەکی بەدەست هێنا و پارەکەشی کەم کەم زیادی دەکرد. خەڵکی کۆ بوونەوە. ڕیکۆردێکی خێرای تۆمار کرد، بەڵام هێندە نەدەبوو پارەی قەرزەکانی پێ بداتەوە. گەر زیرەکانە بەردەوامبوایە، ئەوا پلەکەی دەچووە سەرەوە و دواتریش دەیتوانی وازبهێنێت. پێنج جار لەسەر یەک بردیەوە، تەنها لەسەری پێویست بوو یەک جاری دیکە بباتەوە بە بڕی ٢٠ هەزار دۆلار، تا بتوانێ بکەوێتە پێشەوە. ئەوە بوو هەر لە یاریکردن بەردەوامبوو، لە کاتژمێر ١٠ی بەیانیدا، هەموو پارەکانی دۆڕاندەوە، داوای قەرزی زیاتری کرد، بەڵام فەرمانبەرانی گازینۆکە ڕەتیان کردەوە پێی بدەن.

لەسەر مێزی قومارکردنەکە هەڵسا و بە سەری گێژەوە بەرەو ژوورەکەی چوو وەک ئەوە بوو لای زەوییەکە بجوڵێتەوە. بەهێواشی و لەسەرخۆ دەڕوشت و دەستی دەگرت بە دیوارەکەوە تا گەشتە ژوورەکەی تا گەر بیتوو کەوت بزانێ بە چ لایەکدا خۆی بگرێتەوە.

کاتێک گەشتە ژوورەکەی پیاوەکەی چاوەڕوانی بوو.

– وتی، "هەموو شت تەواو بوو!"

– وتی، "بۆ ناڕۆیت حەمامێک بکەیت و بچیتە سەر جێیەکەت بنوویت؟ ئاساییە کە دۆڕاویت، چونکە تۆ پێشتریش دۆڕاندووتە!"

– وتی، "هەموو شت تەواو بوو!"

- وتی، "مەبەستت چییە؟"

- وتی، "هەموو پارەکەم دۆڕاند. هەر هەمووی!"

- وتی، "لانی کەم خانووەکەمان هەیە."

- وتی، "چەند مانگێک پێشتر لەسەر خانووەکەمان قەرزم وەرگرتووە و بە قومارکردن دۆڕاندوومە."

## چوارەم

بریان تۆماس ژنەکەی کوشت و ئانجی باکمانیش میراتییەکەی بەفیڕۆ دا، ئایا هیچ جیاوازییەک هەیە لەوەی کۆمەڵگە دەبێت چۆن بەرپرسیارێتی دابەش بکات؟

پارێزەرەکەی پێی وابوو کە بریان تۆماس بەرپرسیار نییە لە کوشتنی ژنەکەی، چونکە بەبێئاگایی ئەو کارەی کردووە. ئۆتۆماتیکی کاردانەوەی ئەوە بوو کە پێی وابوو کەسێک هێرش دەکاتە سەریان. پارێزەرەکەی وتی، "هەرگیز خۆی بڕیاری نەدا بیکوژێت، هەربۆیە نابێت بە بەرپرسیار دابنرێت بۆ مردنی ژنەکەی بە هەمان لۆجیک کە ئانجی باکمان وەک لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەزا حەبیبەوە دەزانین کە لەسەر مێشکی ئەو قوماربازانە کردی کێشەیان هەبوو، هاندرابوون بە خواستە بەهێزەکانەوە."

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بڕیارێکی دا، کاتێک خۆی گۆڕی بڕیارەکەش ئەوە بوو ئەو دوانیوەڕۆیە لە گازینۆکەدا بەسەر ببات، ڕەنگە چەندین هەفتە و مانگ لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام چەند ساڵێک دواتر لەو کاتەی ٢٥٠ هەزار دۆلاری لە شەوێکدا دۆڕاند، پاش ئەوەی زۆر نائومێد بوو لە کردنی شەڕی ئەو خۆزگانەی کە چوو بۆ ویلایەتێک تیایدا قومارکردن یاسایی نەبوو، چیتر بڕیاری بەئاگایانەی نەدەدا.

حەبیب وتی، "گەر بە شێوەیەکی مێژووی بدوێین، لە ڕووی زانستی دەمارەخانەوە، وتمان ئەو کەسانەی مێشکیان کێشەی هەیە هەندێک لە ئیرادە ئازادەکەیان لەدەست دەدەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک قومارباز‌ێک ناتوانێت بەسەر حەزەکانیدا زاڵ ببێت گازینۆکە دەبینێت وەک ئەوەیە ئەو جۆرە کەسانە بەبێ بڕیار کردار بکەن."

پارێزەرەکەی تۆماس مشتومڕی ئەوەی کرد، لەو ڕووەوە کە هەمووان پێیان وایە تۆماس هەڵەیەکی گەورەی کرد. ئایا ڕوون نییە کە باکمانیش هەستی بە هەمان شێوە بوو؟

پێی وتم، "زۆر هەست بە تاوان دەکەم. زۆر شەرمەزارم سەبارەت بەوەی کردم وەك ئەوەی هەمووانم نائومێد کردووە. دەزانم هەرگیز ناتوانم قەرەبووی بکەمەوە، هەرچییەك بکەم."

جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان دۆخەکەی تۆماس و باکماندا: تۆماس کەسێکی بێتاوانی کوشت و گەورەترین تاوانی کرد. ئانجی باکمان پارەی لەدەست دا و قوربانییەکان: خودی خۆی، خێزانەکەی و کۆمپانیایەکی ٢٧ ملیارد دۆلاری بوو کە قەرزێکی ١٢٥ هەزار دۆلارییان پێ دا.

تۆماس لەلایەن کۆمەڵگەوە ئازاد کرا، بەڵام باکمان بە بەرپرسیار دانرا بۆ کارەکانی.

١٠ مانگ پاش ئەوە باکمان هەموو شتێکی لەدەست دا، کۆمپانیاکە هەوڵی دا چی پارە لە هەژمارەکەیدا هەیە بیبات، ئەو بەڵێننامەی ئیمزای کرد بەتاڵ بوو، هەربۆیە کۆمپانیاکە سکاڵایان لەسەری تۆمار کرد و داوای قەرزەکانیان کردەوە لەگەڵ بڕێکی زیادەدا کە ٣٧٥ هەزار دۆلار بوو وەك سزایەك بۆ تاوانەکەی.

ئەویش سکاڵای تۆمار کرد بە گەورەکردنی قەرزەکەی، ئەو شوێنی مانەوەی بەخۆڕایی پێی درابوو، خواردنەوە کحولییەکان کۆمپانیاکە فێڵیان لێ کردبوو کە زانیبوویان کۆنترۆڵی بەسەر خووەکانیدا نییە. کەیسەکەی چووە دادگای باڵا و پارێزەرەکەی باکمان وتی، "نابێت بە بەرپرسیار دابنرێت، چونکە دەستبەجێ کاردانەوەی هەبوو بۆ فریودانەکان کە کۆمپانیاکە خستبوویانە بەردەستی. کاتێك پێی خستە کۆمپانیاکەوە، ئۆفەرەکان خرانە بەردەستی خووەکانی کۆنترۆڵیان کرد و ئەستەم بوو بۆی بتوانێت دیسان کۆنترۆڵی ڕەفتار و خووەکانی بکاتەوە.

دادگاکان، لەبری کۆمەڵگەکان کاریان دەکرد، وتیان باکمان هەڵە بوو. دادگا نووسیی، "هیچ یاسایەکی باو نییە کە گازینۆکە ناچار بکات بەدوور بن لە فریودان

یان پەیوەندیکردن بە قوماربازەکانەوە کە دەزانن یان دەبێت بزانن زۆر مەیلیان بۆ یارییەکە هەیە."

ویلایەتەکە پرۆگرامێکی خۆبەخشانەی هەیە، هەرکەسێک دەتوانێت داوا بکات ناوەکەی لە لیستێکدا تۆمار بکرێت کە وا لە گازینۆکان بکات رێگرییان لێ بکات لە یاریکردن. رەنگە جیاوازی لە دەرەنجامی تۆماس و باکماندا دادپەروەرانە بێت. پاش هەموو شت، ئاسانترە کە دڵنەواییی بێوەپیاوێکی داڕووخاو بکەین وەك لە کابانێکی ماڵ کە هەموو شتێکی لەدەست دا (دۆڕاندی).

بۆچی ئاسانترە؟ بۆچی پیاوە کۆچکردووەکە قوربانییە لە کاتێکدا قوماربازە مایەپووچەکە هەموو شتێکی لەدەست دا؟ بۆچی هەندێك کەس وا دەردەکەون کە ئاسان کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵام هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوەن؟ لەوە گرنگتر، ئایا دروستە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ڕووداوەدا بکرێت؟

ئەرستۆ لە کتێبی "Nicomachean Ethics"دا، دەنووسێت، "هەندێك لە بیرکەرەوان پێیان وایە سروشتی خۆیانە کە خەڵکی باش دەبن، ئەوانی دیکەش بە خوو و هەندێکی تریش بە زانیاری. ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بەبێ بیرکردنەوە ڕوودەدەن بەڵگەی بوونی خودی خۆمانن وەك چۆن دەبێت پێشوەختە پارچە زەوییەك ئامادە بکرێت بۆ تۆوەکە، دەبێت بە هەمان شێوەش مێشکی کەسەکەش پێشوەختە ئامادە بکرێت لە خووەکانیدا کە ئاخۆ حەز یان ڕقی لە شتە دروستەکانە."

خووەکان بەو جۆرەی دەردەکەون ئاسان نین. وەك هەوڵم داوە لە تەواوی ئەم کتێبەدا نیشانیان بدەم، خووەکان گەر تەنانەت لە مێشکیشماندا ڕەگ دابکوتن، چارەنووسمان نین. دەتوانین خووەکانمان هەڵبژێرین کاتێك دەزانین چۆن هەموو ئەو شتانەی دەیانزانین سەبارەت بە خووەکان لەو دوکتۆرانەی تایبەتن بە نەخۆشیی دەمارەخانە کە لێکۆڵینەوە لە کەسانێك دەکەن یادگەیان لەدەست داوە و پسپۆڕە دامەزراوەییەکان کۆمپانیاکان دروست دەکەنەوە. گەر بزانرێت چۆن کار دەکەن، دەکرێت هەریەکێکیان بگۆڕدرێت.

سەدان خوو کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان هەیە، وەك: ڕێنموونیمان دەکەن چۆن لە بەیانیاندا جلوبەرگ بپۆشین، لەگەڵ منداڵەکانماندا بدوێین، لە شەواندا بنوین، کاریگەری دەکەنە سەر ئەوەی لە ژەمی نیوەڕواندا چی دەخۆین، چۆن بازرگانی دەکەین، ئاخۆ پاش کارکردنێکی ماوەدرێژ بیرە دەخۆینەوە یان ڕاهێنان دەکەین. هەر یەکێکیان کاریگەرییەکی جیاوازی هەیە و سوودێکی تایبەتی هەیە. هەندێکیان ئاسانن و هەندێکیان ئاڵۆزن، بەڵام هەموو خوویەك بەبێ گوێدانە ئاڵۆزییەکەی بەئاسانی کاریگەری لەسەر دەبێت، تەنانەت ئەو کەسانەی زۆرترین خوویان بە ماددە هۆشبەرەکانەوە گرتووە دەتوانن دیسانەوە ببنەوە بە کەسانی بەئاگا.

ناچالاکترین کۆمپانیاکان دەتوانن خۆیان بگۆڕن. کەسێك لە قۆناغی دواناوەندیدا وازی لە خوێندن هێنابێت دەتوانێت ببێت بە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو. بۆ گۆڕینی خوویەك پێویستە بڕیاری گۆڕانکاری بدەیت. پێویستە بەئاگایانە ئەو ئەرکە قورسە پەسەند بکەیت لە ناسینەوەی ئاماژەکان و خەڵاتەکان کە هانی ڕۆتینی خووەکان دەدەن و بژاردەکان دەدۆزنەوە. پێویستە بزانیت کە کۆنترۆڵت هەیە و هێندە بەئاگایت دەتوانیت بەکاری بهێنیت کە هەموو بەشێکی نێو ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ بە وێنە ڕوونکردنەوەی لایەنێکی جیاواز کە بۆچی ئەو کۆنترۆڵە ڕاستییە.

هەرچەندە هەردووکیان، باکمان و تۆماس، هەندێك گۆڕانکارییان کرد لە وتەکانیاندا، بەبێ خوو ڕەفتاریان کرد. کۆنترۆڵیان نەبوو بەسەر کردارەکانیانەوە، چونکە هەڵسوکەوت و کردارەکانیان دەستبەجێ و بەبێ بیرکردنەوە کرد.

دادپەروەرانەیە گەر بێتوو جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. تەنها ئەوەیە کە ئانجی باکمان دەبێت بە بەرپرسیار دابنرێت و بریان تۆماسیش ئازاد بکرێت، چونکە نەیزانی ئەو هۆکارانەی کە پاڵیان پێوە نا بۆ کوشتنی کەسێك بونیان هەبووە ئەگینا دەیتوانی زاڵبێت بەسەریاندا. لە لایەکی دیکەوە، باکمان ئاگاداری خووەکانی بوو. کاتێك دەزانیت خوویەك بوونی هەیە، ئەوا بەرپرسیت لە گۆڕینی. گەر کەمێك زیاتر هەوڵی بدایە، ڕەنگە بیتوانیایە کۆنترۆڵیان بکات. کەسانی تر توانیویانە بیکەن تەنانەت کاتێك ڕووبەڕووی فریودانی گەورەتر بوونەتەوە.

تا ڕادەیەك ئەوە ئامانجی ئەم کتێبەیە. ڕەنگە خەورەوێکی بکوژ بتوانێت شتومڕی ئەوە بکات کە ئاگاداری خووەکانی نەبوو، هەربۆیە بەرپرسیار نییە لەو کردارانە (تاوانانە) لەو کاتەدا دەیانکات. بەڵام زۆرینەی شێوازەکان کە بوونیان هەیە لە ژیانی زۆرینەی خەڵکیدا بۆ نموونە: چۆن نان دەخۆین، دەخەوین، لەگەڵ منداڵەکانماندا دەدوێین، چۆن بەبێ بیرکردنەوە کاتەکانمان بەسەر دەبەین، سەرنجدان، پارە، ئەمانە ئەو خووانەن کە دەزانین بوونیان هەیە. کاتێك تێگەشتیت کە دەکرێت خووەکانیش بگۆڕدرێن، ئەوا ئازاد و بەرپرسیاریت دروستیان بکەیتەوە.

کاتێك تێگەشتیت لەوەی دەکرێت خووەکان دروست بکرێنەوە، بە هێزی خوو ئاسانتر دەبێت تا لێیان تێبگەیت و تاکە بژاردەش مابێتەوە ئەوەیە دەست بە کار بکەیت.

•••

ویلیام جەیمس پێی وتین، "ژیانمان تا ئێستە و بەو شێوازەی کە هەیەتی کۆمەڵە خوویەکی زۆرە، کرداری و سۆزی و زانیاری، بە شێوەیەکی سیستماتیکی ڕێك خراون بۆ کاتە سەخت و خەمبارەکانمان و وامان لێ دەکەن چارەنووسمان هەرشتێك بێت بتوانین بەرگەی بگرین."

جەیمس لە ساڵی ١٩١٠دا کۆچی دوایی کرد، لە خێزانێکی پڕدەستکەوتدا گەورە کرابوو، باوکی ئایینەوانێکی ناسراو و زەنگین بوو، براکەشی، هێنری، نووسەرێکی سەرکەوتوو و زیرەك بوو کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ڕۆمانەکانی دەخوێندرێن. ویلیام لە تەمەنی سی ساڵیدا تاکە کەس بوو لە نێو ئەندامانی خێزانەکەیدا دەستکەوتی نەبوو. ویستی ببێت بە وێنەکێش، دواتر ناوی لە بەشی پزیشکی تۆمار کرد، پاشان جێی هێشت و پەیوەندیی بە گرووپێکەوە کرد گەشتێکیان کرد بۆ ڕووباری ئەمازۆن. ئەوە بوو پاشان وازی لەوەش هێنا. لە یادنامەکەیدا و لە نێو نووسینەکەیدا لە خۆی نیگەران و تووڕە بوو کە لە هیچ شتێکدا توانایەکی باشی نییە.

لەوە زیاتر، دڵنیاشنەبوو لەوەی ئاخۆ باشتر دەبێت. لە بەشی پزیشکیدا، سەردانی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە کەسانی دێوانە (شێت) کرد و پیاوێکی دی خۆی هەڵ دەدا بۆ دیوارەکە. دوکتۆرەکە ڕوونی کردەوە نەخۆشەکە تووشی وڕێنەکردن (خەیاڵکردن) هاتووە.

جەیمس پێی ئەوتن کە زۆرینەی جار زۆربەی شتە هاوبەشەکانی وەك نەخۆشەکان وایە نەك هاوکارە دوکتۆرەکەکانی. لە ساڵی ١٨٧٠دا، کاتێك جەیمس تەمەنی ٧٨ ساڵان لە یادنامەکەیدا بوو نووسیی: "ئەمڕۆ لە خراپترین دۆخدا بووم. بەڕوونی دەمبینی کە پێویستە بە چاوی کراوەوە (زانیاریی تەواوەوە) ڕووبەڕووی بڕیارەکە ببمەوە. ئایا پێویستە بەڕوونی ئاکاری کارم لابدەم بۆ شتێك کە لەگەڵ توانا سروشتییەکەمدا ناگونجێت؟

بە واتایەکی دیکە، ئایا خۆکوشتن، بڕیارێکی باشترە؟"

دوو مانگ دواتر، جەیمس بڕیارێکی دا، ئەویش ئەوە بوو بەر لە هەر کارێکی بەپەلە تاقیکردنەوەیەکی یەکساڵە بکات. باوەڕی وایە کۆنترۆڵی بەسەر خۆی و چارەنووسیدا هەبووە کە دەتوانێت باشتر ببێت و ویستی ئازادی هەیە تا بگۆڕێت.

هیچ بەڵگەیەك نەبوو کە ڕاست بێت، بەڵام وا لە خۆی دەکات باوەڕی پێ بکات، هەموو بەڵگەکان بە پێچەوانەوە بوون. دەکرا ئەو گۆڕانە ئەنجام بدرێت. لە یادنامەکەیدا نووسیشی، "پێم وابێت دوێنێ قەیرانێك بوو لە ژیانمدا." سەبارەت بە تواناکەی بۆ گۆڕانکاریش وتی، "بیر لە ئێستە دەکەمەوە هەتا ساڵێکی تر. هیچ خەیاڵات نییە. یەکەم کارم لە ئیرادەی ئازاددا ئەوەیە کە باوەڕ بە ئیرادەی ئازاد بکەم."

لە ماوەی ساڵی داهاتوودا، هەموو ڕۆژێك جێبەجێی دەکرد. لە یادنامەکەیدا بە جۆرێك نووسیی وەك ئەوەی کۆنترۆڵی بەسەر خۆی و بڕیارەکانیدا هەرگیز جێی بڕیار نەبووبێت. هاوسەرگیریی کرد و لە زانکۆی هارڤارد دەستی بە وانەوتنەوە کرد.

کاتی لەگەڵ ئۆلیڤەر ویندێڵ هۆڵمز بەسەر دەربرد کە دەیخوێند تا بگات بە دادگای باڵا وە چارلز ساندرێزیش کە یەکێك بوو لە ڕابەرەکان لە زانستی هێماناسیدا، لە گرووپی مناقەشەکردنیشدا، پێیان دەوت یانەی میتافیزیکی (ئەودیو سرووشت).

دوو ساڵ دوای نووسینی یادنامەکەی، جەیمس نامەیەکی نارد بۆ فەیلەسوف چارلز ڕینوڤییە کە بەدرێژی ڕوونکردنەوەی دا لەسەر هێزی ئازاد. جەیمس نووسیی، "پێویستە ئەم دەرفەتە لەدەستنەدەم کە پێت بڵێم سەبارەت بەو سەرسامی و سوپاسگوزارییەکەی لە مندا هەیە بە خوێندنەوەی "Essais"ەکەت. سوپاس بۆ تۆ ئێستە من تێگەشتنێکی گونجاو و ئاشکرام هەیە سەبارەت بە ئازادی. دەتوانم بڵێم بە هۆی ئەو فەلسەفەیەی ئەزموونی دەکەم دووبارە لەدایکبوونەوەی ژیانێکی ئاکارانەیە و دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە گەورەم، کە ئەمە شتێکی بچووک نییە."

دواتر بە شێوەیەکی ناودارانە نووسی کە ئیرادە بۆ باوەڕکردن گرنگترین پێکهاتەیە لە دروستکردنی باوەڕ لە گۆڕانکاریدا. یەکێك لە گرنگترین شێوازەکان بۆ دروستکردنی ئەو باوەڕە خووەکان بوو. ئامارەشی بەوە دا خووەکان ئەو شتانەن ڕێمان دەدەن سەرەتا بە سەختییەوە شتێك بکەین، بەڵام بەزوویی بە شێوەیەکی ئاسانتر و ئاسانتر بۆمان دەکرێت و لە کۆتاییشدا، دەتوانین بە ڕاهێنانکردنی پێویستەوە، بە نیمچە میکانیکی یان بەدەگمەن بەبێ هیچ بەئاگاییەك بیکەین.

کاتێك ئێمە بڕیار لەوە دەدەین کە دەمانەوێت ببین بە کێ، ئەوا دەبین بەوکەسە. خەڵکی بەو جۆرە گەورە دەبن کە لەسەری ڕاهێنراون.

گەڕ باوەڕت وابێت دەتوانیت بگۆڕێیت، گەر بیکەیت بە خوویەك، گۆڕانەکە دەبێتە ڕاستەقینە. ئەمە هێزی ڕاستەقینەی خووە: ئەو بەرچاوڕوونییانەی کە هەتن سەبارەت بە خووەکانت، ئەو شتانەن هەڵیان دەبژێریت تا ببیت بەوانە. کاتێك ئەو بڕیارانەت دا و بوونە ئۆتۆماتیکی، تەنها ڕاستی نین، بەڵکوو دەبنە خۆڵێلانەدەر. ئەو شتانەی جەیمس نووسینی وامان لێ دەکەن بەرگەی چارەنووسمان بگرین، جا چارەنووسەکە هەرشێك بێت."

بەو جۆرەی بیر لە دەورووبەرەکەمان و خودی خۆمان دەکەینەوە، ئەو جیهانانە دروست دەکەن کە هەریەکێکمان تیایاندا دەژین. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، داڤید فۆستە واڵاس بە پۆلێك قوتابیی زانکۆی وت، "ئەم دوو ماسییە گەنجە پێکەوە مەلە دەکەن ماسییەکی گەورەتر دەبینن بە ڕێیەکەی تردا مەلە دەکات، کە سەریان بۆ دەلەقێنێ

دەڵێت، بەیانیتان باش کوڕینە، ئاوەکە چۆنە؟ دوو ماسییە گەنجەکەش بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبن لە مەلەکردن و سەرەنجام یەکێکیان سەیری ئەوەکەیان دەکات و دەڵێت، "ئاوە نەفرەتییەکە چۆنە؟"

ئاوەکە ئەو خووانەیە، ئەو هەڵبژاردنە کەمتەرخەم و بڕیارە نادیارانەن کە هەموو ڕۆژ دەورمان دەدەن، وە تەنها بە سەیرکردنیان دیسان دەبنە شتانێکی دیار و بەرچاو.

بەدرێژاییی ژیانی، ویلیام جەیمس شتی نووسیی سەبارەت بە خووەکان و ڕۆڵ (کاریگەری)یە سەرەکییەکەیان لە دروستکردنی بەختەوەری و سەرکەوتندا. سەرەنجام بەشێکی تەواوی بۆ بابەتەکە تەرخان کرد لە شاکارەکەیدا بە ناوی "The Principles of Psychology".

دەزانیت چۆن دیسانەوە ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنیت. ئێستە تۆ توانای مەلەکردنت هەیە. شتێکی ژیرانە نییە بۆ هەر کەس کە باوەڕی وابێت دەتوانێت لە گازینۆکە بباتەوە. هەرچەندە وەك قوماربازێکی ئاسایی کە دەزانێت، دەکرێت بە بەردەوامی بباتەوە، بەتایبەت لە یارییەکانی وەك قوماركردن. بۆ نموونە، دۆن جۆنسن ١٥.١ ملیۆنی بردەوە لە قوماركردن لە ماوەی زیاتر لە شەش مانگدا لە ساڵی ٢٠١٠ەوە. کۆمپانیا (گازینۆ)کە هەمیشە تەواوی پارەکە دەباتەوە، چونکە زۆرێك لە قوماربازەکان بە جۆرێ گرەو (یاری)یەکە دەکەن کە ڕێژەی بردنەوەکانیان زیاد ناکات و زۆرینەی خەڵکیش هێندەی پێویست پارەیان پێ نییە کە بتوانن خۆیان لە نێو دۆڕاندا ببینن.

قومارباز دەتوانێت بە بەردەوام بباتەوە گەر هەموو ڕێسا ئاڵۆزەکانی لەبەر کردبێت کە چۆن هەر دەستێك دەبێت یاری پێ بکرێت. زۆرینەی یاریکەرەکان ڕێکخستن و کارامەییی بیرکارییانەیان نییە تا بتوانن لە کۆمپانیا (گازینۆ)کە ببنەوە.

THE POWER OF

# HABIT

Charles Duhigg

ئەم کتێبە پڕزانیاری و تایبەتەی چارلیز، گەوهەرێکە تەنها زانیاریی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکوو چەندین لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیشی تێدایە سەبارەت بە خووەکان و لەوە گرنگتر چەندین نموونەی ڕاستیشی لەسەر کاریگەریی و دەرەنجامی خووەکان هێناوەتەوە. دەکرێت "هێزی خوو" وەک یەکێک لە باشترین هاندەر و یارمەتیدەرەکان دیار بکرێت بۆ هەرکەس کە بیەوێت زانیاریی زۆری لەسەر خووەکان هەبێت وەک: کاریگەرییان لە ژیانی تایبەتی و پیشەییمان، لە دانانی ئامانجەکانمان، بەدیهێنانیان و لەسەر ئاستی زیرەکیی و سەرکەوتنمان لە قۆناغەکانی خوێندندا.